حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێژی زمان

# گرفتە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی ستاندارد

تێزێکە

شیلان ئەحمەد ئیسماعیل

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی

بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت

پ. د. بەکر عومەر عەلی

(٢٧٢٤ )ی کوردیی (٢٠٢٤ )ی زایینیی

ئەم تێزە (گرفتە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی ستاندارد) بە سەرپەرشتی من لە زانکۆی سلێمانیی ئامادەکراوە، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا.

پ. د. بەکر عومەر عەلی

سەرپەرشت

٢٠٢٤/٧/٣١

بەپێی ئەو پێشنیازە ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ. ی. د. محەمەد عومەر عەول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردیی

٢٠٢٤/٨/٢٥

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ئەم تێزەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتورای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. دارا حمید محمد
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٧ / ٢ /٢٠٢٤

ناو: پ.د.کاروان عومەر قادر
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٧ / ٣ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د.لیلی جلیل عباس
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٧ / ٢ / ٢٠٢٤

ناو:پ.ی.د. سازان ظاهر سعید
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٧ / ٣ / ٢٠٢٤

ناو: پ.ی.د. ڕۆژان نوری عبدالله
ئەندام
ڕێکەوت: ٢٧ / ٣ / ٢٠٢٤

ناو:پ.د. بکر عمر علی
ئەندام وسەرپەرشت
ڕێکەوت: / / ٢٠٢٤

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د.شاخەوان جلال حاجی فرج
ڕاگری کۆلێژی زمان
١٥ / ٤ / ٢٠٢٤

**ئەم تێزە پێشکەشە بە.....**

- (باوکم)، بە هەموو  ماندووبوون و چاوەڕوانییەکانی.

- (دایکم)،  بە میهرەبانیی و سۆز و ئارامگرتنی لە ژیاندا.

- (هاوسەرەکەم: پشتیوان)، کە پشت و پەنامە لە ژیان.

- (خوشکوبراکانم )، کە  هێز و توانام پێدەبەخشن.

- (منداڵەکانم: محەمەد، ئاگا، ئارا، کلو)، کە گیانی منن.

## سوپاس و پێزانین

**سوپاس بۆ:**

**- مامۆستای سەرپەرشتم، بەرێز (پ. د. بکر عومەر عەلی)، کە بە ئەوپەڕی دلسۆزییەوە سەرپەرشتیی ئەم نامەیەی گرتەئەستۆ، هەروەها متمانەی تەواوی پێبەخشیم لە خستنەڕووی داتا و زانیارییەکانی تێزەکە.**

**- ئەو بەڕێزانەی کە لە وەڵامدانەوەی پرسیار و خستنەڕووی گریمانەی تێزەکە هاوکارم بوون (مامۆستایانی بەشی کوردیی).**

**- ئەو کەسانەی لەگەڵ هەوڵ و ماندووبوونم لە تەواوکردنی تێزەکەدا، پشوودرێژبوون (خێزانەکەم).**

## پێڕستی خشتەکان


| ژ | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتەی (١-١) | چێوەی گشتیی پێواژۆی سیاسەتی زمانیی | ١٠ |
| خشتەی (١-٢) | سیاسەتی زمانیی دەوڵەتی ئێران | ٣٠ |
| خشتەی (٣-١) | جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان | ١٠٥ |
| خشتەی (٣-٢) | نیمچە کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا | ١١٠ |
| خشتەی (٣-٣/a,b) | پۆلێنکردنی دەنگە کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا | ١١٣-١١٤ |
| خشتەی (٣-٤) | پۆلێنکردنی دەنگە ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیدا | ١١٦ |
| خشتەی (٣-٥) | دەربڕینی لاوەکییانەی دەنگە زمانییەکان | ١٢٨ |
| خشتەی(٤-١) | وێکچوونی دەنگیی لە زمانی کوردیدا | ١٣٦ |
| خشتەی (٥-١) | چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە (تەقاوە+خشۆک) | ٢٠١ |
| خشتەی (٥-٢) | چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە (خ+ز، یان ز+خ) | ٢٠٢ |
| خشتەی (٥-٣) | چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە (ت+ز، یان ز+ت) | ٢٠٤ |
| خشتەی (٥-٤) | هاتنی دەنگە لاییەکان لە دروستەی بڕگەدا | ٢٠٨ |
| خشتەی (٥-٥) | نیمچە کۆنسنانتی (و) لە دروستەی بڕگەدا | ٢٢٣ |
| خشتەی (٥-٦) | نیمچە کۆنسنانتی (ی) لە دروستەی بڕگەدا | ٢٢٤ |
| خشتەی (٥-٧،a,b) | دەنگی (و/w/) لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا | ٢٢٧-٢٢٨ |
| خشتەی (٥-٨) | دەنگی (ی/y/) لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا | ٢٢٩ |
| خشتەی (٥-٩) | بەراوردکردنی جووت-ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیی و ئینگلیزیدا | ٢٣١ |
| خشتەی (٥-١٠) | ئەگەری هاتنی جووت-ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا | ٢٣٢ |
| خشتەی (٥-١١) | هاتنی ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا | ٢٣٥ |
| خشتەی (٥-١٢) | ڤاوڵی(وی)، (وێ) لە زمانی کوردیی و ئەڵمانیدا | ٢٣٧ |
| خشتەی (٥-١٣) | هاتنی ڤاوڵی (و)ی درێژ لە بڕگەی (cv)دا | ٢٤١ |
| خشتەی (٥-١٤) | هاتنی دەنگی (و)ی درێژ لە بڕگەی (cvc)دا | ٢٤٤ |
| خشتەی (٥-١٥) | هاتنی دەنگی (ی)ی ڤاوڵ لە کرۆکی بڕگەدا | ٢٤٨ |

## پێرستی وێنەکان


| | | |
|---|---|---|
| وێنەی(١-١) | لایەنە سەرەکییەکانی نایەکسانیی لە زماندا | لا ٢٣ |
| وێنەی (١-٢) | کۆڵەکەکانی تیۆریی سیاسەتی زمانیی | لا ٢٤ |
| وێنەی (١-٣) | مۆدێلی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی | لا ٣٤ |
| وێنەی (١-٤) | مۆدێلی ئامادەکارییە زمانییەکان | لا ٣٧ |
| وێنەی (١-٥) | گرفتە زمانییەکان لە زماندا | لا ٤٥ |
| وێنەی (٢-١) | زانستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی | لا ٦٩ |
| وێنەی (٢-٢) | دابەشبوونی تەواوکارانەی دەنگەکان | لا ٧٥ |
| وێنەی (٣-١) | لێکۆڵینەوە لە دەنگە زمانییەکان | لا ٨٩ |
| وێنەی (٣-٢) | جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان | لا ٩٤ |
| وێنەی(٣-٣) | بۆشاییەکانی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان | لا ٩٦ |
| وێنەی (٣-٤) | گەروو و درزو قڵیشەکانی گەروو | لا ٩٧ |
| وێنەی (٣-٥) | دەنگەژێیەکان | لا ٩٨ |
| وێنەی (٣-٦) | بارودۆخی دەنگەژێیەکان | لا ٩٩ |
| وێنەی (٣-٧) | جێکەوتەکانی بەرهەمهێنانی دەنگ لە زماندا | لا ١٠٤ |
| وێنەی (٥-١) | سەرەورِیزبوونی یەکە زمانییەکان | لا ١٨٤ |
| وێنەی (٥-٢) | سەرەورِیزبوونی سەگمێنتەکان بە پێی پلەی زرنگدەرەوەیی | لا ١٨٦ |
| وێنەی (a,b/٣-٥) | دروستەی برِگە | لا ١٨٨ |

| | | |
|---|---|---|
| وێنەی (٥-٤) | یاسای فراوانکردنی قاڵبی بڕگە | **لا ١٩٠** |
| وێنەی (٥-٥) | دروستەی بڕگە لە وشەی (مردن)دا | **لا ١٩٢** |
| وێنەی (٥-٦) | بەیەکداچوونی بڕگەیی | **لا ٢١٤** |
| وێنەی (٤-٧) | دروستەی بڕگە لە زمانی کوردیدا | **لا ٢١٨** |
| وێنەی (٥-٨) | پێڕەوی ڤاوڵەکان لە زمانی ئەڵمانیدا | **لا ٣٣٦** |

## هێما و کورتکراوە و نواندنی فۆنەتیکیی

| | |
|---|---|
| کپبوون / نادەنگدارییبوون | n̥ d̥ |
| گڕبوون/ دەنگدارییبوون | s̬ t̬ |
| هەناساوییبوون | $t^h$ $d^h$, b̤ a̤ |
| بەڕەقەمەڵاشوویبوون | bj, ḱ |
| بە لچولێوییبوون | $t^w$ $d^w$ |
| بەنەرمەمەڵاشوویبوون | $t^ɣ$ $d^ɣ$ |
| بەقوڕگیبوون | $t^ʕ$ $d^ʕ$ |
| بەلووتیبوون | ẽ $d^n$ |
| ددانیی | t̪ d̪ |
| پووکیی | t̺ d̺ |
| بە نەرمەمەڵاشوویبوون | ⊢ |
| هەبوونی سیمایەک | + |
| نەبوونی سیمایەک | – |
| نواندنی فۆنەتیکیی  دەنگەکان | [ ] |
| نواندنی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان | /  ...../ |
| دەوروبەری دەنگیی | C C— ،V—،— CV |
| ئەو سەگمێنتە دەبێت بە | ← |
| پێ(پێبڕگە) | Σ |
| لەناوچوونی سەگمێنتێک | Ø← |
| وشەی فۆنۆلۆژیی | ω |
| زیادکردنی سەگمێنتێک | [ ]←Ø |
| ئەڵتەڕناسیۆن | ~ |
| سنووری مۆرفێم | + |
| سنووری وشە | # |
| سنووری فرێز | \|\| |
| فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی | LP |

| | |
|---|---|
| فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان | GP |
| فۆنۆلۆژیی دوا-فەرهەنگیی | P-LP |
| فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیی | AP |
| فۆنۆلۆژیی مەتریکیی | MP |
| فۆنۆلۆژیی پەیوەستداریێتیی | DP |
| ڕێسای سەرەوڕیزبوونی زرنگدەرەوەییانە | SSP |
| ڕێسای شامەرجی سەرەتای بڕگە | MOP |
| ئەکسێنتی گەرمیان | ئە. گ |
| ئەکسێنتی هەولێر | ئە. هـ |
| ئەکسێنتی کەرکوک | ئە. کە |
| ئەکسێنتی کۆیە | ئە. کۆ |
| ئەکسێنتی سلێمانیی | ئە. س |
| کرمانجی ژووروو | ک. ژ |
| کرمانجی ناوەڕاست | ک. ن |
| ع | ʕ |
| ئـ | ʔ |
| وێ | œ |
| ش | ʃ |
| ژ | ʒ |
| ج | dʒ |
| چ | tʃ |
| خ | ɦ |
| ڤ- نیمچە کۆنسنانت | ʊ |
| غ | ɣ |
| شڤا ڤاوڵ | ə |
| کۆڵد ڤاوڵ/ ماتەڤاوڵ | ɨ |
| گۆڕینۆک (سەگمێنتە دەنگییەکان) | A,B,C,X,Y,Z….. etc |
| وشە خواستراوەکان لە زمانی عەرەبییەوە | * |

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| Act of Identity | دیاریکردنی ناسنامەی تاک |
| Affricate | نیمچە خشۆک |
| Ambisyllabicity | هاوشێوەبوونی سەگمێنتیی لە بڕگەدا |
| Applied Linguistics | زانستی زمانی کارەکیی |
| Aspirated | هەناساویبوون |
| Assimilation | وێکچوون |
| Auto-segmental phonology | فۆنۆلۆژیی ئۆتۆ-سەگمێنتیی |
| Boundary morpheme | سنووری مۆرفێم |
| Boundary phrase | سنووری فرێز |
| Boundary word | سنووری وشە |
| Broad transcription | نووسینی فۆنەتیکیی |
| cardinal vowels | ڤاوڵە سەرەکییەکان |
| Central vowel | ڤاوڵە ناوەندییەکان |
| Centralism | ناوەندێتیی |
| Classical phonology | فۆنۆلۆژیی تەقلیدیی |
| close juncture | وەستانێکی داخراو |
| Codification | بەکۆدکردن |
| Colonial language | زمانی کۆلۆنیالیی |
| Combinatory phonetics | فۆنەتیکی پێکەوەهاتنیی |
| Complementary Distribution | دابەشبوونی تەواوکارانە |
| Componentiality | پێکهاتەیی |
| Compound sound | هاو-دەنگییەکان |
| Conditional variants | جۆراجۆریی مەرجدار |
| conditioned allophones | ئەلەفۆنی مەرجدار |
| Conformist language system | پێڕەوەی پابەندبوونێتی لە زماندا |
| Conformity | پابەندبوونێتی |

| | |
|---|---|
| Constituency | وەچەپێکهاتەیی |
| Contact assimilation | وێکچوونی پەیوەستدار |
| Continuants | وەچەپێکهاتە |
| Corpus planning | جەستەی پلاندانان |
| Diachronic phonetics | فۆنەتیکی دیاکرۆنیی |
| Diaphone | دیافۆن |
| Disappearance by conversion | دیارنەمان بە ڕێگەی وەرچەرخان |
| Disappearance by extinction | دیارنەمان بە ڕێگەی لە ناوچوونەوە |
| Disappearance by replacement | دیارنەمان بە ڕێگەی لەبریدانان |
| Disappearance of Language | دیارنەمان لە زماندا |
| Dissimilation | وێکنەچوون |
| Distant assimilation | وێکچوونی ناپەیوەستدار |
| distinctive difference | جیاوازیی جیاکەرەوەیی |
| distinctive feature | سیمای جیاکەرەوەیی |
| emphatic stress | سترێسی دووپاتکراوە |
| Epenthesis | هەڵتۆقین |
| Equipollent opposition | هەمبەریی هاوتایی |
| Evolutie phonetics | فۆنەتیکی گەشەکردنی دەنگیی |
| Extra rhythmal constituent | وەچەپێکهاتەی -بەرزە ترپە |
| Fixed stress | سترێسی نەگۆڕاو |
| Flapped | یەک-لێدانیی |
| free variation | جۆراجۆریی نامەرجدار |
| Frequency | فرەجاریی |
| Fricative | خشۆکیی |
| General phonetics | فۆنەتیکی گشتیی |
| General phonology | فۆنۆلۆژیی گشتیی |
| Generation phonology | فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان |
| Gradual opposition | هەمبەرییە پلەییەکان |

| | |
|---|---|
| Harmony process | پێواژۆی هارمۆنیی |
| Heavy syllable | بڕگەی قورس |
| Historical phonetics | فۆنەتیکی مێژوویی |
| Intensity | کرژیی |
| Interlingual communication | پەیوەندیی نێو-زمانیی |
| Internationalization | بەنێودەوڵەتیکردن |
| Intervention policy | سیاسەتی دەستتێوەردان |
| Intonation | بەتۆنکردن |
| Justice distributive | دابەشبوونێتیی دادپەروەرانە |
| Language maintenance | چاکسازیی زمانیی |
| language metaphorically | زمانی میتافۆرییانە |
| Language planning | پلانی زمانیی |
| Language policy | سیاسەتی زمانیی |
| Language policy sectors | سیاسەتی زمان لە سێکتەرەکان |
| language problems | گرفتی زمانیی |
| Language Purification policy | سیاسەتی پاکژکردنەوە لە زماندا |
| Language Reform policy | سیاسەتی ڕیفۆرم لە زماندا |
| Language Revival policy | سیاسەتی زیندووکردنەوە لە زماندا |
| Lateral | لایی |
| Lengthening | درێژکردنەوە |
| lexical modernization | بە مۆدێرنەکردنی فەرهەنگیی |
| lexical phonology | فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی |
| Light syllable | بڕگەی سووک |
| Linear phonology | فۆنۆلۆژیی هێڵیی |
| Linguistic Conformism | پابەندبوونێتیی زمانیی |
| Linguistic in Equality | یەکسانیی زمانیی |
| linguistic justice | دادپەروەریی زمانیی |
| Linguistic Standard | ستانداردی زمانیی |

| | |
|---|---|
| Marked member | ماركەلێدراو |
| Maximal onset principle | ڕێسای شامەرجی سەرەتای بڕگە |
| Metathesis | جێگۆڕکێ |
| Metric relation | پەیوەندیی مەتریک (پەیوەندیی کێش) |
| Metrical foot | پێی مەتریکیی (پێی کێشیی) |
| Metrical phonology | فۆنۆلۆژیی مەتریکیی (فۆنۆلۆژیی کێشیی) |
| Morpho phonemics | مۆرفۆفۆنێمک |
| Morpho phonology | مۆرفۆفۆنۆلۆژیی |
| Multi- dimensional Space | بۆشایی فرە ڕەهەندیی |
| Multilingualism | جووتزمانیی |
| Nasalization | بەلووتییبوون |
| National language | زمانی نەتەوەیی |
| Neutralization | بێلایەنبوون |
| new liberalism | لیبراڵیزمی نوێ |
| Normalization | بەنۆرمکردن |
| Official language | زمانی فەرمیی |
| Onset -nocoda principle | ڕێسای سەرەتا- نەهاتنی کۆتا |
| Open approximation | کرانەوەیەکی ڕێژەیی |
| open juncture | وەستانێکی کراوە |
| open mind | بیرفراوان |
| Palatalized | بەڕەقەمەڵاشوویبوون |
| Parametric approach | گریمانەی پارامیتەریی |
| Particular phonology | فۆنۆلۆژیی بەشیی |
| Pharyngealization | بەقوڕگیبوون |
| Phonation | دروستکردنی دەنگ |
| Phonematic unit | یەکەی فۆنۆماتیکیی |
| Phonemic overlapping | بەیەکداچوونی فۆنێمیی |
| phonetic laws | یاسا فۆنەتیکییەکان |

| | |
|---|---|
| phonetic representation | نواندنی فۆنەتیکیی |
| Phonetic similarity | هاوشێوەبوونی فۆنەتیکیی |
| Phonological oppositions | هەمبەریی فۆنۆلۆژییانە |
| Phonological phrase | فریزی فۆنۆلۆژییانە |
| Phonological word | وشەی فۆنۆلۆژییانە |
| Phonotactic restrictions | کۆتوبەندی فۆنۆلۆژیی |
| physio-phonetic | فیسۆ-فۆنەتیک |
| Pitch | تەوژم |
| Policy of non -intervention | سیاسەتی دەستتێوەرنەدان |
| Primary phonemes | فۆنێمی بنەڕەتیی |
| Pronunciation | دەربڕین |
| Prosodic | پرۆسۆدیی |
| Prosodic analysis | شیکارکردنی پرۆسۆدیی |
| psycho-phonetic | سایکۆ-فۆنەتیک |
| Pure phonetic | فۆنەتیکی پەتیی |
| Resonances | زرنگدانەوە |
| Retroflex | هەڵگەڕاوە |
| Rhyme | سەروا |
| Rounding of lips | خڕبوونەوەی لچولێو |
| Secondary – marginal phoneme | فۆنێمە لاوەکییەکان |
| Segmental phonemes | فۆنێمیی سەگمێنتیی |
| Segmentation | بەسەگمێنتکردن |
| Selection | هەڵاوێرکردن |
| Semi consonant | نیمچە کۆنسنانت |
| Semi-stop | نیمچە تەقاوە |
| Sonority sequencing principle | ڕێسای سەرەوڕیزبوونی زرنگدەرەوەییانە |
| sound rules | یاسا دەنگییەکان |
| Standard theory | تیۆریی ستاندارد |

| | |
|---|---|
| Standardization | بەستانداردکردن |
| status planning | پلانی بارودۆخی زمانیی |
| stress languages | زمانە سترێسدارەکان |
| Sub -constituent | بنە-وەچەپێکهاتە |
| Suprasegmental phonemes | فۆنیمە سەروو سەگمێنتەکان |
| Syllabicity assimilation | وێکچوونی بڕگەیی |
| Syllable final-position | جێکەوتەی کۆتایی بڕگە |
| synchronic phonology | فۆنۆلۆژیی سینکرۆنیی |
| Terminology unification | یەکخستنەوەی زاراوە |
| Toleration | لێبووردەیی |
| underlying representation | نواندن لە ئاستەکانی ژێرەوە |
| Unmarked member | مارکەلێنەدراو |
| Unvoiced | نادەنگداریی |
| Velarization | بەنەرمەمەڵاشوویبوون |
| voice – pitch | پلەی دەنگیی/ زرنگە |
| Voiced | گڕ |
| Voiceless | کپ |
| Whispering | چرپەیی |

# پێڕست

**بابەت** **لاپەڕە**


پێشەکی......................................................................................................١
١)گرفتە زمانییەکان و پێواژۆی بەستانداردکردن.......................... ......................٦
١ /١) گرفتە زمانییەکان پەیوەست بە چەمکی دادپەروەریی زمانیی.............................٧
١/١-١) لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوە لە گرفتە زمانییەکان..........................................٨
١/١-٢) ئایا پێواژۆی بەستاندارد کردن گرفتە زمانییەکان چارەسەردەکات ؟................١١
١/١-٣) بەکارهێنانی جیاوازانەی زمانی ستاندارد.......................................................١٣
١/١-٣-١) جۆراوجۆریی ناسنامەی زمانیی............................................................١٤
١/١-٣-٢) پابەندبوونێتیی زمانیی.........................................................................١٨
١/١-٣-٣) دادپەروەریی زمانیی و یەکسانی زمانیی.................................................١٩
٢/١)گرفتە زمانییەکان و پێڕەوکردنی سیاسەتی دەستتێوەردان لە زماندا........................٢٤
٢/١-١)سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی..................................................................٢٤
٢/١-٢) ململانێی زمانیی و دیاردەکانی ململانێی زمانیی............................................٢٥
٢/١-٣) سیاسەتی دەستتێوەردان لە زماندا...............................................................٢٩
٢/١-٤) پێواژۆ و مۆدێلەکانی پلانی زمانیی.............................................................٣٢
٢/١-٤-١) مۆدێلی یەکەم (دەستتێوەردانە زمانییەکان )...............................................٣٢
٢/١-٤-٢) مۆدێلی دووەم (ستانداردکردن و مۆدێرنەکردن)...........................................٣٥
٢/١-٤-٣) مۆدێلی سێیەم (ئامادەکارییە زمانییەکان)....................................................٣٦
٢/١-٤-٤) مۆدێلی چوارەم ( دروستکردنی بڕیار).......................................................٣٧
٢/١-٥) بارودۆخی جێبەجێکردنی پلانی زمانیی لە زماندا..........................................٣٩
٢) گرفتی جۆراوجۆریی دەنگیی و پێوەرەکانی شیکارکردنی جۆراوجۆریی دەنگیی............٤٦
٢/١) گرفتی جۆراجۆریی دەنگیی لە زمانی کوردیدا..................................................٤٧
٢/١-١) جۆراوجۆریی پێڕەوی فۆنێمەکان لە زماندا.....................................................٤٨
٢/١-١-١) جۆراوجۆریی پێڕەوی فۆنێمە کەرتییەکان......................................................٤٩

١/٢-١-١-١) جۆراوجۆریی شیكاركردنی فۆنێمە كەرتییەكان........................................٥٠
١/٢-١-١-٢) شیكاركردنی فۆنێمەكان بۆ ئەلەفۆنەكان..............................................٥١
١/٢-١-١-٣) شیكاركردنی فۆنێمەكان بۆ سیمای جیاكەرەوەیی..........................................٥٢
٢-١/٢) جۆراوجۆریی پێڕەوی فۆنێمە ناكەرتییەكان لە زماندا.........................................٥٣
١/٢-٢-١) جۆراوجۆریی سەرەوڕیزبوونی فۆنێمەكان.............................................٥٤
١/٢-٢-٢) گرفتی شیكاركردنی فۆنێمە ناكەرتییەكان...........................................٥٥
١/٢-٢-٢-١) سترێس لە دەربڕاوە زمانییەكاندا..................................................٥٥
١/٢-٢-٢-٢) تۆن لە دەربڕاوە زمانییەكاندا......................................................٦٠
١/٢-٢-٢-٣) ئاوازە لە دەربڕاوە زمانییەكاندا...................................................٦١
١/٢-٢-٢-٤) بۆشایی لە دەربڕاوە زمانییەكاندا..................................................٦٢
١/٢-٢-٢-٥) درێژیی لە دەربڕاوە زمانییەكاندا...................................................٦٣
٢/٢) پێوەرەكانی شیكاركردنی جۆراوجۆریی دەنگیی.............................................٦٥
٢/٢-١) شیكاركردنی دەنگە زمانییەكان...............................................................٧٠
٢/٢-١-١) شیكاركردنی فیزیكییانەی دەنگە زمانییەكان.........................................٧٠
٢/٢-١-١-١) هاوشێوەبوونی فۆنەتیكیی...........................................................٧١
٢/٢-١-١-٢) تاقیكردنەوەی ئاڵوگۆڕانە...........................................................٧٣
٢/٢-١-١-٣) دابەشبوونی تەواوكارانە............................................................٧٤
٢/٢-١-٢) شیكاركردنی پێكهاتەیی دەنگە زمانییەكان...........................................٧٧
٢/٢-١-٢-١) شیكاركردنی پڕۆسۆدیی............................................................٧٨
٢/٢-١-٢-٢) شیكاركردنی پارامیتەریی...........................................................٨٠
٢/٢-١-٢-٣) پێوەری یەكەی فۆنۆلۆژیی..........................................................٨٠
٢/٢-١-٣) شیكاركردنی ئەركییانەی دەنگە زمانییەكان..........................................٨٠
٢/٢-١-٣-١) هەمبەرییە دەنگییەكان............................................................٨١
٢/٢-١-٣-٢)بەیەكداچوونی فۆنێمیی.............................................................٨١
٢/٢-١-٣-٢) بێلایەنبوونی فۆنێمیی.............................................................٨٢
٢/٢-١-٤) شیكاركردنی ئاوەزییانەی دەنگە زمانییەكان..........................................٨٣
٢/٢-١-٤-١) ئاستەكانی پڕاوپڕیی..............................................................٨٤
٢/٢-١-٤-٢) پابەندبوون بە ڕێزمان.............................................................٨٥
٢/٢-١-٤-٣) پێوەری سیمای جیاكەرەوەیی......................................................٨٥

٢/٢-١-٤-٤) شیکارکردنی سەگمێنتی........................................................................٨٦
٣) شیکارکردنی فۆنەتیکیی و پۆلێنکردنی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا..................................٨٧
١/٣) پۆلێنکردنی دەنگە زمانییەکان.............................................................................٨٨
١/٣-١)شیکارکردنی فۆنەتیکیی دەنگە زمانییەکان......................................................٩٠
١/٣-١-١) شیکارکردنی ئەکەوستیکییانەی دەنگە زمانییەکان.....................................٩٠
١/٣-١-٢) شیکارکردنی ئۆرگانییانەی دەنگە زمانییەکان...........................................٩٣
١/٣-١-٢-١) بۆشایی گەروو/ قورقوڕاگە.......................................................................٩٦
١/٣-١-٢-١-١) بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان لە دەنگەژێیەکان..................................٩٧
١/٣-١-٢-٢) بۆشایی قوڕگ و دەنگە قوڕگییەکان.........................................................١٠١
١/٣-١-٢-٣) بۆشایی لووت و دەنگە لووتییەکان............................................................١٠٢
١/٣-١-٢-٤) بۆشایی ناودەم و دەنگە زمانییە جۆراجۆرەکان...........................................١٠٢
١/٣-٣) جۆراجۆریی دەنگیی-شێوازی تێپەڕبوونی هەوا..................................................١٠٥
١/٣-٣-١) داخستن و کردنەوە(دەنگە گیراوەکان).........................................................١٠٦
١/٣-٣-٢) تەسکبوونەوە (دەنگە خشۆکییەکان)..........................................................١٠٦
١/٣-٣-٣) داخستن و تەسکبوونەوە (دەنگە ئەفریکەیتییەکان).........................................١٠٨
١/٣-٣-٤) داخستنی بەشیی (دەنگە لایی و لووتییەکان)...................................................١٠٨
١/٣-٣-٥) داخستن ( دەنگە فرەلێدانەکان )....................................................................١٠٩
١/٣-٣-٦) کرانەوە (دەنگە نیمچە ڤاوڵ و ڤاوڵەکان)......................................................١٠٩
٢/٣) شیکارکردنی دەنگە زمانییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا.............................................١١٩
٢/٣-١) خستنەڕووی درکاندنی لاوەکییانەی دەنگە زمانییەکان........................................١٢١
٢/٣-١-١) بەلووتیکردنی دەنگەکان.............................................................................١٢١
٢/٣-١-٢) بەمەلاشوویکردنی دەنگەکان.......................................................................١٢٢
٢/٣-١-٣) بە نەرمەمەلاشوویکردن..............................................................................١٢٤
٢/٣-١-٤) خڕبوونەوەی لێوەکان..................................................................................١٢٥
٢/٣-١-٥) درێژکردنەوەی دەنگەکان.............................................................................١٢٦
٤) شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی و نواندنە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا ........................................١٢٩
١/٤) شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا.............................................١٣٠
١/٤-١)هەمبەرییەکان و سیما دەنگییەکان...................................................................١٣١
١/٤-٢) گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان پەیوەست بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان...........................................١٣٢

١/٤-٢-١) گۆڕینی سیمای جیاکەرەوەیی سەگمێنتەکان.......................................... ١٣٤

١/٤-٢-٢) گۆڕینی سەگمێنتەکان.......................................................... ١٣٩

٢/٤) نواندنە دەنگییەکان پەیوەست بە گۆڕانە دەنگییەکان.......................................... ١٤٦

٢/٤-١) دەنگە لچولێوییە– تەقاوەکان (ب، پ)............................................. ١٤٨

٤/٢-٢) دەنگە لچولێوییە- لووتییەکە (م)................................................. ١٤٩

٢/٤-٣) دەنگە لچوددانییە – خشۆکییەکان (ف، ڤ)........................................... ١٥٠

٢/٤-٤) دەنگە ددانییە- خشۆکییەکان(ذ، ث، ظ).............................................. ١٥١

٢/٤-٥) دەنگە پووکیی- ددانییەکان (د، ت)................................................. ١٥١

٢/٤-٦) دەنگە پووکییە- خشۆکییەکان(س-ز)................................................ ١٥٥

٢/٤-٧) دەنگە پووکیی، ڕەقەمەڵاشوورییە-تەقاوەکان(چ-ج).................................. ١٥٧

٢/٤-٨) دەنگە پووکیی، ڕەقەمەڵاشوورییە- خشۆکییەکان (ژ-ش)................................ ١٥٨

٤/٢-٩) دەنگە پووکیی-ڕەقەمەڵاشوورییە-لووتییەکە(ن)....................................... ١٥٩

٤/٢-١٠) دەنگە مەڵاشوورییە- لاییەکان (ل-ڵ).............................................. ١٥٩

٤/٢-١١) دەنگە پووکیی، ڕەقەمەڵاشوورییە -فرەلێدانەکان(ر،ڕ)................................ ١٦٠

٢/٤-١٢) دەنگە نەرمەمەڵاشوورییەکان (ک، گ)............................................. ١٦٠

٢/٤-١٣) دەنگە نەرمەمەڵاشوورییە- خشۆکییەکان (خ-غ)...................................... ١٦١

٢/٤-١٤) دەنگە نەرمەمەڵاشوورییە- لووتییەکە(ŋ)............................................ ١٦٢

٢/٤-١٥) دەنگە مەڵاشوورییە- نیمچە ڤاوڵەکان(و-w، ی-Y)................................... ١٦٣

٢/٤-١٦) دەنگە زمانە بچکۆلە- تەقاوەییەکە (ق)............................................ ١٦٥

٤/ ٢-١٧) دەنگە قوڕگییە – خشۆکییەکان (ح-ع)............................................ ١٦٥

٤/ ٢-١٨) دەنگە گەروویی -تەقاوەکە(ئـ).................................................. ١٦٦

٤/ ٢- ١٩) دەنگە گەروویی- خشۆکییەکە(هـ)............................................... ١٦٨

٤/ ٢-٢٠) دەنگە مەڵاشوورییە – ڤاوڵەکان................................................. ١٦٩

٥) شیکارکردنی بڕگەیی دەنگە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا..................................... ١٨٢

١/٥) شیکارکردنی بڕگەیی و پرۆژەکانی بڕگە............................................... ١٨٣

٥ /١-١) دروستەی بڕگە.................................................................. ١٨٧

١/٥-١-١) هاتنی کۆنسنانتەکان لە سەرەتای بڕگەدا......................................... ١٩٢

١/٥-١-١-١) دەنگە تەقاوەییەکان+ دەنگەخشۆکییەکان........................................ ١٩٣

١/٥-١-١-٢) دەنگە تەقاوەییەکان+ دەنگە تەقاوەییەکان....................................... ١٩٤

١/٥-١-١-٣) دەنگەخشۆكییەكان + دەنگە خشۆكییەكان........................................................١٩٤
١/٥-١-١-٤) دەنگە خشۆكییەكان + دەنگە تەقاوەییەكان..........................................................١٩٤
١/٥-١-١-٥) دەنگە خشۆكییەكان+ دەنگە زرنگدەرەوەییەكان.....................................................١٩٥
١/٥-١-١-٦) دەنگە تەقاوییەكان+ دەنگە زرنگدەرەوەییەكان.......................................................١٩٥
١/٥-١-١-٧) دەنگە زرنگدەرەوەییەكان+ دەنگە زرنگدەرەوەییەكان...............................................١٩٦
١/٥-١-١-٨) نیمچە كۆنسنانت(و،ی) + كۆنسنانتەكان..........................................................١٩٧
/٥ ١-١-١-٩) ڕێگەنەدان بە یاسای دوو پەلكیی...........................................................١٩٨
١/٥-١-٢) هاتنی كۆنسنانتەكان لە كۆتایی بڕگەدا.........................................................١٩٩
١/٥-١-٢-١) دەنگە تەقاوەییەكان + دەنگە خشۆكییەكان.......................................................٢٠٠
١/٥-١-٢-٢) دەنگە خشۆكییەكان + دەنگە تەقاوەییەكان.......................................................٢٠٠
١/٥-١-٢-٣) دەنگە خشۆكییەكان + دەنگە زرنگدەرەوەییەكان..................................................٢٠١
١/٥-١-٢-٤) دەنگە تەقاوەییەكان + دەنگە زرنگدەرەوەییەكان..................................................٢٠٣
١/٥-١-٢-٥) دەنگە خشۆكییەكان + دەنگە خشۆكییەكان.......................................................٢٠٥
١/٥-١-٢-٦) دەنگە تەقاوییەكان+ دەنگە تەقاوییەكان.........................................................٢٠٥
١/٥-١-٢-٧) دەنگە زرنگدەرەوەییەكان + دەنگە زرنگدەرەوەییەكان............................................٢٠٥
٥/١-١-٢-٨) پرەنسیپی (ssp) لە بڕگەدا.....................................................................٢٠٦
/٥ ١-١-٣) كۆتوبەندی فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیكیی لە پرۆژەی بڕگەدا..........................................٢٠٧
١/٥-١-٤) دیاردەی سەگمێنتە هاوبەشەكان...................................................................٢١٣
٥/١-١-٥) دروستەی بڕگە بەپێی ڕێساكانی بڕگە............................................................٢١٧
٢/٥) هاتنی ڤاوڵ و نیمچە ڤاوڵەكان لە دروستەی بڕگەدا..................................................٢٢١
٢/٥-١) هاتنی نیمچە ڤاوڵەكان لە دروستەی بڕگەدا.........................................................٢٢١
٢/٥-١-١) هاتنی نیمچە ڤاوڵەكان لە سەرەتا و كۆتایی بڕگەدا.............................................٢٢١
٢/٥-١-٢) دەنگی (و/ w) لە چەپكە كۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا.........................................٢٢٥
٥ /٢-١-٣) دەنگی (ی/ y) لە چەپكە كۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا.........................................٢٢٨
٥ /٢-٢) هاتنی جووت- ڤاوڵەكان لە كرۆكی بڕگەدا.........................................................٢٣٠
٥ /٢-٣) هاتنی ڤاوڵەكان لە كرۆكی بڕگەدا..................................................................٢٣٣
٥ /٢-٣-١) هاتنی ڤاوڵی (و)ی درێژ لە كرۆكی بڕگەدا......................................................٢٣٨
٥ /٢-٣-١-١) هاتنی ڤاوڵی (و) ی درێژ لە بڕگەی (cv)دا.................................................٢٣٩
٥ /٢-٣-١-٢) هاتنی ڤاوڵی (و)ی كورت و درێژ لە بڕگەی (cvc)دا.......................................٢٤٢

٥ /٢-٣-١-٣) هاتنی ڤاوڵی(و)ی کورت لە بڕگەی (cvcc)دا................................................ ٢٤٤
٥/٢-٣-٢) هاتنی ڤاوڵی (ی) لە کرۆکی بڕگەدا................................................................. ٢٤٥
ئەنجام................................................................................................................................................ ٢٥٠
پێشنیاز.............................................................................................................................................. ٢٥٣
سەرچاوەکان...................................................................................................................................... ٢٥٤
الخلاصة............................................................................................................................................ ٢٦٤
Abstract............................................................................................................................................ ٢٦٥

# پێشەکیی

١/٠ ) ناونیشانی تێزەکە:

ئەم تێزە بە ناونیشانی (گرفتە فۆنۆلۆژییەکانی زمانی ستاندارد)ە، پەیوەست بە پێواژۆی ستانداردی زمانیی هەنگاوێکە بۆ خستنەڕووی ئەو جۆراجۆرییە دەنگییانەی، کە بە هۆی جۆراجۆریی زمانییەوە لە زمانەکەدا دروستدەبن. پەیوەست بە پێواژۆ فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، چۆنێتی نواندنی دەنگە زمانییەکان لە ئاستی قووڵ و ڕووکەشدا، هەروەها نواندنی دەنگە زمانییەکان لە بڕگەدا، بنەمایە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی پەیڕەوکردنی جۆراجۆریی لە ڕێنووسدا.

٢/٠) گرنگی و بایەخی تێزەکە:

جۆراوجۆرییە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا بە هەرەمەکی ڕوونادەن، بەڵکو پێڕەوی زمانی کوردیی ڕێگەیانپێدەدەن. گرفتە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا بە پەیڕەوکردنی یەک شێوازی نووسین، یان پەیڕەوکردنی تاکە پلانێکی زمانیی – بەستانداردکردن چارەسەرنابێت. بایەخی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە ئەوەدایە، کە شیکارێکی وردی سەگمێنتە دەنگییەکان دەخاتەڕوو، پشت بە تاکە تیۆری و گریمانەیەک نابەستێت.

پەسنکردنی دەنگە زمانییەکان، پەیوەست بە شیکارکردنی فۆنەتیکیی، بنەمایەکە بۆ دیاریکردنی سیمای دەنگیی سەگمێنتەکان، نواندنی دەنگە زمانییەکان، پەیوەست بە شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی لە چێوەی فۆنۆلۆژیی زنجیرەیدا، بنەمایە بۆ نواندنی دەنگەکان لە ئاستی قووڵ و ڕووکەشدا، هەروەها پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیی شیکارکردنی بڕگەیی سەگمێنتەکان، دەستنیشانکردنی دروستەی بڕگە لە زمانی کوردیدا، بنەمایە بۆ چارەسەر کردنی گرفتی پەیڕەوکردنی جۆراجۆریی لە ڕێنووسدا، کە ڕێنووس دەبێت بە پێی فۆرمدروستیی سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان لە بڕگەدا دیاریبکرێت.

٣/٠) ئامانج و گریمانەی تێزەکە:

لە ئەم تێزەدا، ئامانجی سەرەکیی لە خستنەڕووی شیکارکردنە دەنگییەکان بە شێوەیەکی کارەکیی لە زمانی کوردیدا، چارەسەرکردنی گرفتی جۆراوجۆریی دەنگییە، چونکە ئەم جۆراجۆرییە لە پێڕەوی دەنگیی لە زمانی کوردیدا بووە بە هۆکاری پەیڕەوکردنی جۆراجۆریی لە ڕێنووسدا، کە گریمانەی تێزەکە لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو:

١-پێواژۆی ستانداردکردن گرفتە زمانییەکان چارەسەرناکات، چونکە بنەمایەکی نایەکسانی و نادادپەروەریی زمانیی هەیە.

٢-پێواژۆی ستانداردکردن، ناتوانێت ڕێگربێت لە بەردەم جۆراجۆریی دەنگیی لە زمانی کوردیدا، چونکە جۆراجۆریی (فرە دیالێکتیی و ئەکسێنتیی) هەموو جومگە و پەیکەری زمانی ستاندارد دەگرێتەوە.

٣- جۆراجۆریی لە زماندا بە تایبەتی جۆراجۆرییە دەنگییەکان (بەپێی دیالێکت و ئەکسێنتی جیاواز)، دەتوانن بۆ نواندنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا یارمەتیدەر بن.

٤- ڕوونکردنەوەی پێوازۆ فۆنۆلۆژییەکان و دەستنیشانکردنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، بنەمایەکە بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانە دەنگییەکان (گۆڕانە دەنگییەکان بە هەڕەمەکی ڕوونادەن).

٥- دەبێت زمانەوانەکان پلانی زمانیی دروستکردنی بڕیار جێبەجێبکەن، کە ئایا پەیڕەوکردنی ڕێنووس لە زمانی کوردیدا، بە پێی ئاستی قووڵ، یان ڕووکەش بنوێنرێت، چونکە تا ئێستا هەردوو ئاستەکە پەیڕەودەکرێت، بە بێ بوونی هیچ بنەمایەکی زانستیی لە نووسینەوەی فۆڕمە زمانییەکاندا.

٤/٠) گرفتی تێزەکە:

فرەلایەنیی بابەتەکە، یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی لێکۆڵینەوەکە، چونکە لە لایەکەوە گرفتە فۆنۆلۆژییەکان پەیوەستن بە ساغکردنەوەی بوونی زمانی ستانداردەوە، لە لایەکی ترەوە گرفتە دەنگییەکان تایبەت نین بە ئاستێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە هەموو ئاستەکاندا ڕوودەدەن. کەمیی سەرچاوە کوردییەکان لە ئەم بوارەدا گرفتن لە جێبەجێکردنی لایەنی کارەکیی تێزەکەدا. بوونی فرە گریمانەیی و بۆچوونی جیاواز، لە لایەن زمانەوانە کوردەکانەوە گرفتبوون لە بەردەم دۆزینەوەی ڕێچکەی زانستی تێزەکە لە سەرەتادا.

. ٥/) ڕێباز و سنووری تێزەکە:

لە ئەم تێزەدا ڕێبازی پەسنکارانەی شیکاریی پەیڕەوکراوە، بە سوودوەرگرتن لە داتا و زانیارییەکان لە هەموو ئاستەکانی زماندا، کە داتا و زانیارییەکان لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست –ئەکسێنتی سلێمانییەوە وەرگیراون، بە سوودوەرگرتن لە داتا و کەرەستەکانی ئەکسێنتە جیاوازەکان (گەرمیان، هەولێر، کەرکوک)، دیالێکتە جیاوازەکان (کرمانجی ژووروو)، کە لە ڕوونکردنەوەی گۆڕانە دەنگییەکان پەیوەست بە ڕێبازی پەسنکارانەی بەراوردکاریی، بەراوردکردنی زانیارییەکان لە نێوان دیالێکت و ئەکسێنتە جیاوازەکان خزمەت بە گریمانەی تێزەکە دەکەن.

. ٦/) ناوەڕۆکی تێزەکە:

تێزەکە لە پێشەکییەک و پێنج بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتوە.

بەشی یەکەم:

ئەم بەشە بۆ(گرفتە زمانییەکان و پێوازۆی بەستانداردکردن) تەرخانکراوە، لە دوو پار پێکهاتوە:

پاری یەکەم:

لە پاری یەکەمدا گرفتە زمانییەکان پەیوەست بە چەمکی دادپەروەریی زمانیی دەخرێنەڕوو، کە بەکارهێنانی جیاوازانەی زمانی ستاندارد بە کۆمەڵێک پارامیتەرەوە پەیوەستن، وەک جۆراجۆریی ناسنامەی تاک، پابەندبوونێتیی زمانیی، چەمکی دادپەروەریی زمانیی و یەکسانیی زمانیی. پەیوەست بە چەمکی دادپەروەریی زمانییەوە، پێوازۆی بەستاندارکردن لە زماندا، دەبێتە هۆی سڕینەوەی دیاردەی فرەیی لە زماندا، وەک دیاردەی

فره زمانیی و فره دیالێکتیی له زماندا.

پاری دووه‌م:

گرفته زمانییه‌کان و په‌یڕه‌وکردنی سیاسه‌تی ده‌ستتێوه‌ردان له زماندا خراونه‌ته‌ڕوو. په‌یڕه‌وکردنی سیاسه‌تی زمانیی و پلانی زمانیی، دوو میکانیزمن بۆ به‌فه‌رمیکردنی زمانێک په‌یڕه‌وده‌کرێن، یان بۆ به‌فه‌رمیکردنی تاکه جۆرێک( دیالێکتێک، ئه‌کسێنتێک) په‌یڕه‌وده‌کرێن. دیارده‌ی ململانێی زمانیی بنه‌مایه‌ک بوو بۆ سه‌رهه‌ڵدانی سیاسه‌تی ده‌ستتێوه‌ردان له زمانه‌کاندا به ئامانجی به‌هێزکردنی زمانێک و لاوازکردنی زمانێکی تر، هه‌روه‌ها خستنه‌ڕووی مۆدێلی جیاواز له پلانی زمانیی په‌یڕه‌وکراو له زماندا.

به‌شی دووه‌م:

ئه‌م به‌شه بۆ (گرفتی جۆراجۆریی ده‌نگیی و پێوه‌ره‌كانی شیکارکردنی ده‌نگیی)ته‌رخانکراوه، له دوو پار پێکهاتون :

پاری یه‌که‌م:

خستنه‌ڕووی گرفتی جۆراجۆریی ده‌نگیی په‌یوه‌ست به جۆراجۆریی پێڕه‌وی فۆنێمه‌کان، به‌تایبه‌ت جۆراوجۆریی له پێڕه‌وی فۆنێمه که‌رتییه‌کان، بۆ نموونه شیکارکردنی ده‌نگه زمانییه‌کان بۆ ئه‌له‌فۆنه‌کان، یان شیکارکردنی فۆنێمه‌کان بۆ سیمای جیاکه‌ره‌وه‌یی، دیاریکردنی ژماره‌ی فۆنێمه‌کان و ده‌ستنیشانکردنی ڤاوڵ و کۆنسنانته‌کان.... تاد. جۆراجۆریی له پێڕه‌وه‌ی فۆنێمه ناکه‌رتییه‌کان/ سه‌روو سه‌گمێنتییه‌کاندا، وه‌ک (هێز، ئاوازه، وه‌ستان.. تاد) و دروسته‌ی بڕگه و سه‌ره‌وڕێزبوونی ده‌نگه زمانییه‌کان له دروسته‌ی بڕگه‌دا.

پاری دووه‌م:

خستنه‌ڕووی پێوه‌ره‌كانی شیکارکردنی جۆراجۆریی ده‌نگیی له زماندا به‌پێی قوتابخانه و ڕێبازی جیاواز، شیکارکردنی فیزیکیی ده‌نگه زمانییه‌کان، پێوه‌ری(هاوشێوه‌بوونی فۆنه‌تیکیی، تاقیکردنه‌وه‌ی ئاڵوگۆڕانه، دابه‌شبوونی ته‌واوکارانه.. تاد). شیکارکردنی پێکهاته‌یی ده‌نگه زمانییه‌کان، پێوه‌ری (پرۆسۆدیی، پارامیته‌ریی، یه‌که‌ی فۆنۆلۆژیی)، هه‌روه‌ها شیکارکردنی ئه‌رکیی ده‌نگه زمانییه‌کان، پێوه‌ری (هه‌مبه‌رییه ده‌نگییه‌کان، بێلایه‌نبوونی فۆنێمیی، به‌یه‌کداچوونی فۆنێمیی)، شیکارکردنی ئاوه‌زییانه‌ی ده‌نگه زمانییه‌کان، پێوه‌ری ( سیمای جیاکه‌ره‌وه‌یی، شیکارکردنی سه‌گمێنتیی) ده‌خه‌نه‌ڕوو.

به‌شی سێیه‌م:

ئه‌م به‌شه تایبه‌ته به شیکارکردنی فۆنه‌تیکیی و پۆلێنکردنی ده‌نگه زمانییه‌کان له زمانی کوردیدا، له دوو پار پێکهاتووه :

پاری یه‌که‌م:

ئه‌م پاره بۆ شیکارکردنی فۆنه‌تیکییانه‌ی ده‌نگه زمانییه‌کان ته‌رخانکراوه، له هه‌نگاوی یه‌که‌مدا، خستنه‌ڕووی شیکارکردنی ئه‌که‌وستیکیی و ئۆرگانیی ده‌نگه‌کان به دابڕاندنی له زنجیره‌ی ئاخاوتندا، به ئامانجی خستنه‌ڕووی

پۆلێنکردنێکی پێوانەیی فۆنێمەکانە ( بەپێی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکان) لە زمانی کوردیدا.

پاری دووەم:

لە ئەم پارەدا لە هەنگاوی دووەمدا، شیکردنەوەی فۆنەتیکیی بریتییە لە خستنەڕووی پێکەوەهاتنی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، لە چێوەی فۆنەتیکی ئەکەوستیکی- گەشەکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن، بە ئامانجی دیاریکردنی سیمای جیاکەرەوەیی لاوەکییانەی فۆنێمەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا.

بەشی چوارەم:

ئەم بەشە تایبەتە بە شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگە زمانییەکان و نواندنە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا، لە دوو پار پێکهاتووە:

پاری یەکەم:

لە سەرەتادا لە چێوەی گریمانە و تیۆرییەکانی فۆنۆلۆژیی زنجیرەییدا، بە تایبەت لە فۆنۆلۆژیی ستانداردا سەگمێنتە دەنگییەکان بە شێوەی زنجیرەیی ڕێکدەخرێن، کە یاسا دەنگییەکان نواندنەکانی ئاستی قووڵ بە ئاستی رووکەش دەگەیەنن، دواتر لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا، سیما دەنگییەکان دابەشدەبن بۆ سیمای فۆنۆلۆژیی دەنگەکان لە ئاستی قووڵ و سیمای فۆنەتیکیی دەنگەکان لە ئاستی ڕووکەشدا، کە پێکهاتەی سەگمێنتەکان بریتین لە ئەو سیما دەنگییانە و بنەمایەک بۆ دەستنیشانکردنی گۆڕانە دەنگییەکان دەخەنەڕوو.

پاری دووەم:

لە چێوەی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی و دوا فەرهەنگیدا، گۆڕانە دەنگییەکان بە گوێرەی ئاستەکان دیاریدەکرێت، کە فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی گرنگیی بە ئاستی وشە دەدات و فۆنۆلۆژیی دوا-فەرهەنگیی گرنگیی بە ئاستی فرێز و ڕستە دەدات، کە ئەم میکانزمە لە نواندنی دەنگە زمانییەکان و گۆڕانە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا بە کارهاتوە و بنەمایە بۆ نواندنی ئاستی قووڵ و ڕووکەشی فۆڕمە زمانییەکان.

بەشی پێنجەم:

لە بەشی پێنجەمدا لە چێوەی فۆنۆلۆژیی نازنجیرەییدا، شیکارکردنی بڕگەیی لە زمانی کوردیدا خراوەتەڕوو، لە دوو پار پێکهاتوە :

پاری یەکەم:

خستنەڕووی دروستەی بڕگە بەپێی فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیی و فۆنۆلۆژیی مەتریکیی و پرەنسیپەکانی ڕێگەپێدان بە یاساکانی پڕۆژە سازدان لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا، کە ئایا یاساکان لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە کام سەرەوریزبوون و فراوانکردن دەدەن لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا؟ ئایا بەپێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی کام سەرەوریزبوونی سەگمێنتەکان( کۆنسنانتەکان) لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا گونجاوترن؟

پاری دووەم:

خستنەڕووی پڕۆژەی کرۆکی بڕگە لە زمانی کوردیدا، بە پێی یاسای دوو پەلکیی لە تیۆریی مەتریکیدا، کە ئایا لە زمانی کوردیدا یاساکانی پڕۆژەسازدان ڕێگە بە فراونکردنی ئەم جێکەوتەیە دەدەن، هەروەها کام سەگمێنتانە ڕێگەپێدراون، کە ئەم جێکەوتەیە پڕبکەنەوە؟ ڕێگەدان بە ڤاوڵە درێژەکان بەپێی ئەم شیکارکردنە لە جێکەوتەی کرۆکی بڕگەدا، بە پێی مۆدێلەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا دەخرێنەڕوو.

-لە ئەنجامدا، ئەنجامی تێزەکە لە چەند خاڵێک خراوەتەڕوو، هەروەها چەند پێشنیازێک پێشکەشکراوە.لە کۆتاییدا ئاماژە بە سەرچاوەکان و پوختەی تێزەکە بە زمانی عەرەبیی و ئینگلیزیی کراوە.

## ١) گرفته زمانییه‌كان و پێواژۆی به‌ستانداردكردن

### ١/١) گرفته زمانییه‌كان په‌یوه‌ست به چه‌مكی دادپه‌روه‌ریی زمانیی

### ٢/١) گرفته زمانییه‌كان و سیاسه‌تی ده‌ستتێوه‌ردان له زماندا

## ١/١) گرفتە زمانییەکان پەیوەست بە چەمکی دادپەروەریی زمانیی

تیۆرییەکانی سیاسەتی زمانیی*، پلانی زمانیی، چەندین بنەمای سیاسی و ئابووری و کەلتوریی و ئایدۆلۆژی جڵەویدەگرێت، هەرچەندە بابەتەکان و پێدراوە زانستییەکانی، لە بوارە زانستییەکانی دیکەوە وەردەگرێت وەک (زانستی زمانی سایکۆلۆژی و پەروەردەیی، زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی) بەئامانجی دیاریکردنی گریمانە و تیۆرییەکان، بەڵام وەک بوار و زانستێکی سەر بە زانستی زمانی سیاسیی ( political linguistics) پۆلێندەکرێت. بۆ دیاریکردنی تیۆرییەکی زانستیی، دەبێت هەڵاوێرکردنە زمانییەکان لە ناو ژینگەی کۆمەڵگا خۆیدا بە کارەکیی ئەنجام بدرێن، هەندێک لە توێژینەوەکان خۆیان بە ئەو بابەتانەوە ( لە هەموو ئاستەکانی زماندا: دەنگسازیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس....تاد) خەریکدەکەن، پێیانوایە، پەیوەست بە جۆراوجۆرییە زمانییەکان لە کۆمەڵگادا، ئەم ئاستانە بەگشتیی و ئاستی فۆنۆلۆژیی بە تایبەتیی، ژینگەیەکی زمانیی جۆراوجۆر دروستدەکەن و دەبنە گرفت لە بەردەم پێواژۆی بەستانداردکردن لە زماندا، ئەم زمانەوانانە کارەکانیان جەختکردنەوەیە لەسەر داڕشتنی پلانی زمانیی بۆ دروستەی ناوەوەی زمان بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان و گرفتی جۆراجۆریی زمانیی. لەبەر ئەوەی گریمانەکان چێوەیەکی زانستییانە وەربگرن، دەشێت لە شێوەی پرسیار بخرێنەڕوو، ئایا لەچێوەی تێڕوانینێکی فەلسەفیدا، چۆن باس لە ئەو گرفتە زمانییانە بکەین، کە پەیوەندییان بە دروستەی دەرەوەی زمانەوە هەیە، وەک گرفتەکانی نادادپەروەریی- نایەکسانیی زمانیی لەژینگەیەکی زمانیی جۆراوجۆردا؟ هەروەها بە پێچەوانەوەی پرسیاری یەکەمەوە، ئایا پێواژۆی بە ستاندارکردنی زمانیی دەبێتە گرفت، لە بەردەم جۆراوجۆرییە زمانییەکانی، وەک فرەزمانیی و فرەدیالێکتیی؟ ئایا لە ژینگەیەکی فرەزمانیی(فرەدیالێکتیی)

---

* لە دوای گفتوگۆیەکی زانستیی هەمە چەشن لەبواری زماندا، لە ئێستادا زانستی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی، وەک بەشێک لە زانستی زمانی جێبەجێکەرانە(کارەکیی) سەیردەکرێت. سەرهەڵدانی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، کە مەبەستی سەرەکیی دەرخستنی ڕۆڵی زمانە لە بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی (لەدوای قۆناغی کۆتایهاتنی ئیمپریالیزم لە وڵاتانی جیهانی سێهەمدا)، بەتایبەتیی لە کارەکانی فرگسۆن (Charles Ferguson) و جوپتا (J. Das Gupta) و فیشمان (Fishman) لەساڵی (١٩٦٨)دا، بە ناونیشانی گرفتە زمانییەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوودا( language problems of developing nations ) (الصيفي، هدى، ٢٠١٥، ٢٢) (الزبون، فواز، ١٩٩٦، ١٠٦)، هەروەها لە کارەکەی زمانەوان هۆگن (Haugen) لە ساڵی(١٩٥٩)دا (چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لەنەرویجدا بەمەبەستی دامەزراندنی زمانێکی ستاندارد). زانا ئەمریکییەکان زیاتر گرنگی بەپلانی زمانیی دەدەن، ئامانجیان چارەسەرکردنی لایەنی تەکنیکیی زمانە، بەڵام ئەوروپییەکان زیاتر گرنگی بە دەسەڵاتی سیاسیی دەدەن، کارەکانیان جەختکردنە لەسەر سیاسەتی زمانیی، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان (الصيفي، هدى، ٢٠١٥، ٢٤). بەگشتی زمانەوانەوانی وەک (Das gupta, Ferguson, Fishman, Haugen, Weinreich) دیاردەی فرەزمانیی (multilingualism) لە نەتەوە تازە پێگەیشتووەکاندا وەک گرفت (problem) دەبینن و لە ئەم بارەیەوە پلاندارشتن (planning) بە ڕێگەچارەی چارەسەری گرفتی زمانیی دەزانن (spolsky, Bernard, 2018, 301-306).

بەرهەمهێنانی زمانێکی ستانداردی چەسپاو  گونجاوە؟ ئایا زمانی ستاندارد ژینگەیەکی نادادپەروەریی و نایەکسانیی زمانیی دروستدەکات؟ چونکە لە نێو یاسا و نەریتەکانی زمانی ستانداردا، پەیوەست بە پابەندبوون و ڕێککەوتنە زمانییەکانەوە، هەمیشە زمانێکی ستانداردی پڕاوپڕ و بێکەموکورتی لە ئارادا نییە، ئەم گرفتانە دەکرێت مامەڵەیەکی زانستییانەیان لە گەڵدا بکرێت و بکرێنە بابەتی لێکۆڵینەوە، پلانی زمانیی تۆکمەییان بۆ دابنرێت، پەیوەست بە ئەو گرفتانەی پەیوەندییان بە دروستەی ناوەوەی زمان، یان دەرەوەی زمانەوە هەیە، پێویستمان بە ڕێکخستنەوەی زمانە لە نێو کۆمەڵگادا، نەک  بە تەنها پێواژۆی بە ستانداردکردن. سیاسەتی زمانیی پێویستیی بە ژینگە و دەوروبەرێکە، کە پێکهاتبێت لە پەیوەندییە زمانی و نازمانییەکان و دەبێت ئاستی کۆمەڵگای مرۆیی( خێڵ، شار، گردبوونەوەی هەرێمیی.....تاد) لەبەرچاو بگیرێت (الصيفي، هدى، ٢٠١٥، ٢٧).

**١-١/١) لایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوە لە گرفتە زمانییەکان**

پلانی زمانیی لە پەیوەندیدایە، لەگەڵ پێدراوە زانستییەکان لە بوارە زانستییەکانی تردا (قرقور، احلام، ٢٠١٨، ٣٣)، ئەو بوارانەی دەبنە بنەمای دانانی تیۆری و گریمانەی پێویست، بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان بریتین لە :

١-سیاسەت و زەمینەی سیاسیی : دەوڵەت لە بوارە زمانییەکاندا ڕۆڵی سەرەکیی هەیە، زمانەوانەکان ناتوانن بە تەنها بەدەر لە هاوکاری دەوڵەت، پلان بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لە دەوڵەتدا دابڕێژن، بەڵکو بوونی دەسەڵاتێکی سیاسیی بۆ سەرکەوتنی کارەکە پێویستە، چونکە دەوڵەت دەتوانێت هاوڵاتییەکانی پابەندبکات بە پەیڕەوکردنی سیاسەت و پلانی زمانیی دەستنیشانکراو. لە ئەم بوارەدا، هەوڵدەدرێت چەمکەکانی وەک نایەکسانیی، نادادپەروەریی، هاووڵاتیبوون و لێبوردەیی زمانیی ڕەچاوبکرێن، بە مەبەستی پشگیریکردن لە کەلتووریی –فرەییانە لە زماندا ( بە پێی لێکەوتەکانی دەوڵەتی مۆدێرنە /نوێباو و تێڕوانینی لیبرالییانە لە دەوڵەتی مۆدێرنەدا / نوێباودا).

٢-زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی (Sociolinguistics) : سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا پێکەوەگرێدراون، چونکە پلانی زمانیی لە چێوەی ئەم زانستەدا گرنگی بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییانەی هەڵسوکەوتی زمانیی دەدات، کە بە ڕێگەی جۆراجۆریی بەکارهێنانی زمانەوە( دیاردەی فرەزمانیی، ململانێی زمانیی. . . تاد)دروستدەبێت، کە ئامانجی سەرەکیی، دووبارە ڕێکخستنەوەی زمانەکان و بەکارهێنانەوەیەتی لەکۆمەڵگادا(کوبر، روبرت، ٢٠٠٦، ٨٧).

٣-زانستی زمانی کارەکیی (جێبەجێکارانە) (applied linguistics) : بریتییە لە دیاریکردنی پلانێکی زمانیی بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان، لە چێوەی زانستی زمانی کارەکیدا، فرگسون (Charles Ferguson) بەئەم شێوەیە دەیخاتەڕوو ( پلانی زمانی بریتییە لە زانیارییە تیۆرییەکان دەربارەی زمان و ڕێبازی توێژینەوەی

پەیڕەوکراو و خستنەڕووی دەرەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکانی زانستی زمان و جێبەجێکردنیان بەسەر گرفتە زمانییەکاندا) (کوبر،روبرت، ٢٠٠٦، ٨٩)، پلانی زمانیی زانستێکی گشتوەگیرە، توێژینەوە لە ئەم بوارەدا بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان، چ وەک زانستی زمانی جێبەجێکەرانە، یان پلاندانانی زمانیی تەنانەت وەک دەسەڵاتێکی سیاسیش، تەنها بەئامانجی چارەسەرکردنی گرفتەکان و کاریگەریی دروستکردنە هەمبەر بە هەڵسوکەوتی زمانیی لە کۆمەڵگادا (کوبر، روبرت، ٢٠٠٦، ٩٠) (قرقور، احلام، ٢٠١٨، ٣٥).

٤- ڕاگەیاندن و گەیاندنی زانیارییەکان : ڕاگەیاندن وەکو ئامرازێکی چالاک سەیردەکرێت، کە پلانی زمانیی بۆ بەرجەستەکردنی پلانە زمانییەکان لە واقیعدا سوودی لێدەبینێت، ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە، لە بڵاوکردنەوەی بەئاگایی لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، کە دامەزراوەیەکە کاریگەریی لەسەر ڕای گشتیی دروستدەکات، ڕۆڵی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دەرکپێدەکرێت لە بەرهەمهێنانی وشەی نوێ لە چێوەی یاسا زمانییەکاندا، داهێنان لە زاراوە و دەربڕاوی نوێدا، وەرگێڕان و داهێنان لە بەکارهێنانە زمانییەکاندا (سلیمانی، سعاد، ٢٠١٢، ٨٥) (یشو، الجیلانی بن، ٢٠١٥، ١٩٦-١٩٧). (کۆردەر S. coorrder) لە پێواژۆیەکدا ئەسکەلەی گشتیی سیاسەتی زمانیی دادەڕێژێت (زهران، البدراوی، ١٩٨٩، ٩٧) بڕوانە خشتەی (١-١):

| | | |
|---|---|---|
| ئاستی یەکەم : سیاسی | دەوڵەت بە ئەم کارە هەڵدەستێت لەسەر بنەمای ئەو پێدراوانەی کەلایەن شارەزایانی بواری زمانیدا پێشکەشدەکرێن. | -دیاریکردنی ئاستی زمانی داواکراو.<br>-دیاریکردنی ئەو کۆمەڵە و دەستەیەی کە مەبەستە. |
| ئاستی دووەم :<br>زانستی زمان(linguistics) و زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی sociolinguistics | پسپۆڕانی زانستی زمانی گشتیی و زانستی زمانی کارەکی کاریپێدەکەن. | -دیاریکردنی جۆری بابەتەکە لە ڕووی جۆریتی و چۆنیتی و ئاستەوە. |
| ئاستی سێیەم :<br>زانستی زمانی سایکۆلۆژیی (psycholinguistics) و زانستی زمانی پەروەردەیی( educational linguistic) | پسپۆڕانی بواری پەروەردە و فێرکردن کاریپێدەکەن. | -دیاریکردنی بابەتی داواکراو.<br>-چۆنیتی پێشکەشکردنی بابەتەکە. |

چێوەی گشتیی پێواژۆی سیاسەتی زمانیی. . . خشتەی (١-١)

سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی لە چوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، ڕۆڵی سەرەکییان لە چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکاندا هەیە، بەتایبەتی ئەو گرفتانەی کە پەیوەندییان بە جۆراوجۆرییە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، وەک دیاردەکانی فرەزمانیی، جووتزمانیی و دوودیوی زمانیی، ئەم دوو تیۆرییە مەبەستی سەرەکییان ڕێکخستنی زمانە لەناو کۆمەڵگادا، نەک ڕەتکردنەوەی جۆراوجۆرییە زمانییەکان. سیاسەتی زمانیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە، هەروەها پەیوەندیی نێوان سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی پەیوەندییەکی تەواوکارانەیە، پێکەوە گرفتە زمانییەکان لە نیو کۆمەڵگادا چارەسەردەکەن. لە ئێستادا ژینگەی زمانیی بەحوکمی سیاسەتی بەنێودەوڵەتیکردن (Internationalization) و دەستتێوەردانە کەلتووریی و کێبڕکێی زانستیی و ئابورییەکان، ژینگەیەکی فرەزمانییە، بۆیە دەوڵەت پێویستیی بە سیاسەتێکی زمانیی هەیە بە ئامانجی دیاریکردنی زمانێکی فەرمیی، بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی ئەو زمانەی بە ناسنامەی نەتەوەیی و خاکەکەی بەستراوەتەوە. لەسەر بنەمای تیۆری خاکێتیی زمانیی، هەموو زمانێک لە ناو خاکەکەی خۆیدا باڵادەستە و هەموو نەتەوەیەک لە سنووری خاکەکەی خۆیدا دەتوانێت زمانی فەرمیی بەکاربهێنێت(القهري، عبد القادر الفاسي، ٢٠١٣، ١٦٧)، بەڵام بەفەرمیکردنی زمان جیاوازە لە بنەماکانی خاکێتیی زمانیی، چونکە بەفەرمیکردنی زمانێک بەسێ قۆناغدا تێدەپەڕێت : هەڵاوێرکردن، ستانداردکردن، خستنە بواری جێبەجێکردنەوە، واتە بە ستانداردکردنی زمانێک، چەند میکانیزمێکی دەوێت، بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەرێت.

**٢-١/١)ئایا پێواژۆی بەستاندارد کردن گرفتە زمانییەکان چارەسەر دەکات ؟**

زۆربەی زمانەوانەکان و بەتایبەتی زمانەوان و پسپۆڕانی زمانی کوردیی گرنگییەکی زۆر بە پێواژۆی بەستانداردکردن دەدەن، پێیانوایە، زمانی ستاندارد تاکە ڕێگەچارەی زانستییە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان. (محەمەد مەحوی ٢٠٠٨)، پێیوایە، (زارە سەرەکییەکانی زمانەکە-کرمانجیی ناوەڕاست، کرمانجیی سەروو، گۆران و لوڕیی-لەبەر جیاوازییەکانی هەندێک لایەنی بنەمایی و گرنگیی ڕێزمانەکەیان، ناکرێت لەیەکبدرێن و لەگەڵ یەکتریدا موتوربە بکرێن و" زمانێکی یەکگرتوو" یان لێپێکبهێنرێت) (مەحویی، محەمەدی، ٢٠٠٨، ١٠٩) * لە خستنەڕووی ئەم تێڕوانینە زانستییانەدا کاریگەرن بە تیۆرییەکان و مۆدێلەکانی زمانی ستاندارد

* (مەحوی -شاخوان ) (٢٠١٤) پێیانوایە: زمانی ستاندارد ئەو زمانەیە، کە پرۆسەکانی بەستانداردکردنی بە سەردا جێبەجێکراون و بریتین لە هەڵاوێرکردنی نۆرمێک/زارێک، بە کۆدکردنی نۆرمەکان، پەسەندکردن و بڵاوبوونەوەی نۆرمەکان لە ناو خەڵکدا، لەگەڵ گەشەپێدانی لە لایەن کۆمەڵەکانەوە/چڤاتەوە. واتە پێناسەی زمانی ستاندارد ڕێگەدانی دەستووری پێی، ڕێگە لەوە دەگرن فۆرم/ جۆری دیکە (کرمانجیی سەروو، گۆران، زازا) لە گەڵ ئەو زمانە ستانداردەدا بەکاربهێنرێت ( حمەسعید، محمد عبدالفتاح _فرج، شاخەوان جەلال، ٢٠١٤، ١٥٤-١٤٧)، هەروەها ئەوە دەخەنەڕوو : زمانی ستاندارد لە زارەکانی زمانەکە لێیان پێکهاتووە ڕاستتر یان دروستتر نییە، لە هەموو ئەوانەوە هەڵێنجراوە ( ئەمە پێچەوانەی ئەوەی سەرەوەیە) "مەبەستیان لە هەڵهێنجانەکە ئەوەیە، کە یاسا بنەڕەتییەکانی زمانەکە بۆ هەموو زار و وەچە زارەکان دەخوات.

لای زمانەوان هۆگن(Haugen) *، لەدەرەنجامی ئەو هەڵهێنجانە زانستییانەی پێیگەیشتووین، بە ستاندارکردن و پێواژۆی بە ستاندارکردن، مۆدێلێکە لە نێو چەندین مۆدێلی جۆراجۆر و جیاواز لە سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی پەیڕەوکراو لە لایەن وڵاتانەوە، ئەم مۆدێلە لە سەرەتادا وەک لێکەوتەی دەوڵەتی مۆدێرنە خۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام بە پێی تێڕوانینی لیبرالی -فرەیی، ڕەخنەی ئەوەی لێدەگیرێت، کە بنەمایەکی ئایدۆلۆژییانە دەستی بەسەرداگرتووە دەبێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی نادادپەروەریی -زمانیی. بیرۆکەی جیاوازیی زمانیی و داهێنانە تاکگەراییە زمانییەکان ( کە بنەمای دروستبوونی دیالێکتە کۆمەڵایەتییەکانە و لە کۆتایدا دیالێکتی جیاوازی لە زماندا لێبەرهەمدێت) وەک گرفت لە بەردەم دروستنەبوونی زمانی ستانداردا لە کۆمەڵگای کوردەواریدا هەژماردەکرێت. پسپۆرانی زمان پێیانوایە" بە گەڕانەوە بۆ داهێنان و بەکارهێنانەکانی ( زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی)، بەتایبەتیی چێوەی پەیوەندییە هەمبەرییە تیۆری و کارەکییەکانی  تاکگەرایی و هەڵکردن/ پابەندبوونێتی (Individuality and Conformity) ئەم بۆچوونە تەواو پێچەوانەیە، چونکە ئەو جیاوازییە زمانییانەی لە زمانێکدا بوونیان هەیە، نەک هەر مایەی مەترسی نین لەسەر دروستبوونی زمانی ستاندارد، بەڵکو دەشبێتە بنەمایەکی بەهێزی زمانی ستاندارد، ئەگەر مامەڵەیەکی دروستی زمانەوانییانە و کۆزمانەوانییانە لەگەڵ ئەو جیاوازییانەدا بکرێت(قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٣، ٧٩). لە چێوەی تێڕوانێکی زانستیدا دەشێت ئەم بۆچوونە ( لە

---

مەحوی (٢٠١٦) ئەوە دەخاتەڕوو : بەستانداردکردن لە پلاندانان بۆ زماندا و بەتایبەتی لە پلاندانان بۆ کۆرپەی زمان بەکاردەهێنرێت و ئاماژە بەباری کەسێتیی پێرەوبەندانەی ئەو یاسا دەرهێنراوانە دەدات، کە کۆنترۆڵی بەکارهێنانی جۆرەکانی زمان لە کۆمەڵگایەکدا دەکەن، یان دیارییدەکەن و تەحەکومی پێوەدەکەن( مەحوی، محەمەدی، ٢٠١٦، ٥٨). دەگمەن سەرچاوە و بنەڕەتی زمانێکی ستاندارد بۆ تاکە زار دەگەڕێتەوە ( هەڵاوێرکردنی تاک-ناوەندیی/ mono- centric selection)، فۆرمەکانی زۆربەی زمانە بەستانداردکراوەکان لەڕێی یەکخستنی زارەکانەوە ( dialect leveling ) و هێنانە ئارای لە بۆتە دراوێک ( Coin) دروستکراون، کەواتە زۆربەی زمانە بەستانداردکراوەکان لە جۆرەکانیان /زارەکانیان پێکهاتوون و ئاکاری هەڵاوێرکردنێکی فرەییان (هەڵاوێرکردنی فرە- ناوەندیی/ multiple selection/ poly centric selections) هەیە و لەچەشنی زاری زۆر پێکهاتوون. بەواتایەکی تر، زمانی ستاندارد فرە سەرچاوەیە. بۆ (ک ن) ئەم ستانداردە لە فۆرمەکانی شێوەزارەکانی/ وەچەزارەکانی سلێمانی، هەولێر، موکریی، گەرمیان ( کەرکوک، کفری، کەلار، خانەقین) پێکدێت (مەحوی، محەمەدی، ٢٠١٦، ٥٩).

* توێژەر پێیوایە ئەم مۆدێلە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان بە تایبەتی فرەجۆریی زمانیی(بەکارهێنانی زمانی نەرویجیی و دانیمارکیی پێکەوە) لە نەرویجدا بەکارهاتوون، زۆر جیاوازە لە ژینگەی زمانیی لە کۆمەڵگای کوردیدا، ئەگەر لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردیدا، گرفتی زمانیی-لە جۆری ململانێی نێوان دوو زمان، یان جووتزمانی (کوردی -عەرەبی، کوردی -فارسی، کوردی -تورکی ) هەبووبێت و ڕەنگدانەوەی هەبووبێت لە ئاستی فەرهەنگدا ( وەک قەرزکردن و خواستنی زمانی)، بەڵام بەردەوام قسەکەری کورد هەوڵیداوە لەگەڵ پێرەوی فۆنۆلۆژیی کوردیدا بیگونجێنێت، لە ئێستادا ژینگەی زمانیی لە کۆمەڵگای کوردیدا بریتییە لە ملمانێی دیالێکتییانە و فرەدیالێکتیی، فرەئەکسێنتیی لە بەر ئەمەیە، کە مۆدێلی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی لە دەوڵەتی فەرەنسا و ئیتاڵیادا وەک مۆدێلێکی هاوشێوە دەبینین بە تایبەتی، کە هەوڵەکان بۆ سەپاندنی دیالێکتێکە.

گەڵ گەشەکردنی دەوڵەتی مۆدێرنە/ نوێباو و تێڕوانینی لیبڕالییانەی هاوچەرخ و چەسپاندنی کەلتوری فرەیی لە زماندا) پێچەوانە بکرێتەوە، ئەگەر جۆراجۆرییە زمانییەکان گرفت نەبن لە بەردەم پێواژۆی بەستانداردکردندا، ئایا پێواژۆی بە ستاندارکردن نابێتە گرفت لە بەردەم جۆراجۆرییە زمانییەکاندا، نابێتە هۆی نادادپەروەریی و نایەکسانیی زمانیی ؟ ئایا بوونی دەوڵەتی کوردیی پێویستی بە زمانی ستانداردە؟ ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین، کە دەوڵەت پێویستی بە زمانی ستانداردە، ئایا لە کۆمەڵگای کوردیدا زمانی ستاندارد چۆن مامەڵە لەگەڵ جۆراوجۆرییە زمانییەکان دەکات؟ ئایا بوونی هەژموونگەریی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەت چۆن کار لەسەر بەستانداردکردنی زمانی وڵاتێک دەکەن؟ ئەگەر زمانی ستاندارد لێکەوتەی هەبوونی دەوڵەتی مۆدێرنە بێت، ئایا هەوڵدان بۆ دروستکردنی زمانی ستاندارد و برەوپێدانی نابێتە هۆی نایەکسانیی و نادادپەروەریی زمانیی، پەیوەست بە فرەجۆریی* زمانییەوە؟

**٣-١/١)بەکارهێنانی جیاوازانەی زمانی ستاندارد**

بەکارهێنانی جیاوازانەی ستانداردی زمانیی، ئەو پەیوەندییە دەخاتەڕوو، کە چەند پارامیتەرێک ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوونی بەکارهێنانی جیاوازانەی زمانی ستاندارد (Shala, 2019,4)، کە بریتین لە تاکگەرایی زمانیی، پابەندبوونێتیی زمانیی، نایەکسانی زمانی، توانستی زمانیی ، ئەم پارامیتەرانە ڕۆڵی سەرەکییان، لە دروستبوون و دروستکردنی جۆراوجۆرییە زمانییەکاندا هەیە، بە تایبەتی لە زمانی ستانداردا، لە بەر ئەمەیە زمانی ستاندارد ئەو پێوەرە چەسپاوە نییە، کە هەندێک زمانەوان بانگەوازی بۆ دەکەن، بەڵکو جێگیریی و چەسپاویی زمانی ستاندارد تەنها خەیاڵێکی زانستییە نەتوانراوە بە کردەیی هاوشێوەیەکی تەواو پڕاوپڕ لای قسەپێکەرانی زمانێک بە تایبەتی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە بە دەستبهێنرێت. لەناوەندەکانی خوێندندا، ئەگەر بە ڕێگەی فێرکردن و فێربوونەوە ڕێسا و یاساکانی ستانداردی زمانیی پێرەوبەندانە بچەسپێنرێت، پەیوەست بە ئەم پارامیتەرانەی کە خرانەڕوو، هەمیشە زمانی ستاندارد ئارەزووی جۆراجۆریی دەکات. ئەگەر زمانی ستاندارد هەڵگری خەسڵەتی جۆراجۆریی بێت، بە تایبەت جۆراجۆریی لە بەکارهێنانە زمانییەکان لە ئاستی فۆنۆلۆژییدا، چۆن زمانی ستاندارد دەتوانێت جۆراجۆریی زمانیی و جۆراجۆریی دیالێکتییانە پەسەندنەکات ؟

ناسنامەی نەتەوەیی، باشترین زەمینەیە بۆ خستنەڕووی ڕۆڵی ئەم چوار پارامیتەرە لە زماندا، ناسنامەی زمانیی

---

* پشتگیریکردن لە گریمانەی پێرەوکردنی جۆراجۆریی لە زمانی کوردیدا، لە هەموو ئەو جوڵانەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆمەڵگای کوردیی پێیاندا تێپەریوە، کە هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی جۆراوجۆریی ناسنامەی نەتەوەیی و جۆراوجۆریی زمانین، ئەم گریمانەیە هەنگاوێکە بۆ دانپێدانان بە واقیعی زمانیی لە کوردستاندا، وەک ئەوەی لە ئارادایە، واتە پەسەنکردنی کەلتوری -فرەییانەی زمان، نەک وەک ئەوەی هەندێک زمانەوان و پسپۆڕانی زمان بانگەوازی بۆ دەکەن، لە چێوەی پێواژۆی بە ستانداردکردندا، هەوڵدەدەن چوارچێوەیەکی زانستی پێببەخشن.

ئەو ناسنامە هاوبەشەیە، کە ناسنامەی تاک و کۆمەڵەکان دەگرێتەوە، لە لایەکەوە، ناسنامەی نەتەوەیی زەمینەیەکی هاوبەشە، بۆ خستنەرووی گرنگیی ئەم دوو تیۆرییە ( تاکێتیی زمانیی و پابەندبوونێتیی زمانیی)، لە لایەکی ترەوە گرفتەکانی ناسنامەی نەتەوەیی، پەیوەندی بە گرفتە زمانییەکانی ترەوە هەیە، وەک (دادپەروەریی زمانیی و یەکسانی زمانیی).

### ١/١-٣-١) جۆراوجۆریی ناسنامەی زمانیی

لەلایەن زانایانی کۆمەڵناسی و زانایانی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییەوە ڕێککەوتن هەیە، لەسەر دانانی (تاک) وەک ناوەندی گرنگیپێدانی سەرەکیی لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا، چونکە تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی (تاک) تێگەیشتنە لە هەڵسوکەوتی کۆمەڵگا (communities). گرنگیی و ڕۆڵی تاکی قسەکەر لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، هاوشانە لەگەڵ گرنگیی تاکە خانەیەک لە زانستی بایۆلۆژیدا، بەڵام بە پێچەوانەی تاکە خانەیەک لە زانستی بایۆلۆژیدا، ناتوانرێت لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا دوو (تاک)مان دەست بکەوێت، کە هەمان شێوازی قسەکردنیان هەبێت، چونکە ئەزموون و شارەزایی زمانییان جیاوازە ( هدسن، ١٩٨٧، ٣٢-٣٣). تاکگەرایی باکگراوندی زمانیی هەر تاکێک، یان ئەزموون و شارەزایی قسەکەر، تاکە سەرچاوە نییە، بۆ بوونی جیاوازی و جۆراجۆریی زمانیی لەنێوان قسەپێکەرانی زمانێکدا. (تاک) نموونەیەکی چەمکییانە ( لەئاستێکی درکپێکردنی بێ ئاگایانە) بۆ ئەو کۆمەڵەیەی، کە لە نێوانیان دەژی، سازدەکات*، هەموو دەوروبەری خۆی لە فەزایەکی فرە ڕەهەندا ( multi-dimensional space) ڕێکدەخات لەسەر بنەمای بوونی جیاوازیی و لێکچوون لە نێوانیاندا و بە پشت بەستن بە کۆمەڵێک لە ڕەهەند و پێوانەی جیاواز، هەندێک لە ئەو ڕەهەندانە بریتین لە جیاوازییە زمانییەکان، بۆ نموونە جیاوازی لە بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکان لە قسەکەرێکەوە بۆ قسەکەرێکی تر، وەک (دەرگا~قاپی، خەڵوز~ ڕەژوو.. تاد)، یان جیاوازی لە چۆنێتیی درکاندنی یەکە دەنگییە ئەبستراکتەکان لەزماندا، وەک فۆنێمەکان (Phonems). (هدسن، ١٩٨٧، ٣٣)، هەندێجار درکاندنی فۆنێمەکان لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا، بە شێوەیەکی جیاواز باشترین بەڵگەیە بۆ هەبوونی جۆراجۆریی دەنگیی، وەک( ماڵ~مال~مار، ئاسمان~ عاسمان، حەرام ~عەرام.... تاد)لە زماندا.

بۆ ئەوەی سەرچاوەی جیاوازیی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگادا بخەینەڕوو، دەکرێت باس لە "فەزای فرەڕەهەند" بکەین، چونکە بەڵگەی تەواو هەیە، کە لە چوارچێوەی تێڕوانینی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، کۆمەڵگا پشت بە "فەزای فرەڕەهەند" دەبەستێت، کە تاکەکان لە کۆمەڵگا هەمە جۆرەکاندا پەیوەستن بە ئەم ڕەهەندانەی وەک

* تیۆری فەزای فرە ڕەهەند/ بۆشایی ڕەهەندە هەمە چەشنەکان، ئەم تیۆرییە ئەوە دەخاتەڕوو، کە تاکەکان لە کاتی قسەکردندا ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دوو چەشن ناچاریی دەبنەوە، کە بریتین لە (ناچاریی خودییانە) و (ناچاریی بەرانبەرییانە). واتە پێویستە قسەکەر قسەکانی هەم ڕەنگدانەوەی (توخم و تەمەن و پلە و پایەی کۆمەلایەتیی ) خۆی بێت و هەم بشگونجێت لەگەڵ (توخم و تەمەن و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی) بەرانبەرەکەیدا، بڕوانە (قادر، کاروان عومەر، ٢٠١٣، ٨١).

(تەمەن، شوێنی لەدایکبوون، چینی کۆمەڵایەتیی، پیشە و ڕەگەز) بۆ ئەوەی نموونەیەکی چوار ڕەهەندی بنوێنن، هەریەک لە ئەو ڕەهەندانە، بەشێوەیەکی پتەو بە زمانەوە پەیوەستن، دوای ئەوەی تاک نموونەیەکی چەمکییانە ساز دەکات، لەوێنەی فەزایەکی فرەڕەهەنددا دەینوێنێت، دواتر دەبێت جێگە و پێگەی خۆی لەنێو ئەم نموونەیەدا دیارییبکات، دوای دروستبوونی وێنەیەکی تەواو پڕاوپڕ، زمان بەتەنها بەشێکی گرنگ نییە لە ئەم وێنەیەدا، بەڵکو لەپاڵ ئەمەدا، کۆمەڵێکی دیاریکراو و ئاشکرا لە هێما پێشکەش بە قسەکەر دەکات، کە بەرێگەوە دەتوانێت جێکەوتەی خۆی لەنێو جیهانی دەوروبەریدا دیارییبکات، بۆ نموونە، ئەگەر منداڵێک لەنێو دوو کۆمەڵەدا* پەروەردە بوویێت ئەوە بە دڵنیاییەوە سەر بە یەکێکیان دەبێت، هەموو ئاخاوتنەکانی ئەو منداڵە، وەک کردەیەک سەیر دەکرێن، کە بریتین لە کردەی دەستنیشانکردن و دیاریکردنی ناسنامەی تاک (act of identity ) لە نێوفەزای فرە ڕەهەنددا (هدسن، ١٩٨٧، ٣٥) (Lepage, 1968, 189) (Lepage, 1985, 212) .

دەربڕین (pronuciation) و یەکە زمانییەکانی دیکە، ڕۆڵ و ئەرکی جیاواز جێبەجێدەکەن، کە جەختکردنەوەیە لە دیاریکردنی ناسنامەی تاک (individualsacts of identity)، بەکارهێنانی دەربڕینێکی تایبەت و جیاواز (لە رووی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژییەوە)، ئاماژەیە بۆ دیاریکردنی ئەسڵو فەسڵمان/بنە و بنەچەمان و هەروەها ئاماژەیە بۆ ئەو کۆمەڵەی کە ئێمە بەشێکین لێیان، بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتە بە کارهێنانی جیاوازی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و یەکە فەرهەنگییەکان بنەمایە بۆ دیاریکردنی پێگەی قسەکەر لە کۆمەڵگادا (ئاستی خوێندن و خوێندەواریی قسەکەر)، تیۆرییەکان لە چێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی، ئەوە دەخەنەڕوو، کە جیاوازییە زمانییەکان، ڕەنگە لە دەرەنجامی پێواژۆی ستانداردکردن (standardrization)ەوە دروستبووبن، کە (هدسن) پێیوایە، ئەگەر جیاوازییە زمانییەکان لە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لە ژێر کاریگەریی پێواژۆی ستانداردکردندا نین، دۆزرانەوە و ئاشکرا بوون، ئەوە حەقیقەتێکی/ ڕاستییەکی نوێ دەربارەی زمان ئاشکرا دەبێت (هدسن، ١٩٨٧، ٨٣).

. ناسنامەی تاک ناسنامەیەکی فرە ڕەهەندە و بنەمای دەرخستنی جیاوازیی شێوازی ئاخاوتنی تاکی قسەکەر و شێوازی ئاخاوتنی ئەو کۆمەڵەیەی کە قسەکەر بۆی دەگەڕێتەوە و ئەندامە تێیدا. لە بەر ئەوەی بتوانین بە تەواویی و بە وردیی ناسنامەی زمانیی تاکی کورد شرۆڤە بکەین، دەبێت باس لە پەیوەندیی پێڕەوی زمانیی بکەین لە گەڵ گۆردراوە کۆمەڵایەتییەکان لە دەرەوەی پێکهاتەی زماندا، چونکە لەپاڵ گرنگیی ئەو پەیوەندییانەی کە زمان

*کۆمەڵەی زمانیی (linguistic community) : ئەو کۆمەڵە کەسانە دەگرێتەوە، لە ڕووی بەکارهێنانی زمانییەوە هاوشێوەن، واتە هەمان زمان و هەمان دیالێکت بەکاردەهێنن، زمانەوان لابۆف لە خستنەڕووی ئەم زاراوەیەدا، دانیشتوانی نیۆرک بە نموونە دەهێنێتەوە، پێیوایە ئەم کۆمەڵەیە لە ڕووی گراماتیکییەوە هاوبەشن (community grammer)، هدسن لە ئەم بارەییەوە باس لە بوونی ناڕوونی دەکات، لەناو کۆمەڵەیەکی زمانیی هاوشێوەدا، چونکە لە ڕووی بە کارهێنانی یەکە زمانییەکانەوە (linguistic item) منداڵەکان لە بە تەمەنەکان جیاوازن، هەروەها دانیشتوانی ناوچەکانی باکوور جیاوازن لە باشوور، بۆیە بنەمای کۆمەڵگەرایی رەتدەکرێتەوە و لای هەندێک لە زمانەوانەکان باس لە شرۆڤەکردنی پەیوەندیی نێوان کەسەکان دەکرێت لە شێوەی تۆڕبەندێک لە پەیوەندی تاکێتییانە (network of individual realations)، نەک لە سەر بنەمای ئەو کۆمەڵە زمانییەی کە بۆی دەگەڕێتەوە (هدسن، ١٩٨٧، ٥٩).

هەیەتی لەناو پێڕەوەکەی خۆیدا، کەچی پەیوەندیی زمان، لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا، گرنگییەکی تایبەتی هەیە، زمان داڕشتەیەکی مەعریفییە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک پەیوەندی بونیادنراوە، ئەم پەیوەندییانە بونیادی کۆمەڵگاکان پێکدەهێنن (علی، نبیل، ١٩٩٠، ٢٨٠) ( حسنی، هنیە، ٢٠١٧، ٤٨). زمان لەنێو بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوریی کۆمەڵگادا، ڕەگ و ڕیشەی داکوتیوە، بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵێک لە گۆڕدراوە کۆمەڵایەتییەکاندا (کەلتوور، ناسنامە) لە پەیوەندیدایە. هاووڵاتیبوون بریتییە لە کەلتوور و زمان، زمان پێکهاتەیەکی بنەڕەتی ناسنامەی کەلتوورییە و ئامرازێکە بۆ پارێزگاریکردن لە ناسنامەی کەلتووریی. پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان زمان و ناسنامەدا هەیە، بە جۆرێک سیماکانی بە کارهێنانی زمانیی قسەکەرێک، دەتوانێت پەیوەندیی ئەو کەسە (انتماء) بە کۆمەڵێکی زمانیی دیاریکراوەوە دەربخات (تابوری،اندریة، ٢٠٠٩، ٦٨٣). دیاردەی ناسنامە* وەک دیاردەیەکی زمانیی سەیردەکرێت (بلکا، الیاس، ٢٠١٤، ٢٢). دوو هۆکاری سەرەکیی بۆ بەستنەوەی زمان بە ناسنامەوە دەخرێنەڕوو : **هۆکاری یەکەم** (لە چێوەی زانستی سایکۆلۆژیی مرۆییدا)، کاتێک منداڵێک سیما زمانییەکانی زمانی دایکیی وەردەگرێت بە تەنیا وشە و دەربڕدراوەکانی زمانەکە وەرناگرێت، بەڵکو کۆمەڵێک نیشانە و خەسڵەتی فونەتیکی و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی و سیمانتیکی وەردەگرێت، هەروەها فۆرم و ناوەڕۆکی بەرهەمهێنانی زمانیی پەیوەستە بە ناسنامەی قسەکەر و پێواژۆی تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی زمانیش، بریتییە لە درکپێکردن بە ناسنامەی قسەکەر، ئەمەش بنەمایە بۆ بونیادنانی ناسنامەیەکی زمانیی ڕاستەقینە. **هۆکاری دووەم**، بەستنەوەی زمان بە ناسنامەوە بە ڕێگەی دەستوور و یاساوە، چونکە زمان بونیادی یەکەمی ناسنامەی کۆمەڵەکانە، کە لە دەستووری زۆربەی وڵاتاندا جەختی لە سەر کراوەتەوە، زمانی ئاخاوتنی نەتەوەیەک ئاماژەیە بۆ نەتەوەیەک، یان ناسنامەی نەتەوەیەک ( تابوری، اندریة, ٢٠٠٩، ٦٨٤-٦٨٦) (جوزیف،جون، ٢٠٠٧، ٢٨٥). تاک خاوەنی ناسنامەیەکی چەسپاو نییە، ناسنامە، ئەگەر لەئارادابێت، ئەوە حاڵەتی فرەناسنامەییە، بۆ نموونە تاکی کورد لە ناخیدا هەموو ئەزموونەکانی ڕابردووی هەڵگرتووە (ململانێی نەتەوەیی و سیاسی وئابووری. . . . تاد)، وای لێکردووە، خاوەن ناسنامەیەکی فرە ڕەهەند بێت، بەڵام ئەو ناسنامە فرەڕەهەندە، دەکرێت لە ڕێگەی زمان و ناسنامەی نەتەوەییەوە یەکبخرێتەوە، ناسنامەیەکی یەکگرتوو دروستبکرێت. کە واتە ناسنامەی تاک، یەک ناسنامەی فرە ناوەڕۆکە، لەنێو ناسنامەیەکی گەورەدا هەمیشە ناسنامەی بچووکتر بوونی هەیە ئەمانەش بریتین لە ناسنامەی (خێڵەکیی و نەژادیی، ئاینیی، مەزهەبیی..... تاد) (بلکا، الیاس، ٢٠١٤، ٢٥-٢٨). دەبێت سیاسەتی زمانیی پێڕەوکراو، لە لایەن وڵاتانەوە، جەختکردنەوە بێت لە ناسنامەی گەل و نەتەوەیەک، هەندێک لە وڵاتان بۆ یەکخستنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و بە دیهێنانی ناسنامەیەکی یەکگرتوو، پێواژۆی زمانی ستانداردی یەکگرتوو بە ڕێگەچارە دەزانن، زمانی ستانداردی

* بڵاوبوونەوەی وشەی ناسنامە، بە کارهێنانی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە ساڵانی شەستەکاندا بووە، بە تایبەتی بە ڕێگەی سەرهەڵدانی مەسەلەی کەمینە نەتەوەییەکانی وەک نەتەوە ئەفریقییەکان، چەند بیرمەندێک لە دوای قۆناغی داگیرکاریدا، وەک (ئەدوارد سەعید، کایاتری سیفاک) باسی ناسنامەی هەمەچەشنیان کردووە، کە مێژووی داگیرکاریی درووستیکردووە (بلکا، الیاس، ٢٠١٤، ١٧).

یەکگرتوو*، پێکهاتەیەکە، کە دەوڵەتی نەتەوەییوەک بڕیارێکی سیاسیی جێبەجێیدەکات، بە مەرجێک دانپێدانان بە ئەو زمانە و بەکارهێنانی لە ژیانی ڕۆژانەدا و لە دامەزراوەکاندا ڕەچاوبکرێت. بەستانداردکردنی زمانێک، مەرجی سەرەتاییە بۆ ئەوەی ئەو زمانە لە گفتوگۆی ڕۆژانە و بوارە زانستیی و مەعریفییەکاندا ڕۆڵی هەبێت، هەر بۆیە خاوەن پێگەیەکی تایبەتە لەنێو زمانەکاندا و لەچێوەی تێڕوانینی زانستییانەی زمانەوە، دەتوانرێت هەر کام لە زمان و دیالێکتێک لە وڵاتدا بەستاندارد بکرێت، یان زمانێکی نوێ دروستبکرێت، بەڵام سەرکەوتنی ئەم کارە پەیوەستە بەڕازیبوونی خەڵک لەسەر بەکارهێنانی زمانەکە بەکردەیی(بلکا، الیاس، ٢٠١٤، ١٠٧). لەئەم قۆناغەدا لە چوارچێوەی دەوڵەتی نەتەوەیدا (national) پلاندانان بە ئامانجی دروستکردنی ناسنامە، بە ڕێگەی هێمایەکی نەتەوەییەوە دەبێت، وەک زمانی نەتەوەیی (national language)، ئاڵای نەتەوەیی ( national flag)، یاسای نەتەوەیی (national ruler) (Fishman, 1968, 6) لە پێناو ئەوەی زمانی نەتەوەیی جێگای زمانی کۆلۆنیاڵی (colonial language) بگرێتەوە، پسپۆران پێیانوایە، لە سەردەمی لیبرالیزمدا، زمان پێویستی بە پێواژۆی بە ستانداركردن و مۆدێرنەکردن (standardization and modernization) هەیە (لەچێوەی جەستەی پلاندانان (corpus planning)، لە نێو پێڕەوی نووسیندا گرنگی بە دروستکردن و دیاریکردنی پێواژۆی بە ستانداركردن لە فەرهەنگ و ڕێزماندا دەدرێت، هەروەها پێواژۆی بەمۆدیرنەکردن لە بواری زاراوەدا، هەروەها لە چێوەی پلانی زمانیی بارودۆخی زمانیی (status planning) گرنگی بە ڕێکخستنەوەی جۆراجۆرییە زمانییەکان (فرەدیالێکتی) دەدرێت (spolsky, Bernard, 2018, 301-306).

بە تێڕوانینی لیبڕالییانە لە چێوەی دەوڵەتی مۆدێرنەدا، دەبێت پێواژۆی بە ستانداردکردن بنەماکانی دادپەروەریی و یەکسانیی زمانیی تێدا پەیڕەوکرابێت، واتە خستنەڕووی پلانێکی زمانیی، کە هەر دوو میکانیزمی بە ستانداركردنی زمانیی و دادپەروەریی زمانیی تێدا پەیڕەوکرابێت، بەڵام جێبە جێکردنی ئەم پلانە لە زماندا کارێکی ئەستەم و ئاڵۆزە و لە ئێستادا ئەم دوو چەمکە (بە ستانداردکردنی زمانیی و دادپەروەریی زمانیی) وەک دوو چەمکی پێچەوانەی یەکتر دەبینرێن.

---

*پەیوەست بە گفتوگۆکردن دەربارەی زمان و ناسنامەی نەتەوەیی، دەگونجێت باس لە زمانی ئەمازیغیی بکەین لە وڵاتی مەغریبدا، چونکە ئەم زمانە بە کاریگەری هێز و پێگەکەی لەقۆناغی خۆچەسپاندندایە، ئەم کارە هەوڵی پسپۆڕان و شارەزایانی پێویستە لە چێوەی پێواژۆیەک، کە بریتییە لە بەستانداردبوون، یان بەستانداردکردن (Standarization)، ئەم پێواژۆیە، میکانیزمی زمانیی تۆکمەی پێویستە، زۆربەی وڵاتان پەنای بۆ دەبەن. گرفتی سەرەکی ( ناسنامەی ئەمازیغیی) مەسەلەی زمانی ئەمازیغییە، واتە گرفتی ناسنامە پەیوەستە بە دیاردەکانی فرەزمانییەوە ( بە کارهێنانی جۆراوجۆریی زمانیی: زمانی عەرەبیی، فەرەنسیی و ئەمازیغیی) و ململانێی زمانیی (ململانێ لە لایەکەوە لە نێوان جۆرە جیاوازەکانی زمانی ئەمازیغیی واتە دیالێکتەکان، لە لایەکی دیکەوە ململانێی زمانی ئەمازیغیی لە گەڵ زمانی فەرەنسیدا). توێژەر زمانی ئە مازیغی، وەک نموونەیەکی هاوشێوەی زمانی کوردیی دەبینێت، چونکە هەر دوو زمانەکە خاوەن ناسنامەیەکی فرە ڕەهەندن، هەروەها گرفتی ناسنامەی کوردیش پەیوەستە بە ململانێی زمانییەوە ( دیاردەی جووتزمانیی: کوردیی-عەرەبیی، کوردیی-فارسیی، کوردیی -تورکیی) و بەکارهێنانە جۆراوجۆرییەکانی زمان (دیاردەی فرە دیالێکتی).

### ٢-٣-١/١)پابەندبوونێتیی زمانیی

زمان وێنەیەکی ئاوەزییانە و چەمکییانەیە، بەڵام نابێت لایەنی کۆمەڵایەتیی فەرامۆشبکرێت، بەحوکمی ئەوەی لەنێو کۆمەڵگادا زمان گەشە دەکات و پەرەدەسێنێت، بۆیە فاکەڵتی/ توانستگەی زمانیی لەنێو کۆمەڵەکاندا گەشە دەکات و لەنێو کۆمەڵگادا چەند ڕەهەندێکی جیاواز وەردەگرێت، وەک ڕەهەندی سیاسیی و فێرکاریی و ئابوری و ئاینیی و نەژادیی، کە هەموو ئەمانە پەیوەستن بە ناسنامەی کەلتووریی تاکەوە (حسنی، هنیە، ٢٠١٧، ٢). پێکەوەبەستنەوەی پابەندبوونێتیی * (conformity) و پێواژۆی بەستانداردبوون لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا بابەتێکی گرنگە. پابەندبوونێتیی زمانیی مۆدێلێکی زمانیی تایبەتە بە قسەکەر، یەکێکە لە ئەو پارامیتەرانەی کە ڕۆڵی سەرەکیی لە دروستبوونی جیاوازییە زمانییەکاندا هەیە. بەکارهێنانی جیاوازانەی زمانی ستاندارد، لە لایەن کۆمەڵێک خوێندکارەوە (لە نووسین و ئاخاوتندا)، تاکێتیی و پابەندبوونی زمانیی خوێندکارەکان دەخاتەڕوو، هەر خوێندکارێک، بەپێی ناوچە جیاوازەکان، پەیوەست بەزمانی ستانداردەوە، سیمای فۆنەتیکیی جیاواز و پرۆسۆدیی/ کەرەستە لە گەڵ هاتووەکان جیاواز بە کاردەهێنێت ( پرۆسۆدیی هەموو ئەو دیاردە دەنگییانە دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی گوتنەوە دەردەبڕێن، وەک (هێز، زرنگە، تەوژم، ئاواز.... تاد)، هەروەها نیشانەی سەروو-سەگمێنتی (supra-segmental feature)یان پێدەوترێت (غەریب، دڵشاد محەمەد، ٢٠١٩، ٦))، ئەمانە لایەنی تاکێتیی لە ئاخاوتنی قسەکەر دەخەنەڕوو، لەئەنجامدا "پابەندبوونیی زمانیی"  پڕاوپڕ و بێ کەموکورتیمان نییە. هەرچەندە زمان و نووسینی ستاندارد(ڕێنووسێکی ستاندارد) بە ڕێگەی فێربوونەوە دەستەبەردەکرێت، بەڵام پابەندبوونی زمانیی دەبێت بە ڕێگەی نووسین و پراکتیکەکردنەوە پێوانەبکرێت (Shala, 2019, 1). سەرەڕای جیاوازیی تاکێتیی (individual variation) لە نێوان قسەپێکەرانی زمانێک، لە بەرانبەر ئەمەدا ڕێککەوتنی زمانیی (agreement) بەڕادەیەکی زۆر بەرچاودەکەوێت، باشترین بەڵگە لە سەر پابەندبوون لە زماندا لە چێوەی پێواژۆی لێهاتوویی لێکگەیشتندا (efficient communication)، بریتییە لە داڕشتە مۆرفۆلۆژییە ناوازەکان (irregular morphology) (منداڵ لە سەرەتادا (لە زمانی ئینگلیزیدا) وشەی (goed) بە کاردەهێنێت، دوای پابەندبوون (conformity) بە یاسا تایبەتەکان، وردە وردە لە ئەو کەسانەی دەوروبەری "بەتەمەنەکان" فێری بەکارهێنانی وشەی (went) دەبێت) (Hudson, 1996, 11-_12). بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت زمانی ئینگلیزی فێربن، زۆر ئەستەمە ئەم یاسایانە شارەزا ببن. ئەم دوو بابەتەی کە باسمان کرد، یەکێکیان

---

* وشەی پابەندبوونێتیی (conformity) لە وشەی (conformare) ی لاتینییەوە هاتووە، لە سەرەتادا بەواتای هەڵکردن (adapt) و ڕازیبوون (agree) بووە، لە ئێستادا واتای وشەکە فراوانبووە، بەواتای ڕازیبوون و ڕێککەوتن دێت، لە ڕووی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتەوە، توێژەر لە چێوەی ئەم توێژینەوەدا وشەی "پابەندبوونی زمانیی" بە گونجاو دەزانێت، سەرەڕای بوونی جیاوازیی تاکێتی لە ئاخاوتنی تاکدا، پابەندبوونیی زمانیی (Conformity) لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، بریتییە لە هەڵکردن و گونجاندنی زمانی تاک لەگەڵ زمانی ئەو گرووپە کۆمەڵایەتییەی، یان ئەو کیانە جوگرافییەی کە بۆی دەگەڕێتەوە، وەک دیالێکت، وەچە دیالێکت (subdialect)، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان (speech groups)، چینە کۆمەڵایەتییەکان (scocialclasses)، پیشەکان لە بوارە جیاوازەکاندا (occupations)، جۆراوجۆرییە زمانییەکان (linguistic varietie) و هەڵکردن و گونجاندنی زمانی تاک لە گەڵ زمانی ستانداردی پەیڕەوکراودا (Shala, 2019, 1-4).

بریتییە لە "جیاوازیی نێوان تاکەکان" و دووەمیان بریتییە لە هاوشێوەیی "similarities" نێوان تاکەکەکان ( Hudson, 12 ,1996). لە هەندێک کۆمەڵگا کەڵکەڵەی تاکێتی زاڵە و لە ئەوانی تر پابەندبوون، لە بەرانبەر ئەم زاراوانەدا، زاراوەی هەڵکردن ( focussing) بەدیدەکرێت، لە ئەم حاڵەتەدا ئاستی لێکگەیشتن لە نێوان قسەپێکەرانی زمانێکدا بەرزە و رێککەوتن لە نۆرمە زمانییەکان (norms) لە ئارادایە (لە کۆمەڵگا بچوکەکاندا ڕوودەدات )، هەروەها زاراوەی بڵاوبوونەوە (diffusion) پێچەوانەی حاڵەتی یەکەمە و بریتییە لە جیاوازی نێوان تاکەکان، بەڵام هەندێکجار پەیوەست بە بەکارهێنانە جۆراجۆرییەکانی زمانی ستانداردەوە، ناتوانرێت بە تەواوەتی جیاکاری لە نێوان بەکارهێنانی ئەم دوو زاراوەیە بکرێت، چونکە هەرچەندە قسەکەر پابەند بێت بە کۆمەڵێک یاسای زمانییەوە، کە لە دایکوباوکەوە وەریاندەگرێت، بەردەوام ئارەزووی لادان لە یاسا زمانییەکان دەکات. لە ناو خودی (پابەندبوونیی زمانیی )دا، پلەدارێتی هەیە لە جیاوازیی و هاوشێوەبوونێتیی، ئەمەش لای ئەو کەسانە دەردەکەوێت، کە پابەندن بە مۆدێلێکی جیاواز لە یاسای زمانیی، وەک دروستکردنی دەربڕدراوی نوێ ( new vocabulary ) و بەکارهێنانی زمانی میتافۆرییانە (language metaphorically )، لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا (وەک نووسینی هۆنراوە )، ئەم داهێنانە(creativity) زمانییانە لە چێوەی پێڕەوی پابەندبوونێتیی زمانیدا (conformist language system) ڕوودەدەن (Hudson, R, A, 1996, 13 ).

**١/١-٣-٣)داپەروەریی زمانیی و یەکسانی زمانیی**

ئەو گفتوگۆیانەی، کە دەربارەی چەمکی دەوڵەت لەئارادابوون، هۆکارێک بوون، بۆ ئەوەی (داپەروەریی زمانیی) لەسەر ئاستی تاکدا نەمێنێتەوە، بەڵکو فراوانبکرێت، بۆ ئەوەی ئاستی کۆمەڵگەکان بگرێتەوە، واتە داپەروەریی زمانیی مامەڵەکردنە لەگەڵ هەرتاکێک، یان کۆمەڵێک لەسەر بنەمای یەکسانیی/هاوتایی زمانیی، زمان بەشێکی گرنگە لە مافی کەسیی تاک، یان کۆمەڵەکان/ چڤاتەکان، کە بەرێگەی یاساوە دەستەبەر دەکرێت، داپەروەریی زمانیی میکانیزمێکە، یان هەوڵێکە بۆ داپەروەریی نێوان زمانەکان (شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٣). هەرچەندە چەمکی داپەروەریی زمانیی زیاتر لەکۆمەڵگای مەغریبیدا (بەتایبەت لە جەزائیر و مەغریبدا) بووە بە بابەتی لێکۆڵینەوەی زمانەوانەکان، بەڵام هاوشێوەی ئەم بارودۆخە لە کۆمەڵگای عێراقیدا بەرچاودەکەوێت، چونکە (تاک ) لەکۆمەڵگای عێراقیدا، گرفتی ململانێی ناسنامەیی هەیە و لە ئەم ناوچەیەدا کۆمەڵێک ئاڵۆزی زمانیی و نەژادیی تێدا بەدیدەکرێت، کە پەیوەستن بە دیاردەی فرەزمانییەوە. تا ئێستا، کە باسی سیاسەتی زمانیی و پلانیی زمانی دەکرێت، لەچوارچێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا خراوەتەڕوو، لێرەدا هەوڵدراوە، لە چوارچێوەی زانستی زمانیی سیاسیدا، لێکدانەوە بۆ چەمکی داپەروەریی زمانیی بکرێت، لەپاڵ ئەم چەمکەدا، چەمکەکانی وەک هاووڵاتیبوونی زمانیی، لێبوردەیی زمانیی(لێبوردەیی (toleration)، بریتییە لە بیرۆکەی پێکەوەژیان و ئاسانکاریکردن لە مامەڵە و هەڵسوکەوتکردن لە گەڵ بەرانبەردا، لە فەرهەنگی ئۆکسفۆرددا ئاماژەیە بۆ هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەکی ئارامگرانە و دوورکەوتنەوە لە دەمارگیریی و حوکم و بڕیاردانی ناڕەوا دەربارەی هەڵسوکەوتی کەسانی دیکە)، لە فەرهەنگی لالاندا، ئامادەکارییەکی عەقڵییە بۆ

پەیڕەوکردنی ئەو یاسایانەی کە ڕێگەدەدەن بە ئازادی لە دەربڕینی بیروبۆچوونەکانی هەر تاکێک، تەنانەت ئەگەر بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی بەرانبەریش بێت (محمد امین، پشتیوان حمه سعید، ٢٠٢١، ١٥٣))، مافی زمانیی، پلانی زمانیی، سیاسەتی زمانیی لە بوارەکانی تردا، وەک زانستی زمانی یاسایی و کەلتووری فرەییانە بەرچاو دەکەوێت (عزوز، أحمد، ٢٠١٤، ٩ ). دەربارەی مافە زمانییەکان (الحقوق اللغوية)، دەبێت جیاکاریی لە نێوان مافی کەسیدا بکرێت، کە پەیوەندیی بە تاکەوە هەیە، هەروەها مافی کۆمەڵەکان، کە مەبەست لێیان کۆمەڵی ئەتنیی (ڕەگەزی) و نەتەوەییەکانە، کە لە چێوەی یەک دەوڵەتدا پێکەوە دەژین. زۆربەی پسپۆڕانی بواری یاسایی و زمانیی گرفتی ئەوەیان هەیە،  تا ئێستا نەتوانراوە، بابەتی مافە زمانییەکان و دەستەبەرکردنی مافە زمانییەکان وەک پسپۆرییەکی سەربەخۆ سەیربکرێن و ببنە لقێکی سەربەخۆ، واتە لە پسپۆرییە یاسایی و سیاسییەکان جیابکرێنەوە، بەڵکو لە چوارچێوەی چەند یاسا و دەستوورێکدا گرفتە زمانییەکان چارەسەر دەکرێن، لە ئەم بارەییەوە مافی کەمینەکان، مافە زمانییەکانی کەمینەکان دەگرێتەوە (عزوز،احمد، ٢٠١٤، ١٤).  هاووڵاتیبوونی زمانیی، دابەشبوونێکی کەلتووریی و زمانییە لە کۆمەڵگادا، لە سەر بنەمای دانپێدانانە بە ماف و ئەرکەکانی هاووڵاتیان و لە سەر بنەمای گرێبەستێکی کەلتووریی- زمانیی لە نێوان دەوڵەت و هاووڵاتییەکانیدا بونیاددەنرێت (حنون، مبارك، ١٩٩٩، ١٢). یەکەم فەیلەسوف لە بواری فەلسەفەی سیاسیدا فیلیپ ڤان پارێس * (p. vanparijs )بووە، کە زاراوەی دادپەروەریی زمانیی بەکارهێناوە، بنەماکانی بریتین لە دانپێدانان لە سنووری دەوڵەتدا، بە جۆراوجۆریی زمانیی و یەکسانیی نێوان زمانەکان، دانپێدانان بە مافی ڕەوای کۆمەڵە زمانییەکان بە تایبەتیی لە بەکارهێنانی زمانەکەیاندا، لە سنووری هەرێمەکەی خۆیاندا (عزوز، أحمد، ٢٠١٤، ١٧-١٨). بۆ ئەوەی پاشخانی فەلسەفی چەمکی دادپەروەریی زمانیی بخەینەڕوو، دەکرێت باس لە کۆمەڵێک دیاردە بکەین، چونکە هەموو ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، کە هۆکارن بۆ سەرهەڵدانی دادپەروەریی زمانیی، بەپێی ڕیزبەندی مێژوویی، لێرەدا ناتوانین سەرجەمیان بخەینەڕوو، بەگشتیی لە پاش ئەو ڕووداوە سیاسییانەی کە هاوکاتبوون لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی پێکەوەلکێنراو لە قۆناغی دوای داگیرکاریی، (دەوڵەتی نەتەوەیی ڕێگە دەدات، بە یەک جۆر بیرکردنەوە، یەک جۆر زمان، یەک جۆر نەژاد، ئەم


* توێژەری فەرەنسیی باتریک سافیدان لە کتێبەکەیدا (multiculturasime, 2009) ئاماژە بە چەمکی دادپەروەری زمانیی دەدات لای فلیب ڤان پاریس (philippe van parijs)، لە ئەو کتێبەی وەرگێراوەتە سەر زمانی عەرەبی، بڕوانە (سافیدان باتریک، ٢٠١١، ٦٢) ئەم تیۆرییە چەند بنەمایەک لە زماندا دەچەسپێنێت : یەکەم، دانپێدانان بە جۆراجۆریی زمانیی لە نێو سنووری دەوڵەتدا، بە ئامانجی یەکسانیی نێوان زمانەکان. دووەم، بوونی زمانێکی هاوبەش بە مەبەستی ئاسانکردنی پرۆسەی لێککەیشتن لە نێوان هاووڵاتیاندا، کە ڤان پاریس بە زمانێکی نێوەندیی ناوی دەبات. سێیەم، لە سەر بنەمای لێبوردەیی زمانیی، دانپێدانان بە مافی هەموو کۆمەڵە زمانییەکان لە بەکارهێنانی زمانەکەیاندا، لە ناو سنووری هەرێمەکەی خۆیاندا (عزوز، احمد، ٢٠١٤، ١٨).

کاره لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە ئەنجام دەدرێت ( وەک فەرەنسا)، بەڵام لە ئێستادا بۆچوونە نوێباوەکان دەربارەی دەوڵەت، دیاردەی فرەزمانیی و فرەجۆریی زمانیی پەسەنددەکەن) (ویل، کیملیکا، ٢٠١١، ٢٠)، بارودۆخێکی نالێبوردەیی زمانیی دەبینرێت، هەر بۆیە لە ئەم کاتەدا گرنگی بەچەمکی دادپەروەریی زمانیی دراو، بەپێی تێڕوانینی دیموکراسییانەی فرەیی، کە جۆراوجۆریی، وەک شێوازی بیرکردنەوە و ژیانکردن لە زماندا پەسەند دەکرێت(مجید، حسام الدین علي، ٢٠١٠، ١٥٣). گرنگیدان بە چەمکی ( دادپەروەریی زمانیی) دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پاش مۆدێرنە/نوێباو، واتە گواستنەوەی دەوڵەتی مۆدێرنە/نوێباو، کە لەسەر بنەمای زۆرینە و کەمینە دروستبووە، بۆ بارودۆخێکی هاونیشتیمانیی فرەییانە (شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٤). لەقۆناغی بونیادنانی دەوڵەت، بە تایبەت دوای قۆناغی داگیرکاریی، زمانێکی نەتەوەیی/نیشتیمانیی لە بری زمانی داگیرکەران لە کۆمەڵگادا سەپێنرا، کرایە بنەمایەک، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت، ئەم زمانە لەسەر بنەمای زۆرینەی زمانیی هەڵبژێردرا، چونکە دەستەی فەرمانڕەوا پێیانوابوو، کە زمانی زۆرینەی دانیشتوانی دەوڵەت، زیاتر یەکگرتن و پێکەوەبوونی دەوڵەت دەستەبەر دەکات، چونکە دەوڵەتی مۆدێرنە لەسەر بنەمای ناوەندێتی (Centralism) دروستبووە، ئەم بارودۆخە ململانێ و کێبرکێی زمانیی لەنێوان زمانی هەڵاوێرکراو و زمانە لۆکاڵییەکاندا دروستکرد(شمدین، محمد، ٢٠١٤، ٤). سیاسەتی زمانیی دادپەروەرانە پەرەیسەند، کە لەناوچوونی جۆرێک لە زمانەکان (دیالێکتەکان)، یان زمانێک لە زمانەکان دەبێتە هۆی لە ناوچوونی جۆراوجۆریی کەلتووریی، بۆ ئەوەی کاروبار و گوزەرانی خەڵک پەرەبسێنێت، دەبێت دادپەروەریی لەدابەشکردندا (justice distributive) پێڕەوبکرێت (رولز،جون،٢٠٠٩، ٨١) (بوعرفة، عبد القادر، ٢٠٠٨، ٤١). بەپێی بنەماو پرنسیپەکانی تیۆریی دادپەروەریی لە دابەشکردندا، دادپەروەریی هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە، تەنانەت زمانیش بەشێکی گرنگیی ژیان و گوزەرانی خەڵکە، دادپەروەریی زمانیی- دادپەروەرییەکی دابەشکارییانە و هاوبەشییانەیە بۆ بە دەستهێنانی یەکسانیی و پارێزگاریکردن لە یەکسانیی نێوان زمانەکاندا(بوعرفە، عبد القادر، ٢٠٠٨، ٣٦). دەستەبەرکردنی دادپەروەریی زمانیی لە کۆمەڵگای دیموکراسیدا، بە شێوازێک دەبێت، کە ئەو کۆمەڵگایە بەواقیعیی لە حاڵەتی فرەزمانیدا بێت، بەڵام ئایا ئەم کەلتووری دادپەروەریی فرەییانە دەتوانێت یەکسانیی زمانیی بۆ تاک و کۆمەڵەکان دەستەبەربکات؟

لیبراڵیزم، لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا بە واتای ئاوەزێکی کراوە هاتوە، کە پێچەوانەی بیرکردنەوە و ئاوەزێکی داخراوە (closed mind)، بەکارهێنانی سیاسییانەی ئەم زاراوەیە لە سەدەی (١٩)دا بووە، کە لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا بە ئەم شێوە پێناسەکراوە (بریتییە لە ئەو جۆرە بیرکردنەوە ئایدۆلۆژییەی کە گرنگی بە مافی مەدەنیی و سیاسیی تاکەکان دەدات، داکۆکی دەکات لە مافی تاک و کۆمەڵەکان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ئازادیی تاکەکان، وەک (ئازادیی دەربڕین )، بۆیە زۆرجار بە تیۆریی ئازادیی ناودەبرێت.

به گشتیی لیبرالّیزم بۆ سێ جۆر و قۆناغی سەرەکیی پۆلێندەکرێت : ١-لیبرالیزمی تەقلیدیی ، کە بنەماکانی بریتین لە (عەقلانییەت، ئازادیی، تاکگەرایی)، بە هۆیەوە قۆناغی گواستنەوە لە سیستەمی دەرەبەگایەتییەوە بۆ سەرمایەداری ئەنجامدرا، ئەنجامەکەیشی ڕزگارکردنی تاکە لە دەسەلاتی دەرەبەگیی و ئاینیی. ئەم جۆرە دژی دەستتێوەردانی دەوڵەت بوو لە کاروباری ئابووری و کۆمەلایەتیدا. ٢- لیبرالّیزمی کۆمەلایەتیی/نیو-لیبرالیزم (neo liberalism)، کە بەهۆی ئاریشە ئابووریی و کۆمەلایەتییەکانی شۆرشی پیشەسازییەوە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە سەریهەڵداوە، بانگەشەی بۆ پێویستی دەستتێوەردانی دەوڵەت دەکرد لە دارشتنی سیاسەتی کۆمەلایەتیی و ئابووری بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە ئابوری و کۆمەلایەتییەکان. ٣- لیبرالّیزمی نوێ (new liberalism)، ئەم جۆرە لە حەفتاکانی سەدەی(٢٠)دا سەریهەڵداوە، کە تۆماس فریدمان زانای ئابوریی ئەمریکیی بە خاوەنی ئەم ئاراستەیە دادەنرێت، ئەم جۆرە، وەک هەندێک لە پسپۆران پێیانوایە، گەرانەوەیە بۆ پرەنسیپەکانی لیبرالیزمی کلاسیکیی، جەختکردنەوەیە لە سەر هەڵوەشادنەوەی هەموو دەستتێوەردانێکی دەوڵەت، داوای ئازادیی رەهای بازار دەکەن. دەرەنجامی ئەم ئاراستە جیاوازانە لە بیری لیبرالیدا، لەبیری لیبرالّیی هاوچەرخدا ژمارەیەک قوتابخانە و ئاراستەی جیاواز دەرکەوتن، کە ئامانجیان دروستکردنی (کۆمەلگەی خۆشگوزەران)ە، لەوانە : ئێ-لیبرالّیزمی یەکسانیخوازیی، کە بیرمەند و فەیلەسوفەکانی وەک (جۆن راولز، رۆنالّد دۆرکین، ئامارتیا ست.... تاد) نوێنەرایەتی دەکەن، داوای جێبەجێکردنی جۆرێک لە یەکسانیی و دادپەروەریی لە بیری لیبرالیدا دەکەن. بێ-لیبرالیزمی کۆمەلّگەرایی و فرەکەلتووریی، پێیانوایە، کۆمەلّە جیاوازەکان و کەلتوورە جیاوازەکان، نەوەک (تاک)، بکرێنە بنەمای بیری لیبرالّیی، چونکە جەختکردنەوە لە سەر تاک، وادەکات ماف و ئازادیی کۆمەلّە و کەلتوورەکان پشتگوێ بخرێن، لە گرنگترین بیرمەندەکانی، بریتین لە (ویل کیمیلکا، مایکل والرز، مایکل ساندل). پێ-لیبەرتاریزم، کە رۆبەرت نۆزک نوێنەرایەتی دەکات، جەخت لە سەر بنەمای ئازادی ئابووریی دەکەنەوە، دژی بیرۆکەی دەوڵەتی خۆشگوزەران و دادپەروەریی دابەشکارانەن، ئەم جۆرە ئاراستەیە، لیبرالیزمی ئەنارشیزمی (anarcho liberalism) پێدەوترێت. پێیوایە هەموو کەسێک بە پێی بنەمای ( شایستەبوون ) مافی پێدەدرێت(کام زمان لە بازاری ئازاددا رۆڵی هەیە(بۆ نموونە زمانی ئینگلیزی )مافی زیاتری پێدەدرێت). تێ-فێمێنیستی لیبرالّییانە، ئەم ئاراستەیە، پییانوایە لە بابەتی ماف و ئازادییەکاندا بیری لیبرالّیی، تارادەیەکی زۆر باوکسالاری پێوەدیارە، هەروەها پێیانوایە لە بابەتی ماف و ئازادییەکاندا، جەختکردنەوە لە سەر (تاک)، وەک لیبرتارییەکان بانگەشەی بۆ دەکەن، یان ( کۆمەلّ)، وەک کۆمەلّگەراکان بانگەشەی بۆ دەکەن، نەیتوانیوە، کێشە کۆمەلاتییەکانی پەیوەست بە ماف و ئازادیی و رۆڵی ژنان لە کۆمەلّگا لیبرالّییەکاندا چارەسەربکات، بڕوانە (محەمەد امین، بشتیوان حمە سعید، ٢٠٢١، ٥٨-٨٣). ئەم ئاراستەیە ڕەنگدانەوەی


هەبوو لە ئەمریکادا لە بەکارهێنانە زمانییەکاندا، بۆ نموونە هەندێک فۆرمی زمانیی، وەک (policeman, fishman, figherman…. etc)، کە وشەی (پیاو–man)ی تێدا بە کاردەهێنرا، گۆڕان بە وشەی دیکە، یان فۆرمی دیکە. بەپێی تێڕوانینی لیبراڵییانەی (جون ڕاولز)، لیبراڵیزم دەتوانێت لە دەوڵەتدا، یەکسانیی و مافی هەموو هاوڵاتییانی بەدەستبهێنێت، (ڕاولز ) بە تەنها گرنگی بەتاک دەدات، (ویل کیمیلکا) ئەم کەلێنە پڕدەکاتەوە، پێیوایە، دەکرێت یەکسانیی بۆ تاک و کۆمەڵەکانیش بەدستبهێنرێت، بۆیە کەلتووری فرەیی و لیبراڵییانە لەهەموو دنیادا، باشترین ئامانجە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر و گشتگیرییانە، (زمان)یش بژاردەیەکی تاکیی و ئەرکێکی ناسنامەییانەی کۆمەڵەکانە. لەبواری سیاسەت و تیۆرییە تایبەتەکان بە پەیوەندی زمان و دەسەڵاتی سیاسیی، سیاسەتی لیبراڵییانە پیادەکردنی کاری سیاسیی لە دەوڵەتی مەدەنیدا دەستەبەردەکات، کە لە فەزای سیاسیی دەوڵەتدا، جۆراوجۆریی زمانیی بە مافێکی ڕەوا دەبینێت بە مەبەستی دەربڕین لە ناسنامە جیاوازەکاندا (عزوز، أحمد، ٢٠١٤، ٣٦). هەرچەندە کەلتووری فرەیی بنەمایەکی بەهێزە بۆ یەکسانیی زمانیی، کەچی زمان و چەمکی نایەکسانیی، دوو چەمکی پێکەوە گرێدراون، هەمیشە لایەنگیریی لە زماندا، دەبێتە هۆی دروستبوونی نایەکسانیی زمانیی لە چێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیدا، چەمکی (نایەکسانی زمانیی ) گرنگیپێدراوەوە، چەند لایەنێک لە خۆدەگرێت، بڕوانە وێنەی (١-١)( بۆ بیرۆکەی ئەم وێنەیە بڕوانە (هدسن، ١٩٨٧، ٣١٧-٣٢٥):




لایەنە سەرەکییەکانی نایەکسانیی لە زماندا.......... وێنەی(١-١)

## ٢/١)گرفتە زمانییەکان و پێڕەوکردنی سیاسەتی دەستتێوەردان لە زماندا

سیاسەت ئاماژەیە، بۆ کۆمەڵێک پێواژۆ، کە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان دەگرێتەوە و بەڕێگەیەوە کۆتایی بە ململانێی نێوان بەرژەوەندیی کۆمەڵەکان دەهێنرێت ( علی، سعید اسماعیل، ٢٠٠٣، ٢٩). سیاسەت ئەو دەسەڵاتەیە، کە زمان پشتی پێدەبەستێت، زمانیش پەیوەست بەسیاسەتەوە، دەسەڵاتێکی شاراوەیە، بەڕوونی لەئەم نێوانەدا پەیوەندیی نێوان زمان و سیاسەت، گرنگی سیاسەتی زمانیی دەردەکەوێت. ئەم کار و هەوڵانە دەچنە چوارچێوەی زانستێک، پێیدەوترێت زانستی سیاسەتی زمانیی، ئەم زانستە لە ئێستادا لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی خۆی جیاکردۆتەوە و گرنگی بە زمان لە نێو کۆمەڵگادا دەدات و بەتەنها بە زمانەوە پەیوەست نییە، بەڵکو بە لایەنی کەلتووری و ئاینییەوە. . . تاد، واتە بەناسنامەی نەتەوەییەوە پەیوەستە (هنیە، حسنی، ٢٠١٧، ٦٠)، (بلال، دربال، ٢٠١٥، ٣٣). مەسەلەی دەسەڵاتی سیاسیی زمان، بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لە چێوەی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیدا بەرجەستەدەبێت. تیۆریی سیاسەتی زمانیی لە کارلێکردنی نێوان چوار بواری سەرەکیدا بابەتەکانی خۆی وەردەگرێت (غالیم، محمد، ٢٠١٣، ٣١٨-٣١٩)، ئەم چوار بوارە بە کۆڵەکەکانی سیاسەتی زمانیی دادەنرێن، بڕوانە وێنەی (١-٢) :




کۆڵەکەکانی تیۆریی سیاسەتی زمانیی. . . . . . . . . . . . . .. وێنەی (١-٢)

### ١-٢/١)سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی

سیاسەتی زمانیی* کۆکراوەی ئەو بژاردانەیە، کە لە دەرەنجامی پەیوەندیی نێوان زمان و ژیانی کۆمەڵایەتیی خەڵکیدا بەدەستهێنراوە ؛ بەتایبەتی لە نێوان زمان و ژیان لە نیشتیمانێکدا (هنية، حسني، ٢٠١٧، ٦٢)، لە بارەی

---

* ساڵانێکی زۆرە گفتوگۆیەکی زانستی چڕ دەبینرێت، دەربارەی زاراوەی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی ( language Policy and language planning )، بە تایبەت لە ئەو کاتەوەی لە لایەن زانای ئەمریکی هۆگن (E. Haugen) لە ساڵی( ١٩٥٩)دا زاراوەی

ئەو بابەتەوە پرسیاردەکات، ئایا سروشتی پەیوەندیی نێوان زمان و زمانەکان، یا نێوان زمان و کۆمەڵگا، پەیوەندییەکی پێکەوە هەڵکردن و پێکەوەژیانە، یان پەیوەندی ململانێی و کێبڕکێیە ؟ پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ و نائاشکرا هەیە لەنێوان زمان و دەسەڵاتی سیاسیی لە دەوڵەتدا (بلال، دربال، ٢٠١٥، ٣٧)، وەک وەڵامدانەوەیەک بۆ پێویستییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانی وڵات، لە ژینگەیەکی فرە-کەلتووریدا، دەوڵەت پێویستی بە سیاسەتی زمانیی هەیە، کە چارەسەرێک بۆ گرفتە زمانییەکان بدۆزێتەوە، بە تایبەتی لە وڵاتێکدا زیاتر لە زمانێکی نەتەوەیی تێدا پێڕەوکرابێت، ئامانجی سەرەکیی ئەم سیاسەتانە دروستکردنی پەیوەندی پێکەوە هەڵکردنە لە نێوان زمانەکان و ئەم سیاسەتانە دەبێت ئامانجێک بن بۆ دەستەبەرکردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی لەنێوان زمانی فەرمی و زمانی نافەرمی و دیالێکتە جوگرافییەکان، خستنەڕووی میکانیزمێک بێت بۆ بەهێزکردنی پەیوەندیی نێوان زمانی فەرمیی و دیالێکتە جیاوازەکان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت(القاسي، علی، ٢٠٠٩، ١٦). هەرچەندە سیاسەتێکی زمانی پێڕەوکراو لە لایەن وڵاتانەوە بەئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان جێبەجێدەکرێن، لە هەندێک بارودۆخدا دەستتێوەردانە زمانییەکان دەرەنجامی ململانێی سیاسیی نێوان نەتەوەکان پەیدا دەبێت، بۆیە خزمەت بە ئایدۆلۆژیا و بیروباوەڕی نەتەوەیەک دەکات بە مەبەستی بەرزنرخاندنی زمانەکەی و کەمکردنەوەی بەهای زمانی نەتەوەکانی تر.

**٢/١-٢)ململانێی زمانیی و دیاردەکانی ململانێی زمانیی**

ململانێی زمانیی * بەتەنها لەنێوان زمانە جیاوازەکان ڕوونادات، بەڵکو لەناو تاکە زمانێکیشدا ڕوودەدات، تەنانەت

---

پلانی زمانیی ( language planning) لە نوسینێکدا، کە تایبەت بوو بە بارودۆخی زمان لە نەرویجدا بەکارهاتوە، سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی زۆرجار هاوواتا بەرانبەر بە یەکتری بەکاردێن. زاراوەی (language planing) لەلایەن هۆگن ( Haugen) لەساڵی (١٩٥٩)دا پێشنیازکراوە، پێیوابوو، هەموو چالاکییە زمانییەکان پەیوەستبکرێنەوە، بە ئامادەکردنی سەرچاوەیەک، یان فەرهەنگێکی تایبەت بە یاساکانی نووسین و ئامادەکردنی کتێبێک تایبەت بە یاسا ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان بە مەبەستی ڕێنمونیکردنی نووسەران و ئاخێوەرانی زمانەکە) (کوبر، روبرت، ٢٠٠٦، ٦٨ )، بەڵام دواتر فیشمان(Fishman) لە کتێبەکەی لە ساڵی (١٩٧٠ )دا، زاراوەی سیاسەتی زمانیی (language policy) بۆ زیادکردووە (Fishman, 1970, 108 ). پلانی زمانیی لای هۆگن بەشێکە لە زانستی زمانیی جێبەجێکەرانە، بەڵام لای فیشمان (Fishman) لە بەش و پارێکدا دەیخاتەڕوو( لە چێوەی زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی جێبەجێکەرانەدا)(Haugen, 1966, 24-26 ). لە بەرانبەر زاراوەی سیاسەتی زمانیدا، زاراوەی جۆراوجۆر بەکارهاتوون، وەک ئامادەکاریی زمانیی (amengement linguistic) (دەوڵەت بەئامانجی پارێزگاریکردن لە زمانەکەی، بەرگریدەکات لە زمانەکەی، لە بەرانبەر ئەو زمانەی، کە لەگەڵیدا لە ململانێدایە وەک هەرێمی کیوبک، هەرچەندە لە سنووری جوگرافی کەنەدایە و هاوشانە لە گەڵ ئەمریکادا، هاووڵاتیانی ئەم وڵاتە، زمانی فەرەنسیی بەکاردەهێنن (خليفة، محمد العربي، ٢٠١١، ٩)، هەروەها زاراوەی بەنۆرمکردن ( normalization) لە کەتەلۆنیا بەکارهاتووە (بكاكرة، ربيعة، ٢٠١٥، ).

* لە گوتاری زمانەوانەکاندا، لەنێوان زمانی زیندو و ئەو زمانەی لە بەردەم مەترسی لە ناوچووندایە جیاکاریی دەکرێت، لە ئەم حاڵەتەدا میتافۆرییانە ئەم ناونیشانە(مردنی زمانێک) لەسەربەرگی سەرچاوەکاندا دەبینرێت، کە سەیری زمان دەکرێت

ئەگەر کۆمەڵگای کوردی کۆمەڵگایەکی یەکجۆر-نافرەزمان بێت، واتە یەک جۆر زمان بەکاربهێنێت، ئەوە هەر بە فرەزمان دادەنرێت. ئەگەر پێڕەوی دەنگیی زمانێک لەنێو پێڕەوی دەنگیی زمانێکی دیکەدا بتوێتەوە، ئەوە ئەم زمانە لەبەردەم مەترسیدایە، چونکە پەیکەری بونیادنانی پێڕەوەی زمانیی، پاریزگاریکردن لە پێڕەوی فۆنۆلۆژی و سینتاکسیی دەگرێتەوە، بەڵام فەرهەنگ کەمتر ئەم مەترسییە دروستدەکات*. ڕێژەی بەکارهێنانی زمانیی زمانێک، ڕێژەی قسەپێکەرانی زمانێک و ڕێژەی بەکارهێنەرانی زمانێک، بڕیار لەسەر  ژیان و مردنی زمانێک دەدەن، هەربۆیە دابەزینی ڕێژەی قسەپێکەرانی زمانێک، مەترسی مردنی زمانەکە زۆر دەکات، هۆکارەکەشی هەر شتێک بێت (تەمەن، ڕەگەز، ژیانی لادێ و شار و شارستانییەت. . . . . تاد) (کالفی، لویس جان، ٢٠٠٨،٢١٣-٢١٦). بەڕێگەی سێ شێوەی دیارنەمانی زمانییەوە (disappearance of Language) باس لەناوچوونی زمانیی کراوە، کە بریتین لە :

١-دیارنەمانی زمانیی/ بەڕێگەی لەبریدانان (disappearance by replacement)، لەبریدانانی زمانێکە لە جێکەوتەی زمانێکی تر.

٢-دیارنەمانی زمانیی بەڕێگەی وەرچەرخان ( disappearance by conversion)، گۆڕینی زمانێکە لە فۆرمێکەوە بۆ فۆرمێکی تر، ئەم جۆرە بریتییە لە گەشەکردنی زمانێک لەڕووی فۆڕمەوە، بەتایبەتی لەگەڵ فراوانبوونی نەتەوەیەک لەڕووی جوگرافییەوە، بۆ نموونە فراوانبوونی زمانی کوردی لە ڕووی جوگرافییەوە هۆکارە بۆ

وەک بوونەوەرێکی زیندوو، کە لەدایک دەبێت و دەژی و گەشە دەکات و دەمرێت ( بەتایبەتی لای ویتنی (Whitney) لەساڵی ١٨٦٧ دا لە کتێبەکەیدا بە ناونیشانی مردن و ژیانی زمان (the life and growth of language) (لویس جان کالفی، ترسی مردن بە" تاناتوفیا " ناودەبات). زمانێک دەگۆڕێت لەبارێکەوە بۆ بارێکی دیکە ( وەک زمانی فەرەنسیی کۆن، زمانی ئەڵمانیی کۆن)، هەروەها هەندێک زمان زمانێکی تر هەڵدەمژێت یان تواندنەوەی هەندێک زمان ( تواندنەوەی زمانی فەرەنسیی کۆن و ساکسۆنیی، بوون بە هۆکاری لەدایکبوونی زمانی ئینگلیزیی)، هەروەها هەندێک زمانی دیکە لەبەردەم مەترسی لەناوچووندایە. لەبەرانبەر ئەم زاراوانەدا (ژیان و مردنی زمان)، زاراوەی (ململانێی زمانیی) گونجاوترە، ( زمان ) مەیدانی سەرەکیی ململانێی نێوان زمانەکان و شەڕی نێوان زمانەکانە، کە قسەپێکەرانی ئەم زمانانە پێیهەڵدەستن ( کالفی، لویس جان، ٢٠٠٨، ٢٥-٣٠). لەبەرئەوەی جیهان بە بەردەوامی لە حاڵەتی فرە زمانییدایە، دروستکردنی کۆمەڵگایەکی تاکزمانیی، تەنانەت بە ڕێگەی زمانێکی دەستکردەوە (ئەسپیرنتۆ) لە واقیعەوە دوورە و چەمکێکی خەیاڵییە (عزوز، أحمد، ٢٠١٤، ٤٢).

* دەکرێت زمانی (کشوا) زۆرترین وشەکانی لە ئیسپانییەوە خواستبێت، یان نیوەی وشەکانی زمانی ئینگلیزیی بە ڕەچەڵەک فەرەنسیی بن، بەڵام زمانی ئینگلیزی لەبەردەم مەترسی تواندنەوەدا نییە، کاتێک ئەم مەترسییە دروستدەبێت ئەگەر گرنگی نەدرێت، بەگونجاندنی ئەم وشە خواستراوانە لەگەڵ پێڕەوی دەنگیی زمانی ئینگلیزیدا ( کالفی، لویس جان، ٢٠٠٨، ٢١٢). ئامارەکانی یونسکۆ تایبەت بە واقیعی زمانیی لە جیهاندا، باس لە بوونی شەش هەزار زمان دەکەن، کەچی ٩٦% دانیشتوانی جیهان، بە٤% ی ئەو زمانانە قسەدەکەن، پێشبینی ئەوە دەکرێت لە ساڵی ٢١٠٠، نزیکەی ٢٥٠٠ زمان لە ناودەچێت، بەلایەنی کەمەوە هەموو دوو هەفتەیەک یەک زمان لە ناودەچێت، نزیکەی ١٧٠ زمان لە بەرازیل لە دوای داگیرکاریی پورتوگالیی لەناوچوون، هەروەها ٦٠٠ زمان لە بەردەم مەترسی لە ناوچووندان(المسدي، عبد السلام، ٢٠٠٨، ١٥٥).

دابەشبوونی  بۆ چەند دیالێکتێک.

٣-دیارنەمانی زمانیی بەڕێگەی لەناوچوونەوە (disappearance by extinction)، ئەم جۆرە لەناوچوونی  زمانێکە بەتەواوەتی، کە هیچ زمانێک جێگەی ناگرێتەوە، واتە مردنی دوا قسەپێکەرانی ئەو زمانەیە(الصیفی، هدی، ٢٠١٥، ٥٩-٦٠). هەرچەندە دیاردەی ململانێیی زمانیی ململانێیە، لە نێوان زمانەکان بۆ سڕینەوەی یەکتری، کە بنەمایەکی نایەکسانیی دەچەسپێنێت، بەڵام لە ئێستادا توێژینەوە زمانییەکان جەختکردنەوەیە لە ئەوەی، هیچ زمانێک لە زمانێکی تر باڵاتر نییە و هەموو زمانەکان یەکسانن ( تەنانەت زمانە سەرەتاییەکان لە جەنگەڵەکانی ئەمازۆن، زمانی ئەسکیمۆ. . . . تاد). زمانەکان جۆرێک لە پێویستێتی لە نێوانیاندا دروست دەبێت، بۆ ئەوەی یەکتری تەواو بکەن، لەشێوەی دیاردەی زمانیی جیاوازدا، وەک خواستنی زمانیی، قەرزی زمانیی، بەیەکداچوونی زمانیدا بەرجەستە دەبن (مرتاض، عبدالجلیل، ٢٠٠٩، ٧٣).

شۆڕشی زمانیی لە تورکیادا،  یەکێکە لە دەرەنجامەکانی ڕووداوە سیاسییەکان، مستەفا کەمال دوای ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست لەساڵی( ١٩٢٣) دا بە پاڵپشتی بزوتنەوەی سیکولاریی، لە پرۆسەیەکدا بەناوی چاکسازیی زمانیی شۆڕشی زمانیی بەرپاکرد، لە ئەم چەند هەنگاوانە دەیخەینەڕوو :

١- پێکهێنانی لیژنەیەکی زمانیی لەساڵی( ١٩٢٨)دا، کاری سەرەکیی ئەم لیژنەیە، دانانی ئەلفوبێی نوێ بوو، کە بریتییە لە ئەلفوبێی لاتینی، چونکە پێیانوایە، کە هەشت ڤاوڵە کورتەکە و سێ ڤاوڵە درێژەکە لەزمانی تورکیدا ناکرێت بەسێ نیشانەی (فتحة، ضمة، کسرة) لە عەرەبیدا دەربېڕێن، هەروەها بەرانبەر پێنج دەنگی (و)، وەک (Ü ،Ö ،u ،o ،v ) تەنیا یەکجۆر (و) لە نوسینی عەرەبیدا هەیە، کە دەتوانن بەڕێگەی نووسینی لاتینییەوە لە نووسینەوەی فۆنێمەکان وردتربن. بەکارهێنانی ئەلفوبێی لاتینیی لە کاروباری دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن لە ساڵی( ١٩٢٨)دا، لە ساڵی (١٩٢٩)دا خوێندن بەزمانی عەرەبیی و فارسیی لابرا.

٢-هەڵاوێرکردنی وشە تورکییە ڕەسەنەکان، بەڕێگەی هەڵبژاردنی وشەی تورکیی کۆن و لەناوچوو، یان وشەی لۆکاڵیی، یان خواستنی وشەکانی ئەو زمانانەی کە سەر بەهەمان خێزانی زمانین ( زمانی ئازەریی).

٣-لەساڵی( ١٩٣٤)دا یاسایەک دەرکرا، بە پابەندبوونی هاوڵاتیان بەناولێنانی منداڵەکانیان بەوشەی تورکیی ( بۆ نموونە مستەفا کەمال ناوی خۆی کرد بە (ئەتاتورک)).

٤-بڵاوکردنەوەی فەرهەنگێکی تورکی کۆن و نوێ، چەندین کتێب لە ئەم بوارەدا. ئەزموونی شۆڕشی زمانیی لە تورکیادا بە نموونەیەکی بێهاوتا لە مێژووی پلانی زمانیدا دادەنرێت(کالفی، لویس جان٢٠١٨، ٥١-٦١).

هەرچەندە فەرەنسا بە حوکمی یاسا و بە هۆی گەشەکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتەوە لە سەدەی سیانزەدا، توانی زمانی (لفرنسیان)، کە تایبەت بوو بە شاری پاریس لە هەموو هەرێمەکانی دیکەدا جێبەجێبکات، کە لە ئەو کاتەدا زمانی پەرەسەندووتر لە ئەو زمانەدا، بوونی هەبوو، فەرەنسا لە ئەم کارەدا سەرکەوتوو بوو، بەڵام تا ئێستا لە

دەوڵەتی تورکیادا، بە هۆی یاسای بە تورککردنەوە، نەتوانراوە زمانی کوردیی لاوازبکرێت و لە ناوببرێت، بەڵکو بەهۆی یاساکانی قەدەغەکردنی زمانێکی نەتەوەییەوە، ئەم دوو نەتەوە بەردەوام لە ململانێ و شەڕدان، بۆیە بەکارهێنانی هێز و دەسەڵاتی ڕەوا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی فرەزمانیی، دەرەنجامێکی باشی نابێت ( مجموعة باحثين، ٢٠١٣، ٢٥٩-٢٦٠). دەربارەی قۆناغە مێژووییەکانی گەشەکردنی زمانی کوردیی پێویستە ئەو پرسیارە بخرێتەڕوو، ئایا زمانی کوردی لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی گەشەکردندا لەحاڵەتی ململانێدا بووە لەگەڵ زمانەکانی دیکەدا (فارسیی، عەرەبیی، تورکیی)دا ؟ هەروەها لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی زمانەکە (دیالێکتەکان و وەچە دیالێکتەکەکان) دا لەململانێدا بووە؟ ئاشکرایە ململانێی زمانیی، ململانێی سیاسیی* دەگرێتەوە، نەتەوەی کوردیش لە ئەم بارەییەوە پشکێکی گەورەی ململانێی سیاسیی بەرکەوتووە، لە پشت هەموو جەنگێکی زمانییەوە، جەنگێک لەجۆرێکی دیکەدا بەرپا دەبێت : ئابووری و کەلتووریی و سیاسی. . . تاد. پلانی زمانیی و پلاندانان بۆ سیاسەتێکی زمانیی، شێوازێکە لە شێوازەکانی ململانێی سیاسیی لە نێوان نەتەوەکاندا ( قرقور، احلام، ٢٠١٨، ٢٤). دابەشبوونی کورد لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا، بەردەوام ململانێی سیاسیی و نەتەوەیی دروستکردووە، تەنانەت هەمیشە لە چێوەی ئەم دەوڵەتانەدا (عیراق و سوریا و تورکیا و ئێران و ڕووسیا)دا، وەک کەمینەی نەتەوەیی سەیرکراوە، تەنانەت هەندێکجار زمانەکەیشی، وەک کەمینەی زمانیی سەیرکراوە (وەک حاڵەتی ئێران و عێراق)، لە هەندێک بارودۆخی دیکەدا ڕەتکراوەتەوە، هیچ گرنگی پێنەدراوە (وەک : تورکیا و سوریا*).

شێلگیرانە نەتەوەی کورد هەوڵی داوە، سیاسەت و پلانێکی زمانیی دابرێژێت، کە هەندێکجار لەڕێگەی ئەو

---

* بەفەرمی لە پەیماننامەی سیڤەر لە (١٩٢٠)دا، لە بەڵگەنامەیەکی دیبلۆماسی نێودەوڵەتی لە برگەی سێیەمدا (ماددەی ٦٢-٦٣) دا هاتوە " سەربەخۆیی لۆکاڵیی/ناوخۆیی بۆ ئەو ناوچانە دەستەبەربکرێت، کە زۆرینەی کوردی تێدا دەژین "، بەڵام پەیماننامەی لۆزان، کە جێگەی سیڤەری گرتەوە، تێیدا تەنها باس لە یەکسانیی مافی شارستانیی و سیاسی ئەو کەمینانە کراوە، کە موسوڵمان نین" مادەی ٣٩ لە پەیماننامەی لۆزان ( نیکتین، باسیل، ٢٠٠٧، ٣٢٨). هەرچەندە پەیماننامەی لۆزان دادپەروەر نەبوو، بەرانبەر بە کوردەکانی تورکیا (باشوری کوردستان)، بەڵام لە کاتی دیاریکردنی سنووری نێوان تورکیا و عیراقدا، ناوچەی موسڵ لە ژێر چاودێریی چڕی کۆمەڵەی نەتەوەکاندا بۆماوەی بیست و پێنج ساڵ مایەوە، هەموو کاروباری ئیداری و دادوەریی و پەروەردەیی لە ژێر کۆنترۆڵی کوردەکاندا بوو، زمانی کوردیی بەزمانێکی فەرمیی لە ئەم ناوچەیەدا دادەنرا، بۆیە لەساڵی (١٩٢٥)دا، سەرۆک وەزیرانی عیراق بە فەرمی لە بەرانبەر پەرلەماندا لە بەغداد ڕایگەیاند" دەبێت نەتەوەی کورد هەموو مافەکانیان پێبدرێت، دەبێت فەرمانبەرەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا بن بۆ ئەوەی کاروبارەکان بگرنە دەست، هەروەها زمانی کوردی زمانیی فەرمیی بێت، لە قوتابخانەکان، لە فێرکردن و زمانی فێرکردن و خوێندنی نەوەکانیان بێت ( نیکتین، باسیل، ٢٠٠٧، ٣٢٩).

*کوردستانی ڕۆژئاوا لە بەشەکەی سوریادا ڕۆڵێکی سیاسیی لاوازی هەبووە، لەماوەی داگیرکاریی فەرەنسیدا هەوڵیانداوە چەند چالاکییەکی زمانیی بنوێنن، وەک دەرکردنی "گۆڤاری هاوار" لەساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەمدا، لەلایەن جەلادەت بەدرخان هەندێک ژمارەی ئەم گۆڤارە بە ئەلفوبێی لاتینی دەرکراوە، هەروەها گۆڤاری (ڕوناهی) و چەند کتێبی دیکە لە سوریا و لوبنان دا بڵاوکرایەوە ( نیکتین، باسیل، ٢٠٠٧، ٣٣٥).

بڵاوکراوانەی کە بەزمانی کوردیی دەردەچن، هەوڵی پاراستنی زمانەکەی داوە. چالاکییە زمانییەکان لە پێناو مانەوەی پێگەی زمانی کوردیدا، وەک دیاردەی ململانێی زمانیی خۆیان ئاشکرا دەکەن و لە چوارچێوەی چالاکیی ئەدەبیی (نووسینی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار) خۆی دەبینێتەوە. نەک بە تەنها لە چوار بەشەکەی کوردستان، تەنانەت لە (ڕووسیا)شدا، لە ناوچەکانی قەفقاسدا، (ئەریوان) ئەو شوێنەیە، بڕێکی زۆری کتێب و ڕۆژنامەی کوردیی تێدا بڵاودەکرێتەوە. هەروەها قوتابخانەی کوردیی لە ئەم ناوچەیەدا بوونی هەیە، کتێب و سەرچاوەکانی نووسەری کورد (عەربی شەمۆ) بەڵگەن لە سەر ئەو ڕاستییە ( نیکتین، باسیل، ٢٠٠٧، ٣٣٦)، هەرچەندە لە ڕووسیادا گرنگی بە کەمینەی نەتەوەیی ( کورد) دەدرێت، دەکرێت مانەوەی زمانی کوردی لە چوارچێوەیەکی تەسکیی وەک (هۆنراوە و لیرک و گۆرانی و داستان و کۆمەڵێک دابو نەریت و شێوازی ڕەفتار و جلوبەرگ و بۆنە و یادە نەتەوەییەکان)، لەبەردەم مەترسی لەناوچووندا بێت، لە ئەنجامدا هۆکارە، بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد، وەک پێڕەوێکی خێڵەکی سەیربکرێت، نەک وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی.

**٣-٢/١)سیاسەتی دەستتێوەردان لە زماندا**

وڵاتان بە بەردەوامی لەهەوڵدان بۆ پێڕەوکردنی سیاسەتەکانی دەستتێوەردانە (intervention policy) فۆرمی زمانەکان و بەکارهێنانە زمانییەکان، لێرەدا چەند نموونەیەک لە سیاسەتی زمانیی پێڕەکراو (هەندێک لە ئەو سیاسەتانە نادادپەروەریی و نایەکسانیی زمانیی تێیاندا پێڕەوکراون)، بە شێوەیەکی کردەیی لە لایەن وڵاتانەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان، دەخەینەڕوو :

1-سیاسەتی گرتنەوە (assimilation policy): مەبەست لە ئەم سیاسەتە، بەپەراوێزکردنی هەندێک کەمینە زمانییەکانە، یان لەناوبردنی ئەو زمانانەیە بەتەواوەتی، ئەم سیاسەتە ڕێگا و ئامرازەکانی دەستتێوەردانە زمانییەکان، بەشێوەیەکی توندوتیژانە جێبەجێدەکات، کە ئامانجی سەرەکیی پەراوێزخستنی ئەم کەمینە نەتەوەییانە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. هەرچەندە لە دەستووری ئەم دەوڵەتانە ئاماژە بە بنەماکانی یەکسانیی لە بەدەستهێنانی مافە زمانییەکان دراوە، بەڵام سیاسەتی زمانیی پێڕەوکراو لە ئەم وڵاتانەدا، بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە جێبەجێدەکرێن (ئێران، بەرازیل، ئەفغانستان، پاکستان)، وەک بڕیارێکی سیاسیی دەستتێوەردانە سیاسییەکان لە ئێراندا ڕێگە بە جۆراوجۆریی زمانیی دەدات، بەڵام بەفەرمی ئەم جۆراوجۆرییە ڕێگەپێدراو نییە ( الصیفی، هدی، ٢٠١٥، ٤١-٤٢)، سیاسەتی دەوڵەتی ئێران، بەرانبەر زمانی کوردیی بریتییە لە بەپەراوێزخستنی زمانەکە، بڕوانە خشتەی(١-٢)(بڕوانە دەستووری وڵاتی ئێران ساڵی ٢٠١٤):

| | |
|---|---|
| پایتەخت | تاران |
| ژمارەی دانیشتوان | ۷۸ ملیۆن (بەپێی ئامارەکانی ساڵی ۲۰۱٤) |
| زمانی فەرمیی | فارسیی |
| زۆرینەی زمانیی | فارسی ٥۱% |
| کەمینەی زمانیی | ئازەری ۲۰%، کوردی ۹%، یوری ٦،٦%، عەرەبی ۲،۱%. . . . . تاد |
| ماددەی دەستووریی | ماددەی(۱٥): بۆ هەموو گەلی ئێران، زمانی هاوبەش و فەرمییانەی نووسین و ئاخاوتن بریتییە لە زمانی فارسیی ( بەڵگە و دەقە فەرمییەکان و کتێبی خوێندنگە. . . . تاد) بەکارهێنانی زمانە لۆکاڵییەکان و نەتەوەییەکان لە بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریدا ڕێگەپێدراوە. (دەستووری هەموارکراوی ئێران ساڵی ۱۹۸۹). |

سیاسەتی زمانیی دەوڵەتی ئێران. . . . . . خشتەی (۱-۲)

۲-سیاسەتی دەستتێوەرنەدان (policy of non -intervention): لە ئەم بارودۆخە زمانییەدا، گرنگیی بە جۆراوجۆریی زمانیی لەکۆمەڵگادا نادرێت، یان نکۆڵی لە بوونی کۆمەڵە زمانییەکان دەکرێت، ئەم بارودۆخە دەدرێتە دەستی باڵانسی هێز (بەهێزی واقیع) لەسەر بنەمای هەژموونی زمانیی مامەڵە لەگەڵ جۆراوجۆریی زمانیی دەکرێت، هیچ دەقێکی فەرمیی لە دەستووری وڵاتدا نییە، دەربارەی جۆراوجۆریی زمانیی، هەندێک بنەمای وەک (هەڵبژاردن و هەڵاوێرکردنی ئازادانە و لێبوردەیی، پەسەندکردنی جیاوازیی و جۆراوجۆریی. . . تاد) دەکرێنە پاساوێک، بۆ پیادەکردنی ئەم جۆرە سیاسەتانە لەوڵاتدا (سەنیگال، نەمسا، ئەڵمانیا، کوبا، یابان).

٣-سیاسەتی پەرەپێدان بە زمانی فەرمیی (development policies of the official language): گرنگیی بەسیاسەتی زمانی (یەکجۆریی- تاکزمانیی) لەوڵاتدا دەدرێت، بەکارهێنانی تەنیا یەکجۆر زمان لەسەر ئاستی یاسایی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، ئەو زمانەی هەڵاوێردەکرێت مەرج نییە زمانێکی نەتەوەیی بێت، لەوانەیە زمانێکی کۆلۆنیالی بێت، ئەم جۆرە سیاسەتانە بنەمایەکن بۆ دروستبوونی دیاردەی بەیەکداچوونی زمانیی( بەیەکداچوونی زمانیی لە نێوان زمانی کوردیی و زمانەکانی تردا: عەرەبیی و فارسیی، تورکیی).

٤- سێکتەرەکانی سیاسەتی زمانیی (Language policy sector ): ئەم سیاسەتە زمانییە لەبوارێکی تایبەتدا، وەک بواری پەروەردە بەکاردێت، یان لەبوارەکانی دیکەی، وەک (ڕاگەیاندن وتەندروستیی. . . . تاد)(بۆ نموونە لە ولایەتی میشیگان لە نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، ٩١% دانیشتووانی، زمانی ئینگلیزی بە کاردەهێنن، هەروەها بە یاسا ئەوە چەسپێنراوە، کە لە سیکتەرەکانی پەروەردە و تەندروستیدا بەکاربهێنرێت).

٥- بارودۆخی یاسایی بۆ جیاوازییە زمانییەکان ( Legal status of differentiated ) : لە ئەم بارودۆخەدا (زۆرینەی زمانیی) هەموو مافێکی زمانییان هەیە، بەڵام کەمینە زمانییەکان مافێکی کەمتریان لە زۆرینە زمانییەکان پێدەدرێت، هەرچەندە لەڕووی یاساییەوە کەمینە زمانییەکان دانیانپێدانراوە، بەڵام مافە زمانییەکانی ئەم کەمینانە زۆر سنووردارن، لە بەرانبەردا مافی زۆرینە زمانییەکان بەرفراوانە. ئامانجی ئەم سیاسەتە، پێکەوە گونجاندن و پێکەوە هەڵکردنی چەند زمانێکە لەناو سنووری دەوڵەتدا، لەسەر بنەمای پێدانی مافی یەکسانیی و یاسایی بەهەموو زمانەکان (دانپێدانانی ڕۆمانیا لەساڵی( ١٩٩١)دا بەمافی کەمینە زمانییەکان، هەرچەندە وەک زمانی فەرمیی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات) ( مجموعة باحثين، ٢٠١٣، ٢٥٩-٢٦٠).

٦- سیاسەتی جووتزمانیی-سێزمانیی (Biligualism policies or trilingual) : سیاسەتی زمانیی، بریتییە لە دانپێدانان بە دوو زمانی فەرمیدا، لە ڕووی دەستوور و یاساوە ئاماژە بە یەکسانیی نێوان ئەم دوو زمانە دەکرێت، بەڵام لەهەندێک بارودۆخدا، دەوڵەت ئەم بەفەرمیکردنە زمانییە بەکردەیی جێبەجێناکات و دەبێتە بنەما بۆ نایەکسانیی زمانیی و نادادپەروەریی زمانیی (کالفی، لویس جان٢٠١٨، ٥١-٦١). جۆرەکانی ئەم سیاسەتە دەکرێت بە سێ جۆری سەرەکییەوە : ١-جووتزمانیی لە سەر بنەمای مافی کەسیی : لە ئەم حاڵەتەدا کۆمەڵە زمانییەکان بە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا پەرشوبڵاوبوونەتەوە. ٢-جووتزمانیی لە سەربنەمای هەرێمیی-ناوچەیی : لە ئەم حاڵەتەدا کۆمەڵە زمانییەکان لە ناوچەیەکی جوگرافیی دیاریکراو لە وڵاتدا نیشتەجێبوون و لە بەر ئەوە دەوڵەت ناچار دەبێت، بەشداریانپێبکات، بە ڕێگەی بە فەرمیکردنی زمانەکەیانەوە. ٣-جووتزمانیی لە سەر بنەمای مافی کەسیی و هەرێمیی -ناوچەیی : هەردوو جۆر زمانەکە سنوورێکی دیاریکراو لە نێوانیاندا هەیە، کۆمەڵە زمانییەکان لە هەرێمێکی سەربەخۆدا دەژین و سیستەمی حوکمڕانی لە دەوڵەتدا ناوەندیی-مەرکەزیی نییە، سیستەمی فیدراڵییە، کە حکومەتی ناوەندیی خاوەن دوو زمانی فەرمییە و حکومەتی هەرێمیی -ناوچەیی، خاوەن یەکجۆر زمانی فەرمییە (بەراوردی ئەم بارودۆخە بکە لە گەڵ بارودۆخی زمانی کوردیی لە چوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا).

٧-سیاسەتە ستراتیژییەکان- فرەزمانیی (Strategic policies-multilingualism): هەڵاویرکردنی زمانێکی نەتەوەیی، لە بارودۆخی فرەزمانیدا، وەک سیاسەتی زمانی لەمالیزیادا.

**٢/١-٤)پێواژۆ و مۆدێلەکانی پلانی زمانیی**

پێواژۆی پلانی زمانیی، چالاکییەکی فەرمییە، لە لایەن دەوڵەتەوە جێبەجێدەکرێت، پێویستیی بە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و زمانییە. پلانی زمانی کارێکی ئەزموونبەندانەیە، بریتییە لەئەزموونکردنی تاکە زمانێک -یان زیاتر-زمانێکی فەرمیی یان کارگێڕییانە، پێواژۆی پلاندانان، لێرەدا کۆمەڵێک هەوڵە، کە تاکەکان و کۆمەڵەکان و دامودەزگایە حکومییەکان جێبەجێیدەکەن، بۆ کارکردنە سەر بەکارهێنانە زمانییەکان و چەمکە زمانییەکان (القاسي، علي، ٢٠٠٩، ١٣). کۆمەڵێک هەوڵ و کۆششی بەئاگایانەیە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان و ئەو بڕیارانەیە لە بارەی کاریگەریی دروستکردن لە سەر بە کارهێنانە زمانییەکان و گۆڕانگاریکردن لە فۆرمی زمانەکاندا دەدرێت (غاردماي، جوليت، ٢٠٠٩، ٩٣٩). هەموو سیاسەتێکی زمانیی خرایە بواری جێبەجێکردنەوە  بە پلانی زمانیی دادەنرێت * (بكاكرة، ربيعة، ٢٠١٥، ٧) (قرقور، احلام، ٢٠١٨، ٢٥)، واتە پێواژۆی پلانی زمانیی گەڕانە بە دوای ئەو ئامڕازانەی کە بۆ جێبەجیکردنی سیاسەتی زمانیی پێویستن، لێرەدا چەند مۆدێلێکی پلانی زمانیی دەخەینەڕوو :

**٢/١-٤-١)مۆدێلی یەکەم ( دەستتێوەردانە زمانییەکان )**

هەرچەندە پلانی زمانیی، وەک زاراوە بە سیاسەتی زمانییەوە پەیوەستە، بەڵام پێچەوانەکەی دروست نییە، چونکە لیستێکی دوور و درێژ لەبژاردەی زمانیی و سیاسەتی زمانیی لە بەردەستماندایە، کە نەخراونەتە بواری جێبەجێکردنەوە، هۆکاری ئەمە، نەبوونی دەسەڵاتێکی جێبەجێکارە، کە لە توانایدا بێت، بڕیارەکان جێبەجێبکات، دەکرێت لە نێوان ئەرکی کردەیی و ئەرکی ناکردەیدا (سەرڕێی/ ڕەمزی) جیاکاریی بکەین، بۆ نموونە وڵاتێک، کە تازە سەربەخۆیی ڕادەگەیەنێت بڕیارێک دەردەکات، کە زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بکاتە زمانی نەتەوەیی، ئەم بڕیارە بەشێوەیەکی کردەیی کارپێدەکرێت، ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردن و پلانی بۆ دابنرێت (لەبواری

---

* سیاسەتی زمانیی (شارل کوینت) دەکرێت بە پلانی زمانیی ناوببرێت، ئەگەر بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. بڕیارەکانی (شارل کونیت) بە یەکێک لە مۆدێلەکانی سیاسەتی زمانیی پۆلێندەکرێت (لە ساڵی (١٩٥٠ )دا بڕیاریدا، کە زمانی ئیسپانیی جێگای زمانی هیندییە سوورەکان لە ئەمریکادا بگرێتەوە) بە زنجیرەیەک قۆناغ چارەسەری گرفتی زمانیی بە یەکداچوونە زمانییەکان دەخاتەڕوو : یەکەم، قۆناغی بیرکرنەوە لە گرفتە زمانییەکان، شرۆڤەکردنی بارودۆخی زمانیی (ئایا دەبێت بنەماکانی ئاینی مەسیحیی بە زمانی کیشوا بخوێنرێت؟). دووەم : قۆناغی بڕیاردان، زمانی ئیسپانیی بۆ سڕینەوەی زمانی هیندییەکان بەکاربهێنرێت، سێیەم : قۆناغی جێبەجێکردن و بەرهەمهێنان، چۆنیەتیی فێربوونی زمانی ئیسپانیی، واتە جێبەجێکردن و بەجێهێنانی بەشێوەیەکی کردەیی( کالفي، لويس جان، ٢٠٠٨، ٢١٩-٢٢١).

فێرکردندا ( قوتابخانەکان) و لەدامودەزگاکان بەکاربهێنرێت)، بەڵام ئەگەر ئەم بڕیارە نەخرایە بواری جێبەجێکردنەوە، بەشێوەیەکی سەرپێی/ڕەمزی دەمێنێتەوە*.


زاراوەیەکی تر، کە لێرەدا گرنگە بخرێتەڕوو، کاریگەریی دروستکردنە لەسەر زمان، یان کاریگەریی دروستکردنە لەسەر زمانەکان-چەند زمانێک، یان چەند دیالێکتێک، بە گشتی لە ئەم مۆدێلەدا سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی ئامانجی سەرەکییان دروستکردنی کاریگەرییە لەسەر فۆرمی زمانیی، کە بەسێ ئاستی سەرەکییەوە لە زماندا پەیوەستە. بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان ئەم تیۆرییە بە ئەمشێوەی خوارەوە میکانیزمەکانی خۆی دەخاتەڕوو : یەکەم، ئاستی دروستنووسین، ئەلفوبێی نووسین : ڕێنووسێکی نوێ بۆ زمانە زارەکییەکە دابهێنرێت، گۆڕانکاری لە ئەلفوبێی نووسیندا بکرێت. دووەم، ئاستی فەرهەنگ : دروستکردنی یەکەی فەرهەنگی ( لەڕێگەی خواستن و بەرهەمهێنان)ەوە، لە پێناو دەبڕینی واتای زیاتر، بە کەرەستەکانی خودی زمانەکە و لە پێناو دروستکردنی زمانێکی پڕاوپڕ و بێکەموکورتی ( وەکو زاراوەکان لە بواری سیاسەت و زانست. . . . تاد)، کە دەستتێوەردان لە بواری بەرهەمهێنانی فەرهەنگیی بە دوو ڕێگە دەبێت، قەرزکردن لە زمانەکانی دیکە، یان بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ لە خودی زمانەکەدا. دوو جۆری دەستتێوەردان دیاریدەکرێت، حاڵەتی یەکەم، زمانی دووەم زمانی یەکەم داگیردەکات، چونکە بەکارهێنانی وشە بنەرەتییەکانی زمانی یەکەم لە لاواز بووندایە، ئەم حاڵەتە ڕێگەپێدراو نییە، حاڵەتی دووەم، پێویستییەکی زمانیی لە نێوان زمانی یەکەم و دووەمدا ڕوودەدات، بە ئامانجی دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانی یەکەم، بەتایبەتی لە بواری فێرکردن و سیاسەت و زانستدا (قرقور، أحلام، ٢٠٠٨، ٢٨- ٢٩). سێیەم، ئاستی دیالێکتەکان/ شێوەزارەکان : ئەو زمانەی لە ئێستادا پەرەیسەندووە گەیشتۆتە ئاستی زمانی نیشتیمانی/نەتەوەیی، بەپێی ناوچەی جیاواز، شێوەی جیاوازی هەیە،کە یەک لە ئەو شێوەزارانە، یان شێوەزارێکی نوێ دروستبکرێت، بەسوود وەرگرتن لە هەموو شێوەزارەکانی دیکەدا (کالفی، لویس، ٢٠٠٨، ٢٢٥)(بکاکرة، ربیعة، ٢٠١٥، ٨).

لەهەندێک باروحاڵەتدا بەکارهێنانی زمانی نەتەوەیی، وەک زمانی فەرمیی سەرکەوتوو نابێت، زمانی ئێرلەندی زمانێکی فەرمییە، کەچی ڕێژەیەکی زۆر کەم لە هاوڵاتیانی ئەم وڵاتە، ئەم زمانە بە کاردەهێنن و تەنانەت لە دامودەزگایە حکومییەکاندا بە کارهێنانی لاوازبووە، ئەم زمانە بە تەنها، وەک ڕەمزێکی ناسنامەی نەتەوەیی سەیردەکرێت (فاسولد، رالف، ٢٠٠٠، ٥٠٠)، بەگشتی جیاوازیی نێوان زمانی فەرمیی و زمانی نەتەوەیی، بەکردەیی بە ئەمشێوەیە : **یەکەم،** زمانی فەرمیی، ئەو زمانەیە، کە لە دەستووری وڵاتدا پەسەندکراوە، زمانی مامەڵکردنێکی کارگێڕییانە و فەرمییانەیە، زمانی فێرکردن و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریی

---

* بۆ نموونە، لەسایەی دەسەڵاتی داگیرکاریی هۆڵەندیدا، پارتی نیشتیمانیی لەئەندۆنیزیادا بڕیاریدا، کە زمانی (ماکیزیی) بۆ ئاستی زمانی نەتەوەیی، بەرزبکاتەوە، بەڵام ئەم کارە بیست ساڵی خایاند، تا ئەندۆنیسیا سەربەخۆیی وەرگرت و دواتر بڕیارەکە بەکردەیی جێبەجێکرا(بکاکرة، ربیعة، ٢٠١٥، ٧) (قرقور، أحلام، ٢٠١٨، ٢٨).

و بواره جیاوازەکانە لە دامودەزگایە حکومییەکاندا. **دووەم،** زمانی نەتەوەیی/ نیشتیمانی، زمانی دەربڕاو لە لایەن قسەپێکەرانەوە، لە چێوەی سنووری جوگرافیی نیشتیماندا، ئەم زمانە دەربڕینە، لە ناسنامەی شارستانیی و کەلتووریی نەتەوە، هەروەها بنەمایەکە بۆ ڕێکخستنی یەکێتی و یەکگرتنی نیشتیمانیی و نەتەوەیی، مەرج نییە ئەم زمانە، زمانی ئاخاوتنی زۆرینە بێت، بەڵکو لەلایەن دەوڵەتەوە دانپێدانراوە و لەلایەن حکومەتەوە جەختی لەسەر کراوەتەوە ( حسنی، هنیە، ٢٠١٧، ١٢)، سە بارەت بە زمانی کوردیی لە چێوەی دەوڵەتی عێراقدا، بە ئەم شێوەیە : زمانی کوردی، زمانێکی فەرمییە لە دەستووری دەوڵەتی عیراقدا و جەختی لەسەر کراوەتەوە، زمانێکی نەتەوەییە، چونکە دەربڕینە لە ناسنامەی نەتەوەی کورد. سیاسەتی زمانیی دەسەڵاتی ئەوەی هەیە، کە دەستتێوەرداتە پەیوەندیی نێوان زمانەکان، کاریگەریی دروستبکات لەسەر زمانەکان بەتایبەتی لە بارودۆخی جۆراوجۆریی زمانیدا، بۆ نموونە لە کۆمەڵگای فرەزمانیدا (دەبێت زمانی نەتەوەیی لە نێو ژمارەیەک لە زمانە لە ئارادابووەکان دا بکرێتە بژاردە، (یان هەڵاوێرکردنی زمانی فێرکردن و ئەو زمانەی کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا بەکاردێت. . . . تاد)، ئەو دوو جۆرە کاریگەرییەی باسمانکردن، بەیەکداچوونێک لە نێوانیان دروست دەبێت، وەک دەرەنجامی ئەو بەیەکداچوونە، زمانێک لە نێو زمانەکانی دیکەدا دەگاتە ئاستێکی زۆر بەرز، وەک زمانی نیشتیمانیی/ نەتەوەیی سەیر دەکرێت (بكاكرة، ربيعة، ٢٠١٥، ٨)، کە دانپێدانانی دەوڵەت بە ڕێگەی دەستوورەوە بە زمانی هەڵاوێرکراو، بە ڕێگەی سیاسەتی زمانیی وڵاتەوە دەبێت (بورنان، عمر، ٢٠٠٤، ١٦٣)، پەیوەندیی نێوان ئەو زاراوە جیاوازانە، بە پێی ئەم مۆدێلە لە ئەم وێنەدا دەخەینەڕوو*، بڕوانە وێنەی( ١-٣) :




* لە ( Louis jean calver) (كالفي، لويس، ٢٠٠٨، ٢٢٤) وەرگیراوە.

مۆدێلی سیاسەتی زمانیی و پلانی زمانیی. . . . .. وێنەی (١-٣)

**٢/١-٤-٢) مۆدێلی دووەم(ستانداردکردن و مۆدێرنەکردن)**

ئەرکی سەرەکیی پلانی زمانیی بریتییە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە زمانییەکان، بەتایبەتی بە گوێرەی پێویستییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، هۆگن لەساڵی (١٩٨٧)دا، پێواژۆی پلانی زمانیی لە چوارچێوەی چوار قۆناغدا دەخاتەڕوو، بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی فرەزمانیی (عبدالعزیز، محمد حسن، ٢٠٠٥، ٣٥٣)، ئەم قۆناغانە بریتین لە :

١-قۆناغی هەڵاوێرکردن (Selection) : چالاککردنەوەی زمانێکە، یان جۆرێک لەجۆرەکانی زمانێکە، کە لە ئەم تیۆرییەدا، پلانی زمانیی بریتییە لە پێواژۆی بەستانداردکردن، واتە بەستانداردکردنی زمانێکی فەرمیی، یان زمانێکی دیاریکراو بە مەبەستی بەشدارییپێکردنی لەبواری خوێندن و فێرکردندا. دوو جۆر هەڵاوێرکردنمان هەیە، هەڵاوێرکردنی یەک-ناوەندیی (mono-centric selection)، هەڵاوێرکردنی فرە-ناوەندیی (poly- centric selection).*

٢- قۆناغی بەکۆدکردن (Codification): دانانی یاساکان لەناو پێڕەوی زمانێکدا، کە پێشتر هەڵاوێرکراوە، سێ لایەن دەگرێتەوە: ١-پێڕەوی ئەلفوبێی نووسین. ٢- پێڕەوی ڕێزمانیی (دیاریکردنی یاسا زمانییەکان و دروستەی وشە و دەربڕاو و ڕستەکان). ٣-فەرهەنگ. لەناو ئەم مۆدێلەدا، باس لەچەند یاسایەکی زمانیی بەستانداردکراو دەکرێت، بۆیە ڕێگە بە جۆراوجۆریی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس نادرێت (بۆنموونە، لەزمانی ئینگلیزیدا ( He like him) ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام (He likes him)، بەکارهێنانی (s) ی کەسی سێیەمی تاک پەسەند دەکرێت).

٣-قۆناغی بەجێهێنان (Implementation): وەک دەرەنجامی هەردوو قۆناغی پێشووتر سەیردەکرێت، واتە بەجێهێنانی سیاسەتی زمانیی پێڕەوکراو بەڕێگەی دەستوور و یاسا و دەسەڵاتی سیاسیی دەوڵەتەوە (بۆ نموونە، لە بەڵگەنامەی زمانی فەرەنسیدا (بیل ١٠١)، کە لەساڵی (١٩٧٧)ەوە کاری پێدەکرێت، هاتوە، زمانی فەرەنسیی، وەک زمانی دەوڵەت سەیردەکرێت) (کولماس، فلۆریان، ٢٠٠٩، ٩٤٩-٩٥٠).

٤-قۆناغی نۆژەنکردنەوە (Elaboration): پەرەپێدانی زمانیی بەڕێگەی نوێکردنەوەی زاراوەکان و دەوڵەمەندکردنی وشە فەرهەنگییەکان، بە مەبەستی گونجاندنی زمان لەگەڵ تەکنەلۆژیای نوێدا، ئەم نوێکردنەوەیە، بە ڕێگەی

---

* لە یاسای زمانی فەرەنسیدا، بە تایبەتی لە هەرێمی (کیوبک) دا لە ساڵی (١٩٦٨-١٩٧٢)دا هاتوە، بە گوێرەی ڕاپۆرتی لیژنەیەکی تایبەت بە مافە زمانییەکان لە ئەم هەرێمەدا، نەتەوە فرانکفۆنییەکان لە ڕووی دیموگرافیی و کەلتوورییەوە لە ناو هەرێمی (کیوبک) دا زۆرینەن، بەڵام لە چێوەی کەنەدا و بە بەراورد لە گەڵ قسەپێکەرانی زمانی ئینگلیزیدا کەمینەن، حکومەتی کیوبک بە کارهێنانی زمانی فەرەنسیی لە ناوخۆیی هەرێمەکەدا بە ڕەوا دەزانێت، هەروەها لە هەندێک بارودۆخی دیکەدا پلانی زمانیی لە پێناو تێکەڵکردنی کۆمەڵێک دیالێکت داهێنراوە، وەک زمانی (باسک) لە ئیسپانیادا (عبد العزیز، محمدحسن، ٢٠٠٥، ٣٥٤).

پێواژۆی نوێکردنەوەی فەرهەنگەوە دەکرێت، بەئامانجی خۆ ڕزگارکردن لە وشە قەرزکراوەکان.


### ٢/١-٤-٣) مۆدێلی سێیەم(ئامادەکارییە زمانییەکان)

یەکیک لە ئەو تیۆرییانەی لە بواری سیاسەتی زمانییدا پیادەدەکرێت، بەتایبەتی لە بواری پەروەردەدا، تیۆریی سیاسەتی زمانیی لای (Spolsky) یە، کە پێیوایە، دانانی سیاسەتێکی زمانیی-دادپەروەرییانە لە سەر سێ بنەمای سەرەکیی دادەمەزرێت، کە بریتیین لە :

١-ئایدۆلۆژیای زمانیی: کۆمەلێک چەمک و بیروباوەڕە، کە لە یادگەی کۆمەڵەکاندا چەسپاوە و بیرکردنەوەی نەتەوەیەکە، دەربارەی زمانەکەی، واتە ئەو نەتەوانە سیاسەتی زمانیی وڵاتەکەیان لە سەر ئەو بنەما ئایدۆلۆژییە دادەرێژن، (مەرج نییە، هەموو جارێک ئایدۆلۆژیای زمانیی ڕاست و دروست بێت، لەوانەیە سەرچاوەکەی بیروباوەری ئاینی و ئەفسانەیی بێت: وەک فەرەنسا و تورکیا)(عزوز، احمد، ٢٠١٤، ٥١، ٥٨). بە گشتی دایکوباوک هەڵگری کۆمەڵێک بیروباوەڕن، ئەو بیروباوەڕە دەکەنە بژاردەیەک، لە بەردەم دیاریکردنی زمانی ئاخاوتنی منداڵەکانیاندا.

٢-بەکارهێنانە زمانییەکان / پراکتیککردنە زمانییەکان: ڕووپێویی مەیدانیی بۆ هەموو بەکارهێنانە زمانییەکان دەکرێت، بە لە پێشچاوگرتنی واقیعی زمانیی لەکۆمەڵگادا (فرە زمانیی، فرەدیالێکتیی)، لە پێناو دەستەبەرکردنی دادپەروەریی زمانیی و پێکەوە هەڵکردنی زمانەکان( بلعید، صالح، ٢٠١٠، ١١٠).

٣-ئامادەکاریی زمانیی / پلانی زمانیی: ئەو یاسا فەرمییانەیە، کە لە کۆمەڵگای فرە زمانیدا پلانێک دادەرێژێت بۆ ئامادەکردن و بەستانداردکردنی زمانێکی دیاریکراو ( بەحوکمی یاسا و دەستوور)، بڕوانە وێنەی (١-٤)(بیرۆکەی ئەم وێنەیە بڕوانە سپۆلسکی، ٢٠١٤) :




مۆدێلی ئامادەکارییە زمانییەکان. . . . . . . . . . وێنەی (١-٤)

**٢/١-٤-٤)مۆدێلی چوارەم ( دروستکردنی بڕیار)**

سیاسەتی زمانیی میکانیزمێکە بەرێگەیەوە کۆمەڵە باوەکان، بنەماکانی هەژموونگەرایی لە بەکارهێنانی زمانیدا دادەنێن، چونکە دەوڵەت خۆی بە تەنها خاوەنی ئەو دەسەڵاتەیە و لەتوانایدایە بیخاتە بواری پلاندانانەوە، سیاسەتی زمانیی لە دروستکراوی دەوڵەتێکە، یان کیانێکی سەربەخۆیە لەناو دەوڵەتدا ( بۆ نموونە کەتەلۆنیا) *(

* هەرچەند سیاسەتی زمانیی بە بڕیاری دەوڵەتەوە پەیوەستە، بەڵام ناکرێت ئەوە بخەینە لاوە، کە دەکرێت سیاسەتی زمانیی بە کۆمەڵێکی دیاریکراوەوە پەیوەست بێت، کە بچووکتر بێت لە دەوڵەت، یان کۆمەڵێکی بچووک، کە لەگەڵ چەند کۆمەڵێکی تردا پێکەوە دەژین، نموونەش بۆ ئەم حاڵەتە ( کۆمەڵەی نابیستان)ە، کە دەتوانن کۆنفرانسە جیهانییەکان سازبکەن، پێشنیازەکانیان دەربارەی بواری فێرکردن ( ئایا فێرکردنی ئەوانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن(نابیست و ناگۆ/ کەڕولاڵەکان) لە ئاخاوتن و نووسیندا بە شێوەی زمانی ئیشارەت، یان دەربڕینی زارەکی بێت؟) دەخەنە دەنگدانەوە و بڕیاری لەسەر دەدەن. نموونەیەکی تر، بوونی ( کەمینە زمانییەکانە)، وەک دانیشتوانی (تبت) لە چین و کەتەلۆنیا و کیبۆک، زمانی کوردیی لە ئێران و تورکیادا.... تاد، دەکرێت، ئەم کەمینانە خاوەن سیاسەتی زمانیی بن و پرۆگرام و داواکاریی خۆیان هەبێت، کە زۆرجار بەجێهێنانی، پێویستی بە داڕشتنی پلانی زمانیی هەیە، کە زۆرجار دەوڵەت تێیدا بەشدار دەبێت، ناکرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت، ئەم بڕیارانە بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە (کالفي، لویس جان، ٢٠٠٨، ٢٢٢). سەرەڕای بوونی چەند کەمینە زمانییەک لە کۆماری لەتوانیادا (٥، ٣٣% زمانی روسی، ٣% زمانی ئۆکرانی، ٢. ٢% زمانی ئوتی، ١.

هنية، حسني، ٢٠١٧، ٦٢). له ئەم مۆدیلەدا تیۆریی پلانی زمانیی بریتییە لە دروستکردنی بڕیار، بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان (جیمس، وطولیفصون، ٢٠٠٧، ٢٥). ئیلسۆرس(Ellsworth) لە پلانی زمانیدا دروستکردنی بڕیار سێ لایەن دیاریدەکات، کە بڕیارە سیاسییەکان دادەڕێژن، بریتین لە : یەکەم، دەستەی فەرمیی، ئەندام پەرلەمان و سەرکردە سیاسییەکان. . . . تاد، کە دەتوانن نەخشەی سیاسەتەکان بکێشن و بڕیاربدەن. دووەم، ئەوانەی لە کۆمەڵگادا کاریگەری دروستدەکەن، واتە ئەو چینەی لە کۆمەڵگادا چالاکن و کاریگەریان لە پێڕەوکردنی سیاسەتی زمانیی لە وڵاتدا هەیە. سێیەم، حکومەت، کە خاوەن بڕیاری ڕاستەقینەیە، دەتوانێت پرۆگرام بۆ پلانی زمانیی دابنێت، کە دەستووری وڵات ڕۆڵی سەرەکیی لە چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکاندا هەیە، یاسای پشتگیریکردن لە یاسادانان (دەربارەی بەکارهێنانی زمانێک) (کولماس، فلوریان، ٢٠٠٩، ٩٢٥). تیۆریی(دروستکردنی بڕیار)، بەتەواوی لە چێوەی زانستی سیاسەتدا دادەڕێژرێت. ئۆستۆن (Eston) دروستکردنی بڕیار وەک دەربڕینێک لە چەمکی پیادەکردنی دەسەڵاتدا دەبینێت، چونکە بە داڕشتنی یاساکان و دەسەڵاتی جێبەجێکارانەوە پابەندە(کوبر، روبرت، ٢٠٠٦، ١٦٤). تیۆریی بڕیاردانی شیکارییانە، سێ بنەمای سەرەکیی هەیە (تاک، ڕێکخراو و دامەزراوەکان، بواری سیاسەتی گشتیی)، ئەم سێ لایەنە، مەرجی سەرەکیی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردانن، دەکرێت تاکەکان (کۆمەڵێک کەس) ڕۆڵیان لە دروستکردنی بڕیار هەبێت( دەربارەی زیندووکردنەوەی زمانێک: پێواژۆی زیندووکردنەوەی زمانی عیبری بەڕێگەی تاکە کەسێکەوە کرا)، هەندێکجار بەتەنیا بوارێک ناکرێت، ئەو سێ بوارە پێکەوە ڕۆڵیان لە داڕشتنی یاسا و پێڕەوەکان لە زماندا هەیە (قرقور، احلام، ٢٠١٨، ٤٧).

بەگشتی بە پێی ئەو مۆدیلانەی پێشتر خستمانەڕوو، بۆ جێبەجێکردنی پلانێکی زمانیی تۆکمە لە بواری پەروەردەدا، پێویستمان بە جێبەجێکردنی تیۆریی ئامادەکارییە زمانییەکانە(spolsky 2004)، هەروەها بۆ جەختکردنەوە لە بە کارهێنانی کردەیی پلانی زمانیی، پێویستمان بە تیۆریی دروستکردنی بڕیارە. بەڵام پێش ئەم هەنگاوە، واتە قۆناغی جێبەجێکردنی پلانی زمانیی، دەبێت گرفتە زمانییەکان بە گوێرەی تیۆری و گریمانە زانستییەکان، پلانی بۆ دابڕێژرێت، بە ئامانجی چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان. بە پێی مۆدیلەکەی کاڵفی (louis jean calver) کاریگەریی دروستکردن لە سەر زمانێک و دەستتێوەردانە فۆڕمی زمانێک بریتییە لە پلانی زمانیی لە جۆری کۆرپەی دەق (corpus planning)، بەڵام کاریگەری دروستکردن لە سەر زمانەکان –چەند زمانێک، حاڵەتی جۆراجۆریی زمانیی بریتییە لە پلانی زمانیی بارودۆخی زمانیی (statua planning) (إبراهیمي، آمنة، ٢٠٠٧، ٥٧–٥٨)، هەروەها بە پێی مۆدیلەکەی هۆگن زمان پێویستیی بە پێواژۆی بە ستانداردکردن و

---

٦%زمانی لەتوانی...... تاد)، لە کاروباری دەوڵەت و لە دادگادا، هاووڵاتیانی مافی ئەوەیان هەیە، بە تەنها زمانی لەتوانی بەکاربهێنن، یان ئەگەر زمانەکە نەزانن، کەسێکیان بە مەبەستی وەرگێران بۆ دابنرێت(حناشی، نجیم،١٩٧٤، ٧٨، ٨٣).

مۆدێرنەکردن (standardization and modernization) هەیە، کە لە چێوەی پلانی کۆرپەی دەقدا (corpus planning) لە نێو پێڕەوی نووسیندا، گرنگی بە دروستکردن و دیاریکردنی پێواژۆی بە ستانداردکردن لە فەرهەنگ و ڕێزماندا دەدرێت، هەروەها پێواژۆی بە مۆدێرنەکردن لە بواری زاراوەدا، بەڵام لە چێوەی پلانی زمانیی –بارودۆخی زمانی (status planning)دا، گرنگی بە دیاریکردنی جۆراجۆرییە زمانییەکان دەدرێت ( spolsky, Bernard, 2018, 301-306). تاکە مۆدێلێک، وەک مۆدێلی بە ستانداردکردن و مۆدێرنەکردن لای هۆگن بە تەنها بۆ چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا ناگونجێت، هەروەها پێش قۆناغی چارەسەر کردن، دەبێت زمانەوان ئەرکی سەرەکیی دیاریکردنی گرفتە زمانییەکان بێت.

**٥-٢/١)بارودۆخی جێبەجێکردنی پلانی زمانیی لە زماندا**

زانای زمان کلۆس (kloss 1967)، بە پێی ئەو پۆلینکارییەی بۆ مۆدیلەکانی پلانی زمانیی دەیخاتەڕوو، یەکەم کەس بووە، زاراوەکانی پلانیی زمانیی کۆرپەی دەق (corpus planing) و پلانی زمانیی دیاریکردنی بارودۆخی زمانیی (status planning ) بەکارهێناوە (عبد العزیز، محمد حسن، ٢٠٠٥، ٣٥١). ئەم زانایە پلانی زمانیی بۆ دوو جۆری سەرەکیی دابەشدەکات :

١- پلاندانانی کۆرپەی دەق (corpus planing) : بریتییە لە گرنگیدان بە دروستەی ناوەوەی زمان ( language structure )، مامەڵەکردنە لە گەڵ فۆرمە زمانییەکان و گۆرانکاریکردنە لە زماندا (لە هەموو ئاستەکانی زماندا )، واتە دارشتنی یاسای فەرمییە، پەیوەست بە ڕێزمان و دروستنووسین و سینتاکس و فەرهەنگ.

٢-پلاندانان بۆ بارودۆخی زمانیی (status planing) : بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زماندا لە ڕووی ئەرکەوە، واتە گۆرانکارییە لە زماندا، لە ڕووی ئەرک و پێگەوە، وەک بە کارهێنانی زمانێک لە بوارە جیاوازەکاندا، بە مەبەستی بە جێهێنانی ئەرکی ئاینیی و ئابووری و پەروەردەیی.... تاد.

جێبە جێکردنی پلانی زمانیی بە شێوەیەکی کردەیی لە لایەن وڵاتان و پسپۆرانی زمانەوە بە تایبەتی لە چێوەی پلانی زمانیی کۆرپەی دەقدا، مامەڵەکردنە، لە گەڵ گرفتە زمانییەکاندا، پەیوەست بە دروستەی ناوەوەی زمان( القحطانی، سعد، ٢٠٠٢، ٢١)، بەپێی پلانی زمانیی (کۆرپەی دەق)، چەند میکانیزمێک بۆ چارەسەر کردنی گرفتە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا دەخرێنەڕوو :

١- پاکژکردنەوەی زمانیی (language purification): پاکژکردنەوەی زمان لە وشەی بێگانە، کە بە دوو شێواز دەبێت، یەکەم : پاکژکردنەوەی دەرەکیی / لە دەرەوە، لابردنی کاریگەریی زمانەکانی تر لەسەر زمانی کوردیی ( لەفەرەنسادا کۆڕی زمانی فەرەنسیی دامەزرا، بۆ پاراستنی ناسنامەی گەلی فەرەنسا، ئەویش بەنووسینی فەرهەنگ و دانانی زاراوە لە بوارە جیاوازەکاندا، نوێکردنەوەی زاراوەکان و بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ و جێبەجێکردنی لە قوتابخانە و زانکۆکاندا)، لە زانکۆکاندا لە بوارە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی لە بواری یاساییدا،

زاراواە کوردییەکان کەموکورتییان پێوەدیارە ( الزبون، فواز، ٢٠١٥، ٨٨). دووەم : پاکژکردنەوەی ناوەکیی، پاراستنی زمانی کوردیی و بونیادی زمانیی کوردیی، دوورخستنەوەی لە لادان و هەڵەی زمانیی، ئاشکراکردنی هەڵە زمانییەکان و ڕاستکردنەوەیان، پابەندبوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە، بە بڵاونەکردنەوەی بابەتێکی زانستی، تاوەکو پشکنین و هەڵەچنی زمانیی بۆ نەکرێت.

٢- زیندووکردنەوەی زمانیی (language revival): هەوڵێکە، بۆ دووبارە گۆڕینەوەی زمانێکی مردوو/ لە ناوچوو و بەکارنەهاتوو، بۆ زمانێکی زیندوو و بەکارهاتوو(بڕوانە زمانەکان و لەناوچوونیان: وەک زیندوکردنەوەی زمانی عیبریی لە دەوڵەتی ئیسرائیلدا). هەوڵدان لە زمانی کوردیدا بۆ زیندووکردنەوەی وشە خۆماڵییەکان لە بواری زاراوەسازیدا، لە پێناو پاراستنی زمانەکە، لە مەترسی لە ناوچوونی وشە خۆماڵییەکان.

٣-ریفۆرمی زمانیی (language reform) : چاکسازی لە نیشانە و ئەدگار و سیما تایبەتەکان لە زماندا، کە هەموو ئاستەکانی زمان دەگرێتەوە، وەک (پیتەکان، دروستنووسین، ڕێنووس، ڕێزمان، فەرهەنگ) لە پێناو ئاسانکاریکردن لە بەکارهێنانی زمانیدا. هەندێکجار لە دەرەنجامی گۆڕانکاریی سیاسی و ئایدۆلۆژی و ئاینیی دێتە ئاراوە ( شۆڕشیی زمانیی لە تورکیادا) ( المحمود، محمود، ب م، ١٦٧)، ( الصیفي، هدی، ٢٠١٥، ٦٠)، کە بە چەند شێوازێک جێبەجێدەکرێت. لە ئاستی ڕێنووسدا، دانانی ئەلفوبێی و نوێکردنەوەی نووسینی فۆنەتیکیی*، هەروەها گۆرانکاریکردن لە یاسا زمانییەکان لە بواری ڕێنووسدا، بۆ نموونە نوێکردنەوەی شێوازی نووسین، دووبارە نووسینەوەی هەندێک وشە لەزمانی فەرەنسیدا، بە شێوەیەکی جیاواز، بۆ نموونە وشەی (farmacie) لە بری (pharmacie) بنووسرێت (قرقور، احلام، ٢٠١٨، ٣٩). پەیوەست بە زمانی کوردییەوە تا ئێستا ڕێککەوتن نییە لە لایەن زمانەوانەوە، لە بەکارهێنانی ئەلفوبێی عەرەبیی، یان لاتینیی لە ڕینووسدا. لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا (بۆ نموونە دانانی یاسا دەنگییەکان بە مەبەستی زیندووکردنەوەی زمانی عیبریی، گەڕاندنەوەی هەندێک دەنگی ڤاوڵ بۆ زمانی فنلندیی، کە لە سەدەی( ١٦)ەوە بەکارهێنانی لە زمانەکەدا نەمابوو) (آمنە، ابراهیمي، ٢٠٠٧، ٦٠-٦٢ ). لە زمانی کوردیدا دەبێت یاسا دەنگییەکان و گۆڕانە دەنگییەکان لە چێوەی بابەتی( دەنگ و دەنگسازی)دا بۆ پرۆگرامی خوێندن لە قوتابخانەکاندا زیادبکرێت، ئاشنابوونی خوێندکار بە ئەم یاسا دەنگییانە بنەمایە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی جۆراجۆریی، لە ڕێنووس و جۆراجۆریی لە پێڕەوی دەنگیدا. گۆڕانکاریکردن لە

---

* بە پێی سیاسەتی زمانیی پێڕەوکراو لە (چین)دا، لە نووسینی فۆنەتیکیدا گۆڕانکاریکرا، لەساڵی(١٨٩٢) دا لو-کان-شانگ کتێبێکی پێشکەشکرد، بە ناوی پێواژۆی ئاسانکاریکردن لە بەکارهێنانی هێما زمانییەکان، کە تێیدا(٥٥) هێمای بە کارهێنا بۆ نووسینی دەنگە زمانییەکان، هەروەها بۆ ئەوەی ژمارەی فۆنیمەکان بۆ هەموو دیالێکتەکان گونجاوبێت، هەموو دیاڵێکتەکان بتوانن، بە ئەو زمانە بنووسن. (لە زمانی کوردیدا، بە تایبەتی لەشێوە زاری هەورامیی و گەرمیان (خانەقین و کفری )، هەندێک دەنگمان هەیە، هیچ هێمایەکی فۆنەتیکیی لە بەرانبەریان دانەنراوە).

فەرهەنگی ئاوەزیدا، بەرهەمهێنان و گۆڕینەوەی وشە و زاراوەکان، بەرهەمهێنانی زاراوەی نوێ لە بوارە جیاوازەکاندا، یان گۆڕینەوەی وشە و زاراوەکان، کە لە زمانەکانی ترەوە خواستراون، بە وشە و زاراوەکانی زمانی نەتەوەیی و خۆماڵیی. گۆڕینەوەی وشە و زاراوە عەرەبیی و ئینگلیزییەکان لە زمانی کوردیدا، بە زاراوەی خۆماڵیی، یان بە داهێنانی زاراوەی نوێ ئەنجامدەدرێت.

٤-بەستانداركردنی زمانیی( Language Standarization) *: ئەم جۆرەی پلانی زمانیی، هەنگاوێکە بۆ یەکخستنەوەی زمان، ئەویش بە پابەندبوون بە زمانێک، کە زۆرترین بەکارهێنانی لە چوارچێوەی دەوڵەت یان هەرێمێکدا هەیە، (وەک زنجبار لە ئەفریقیا، کە زمانێکی فەرمیی لەنێو هەموو دیالێکتە جیاوازەکان هەڵاوێرکرا، بۆ ئەوەی ببێتە زمانی فێرکردن لە قوتابخانەکاندا، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێکخراوی زمانیی دامەزرا بۆ نووسینەوەی فەرهەنگێک( الزبون، فواز، ٢٠١٥، ٨٩). ئەم هەوڵە لە زمانی کوردیدا، لە لایەن زمانەوانەوە خراوەتەڕوو، لە چێوەی پێواژۆی بە ستانداركردنی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، بەڵام لە بەر بوونی دیاردەی فرە دیالێکتیی (ک. ژ، ک. خ، ک. ن)، جێبەجێکردنی ئەم میکانیزمە ئالۆزە، هەندێکجار دوو فۆرمی جیاوازی زمانە ستاندارەکە ( کرمانجی ژووروو و خواروو) لە بەکارهێناندایە. ئەم میکانیزمە دەگونجێت بە تەنها لە ئاستی فەرهەنگدا جێبەجێبکرێت، واتە دانانی فەرهەنگێک، بەئامانجی ڕێکخستنەوەی وشە فەرهەنگییەکان و دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ بە سوودوەرگرتن لە بەکارهێنانی وشەکان لە هەموو دیالێکتە جیاوازەکاندا.

٥-بڵاوبوونەوەی زمانیی (language spread): مەبەست لە ئەو هەوڵانەیە، کە بۆ بڵاوبوونەوەی زمانێک دەدرێت، بۆ ئەوەی ژمارەی قسەپێکەرانی زیاد بکەن، ئەمەش لەسەر بنەمای کەمکردنەوەی ڕۆڵ و کاریگەریی زمانێکی تر، گۆڕینەوەی زمانیی (language shift)، بریتییە لە گۆڕینی زمانی کۆمەڵگایەک لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، کە بەجۆرێک لە جۆرەکانی بڵاوبوونەوەی زمانیی دادەنرێت، چەند دامەزراوەیەکی جیهانیی، ئەم میکانیزمە جێبەجێدەکەن( وەک هەوڵەکانی بەریتانیا و فەرەنسا، بۆ بڵاوبوونەوەی زمانەکانیان بە ڕێگەی سیاسەتی زمانیی بەجیهانیکردن و بە نێودەوڵەتی کردنەوە). ( المحمود، محمود،دت، ١٦٨ ). دەبێت زمانی کوردیی هەنگاو بنێت، بۆ بە نێودەوڵەتیکردنی زمانەکە، بە ڕێگەی بڵاوبوونەوەی زمانی کوردیی و فراونکردنی سنووری جوگرافیی بە کارهێنانی زمانەکە.

---

* سیاسەتی زمانیی لە نەرویجدا، بریتییە لە بەستانداردکردنی زمانیی، لە ئەم وڵاتەدا کۆمەڵێک جۆراوجۆریی زمانیی بە دیدەکرێت، زمانی ئەدەبیی بە زمانی دانیمارکیی نووسراوەتەوە، هەروەها دیاردەی جۆراجۆریی زمانیی (دیالێکتە جیاوازەکان) لە زمانەکەدا هەیە، زمانەوانەکان پێیانوایە، ئەم سیاسەتە ئامانجێکی ئایدۆلۆژی هەیە، بۆ سڕینەوەی زمانی دانیمارکیی و گرنگیدان بە زمانی نەرویجیی، بە ڕێگەی پێواژۆی بە ستانداردکردنەوە (کالفی، لویس، ١١٢-١١٨).

٦-بە مۆدێرنەکردنی/نوێباوکردنی وشە فەرهەنگییەکان (lexical modernization): فرگسۆن (Ferguson) پێواژۆی مۆدێرنەکردن، یان گونجاندن و دروستکردنی وشە (word creation or adaption)، بە ئەمشێوە دەخاتەڕوو ( دەبێت زمان، وەک ئامرازی گەیاندن و لێکگەیشتن بگاتە ئاست و پلەی زمانە پێشکەوتووەکان و پەرەسەندووەکانی تر). زۆرینەی زمانەوانەکان لەگەڵ ئەم بۆچوونەی (فرگسون)دا نین، پێیانوایە، کە هەموو زمانێک لەڕووی یاسای زمانییەوە پێشکەوتووە، بەڵام بەمەبەستی ڕۆیشتن و خۆگونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنە مەعریفی و تەکنەلۆژییەکاندا، دەکرێت بەڕێگەی قەرزکردن ( الصیفي، هدی، ٢٠١٥، ٦١)، (فاسولد، رالف، ٢٠٠، ٤٤١) لەزمانەکانی دیکەدا، هەندێک وشەی فەرهەنگیی بۆ زمانی کوردیی زیادبکرێت، بەمەرجێک لەگەڵ بونیادی/دروستەی زمانیدا بگونجێت و پێڕەوەی دەنگیی لە زمانی کوردیدا ڕێگەی پێبدات.

٧-یەکخستنەوەی زاراوەکان (terminology unification) و دانانی فەرهەنگێک : یەکخستنەوەی ئەو زاراوانەی، کە لە بوارە زانستییەکاندا بەکاردێت ( دامەزراوە زمانییە ئەکادییمیەکان لە فەرەنسادا، زاراوە و دەربڕدراوە فەرمییەکانیان لەشێوەی فەرهەنگێکدا کۆکردەوە، ناویان لێنا فەرهەنگی دەربڕدراوە فەرمییەکان لەزمانی فەرەنسیدا) (المحمود، محمود، ب م، ١٦٨) (کالفی، لویس جان، ٢٠٠٨، ٨٢). یەکخستنەوەی زاراوەکان لە زمانی کوردیدا لە بوارە جیاوازەکاندا (زانکۆ، قوتابخانە، دامودەزگا حکومییەکان... تاد)، بە دانانی فەرهەنگێکی تایبەت بە زاراوەکان، بۆ نەهێشتنی گرفتی فرە زاراوەیی لە زماندا، وەک ( کردار~کار، ئاوەڵناو~ هاوەڵناو، یادگە~ بیرگە، ئامرازی خستنەسەر~ ئامرازی دانەپاڵ، فرێز~ گرێ..... تاد).

٨- ئاسانکردنەوەی شێوازی زمانیی (stylistic simplification): ئاسانکردنەوەی بەکارهێنانی زمانیی لە بواری فەرهەنگ (Lexicon) و ڕێزماندا لە ڕووی شێوازی (style)ی زمانییەوە، واتە ڕوونی و ڕەوانی لە بەکارهێنانە فەرهەنگیی و سینتاکسیی و شێوازە زمانییەکاندا، (لەساڵی (١٩٠١)دا فەرەنسا ئاسانکاریکرد لە ڕێنووسی زمانی فەرەنسیدا لە ڕووی شێوازەوە، پێیانوابوو، باشترە وشە لێکدراوەکان بەسەر یەکەوە بنووسرێن، وەک وشەی (promme de terre = prommedeterre ) بە سەریەکەوە بنووسرێت) (المحمود، محمود، ب م، ١٦٩). ئەم هەوڵە لە زمانی کوردیدا، لە لایەن زمانەوانەکانەوە خراوەتەڕوو، بە تایبەتی لە نووسینی وشە لێکدراوەکاندا، وەک (دەم وچاو~ دەموچاو، پێشکەش کرد~ پێشکەشکرد، لە هاوین دا~ لە هاویندا.... تاد).

٩- لێکگەیشتن نێوان دووزمان (Interlingual communication): بوونی قسەپێکەرانی دوو زمانی جیاواز، هەندێکجار دەبنە گرفت، لە بەردەم لێکگەیشتنە زمانییەکاندا، بە بەکارهێنانی زمانی سێیەم، وەک زمانێکی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو جۆرە زمانەدا، بە چارەسەری سەرەکیی ئەم گرفتە دادەنرێت، وەک بەکارهێنانی زمانی ئینگلیزیی، کە لە ژینگە جیاوازەکاندا بەمەبەستی لێکگەیشتن بەکاردێت (الصیفي، هدی، ٢٠١٥، ٦٣ ). لە بارودۆخی جووتزمانیی لە تەرزی (کوردیی -عەرەبیی، کوردیی-فارسیی، کوردیی-تورکیی)دا، هەبوونی زمانێکی هاوبەش

( ئینگلیزیی)گرفتی لێکگەیشتن چارەسەر دەکات. لەبارودۆخی فرە دیالێکتی لە زمانی کوردیدا، بوونی دیالێکتێکیی هاوبەش، وەک کرمانجی (ناوەڕاست)، گرفتی لێکگەیشتن لە نێوان دیالێکتە جیاوازەکاندا چارەسەردەکات.

١٠- پارێزگاریکردن لە زمان (language maintenance): ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵانەی، بۆ پارێزگاریکردن لەزمانی دایکیی- زمانی یەکەم- دەدرێت، بەڕێگەی کەمکردنەوەی ئەو هۆکارە دەرەکیی و ناوەکییانەی ( هۆکاری سیاسی و ئابووری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و ئاینیی)، کە دەبنە مەترسی لە بەردەم زمانپژان و فێربوونی زمانی دایکیی (جێبەجێکردنی ئەم پلانە زمانییە لە لایەن هەرێمی کیوبک ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی مەترسیی هەڕەشەکانی زمانی ئینگلیزیی لەسەر زمانی فەرەنسیی لاببرێت، بەدانانی زمانی فەرەنسیی، وەک زمانی یەکەم)(المحمود، محمود، ب م، ١٧٠). گرنگیدان لە قوتابخانەکاندا، بە فێربوونی زمانی کوردیی، واتە زمانی کوردیی زمانی یەکەم بێت، چونکە لە هەندێک لە قوتابخانە ناحکومییەکاندا زمانی ئینگلیزیی بە زمانی یەکەم و زمانی کوردیی بە زمانی دووەم دادەنرێت.


١١- بەستانداردکردنی کۆد/هیما -یارمەتیدەرەکان ( auxihiary-coda standardization): دانانی پێوەرێکی ستاندارد بۆ هێماکان و زاراوە ناسەرەکییەکان (marginal) لەزماندا، وەک ناوی جێگە و شوێن و شارەکان، ئەو وێنە و تابلۆیانەی، ئاماژە و ڕێنماییکردنییان بۆ هاوولاتیان تێدایە(بۆ نموونە سەنگافورا لیژنەیەکی زمانیی پێکهێنا، بۆ ئەوەی ناوی شوێن و کەسەکان بەدروستی بنووسرێن و ببێتە شێوازێکی فەرمیی و لەوڵاتدا بەکاربهێنرێت ) (الصیفی، هدی، ٢٠١٥، ٦٤٩). لە زمانی کوردیدا جۆراجۆریی لە نووسینی ئاماژە و هێما و نووسینی سەر تابلۆکان هەیە، وەک ( بەنزینخانەی ووشە~ بەنزینخانەی وشە، چێشتخانە~ خواردنگە... تاد).

هەرچەندە زمانەوانەکان گرنگییان بە لێکۆڵینەوە لە زمانی نەتەوەیی (ڕەسەن)دەدا، دژ بە فێربوونی زمانی بێگانەبوون، پێیانوابوو، کە فێربوونی زمانی بێگانە دەبێتە هۆی سڕینەوەی کەلتووری نەتەوەیی، بەردەوام جەختکردنەوەیان لەسەر دیاردەی یەکجۆرزمانییە( منصور، عبدالمجید سید احمد، ١٩٨٢، ٢١١)، بەڵام گۆڕان کردەیەکی بەردەوامە و بەبێ جیاوازی، لە هەموو کۆمەڵگادا ڕوودەدات، ئەم کردەیە دەرکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگا بەتێبەڕبوونی کات دەردەکەوێت، بە هەمان شێوە زمانیش ڕووبەڕووی گۆڕانکاری دەبێتەوە (ابو زید، محمود، ٢٠٠٧، ٢٩٠). جۆراجۆریی لە بونیادی کۆمەڵگادا، دەبێتە هۆی گۆران لە بونیادی زماندا، کە جۆراجۆریی زمانیی، پەیوەستە بە جۆراجۆریی لە بە کارهێنانی زماندا، یەکێک لە ئەو دیاردانە، بریتییە لە دیاردەی فرەزمانیی، کە بریتییە لە پێکەوە هەڵکردنی چەند زمانێکی نەتەوەیی جۆراوجۆر، لە یەک وڵات دا بە ئامانجی بە دەستهێنانی یەکسانیی زمانیی، وەک زمانی کوردیی و عەرەبیی ( ابوزید، محمود، ٢٠٠٦، ١٩٩). لە پێواژۆی کارلێکەری نێوان زمان و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا ژمارەیەکی زۆر لە دیالێکت و شێوە دیالێکتەکان دروستدەبن، کە بریتین لە کۆمەڵگای بچووک(خرما، نایف، ١٩٧٨، ٢٢٥)، یەکێک لە ئەو دیاردانە بریتییە لە دیاردەی فرەدیالێکتیی(polyglotism)، کە ئاماژەیە بۆ بارودۆخێکی زمانیی تایبەت، لە بارودۆخی یەکجۆرزمانیدا چەندین دیالێکت و شێوە دیالێکت پەیدادەبن، کە دیاردەی فرەدیالێکتیی، یەکەمین دیاردەی فرەزمانییە و لە

زمانی کوردیدا  دەرکەوتووە(دابەشبوونی زمانی کوردیی بۆ چەند دیالێکتێک)، هەروەها دیاردەی دوودیویی زمانیی (diglossia) ئاماژەیە بۆ بوونی دوو زمانی جیاواز لە دوو تەرزی جیاوازدا، کە قسەپێکەرانی ئەم دوو زمانە بەشێوەیەکی پاراو، هەردوو زمانەکە بە کاردەهێنن، وەک(بەکارهێنانی کوردیی و عەرەبیی، یان کوردی و تورکمانیی : خانەقین، کەرکوک، کفری، هەولێر... تاد)، یان بەکارهێنانی دوو دیالێکتی جیاواز، وەک ( کرمانجی ژووروو و ناوەڕاست، یان کرمانجی ناوەڕاست و خواروو)، زمانەوانەکان دیاردەی( دوودیویی دیالێکتیی)، بەفرەدیالێکتیی پۆلێندەکەن، هەندێکی تر دەیخەنە ژێر ناونیشانی دوودیوویی زمانییەوە، دوودیویی زمانیی بەتەنها تایبەت نییە بە کۆمەڵگا فرەزمانییەکان، بەڵکو لە کۆمەڵگای یەکجۆر زمانیشدا ڕوودەدات، چونکە بەکارهێنانی زمانی ئاسایی ڕۆژانە(دیالێکتێکی دیاریکراو) و زمانی فەرمیی، دوو فۆرمی جیاوازی بەکارهێنانی زمانین( العشيري، محمد نافع، ٢٠٠٨، ٣). بارودۆخێکی تر بریتییە لە بەیەکداچوونی زمانیی(linguistic interference) ، دەرەنجامی ئەو پەیوەندییە پتەوەی، کە لە نێوان هەردوو زمانەکەدا هەیە، ڕوودەدات، دیاردەی بەیەکداچوونی زمانیی کردەیەکی شارستانییە، بە کاریگەریی وەرچەرخانە تەکنەلۆژییەکان دروستبووە، لە بواری فێرکردن و خوێندندا خەریکە زمانەکانی تر پەرەدەسەنن( عەرەبیی، ئینگلیزیی)، ئەم دیاردەیە، نابێت هۆکارێک بێت بۆ کەمکردنەوەی ڕۆڵی زمانی دایکیی (بن ناقله، يوسف، ١٠٩-١١٤)، ئەم بەیەکداچوونە زمانییە، لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدات( فۆنۆلۆژی، مۆرفۆلۆژی، فەرهەنگی، سینتاکس، سیمانتیک)( الخولي، محمد، ١٩٨٨، ١٠٣). بە گشتی گرفتە زمانییەکان بۆ دوو جۆری سەرەکیی دابەشدەبن :

١-ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە دروستەی ناوەوەی زمان (گرفتە زمانییەکان لە ئاستەکانی زماندا، لە زمانی کوردیدا : جۆراجۆریی فەرهەنگی، جۆراجۆریی سینتاکسیی، جۆراجۆریی مۆرفۆلۆژیی، جۆراجۆریی لە ڕێنووس و دروستنووسیدا و جۆراجۆریی فۆنەتیکیی و جۆراجۆریی فۆنۆلۆژیی. . . . تاد).

٢-ئەو گرفتانەی پەیوەستن بە دروستەی دەرەوەی زمان، وەک جۆراجۆریی زمانی (دیاردەی فرەزمانیی: زمانی کوردیی و عەرەبیی، کوردیی و تورکیی، کوردیی و فارسیی،  کوردیی و ئینگلیزیی )، جۆراجۆریی زمانیی (فرەدیالێکتی: کرمانجی سەروو، کرمانجی ناوەڕاست، کرمانجی خواروو )، ئەمانە بە پلەی یەکەم هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی جۆراجۆریی زمانیی و بە تایبەت جۆراجۆریی دەنگین، کە لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدەن، پەیوەندیی نێوان گرفتە زمانییەکان (بە هەردوو جۆرەکەیەوە) و گرفتی جۆراجۆریی دەنگیی دەخەینەڕوو، بڕوانە وێنەی (١-٥) :




گرفته زمانییەکان لە زماندا. . . . . . . . . . . . وێنەی (١-٥)

## ٢) گرفتی جۆراوجۆریی دەنگیی و پێوەرەکانی شیکارکردنی جۆراوجۆریی دەنگیی

### ١/٢) گرفتی جۆراجۆریی دەنگیی لە زمانی کوردیدا

### ٢/٢) پێوەرەکانی شیکارکردنی جۆراوجۆریی دەنگیی

## ١/٢)گرفتی جۆراوجۆریی دەنگیی لە زمانی کوردیدا

جۆراوجۆریی دەنگیی لەئاخاوتنی مرۆڤدا بابەتێکی زانستیی گرنگە، هۆکاری ئەم جۆراوجۆرییەش، جگە لە ئەو کاریگەرییانەی کە لە دروستەی دەرەوەی زماندا ڕوودەدەن، پەیوەست بە دروستەی ناوەوەی زمان، لەهەر زمانێک لە زمانەکانی جیهاندا، ئاخاوتن بریتی نییە، لە کۆمەڵێک دەنگی پەتیی، بەڵکو مرۆڤ کاتێک دەنگەکان دەردەبڕێت، لەهەمانکاتدا (وشەکان) و (برگەکان) و (ڕستەکان) دەردەبڕێت، واتە دەنگەکان خاوەنی تایبەتمەندیی جێگیری خۆیان نین، بەڵکو لە ئاخاوتندا تایبەتمەندیی نوێ وەردەگرن، زمانەکان لە بەکارهێنانی تەرزە زمانییەکاندا جیاواز و جۆراجۆرن و جۆراجۆریش هەندێکجار پەیوەستە بە جۆراوجۆریی بەکارهێنانی زمان لە لایەن بەکارهێنەرانی زمانەوە، لە ئەم بارەییەوە ماریوپای دەڵێت:(باشتر وایە، هەرگیز هەوڵنەدرێت، شێوازی دەربڕینی قسەپێکەرانی زمانێک دیاریبکرێت، بە ڕێگەی دانانی چەند یاسایەکی چەسپاو و نەگۆڕ ). قسەکەر و گوێگر ژمارەیەکی کەمی تەرزە دەنگییە سەربەخۆ و هاوشێوەکان (فۆنێمەکان) درکپێدەکەن، جۆراوجۆریی و فرەجۆریی دەنگە بەکارهاتووەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا دیارینەکراوە، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا بۆچی هەرچەندە دەنگەکان لە رووی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی و درکپێکردنەوە جیاوازبن، بەڵام گوێگر ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانی قسەکەر هاوشێوەی ڤاوڵ و کۆنسنانتەکانی لای خۆی دەبینێت و دەیناسێتەوە؟ بۆچی قسەکەر دەنگە زمانییەکان لە دەنگی منداڵێک و کەسێکی بە تەمەن، یان ژنێک و پیاوێک وەکیەک و هاوشێوە گوێلێدەبێت و دەناسێتەوە؟ جیاوازیی دەوروبەری دەنگیی، پانتایەکی فراوان لە جۆراوجۆریی دروستدەکات، ئەم دیاردانە لە ئاخاوتندا لە شێوەی دیاردەی جۆراوجۆر هەسپێدەکرێت، وەک (ئەلەفۆن، سیمای جیاکەرەوەیی، سترێس، پلەی دەنگیی/زرنگە (pitch)... تاد). سیمای جیاکەرەوەیی دەنگەکان (فۆنێمەکان) هەمەجۆر دەبن بە گوێرەی هەمەجۆریی گۆکردنی دەنگەکان لە هەمان کەسدا، یان لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێن، بە گوێرەی جیاوازی فیسیۆلۆژی و هەڵسوکەوتی زمانیی و تایبەتمەندیی دیالێکتییانەی قسەکەر، کە تۆمارە دەنگییەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە دەنگەکان لە قسەکەرێکەوە بۆ قسەکەرێکی تر (ژن، پیاو، منداڵ. . . . . تاد) دەگۆڕێن، تەنانەت لە هەمان قسەکەردا، هەمان دەنگ بە هەمان شێوە دووبارە نابێتەوە، وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە ئەوەیە، هەرچەندە ئەم دەنگانە جۆراوجۆر بن، لە پێرەوی زماندا هەمان ئەرک دەبینن، کە ئەرکی جیاکەرەوەیی واتایان هەیە بۆیە هەمیشە، وەک دەنگێکی هاوشێوە دەناسرێنەوە (Thomas A. sebeok, 1968, 7) (Brosnahan, 1970, 188, 189) ( O, connor, 1973, 121) (Lyons, 1972, 77, 78) (Malmberg, 1963, 91).

خاوەن زمان کاتێک دەنگە زمانییەکانی گوێلێدەبێت، هەرچەندە لەڕووی ئۆرگانیی و ئەکەوستیکیی و پەیپێبردنەوە جیاواز بن، وەک یەک دەنگی هاوشێوە پەسنیاندەکەن، تاکە دەنگێک، کە چەندین شێوازی گۆکردنی جیاوازی

هەیە، بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان جۆراوجۆر و هەمەجۆر دەبێت، ئەم جۆراوجۆرییە، تەنیا تایبەت نییە بەچەند دەنگێکی دیاریکراو، یان گۆکردنی ئەو دەنگە، لە لایەن چەند کەسێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ئەم جۆراوجۆرییە یاسایەکی گشتییە و دەنگێکی دیاریکراو، وەک [ک] و [گ] بە پێی دەوروبەرە دەنگییەکان جیاواز دەردەبڕێن، ڕەنگە تۆزێک بۆ دواوە یان بۆ پێشەوە ببرێن، یان لە گۆکردنی دەنگی [چ] و [ج] نزیکدەبنەوە، پێویستە لێرەدا ئەو پرسیارە بخەینەڕوو، ئایا ئەم دەنگانە [ک] و [گ]، لە ئەم حاڵەتەدا تەنها یەک دەنگن یان چەند دەنگێکن؟ ئەگەر تاکە دەنگێکن، دەبێت چۆن مامەڵەیەکی زانستییانە، لەگەڵ ئەو وێنە جیاوازانەی دەربڕینی ئەو دەنگانە بکەین؟ ئایا ئەم دەنگانە خاوەنی تایبەتمەندیی هاوبەشن، کە ئەو هاوبەشییە پێکەوە کۆیاندەکاتەوە ؟ ئایا دەبێت لەژێر یەک ناو و ناونیشاندا (فۆنێم، سیماجیاکەرەوەیی) کۆبکرێنەوە؟ فۆنێم (phoneme)، یان یەکەی فۆنەتیکیی (phonetic unit) بریتییە لە هەموو جۆرە جیاوازەکانی تاکە دەنگێک (type of sounds)، کە جۆرە جیاوازەکانی دەربڕینی دەنگەکان، بەپێی دەوروبەری دەنگیی جیاواز بریتین لە جۆراوجۆرێتیی (variants)، یان فۆنەکان(phones)، یان ئەلەفۆنەکان(allophones). ژمارەی فۆنێمەکان لە هەموو زمانێکدا دیاریکراو و ژمێردراوە، بەڵام جۆراوجۆریی دەنگیی دیاریکراو نییە و ناژمێردرێت، بۆیە ڕێباز و قوتابخانەی جیاواز، شیکارکردنی جیاواز دەخەنەڕوو، بۆ لێکۆلینەوە لە جۆراجۆریی دەنگیی (ئەلەفۆن، گۆرانی دەنگیی، هێز و ئاوازە. . . تاد)، هەندێکیان کارەکانیان جەختکردنەوەیە، لە شیکارکردنی فۆنەتیکیانەی جۆراجۆریی دەنگیی، تەنانەت لە چێوەی فۆنەتیکی پێکەوەهاتن (هاتنی دەنگەکانی ئاخاوتن لە زنجیرەی ئاخاوتندا)، جۆراوجۆریی دەنگیی لە جۆری فۆنێمە ناکەرتییەکان دەخەنەڕوو، قوتابخانەیەکی دیکە شیکارکردنی فۆنێمیی و فۆنۆلۆژییانە، دەکەنە بنەمای لێکۆلینەوە لە فۆنێمە کەرتی و ناکەرتییەکان و لێکۆڵینەوە لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان و گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە زماندا.

### ١/٢-١)جۆراوجۆریی پێرەوی فۆنێمەکان لەزماندا

توانای ئۆرگانەکانی ئاخاوتن لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکاندا دیارینەکراوە، لە تێپەڕگەی بۆڕی هەوادا لە هەموو خاڵێکدا، کە بە دەنگەژێیەکان دەستپێدەکات جۆراوجۆریی دەنگیی بە ڕێگەی گرتنەوەی هەوا بەرهەمدێت ، یان بەردان و گرتنەوە، یان تەسکبوونەوە... تاد ( بروانە بەشی سێیەم پۆلێنکردنی فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا، بە گوێرەی بەرهەمهێنانی دەنگەکان لە لایەن ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە)، تەنانەت توانای زمانە بچکۆلە و زمان و مەلاشوو و پووک.. تاد، لە بەرهەمهێنانی دەنگەکاندا، ڕادەبەدەرە و سنووردار نییە، توانای درێژکردنەوە و کورتکردنەوە و سترێس و تۆن و ئاواز و وەستان... تاد لە زنجیرەی ئاخاوتندا ناژمێردرێن و دیاریکراو نین، بەڵام مەرج نییە، هەموو زمانێک، هەموو ئەم توانایەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکاندا بەکاربهێنێت، هەموو زمانێک ژمارەیەکی دیاریکراو هەڵاوێردەکات، ئەم هەڵاوێرکردنەی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە جیاوازە، تەنانەت ئەگەر دوو زمان لە ژمارەی فۆنێمەکاندا

هاوشێوەبن، لە یاسای پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان جیاوازدەبن. کە یاسای پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان لەهەر زمانێکدا، بە ڕێگەی دیاریکردنی پێکهاتەی برگەی وشەکانەوە دەبێت (O'Connor,1973, 229). بۆ نموونە جیاوازیی لە نێوان زمانەکان لە یاساکانی دیاریکردنی ئەو فۆنێمانەی بە تەنها دێن، یان لە پێش و پاشی ڤاوڵەکان لە بڕگەدا، لە شێوەی چەپکە کۆنسنانت دێن، چ دەنگێک لە کرۆکی برگەدا دێت و چ دەنگێک دەچێتە سەرەتا و کۆتایی برگە... تاد، واتە هەلومەرجی پێکەوەهاتنی ئەم دەنگانە لە بڕگەدا لە زمانی کوردیدا چییە؟ (بڕوانە یاساکانی پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان لە برگەدا-بەشی پێنجەم). لێرەدا گرنگترین تایبەتمەندیی زمانەکان بە پێی جۆراجۆریی پێڕەوی فۆنێمەکان دەخەینەڕوو:

**١/٢-١-١)جۆراوجۆریی پێڕەوی فۆنێمە کەرتییەکان**

زۆربەی زمانەکان پێڕەو و هەڵاوێرکردنێکی دیاریکراویان بۆ جۆراوجۆرییە دەنگییەکان هەیە، کە چەند لایەنێک دەگرێتەوە :

-جیاوازیی لە ژمارەی فۆنێمەکاندا : لە هەموو زمانێکدا ئەم جیاوازییە لە ژمارەی فۆنێمەکاندا، هەندێکجار پەیوەستە بە شێوازی شیکارکردنی دەنگە زمانییەکانەوە، کە لەلایەن زمانەوانەکانەوە پەیڕەودەکرێت، کام دەنگ بە فۆنێم دادەنرێت، کامیان بە ئەلەفۆن، لە زۆربەی زمانەکاندا، ژمارەی فۆنێمەکان لە نێوان(١٥-٥٠) فۆنێمە، یان لە نێوان (٢٠-٣٧) فۆنێمە، لە هەندێک زماندا ( زمانە قۆقازییەکان)، نزیکەی سەد فۆنێم دیاریدەکرێت، زمانەکان لە ژمارەی ڤاولەکاندا جیاوازن هەندێک زمان تەنیا سێ ڤاولی هەیە (Robins, 1966, 129) ( Glesson., 1969, 329). هەندێک زمان ژمارەی فۆنێمەکانی زۆرکەمن، کەمیی ژمارەی فۆنێمەکان بنەمایەک نییە بۆ کەمی دەنگەکان، ئەگەر زمانێک ژمارەی فۆنیمەکانی کەمتر بن ئەوە جۆراوجۆریی دەنگی ( ئەلەفۆنەکان)ی زۆرترە و بۆ ئەوەی کەموکورتیی ژمارەی یەکە دەنگییەکان لە ئاخاوتندا چارەسەر بکات (Brosnahan, 1970, 207). لە زمانی کوردیدا لە سەر دەستنیشانکردنی ژمارەی فۆنێمەکان لە پێڕەوی زماندا ڕێککەوتن نییە.

-جیاوازیی لە پۆلێنکردنی فۆنیمەکاندا : ئەو دەنگانەی لە زمانی کوردیدا بە فۆنیم پۆلێندەکرێن، لە کۆنسنانتەکاندا وەک [ژ، چ، گ] و هەروەها دەنگە لچوولێویی- ددانییەکە [ڤ] و لچولێویی [پ]، لە زمانی عەرەبیدا بە فۆنێم دانانرێن، بە پێچەوانەوە فۆنێمە قەڵەوکراوەکانی/ قەبەکراوەکانی زمانی عەرەبیی[ص، ض، ط، ظ]، هەروەها دەنگی [ث]، کە بەکارهێنانیان وەک فۆنێم لە زمانی کوردیدا نادۆزرێتەوە، بەڵکو وەک ئەلەفۆن بەکارهاتوون ( بروانە خشتەی پۆلێنکردنی فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا- بەشی سێیەم).

- هاتنی ئەلەفۆنەکان لە فۆنێمەکانەوە: ئەلەفۆنەکان لە فۆنێمەکانەوە بەڕێگەیەکی سروشتی(by nature) نایەن، بەڵکو پێڕەوی زمانێکی دیاریکراو، ڕێگە بە هاتنی ئەم ئەلەفۆنانە دەدەن، هەربۆیە مەرج نییە، ئەو ئەلەفۆنانەی لەزمانی ئینگلیزیدا هەبن، لەزمانی کوردیدا ڕووبدەن. سیمای جیاکەرەوەیی لەزمانێکدا، ئەرکی جیاکەرەوەیی

واتایی هەیە، لە زمانێکی دیکەدا ئەو ڕۆڵەی نییە، هەروەها ئەو ئەلەفۆنانەی سەر بە دوو فۆنێمی جیاوازن( بڕوانە بێلایەنبوونی فۆنێمەکان لەزمانی کوردیدا: دەنگی[ب]، [پ] سەر بە دوو فۆنێمی جیاوازن (لە زمانی عەرەبیدا دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنێمن)، لەزمانێکی دیکەدا، دوو ئەلەفۆنی هەمان فۆنێمن، بۆ نموونە، لووتیبوونی ڤاوڵەکان لەزمانی پۆلەندیدا سیمای جیاکەرەوەییە، بە پێچەوانەوە، لە زمانی لاتینیدا نرخی نییە. قەڵەوکردنی/قەبەکردنی کۆنستانتەکان لەزمانی عەرەبیدا، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، وەک هەمبەرە فۆنۆلۆژییەکان لەنێوان دەنگی[ض]و[د] لە زمانی عەرەبیدا لەوشەی(ضام-دام)دا، بەڵام لەزمانی ئینگلیزیدا بە ئەلەفۆن دادەنرێن ( وشەکانی mad, mud بەراورد بکە!) و لە زمانی کوردیدا بە ئەلەفۆنی فۆنێمی /ز/ دادەنرێن، وەک (زەڵم-ضەڵم، زاڵبوون- ضاڵبوون، زۆڵ-ضۆڵ) (دەربارەی ئەم دیاردەیە لەزمانی کوردیدا، بڕوانە دیاردەی بەقورگیبوونی فۆنێمەکانی(س، ت، ز) لەزمانی کوردیدا- بەشی سێیەم). ئەو فۆنێمانەی لەزمانی عەرەبیدا هەن وەک (ط، ظ)، لەکوردیدا فۆنێم نین، بەتایبەتیی ئەم دیاردەیە، لە ئەو وشە عەرەبییانەی هاتونەتە نێو زمانی کوردییەوە هەستیانپێدەکرێت، کە گۆڕانیان بەسەرداهاتووە وەک گۆڕینی [ط] بۆ /ت/ لەوشەکانی وەک (زەلاتە، خەلاتە، تەماتە)، هەروەها وشە عەرەبییەکانی وەک (ظالم, ظلم) بەئەمشێوەیە دەردەبڕێن(زاڵم، زوڵم.... تاد).

**۱/۲-۱-۱-۱)جۆراوجۆریی شیکارکردنی فۆنێمە کەرتییەکان**

ئامانجی سەرەکیی ئەم بابەتە، بەگوێرەی شیکارکردنی فۆنۆلۆژییانە و فۆنەتیکییانە لە زماندا، ناسینەوەی ئەو ستاندارده (standard) نموونەییە دەبێت، کە پێویستە لە ناوەڕۆکی پۆلێنکردنی دەنگەکانی زماندا، بە تایبەتی لەئێستای زماندا ڕەچاوبکرێت. لە پێواژۆی دابەشکردن و پۆلێنکردنی دەنگەکانی زماندا بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی دوو پێوانەی سەرەکیی دەبنە بنەما : پێوانەی فۆنەتیکییانە و پێوانەی فۆنۆلۆژیانە (النوري، محمد الجواد، ۲۰۱۹، ۲۷). دەنگەکانی زمان بۆ ڤاوڵ (vowels) و کۆنستانتەکان (constants) پۆلێندەکرێن. ڤاوڵەکان لەهەموو زمانەکاندا گرفتی زۆریان هەیە، چونکە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، بەگوێرەی ژینگەی جیاواز دەردەبڕێن، یان بەکارهێنانیان لە هەمان ژینگەدا لەلایەن کەسانی جیاوازەوە، جیاواز دەردەبڕێن، لەڕووی ژمارە و سروشتیی تایبەتمەندییەوە جیاوازن. لەزمانی عەرەبیدا ژمارەیان(۳-٦) دەنگە، ئەگەر کورتیی و درێژیی بکرێتە بنەمای دیاریکردنی ڤاوڵەکان، بەڵام لەئینگلیزیدا(۲۱-۲۲) دەنگی ڤاوڵ دەستنیشاندەکرێت، هەروەها لە زمانی کوردیدا لە نێوان (۸-۱۰) ڤاوڵ دەستنیشادەکرێت. ڤاوڵەکان زۆرتر لەدەنگەکانی تر لەزماندا، بەرکەوتەی گۆڕان و گەشەکردنن بە شێوەیەک زمانەوان ناتوانێت سنوری جیاوازیی لە نێوانیان دیاریبکات (بشر، كمال، ۲۰۰۰، ٤۱۹). ئەو دەنگانەی لە ئەمڕۆدا گوێمان لێیاندەبێت، زۆر جیاوازن لە ئەو دەنگانەی پێشتر هەبوون، چونکە دەنگە ڤاوڵەکان بەگوێرەی ژینگەی جیاواز و ئەزموون و کۆزانیاریی/مەعریفەی زمانیی گۆڕانیان بەسەردا هاتووە(پەیدابوونی ڤاوڵی (وی، وێ) لە زمانی کوردیدا).

به بەردەوام زمانەوانەکان لە هەوڵدان، کە ستانداردێکی جیهانیی بۆ دیاریکردنی سنووری ڤاوڵەکان و کێشانی هێڵە جیاکارییەکان لە نێوان ڤاوڵەکاندا دابنێن، ئەم ستاندارد و پێوانانە لە زانستی فۆنەتیکدا بە ڤاوڵە سەرەکییەکان (cardinal vowels) * ناودەبرێن. ئەم هەوڵانە بۆ دیاریکردنی ڤاوڵەکان سەرکەوتوو نابن، ئەگەر بەشێوەیەکی زانستیی تاقینەکرێنەوە. دەبێت (تۆمارێکی دەنگیی نموونەیی) بۆ ئەم دەنگانە تۆمار بکرێت و ڕێککەوتن هەبێت لەسەری بۆ ئەوەی دەربڕینێکی پڕاوپڕیی ڤاوڵەکان لەزمانی کوردیدا بخرێنەڕوو. بەگشتی دوو پێوەری سەرەکیی بۆ پۆلێنکردنی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا هەیە : یەکەم، پێوەری ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی پۆلێنکردنی فۆنیمەکان(شیکارکردنی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا، بە ئامانجی پۆلێنکردنی فۆنیمەکان-بڕوانە بەشی سێیەم). دووەم، پێوەری دەوروبەریی (هاتنی فۆنیمەکان لە سەرەتا و کرۆک و کۆتایی بڕگەدا- بەشی پێنجەم)، بە ئامانجی دیاریکردنی فۆنیمەکان لە زماندا، هەندێک زمانەوان پێکهاتەی فۆنیمیی بۆ ئەلەفۆنەکان شیکاردەکەن، هەندێکی تر پێکهاتەی فۆنیمیی بۆ سیمای جیاکەرەوەیی شیکاردەکەن، دوو شێوازی جیاوازی شیکارکردنی فۆنیمەکان لە زماندا دەخرینەڕوو :

### ٢-١-١-١/٢)شیکارکردنی فۆنیمەکان بۆ ئەلەفۆنەکان

ڕێککەوتن هەیە، کە تاکە دەنگێک کۆمەڵێک دەنگی جۆراوجۆر لەخۆدەگرێت، پێیدەوترێت فۆنیم (phoneme)، هەموو دانەکانی فۆنیمێک بە ئەلەفۆن (allophones)، یان بە جۆراوجۆریی (variants) ناودەبرێن، ئەم هەمە جۆرییەی تاکە دەنگێک، هەندێکجار مەرجدارە و پەیوەستە بە دەوروبەرێکی دیاریکراوەوە، لە بارودۆخێکی تردا مەرجدار نییە. هەمەجۆریی(variants)، یان جۆراوجۆریی مەرجدار (conditioned allophones) دەتوانرێت بەئاسانی بناسرێتەوە، کە لە توێژینەوە زمانییەکاندا زۆرترین شیکاریی بۆ دەکرێت، بەڵام جۆراوجۆریی نامەرجدار/ ئازاد ( free variation) ناتوانرێت، بە ئاسانی بناسرێتەوە. دانیال جۆنز خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە لە شیکارکردندا، فۆنیمەکان بۆ ئەلەفۆنەکان یان جۆراوجۆریی مەرجدار* شیکاردەکات. (Mario pei) پێیوایە، فۆنیم بۆ کۆمەڵێک دەنگی هاوشێوە یان جۆراوجۆریی دەنگیی شیکاردەکرێت ، کە بەکارهێنانی پەیوەستە بە جێکەوتەی دەنگەکە لە وشەدا و

---

* (cardinal vowels)چییە؟ داهێنانکردنە لەدۆزینەوەی ڕێگایەکی گشتیدا، بەمەبەستی دانانی سنوورێکی دیاریکراو، کە ئەگەری ڕوودانی هەڵە کەمبکاتەوە بەڕێگای دەرەنجامگیرییەوە دەبێت، لە زمانە جۆراوجۆرەکان و جیاوازەکان. لە خستنەڕووی ئەم بابەتەدا جەختکردنەوەمان لە کارەکانی زانای زمان (دانیال جونز)ە، بەتایبەتی لەکتێبی (An out line of English phonetics) تایبەتمەندیی دەنگیی وتواناکانی ئامێری/ئەپاراتی نوتقکردن لەچۆنێتیی گۆکردنی ڤاوڵەکاندا. زمانەوانەکان بەڕێگەی چەند تاقیکردنەوەیەک گەیشتن بە دانانی (پێڕەوێکی پێوانەیی) بۆ ڤاوڵەکان، ئەگەر پرسیار بکرێت، ڤاوڵی پێوانەییانە چییە؟ لە وەڵامدا ئەم ڤاوڵانە سەربەزمانێکی دیاریکراونین، بەڵکو پێوانە و پێوەری گشتین، ڤاوڵەکانی هەر زمانێک بەگوێرەی ئەم ڤاوڵانە دەپێورێن

* ئەم ئاڕاستەیە، هەروەها لای (martinet, Josef-Vachek, Dinneen, morris swadesh, Glesson)... تاد دەرکەوتووە.

کاریگەریی دەنگەکانی دراوسێی (بای،ماریو، ۱۹۷۳، ۸۸)، بۆ نموونە دەنگی (n) لە وشەی (tenth)دا دەنگێکی ددانییە، لەوشەی (inch)دا پووکییە، لە وشەی (tint)دا پوکیی-ڕەقەمەلاشووییە (Bolinger, 1968, 44). بەگشتیی شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی لای ئەم ئاڕاستەیە، بریتییە لە دیاریکردنی نرخی هەموو سەگمێنتێکی دەنگیی (segment) لە دوو لایەنەوە : یەکەم، ئەو جۆراجۆرییە دەنگییانە سەربە فۆنێمێکی دیاریکراون. دووەم، دیاریکردنی ئەو ژینگە دەنگییەی کە تێیدا هاتوون (Abercrombie,1982, 87).

### ۱/۲-۱-۱-۳)شیکارکردنی فۆنێمەکان بۆ سیمای جیاکەرەوەیی

خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە پێیانوایە، کە فۆنێم بریتییە لە کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی*، وەک (+دەنگداریی، +وەستاو، +لووتی، +خشۆکبوون. . . . تاد) (Bolinger, 1968, 42)، یان فۆنێم بریتییە لە چەکێک لە سیمای جیاکەرەوەیی، کە جیاکارە لە گورزەیەکی دیکەی سیمای جیاکەرەوەیی (Biewisch, Manford, 1971, 27) (Kramsky, 1974, 116). ئەو ئاڕاستەیەی پێشتر خستمانەڕوو، کە فۆنێم بەبچووکترین یەکەی دەربڕین دادەنرێت لای ئەم ئاڕاستەیەوە ڕەخنەی لێدەگیرێت، چونکە لای ئەم ئاڕاستەیە فۆنێم بۆ سیمای جیاکەرەوەیی ( distinctive feature) شیکاردەکرێت، واتە هەموو فۆنێمێک لە فۆنێمێکی تر، بە لایەنی کەمەوە لە یەک سیمای جیاکەرەوەدا جیاوازە(Lyons, 1969, 122)، واتە بچوکترین یەکەی دەنگیی بریتییە لە سیمای جیاکەرەوەیی. ٪۸۰ فۆنێمەکان بە ڕێگەی تێکڕای سیمای جیاکەرەوەیی (ئۆرگانییەوە)یەوە، بە کۆکراوەیی بەرهەمدێن، واتە فۆنێمێک لە فۆنێمێکی تر جیاناکرێتەوە، بەگوێرەی تاکە سیمایەکی جیاکەرەوەیی هاوبەش، یان جیاواز، بەڵکو فۆنێمێک کۆکراوەی کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی دیاریکراوە، بۆ نموونە (b) دەنگدارە، هاوشێوەی دەنگی (d)، هەروەها لچوولێوییە، وەک (m)، نالووتییە وەک دەنگی (p)ی کپ، بەڵام (b) تاکە فۆنێمە، کە خاوەنی کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی ئۆرگانیی بەدوایەکداهاتووە، وەک (دەنگداریی-نالووتیی- لچولێویی)(Hartmann, 1972, 217). بەگشتیی ئەم ئاڕاستەیە پێیانوایە، کە فۆنێم بەڕێگەی سیمای جیاکەرەوەیی لە زنجیرەی ئاخاوتندا دووپاتدەکرێنەوە و دەنوێنرێن. (Bloom field) پێیوایە، کە فۆنێمەکانی زمان بەتەنیا کۆمەڵێک شەپۆلی دەنگیی نین لەهەوادا، یان کۆمەڵێک جوڵەی ئۆرگانیی نین و بەتەنها بریتی بن لە پێکهاتە ڕاستەقینەکانیان، کە لێیان دروستبوون، وەک پێکهاتەی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی، بەڵکو بریتین لە چەندین سیما و نیشانە لە دەنگەکاندا (features of sounds)، کە قسەکەر ڕاهێنان لەسەر درکاندنیان دەکات و پێیان ئاشنادەبێت (Kramsky,1974,196) (Dinneen, 1967, 468). هەرچەند زمانەوانەکان دەبنە دوو کۆمەڵەی دیاریکراو، کۆمەڵەی یەکەم پێیانوایە، کە فۆنێم بە ڕێگەی

---

* ئەم ئاڕاستەیە لە سەرەتادا لای تروبسکۆی و یاکبسون قوتابخانەی پراگ دەرکەوت، بەڵام دواتر لە ئەمریکادا بە فراوانیی پەرەیسەند و تەنانەت، لە لایەن قوتابخانەی بەرهەمهێنانەوە گرنگیپێدرا.

ئەلەفۆنەکانەوە دەنوێنرێت، کۆمەڵەی دووەم پێیانوایە، کە فۆنێم بەرِێگەی سیمای جیاکەرەوەییەوە دەنوێنرێت، بەڵام کۆمەڵەیەکی تر، بەتایبەتی زمانەوانەکانی وەک (Kramsky) و (Spirkin) پێیانوایە، کە فۆنێم لە شێوەی تاکە دەنگێکدا لەنێو پێکهاتەیەکی واتاداردا (مۆرفێم، یان وشە)دا دەنوێنرێت و دووپاتدەکرێتەوە ( Kramsky, 1974, 75, 140)، ئەم ئاڕاستەیە بنەما بوو بۆ سەرهەڵدانی شیکارکردنی مۆرفۆفۆنێمیی لەزماندا، واتە دیاریکردنی سیمای جیاکەرەوەیی دەنگە زمانییەکان بنەمایەکی بەهێزن، بۆ خستنەڕووی گۆڕانە دەنگییەکان، کە یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە هەموو ئاستەکانی زماندا ( مۆرفۆلۆژیی، سینتاکس....تاد)، ڕێگە بە گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان دەدەن، زۆرجار ئەم گرفتانە بە گرفتی مۆرفۆنێمیی دادەنرێن*، واتە گرفتە فۆنۆلۆژییەکان، پەیوەست بە ڕێزمانەوە دەخەنەڕوو.

**٢-١/٢)جۆراوجۆریی پێڕەوی فۆنێمە ناکەرتییەکان لە زماندا**

هەندێک زمان خاوەن سترێسێکی جێگیرە (Fixed stress) و هەمیشە لە کۆمەڵەیەکدا (group)*، نەک وشەیەکدا، سترێس دەچێتە کۆتا بڕگەوە، بۆیە هەمیشە لە بەکارهێنانی زمانی دووەمدا قسەکەرێکی فەرەنسیی سترێس دەخاتە سەر بڕگەی کۆتا هاوشێوەی زمانی دایکیی، لە زمانی فارسیدا سترێس لەسەر بڕگەی کۆتادایە، بەڵام بە بوونی چەند یاسایەکی ناوازە، لە هەندێک بارودۆخدا سترێس ناچێتە سەر بڕگەی کۆتا، بۆ نموونە هەندێک یاسای ڕێزمانی لەوشە لێکدراو و داڕێژراوەکاندا، پێشگر و پاشگرەکان ئەم لادانە لە یاسای (سەرکۆتا)ی سترێس پیشاندەدەن (Oconnor, 1973, 234) (Malmberg, 1963, 81). جیاوازیی زمانەکان لە بەکارهێنانی فۆنێمە ناکەرتییەکاندا ئاشکرایە، هەربۆیە زمانەوانەکان زمان بە پێی نیشانەی پرۆسۆدیی بۆ دوو کۆمەڵەی سەرەکیی دابەشدەکەن: یەکەم زمانە پرۆسۆدییەکان(prosodic) دووەم، زمانە ناپرۆسۆدییەکان(non-prosodic)، لەجۆری یەکەمدا سیمای پرۆسۆدییەکان ڕۆڵی جیاکەرەوەیی واتایی دەبینن، بەڵام لە جۆری دووەم دەکرێن بەدوو بەشەوە:٠

١- ئەو زمانانەی کە سیمای پرۆسۆیی(سترێس، تۆن- درێژیی.... تاد) سیمای جیاکەرەوەیی نییە، بەڵکو بەتەنیا

---

* بۆ خستەڕووی گرفتی مۆرفۆفۆنێمیی لە زمانی کوردیدا، بڕوانە ( عەلی، پێشڕەو ساڵح، ٢٠١٥، ٥٠- ٨٩)، (حەمید، هیرش کەریم، ٢٠١٥ )

* (Malmberg )پێیوایە (وشە- یەکەی واتایی) ناتوانێت، هەڵگری سترێس بێت، بەڵکو کۆمەڵە (group) هەڵگری سترێسە، چونکە (کۆمەڵە) یەکەی دەنگییە، نەک (وشە)، کە یەکەی واتاییە(Malmberg, 1963, 80)، بەڵام بەکارهێنانی زمانەوان لە شیکارکردنی دەنگیدا، بۆ زاراوەی (وشە)، هۆکاری ئەوەیە، کە زۆربەی زمانەوانەکان جێکەوتەی سترێس لەسەر بنەمای شوێنی بڕگە لە وشەدا دیاریدەکەن، پێیانوایە ژمارەی بڕگەکان لە وشەدا هۆکارن بۆ دیاریکردنی جێکەوتەی سترێس(Oconnor, 1973, 233-234).

سنووری وشەکان دەکێشێت.

٢-ئەو زمانانەی کە سیمای پرۆسۆدیی سیمای جیاکەرەوەیی نییە و بۆ هیچ ئەرکێکی زمانیی بەکار نایەت (Milewski, 1973, 160).

فۆنێمە ناکەرتییەکان لەزمانی کوردیدا بەتایبەتی فۆنێمی ناکەرتیی(ستریس ودرێژیی)، لە هەندێک بارودۆخدا هۆکارە بۆ جیاکاریی واتایی، واتە بە فۆنێم دادەنرێن، لە ئەم بارودۆخانەدا، هیچ گرفتێک لەئارادا نییە، بەڵام گرفت دروستدەبێت، ئەگەر ڕێنووس جۆراوجۆر و جیاواز دەربکەوێت، ئەوەی لەزمانی کوردیدا دركپێدەكرێت، بەزۆری گرفتی جۆراوجۆریی ڕێنووسە، نەک گرفتی دەنگیی.

**١-٢-١/٢) جۆراوجۆریی سەرەوڕیزبوونی فۆنێمەکان**

جۆراوجۆریی دابەشبوونی فۆنێمەکان لە زماندا، یان جۆراجۆریی پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان لە بڕگەدا، جۆراجۆریی سەرەوڕیزبوونی دەنگەکان لە بڕگەدا دەخەنەڕوو، زمانی عەرە بیی بەبێ مەرج لە بڕگەدا ڕێگە بە چەپکە کۆنسنانت نادات، واتە هاتنی چەپکە کۆنسنانت مەرجی تایبەتیی خۆی هەیە، لەزمانی ئینگلیزیدا پێکەوەهاتنی (pt) و(kt) لە وشەیەکی تاک مۆرفێمدا ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لە وشەیەکی دوو مۆرفێمیدا ڕێگەپێدراوە، وەک (dipped)(dipt)(Trnka, 1967, 297). هەروەها لەزمانی ئینگلیزیدا پێکەوەهاتنیی (nr) ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لەزمانی ڕووسیدا ڕێگەپێدراوە، (sdr) لە ئینگلیزیدا ڕێگەپیدراو نییە، بەڵام لە ئیتاڵیدا ڕێگەپێدراوە(بای، ماریو، ١٩٧٣، ٩٨). لەزمانی عەرەبیدا ڕێگە بەهاتنی دەنگی[ک] و[ق] پێکەوە نادرێت، بە یارمەتی دەنگێکی یارمەتیدەر نەبێت، کە بکەوێتە نێوانیانەوە، تەنانەت بەشێوەی پێچەوانەوە (قک)ڕێگەپێدراو نییە، دەنگی [ج] لەگەڵ [ظ][ق][ط][غ] نایەت، تەنانەت ڕێگە بە چەپکە کۆنسنانت نادات بە هاوکاریی پیتە زرنگدەرەوەکان نەبێت (عمر، أحمد مختار، ١٩٧١، ٧٦-٨١). کۆنسنانتەکانی پێشەوە(دەنگەکان، کە لە ئۆرگانەکانی پێشەوەی بۆشایی ناودەم دروستدەبن)، لە زمانی عەرەبیدا لە گەڵ کۆنسنانتەکانی ئۆرگانەکانی پشتەوە(ئەو دەنگانەی لە ئۆرگانەکانی پشتەوەی بۆشایی قورگ دروستدەبن) پێکەوە دێن، بەڵام کۆنسنانتە تەقاوەکان (بەشی پێشەوە) پێکەوە چەپکە کۆنسنانت دروستناکەن، هەروەها کۆنسنانتە خشۆکەکانی(بەشی پێشەوە) پێکەوە چەپکە کۆنسنانت دروستناکەن. (sapir) پێیوایە، کە یەکە ڕاستەقینەکان لەزماندا فۆنێمەکان ناگەیەنن، بەڵکو یاسا و نەریتی پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان دەگەیەنن، هەروەها یاساکانی پێکەوەهاتنی ئەم دەنگ و فۆنێمانە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە، ئەو هەلومەرج و بارودۆخانەی کە ڕێگە بە پێکەوەهاتنی فۆنێمەکان دەدەن، بریتین لە (ئامێرێتیی-میکانیکیی فۆنێمەکان و یاسا فۆنۆلۆژییەکان پەیوەست بەزمانێکی دیاریکراوەوە)( Kramsky, 1974, 193)(دەربارەی زمانی کوردیی، بڕوانە بەشی پێنجەم یاساکانی پێکەوەهاتنیی فۆنێمەکان لە بڕگەدا).

### ٢-١/٢-٢)گرفتی شیکارکردنی فۆنێمە ناکەرتییەکان

ئاخاوتن کۆمەڵێک جوڵەی دانەبڕاوە لە یەکتری، لە لایەن ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە جیبەجێدەکرێن، کە بە ڕێگەی پێواژۆی بە سەگمێنتکردنەوە (segmentation) دەنگەکانی زمان بۆ ڤاوڵ و کۆنسنانتە بەدوای یەکداهاتووەکان شیکاردەکرێن*، لە خستنەڕووی شیکارکردنی دەنگەزمانییەکان و لە کارێکی ئەزموونبەندانە، گواستنەوە (transitions) لە نێوان دەنگەکان، واتە لە درکاندنی دەنگێکی کۆنسناتەوە بۆ درکاندنی ڤاوڵێک، یان بە پێچەوانەوە لە ڤاوڵەوە بۆ کۆنسنانت، کردەی گواستنەوە لە لایەن قسەکەرەوە ئەنجامدەدرێت و کلیلی ناسینەوەی دەنگەکانی ئاخاوتنە لە لایەن گوێگرەوە، زمانەوانەکان پێیانوایە، کە (واتا) پەیوەست نییە، بەزنجیرەی ئاخاوتن بە دابرێنراویی، بەڵکو پەیوەستە بە پێکەوەهاتنی دەنگەکان پێکەوە لەگەڵ کەرەستە لە گەڵ هاتوەکاندا (سیمای جیاکەرەوەیی سەروو- سەگمێنتیی)(Robins, 1966, 107) (Kramsky, 1974, 143)، کە هەندێکجار سیمای جیاکەرەوەیی ناکەرتیی، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتایی، هەربۆیە بەفۆنێم ناودەبرێت (Dinneen, 1967, 41)، گرنگترینیان* ئەمانەن :

### ٢-١/٢-٢-١)سترێس لە دەربڕاوە زمانییەکاندا

ئەو بڕگەیەی کە سترێسی* لەسەرە، وزەی زیاتری دەوێت، واتە درکاندنێکی بەرزتر و درێژتری هەیە، بە بەراورد بە بڕگەکانی تر لە هەمان وشەدا. سترێس دەرکەوتنێکی دەنگییە، کە بەخشراوە بە تاکە بڕگەیەک لە وشەیەکدا (Dinneen, 1967, 41) (O Connor, J. D, 1973, 194) (Martinet, Andre, 1964, 100).دانیال جونز( Daniel Jones) پێیوایە، کە ئەو بڕگەیەی سترێسی لە سەرە، توانایەکی زۆرتری لەدەربڕیندا پێویستە، واتە سترێس چالاکییەکە، لە لایەن قسەکەرەوە بەرهەمدێت و جۆرێک دەرکەوتنی (Prominence)ی دەنگێک، یان بڕگەیەکی

---

* هەندێک لە ئەو زمانەوانانەی، فۆنێم بۆ سیمای جیاکەرەوەیی شیکاردەکەن، هیچ جیاکارییەک ناکەن لەنێوان سیمای جیاکەرەوەیی کەرتیی و ناکەرتیی، هەربۆیە (Lade foged) لە ژێرناونیشانی پێڕەویی سیمایانە (feature system) نزیکەی ٢٦ سیمای جیاکەرەوەیی دەستنیشاندەکات، تەنانەت فۆنێمە ناکەرتییەکانی، وەک سترێس و تۆن..... بە سیمایی جیاکەرەوەیی پۆلێندەکات (Ladefoged, 1971, 92-94). (Jakobson) سیمایی جیاکەرەوەیی بۆ چەند جۆرێک دابەشدەکات؛ وەک پێکەوەهاتوەکان (simultanous) و بەدوایەکداهاتوەکان (successive)، یان بۆمایی (Inherent)، مۆسیقیی (prosodic)، کە مۆسیقیی (پرۆسۆدیی ) بریتییە لە سیمای جیاکەرەوەیی درێژیی و تۆن و سترێس، کە لە جێکەوتە نێوان بڕگییەکاندا (interasyllabic) دێن (Kramsky, 1974, 52, 112, 117).

* کۆمەڵێک فۆنێمی ناکەرتیی تر لەزماندا هەن، وەک پلەی دەنگیی/زرنگە (pitch)، کە بنەمان، بۆ دیاریکردنی هەڵچوون لەکاتی قسەکردندا و ڕادەی خێرایی قسەکردن، کە بۆ پاڕانەوە و داواکردن و دووپاتکردنەوە لەئاخاوتندا بەکاردێن، وەک (توخوا توخوا) بەخێرایی بە واتای پاڕانەوە دێت، (هەر زۆر زۆر برسیمە) بەمانای جەختکردنەوە لە برسێتی... تاد).

* هەروەها زاراوەی تەوژم (accent) وەک هاوواتای(stress) بەکاردێت.

تێدایە پەیوەستە بە ئەو دەوروبەرە دەنگییەی تێیدا هاتووە (Jones, 1962, 137). ئەو لێکەوتە دەنگییەی پەیوەستە بە سترێسەوە، بریتییە لە ڕادەی بەرزیی دەنگەکە(loudness) * ، کە بە پێی پلەبەندیی بەرزی دەنگەکە، پلەی سترێسەکە دیاریدەکرێت (Jones, 1962, 134, 135, 137) (Oconnor, J. D, 1973, 194). سترێس لە هەموو زمانەکاندا مەرج نییە ڕۆلی جیاکەرەوەیی واتایی ببینێت، واتە مەرج نییە (فۆنیم) بێت، ئەو زمانانەی سترێس، وەک فۆنیمێک بەکاردەهێنن، پێیاندەوترێت زمانە خاوەن سترێسەکان(stress languages ) (Jones, Daniel, 1962, 136)، بەڵام ئەو زمانانەی سترێس وەک فۆنیمێک بەکارناهێنن، پێیاندەوترێت زمانە بێ سترێسەکان، کە هەمیشە سترێس لە جێکەوتەیەکی دیاریکراوە و ناگۆڕێت، بۆ نموونە لە زمانی فنلەندیی و چیکیدا بە چەسپاویی، لە سەر بڕگەی یەکەمدایە و لە زمانی پۆڵەندیدا، لەسەر بڕگەی پێش کۆتایدایە( Malmberg, 1963, 81). ئەو زمانانەی کە سترێس وەک فۆنیم بەکاردەهێنن، جێکەوتەیەکی ئازادیان هەیە، لە دانانی سترێس و گۆڕینی شوێنی سترێسەکەدا، کە بەکاردێت بۆ جیاکاریی واتایی لە وشەکاندا، یان گۆڕینی پۆلەرەگەزی وشەکان لە ناوەوە بۆ کردار، نموونەی سترێسی ئازاد (free stress) لە زمانی ئینگلیزیدا هەیە، بۆ نموونە لە وشەی(import)، ئەگەر سترێس لەسەر بڕگەی یەکەم بێت ئەوە ناوە، بەڵام لەسەر برگەی دووەم بێت کردارە، هەروەها لە وشەکانی ( convert, subject, presen, permit, contract, increase, insult, …etc) (Jones, Daniel, 1962, 136)دا. لە زمانی ئینگلیزیدا سترێس بۆ جیاکاری واتایی* بەکاردێت، بۆ نموونە لە وشەی(august)دا (بە واتای ناوی مانگ و کەس دێت، سترێس لە سەر بڕگەی یەکەمە، بەڵام لە وشەی(august) دا (بە واتای خاوەن شکۆ)، سترێس لەسەر بڕگەی دووەمە ( Malmbery,1963, 82) (Danneen, 1967, 41, 234). مەرج نییە، لە زمانی ئینگلیزیدا هەموو سترێسێک ببێتە هۆی گۆرانی واتا، زۆرجار دەبێتە هۆی لادان لە پێڕەوی زمانیی، بۆ نموونە لە وشەی (pillow)دا لەسەر بڕگەی یەکەمە و لە وشەی (polite)دا لە سەر بڕگەی دووەمە و لە وشەی(sensitivity)دا لەسەر بڕگەی سێیەمە، بەڵام ئەگەر قسەکەری زمانی دووەم لە ژێر کاریگەریی زمانی دایکیدا، جێکەوتەی ئەم سترێسانە بگۆڕێت، ئەوە نابێتە هۆی دروستنەبوونی کردەی لێکگەیشتن (Danneen, 1967, 234) (Robins, 1966, 109, 110). سێ جۆر سترێس دیاریدەکرێت : ١-سترێسی بەهێز ( سەرەتایی) (primary stress). ٢-سترێسی ناوەندیی و لاوەکیی (secondary

---

* گوێگر بەئاسانی ناتوانێت، جێکەوتەی سترێسێکی بەهێز دیارییکات، چونکە ڕادەی بەرزیی دەنگەکە، بەشێکی دانەبڕاوە لە دەنگ، کە دەنگێکی خاوەن سترێس، ڕەنگە ڕادەی بەرزیی دەنگیی(loudness)، لە دەنگێکی تر کەمتربێت، کە سترێسێکی لاوازی هەیە (Jones, 1962, 136).

* دانیال جونز زاراوەی سترەون (strone) بەکارهێناوە بۆ جۆرێکی دیاریکراوی سترێس، بەڵام چەند جۆرێکی جیاوازیی سترێس پێکەوە پێیدەوترێت سترۆنیم (stroneme) هەر بۆیە زاراوەی فۆنیم لە بەرانبەر سترێسدا بەکارناهێنێت، هەر کاتێک سترێس ببێتە هۆی گۆرانی واتایی، پێیدەوترێت سترۆنیم (Robins, 1966, 136) (Jones, 1962, 151, 152).

(motor-car designer)بەکارهاتووە، stress). ٣-سترێسی بێهێز (weak stress). جۆرەکانی سترێس لە وشەی سترێسی بەهێز لەسەر برگەی یەکەمە، سترێسی بێهێز لەسەر برگەی دووەمە و سترێسی ناوەندییانە لەسەر برگەی کۆتاییە. زۆرجار دانانی سترێس لەسەر وشەکان، واتای زیاتر بە وشەکان دەبەخشێت، وەک سترێسی جەختکردنەوە(emphatic stress) یان سترێسی هەڵچوون و سۆزداریی(emmotinal stress). لە ڕستەی come) here) ئەگەر رادەی سترێسەکە زۆرتر بێت، ئەوە حالەتی هەڵچوون پیشاندەدات، بەڵام ئەگەر بەبێ سترێس دەرببرێت حاڵەتی بێدەنگیی و ئارامیی پیشاندەدات (Brosnahan, 1970, 158) (O'Connor, 1973, 335)، لە زمانی کوردیدا وشەکانی ( وەرە، برۆ، بچۆ، مەکە،. . . تاد)، ئەگەر سترێسی زۆرتری لەسەر بێت، لە دەربڕیندا ئاماژەیە بۆ هەڵچوون و دەربڕینی تووڕەیی. وشەی (وەرە) لە ئاخاوتندا (بۆ مەبەستی بانگکردن: لەگەڵ منداڵدا ) بێ سترێس دەربرێت نەرمونیانیی قسەکەر پیشاندەدات. لە زمانی فەرەنسیدا ناتوانرێت برگەی سترێسدار و بێ سترێس بە ئاسانی جیابکرێنەوە، چونکە جیاوازییەکە زۆر لاوازە، بەڵام لە زمانی ئەڵمانیدا برگەی سترێسدار زۆر بەهێزە، دەربارەی زمانی کوردیی، ئەوەی تا ئێستا باسدەکرێت، کە سترێس هەمیشە لەسەر کۆتا برگەی وشەدایە، لە کارێکی ئەزموونبەندانە ئەوە تاقینەکراوەتەوە، کە ئەو سترێسەی لەسەر کۆتا برگەی وشەکانی زمانی کوردییە، سترێسێکی بەهێزە و بە ئاسانی دەناسرێتەوە*. پەیوەندییەکی تەواوکارانە لە نێوان سترێس و درێژیی برگەکاندا هەیە، بڕگەی(in) لە وشەی(incite) لەبەر ئەوەی سترێسی لەسەر نییە، کورتترە لە بڕگەی(in) لە وشەی (insight) دا، چونکە لە دووەمدا سترێسی لەسەرە، ئەو دەنگەی لە برگەدا سترێسی لەسەر بێت زۆر بەهێز دەردەبڕێت و زرنگدانەوە (more sonorous) و ڕادەی بیستەنی(more audiable)زۆرترە ,Malmbary, 1963) (O'Connor,1973, 194, 195 .(80 کارێکی ئەزموونبەندانە و تاقیگەیی دیاریکراو لەزمانی کوردیدا دەربارەی یاساکانی سترێس لەئارادا نییە، بەگشتی ئەم یاسایانە لە لایەکەوە یاسای ڕێژەیین و لەلایەکی ترەوە یاسای گشتوەگیریی نین، چونکە ناتوانێت یاسای سترێس هەموو دیالێکتەکانی زمانی کوردیی بگرێتەوە و بە سەر هەموو ئەکسێنتەکاندا جێبەجێبکرێت، هەروەها وەک یاسا ڕێزمانییەکان ( سینتاکس و مۆرفۆلۆژییەکان) چەسپاو و جێگیر نین، واتە لادان لە یاساکانی سترێسدا، نابێتە هۆی هەڵەی زمانیی، بە واتایەکی تر ئەو سترێسانەی بەگوێرەی زمانی ستاندارد- ئەکسێنتی سلێمانی دیاریکراوە، مەرج نییە، بۆ ئەکسێنتی گەرمیان و هەولێر دروستبن، هەروەها گۆڕانی جێکەوتەی سترێس لە ئەکسێنتەکانی دیکەدا، نابێتە هۆی گرفتی زمانیی و گرفتی

* غازی فاتح وەیس ئەوە دەخاتەڕوو، کە لە وشەی ( نووستن-ناو-لەسەر برگەی کۆتا) ( نووستن- کردار - لەسەر برگەی یەکەم)برگەی سترێسدار دەستنیشاندەکات، جیاوازی لە نێوان بڕگەی سترێسدار لە وشەی ( نووستن-ناو)دا و سترێسی بێهێزدا لە نێوان ٥-٩. ٥ ملیمەترە، هەروەها لە نێوان بڕگەی سترێسدار لە وشەی ( نووستن-کردار)دا و سترێسی بێ هێزدا لە نیوان ٣-٧. ٥ ملیمەترە (وەیس، غازی فاتح،١٩٨٤،چ١، ٨٨-٨٩).

دەنگیی. لە زمانی کوردیدا ستریس وەک فۆنیم بەکارنەهاتووە، واتە نابێتە هۆی گۆڕانی واتا لەهەندێک بارودۆخ و هەلومەرجی تایبەتدا نەبێت، بەگشتی یاساکانی ستریس بە ئەم شێوە دیاریکراوە: **١-لەئاستی فەرهەنگدا :** ژمارەی بڕگە لە وشەی سادەدا(وشە فەرهەنگییەکان)دا، هیچ ڕۆڵێکی نییە، چونکە هەمیشە ستریس لەسەر بڕگەی کۆتاییدایە(لە دیاریکردنی جێکەوتەی ستریسدا، لادان لە یاسای سەرکۆتا هەیە). دەربارەی وشە یەک بڕگەییەکان، کە بڕگەی (cvcc) ین ، واتە دەنگەکانی کۆتایی بڕگە چەپکە کۆنستانتن (st, sht, rd)، وەک( گەشت، کورد، دەست، ئەسپ، خەست، بیست، ، پێست، حەوت، هەشت، ئارد، مۆرد، فۆرد، بۆرد، شۆرت،... تاد)، ئەگەری ئەوە لە ئارادایە، کە ستریس بکەوێتە سەر ڤاوڵەکە (کرۆکی بڕگە)*، نەک کۆتایی بڕگە(بەتایبەتی لەوشەی (ئە'سپ)دا)، بەڵام لە وشە دوو بڕگەیی و سێ بڕگەیی و چوار بڕگەییەکان هەمیشە لەسەر بڕگەی کۆتادا ستریس دەردەکەوێت، لە زمانی کوردیدا جۆری ڤاوڵەکان لە بڕگەدا کارناکەنە سەر گۆڕینی جێکەوتەی ستریس، بە زۆری لەبڕگەی کۆتاییدا ستریس دێت، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە بڕگەکانی تر لە وشەدا هیچ ستریسیان لەسەر نییە، بەڵکو ستریسی بەهێز لەسەر بڕگەی کۆتاییدایە. بەڵگەش لەسەر ئەوە بوونی(و)ی درێژە، لەبڕگەی یەکەمدا(ڕووداو، ڕووبار)هەرچەندە (ڤاوڵی-و) لە بڕگەی یەکەمدا هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەبڕگەیەکی کورتدا(cv)دا هاتووە هێزێکی ناوەندیی (لاوەکییانە)ی لەسەرە بۆیە ڤاوڵی(و) درێژ دەردەبڕێت، لێرەدا ئەو گریمانەیە لە ئارادایە، ئایا لە زمانی کوردیدا یاسای (ڤاوڵ+ فۆنیمی درێژیی)، پەیوەستە بە جێکەوتەی ستریس لە سەر بڕگەکان ، نەک جێکەوتەی ستریس لە سەر وشەکان؟ یان پەیوەستە بە جۆری بڕگەکان (cv, cvc, cvcc)؟ ئایا بڕگەی (cv) لە زمانی کوردیدا هەمیشە ستریسی لە سەرە، بۆیە لە پێکهاتەی وشەدا، ڤاوڵەکەی درێژ دەردەبڕێت، وەک (دوو، دیی، دۆ~ دۆۆ، جوو....تاد) ؟ هەروەها لە بڕگەی (cvcc)دا هێز لە سەر کۆتایی بڕگەدایە، بۆیە ڤاوڵەکە ستریس وەرناگرێت و هەمیشە کورت دەردەبڕێت، تەنانەت لە پێکهاتەی وشەدا، ئەگەر لە بڕگەی کۆتادا هات، ڤاوڵەکەی کورت دەردەبڕێت، وەک (دەستکورت، باڵاکورت..تاد)، واتە ستریس لە زمانی کوردیدا بە جۆری بڕگەکان لە وشەدا پەیوەستە( بڕوانە بەشی پێنجەم). **٢- لەئاستی مۆرفۆلۆژیدا:** ستریس بەدەر لە پێکهاتەی وشەکان، لە ئاستی

---

* لە ئەم بارەیەوە، محەمەد مەعروف فەتاح هەندێک لە ئەو ناوێزانەی یاسای سەرکۆتایی- ستریس دەخاتەڕوو: فەرموو، بەڵێ، پێرێ، سبەینێ، جەژن، خەڵک(Fattah, 1980, 187). توێژەر پێیوایە، ئەم جێکەوتەیە بە هەڵە لە لایەن زمانەوانەکانەوە لە زمانی کوردیدا دیاریکراوە، بە تایبەتی لە ئەو بڕگانەی لە جۆری(cvcc)ن، چونکە ستریس لە سەر کۆتایی ئەم جۆرە بڕگانە(cvcc) دەردەکەوێت، بۆ نموونە ( کورد، پێست، دۆست...تاد)، لە بەر ئەوەی ستریس لە سەر کۆتایی بڕگەکەیە بۆیە ڤاوڵەکان بە کورت دەردەبڕێن.

مۆرفۆلۆژیدا بە زۆری جێکەوتەی کۆتایی وشە دەگرن. لە وشە لێکدراوەکانی* وەک(ماستاو(ناو+ ناو)، چاوجوان(ناو+ ئاوەڵناو)، بەرماڵ(ئاوەڵکار+ ڕەگی کردار)، ڕاستگۆ(ئاوەڵناو+ ڕەگی کردار)، پیاوکوژ(ناو+ ڕەگی کردار)، خۆناس، خۆگر(جێناو+ ڕەگی کردار)، بەڕێکەوت هەر وشەیەک لەدوو برگە پێکهاتووە، سترێس دەکەوێتە سەر کۆتا برگە لەوشەکاندا، تەنانەت لە ئەو وشانەی لە سێ مۆرفیم پێکدێن(کەسنەزان)، سترێس لەسەر کۆتا برگەدایە. لە وشە داڕێژراوەکاندا بەتایبەتیی، لە ئەو وشانەی کە پاشگر وەردەگرن وەک(دەزگا، کارگە، ئاگردان، کوردستان، ناڵبەند، دوکاندار، ئاسنگەر، مەلەوان، بەرخۆلە، داسوڵکە، چاویلکە، برایەتی، مندالی، ژنانە، چاکە، پاکانە.... تاد، هەروەها لە ئەو وشانەی پێشگریان دەچێتەسەر پێشگرەکان سترێس وەرناگرن، بەڵکو سترێس لە بەشی کۆتایی وشەدا دێت، وەک (بەجەرگ، بێهۆش، نەخۆش، لێزان، پێخۆر،... تاد)، هەروەها لە وشەکانی(هەڵکەوت، پێشکەوت، داهات، هاوژین، هاوولاتی، بەرکەوتن، پێداگرتن، پێوەنان، پێکهاتن، هەڵکردنەوە.... تاد)، واتە لەزمانی کوردیدا هەمیشە لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا یاسای سترێس-سەرکۆتا بەردەستە، ژمارەی برگەی وشەکە و جۆری بزوێنی برگە و جۆری برگە هیچ ڕۆڵێکی لە دیاریکردنی جێکەوتەی سترێسدا نییە. **٣-لە ئاستی سینتاکسدا:** دیاریکردنی جێکەوتەی سترێس ئاڵۆزە، لەسەر مۆرفیمە ڕێزمانییەکان دەردەکەون(پیاوەکە، مەڕۆ(نەرێکردن)، پیاوێک)، هەروەها لە زمانی کوردیدا گۆڕانی جێکەوتەی سترێس بنەمایە بۆ گواستنەوەی دەربڕاوە زمانییەکان، لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تر (لە مۆرفۆلۆژییەوە(ئاستی وشە) بۆ ئاستی سینتاکس( ڕستە و فرێز). ئەو جۆراوجۆرییە دەنگییە-سترێسانە گرنگن، کە جیاوازی واتایی دروستدەکەن، واتە لە زمانی کوردیدا ئەگەر سترێس بووە هۆی پەیدابوونی هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان (گۆڕینی پۆلەڕەگەزی وشە، لە ئاستی فەرهەنگدا: جوان/ ناو، جوان/ ئاوەڵناو) و گۆڕانی واتایی (کاتێک لە ئاستی وشەوە بۆ ئاستی فرێز و ڕستەکان دەچین)، ئەمانە نەک گرفتی جیاوازیی واتایی، بەڵکو گرفتی لێلی واتایی دروستدەکەن، وەک (سەوزە، شەوە.... تاد)، دەبێت جێکەوتەی سترێس لەسەر ئەو وشە و زاراوە و فرێز و ڕستانەدا دیاریبکرێن ( بە تایبەتی لە نووسینی ئەلفوبێی فۆنەتیکیدا، کە زۆر گرنگە بۆ ئەو کەسانەی زمانی کوردیی زمانی دووەمیانە)، بۆ ئەوەی گرفتی دەنگیی و واتایی دروستنەکەن. لە زمانی کوردیدا لە ئەم دوو حاڵەتەی کە گرفت دروستدەکەن، دەبێت ئاماژەیان پێبدرێت:

١-لە ئاستی فەرهەنگدا، دەبێتە هۆی گۆڕینی پۆلەرەگەزی وشەکان*، وەک (جوان /ناو، جوان/ ئاوەڵناو).

---

* محەمەد مەعروف فەتاح سێ جۆر وشەی لێکدراو دەستنیشاندەکات : ئێ- لێکدراوی کراوە، بە مۆرفیمی/ە/ پێکەوە بەستراون وەک، کوڕە مەلا، تەڕە پیاز. بێ- لێکدراوی بەستراو بە/و/، وەک (دەنگوباس، کاروبار، دەموچاو،..... تاد). پێ- لێکدراو بەبێ بزوێن، وەک( سەرباز، دارفرۆش...تاد) (کانەبی، ڕەحمان ئیسماعیل،١٩٩٨، ٣٠)

* توێژەر پێیوایە، کە وشە فەرهەنگییەکانی ناوی ڕووداوەکان ( خەوتن، کەوتن، بردن ) بە هۆی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکانەوە لە ڕەگی کردارەکانەوە دروستبوون (خەو، کەو.... تاد)، ڕەگی کردارەکان لە فەرهەنگدا تۆمار کراون، بۆیە لە ئەم حاڵەتەدا

٢- له ئاستی سینتاکسدا(فریز و ڕسته)، بەراورد بە وشه فەرهەنگییەکان(وشه مۆرفۆلۆژییەکان)، ستریس رۆڵی سەرەکیی له جیاکاریکردن له نێوان وشه و فریز و ڕستەکاندا هەیە، وەک( سەوزە – سەوزه و میوه/ وشه، سەوزە(دەرگاکه سەوزە) / ئاستی ڕسته....... تاد).

### ٢-١/٢-٢-٢) تۆن له دەربڕاوه زمانییەکاندا

دوو جۆر جیاوازیی پلەی دەنگیی/ زرنگه(voice - pitch)دیاریدەکرێت. یەکەمیان پێدەوترێت تۆن( tone)، که پلەی دەنگیی جیاواز، رۆلی له جیاکاریی واتایی لەسەر ئاستی وشەدا هەیە، هەر بۆیە پێیدەوترێت تۆنی وشه word tone، دووەمیان، پێدەوترێت ئاوازە( intonation)، که پلەی دەنگیی جیاواز رۆلی له جیاکاریی واتایی لەسەر ئاستی ڕسته و دەربڕاو و کۆمەله وشەدا هەیە (Lyons,1972, 82, 83) (Brosahan, 1970, 148, 152) (Robins, 1966, 111).

هەندێک له زمانەکان تۆن بۆ جیاکاریی واتایی بەکاردەهێنن، هەر بۆیە پێیاندەوترێت زمانه تۆنییەکان tone) * lauguge)، واته دوو وشه له ڕووی فۆنیمەوە( کۆنسنانت و ڤاوڵەوە) هاوشێوەن، بەڵام لەڕووی تۆنەوە جیاوازن و ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانی واتایی، (Ladefoged) پێیوایە، که ئەم دیاردە دەنگییە یاسایەکی گشتییە و هەموو زمانەکانی جیهان جۆراوجۆریی له جۆری پلەی دەنگیی ( تۆن-ئاوازە) بۆ جیاوازیی واتایی بەکاردەهێنن (Ladefoged, peter, 1971, 84)، مەرج نییە ئەم یاسایانە له هەموو زمانەکاندا هاوشێوەبن، چونکه هەندێک زمان تۆن بۆ بەکارهێنانه زمانییە لاوەکیی و شێوازییەکان و نرخی دەربڕاوەیی بەکاردەهێنن، وەک دەرخستنی سەرسووڕمان، گومان، جەختکردنەوە. . . تاد (Brosahan, 1970, 154) (Robins, 1966, 149). له زمانی ئینگلیزیدا وشەی (no) بە پلەی دەنگیی جیاواز دەردەبڕێت، که بە تۆنێکی ئاسایی، یان بەرز، یان نزم دەردەبڕێت، بۆ

---

ڕەگەزی وشەکه له کردارەوە بۆ ناو (خەو-خەوتن)نەگۆڕاوە، وەک ئەوەی، غازی فاتیح و محەمەد مەعروف فەتاح و زۆربەی زمانەوانەکان باسیان کردووە، بەڵکو له ناوەوە بۆ ڕسته(مۆرفۆسینتاکس) گۆڕاوە، وەک(خەوتن/ ناو، خەوتن/ مۆرفۆسینتاکس)، زمانی کوردیی جیاوازە لەگەڵ زمانی ئینگلیزیدا، ناو و کردارەکان هەمان فۆرم نین، (نووستن/ ئاستی فەرهەنگ -ناو، نووستن/ ئاستی ڕسته – ئەوان نووستن).

*بەزۆری له زمانی چینی و هەندێک ناوچەکانی ئەفریقیا و باشووری ڕۆژهەلاتی ئاسیا، هەروەها له نەرویج و سوید و زمانی هیندییە سورەکان له ئەمریکادا، تۆن بۆ جیاکاریی واتایی بەکاردێت، بۆ نموونه وشەی (ta) له دیالێکتەکانی زمانی چینیدا بە تۆنێکی ئاسایی بە واتای (بەرزکردنەوە) دێت، بە تۆنێکی بەرز بە واتای ( شیتەڵکردن ) دێت، بە تۆنێکی نزم و بەرز بە واتای (لێدان و پێکدادان) دێت، بە تۆنێکی نزم بە واتای ( مەزن) دێت (Brosahan, 1970, 18) (Robins, 1966, 112) . له ئەکسێنتی گەرمیاندا تۆن له وشەکاندا بە کاردێت، بۆ نموونه (بچووک~بیچک) بە تۆنێکی نزم دەردەبڕێت، بەڵام وشەی (گەورە~ قەوی) بە تۆنێکی بەرز دەردەبڕێت، جەختکردنەوەیە لەسەر تایبەتمەندیی گەورەیی، هەروەها ( کراسەکه سوورە~ کراسەکه سویرە)، بە واتای تۆخی ڕەنگه دێت، ئەگەر بە تۆنێکی بەرز دەربڕێت.

دەرخستنی واتای زیاتر، وەک گومان و سەرسووڕمان و پرسیارکردن و گوێنەدان و جەختکردنەوە، بەڵام ئەم جۆراوجۆرییە، بەشێک نییە لە ستراکچەر و فۆڕمی وشەکە، چونکە وشەی (No ) هەڵگری یەک واتایە، کە ( نەرێکردن)ە. (Daniel jones) لە سالی (١٩٢١)دا زاراوەی (toneme)ی بەکارهێناوە بۆ جۆراوجۆریی تۆنیی ( کۆمەڵێک تۆن)، کە هەموو ئەندامێک لە ئەندامەکانی تۆنیم، بە ئەلەتۆن (allotone) ناودەبات، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەستەمە تۆنی وشەیەک دیاریبکرێت، بە دابڕاندنی وشەکە لە وشەکانی تر، چونکە لەکاتێکدا دەتوانرێت، تۆنە جیاوازەکانی وشەیەک دیاریبکرێت، کە وشەیەک لەگەڵ وشەکانی تردا، پێکەوە لە پەیوەندیدا بێت و پێکەوە بێن(Jones,1962, 153). جیاکاریکردن لە نێوان تۆن و ئاواز(intonations)دا زۆر ئالۆزە لە هەندێک بارودۆخدا بە تایبەتی لە ئەو تاکە وشانەی وەک ڕستە بەکاردێن و واتای ڕستەیان هەیە، وەک (بەڵێ، نەخێر، نە، بە، فەرموو، باشە، وانییە، وایە، زۆرباشە، زۆرچاکە، جوانە. . . تاد)، بۆ نموونە لە وشەی ( فەرموو)دا :

١-فەرموو ( تۆنێکی ئاسایی) ( دەستپێکردنی کارێک، نانەکەت بخۆ، وەرە ژوورەوە. . . تاد)

٢-فەرموو ( تۆنێکی بەرز) ( نارەزایی دەربڕین لە کارێک، گلەییکردن )

٣-فەرموو ( تۆنێکی نزم) ( گومانکردن لە توانای بەرامبەر لە ئەنجامدانی کارێک)

٤-فەرموو ( تۆنێکی بەرز و نزم) (جەختکردنەوە، دەتوانیت کارەکە ئەنجامبدەیت)

٥-فەرموو ( تۆنێکی نزم و بەرز) (سەرسووڕمان، چۆن دەتوانیت کارەکە ئەنجامبدەیت!)

دەربارەی ئەو وشانەی، لەڕووی فۆرمەوە (پێکەوە هاتنی ڤاول و کۆنستاننەکان ) هاوشێوەن ، واتە لە ڕووی واتاوە جیاوازن، بەڵام پۆلە ڕەگەزیان نەگۆراوە، واتە هاوفۆڕم (هاوپیت، هاودەنگ و هاو وێنەن)ن، وەک ( دان– دەم و ددان –ناو/ دانی دانەوێڵە–ناو، زار – زاری قسەکردن – ناو/ زاری ناودەم – ناو زار – زاری یاریکردن – ناو، خاڵ – برای دایک– ناو، خاڵی دەموچاو....تاد)، ئایا لە زمانی کوردیدا چ پێوانەیەک هەیە( جگە لە سترێس، کە وشەکانی ( جوان / ناو–جوان/ئاوەلناو)( ئازار / مانگی ئازار/ناوی مرۆڤ/ناو– ئازار/ ئازاری جەستە/ ئاوەڵناو) لەیەکجیادەکاتەوە)، کە وشەکانی ( دان / ناو–دان/ناو) (زار /ناو–زار/ناو) لە یەکجیابکاتەوە؟ پێدەچێت، سترێس، یان تۆن لە ئەم وشانەدا بکرێنە بنەمای جیاکاری واتایی؟ ئایا ئەم وشانە لە فەرهەنگدا بەسترێس و تۆنی جیاوازەوە تۆمار کراون؟ ئەمانە و چەندین وشەی تر لە زمانی کوردیدا، پێویستیان بە لێکۆلینەوەی ئەزموونبەندانەیە، بۆ ئەوەی گرنگیی تۆن و سترێس لە زمانی کوردیدا بخرێنەڕوو.

**١/٢–٢–٢–٣) ئاوازە لە دەربڕاوە زمانییەکاندا**

ئاوازە بریتییە لە تۆنە ئاوازییەکان (intonation tones)، ئەم جۆراوجۆرییەی پلەی دەنگیی، بەسەر ڕستەدا دابەشبووە، نەک وشەکان بە جیاجیا لەیەکتری، واتە ڕستە و بەشەکانی ڕستە پێکەوە پەسەندەکات. لای هەندێک زمانەوان پێواژۆی ( ئاوازە ) بە فۆنێم دادەنرێت، بەڵام زمانەوانەکانی دیکە وەک، (Daniel Jones)، پێیوایە

بەکارهێنانی (فۆنێم) بە شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دیاردە دەنگییەکان لە سنووری وشەدا پابەندە، ئاوازە و وەستان/بۆشایی دەخاتە دەرەوەی ئەم شیکارکردنە. لە ڕاستیدا جۆراوجۆریی دەنگیی لە هەر جێکەوتەیەکدا بێت و لە هەر جۆرێک بێت، ئەگەر ببێتە هۆی هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان و جیاکارییە واتاییەکان، دەبێت بە فۆنێم دابنرێت، بۆیە ئەو زمانانەی جۆراوجۆریی موسیقیی لە ئاخاوتندا بە شێوازێکی جیاکاریانە بەکاردەهێنن و دەبێتە هۆی جیاوازیی واتایی، پێیاندەوترێت زمانە مۆسیقییەکان / ئاوازدارەکان(intonation language) (Robins,1966, 148) (Jones, 1962, 150, 151) (O'Connor,1973, 197). جۆراوجۆریی مۆسیقیی /ئاوازە دەربڕینە لە هەست و نەست و بارودۆخی ئاوەزییانەی ئاخاوتن، کە لە زۆربەی زمانەکاندا ڕستەی ڕاگەیاندن بۆ ڕستەی پرسیاریی و سەرسووڕمان... تاد دەگۆڕێت، بەبێ گۆڕانکاریکردن لە فۆڕمی وشەکان لە ڕستەدا، بۆ نموونە وشەی ((بەڵێ)) لە زمانی کوردیدا، دەکرێت بەهۆی گۆڕینی ئاوازەکەیەوە جیاواز دەربرِبڕێت، بۆ نموونە:

بەڵێ- لە ڕستەی هەواڵیدا – ڕازیم.

بەڵێ- لە ڕستەی پرسیاریدا- بەڵی چیت وت؟

بەڵێ- لە ڕستەی داواکردن- بەڵێ گوێم لێیە بەردەوام بە.

بەڵێ – ناوەرۆکی ئەگەرییانە – بەڵێ لەوانەیە وابێت.

بەڵێ – لەڕستەی سەرسووڕمان – بەڵی تەواو بوو!

بەڵێ- ناوەرۆکی جەختکردنەوە – بە دڵنیاییەوە بەڵی وایە.

هەموو زمانێک تەرزێکی دیاریکراوی ئاوازەی تایبەت بە خۆی هەیە، لە زمانەکانی دیکە جیایدەکاتەوە، هەروەها هەموو دیالێکتێک جیاوازە لە بەکارهێنانی ئاوازەی ڕستەکاندا (Robins, 1966, 149) (lade foged, 1967, 85) (malmberg, 1963, 83).

**٤-٢-٢-١/٢) بۆشایی لە دەربڕاوە زمانییەکاندا**

وەستان/ بۆشایی(juncture)، یان گواستنەوە(transition)، بریتییە لە وەستانێکی سووک لە نێوان وشەکان و برگەکان لە ئاخاوتندا، بەمەبەستی ئاماژەکردن بە جێکەوتەی کۆتاییهاتنی دەربراوێک، یان برگەیەک و دەستپێکردنی برگەی دواتر( بای، ماریو، ١٩٧٣، ٩٥). لە زمانەکاندا (گچکەترین جووتۆکە) هەیە، بە ئاسانیی بە ڕێگەی بەکارهێنانی فۆنێمی وەستان/بۆشایی لەیەکتری جیادەکرێنەوە، کە (Dinneen) لە زمانی ئینگلیزیی ( ٤٥) فۆنێم دیاریدەکات، کە وەستانی بە فۆنێم داناوە (Robins, 1966, 147) (Dinneen, 1967, 44). دوو جۆر وەستان هەیە وەستانێکی کراوە(open juncture)، کە بە هێمای (+) ئاماژەی بۆ دەکرێت، یان وەستانێکی سووک و داخراو(close juncture)، کە بە (-) ئاماژەی بۆ دەکرێت، یان بە دانانی بۆشایی لە نوسیندا ئاماژەی پێدەکرێت، یان هێمای (#) بۆ دادەنرێت (Robins, 1966, 147) ( بای، ماریو، ١٩٧٢، ٩٥). بە پێی گۆڕانکاریی مێژوویی لە

زمانەکاندا جێکەوتەی وەستان/بۆشایی گۆرانکاریی بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە (a napron ) لە ئێستادا بە an (apron )دەنووسرێت، لە زمانی عەرەبیدا لە دەربڕاوی ( جا + بالآکل ) لە ئێستادا لە ئاخاوتنی فەرمیدا بە (جاب+ الآکل)دەردەبڕێت. لە زمانی ئینگلیزیدا وەستان/بۆشایی یارمەتیدەرە بۆ جیاکاریکردن لە نێوان دەربڕاوە زمانییەکاندا، وەک (lighhouse keeper) و (light housekeeper) هەروەها (a nice box)و(an icebox) ( بای، ماریو، ١٩٧٢، ٩٦) (O'Connor, 1973, 257) (Dinneen, 1967, 42)، لە زمانی کوردیدا لە ناوی گوندەکاندا( لە تابلۆی ڕێگەوباندا)، هەندێکجار هیچ نرخێک بۆ وەستان/ بۆشایی دانەنراوە، بۆ نموونە ناوی گوندی (داوداوا) بە سەر یەکەوە نووسراوە، ئایە (داود اوا)یە، یان (داو داوا) یە؟، هەروەها بڕوانە ئەم نموونانە:

-قازبەگیان~قاز# بە #گیان~ قاز# بەگیان.

-دووکانیان~ دوو# کانیان~ دووکان# یان.

**١/٢-٢-٢-٥) درێژیی لە دەربڕاوە زمانییەکاندا**

درێژیی دەنگەکان و بڕگەکان و درێژیی ڕووداوە ئاخاوتنییەکان ( واتە ماوەی دەربڕینی دەنگەکان چەند دەخایەنێت) ئەگەری جۆراوجۆربوونی هەیە، ئەم جۆراوجۆرییە، بۆ لایەنی زمانی گرنگە، چونکە بۆ مەبەستی جیاکاریکردن لە نێوان وشەکان و ڕووداوە زمانییەکاندا بەکاردێت. درێژیی (length) و بەردەوامبوون/ماوەی خایاندن (duration) بە چەندێتی(quantity) ئاماژەی پێدەکرێت، کە بە پێوانەی هەزار بەش لە چرکەیەکدا پێوانەدەکرێت. ئەو زمانانەی کە درێژیی، وەک سیمای جیاکەرەوەیی بەکاردەهێنن بە تەنیا هەمبەرییە فونولوژییەکان بریتییە لە درێژیی( the longs) و کورتیی (the short)، واتە تەنیا دوو یەکە دیاریدەکەن، بۆ نموونە لە زمانی فنلندیدا کورتیی و درێژیی، وەک سیمای جیاکەرەوەیی بەکاردێن ( Jones, 1962, 124, 126, 127). (O'Connor, 1973, 197)، هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ڤاولە کورت و درێژەکان بۆ جیاکاریکردن لە نێوان واتای وشەکان بەکاردێن. سێ شێوازی شیکارکردنی ڤاولە درێژەکان دەخرێنەڕوو:

یەکەم: شیکارکردنی ڤاوڵە درێژەکان، وەک فۆنێمێکی جیاکار لە ڤاوڵە کورتەکان، لەبەرئەوە بە هێمای جیاکار لە ڤاوڵە کورتەکان ئاماژەی پێدەدرێت، وەک: ɒ=ɔ – ɔ:= ɔ، i:=i- i=ɪ

دووەم: شیکارکردنی ڤاولە درێژەکان بۆ دووڤاولی کورت i: =i i. لە زمانی کوردیدا لە پێڕەوی نووسیندا، ئەم شیکارکردنە بۆ نووسینی ڤاوڵە درێژەکان ( کوڕ-کووڕ)(دووربین- دووربیین)پەیڕەوکراوە.

سێیەم: شیکارکردنی درێژیی(لای دانیال جۆنز)، وەک فۆنێمیک پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە و بەهێمای (:) ئاماژەی پێدەدرێت، واتە (: i ،i)، لە ڕووی پێکهاتەوە تاکە فۆنێمێکن، ئەم فۆنێمانە، لە گەڵ فۆنێمی درێژیی دێن، یان بە بێ فۆنێمی درێژی دێن (Robins, 1966, 134, 135).

(Daniel jones) لەبەرانبەر فۆنێمی درێژیدا، زاراوەی کرۆنیم (chroneme) بەکاردەهێنێت، بەرانبەر هەر بەردەوامبوون و درێژییەک، زاراوەی ئەلۆکرۆن (allochrone )بەکاردەهێنێت(Jones, 1962, 126, 127). تەنانەت لە ئەو زمانانەی درێژیی، بە سیمای جیاکەرەوەیی دانانرێت، کەچی بۆ ناسینەوەی کۆنسنانتەکان کارێکی پێویستە، بۆنموونە دەنگی [ن] لە وشەی( send)دا درێژترە (دەنگەکەی دواتر، واتە دەنگی[د] لاوازترە)، لە دەنگی [ن] لە وشەی( sent)دا ( دەنگەکەی دواتری واتە[ت] بەهێزترە )، کە درێژیی دەنگی [ن] بنەمایە بۆ جیاکاریکردن لە نێوان [ت] و [د]. دانیال جۆنز باسی کۆمەڵێک هۆکار دەکات، کە کاردەکەنە سەر دریژیی دەربڕینی دەنگەکان، وەک: ١-سروشتی دەنگەکە. ٢- سروشتی دەنگەکانی دراوسێ لە دەوروبەری دەنگیدا (بەدواییەکداهاتنی دەنگەکان لەبڕگەدا). ٣- پلەی سترێس. ٤-ژمارەی بڕگەکان(لەنێوان بڕگەیەک خاوەن سترێسێکی بەهێز بێت، بە بەراورد بە بڕگەکانی تر). ٥- ئاوازە لەهەندێک بارودۆخدا(Jones, 1962, 124) (O’Connor, 1973, 197).

## ٢/٢) پێوەرەکانی شیکارکردنی جۆراوجۆریی دەنگیی

هەرچەندە گرفتی جۆراوجۆریی دەنگیی، وەک یەکەی دەربڕین، لە چوارچێوەی فۆنەتیکی گشتیدا ( general phonetics) شیکاردەکرێت، بەڵام ڕێبازەکانی شیکارکردنی دەنگە زمانییەکان لە خستنەڕووی گرفتە دەنگییەکاندا کەڵک لە هەردوو لقە زانستەکە (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی) وەردەگرێت. فۆنەتیک گرنگیی بەتایبەتمەندیی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی دەدات، وەک ڕووداوێکی ئاخاوتنی کردەیی (Actual speech events) لە دەنگە زمانییەکان دەکۆڵێتەوە، بە گوێرەی کاریگەریی بیستنییەوە(Auditory effect) پۆلێنیاندەکات، واتە فۆنەتیک گرنگی بە دەنگە ماددییەکان (Marterial sound) دەدات، بە پێچەوانەوە زانستی فۆنۆلۆژی گرنگی بە یاسا دەنگییەکان دەدات (sound rules). فۆنەتیک گرنگی بەدەنگ دەدات، وەک دەنگەدەنگێک (Noise) پەسەنیدەکات، بەڵام فۆنۆلۆژی گرنگی بە لایەنی ئەرکی (Functions) دەنگەکان دەدات، لە پێکهاتە و دروستەی دەنگیی زمانێکی دیاریکراو دەکۆڵێتەوە (النوری، محمد جواد،٢٠١٩، ١٣٩). هەندێک لە زمانەوانەکان و قوتابخانە زمانییەکان باس لە جیاکردنەوەی ئەم دوو لقە زانستە دەکەن، ئەمەش بنەمایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی تیۆری فۆنیم و شیکارکردنی فۆنێمیی و شیکارکردنی سەگمێنتیی لە زماندا*، لێرەدا گرنگترین ڕێبازی کارکردنی قوتابخانە زمانییەکان دەخەینەڕوو : یەکەم، سۆسێر: جیاکاریناکات لە نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا، لای سۆسێر فۆنەتیک بریتییە لە زانستێکی مێژوویی، کە دیاردە و گۆڕان و گەشەکردنە مێژووییەکان شیکاردەکات، لقێکی سەرەکییە لە زانستی

* سەرەتاکانی ئەم جیاکاریکردنە بۆ کارەکانی زمانەوانی سویسریی (J. winteler) (١٧٨٤–١٨٣٩)دەگەڕێتەوە، کە دوو جۆری جیاواز لە هەمبەرییە دەنگییەکانی دیاریکرد: یەکێکیان بۆ جیاکاریکردن لە نێوان وشەکاندا لە ڕووی واتا و ڕێزمانەوە بە کاردێت، ئەویتریان ئەم ئەرکە نابینێت، ئەم ئاڕاستەی بیرکردنەوە لە کارەکانی زمانەوانی ئینگلیزیی (Sweet) و زمانەوانی دانیمارکیی (Jespersen)دا دەبینرێن، بە تایبەت (Sweet) بە داهێنەری تیۆریی فۆنێم دادەنرێت و هەروەها ئەلفوبێی نوسینی داهێنا بە ناوی (Broad Romic Alphabet) ( Malmberg, 1964, 75 )، واتە دانانی هێمایەک بۆ هەر یەکەیەکی دەنگیی (فۆنێمێک)، ئەمەش بنەمایەک بوو بۆ بەکارهێنانی زاراوەی گچکەترین جووتۆکە (minimal pairs) لە تاقیکردنەوەی ئاڵوگۆڕانەدا (commutation test)، سیمای جیاکەرەوەیی (distinctive difference)، جۆراوجۆرێتیی سیماییانە (distinctive difference) لە لایەن (sweet) ەوە. هەروەها(Boudoun de courteny) (١٨٤٥–١٩٢٩) جیاکاریکرد لە نێوان فۆنەتیکی–فسیۆلۆژیی (physio-phonetics) و فۆنەتیکی– سایکۆلۆژیی (psycho-phonetics)، ئەمەش بووە بنەمایەک بۆ دانانی تیۆری فۆنێم (phoneme)، بەڵام یەکەم کەس زاراوەی فۆنێمیێ بە کارهێناوە، (Derfrich-Desgenettes) بوو، لە ساڵی (١٨٧٣ )دا لە فەرەنسادا، دواتر (Louse havet) بە کاریهێناوە، لە ئەویشەوە بۆ (Ferdinand de Saussure) گوێزراوەتەوە، هەروەها یەکەم کەس، کە سروشتی کارکردنی (فۆنێم)ی ناساندووە (Jan Baudouine) و خوێندکارەکەی بوو بە ناوی (Kruszewski)، کە لە ساڵی (١٨٨١)دا لە بری یەکەی دەنگیی، زاراوەی فۆنێمی بە کارهێنا. بیرۆکەی فۆنێم لە لایەن (L. Scerba– 1880-1944)ەوە پێشکەش بە قوتابخانەی لەندەن و دانیال جۆنز کرا، لە ئەمریکادا لە لایەن (Edward sapir)ەوە گرنگی پێدراوە، (Bloomfield) بە شێوەیەکی فراوانتر گرنگیپێداوە (Abercrombie, 1967, 21-23) (Kramsky, 1974, 30, 31, 188, 193).

زماندا، لای سۆسێر زانستی فۆنۆلۆژیی* ، کە پێواژۆی میکانیکیی درکاندن دەخاتەڕوو، بە زانستێکی لاوەکیی و یارمەتیدەری زانستی زمان دادەنرێت( Malmberg,1963,97)  (De Sausser, 1959, 33).

**دووەم، قوتابخانەی پراگ (prague school of linguistics) – (trubetszkoy, karcewski, jakobson…etc):** جیاکاریدەکەن لە نێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا، هەرچەندە لە خستنەڕووی بیرۆکەکانیاندا کاریگەربوون بە بۆچوونەکانی سۆسێر (جیاکاریکردن لەنێوان ئاخاوتن-parole و زمان(لایەنی ئاوەزیی)- language )، بەڵام پێچەوانەی سۆسێر کاردەکەن، فۆنەتیک بریتییە لە زانستی دەنگەکان، زانستێکی پەتییە سەر بە زانستە سروشتیەکانە. فۆنۆلۆژیی، لقێکە لە زانستی زمان و دیاردە دەنگییەکان لە ڕووی ئەرکی زمانییەوە چارەسەر دەکات (vachek, 1966, 41).

**سێیەم، قوتابخانەی ئینگلیزیی :** لەنێوان زانستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیدا جیاکاریناکەن، هەرچەندە هەر دوو زانستەکە بە لقێکی سەرەکیی زانستی زمان دادەنێن، بەڵام بەزانستی فۆنەتیک دەستپێدەکەن (فۆنەتیک، فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژی،. . . . تاد). لای ئەم قوتابخانەیە (بە پێچەوانەی سۆسێر)ەوە، فۆنۆلۆژیی لقێکە لە زانستی زمانی مێژوویی، کە هاوواتایە لەگەڵ فۆنەتیکی مێژوویدا(diachronic phonetics,  historical phonetics)، بەڵام فۆنەتیک دەنگە زمانییەکان پۆلێندەکات (چۆنێتیی بەرهەمهێنان و گواستنەوە و وەرگرتنەوەی دەنگەکان)، واتە لقێکە لە زانستی زمانی پەسەنکەرانە (ماریوبای، ١٩٧٣، ٤٤٦)، (vachek, 1966, 41, 46, 47). فۆنەتیک بەواتایەکی بەرتەسک (pure or narrow phonetics) بریتییە لە کۆکردنەوەی بابەتی دەنگیی و تۆمارکردن و شیکارکردنیان، لە ڕووی فسیۆلۆژی و فیزیکییەوە، بەڵام بە واتایەکی بەرفراوان پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زانستی فۆنۆلۆژیدا هەیە (Firth, 1957, 145). ئەم قوتابخانەیە گرنگییان بە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژیی دەدا، بۆ دوو بەشی سەرەکیی دابەشیانکرد، یەکەم : فۆنۆلۆژیی یەکە دەنگییەکان، کە وەک یەکە (units) و پۆل (classes) سەیری دەنگەکانیان دەکرد و پۆلێنیاندەکرد بۆ ڤاوڵ و کۆنستانتەکان، دووەم : فۆنۆلۆژیی پرۆسۆدیی (prosodic phonology)، دیاردە دەنگییەکان دەگرێتەوە، کە لە زنجیرەی ئاخاوتندا(وشە و برگە و ڕستە و دەربڕاوەکان)دێن، ئەو دیاردانە

---

* لقێکی تر لە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژیی لای سۆسێر، بریتییە لە فۆنۆلۆژیی پێکەوەهاتن (combinatory phonology) پێکەوەهاتنی دەنگەکان لەزنجیرەی ئاخاوتندا، بەپێی دەوروبەری دەنگیی و هاتنی لەگەڵ دەنگەکانی دراوسێدا، کە دەنگەکان بیچم و شێوەی جۆراوجۆر وەردەگرن، ئەم زانستە لای سۆسێر هاوشێوەیە، لەگەڵ فۆنەتیکی پێکەوەهاتندا (combinatory phonetics)، کە ئەم زاراوەیە، لە لایەن هەندێک زمانەوانەوە وەک (مالمبرگ) بەکارهاتووە، یان  لای ئەو زمانەوانانەی کە جیاکاری ناکەن لەنێوان فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی، هاوشێوەیە، لە گەڵ فۆنەتیکی وەستان/ ڕاوەستان (phonetics of juncture)، یان هاوشێوەیە، لەگەڵ سیمای جیاکەرەوەی پرۆسۆدیی (prosodic features) لای فێرس و فۆنیمە لاوەکییەکان (secondary phonems) لای قوتابخانەی ئەمریکی (بشر، کمال، ٢٠٠٠، ٨٩).

(درێژکردنەوە و کورتکردنەوەی دەنگەکان، ستریس ، ئاوازە، سەرەتا و کۆتایی برگە، وەستانی دەنگیی) دەگرێتەوە (بشر، کمال، ٢٠٠٠، ٩٦)(Robins, 1966, 157) . قوتابخانەی لەندەن بەتایبەتی فێرس و خوێندکارەکانی (J. vachek, Abercrombie, Harris)، شیکارکردنی فۆنێمیی ڕەتدەکەنەوە و جۆرێکی دیکە لە شیکارکردن پێشنیازدەکەن، بریتییە لە شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی، فێرس پێیوایە، کە شیکارکردنی فۆنێمیی بۆ دەستووری نووسین (broad transcription) پێویستە، بەڵام نووسین لە شیکارکردنی فۆنۆلۆژی جیاوازە، هەربۆیە ناگونجێت، شیکارکردنی نووسینیی بەسەر شیکارکردنی فۆنۆلۆژیانەدا جێبەجێبکرێت، پێیوایە، دەبێت فۆنێم بەیەکەی نووسین دابنرێت، چونکە پەیوەستە بەنووسینەوە(Dinneen, 1967, 32) (Sebeok, 1966, 303, 319).

**چوارەم، قوتابخانەی ئەمریکیی:** لێکۆڵینەوە دەنگییەکان گەشەیان کرد، هەرچەندە لە سەرەتادا هاوشێوەی قوتابخانەی ئینگلیزیی کاریانکرد، بەڵام دواتر ڕێبازێکی جیاوازیان بۆ لێکۆڵینەوە لە دەنگە زمانییەکان دیاریکرد، لای ئەم قوتابخانەیە فۆنەتیک : بریتیبوو لە لێکۆڵینەوە لە لایەنی مادی دەنگەکان، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی ئینگلیزەکانەوە لە بری فۆنۆلۆژیی، زاراوەی فۆنێم (phoneme)یان بەکارهێنا، بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکە دەنگییەکان و گرنگییان بە شیکارکردنی فۆنێمیی دەدا. ئەم قوتابخانەیە جیاکاریان نەکردووە لەنێوان فۆنەتیک و فۆنێم(فۆنۆلۆژیی)دا، ئەم دوو زانستە دوو لقی سەرەکیی زانستی زمانن. (بلۆمفیڵد)، کە ڕابەری ئەم قوتابخانەیە، پێیوایە فۆنەتیک بریتییە لە لایەنی فیزیکیی و ئۆرگانیی دەنگەکان، بەبێ گرنگیدان بە واتا. لە هەندێک بارودۆخدا لە لێکۆلینەوە زمانییەکاندا، زاراوەی (phonetics) هاوواتای (phonology) بەکارهاتووە، کە پەیوەندیی پتەوی نێوان ئەم دوو لقە زانستە دەردەخات ( Bloom field, 1984, 64, 79, 93, 97, 137-138). (بلۆمفیڵد) سێ ڕێگەی شیکارکردن دەخاتەڕوو : یەکەم، پۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانییەوە، واتە فونەتیکی پەتیی( pure phonetic) بە هەر سێ جۆرەکەیەوە. دووەم، لە چێوەی زانستی فونەتیکی پراکتیکیدا (practical phonetics)، ناسینەوەی تەرز و یەکە دەنگییە پێکهێنەرەکانی پێڕەوی دەنگیی زمانێکی دیاریکراو، بە ڕێگەی ئەزموون و تێبینیکردنەوە. سێیەم، سەیرکردنی دەنگەکان، وەک یەکەی جیاکەرەوەی واتایی لە زماندا، لە ژێر ناونیشانی ( فۆنێم )دا، هەندێکجار لە ژێر ناونیشانی فۆنۆلۆژیدا ڕێکدەخرێنەوە، واتە لێکۆلینەوەی دەنگیی، ئاوڕدانەوەیە لە کۆمەڵێک ڕێسا و یاسای گشتیی لە زماندا (Bloomfield, 1984, 64-79, 137-138). قۆناغی کۆتایی ئەم قوتابخانەیە سەرهەڵدانی زاراوەی فۆنێمک * (phonemics) بوو، کە ڕۆڵێکی سەرەکیی لە شیکارکردنی فۆنێمە کەرتییەکان (

---

* ڕێبازی کارکردنی ئەم قوتابخانەیە لە قوتابخانەی ئینگلیزیی جیاوازە. لە سەرەتای ئەم قۆناغەدا، لە لایەن (بلۆمفیڵد)ەوە گرنگی بە شیکارکردنی فۆنێمیی درا، هەروەها لە لایەن (Bloch) و (Trager)ەوە هەمان ئاڕاستە دەرکەوت، بەڵام بە بەکارهێنانی زاراوەی فونێمک (phonemics) لە بری فۆنێم، لە لایەن ( Martinet)ەوە ڕەخنەی لێگیرا، بە کارهێنانی زاراوەی فۆنێماتک (phonematics)ی

segmental phonemes) و فۆنێمە ناکەرتییەکاندا( supra segmental phonemes) هەبوو (لە قۆناغی پێشتر بە فۆنێمی سەرەکیی (primary phonemes) و فۆنێمی لاوەکیی (secondary – marginal phomens )ناو دەبرا). لە ئەم قۆناغەدا فونەتیکی فیزیکیی پەرەیسەند، بە تایبەتی لە چارەسەرکردنی گرفتەکانی بیستن و لە بواری ئەندازەی دەنگدا. . . تاد (Malmberg, 1963, 61) (Vachek, 1966, 41). لە ئەمریکادا جۆرێکی نوێ لە لێکۆڵینەوە دەنگییەکان پەیدابوو، کە بوارێکی ناوەندی بوو لەنێوان بواری فۆنۆلۆژیی، یان ( زانستی فۆنێم) و مۆرفۆلۆژیدا، کە بە مۆرفۆفۆنۆلۆژی (morpho phonology)، یان(morphonology ) ناودەبرێت، هەندێکیش زاراوەی (مۆرفۆفۆنێمک) ( morpho phonemics) بەکاردێنن. کارکردن لە ئەم بوارەدا بریتییە، لە شیکارکردنی وێنەی دەنگیی مۆرفێمەکان بەگوێرەی ئەو دەوروبەرە دەنگییەی تێیدا هاتووە، واتە تێڕوانینە لە پێکهاتەی دەنگیی یەکە مۆرفۆلۆژییەکان (عمر، احمد مختار، ١٩٩٧، ٧٠). ئەم ئاستی شیکارکردنە لەزماندا، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی پەیوەندیی نێوان ئاستی فۆنۆلۆژیی و ڕێزمانە(lyons, 1972, 90) (Akhmanova, 1971, 8).


**پێنجەم، قوتابخانەی بەرهەمهێنان :** هەندێک لە زمانەوانەکان شیکارکردنی فۆنێمیی، وەک یاسایەکی بنەڕەتیی شیکارکردنی زمانیی ڕەتدەکەنەوە، قوتابخانەی بەرهەمهێنان، هیچ جێگرەوەیەک بۆ ئەم شیکارکردنە ناخەنەڕوو، چومسکی دژی ئەو بۆچوونانەیە، کە پێیانوایە، (قسەکەر) لە پێشدا وشە فەرهەنگییەکان دەناسێتەوە، دواتر بەڕێگەی یەکە فەرهەنگییەکان (وشەکانەوە) و بوونی پەیوەندیی سینتاکسی لەنێوانیاندا دەتوانێت لەڕستەکان تێبگات، بەڵکو پێیوایە، کە قسەکەر لەکاتێکدا ڕستەکان درکپێدەکات، لە هەمانکاتدا، بە ڕێگەی پەیوەندییە سینتاکسییەکانەوە لێیانتێدەگات، شیکارکردنی ناوەڕۆکی فەرهەنگیی ڕستەکان بە کارێکی لاوەکیی دادەنێت(Dinnen, 1967, 409). قوتابخانەی بەرهەمهێنان لە بری شیکارکردنی فۆنێمیی، شیکارکردنی سیمای جیاکەرەوەیی بە پەسەند دەزانن، کە بە گوێرەی سیمای جیاکەرەوەیی دەنگە زمانییەکان، گۆڕانە دەنگییەکان دەخەنەڕوو(بڕوانە بەشی چوارەم).

ئەم دوو جۆری زانستە (فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی)، هەرچەندە ڕێبازی کارکردنیان جیاوازە، بەڵام دواتر یەک

---

بە دروست زانیوە، کە (Hjelmslev)یش بەکاریهێناوە، کە پێیوایە بەکارهێنانی فۆنێماتیکیی بریتییە لە جێبەجێکردنی فۆنێم بە ڕێگەی درکاندنەوە ، ئەگەر وەک لێکولینەوەی دەنگیی پەیوەست بە جوڵەی (میکانیکیی) ئاخاوتن سەیربکرێت بواری فۆنەتیکە، ئەگەر وەک لێکۆلینەوەی دەنگیی پەیوەست بە پێڕەوی زمان سەیربکرێت، بواری فۆنۆلۆژییە، هەرچەندە زمانەوانە ئەمریکییەکان لە ڕووی زاراوەوە ڕەخنەی لێدەگرن، بە تایبەت (Hokett) لەگەڵ پەسەندکردنی زاراوەی فۆنۆلۆژییە، نەک فۆنێمک، بەڵام لە ڕووی شێوازی کارکردنەوە، پێیانوایە ئەم زانستە واتە (فۆنێمک) توانی، هەردوو جۆری فۆنێمەکان (سەرەکیی و لاوەکیی ) لەخۆبگرێت، بەڵام بە گشتیی زۆرینەی زمانەوانەکان لە گەڵ پەسەنکردنی زاراوەی (فۆنۆلۆژی)ین(بشر، کمال،٢٠٠٠، ١٠٣-١٠٥).

ئامانجیان هەیە، کە لێکۆڵینەوەیە لە دەنگە زمانییەکان، چونکە دوو زانستی تەواوکارانەن، پەیوەستن بەیەکەوە. لانگەکەر (langaker) پێیوایە، فۆنەتیک پەیوەستە بەشیکارکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن، بەڕێگەی چۆنێتیی دەربڕین و ناسینەوەی تایبەتمەندییە ئەکەوستیکییەکان (فیزیکییەکان)ی دەنگەکان و دواجار پەیپێبردن بە دەنگەکان ( Langacker. R. W, 1968, 3-66).   لێکۆڵینەوە لە دەنگە زمانییەکان لە ڕووی ئەکەوستیکی و فیزیکیی و ئۆرگانییەوە(شیکارکردنی فۆنەتیکیی)، بە تەنها ئەنجامی نابێت، ئەگەر لایەنی ئەرکیی(شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی) لە زماندا لەبەرچاونەگیرێت، واتە نرخی دەنگەکان لەزماندا ئاشکرا نەکرێت( بای، ماریو، ١٩٨٣، ٤٦-٤٧) ( ما لمبرج، ١٩٨٤، ٢٢٧-٢٢٨) (Roach, 1985, 35 بۆ خستنەڕووی پەیوەندیی زانستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، بڕوانە وێنەی(٢-١) :




زانستی فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی. . . . . . وێنەی (٢-١)

## ١-٢/٢) شیکارکردنی دەنگە زمانییەکان

فۆنێم لای زۆربەی قوتابخانە زمانییەکان، تەنانەت ئەوانەی تێڕوانینی فیزیکیی، یان ئەبستراکتی و ئاوەزیانەیان هەیە، دەنگێکی درکێنراو(نوتقکراو) نییە، (Hjelmslef) پێیوایە، (فۆنێمی فۆنۆلۆژیانە بیرۆکە و چەمکێکی دەنگییە، بەڵام بە کارهێنانی فۆنێماتیکیی بریتییە لە نواندن و دووپاتکردنەوەی فۆنێمەکان بە ڕێگەی درکاندنەوە/ نوتقکردنەوە) (Kramsky, 1974, 168)، واتە هەموو دەنگێک لە زماندا، بریتییە لە نواندن و دووپاتکردنەوەی فۆنێمێکی دیاریکراو، شیکارکردنی فۆنۆلۆژیانە گرنگیدەدات بە پەسەندکردن و پۆلێنکردنی دەنگەکان لە زمانێکی دیاریکراودا، دەنگە زمانییەکانیش پێش پۆلێنکردنیان بە دەنگ (sound)، یان فۆن (phone)، یان سەگمێنت (segment)، یان دەربڕاو(articule) ناودەبرێن، بەڵام دوای پۆلێنکردنیان و دەستنیشانکردنیان بەوەی سەر بە فۆنێمێکی دیاریکراون، بە ئەلەفۆن ناودەبرێن، یان قوتابخانەیەکی دیکە سیمای جیاکەرەوەیی بە پێکهاتەی سەرەکیی فۆنێمەکان دادەنێن و فۆنێمەکان بۆ سیمای جیاکەرەوەیی شیکاردەکەن، واتە فۆنێم بە (گورزەیەک لە سیمای جیاکەرەوەیی) دادەنرێت. (Trank) پێیوایە (فۆنێم لەپێڕەوی زماندا- بریتییە لە کۆکراوەیەکی بچووکی چۆنایەتییە فۆنۆلۆژییە جیاکارەکان، کە – لەگەڵ کۆکراوە هاوشێوەکاندا- وشە پێکدەهێنن) ( Kramsky, 1974, 40)، واتە فۆنێم بە ڕێگەی سیمای جیاکەرەوەییەوە خۆی دووپاتدەکاتەوە. ئایا فۆنێم و ئەلەفۆن، هەردووکیان بە ڕێگەی درکاندنەوە لە زماندا دووپاتدەبنەوە؟ ئایا هەردووکیان، کە خاوەنی سیمای جیاکەرەوەین چ جیاوازییەکیان هەیە؟ هەرچەندە ئەم دووانە چەپکێک لە سیمای جیاکەرەوەین، بەڵام جیاکاری واتایی باشترین پێوەرە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری، ئەگەر گۆڕانی واتایی ڕوویدات، ئەوە فۆنێمە، پێچەوانەی ئەم حاڵەتەش ئەلەفۆنە. ڕێککەوتن لە نێوان زمانەوانەکاندا نییە، لەسەر بە کارهێنانی پێوەرێکی دیاریکراو، یان چەند جۆرێک تاقیکردنەوەی پێویست، بە مەبەستی جیاکاریکردن لە نێوان دەنگە زمانییەکان، هەموو ئەو پێوەرانەی کە لێرەدا دەیخەینەڕوو، خزمەت بە بوارێکی جیاوازی گرفتی جۆراوجۆریی دەنگیی دەکەن، واتە دەستنیشانکردنی جۆری گرفتە دەنگییەکە، بنەمایە بۆ ئەوەی کام پێوەر و تاقیکردنەوە بکرێتە بنەمای شیکارکردنی دەنگیی، گرنگترین ئەو پێوەرانە ئەمانەن :

### ١-١-٢/٢)شیکارکردنی فیزیکییانەی دەنگە زمانییەکان

بە پێی تێڕوانینی فیزیکیی (physical)، دانیال جونز* پێیوایە، ئەندامە دەنگییەکانی هەمان خێزان، خاوەن تایبەتمەندیی هاوشێوەن و هاوشێوەبوونی دەنگیی لەنێوان ئەندامەکانی فۆنێمێکدا هەیە و ئەم ئەندامانە لە دابەشبوونی تەواوکارانەدان (Complementary Distribution) (النوری، محمد جواد، ٢٠١٩، ١٤٩ ) ( lyons, 1972,

---

* دانیال جونز بەڕابەری ئەم قوتابخانە زمانییە (قوتابخانەی فیزیکیی) دادەنرێت.

79). ئەندامەکانی هەمان خێزان، لە ڕووی تایبەتمەندییەوە، واتە لەڕووی ئەکەوستیکییەوە، یان لەڕووی ئەندامییەوە هاوشێوەن (Gleason, 1969, 261) (jones, 1962, 8-10). دەنگە بنەرەتییەکان (essential soundas) کۆمەڵێک (important sound) خێزانێکی بچووکی دەنگیی دەنوێنن، هەر خێزانێکیش پێکهاتووە لە دەنگێکی گرنگ دەنگی نزیک لە دەنگە گرنگەکە، کە بە گوێرەی بە دوایەکهاتنێکی دیاریکراو، لە ژێر کاریگەریی چەند مەرجێکی تایبەتدا، وەک درێژکردنەوەی ڤاوڵەکان ، یان سترێس و ئاوازە. . . . . تاد، دەنگە سەرەکییەکە دەنوێنن، کە ئەم خێزانە دەنگییە بە فۆنێم ناودەبرێن (Jones, D, 1962, 7)، بەڵام ئەندامەکانی فۆنێمێک بە ئەندامەکان (members)، یان ئەلەفۆنەکان (allophones)، یان جۆراوجۆریی مەرجدار (conditional variants) ناودەبرێن ( Dinneen, 1967, 35). تاکە ئەندامێک لە خێزانێکی فۆنێمیی بریتییە لە ئەندامی سەرەکیی (principal members)، یان نۆرمی فۆنێمێک (norm of phoneme) (Thomas, 1968, 8)، چونکە بەکارهێنانی ئەو ئەندامە سەرەکییە لە بەکارهێنانە زمانییەکاندا زیاترە بە بەراورد بە ئەندامەکانی تری فۆنێمەکە، ئەم ئەندامە سەرەکییە بریتییە لە چەقیی و ناوەندیی، لەنێو ئەندامەکانی تردا و بەتەنها بەکاردێت و دابڕێنراوە لە دەوروبەرە دەنگییەکان بەکردەیی، بەڵام ئەندامەکانی تر بە لاوەکیی( secondary members *) دادەنرێن. بۆ نموونە دەنگی (هەمزە) و (ت) لە زمانی ئینگلیزیدا، هەرچەندە لە ڕووی شێوازی پێکهاتنەوە جیاوازن (manner of formation)، بەڵام لە ڕووی ئەکەوستیکییەوە هاوشێوەن، لە هەندێک جێکەوتەدا هاوشێوەی یەکتر بەر گوێدەکەون (Jones, 1968, 10 ). ئەگەر بڕوانینە وشەی (کێ ) و ( کورد)، فۆنێمی /ک/لەوشەی یەکەمدا، هیچ جیاوازیی نییە، لەفۆنێمیی/ک/لەوشەی دووەمدا، ئەم دووانە هەمان فۆنێمن لە رووی ئۆرگانییەوە هاوشێوەن، بەڵام لەڕووی دەوروبەری دەنگییەوە جیاوازن و بریتین لە جۆراوجۆریی تاکە فۆنێمێک، هەر بۆیە ئەم دەنگانە بەشەکیانە بریتین لە جۆراوجۆریی دەوروبەریی مەرجداری تاکە فۆنێمێک، کە بە ئەلەفۆن ناودەبرێن (النوري، محمدجواد، ٢٠١٩، ١٥٢). مەرجی سەرەکیی ئەم قوتابخانەیە لە لێکۆلینەوە لە جۆراجۆریی دەنگیدا، دیاریکردنی ئەلەفۆنەکانە، واتە فۆنیمێک لەچەند ئەلەفۆنێک پێکهاتووە، ئەلەفۆنەکان بە پێکهاتەی سەرەکیی فۆنێمەکان دادەنێن، بۆ شیکارکردنی فۆنێمەکان چەند پێوەرێک دەخەنەڕوو :

### ٢/٢-١-١-١) هاوشێوەبوونی فۆنەتیکیی

زۆربەی زمانەوانەکان هاوشێوەبوونی دەنگیی بە بنەمای سەرەکیی دابەشبوونی دەنگەکان دادەنێن. (Zinder– قوتابخانەی لینگراد) ئەوە دەخاتەڕوو، کە هاوشێوەبوونی دەنگیی پێوەرێکە، بۆ گەڕاندنەوەی دەنگێک بۆ فۆنێمێکی دیاریکراو، واتە ئەو سەگمێنتانەی تاقیدەکرێنەوە، لە کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیدا هاوبەشن ( .Thomas A

---

*هەروەها بە (subsidiary members)، (subsidiary allophones)، (divergents)، (sub-phonemic variants) ناودەبرێت ( Jones, 1962, 8).

(sebeok. 1968, 10). هۆكێت (Hocket) مەسەلەی هاوشێوەبوونی فۆنەتیکی (phonetic similarity) دەخاتەڕوو، ئەگەر دوو ئیلیمێنت سەربە فۆنیمێک بن، لە یەکێک لە نیشانە جیاکەرەوەییەکاندا، یان زیاتر هاوشێوەدەبن (hyman, 1975, 46)، ئەم جۆرە یاسایە بۆ دیاریکردنی ئەلەفۆنەکانی سەر بەهەمان فۆنیم بەکاردەهێنرێت، هەرچەندە بە بنەمایەکی بەهێز دانانرێت، چونکە سەرەڕای بوونی هاوشێوەبوونی فۆنەتیکیی، لە یەک لە نیشانە جیاکەرەوەییەکاندا لەنێوان فۆنیمی/م/ و/ن/. . . . . . تاد، بەڵام لە ئەنجامدا ئەم دوو فۆنیمە سەربەخۆن و ناشێت بە ئەلەفۆنی یەکتری دابنرێن. دەنگە زمانییەکان سروشتێکی ئاڵۆزیان هەیە، بۆ نموونە دەشێت، پرسیار بکرێت : ئایا دەنگێکی تەقاوەی ناهەناساویی گڕ، لە گەڵ دەنگێکی تەقاوەی ناهەناساویی کپدا هاوشێوەیە، یان لە گەڵ دەنگێکی تەقاوەی هەناساویی گڕدا هاوشێوەیە (Lyons, 1968, 114). (D. Bolinger) پێیوایە، یەکێک لە پێوەرەکان بۆ ئەوەی بڕیار بدرێت، فۆنەکانی (z, y . . . . . تاد) ئەلەفۆنی فۆنیمێکن، یان سەر بە دوو فۆنیمی جیاکارن، بریتییە لە هاوشێوەبوونی دەنگیی (similarity in sound) واتە هەموو ئەلەفۆنێک دەبێت هاوشێوە بێت، لەگەڵ دەنگێکی تر (لەنێو تاکە فۆنیمێکدا)، بەڕێژەیەکی زیاتر لەوەی هاوشێوەبێت لەگەڵ دەنگێکی تردا، کە سەربە فۆنیمێکی تر بێت (Bolinger, 1968, 44). (Harris) پێیوایە، کە دەتوانرێت سەگمێنتەکان (بەشەکانی فۆنیمێک) لەشێوەی فۆنیم پۆلێنبکرێت، بە شێوازێک، کە فۆنیمێک هەموو ئەو سەگمێنتانە لە خۆدەگرێت، کە ئەو دەنگانە دەنوێنن و هەندێک سیمای جیاکەرەوەیی هاوبەشیان هەیە و لە هیچ بەشێکی فۆنیمێکی دیکەدا نابینرێن، فۆنیمی (P) بە نموونە دەهێنێتەوە، کە هەموو ئەندامەکانی لە سیمای جیاکەرەوەیی (+ لچولێویی: داخستنی لچولێو) (+کپی) هاوبەشن (Harris, 1963, 64). (Danneen) پێیوایە، هاوشێوەبوونی دەنگیی لەنێوان ئەندامەکانی تاکە فۆنیمێکدا، بریتییە لە هاوشێوەبوون لە ڕووی شوێن و شێوازی دەربڕینەوە، کە ئەم پێوەرە زیاتر بۆ دەنگەکانی زمانی ئینگلیزیی گونجاوە، کە ئەلەفۆنەکانی لە شێواز و شوێنی درکاندنەوە هاوشێوەن، بەڵام مەرج نییە ئەم بارودۆخە بەبەردەوامی ڕوودبدات (Danneen, 1967, 40). بە پێچەوانەی ئەم بارودۆخانەوە، (Brosnahan) و (Malmberg) پێیانوایە، هاوشێوەبوونی دەنگیی ناتوانرێت پێوەرێکی دیاریکراویی بۆ دابنرێت، بۆیە دەپرسین ئایا دەنگی (خ)ی (خشۆکیی، نەرمەمەڵاشوویی، کپ)، لەگەڵ دەنگی (چ)ی (خشۆکیی، ڕەقەمەڵاشوویی، کپ)دا ( کە لە زمانی ئەڵمانیدا لەدابەشبوونی تەواوکارانەدان) بە دوو ئەلەفۆنی یەک فۆنیم دادەنرێن؟ لە وەڵامدا دەوترێت کە پێوەری هاوشێوەبوونی دەنگیی لێرەدا گونجاو نییە، چونکە ئەگەر ئەم دوو دەنگە لە سیمای خشۆکیی و کپیدا هاوشێوەبن، ئەوە لە سیمای ڕەقەمەڵاشوویی و نەرمەمەڵاشوویدا جیاوازن (Brosnahan,1970,193, 195, 196)، هەروەها مەرج نییە، لە زمانێکی تردا ئەلەفۆن بن. (Robins) پێیوایە، کە دەستنیشانکردنی جیاوازیی دەنگیی، بۆ ئەوەی ببێتە بنەمای جیاکاریکردن لە نێوان فۆنیم و ئەلەفۆنەکان، پەیوەستە بە پێڕەوی زمانەوە (بڕوانە جۆراوجۆریی پێڕەوی زمانەکان)، واتە بە سروشتی دەنگیی دەنگەکان خۆیانەوە پەیوەست نییە ( Robins, 1966,

131). هەرچەندە هەموو دانەکانی فۆنیمێک دەبێت لە سیمای جیاکەرەوەیدا هاوشێوەبن، بەڵام ئەم پێوەرە بۆ دەنگی [س] و [ز] گونجاو نییە، چونکە سیمای جیاکەرەوەیی هاوبەشیان هەیە و بەتەنها لە (گڕ) و (کپ)یدا جیاوازن، کەچی لەزۆربەی زمانەکاندا، بە دوو فۆنێمی جیاکار دادەنرێن. واتە جیاوازیی لەنێوان زمانەکان لە بەکارهێنانی دەنگێک و پۆلێنکردنی دەنگێک، وەک جۆراوجۆری دەنگیی (ئەلەفۆن)، یان (فۆنێم)، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە (هاوشێوەبوونی دەنگیی)، نابێتە بنەما، بۆ ئەوەی دوو دەنگ بە ئەلەفۆنی فۆنێمێک دابنرێن، هەروەها (جیاوازیی دەنگیی) نابێتە بنەما بۆ ئەوەی دوو دەنگ بە ئەلەفۆنی دوو فۆنێمی جیاواز دابنرێن، بۆ نموونە لە درکاندنی وشەی (dress-shirt)، دەنگی [س] لە ژێر کاریگەریی گۆڕانی دەنگیی- وێکچوونی دەنگیدا، وەک دەنگی [ش]دەردەبڕێت، کە (جۆنز ) پێیوایە، دەنگی [س]، کە هاوشێوەی دەنگی [ش] دەردەبڕێت، ئەندامێکە لەفۆنێمی/س/ (Jones, 1962, 49). لە ئەم بارودۆخەدا، ئایا هاوشێوەبوونی دەنگیی لە نێوان دەنگی [س] و [ش]دا چییە؟ ئایا دەنگی [س]ی گۆڕاو هاوشێوەیە لەگەڵ دەنگی [ش]ی نەگۆڕاو؟ بۆچی ئەم دەنگە[ش] سەربە فۆنێمی تر بێت، کە/س/ە ؟ (Sapir) ئەوە دەخاتەڕوو لە دەربڕدراوێکی، وەک (what is matter?) دەنگی[ت] لە وشەی (matter)دا، کاتێک بێگوێنەدان و سەرزارەکیانە دەردەبڕێت، لەسیمای فیزیکیی خۆی لادەدات و وەک دەنگی [د] گۆدەکرێت و جیاوازە لە دەنگی [د]ی ئەرکیی / فۆنێمی /د/، واتە پەیوەندیی نێوان دەنگی [د] و [ت] لە وشەی (matter)دا جیاوازە لە پەیوەندیی نێوان ئەم دەنگانە لەوشەی (town) و (down)دا، کە (Cyzevskyi) پێیوایە، لە هەندێک بارودۆخدا دوو دەنگی جیاوازی وەک [د] و [ت] دەتوانن، تاکە فۆنێمێک بنوێنن، بەگشتی ڕەخنەی ئەم پێوەرە لە چێوەی بۆچوونەکانی (pitch) دەخەینەڕوو (دابەشبوونی فۆنێمەکان لەسەر بنەمای پێکهاتەی دەنگیی زمانێکی دیاریکراو بونیادنراوە، نەک پێکهاتەی فیزیکیی دەنگەکان، چونکە دەنگە هاوبەش و هاوشێوەکان لە ڕووی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی و بیستەنییەوە، بەڕێگا و شێوازی جیاواز لەزمانە جیاوازەکاندا پۆلێن و دابەشدەکرێن (Kramsky, 1974, 223).


### ٢/٢-١-١-٢) تاقیکردنەوەی ئاڵوگۆڕانە

تاقیکردنەوەی ئاڵوگۆڕانەی نێوان دەنگەکان ئەوە دەخاتەڕوو، کە بچووکترین هەمبەرییە دەنگییەکان، کە دروستەی زمان ڕێگەی پێدەدات، واتە گچکەترین جووتۆکە (mimnimal pair) دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی جیاوازیی لە واتای فەرهەنگیدا (بولجرام، ارنست، ١٩٧٧، ٢٥٧)، واتە وشەیەک هەموو دەنگەکانی هاوشێوە بێت بەتەنها لە یەک دەنگدا( لە هەمان جێگە و پێگەدا) جیاوازبێت، بەمەرجێک جیاوازی واتایی دروست بکات، ئەو دوو دەنگە سەربە دوو فۆنێمی جیاوازن، وەک (دار-تار، کەڕ-گەڕ... تاد). تاقیکردنەوەی ئاڵوگۆڕانە بنەمایەک بوو، بۆ سەرهەڵدانی پێوەری دابەشبوونی تەواوکارانە لە شیکارکردنی دەنگە زمانییەکاندا.

### ٢/٢-١-١-٣) دابەشبوونی تەواوکارانە

لەنێوان هەر دوو دەنگێک لە زماندا دابەشبوونی تەواوکارانە هەیە، یەکێکیان جێگای ئەویتریان دەگرێتەوە لە ژینگەیەکی دەوروبەریی دیاریکراودا، قوتابخانەی فیزیکیی ڕۆڵی سەرەکیی هەبوو، لە دانانی یاسای دابەشبوونی تەواوکارانەدا، بەمەبەستی دیاریکردنی کۆمەڵێک ئەلەفۆنی سەر بەهەمان فۆنیم. ئەو ژینگە دەوروبەرییەی دەنگێک تێیدا بەکارهاتووە، دەتوانێت پێکهاتە و فۆڕمی ئەلەفۆنی فۆنیمەکان دیارییکات، وەک فۆنیمی /ت/ بە حەوت جۆری جیاواز، لەزمانی عەرەبیدا، لە وشە جیاوازەکان و ژینگە جیاوازەکاندا دەردەبڕێت، هەروەها دەنگی [ن] لەوشەکانی وەک (نهر، منک، عنک، انصلح، . . . . . . . تاد) جیاواز دەردەبڕێن (شاهین، عبدالصبور،١٩٧٧، ١٠٦) (بشر، کمال، ٢٠٠٠، ٤٨١-٤٨٢) (عبدالنواب، رمضان،١٩٨٥، ٨٣). هەروەها دەنگی [ل][ڵ] و [ن][نگ] و[ک][گ]، [ر][ڕ]، [س][ز] ....تاد لە زمانی کوردیدا لە دەوروبەرە دەنگییە جیاوازەکاندا جیاواز دەردەبڕێن. ئەو دەنگانەی ناکەونە هەمان ژینگەی دەنگییەوە لە دابەشبوونی تەواوکارانەدان (complementary distribution)، یان جۆراوجۆریی مەرجدارن (conditioned variants) و هەر یەکێک لە ئەو دەنگانە ئەلەفۆنی هەمان فۆنیمن. (lepschy) دەڵێت (دوو نموونەی هاوشێوە لە دەنگێک، ڕەنگە دوو تەرز و دوو کەرتی جیاوازی هەمان فۆنیم بن، بە مەرجێک، یەکێکیان لەژینگەیەکی دەنگیی دیاریکراودا هاتبێت و ئەویتریان لەژینگەیەکی دیاریکراوی تردا هاتبێت)، بۆ نموونە دەربڕینی دەنگی [ک] لەوشەی (call)دا، وەک دەنگی [ق]، بەهۆی ڤاوڵێکی (+پاشەوە)، هەروەها وەک دەنگی [ک] لەوشەی (keel)دا، بەهۆی ڤاوڵێکی (+پێشەوە) (Lepschy, 1972, 116) (lyons,1972, 78) ( ئەم بارودۆخە لەزمانی کوردیدا لە وشەکانی : بانک~بانق، خەڵک~ خەڵق، رکاویی~ ڕقاویی بەراورد بکە!). لەزمانی ئینگلیزیدا باشترین نموونە لە دابەشبوونی تەواوکارانەدا، ئەلەفۆنەکانی فۆنیمی/L/ە : یەکەم، ئەلەفۆنی [L]ی کپ دروستدەبێت، کاتێک دەنگی [ل]، دوای دەنگی [پ] و [ت] و [ک] لەسەرەتای بڕگەدا دێت. دووەم، ئەلەفۆنی [ل]ی ڕوون و ئاشکرا (Clear)، هەمیشە پێش ڤاوڵەکان دێت. سێیەم، ئەلەفۆنی [ل]ی ناڕوون (Dark) لە هەموو شوێنەکانی تردا بەتایبەتی پێش کۆنسنانتەکان و لە پێش وەستان (pause)دا دێت. ئەم دەنگانە، واتە هەر سێ جۆری [ل] لە دابەشبوونی تەواوکارانەدان و سەر بەیەک فۆنیمن (Moises, 2013, 60-61). فۆنیمی [ن] دوو ئەلەفۆنی هەیە، دەنگی [ن]، ئەلەفۆنێکی پووکییە (alveorlar allophone) لە وشەی (ten)دا، ئەلەفۆنێکی ددانییە (dental allophone) لەوشەی (tenth)دا، کە پەیوەستە بە ئەو دەنگەی لە دوایدا دێت. ئەگەر دەنگێک لەجێکەوتەی دەنگێکی تردا هات، مەرج نییە، هەموو جارێک جۆراجۆریی مەرجدار( بەپێی دەوروبەرییە دەنگییەکان) دروستبکات، بەڵکو ئەگەریی ئەوەی هەیە، کە جۆراوجۆریی ئازاد (free variation)بن، بۆ نموونە لە دەربڕاوی (good night)دا، دەنگی [د] بە تەقاوەیی، یان بەبێ تەقاوەیی دەردەبڕێت ( Oconnor, 1973, 179) (Harris,1963, 110). ئەگەر دوو دەنگی جیاواز لە هەمان دەوروبەری دەنگیدا بێن، بە ئەمە دەوترێت جۆراوجۆریی ئازادانە (free variation)، واتە هاتنی دوو دەنگە، یان

زیاتر، کە لە هەمان ژینگەدا بێن و بەبێ دروستبوونی گۆڕان لە واتادا، یان بەبێ ڕوودانی هەڵەی زمانیی، بۆ نموونە فۆنێمی /ز/ لەوشەی (zeal)دا ئەگەر بەئاسایی (normally) دەربېڕێت، دەنگێکی گڕە، بەڵام لەکاتی چرپەکردندا (whispered) دەبێتە دەنگێکی کپ. هەروەها فۆنێمی /ت/ لەوشەی (butter) لەهەندێک ئەکسێنتدا (non-standard british accents) وەک دەنگێکی (glottal stop) دەردەبڕێت، بەڵام لە دەربڕینە ستانداردەکاندا، وەک (t) دەردەبڕێت(Moises, A, 2013, 65). لە ئەم هێڵکارییەی خوارەوەدا دابەشبوونی تەواوکارانەی دەنگەکان ( Jones, 1962, 41), (Brosnahan, 1970, 192) دەخەینەڕوو، بڕوانە وێنەی (٢-٢):




دابەشبوونی تەواوکەرانەی دەنگەکان.............. وێنەی(٢-٢)

ئەو گۆڕانکارییانەی ژینگەی دەوروبەری (نازمانی)دا، دەتوانن بە سەر فۆرمی فۆنێمەکاندا بیانهێنن، دەبنە هۆی دروستبوونی جۆراجۆریی دەنگیی، واتە زۆربەی جۆراجۆرییە دەنگییەکان دەگەڕێتەوە، بۆ جۆری ئەو ژینگە

کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەی قسەکەر تێیدا ئەزموونی هەیە، هەندێکجار ئەم جۆرە جۆراوجۆرییە بە ڤاریفۆن (vari phone) ناودەبرێت، هەروەها جۆراوجۆری دیالێکتیکیی – جیاوازی دیالێکتییانەی فۆنیمێک بە دیافۆن (diaphon) ناودەبرێت، بۆ نموونە شێوەی جیاوازیی دیالێکتیکیی دەربڕینی فۆنیمی/ج/ لە زمانی عەرەبیدا، لەنێوان تەقاوە (plosive) و خشۆکیی (fricative) و ئەفریکەیتیی (affricate)دایە، هەروەها دەربڕینی فۆنیمی /ڵ/ لە زمانی کوردیدا(بەپێی جۆراجۆریی ئەکسێنتیی)، لە نێوان پووکیی- ڕەقەمەڵاشوویی و نەرمەڵاشوویدایە، وەک (دەڵێم~دەلێم~ دەرێم). بە گشتی دوو جۆر لە جۆراوجۆریی ئازاد (free variants) دەستنیشاندەکرێت :-

**یەکەم، ڤاریفۆن (variphone) :** (دانیال جونز) پێیوایە، قسەکەر ناتوانێت وشەیەکی دیاریکراو بە هەمان شێوە دووجار دووبارە بکاتەوە، تەنانەت لە هەمان دەوروبەریی دەنگیدا بێت، چونکە هەر دەربڕاوێک لە دەربڕاوەکانی قسەکەر لە پوختەی وردەکارییەکاندا، لە دەربڕاوێکی دیکەی قسەکەردا جیاوازە، هەندێکجار ناتوانرێت، ئەم جۆراجۆرییە بە ڕێگەی بیستنەوە، یان ئامێرەوە بەدەستبهێنرێت، چونکە درکاندنی جۆراوجۆرانەی دەنگەکان لە لایەن قسەکەرەوە، بێ ئاگایانە ڕوودەدەن، ناتوانرێت تێبینیبکرێن، ئەم جۆرە جۆراوجۆرییە لە سێ بارودۆخدا دێت (Jones, 1962, 205) : **یەکەم،** زمانێک ژمارەی فۆنیمەکانی کەم و دیاریکراو بن، هەر بۆیە خاوەن زمان زۆر گرنگی نادات بە دەربڕینی دەنگەکان کتومت، وەک خۆیان. **دووەم،** کاتێک قسەکەر بە دیالێکتێکی تێکەڵاو قسەدەکات. **سێیەم،** ئەگەر گۆڕانکاریی زمانیی لە درکاندنی دەنگەکاندا لای قسەکەر ڕووبدات. دانیال جونز بۆ جۆری یەکەم زاراوەی ڤاریفۆن بەکاردەهێنێت، کە بەرانبەر زاراوەی فۆنیمی ئازاد( free phoneme)، لای پاڵمەر (palmer) و جۆراوجۆریی ئازاد( free variations)، لای گلیسون (Glesson) دەوەستێتەوە (Jones, 1962, 205) (kramsky, 1974, 208). ڤاریڤۆن دەنگێکی ناجێگیرە( unstable)، واتە ئەو دەنگانەی کە سەربەخۆن، هەرچەندە ناکەونە ناو دەوروبەری دەنگییەوە، بەڵام جۆراوجۆر گۆدەکرێن، تاکە قسەکەرێک بە بێ ئاگایانە و بە بێ مەبەست، دەنگێک جۆراوجۆر دەردەبڕێت، (دانیال جۆنز) دەنگی [ر] لە زمانی یابانیدا بە نموونە دەهێنێتەوە، چونکە قسەکەرێکی یابانیی، زیاتر لە چوار جۆر (ر) دەردەبڕێت و ئەم بارودۆخە بێئاگایانە ڕوودەدات، واتە مەرج نییە، لە دەوروبەرێکی دەنگیی دیاریکراودا بێن. ڤاریفۆن جیاوازە لە دیافۆن، چونکە ڤاریفۆن بریتییە لە دەنگێک لە ئاخاوتنی تاکە کەسێکدا بە بێ کاریگەربوون بە دیالێکتی دەرەکیی، یان بە بێ مەرجدارێتیی دەوروبەرێکی دەنگیی دیاریکراو ڕوودەدات، بەڵام دیافۆن بریتییە لە بەکارهێنانی دەنگێک لە لایەن چەند کەسێکەوە (فرەیی-قسەکەر) بە چەند شێوازی جیاواز(فرەیی- شێواز)، یان لە ژێر کاریگەریی دیاڵێکتێک- جۆراوجۆریی لە دەربڕینی قسەکەر (فرەیی- دەربڕین)ڕوودەدات.

**دووەم، دیافۆن (diaphone):** ناوی خێزانێکی دەنگییە، لە کۆمەڵێک دەنگ پێکدێت، لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا، دەنگێک، یان کۆمەڵێک دەنگ، کە لە لایەن قسەکەری ترەوە، لە هەمان زماندا بەکاردێن، لە لایەن قسەکەرێکی

ترەوە جیاواز دەردەبڕێت (Jones, 1962, 169)، (جۆنز) لە کتێبەکەیدا (An out line of English phonetics) بۆ زاراوەی دیافۆن دوو جۆر بارودۆخ دەستنیشاندەکات : ١-ئەو دەنگانەی لە لایەن کۆمەڵێک قسەکەرەوە بەکاردێن، لەگەڵ ئەو دەنگانەی تر، کە جێگرەوەی ئەم دەنگانەن لە ئاخاوتنی قسەکەرانی تردا، هەموو وێنەیەک لەوێنە دەربڕدراوەکان، بەئەندامێکی هەمان دیافۆن دادەنرێت، واتە دیافۆن بەرانبەر زاراوەی دیافۆنێم (diaphoneme) دەوەستێتەوە. ٢-ئەو دەنگەی لەلایەن کەسێکەوە لە شێوازێکی دیاریکراودا بەکاردێت، لەگەڵ دەنگێکی تر، کە لە ئاخاوتنی هەمان قسەکەردا بەکاردێت، بەڵام لە شێوازێکی تردا جیاواز دەردەبڕێت، واتە دیافۆن دەردەکەوێت، ئەگەر دەربڕینی کەسێک بە کەسێکی دیکە بەراورد بکرێت، یان شێوازی ئاخاوتنی هەمان کەس دوو جۆری جیاوازبێت. نموونەی جۆری یەکەم، دەربڕینی دەنگی ڤاوڵ لە وشەکانی (go) (home)دا، کە هەندێک کەس وەکو ڤاوڵێکی درێژ دەنگی [o:] دەردەبڕێت، بەڵام هەندێکی تر، وەک جووت- ڤاوڵ، یان شێوەی جۆراوجۆر( əu,ou, au,ʌu, ɔo ) دەنگی [o]دەردەبڕێت (دەربڕینی هەندێک دەنگ(ڤاوڵ+ نیمچە ڤاوڵ) لەزمانی کوردیدا بە جووت- ڤاوڵ: ئاو، شەو، نەی، دۆی، نای..تاد)، هەروەها لە دەنگە کۆنستانتەکان لەزمانی ئینگلیزیدا[ش] لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاواز دەردەبڕێت بە گوێرەی جێکەوتەی بەرهەمهێنان و جیاوازیی بارودۆخی لچولێو دەگۆڕێت (Jones, 1962, 196). جۆری دووەم بریتییە، لە شێوازی دەربڕینی قسەکەر، لە نێوان شێوازێکی ئاخاوتنی ئاسایی و خێرادا و شێوازی ئاخاوتنی گوتارییانە، کە جۆراوجۆریی لە دەربڕینی دەنگەکاندا دروستدەبێت و بە دیافۆن دادەنرێت. ٣-ئەو قسەکەرانەی کە شێوازی دەربڕینیان لە ژێر کاریگەریی دیالێکتەکانی دیکەدا جۆراوجۆر دەبێت، واتە قسەکەر دەنگێک لە دووجاردا، بە دوو جۆری جیاواز دەردەبڕێت (Jones, 1962, 196-198). (ماریۆبای) دیافۆن بەئەم شێوە دەستنیشاندەکات : - ئێ-جۆراوجۆریی دەربڕینی فۆنێمێک، کە لە دەوروبەرە دەنگییەکاندا، بۆ هەموو قسەکەرانی زمانێک ڕوودەدات(ناو~ نێو، ناوەند~ نێوەند...تاد). بێ-فۆنێمی دیالێکتێک لە بەکارهێناندا، بەرانبەر فۆنێمی دیالێکتێکی تر دەوەستێتەوە، تەنانەت لەڕووی سیمای دەنگییەوە جیاوازبن (ئەکسێنتی هەولێر بەرانبەر بە ئەکسێنتی سلێمانیی، لەوشەکانی : ماڵ-مار، دەڵێم-دەرێم، گوێ-جێ، کوێ-چێ، بەحرکە-بەعرکە، محەمەد-معەمەد،بە پێچەوانەوە، عەمید-حەمید، حەی عەسکەری-عەی حەسکەری،. . . تاد). ماریۆبای دەنگی [ر] لە وشەی (Very)دا، بەنموونە دەهێنێتەوە لە دەربڕینی بەریتانییەکان و ئەمریکییەکاندا جیاواز دەردەبڕێت، هەروەها دەنگی [ۆ] لەوشەی (hot) و (lot) بەهەمان شێوە جیاواز دەردەبڕێت لەلایەن ئەو دوو ئەکسێنتەوە ( pie, Mario, 1966, 10 ).

### ٢-١-٢/٢)شیکارکردنی پێکهاتەیی دەنگە زمانییەکان

فێرس لە ساڵی (١٩٥٧) دا پێشنیازیکرد، کە لە بری شیکارکردنی فۆنێمیی و فۆنۆلۆژیی دابەشکەرانە و شیکارییانە، باس لە فۆنۆلۆژیی پێکهاتەیی بکرێت (Dinneen, 1967, 323)، لە لێکۆڵینەوەیەکدا، بە ناونیشانی دەنگ و کەرەستە

لەگەڵ هاتووەکاندا (sound and prosodies) (1948)، زاراوەی دەنگ (sound) بەکاردەهێنێت، نەک فۆنێم ( Kramsky, 1974, 157, 158). هەندێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە شیکارکردنی فۆنێمیی (بەهەردوو جۆرەکەیەوە : فۆنێمیی کەرتیی و ناکەرتیی) و شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی و پرۆسۆدیی (prosodic analysis) (بەهەردوو جۆرەکەیەوە : یەکەی فۆنێماتیی (phonematic unit) و پرۆسۆدیی (prosodic) ) هاوشێوەن، بەڵام ئەم دوو ڕێبازە زۆر جیاوازن، چونکە فۆنێم خاوەن پرۆسۆدێکە /سیما جیاکەرەوەیی مۆسیقییە، بەڵام یەکەی فۆنیماتیی = فۆنێم- پرۆسۆدیی، ئەو شیکارکردنەی بۆ سیما جیاکەرەوەییە دەنگییەکان لە شیکارکردنی فۆنێمیدا، بەناوی ئەلەفۆن پێشکەشدەکرێت لە شیکارکردنی پرۆسۆدیی، وەک سیمای پرۆسۆدیی پێکهاتە سینتاکسییەکان و یەکەی فۆنۆلۆژیی گەورەتر پۆلێندەکرێن (Dinneen, 1967, 312, 315, 317) (Robins, 1966, 161, 162)، گرنگترین ڕێبازەکانی شیکارکردن و پێوەرەکانی شیکارکردن لای ئەم قوتابخانەیە دەخەینەڕوو :

**٢/٢-١-٢-١)شیکارکردنی پرۆسۆدیی**

شیکارکردنی فونولۆژیی بریتییە لە : ئێ-شیکارکردنی پڕۆسودیی. بێ- یەکەی فۆنێماتیی. بۆ نموونە لە شیکارکردنی فۆنێمیدا، دەنگی[k] لە وشەی (key) دەنگێکی (گیراوە، هەناساویی (لە سەرەتای وشەدا هاتووە)، کپی، بەشی پێشەوەی نەرمەمەڵاشوو)، واتە فۆنێمی /ک/ کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی جۆراجۆریی هەیە ( وەک (+پێشەوە)، چونکە لە دەوروبەری دەنگێکی ڤاوڵی پێشەوە (ی) هاتوە) (+هەناساویی، چونکە لە سەرەتای وشەدا هاتوە)، بەڵام لە شیکارکردنی پرۆسۆدیی دوو جۆر شیکارکردن دەخرێنەڕوو : یەکەمیان، تەرزێکی یەک بڕگەیی دەنوێنێت c13v7، واتە وشە یەک بڕگەییەکان لە زمانی ئینگلیزیدا، لە جێکەوتەی یەکەم (١٣) فۆرمی هەیە، لە جێکەوتەی دووەم (٧) فۆرمی هەیە. دووەمیان، (k) $\frac{h}{ki:}$ هێمای فۆنێماتییە، واتە بەشێکە لە دەوروبەریی دەنگیی گەورەتر(دەوروبەریی دەنگیی دەنگی[ک])، هەروەها هێڵەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، کە سیمای پرۆسۆدیی لە ڤاوڵ و کۆنسنانتەکاندا هەیە، (h)یش هێمایە بۆ پرۆسۆدیی هەناساویبوون، لە ئەم جۆرە شیکارکردنە لە (پرۆسۆد)ەکانەوە، بۆ پێکهاتە فۆنۆلۆژییەکان (یەکەی فۆنێماتیی) دەچن، هندرسۆن (Henderson) چەند جۆرێک پرۆسۆدیی یەکە فۆنێماتییەکان دیاریدەکات : ١-پرۆسۆدیی ڕستە (ئاوازە–intonation). ٢- پرۆسۆدیی بەشەکانی ڕستە و پێکەوەهاتنی بڕگەکان : سترێس (stress)، تۆن (tone) و درێژیی (lenghth) هاتنیان لە پێکهاتەی بڕگەدا. ٣-پرۆسۆدیی بڕگەکان : سترێس (stress)، تۆن (tone) و درێژیی (lengnth)، بەمەڵاشوویکردن، بەددانیی و نەرمەمەڵاشوویکردن. . . تاد. ٤- پرۆسۆدیی بەشەکانی بڕگە : هەناساویی، هەڵگەڕاوەیی، تەقاوەیی، خشۆکیی، لێویی،. . . تاد. ٥- یەکەی فۆنێماتیی کۆنستانت و ڤاوڵەکان : نەرمەمەڵاشوویی-ددانیی- لچولێویی، ڤاوڵیی لێوخڕبوونەوە و لێوخڕنەبوونەوە، پێشەوە، دواوە. . . تاد. هەندێک لە سیمای پروسودیی بڕگەیەک، وەک درێژیی و سترێس و تۆن...تاد، دەکرێت بەراورد بکرێت، بە فۆنێمە ناکەرتییەکان لە شیکارکردنی فۆنێمیدا (بەدەر لە

سیمای درێژیی، کە سەر بە فۆنیمە ڤاوڵەکانە و بە سیمایی جیاکەرەوەیی(کەرتیی) فۆنیمە ڤاوڵەکان دادەنرێت)، لە شیکارکردنی پرۆسۆدیدا، (درێژیی) سیمای جیاکەرەوەیی (بڕگە)یە(سیمای ناکەرتییە)، نەک فۆنیمەکان، کە پێکهاتەی (بڕگە) پێکهاتەیەکی فۆنۆلۆژییە، بابەتی شیکارکردنەکەش بڕگەی فۆنۆلۆژییە، نەک بڕگەی فۆنەتیکیی (Robins, 1966, 162)، ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە جۆراجۆرییە دەنگییەکانی وەک دیاریکردنی ئەلەفۆنەکان هەنگاوێکی زیادەیە (redundant)، چونکە پێڕەوی فۆنۆلۆژیی پێویستیی بە یەکجۆر تاقیکردنەوەیە، ئەویش جیاکارییە فەرهەنگییەکانە، کە بەڕێگەی فۆنیمەکانەوە بە دەستدەهێنرێت، وەک (کاڵ، خاڵ، ماڵ. . . . تاد). (Allen) پێیوایە، لە کاتێکدا، کە شیکارکردنی فۆنیمیی، بە گوێرەی دەوروبەری دەنگیی، جۆراجۆریی ئەلەفۆنی دیاریدەکات، ئەوە زانستی زمان، لە ئەم حاڵەتەدا تەنها ڕێبازێکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە ڕێگەی تێبینیکردنەوە ( Dinneen, 1967, 320, 408). (Dinneen) پێیوایە، ئەو سیما دەنگییانەی لە شیکارکردنی پرۆسۆدیدا پاشکۆی پرۆسۆدییەکانن، لە شیکارکردنی فۆنیمیی لە چێوەی جۆراجۆریی ئەڵەفۆنیی و فۆنیمی ناکەرتیی و مۆرفۆفۆنیمک چارەسەردەکرێن، هەروەها بە پێشنیازی (Harris) پێکهاتە بەدوایەکداهاتوەکان*، ئەو سیمایانە دەگرێتەوە، کە لەگەڵ فۆنیمە کەرتییە بە دوایەکهاتوەکاندا دێن، واتە بە تەنها گۆڕانکارییە لە خستنەڕووی شێوازی شیکارکردنی دەنگە زمانییەکاندا، کە شیکارکردنێکی جیاواز لە شیکارکردنی فۆنیمیی ناخەنەڕوو. بەگشتی ئەم قوتابخانەیە ڕەخنە لە شیکارکردنی فۆنیمی دەگرن، لە سەر بنەمای (خێزانی دەنگی –جۆراوجۆریی دەنگیی: ئەلەفۆن)، بەڵام کەموکورتییەکانی شیکارکردنی فۆنیمیی، لە سەر بنەمای (چەپکێک لە سیمای دەنگیی) ناخەنەڕوو، چونکە سیما دەنگییەکان ڕێبازێکی پێکهاتەییە، نەوەک شیکاریی(شیکارکردنی فۆنیمیی: ڕێبازێکی شیکارییە)، هەروەها ناتوانن لە نرخی فۆنیمی

---

* ڕێبازی پێکهاتە بەدوایەکداهاتوەکان (simultaneous components) لای زانای ئەمریکیی (Harris) بە کارهاتوە، هەرچەندە سەر بە ڕێبازی پرۆسۆدیی نییە، بەڵام شێوازی شیکارکردنی نزیک دەبێتەوە لە ڕێبازی پرۆسۆدیی، لە شیکارکردنی دەنگە زمانییەکاندا، چەند بنەمایەک دەخاتەڕوو : ١- بەکارهێنانی پێکهاتە بەدوایەکداهاتوەکان، بۆ ناسینەوەی فۆنیمە ناکەرتییەکانی وەک سترێس و ئاوازە و تۆن، هەروەها ناسینەوەی مۆرفیمەکان، بە ئامانجی دیاریکردنی جۆراجۆریی دابەشبوونی فۆنیمەکان. ٢- ئەم ڕێبازە بە سەر هەموو زماندا جێبەجێدەکرێت، کە فۆنیمەکان بۆ ئیلیمێنتە نوێیەکان- پێکهاتەکان (components) دابەشدەکات. ٣- دوو جۆر پێکهاتەیان دەستنیشانکرد : یەکەمیان، پێکهاتە کورتەکان (short components)، تەنها بە سەر یەک بەشدا (فۆنیم) درێژدەبێتەوە. بەکاردێت بۆ پەسەنکردنی پێکهاتەی دەنگیی فۆنیمەکان، بۆ نموونە ئەلەفۆنێک بۆ دوو فۆنیمی جیاواز دەگەڕێتەوە (بڕوانە بێلایەنبوونی فۆنیمیی). دووەمیان، پێکهاتە درێژەکان (long components)، بە سەر زیاتر لە بەشێک درێژدەبنەوە، بۆ دیاریکردنی ڕەهەندەکانی دابەشبوونی فۆنیمیی بەکاردێت (کە بێلایەنبوونی فۆنیمیش لە خۆ دەگرێت)، هەندێک گۆڕانکاریی مۆرفۆفۆنیمیی، هەروەها ئاوازە، واتە پێڕەوی فۆنیمی پێکهاتەیی، شوێنی پێڕەوی فۆنیمی دابەشکارانە دەگرێتەوە. ٤- هەموو فۆنیمک دەوروبەریی دەنگیی تایبەت بە خۆی هەیە (فۆنیم +دەوروبەریی دەنگیی) بۆ نموونە فۆنیمی x لە گەڵYدا دێت، لە دەوروبەریی دەنگیی (XY)دا، بەڵام لە گەڵ U دا نایەت، واتا کۆتوبەندێک لە سەر X هەیە، کە هەمیشە لە گەڵ Y دا، لە هەمان دەوروبەریی دەنگیدا دێت (Hamp,1966,23-35) (Harris, 1963, 125) ( kramsky, 1974, 203) (O’ connor, 1973, 127).

وەستان/ بۆشایی (juncture)(Robins, 1966, 162) لە شیکارکردنی فۆنێمیدا کەمبکەنەوە، چونکە وەستان و دابڕاندنی بەشەکانی ئاخاوتن لە یەکتری، دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی.

**٢/٢-١-٢-٢)شیکارکردنی پارامیتەریی**

ڕێبازی پارامیتەریی (parametric approach) لای (Abercrombie) بەکارهاتوە، کە بە ڕێگەی ئەو ئامێرەی بەکارهاتوە(parametric Artificial Talker)، پارامیتەرەکان پێکەوە کۆدەکرێنەوە، نەک بەشەکان-سەگمێنتەکان (segment)، کە پارامیتەرەکان لە پارامیتەری ئەکەوستیکیی و پارامیتەری فسیۆلۆژی پێکهاتوون. منداڵ لە پێواژۆی زمان فێربووندا زنجیرەیەک لە یەکە و ئیلیمێنتی جیا جیا لە یەکتر فێرنابێت، کە فۆنێمەکان دەیانوێنن، دواتر پێکەوە بیانبەستێتەوە، بەڵکو چەند تەرزێک لە جوڵە: درێژکراوە لە ڕووی کاتەوە، فێردەبێت و دواتر پڕیاندەکاتەوە، واتە ئاخاوتن لە شێوەی سێ پارامیتەرە : تەرزی بەرهەمهێنانی دەنگەکان، تەرزی ئاوازە و جۆراوجۆریی فۆرمی دەنگەکان (Abercromie, 1965, 121-124).

**٢/٢-١-٢-٣)پێوەری یەکەی فۆنۆلۆژیی**

پێوەری یەکەی فۆنۆلۆژیی (Phonological unit) لای ( Josef Vachek)بەکارهاتوە، یەکە فۆنۆلۆژییەکان دابەشناکرێن بۆ یەکەی فونولۆژیی بچووکتر، بۆ جیاوازی لە نێوان ئەم یەکە فۆنۆلۆژییانە و پێناسەی (فۆنێم)دا، ئەم شیکارکردنە دەخاتەڕوو : لە وشەی (glow) و (grow) دا هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە [ل] و [ر] دا جیاوازیی واتایی دەخەنەڕوو، بەڵام لە وشەی (bad) و (pad) دا، هەمبەرییە دەنگییەکان جیاوازیی بچوکتر دەخەنەڕوو، کە بریتییە لە (+دەنگداریی)، فۆنیمی /ب/ دوو یەکەی فونۆلۆژیی هەیە فۆنیمی سەرەکیی/ ئارخی فۆنێم p/archi phoneme+ یەکەی فۆنۆلۆژیی (+ دەنگدار )، لە زمانی کوردیدا لە وشەی وەک(حەب) و (حەپ) دا، فۆنێمی (b) پێکهاتووە لە؛ ( p (فۆنێمی سەرەکیی/ ئارخی فۆنێم) +پەیوەندییە هەمبەرییەکان؛ دەنگدار)، بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا فۆنێمێک، تەنها یەکەی فۆنۆلۆژیی هەیە ( لە زمانی ئینگلیزیدا دەنگەکانی ؛ ( (g) (l) (p) (r)، زیاتر لە دوو یەکەی فۆنۆلۆژییان هەیە ، لە زمانی روسیدا، فۆنێمی /ب/ پێکهاتووە لە ؛p+ دەنگدار+نەرمەمەڵاشوویی ( Vacheck, 1967-145-147).

**٢/٢-١-٣)شیکارکردنی ئەرکییانەی دەنگە زمانییەکان**

ئەم قوتابخانەیە گرنگی بەلایەنی فیزیکیی و ئاوەزیی و سایکولوژی نادات، بە تەنها باس لە لایەنی ئەرکیی دەکات. لای (Trubezkoy)، فۆنێم بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی دەنگیی، کە پەیوەندیی بە بنەما فۆنۆلۆژییەکانەوە هەیە، یەکەیەکی بچووکە ڕۆڵی جیاکەرەوەیی واتایی دەبینێت و بریتییە لە چەمکێکی ئەرکییانە( functional concept) (lyons, 1972, 80) (Hyman, 1975, 67) (Kramsky, 1974, 35). ئەم جۆرە شیکارکردنە لە زماندا کۆمەڵێک پێوەر دەخەنەڕوو:

### ٢/٢-١-٣-١)هەمبەرییە دەنگییەکان

(trubezkoy) بۆ جیاکاریکردن لە نێوان دەنگە زمانییەکاندا، پەیوەست بە هەمبەرییە دەنگییەکان، چەند یاسایەک دەخاتەڕوو : **یەکەم :** دوو دەنگ، شوێنی یەکتر بگرنەوە بەبێ ئەوەی گۆڕان لە واتای فەرهەنگیدا ڕووبدات، ئەوە دوو وێنەی جیاوازی یەک فۆنێمن، یان دوو جۆری جیاوازی یەک فۆنێمن، وەک جۆراوجۆریی ئازاد و سەرپشکییانە لە وشەکانی (ئاسمان~عاسمان) (ماڵ~مار)(حەرام~عەرام). **دووەم:** دوو دەنگ شوێنی یەکتر بگرنەوە و گۆران لە واتادا ڕووبدات، ئەوە دوو فۆنێمی سەربەخۆن، وەک (بار-پار، جار-چار...تاد). **سێیەم:** دوو دەنگ لە ڕووی تایبەتمەندیی بیستەنیی و ئۆرگانییەوە، لە یەکەوە نزیکن، بەڵام لە هەمان چێوەی دەنگیدا نایەن، ئەوە دوو وێنەی جیاوازی هەمان دەنگن، ، وەک جۆراوجۆریی مەرجدار لە هاتنی دەنگی [س]، لەگەڵ ڤاوڵی پێشەوە (ا، ە) (سابون، ساڵ، سەڵتە) لە زمانی کوردیدا، هەروەها وەک [ن] لە زمانی عەرەبیدا وێنەی جیاوازی هەیە، هەریەک لە ئەو جۆرانە لە جێگایەکی تایبەتدا بەکاردێن، ناچنە جێکەوتەی یەکتری (إن ثاب، دەنگی (ن) لە پێش دەنگێکی ددانی، دەبێتە دةنگێکی ددانی )، ( انقال، لە پێش دەنگێکی گەرووی /زمانە بچکۆلەیی )، هیچ کاتێک ئەو دوو جۆرە جیاوازەی [ن]، لە جێگەی یەکتردا نایەن( شاهین، عبدالصبور،١٩٧٧، ١٢٣ – ١٢٥ ) ( بشر، کمال، ٢٠٠٠، ٤٨١ – ٤٨٢ ) ( عبدالنواب، رمضان، ١٩٨٥، ٨٣ ). لە زمانی کوردیدا دەنگی [ک]، یان [گ] لە پێش ڤاوڵێکی(-پێشەوە) سیمای لچولێوی وەردەگرێت، وەک (کوڕ،گوڕ)، بەڵام لە پێش ڤاوڵێکی (+پێشەوە) سیمای ڕەقەمەڵاشوویی وەردەگرێت، وەک (گێل، کینە). شیکارکردنی فونێم لە قوتابخانەی فیزیکیدا، لایەنی تایبەتمەندیی ماددی دەنگەکان دەگرێتەوە، بە پێی جۆراجۆریی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی، باس لە جۆراجۆریی دەنگیی دەکرێت، بەڵام لای ئەم قوتابخانەیە باس لە جیاوازیی واتایی دەکرێت دەنگی [ک] و [ق] لە زمانی ئینگلیزیدا سەر بەهەمان فۆنێمن، چونکە نابنە هۆی گۆڕانیی واتایی، بەڵام لە زمانی عەرەبیی و کوردیدا، دوو فۆنێمی جیاوازن، وەک (قات- کات)، هەروەها دەنگی / د / و /ض/ لە ئینگلیزیدا، سەر بە هەمان فۆنێمن، بەڵام لە عەرەبیدا دوو فۆنیمی سەربەخۆن، چونکە قورسکردن لە ئینگلیزیدا جیاوازی واتایی دروست ناکات، هەروەها لە کوردیدا نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، وەک (سابون~صابون). لە شیکارکردنی فۆنۆلۆژییانەی دەنگە زمانییەکاندا ئەم قوتابخانەیە دوو پێوەر دەخاتەڕوو:

### ٢/٢-١-٣-٢)بەیەکداچوونی فۆنێمیی

قوتابخانەی فیزیکیی بە ڕوونی باس لە دابەشبوونی فۆنێم بۆ چەند ئەلەفۆنێک دەکەن، واتە هەموو فۆنێمێک کۆمەڵێک ئەڵەفۆنی تایبەت بەخۆی هەیە، یان هەر ئەلەفۆنێک سەر بە فۆنێمێکی دیاریکراوە، ئەمە بە دیاردەی جووت-بێهاوتایی (Biuniqueness ) ناودەبرێت، ئەم پێناسەیە لەگەڵ بەیەکداچوونی فۆنێمیدا (phonemic overlapping) ڕێکناکەوێت، چونکە دەکرێت ئەلەفۆنێک، سەر بە دوو فۆنێمی جیاواز بێت، واتە تاکە دەنگێک

دەکرێت، دوو فۆنیمی جیاواز بەرجەستەی بکات (Hyman, 1975, 67-68) لە زمانی عەرەبیدا، ئەلەفۆنی / ط / دەکرێت سەر بە فۆنیمی / ط / بێت، لە وشەی (أطاع)دا، هەروەها سەر بە فۆنیمی / t /بێت لە وشەی ( اصطبر )دا. ئەم دیاردەیە بنەمایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی دیاردەی بێلایەنبوونی فۆنیمیی.

**٢/٢-١-٣-٢)بێلایەنبوونی فۆنیمیی**

بێلایەنبوون (Neutralization)، واتە پووچەڵبوونەوەی ئەو جیاکارییەی کە لە نێوان فۆنیمەکاندا هەیە، لە هەندێک شوێنی دیاریکراودا، واتە لە هەندێک جێکەوتە لە ناو وشەدا( word- position) هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، هیچ بایەخ و نرخێکی زمانییان نابێت (النوری، محمد الجواد، ٢٠١٩، ١٦٥) (lyons ،1972,115). ئەم دیاردەیە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە :

1-لە زمانی ئەڵمانیدا جیاوازیی لە نێوان کۆنسنانتی  گر و کپدا لە زۆربەی جێکەوتەکاندا هەیە، بەڵام لە کۆتایی وشەدا کۆنسنانتی  گڕ نایەت، هەر بۆیە هەر دوو وشەی (rat)(پاسکیل) و (rad)(ئامۆژگاریکردن) هاوشێوەی یەکتر دەردەبڕێن (ra : t)، کە جیاکاریی لەنێوان (t) و (d)دا لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا، هیچ گرنگییەکی نییە .(Martinet,  1964, 89) (Lyons, 1972, 116)

٢-لە زمانی ڕووسیدا هەردوو فۆنیمی (b – p )، یان ( t – d ) لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا و لە پێش دەنگێکی تەقاوە و خشۆکەوە، هیچ گرنگییەکی نابێت.

٣-لە زمانی ئینگلیزیدا هەمبەریی فۆنۆلۆژییانە (phonological oppositions  )لە نێوان (t) و (d)دا هەیە، وەک وشەی (fount, found), (cad, cat), (die, tie)، بەڵام لە وشەکانی (wedding, wetting )دا زۆربەی ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی هاوشێوەی یەکتر (wetting) ئەم دوو وشەیە دەردەبڕن، بۆیە لە ئەم جێکەوتەیەدا جیاکاریی نێوان ئەو دوو دەنگە پووچەڵکراوەتەوە و نرخی نییە( Hartmann, 1976, 18). دەبێت ئەو پرسیارە بخەینەڕوو : ئایا لە زمانی کوردیدا،  سیمای دەنگداریی ( دەنگدار / کپ ) لە کۆتایی وشە و بڕگەدا بێلایەنبووە( neutralized) ؟ فرەچەشنی دەنگە زمانییەکان ئاشکرایدەکەن، کە دەنگەکانی زمانی مرۆڤ لە هەندێک ڕووەوە وەکیەکن، یان لە یەکدەچن و لە هەندێک ڕووی دیکەوە لە یەک جیاوازن، زمانەوانی کورد لە شیکردنەوەی فۆنیمەکانی زمانی کوردیدا، بۆیە ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەی سەرەوە دەبێتەوە، چونکە تەنها (p, t, k) لەگەڵ [ $p^h$,  $t^h$,  $k^h$ ]دا لەدابەشبوونی تەواوکارانەدا ( complementary distribution)نین، بەڵکو لەگەڵ [b,d,g]یش لە هەمان دابەشبووندان، هەرگیز لە کۆتایی وشەدا، وەک خۆیان بەرجەستەنابن، وەک : /حەب/ ~[حەپ]، /قەد/ ~[قەت]، / بەد/ ~ [بەت] ( مەحویی، محەمەدی، ٢٠٠٨، ب٢، ٢٢٦). کۆنسنانتە دەنگدار و کپەکان لە هەمبەریدان، کە لە زمانی کوردیدا ئەم تایبەتمەندییە لە تایبەتمەندیی هەناساوییبوون (aspiration)ی خشۆکەکان بە بەهاترە (مەحوی، محەمەد، ٢٠٠٨، ب٢، ٢٢٧)، بەڵام هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی، هەندێکجار لە زمانی کوردیدا، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە کۆتایی

وشەدا بێلایەندەبن، وەک (گورگ~ گورک، مهاباد~ مهابات....تاد).

### ٤-١-٢/٢) شیکارکردنی ئاوەزییانەی دەنگە زمانییەکان

تێڕوانینی ئاوەزییانە (mentalistic) و سایکۆلۆژییانە (psychological) ئەوە دەخەنەڕوو، کە فۆنیم بریتییە لە تاکە دەنگێکی نموونەیی، دەنگێکی تەرز ئاسا (کەقسەکەر دەیەوێت دەریببڕێت)، بەڵام لەئەنجامدا لادان لە دەربڕینی ئەم دەنگە نموونەییەدا ڕوودەدات، کە دوو هۆکاری سەرەکیی هەیە : **یەکەم**، ئاڵۆزیی بەرهەمهێنانی فۆرمێکی هاوشێوە و دووبارەکراویی ئەو دەنگەی قسەکەر دەیەوێت، دەریببڕێت. **دووەم،** ئەو کاریگەرییانەی بە هۆی دەنگەکانی دەوروبەرەوە ڕوودەدات(lyons, 1972, 79) ). (Edward spair)، کە سەر بە ئەم قوتابخانەیە، فۆنێم بەدەنگێکی نموونەیی (Ideal sound) پێناسەدەکات، واتە هەوڵدەدەین، لە دەربڕیندا لاسایی بکەینەوە، بەڵام لە بەرهەمهێنانی ئەو دەنگە بەتەواوەتی، وەک ئەوەی دەمانەوێت، سەرکەوتوو نابین، یان هەمان ئەو شێوەی گوێمان لێیدەبێت(Dinneen, 1967, 407).(courtenary) لە نێوان دوو لایەن لە شیکارکردنی دەنگەزمانییەکاندا جیاکاریی دەکات: **یەکەم،** دەنگەکانی ئاخاوتن (speech sounds)، کە توێژینەوە لە ئەم لایەنە، لایەنی مادی دەنگەکان دەگرێتەوە، کە لەسەر بنەمای ئەکەوستیکیی و فسیۆلۆژی دادەمەزرێت و بەزانستی فسیۆ-فۆنەتیک ( physio phonetics) ناودەبرێت. **لایەنی دووەم،** کە دیکورتینی بە وێنەی فۆنەتیکیی (phonetic image) دەنگەکان ناوی دەبات، ئەو وێنە ئاوەزییانە دەگرێتەوە، کە وشەکانی زمانی لێپێکدێت، بە زانستی سایکۆ-فۆنەتیکیی ( -psycho phonetics) ناودەبرێت، گرنگی بە وێنەی ئاوەزیی دەنگەکان دەدات، کە ئەم وێنە ئاوەزییانە بە فۆنێم (phonems) ناودەبرێن، فۆنێم ڕاستی و هاوکێشەیەکی سایکۆلۆژیی دەنگەکانە. واتە (دیکۆرتنی) فۆنێم بە وێنەیەکی ئاوەزییانەی دەنگەکان دادەنێت (Dinneen, 1967, 32). ئەم دەنگە نموونەییانە، هەستێکی بیریی دروستدەکەن و پەیوەندییەکی گرنگ لە نێوان دەنگە ڕاستەقینەییەکان پیشاندەدەن، پەیوەست بە قسەکەرێکی ئاسایی ڕاستەقینەتر و جێبەجێکارانەترن، تاوەکو دەنگە ڕاستەقینەکان خۆیان (بشر، کمال، ٢٠٠٠، ٤٨٨). ئەم قوتابخانەیە پێیوایە، کە (دەنگ) بەشێکە لەشیکارکردنی ئاخاوتنیی، بەڵام فۆنێم بەشێکە لە شیکارکردنی زمانیی*. زمانەوانەکان

* قوتابخانەکانی تر ڕەخنە لە تێڕوانینی سایکۆلۆژیی دەگرن، بە تایبەتیی قوتابخانەی (براگ)، کە پێیانوایە، فۆنێم دانەیەکی زمانیی و ئەرکییە، نەک دانەیەکی سایکۆلۆژیی، بە واتایەکی تر دانەیەکی پێڕەوی زمانە نەک دانەیەکی بیریی، لە مێشکی قسەکەردا، قوتابخانەی سایکۆلۆژیی ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەوە، بە تایبەتیی، لە لایەک (W. F. Twaddel )، کە پێیوایە ، پێناسەی فۆنێم، وەک دانەیەکی ئاوەزیی، گونجاو نییە، چونکە هەموو جۆرە خەملاندنێک دەربارەی پێواژۆ زمانییەکان لە ئاوەزدا ( دەسپێداگەیشتن پێی ئالۆزە)، گونجاو نییە،( Trubezkoy)، کە بە ڕابەری قوتابخانەی پراگ دادەنرێت پێیوایە، کە فۆنێم چەمکێکی، یان بیرۆکەیەکی زمانییە نەک سایکۆلۆژیی، هەرچەندە بیرۆکەی بوونی سایکۆلۆژیانەی فۆنێم ڕەتناکەنەوە، بەڵام پێیانوایە، ناکرێت لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە پێناسەی فۆنێم بخرێتەڕوو( Hayman,1975,72).

جەختكرنەوەیان لەسەر لایەنی سایكۆلۆژییە، بە تایبەتیی پەیوەست بە پێواژۆی زمانپژان و فێربوون و وەرگرتنی زمانی دایكیی، كە منداڵێكی كورد فێری عەرەبی دەبێت، لە سەرەتادا دەنگی [ث] وەک / س / دەردەبڕێت، هەروەها ئەو جۆراوجۆرییە دەنگییانەی كە لە ژێر كاریگەریی دەنگەكانی دەوروبەردا دێنەكایەوە، وەک ( پشدەر – پژدەر )، ( چی بكەم – چی پكەم )، ( چەشتی – دەچێژێ) ( بچووک – پچووک )، بە لایەنیی سایكۆلۆژیی لە زماندا پەیوەستن. هەر وەک چۆن زۆرجار نیشانە لە شتێک دەگرێتەوە و شتێكی تر دەپێكین، بە هەموو توانامانەوە دەمانەوێت دەنگی / ب / دەرببڕین، بەڵام لە ژێر كاریگەریی دەنگی / چ /دا، دەنگی / پ / دەردەبڕین، چونكە دەنگی / چ / دەیەوێت، وەک خۆی دەنگی / ب /ەكە كپ بكات و بیكات بە / پ /( فەتاح، محەمەد مەعروف، ١٩٩٠، ٦١ ). هەرچەندە قسەكەری كورد، دەیەوێت دەنگی/ش/ لە وشەیەكی، وەک (بەشدار)دا دەرببڕێت، دەوروبەری دەنگەكە، دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو دەنگەی لە ڕاستیدا دەردەچێت، لە دەنگی/ژ/ بچێت، گۆرانی دەنگیی، وەک (پشدەر~پژدەر، پێشمەرگە~پێژمەرگە، چیبكەم~چیپكەم، چەشتی~دەچێژێ، گەستی~دەگەزێ، ڕشتی~دەرژێ. . . تاد) لە هەموو زمانێكی سرۆشتیدا* دیاردەیەكی ئاسایی و بڵاوە .
ئەم ئاراستە سایكۆلۆژییە، چەند پێوەرێک بۆ شیكاركردنی سایكۆلۆژییانەی ( فۆنێم) دەخەنەڕوو :

**٢/٢-١-٤-١)ئاستەكانی پراوپڕیی**

ئەم قوتابخانەیە پێیانوایە، كە قوتابخانەی فیزیكیی، پەسنكردنێكی پڕاوپڕیان لە ئاستی تێبینكردنی دەنگەكانی زماندا خستوەتەڕوو(شیكاركردنی ئەكەوستیكیی و ئۆرگانیی دەنگەكان)، بەڵام لە ئێستادا پێویستیمان بە پەسنكردنی ڕاڤەكەرانە و ئاستەكانی پڕاوپڕیی( levels of Adequacy ) دیاردە دەنگییەكانە، كە لەگەڵ ئەو ڕێسا و یاسا گشتییانەی جڵەوی بەرهەمهێنانی زمان دەگرن و لە ئاوەزی قسەپێكەرانی زمانەكەدا هەن بگونجێت، بۆ نموونە یاسایەكی دەنگیی، وەک نەمانی دەنگێكی لووتیی [ن]، لە سەرەتایی وشەكانی زمانی ئینگلیزیدا، یان نەمانی دەنگی [هـ] لە كۆتایی وشەكانی زمانی كوردیدا، وەک (نیگاهـ~ نیگا). بەگشتی ئەم جۆرە پەسنكردن و ڕاڤەكردنە

---

* ئەم جیاوازییە لە دركاندنی فۆنێمەكاندا، لە گەڵ ڕوانگەی سایكۆلۆژییانەی زمانەوانی پۆلەندی (دیكورتنی ) دا هاوشێوەیە، (محەمەد مەعروف فەتاح) ئەوە دەخاتەڕوو، كە لە ڕستەیەكی وەكو (پێرێ پەری پێنج جار پەردەی پەنجەرەكەی پەرواند)، هەرچەندە دەنگی/پ/ شەش جار لە ئەو ڕستەدا هاتووە، بەڵام لە یەكتری ناچن، هەر دەنگێكی /پ/ لە ئەو ڕستەدا بێ هاوتایە، چەند هۆیەک دەخاتەڕوو : ١-لە ژێركاریگەریی دەنگەكانی دەوروبەر، وەک لە وشەی (باران -چیبكەم)دا، دەنگی /ب/ دوو دەوروبەری دەنگیی جیاوازیان هەیە. ٢- هەناسەی قسەكەر و دەربڕینی دەنگەكان لە بارودۆخێكەوە بۆ بارودۆخێكی تر دەگۆرێت٣- ئەو شوێنەی كە ئاخاوتنەكانی تێدا دەردەبڕێت ٤-ڕەوشتی قسەكردن و پلەی خوێندەواریی و كار و ئەو زارە كۆمەڵاتیی و ناوچەییە، كە لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازە، كە واتە هەست بە جیاوازیی دركاندنی فۆنێمەكان دەكرێت لە خودی قسەكەر خۆیدا، لە قسەكەرێكەوە بۆ قسەكەرێكی دیكە ئەم جیاوازییە هەستپێدەكرێت.٥- شێوازی قسەكردن (گەورە، منداڵ، ژن، پیاو. . . . تاد) (فەتاح، محەمەد مەعروف، ١٩٩٠، ٥٨-٥٩).

له لای قوتابخانەی بەرهەمهێنان بەدیدەکرێت، کە ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەیەک نادۆزرێتەوە بە( nd, mb, ng) دەستپێبکات (واتە وشەیەک بەکۆنسنانێکی لووتیی و کۆنسنانێکی دیکە دەستپێبکات، نادۆزرێتەوە) (Hayman, 1975, 74-75). زۆربەی قسەپێکەرانی زمانی کوردیی درک بە ئەوە دەکەن، کە بەگوێرەی زانیارییە زمانییە بە گەنجکراوەکان و داکراوەکان لەئاوەزدا، هەندێک دەنگ لە داڕشتەی وشەیەکی ئاسایدا (simple word) پێکەوەنایەن، وەک دەنگی ( ق، ج )(ڵ،ر)، هەندێک دەنگی تر بەردەوام پێکەوە دێن و دەگونجێن، وەک (ست،نج، ند، شت،مچ...تاد) (بڕوانە پێکەوەهاتنی دەنگەکان لە دروستەی بڕگەدا-بەشی پێنجەم).

**٢/٢-١-٤-٢)پابەندبوون بە ڕێزمان**

هەرچەندە قوتابخانەی فیزیکیی لە فونەتیکەوە بۆ فۆنۆلۆژیی دەچن، بەڵام قوتابخانەی سایکولوژیی جیاواز لە ئەم بۆچوونە، پێیانوایە، کە لێکۆلینەوەی فۆنۆلۆژیی بە هەندێک ڕاستییەوە پەیوەستە، کە لە تێکردە ڕێزمانییەکانەوە وەرگیراون و دەبێت پۆلی فۆرمیی( Form class)، یان پۆلی ئاخاوتنیی هەندێک وشە بناسرێنەوە بۆ ئەوەی لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە پەسنبکرێن، بۆ نموونە سترێس لە زمانی ئینگلیزیدا، بەشێکی گرنگە لە شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی، کە بە ناسینەوەی پۆلی ئاخاوتنی وشەکەوە پەیوەستە، کە دیاریکردنی جێکەوتەی سترێس پەیوەستە بە پۆلی ئاخاوتنی وشەکەوە (ناو، یان کردار)، کە ئەمەش لایەنی ڕێزمانیی دەگەیەنێت ( Hyman, 1975, 76-77).

**٢/٢-١-٤-٣)پێوەری سیمای جیاکەرەوەیی**

لە فۆنۆلۆژیی کلاسیکدا (classical phonology) دەربڕدراوە زمانییەکان بۆ بچووکترین یەکەی دەنگیی دابەشدەکرێن، کە بریتین لە فۆنێمەکان، لە فۆنۆلۆژیی دروستەکارییانەدا، بە تایبەتیی لای قوتابخانەی پراگ، فۆنێم بۆ سیمای جیاکەرەوەیی شیکاردەکرێت، واتە فۆنێمێک لە فۆنێمێکی تر جیاوازە، بە یەکێک لە سیما جیاکەرەوەییەکان(Lyons, 1969, 122)، بەڵام فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان (generation phonology) بیرۆکەی فۆنێم ڕەتدەکاتەوە، بیرۆکەی سیمای جیاکەرەوەیی پەسەنددەکات. سیمای جیاکەرەوەیی (distinctive features)، هۆکاری بوونی جیاکاریی و جیاوازییە لە نێوان مۆرفیمەکان و وشەکان و دروستە زمانییەکانی دیکەدا، بۆ نموونە سیمای جیاکەرەوەیی (دەنگداریی) لەوشەکانی (باڵ- پاڵ)دا، دەبێتە هۆی جیاکردنەوەی ئەو دوو وشەیە لەیەکتری، نەک هاتنی فۆنێمی (ب-پ) لە ئەو وشانەدا. فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان دوو جۆر ئاستی سیمای جیاکەرەوەیی دەخاتەڕوو : **یەکەم،** ئاستی سیمای فۆنۆلۆژیی : بنەمایەکە بۆ جیاکاریی واتایی لە نێوان مۆرفیمەکان و وشەکان و دروستە زمانییەکانی دیکە، لە ئاستی قوڵدا ڕوودەدات. **دووەم،** ئاستی سیمای فۆنەتیکیی : پەیوەندیی نییە، بە جیاکاریی واتاییەوە، دەربڕینی هەندێک دەنگ لە لایەن چەند قسەکەرێکەوە، بۆ نموونە قورسکردنی دەنگێک بەسیمای فۆنەتیکی دادەنرێت هیچ نرخێکی جیاکارییانەی لە ئاستی واتادا نابێت، لە

ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات (بشر، کمال،٢٠٠٠، ٩٥، ٩٦). فۆنۆلۆژیی دروستەکارییانە، بە هۆی هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکانەوە، ژمارەی فۆنیمەکان لە هەموو زمانێکدا دیاریدەکەن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان، ئەوە دەخەنەڕوو، کە سیمای (دەنگداریی)، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتایی لە وشەکانی(بار–پار، جار–چار... تاد)دا، بەڵام فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێیان دروستە سینتاکسییەکانی دروستەی ڕووکەش(s-structure)، کە لە نموونەی ستانداردا بە ڕێگەی یاساکانی گواستنەوە بەرهەمدێن، دەخاتە شێوەی نواندنێکی دەنگیی/ ئاستی دەربڕینەوە، کە هەندێکجار دەرکردە(output)ەکانی گواستنەوەی پێکهاتە سینتاکسییەکان، واتە دروستەی ڕووکەش لە گەڵ ئاستی فۆنۆلۆژیدا، واتە نواندنەکانی ئاستی قووڵ/ نواندنەکانی ژێرەوە ناگونجێت، بۆیە لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا، یاسا فۆنۆلۆژییەکانی بەسەردا جێبەجێدەکرێت، بۆ ئەوەی بگاتە ئاستی دەربڕین، کە گۆڕانە دەنگییەکان ڕوودەدەن(السفروشي،ادریس،١٩٨٧)، کە سیمایی جیاکەرەوەیی دەنگەکان، بنەمایەکی بەهێزن، بۆ خستنەڕووی گۆڕانە دەنگییەکان.

**٢/٢-١-٤-٤)شیکارکردنی سەگمێنتیی**

لە تیۆری ستانداردادا (standard theory)، کە لە لایەن (چومسکی و هالی)یەوە دانراون، یاسا فۆنۆلۆژییەکان بە هەردوو ئاستی فۆنەتیک و مۆرفۆلۆژییەوە پەیوەستن، واتە لە تیۆریی (ستاندارد)دا، شیکارکردنی دەنگیی لە سنووری سەگمێنتەکاندا تێناپەڕێت، (goldsmith) گەیاندنیی بۆ چەند سەگمێنتێک (segments) بەشبەشدەکات، ئەم سەگمێنتانە بەشێوەیەکی ئاسۆیی، بە پێی کات ڕێکدەخرێنەوە(زنجیرەی نەبچڕاوی کاتیی)، بەڵام پێکهاتەی ئەم سەگمێنتانە(سیمای جیاکەرەوەیی) لە تیۆری ستانداردا، ناکەونە چوارچێوەی ئەم ڕێکخستنەوە، سیمای جیاکەرەوەیی خەسڵەتی دەرەکیی، وەک(لچولێویی، ددانیی، نەرمەمەڵاشوویی، قوڕگیی... تاد)، یان خەسڵەتی ناوەکیی، وەک(دەنگداریی، نادەنگداریی، کرژیی، خاویی.... تاد)دەنوێنن، لە شیکارکردنی سەگمێنتیدا، بە تەنها گرنگی بە شیکارکردنی کەرتییانەی دەنگەکان نادرێت، بەڵکو هەندێک لە سەگمێنتە ئاڵۆزەکانی، وەک (چ)ی ئەفریکەیتیی(هەروەها جووت کۆنسنانتەکانی، وەک ks, st... تاد) پێویستییان بە شیکارکردنی بنە وەچە–سەگمێنتیی(subsegmental) هەیە و هەندێک دیاردە، وەک ئاوازە، تۆن.. تاد، پێویستییان بە شیکارکردنی سەروو–سەگمێنتیی (suprasegmental)هەیە(السفروشي، ادریس،١٩٨٧،٢٢)، کە ئەم جۆرە شیکارکردنە دەچێتە چێوەی فۆنۆلۆژیی نازنجیرەییەوە(بڕوانە بەشی پێنجەم).

## ٣)شیکارکردنی فۆنەتیکیی و پۆلێنکردنی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا

### ١/٣) پۆلێنکردنی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا

### ٢/٣) شیکارکردنی دەنگە زمانییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا


## ١/٣) پۆلێنکردنی دەنگە زمانییەکان

دەنگ(sound)* بۆ دەنگی بیستراو و نەبیستراو پۆلێندەکرێت، بیستراو ئەو دەنگانەن، کە لە سنووری توانای بیستنی مرۆڤدایە، لەزمانی ئینگلیزیدا، ئەو جۆرە دەنگانەی (sound) تایبەتن بە مرۆڤ, بە (voice) ناودەبرێن. زاراوەی ( دەنگ–sound) لە توێژینەوە زمانییەکاندا، ئاماژەی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە دەنگەکانی ئاخاوتن (speech sound)، ئەو دەنگانەن، کە لە زنجیرەی ئاخاوتندا، لە لایەن ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە دەردەبڕێن، وەک دەنگی [س]، لە وشەی (سوور). . تاد. بە گشتی ئەو زانستەی لە ڕووی زانستییەوە بە توێژینەوە لە ئەم دەنگانە خۆخەریکدەکات، بریتییە لە فۆنەتیک(phonetics)، بەڵام ئەو زانستەی لە ڕووی فیزیکییەوە لێیدەکۆڵێتەوە، بریتییە لە زانستی فۆنەتیکی ئەکەوستیکیی (لیدفوجد، بیتر، ١٩٩٢، ١–٢)، پێواژۆی دەنگ لە چێوەی فۆنەتیکی ئەکەوستیکیی سێ لایەن دەگرێتەوە، **یەکەم،** سەرچاوەی دروستبوونی دەنگەکە، کە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن دەبنە سەرچاوەی دروستبوونی دەنگەکان. **دووەم،** گواستنەوەی دەنگەکە لە قسەکەرەوە بۆ گوێگر. **سێیەم،** جوڵەی

---

* دیاردەی دەنگ ڕوودەدات لە ئەنجامی جوڵەیەکی فیزیکیی، بۆیە دەبێت چەند میکانیزمێک بخەینەڕوو: **١–لەرە (**vibration**)** : جوڵەی تەنێک ( بەندۆلێک، یان ئۆرگانەکانی ئاخاوتن)، لە مرۆڤدا لەوانەیە بە شێوەیەکی ڕێک (periodic) بێت، یان بە شێوەیەکی نارێک (non periodic)، جوڵەیەکی سادە (simple)، یان ناسادە (complex) بێت(بنەمایە بۆ پۆلێنکردنی فۆنیمەکان لە زماندا بۆ ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان)، دووریی نێوان شوێنی وەستانی تەنە جۆڵاوەکە (بەندۆڵ) و دوورترین شوێن بریتییە لە ڕادەی جوڵانەوە (amplitude)، درێژیی مانەوەی ئەو جوڵەیە، پێیدەوترێت ماوەی جوڵانەوە (duration)، ڕادەی جوڵانەوە /ڕادەی لەرینەوە بەرپرسە لە گرژیی (intensity) دەنگەکە، بەرزیی دەنگەکە (loudness) بریتییە لە گرژیی پەیپێبراو ( perceived intensity). کۆمەلێک لەرە پێکەوە بەدوایەکدا بێن، پێیاندەوترێت شەپۆلی دەنگ (sound wave). دوو دەنگ هەرچەند لە یەکبچن، بەڵام چەند هۆکارێک دەبنە هۆی دروستکردنی جیاوازیی لە نێوانیان، ئ‌ی– بەرزیی دەنگەکە(loudness) : دوو دەنگ لە ڕووی بەرزیی و نزمییەوە جیاوازن. ب‌ی–پلەی دەنگیی/زرنگە (pitch) : ئەگەر لە ڕووی بەرزیی و نزمییەوە وەکیەکبن ئەوە لە ڕووی پلەی دەنگییەوە جیاوازن، کە پەیوەستە بە خێرایی لەرەی دەنگەگان و ژمارەی لەرەی دەنگەکان لە چرکەیەکدا. پ‌ی–جۆری دەنگەکە (timbre) : هەرچەندە لە ڕووی بەرزی و نزمیی و پلەوە وەکیەکبن، بەڵام لە ڕووی جۆڕەوە جیاوازن، کە پەیوەستە بە بەکارهێنانی دوو ئامێری جیاواز(پیانۆ و کەمانچە، یان گۆرانکاریی لە جێکەوتەی ئۆرگانی ئاخاوتن لە مرۆڤدا). **٢–فرەجاریی/فریکەونسی (**frequency**):** چەند جارەی خولانەوەی تەنێک لە یەک چرکەدا، هەموو تەنێک فرەجاریی تایبەت بە خۆی هەیە، کۆمەڵێک فریکەونسی (groups of frequencies) دەبێتە هۆی پێکهێنانی جۆری دەنگەگە (timbre) و تایبەتمەندیی دەنگیی بە دەنگەکە دەبەخشێت و لە دەنگێکی تر جیایدەکاتەوە، کۆمەڵێک فریکەونسیی پێدەوترێت فۆرمانت (formants)، کە بابەتێکی گرنگە بۆ لێکۆلینەوە لە دەنگە ڤاوڵەکان، هەموو دەنگە ڤاوڵەکان خاوەن تۆنێکی /ئاوازەیەکی سەرەکیی ( fundamental tone) و دوو فۆرمانتن/کۆمەڵە فۆرمانت (frequency band)ن، کە لە ئامێری (spectrogram)دا، وەک خەتێکی ڕەشی ئاسۆیی دەردەکەوێت و ڕۆلێکی سەرەکیی لە جیاکردنەوەی دەنگێک لە دەنگێکی تر هەیە. **٣– زرنگدانەوە (resonance):** زرنگدانەوەی تەنێک، واتە ئەو تەنەیە، کە دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زرنگدانەوە و پێدەوترێت زرنگدەرەوەیی(resonate)، بەڵام ئەو تەنەی زرەنگدەرەوەیی دروستدەکات، زرنگە دروستکەر(resonator)ی پێدەوترێت (Malmberg, 1963, 4-8, 10, 13, 14) ( Ladefoged, 1966, 13) (Hockett, 1955, 182) (Pei, 1966, 277).

سەرچاوەی درووستبوونی دەنگەکە، کە بە هۆی لەرینەوەی سەرچاوەی دەنگەگەوە(ئۆرگانەکانی ئاخاوتن)، دەنگە زمانییەکان ڕوودەدەن(ladefoged, 1966, 3-12). ئەو جۆرە دەنگانەی لە زمانێکی دیاریکراودا، وەک یەکەی دەنگیی سەیر دەکرێن، بریتین لە( فۆنێم–phoneme)، وەک/س/، هەروەها پیت (letter) بریتییە لە هێمای نووسینی فۆنێمێک، وەک (س، ت..... تاد). بۆ تێگەیشتن لە زاراوەی ( دەنگ–sound)، لێکۆڵینەوە لە دەنگە زمانییەکان لە چێوەی بەشەکانی فۆنەتیکدا، بڕوانە وێنەی(٣–١):




لێکۆڵینەوە لە دەنگە زمانییەکان............ وێنەی(٣–١)

## ١-١/٣) شیکارکردنی فۆنەتیکیی دەنگە زمانییەکان

بۆخستنەڕووی پۆلێنکردنی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا، دەبێت هەنگاوی یەکەم شیکردنەوەی فۆنەتیکیی دەنگەکان لە چێوەی جۆرە جیاوازەکانی فۆنەتیکدا، بکرێنە بنەمای ئەم شیکارکردنە بۆ ئەوەی پۆلێنکردنی ورد و پێوانەیی فۆنیمەکان لەزمانی کوردیدا بەدەستبهێنرێت، لە چێوەی ئەم بابەتەدا، چەند پێوەرێک دەبنە بنەما بۆ پۆلێنکردنی فۆنیمەکان لە زمانی کوردیدا:

یەکەم/ شیکارکردنی فۆنەتیکییانەی دەنگە زمانییەکان: شیکارکردنی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا، بە ئامانجی ناسینەوەی سیمای جیاکەرەوەیی دەنگەکان(شیکارکردنی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی دەنگەکان بە دابڕێنراوی لە زنجیرەی ئاخاوتن-خستنەڕووی فۆنیمەکان و پۆلێنکردنی فۆنیمەکان بە پێی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا).

دووەم/ شیکارکردنی فۆنەتیکییانەی دەنگە زمانییەکان: پێکەوە هاتنی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، بە ئامانجی دیاریکردنی سیمای جیاکەرەوەیی لاوەکییانەی فۆنیمەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا و هەڵهێنجانی یاسا و گۆڕانە دەنگییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، لە چێوەی فۆنەتیکی- گەشەکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن (evoluties phonetics).

### ٣/-١-١-١)شیکارکردنی ئەکەوستیکییانەی دەنگە زمانییەکان

شیکارکردنی ئەکەوستیکییانەی* دەنگە زمانییەکان، گرنگی بە پێواژۆی بەرهەمهێنانی ئاخاوتن و ئۆرگانە

---

* (wilis ) یەکەم کەس بووە، کە لە بواری شیکارکردنی ئەکەوستیکییانەی ئاخاوتن (١٨٢٩) دا کاریکردوە، لە ئەنجامدا ئەوەی خستەڕوو، کە هەموو دەنگێکی ڤاوڵ، دوو تایبەتمەندیی و دوو نیشانەی جیاکەرەوەیی هەیە : ١- پلەی دەنگەکە/زرنگە (pitch). ٢-تۆنی تایبەت بە ڤاوڵەکان (زرنگەدەرەوەیی)، دواتر ئەم تیۆرییە لە لایەن(helmholtz) پەرەپێدرا، کە جیاکاری کرد لە نێوان ڤاوڵەکان لە سەر بنەمای ئەوەی، هەندێکیان یەک زرنگەدەرەوەیین، ئەوانیتر دوو زرنگەدەرەوەین( Ledefoged, 1967, 72 )، دوای چەندساڵێک (A. G. Bell–١٨٧٩) دوو زرنگدرەوەیی (two resonances ) بۆ هەر ڤاوڵێک لە ڤاوڵە سەرەکییەکان (cardinal vowel )دۆزییەوە، کە پێشتر باوکی (A. M. Bell)ی باسیکردبوو. زانستی فۆنەتیکی ئەکەوستیکیی، هەندێک وەک ( halle, fant, joos, jakobson…etc) بە فۆنەتیکی فیزیکیی (physical phonetics) ناویدەبەن (hartmann, 1972, 3-4)، ماریوپای بە ئەم شێوە دەیخاتەڕوو، فونەتیکی ئەکەوستیکیی دوو لایەن لە خۆ دەگرێت : ١-لایەنی فیزیکیی. ٢-لایەنی فسیۆلۆژیی، کە پەیوەستە بە بیستن و پەیپێبردن بە دەنگەکان (pei, 1966, 5). (فۆنەتیکی ئەکەوستیکیی) یارمەتی توێژەرەکان دەدات، لە بوارە زمانییە جیاوازەکاندا -شیکارکردنی دەنگییدا، بۆ نموونە: **یەکەم،** بۆ تێگەیشتن لە بنەمای فیزیکیی هەندێک دیاردەی زمانیی، بە تایبەتیی ئەوانەی بە دەربڕینەوە پەیوەستن، وەک سترێس و تۆن (stress, tone)، کە لەسەر بنەما فیزیکییە پەتییەکانی، وەک فرەجاریی/ کۆمەڵێک لەرە (frequency)، ماوەی جوڵانە و (duration) ڕادەی جوڵانەوە...... تاد بونیاد دەنرێن. **دووەم،** ئەم زانستە گرنگە بۆ توێژینەوە لە دیاردەکانی گۆڕان و گەشەکردنی دەنگەکانی ئاخاوتن (evoluties phonetics)، لە ئەو بارەییەوە پرسیار دەکات، بۆچی هەندێک دەنگ زۆرتر ئارەزووی گۆڕان دەکات (ناجێگیرە) بە بەراورد بە دەنگەکانی تر لەزماندا؟ **سێیەم،** گۆڕینەوەی ئاخاوتنی دەربڕدراو بۆ ئاخاوتنی نووسراو، بە پێچەوانەوە، مرۆڤ دەتوانێت، لە بەرانبەر مایکرۆفۆنێک (microphone) گفتوگۆبکات، وەرگێرانی بۆ بکرێت بۆ زمانی نووسین (نووسینی میکانیکیی و ئامێریی/ بە کارهێنانی ئامێری

دەنگییەکان دەدات، ئۆرگانە دەنگییەکان لە دەنگەژێیەکانەوە دەستپێدەکەن و بە بۆشایی لووت و دەم کۆتاییان پێدێت، وروژمیی هەوا، کە بە ئەم بۆشاییانەدا تێدەپەڕێت، هۆکارێکە بۆ دروستبوونی شەپۆلە دەنگییەکان و لەرینەوە دەنگییەکان بە پێی جوڵەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتن (ladefoged, 1966, 89)، بە رێگەی شیکارکردنی ئەکەوستیکیی ئاخاوتنەوە سەلمێنراوە، ئەو جۆراوجۆرییە دەنگییانەی درکپێدەکرێت، بۆ جۆراوجۆریی سیمای ئەکەوستیکیی دەنگەکان دەگەڕێتەوە، بۆ نموونە :

١-پلەی دەنگیی/ زرنگە(pitch)ی دروستبوو لە گەرووا (glottal pitch)، بە تایبەتی لە دەنگە گڕەکاندا، نزیکەی ٨٠٪ دەنگەکانی زمانی ئینگلیزیی لە زنجیرەی ئاخاوتندا سیمای(+دەنگداریی) وەردەگرن.

٢- جۆراوجۆریی شەپۆلە دەنگییەکان بە جۆراوجۆریی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکانەوە پەیوەستن، بە تایبەتی جۆراجۆریی بۆشاییە سەروو-گەروویییەکان لە پێواژۆی دەربڕینی دەنگەکاندا. فریکەونسیی/فرەجاریی سەروو-گەروویییەکان بە بۆماوەیی(inherent) ناودەبرێن، هەمبەر بە ئەم حاڵەتە جۆراوجۆریی فریکەونسیی/فرەجاریی -گەروویییەکان بۆماوەیی نین و بە لەرینەوەی دەنگەژێیەکانەوە پەیوەستن، کە پلەی دەنگیی/ زرنگەی جیاواز بەرهەمدێت (Robins, 1966, 105, 106). بەگشتی دەنگە زمانییەکان دابەشدەکرێن بۆ :**ئێ- دەنگە مۆسیقییەکان**(musical sounds)- دەنگە ڤاوڵەکان. **بێ-دەنگە نامۆسیقییەکان**- (noises)- کۆنسنانتەکان، پێکهاتەی ئەکەوستیکیی هەندێک لە دەنگە کۆنسنانتەکان(دەنگە لووتیی و لاییەکان-ل، م، ن) هاوشێوەی دەنگە ڤاوڵەکانن. زمانی کوردی لەپێکهاتەی بڕگەکانیدا، هەمیشە ئارەزووی لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا نییە، زۆرتر بڕگەی(cv) لە زمانەکەدا چالاکە، واتە پێکهاتەی بڕگە لە زمانی کوردیدا مۆسیقییە. دەنگە کۆنسنانتەکان دابەشدەبن بۆ : ئێ- دەنگە کۆنسنانتە-نارێکە-پەتییەکان، واتە دەنگە کپەکانی (ت، ش، س.... تاد). بێ-دەنگە

---

زیرەک -کۆمپیوتەر، ئایپاد، موبایل... تاد) (لید فوجد، بیتر، ١٩٩٢، پێشەکی). **چوارەم،** سوودگەیاندن بە بوارە زانستییەکانی تر، وەک (ئەندازەی دەنگ) لە هۆیەکانی گەیاندن و ڕاگەیاندن. **پێنجەم،** چارەسەرکردنی گرفتە زمانییەکان، تایبەت بە پێواژۆی بیستن و درکاندن لە زماندا، دەرەنجامەکانی ئەم شیکارکردنە، کە لەلایەن زمانەوانەکانەوە ئەنجام دەدرێن، دەبنە بابەتی گرنگی چارەسەرکردنە : ١- فسیۆلۆژییەکان: پشکنینی ئەندامەکانی ئاخاوتن، چارەسەرکردنی گرفتی فسیۆلۆژیی ( پارچەگۆشتێکی زیاد-زیاددە گۆشت) لە لووت و قورگ، نارێکیی ددانەکان...... تاد. ٢- سایکۆلۆژییەکان: بە کارهێنانی هۆکاری سایکۆلۆژیی دیاریکراو بۆ چارەسەرکردنی هەڵچوون و تێکچوونە دەروونییەکان(بشر، کمال،٢٠٠٠، ٥١). **شەشەم**، بنەمایەکی زانستیی گرنگ پێشکەشدەکات و دەبێتە بابەتی لێکۆلینەوەی زانستی فونەتیکی تاقیگەیی. سێ لقەکەی زانستی فۆنەتیک لە گەشەکردندایە، لە ژێر ناونیشانی فۆنەتیکی تاقیگەیی (Experimental\instrumentalphonetics) بۆیەکەمجار لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەدا لە سەر دەستی زانای ئەڵمانیی(کارل لۆدفیغ) بەکارهاتووە، بە داهێنانکردنی ئامێری کیموگراف(Kymograph)، بەگشتی لە سەدەی بیستەمدا لێکۆلینەوە دەنگییەکان زۆرتر گەشەی کرد و کۆمەڵێک ئامێری نوێ داهێنران، وەک (Radiograph, stroboscopy, palatography) و ئامێری کارەبایی، وەک(spectrograph, oscillography)، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە شوێنی دروستی بەهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان (النوری، محمد الجواد،٢٠٠٧، ٨-٩).

کۆنسنانتە-نارێکە- خاوەن تۆنی قورگیی، واتە دەنگە گڕەکان ، وەک (ب، ز، د.... تاد) (ladefoged, 1966, 105) (malmberg, 1963, 17). لێرەدا سێ جۆر شیکارکردنی ئەکەوستیکیی دەنگەکان دەخەینەڕوو:

١-شیکارکردنی ئەکەوستیکیی ڤاوڵەکان: بریتییە لە پۆلێنکردنی ڤاوڵەکان، بۆ نموونە و تەرزی ئەکەوستیکیی،ئەم تەرزانە لە هەموو زمانەکاندا هاوشێوەن و پێوانەیین، بەڵام هەموو زمانێک توانای بەرهەمهێنانی ئەم دەنگە پێوانەییانە بە ڕێگەی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە دیاریکراو و سنووردارە، پێڕەوی ڤاوڵەکان لە زمانەکاندا لە سەر بنەمای جووت-هەمبەرییە دەنگییەکان پۆلێندەکرێن، کە بریتین لە:

١-تیژ/زبر/acute(i)-----نەرم/grave–(u)، خاو/grave (u)---پێکەوەهاتوو/compact(i).

٢-پێکەوەهاتوو/compact(i, u)------ پەرشوبڵاو/diffuse(a).

ڤاوڵەکان دوو فۆرمانتیان(formant) هەیە، ئەم فۆرمانتانە بنەمان بۆ دەستنیشانکردنی جۆر و شێوەی ڤاوڵەکان، ئەم فۆرمانتانە بە بۆشاییە سەروو-گەروویییەکان- قورگ و ناودەمەوە پەیوەستن، بە گشتی شیکارکرنی ئەکەوستیکیی ڤاوڵەکان چەندین فۆرمانتی تر ئاشکرا دەکەن، کە بریتیین لە سیمای لاوەکییانەی ڤاوڵەکان، وەک بە لووتیبوونی-ڤاوڵەکان، کە فۆرمانتێکی دیاریکراویان هەیە، ئەم فۆرمانتە جۆراوجۆرانە، جیاوازیی تاکێتیی لە دەربڕین و خەسڵەتی گروپەکان (group features)، یان زانیاریی ئەکسێنتییانە (accentual information)ی ئاخاوتن دەخەنەڕوو، کە قسەکەر بەڕێگەی کۆمەڵەیەکی دیاریکراوەوە وەریدەگرێت، ئەمەش بنەمایەکی بەهێزە، بۆ دیاریکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی و شوێنی جوگرافیی قسەکەر (Malmberg, 1963, 11-18) ( ladefoged, 1967, 104) (ladefoged, 1966, 25).

٢-شیکارکرنی ئەکەوستیکیی کۆنسنانتەکان، چەند لایەنێک دەگرێتەوە:ئێ-ئەو کۆنسنانتانەی فریکەونسی/ فرەجارییان بەرزە، بە دەنگە تیژەکان/زبرەکان(sharp) و ئەو دەنگانەی فریکەونسی/ فرەجارییان نزمە بە دەنگە خاوەکان (gravity) پەسەندەکرێن (Malmberg, 1963, 15, 16)، بۆ نموونە دەنگی [ت،د] لە [ب،پ] زبرترن، بەڵام دەنگی[ک،گ] لە ئەم هەمبەرییە دەنگییەدا لە ناوەند دادەنرێت، لە نێوان بەرز و نزمدایە. بێ- ئەو کۆنسنانتانەی کە پەرشوبڵاون (diffuse) لە بەرانبەر ئەو دەنگانەی کە پێکەوەهاتوون (compact)، بۆ نموونە دەنگی[ت،د]، یان[ب،پ] پەرشوبڵاون، لە بەرانبەردا دەنگی[ک،گ] پێکەوەهاتوون. پێ- ئەو دەنگانەی بەرێگەی رێگریکردن لە وروژمیی هەوا لە سییەکانەوە بەرهەمهاتوون، لێکخشاندنێک (friction) دروستدەبێت، وەک(ف، ڤ، س، ز، ژ، ش.... تاد)، بەڵام بە داخستن و کردنەوەی هەواکە، تەقاندنەوە(explosion) ڕوودەدات، وەک (د، ت، ب، پ.... تاد).

٣-شیکارکردنی ئەکەوستیکیی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا: پۆلێنکردنی ئەو جۆراجۆرییە دەنگییانەی، وەک(خشووک، تەقاوە، دەنگداریی.... تاد)، جیگیر و چەسپاو نیین، لە زنجیرەی ئاخاوتندا دەنگە زمانییەکان، کە

دەچنەپاڵ یەکتر، سیما دەنگییەکانیان گۆڕانیان بەسەردا دێت، کاریگەریی کۆنسنانتەکان لە سەر ڤاوڵەکان و بە پێچەوانەوە کاریگەری ڤاوڵەکان لە سەر کۆنسنانتەکان بە ئاشکرا لە شیکارکردنی ئەکەوستیکیدا دەردەکەوێت، بۆ نموونە دەنگی(ل)، کە لە پێش ڤاوڵی (ی، ێ) ەوە بێت، هەمان ئەو دەنگە (ل)ە نییە، کە لە پێش ڤاوڵەکانی (و، ۆ، ا، ە)ەوە دێت.

### ۲-۱-۱/۳)شیکارکردنی ئۆرگانییانەی دەنگە زمانییەکان


دەنگە زمانییەکان، لە لایەن ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە * بەرهەمدەهێنرێن، کە بە ئۆرگانی دەنگیی (vocal tract) ناودەبرێن و لە کۆمەڵێک ئۆرگانی تر پێکهاتوون، ئەم ئۆرگانە دەنگییە پێویستیی بە وزەیە، کە ئەم وزەیە لە کۆئەندامی هەناسەدانەوە (respiratory system) * وەردەگرێت. دەنگە زمانییەکان لەناو سییەکاندا دروست نابن، بەڵکو لە گەروو و ئۆرگانە سەروو- گەروویییەکاندا دروست دەبن (خرما، نایف، ۱۹۷۸، ٢٥٤ ). لە قۆناغی یەکەمدا، ئۆرگانەکانی هەناسەدان ، سییەکان(the luuge)، بۆری هەوا (the windpipe)، ناوپەنچک (the diaphagm)، بەرپرسن

---

* زانستی فونەتیکی ئۆرگانیی، لە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و ئەو ماسولکانەی، تایبەتن بە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن دەکۆڵێتەوە، ئەم زانستە پەیوەندیی بە زانستی فسیۆلۆژی و توێکارییەوە (anatomy) هەیە، زۆرجار پێیدەوترێت فۆنەتیکی- ئامێرێتیی (motor phonetics) ( الغامدی، منصورین محمد، ۲۰۰۱، ١٤) (Malmberg, 1963, 1). ئەم زانستە هەوڵی پۆلێنکردنی جۆارجۆریی بێکۆتا و ئەگەرییانەی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکان نادات، بەڵکو بە تەنها ئەو دەنگانەی دەکەونە نێو درکپێکردن و پەیپێردنی قسەکەرەوە، دەبنە بابەتی لێکۆلینەوە، بە بەراورد بە ئەو توانایەی ئۆرگانی ئاخاوتن لە بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆری دەنگەکاندا، دەنگە زمانییەکان ژمارەیان دیاریکراوە، کە دانیال جونز باسی پەیپێبردن بە زیاتر لە (٥٠) دەنگی ڤاوڵ دەکات(Hartmann, 1972, 1) .

*پێواژۆی دروستکردنی دەنگ (phonation) لە پێواژوی هەناسەدان(respiration) جیاوازە، پێواژۆی دروستکردنی دەنگ، بریتییە، لە بەکارهێنانەوەی ئەو هەوایەی، بە رێگەی هەناسەدانەوە لەسییەکانەوە دێتە دەرەوە، رێگریگرتن لە هەواکە لە لایەن ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە ( گەروو و سەروو- گەروویییەکان/ over glottis – بۆشایی ناودەم ). ( حسام الدین، کریم زکی، ۱۹۹۲، ٥٥) (Lade foged, 1971, 23)، بەڵام هەناسەدان (respiratory cycle) بریتییە، لە دوو پێواژۆ : ١-هەناسەوەرگرتن (inspiration) ٢-هەناسەدانەوە (expiration)، دەنگ (voice) لە مرۆڤدا بە زۆری بەهۆی هەناسەدانەوە دروستدەبێت، هەندێکجار دەنگەکان بەهۆی هەناسەوەرگرتنەوە دروست دەبن ( وەک ئەو دەنگانەی لەنێوان منداڵەکاندا بەکاردێت)، بەگشتی سێ جۆر جوڵەی میکانیکیی وروژمی هەوا لە ئاخاوتنی مرۆڤدا بەکاردەهێنرێت، بریتین لە : ١-جوڵەی وروژمی هەوا- سییەکان(pulmonic). ٢-جوڵەی وروژمیی هەوا-گەروو(glottis). ٣-جوڵەی وروژمیی هەوا- مەلاشوو (velaric). هەریەک لە ئەوانەی سەرەوە بۆ پاڵپێوەنان بە هەوا بۆ دەرەوە( egressive)، یان بۆ ناوەوە (ingressive ) بەکاردێت، گرنگترینیان بریتییە لە جوڵەی هەوا-سییەکان، چونکە هۆکاری بەرهەمهێنانی ئاخاوتنی ئاسایی مرۆڤن ( Abercrombie, 1967, 25) (Brosnahan, 1970, 110) (Malmberg, 1963, 22).

لە بەرهەمهێنانی  وزەی بەکارهاتوو، لە بەرهەمێنانی دەنگە زمانییەکاندا، بە ڕێگەی پێواژۆی هەناسەدانەوە (respiration)، بەڵام لە قۆناغی دووەمدا، واتە لە قۆناغی  دروستکردنی دەنگدا (phonation)، ئۆرگانە دەنگییەکان (vocal tract) لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکاندا بەرپرسن. ئاخاوتن لە دەرەنجامی چوار جۆر پێواژۆی جیاکارانەوە ڕوودەدات: ١-پێواژۆی ورووژمی هەوا (air stream). ٢-پێواژۆی دروستکردنی دەنگ (phonation). ٣-پێواژۆی لووتیی (oro – nasal). ٤-پێواژۆی درکاندن (articulatory). پێواژۆی درکاندن (articulatory)، لە پێواژۆکانی تر ئاڵۆزترە، چونکە جێکەوتە و شوێنی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان (place of articulation) جۆراوجۆرە و ژمارەیان زۆرە، بەڕادەیەک، کە ژمارەی دەنگە زمانییەکان، کە لە بارداپە، بۆ ئەوەی ئۆرگانی ئاخاوتن بەرهەمیان بهێنن لە ژماردن نایەن، هەر زمانێک ژمارەیەکی دیاریکراو لە دەنگە زمانییەکان لە جێکەوتەی دوور، یان نزیک لە یەکەوە(جێکەوتەی ڕێگریکردن لە ورووژمی باکە - ئۆرگانی ئاخاوتن) بەرهەمدەهێنن و لە لایەن گوێگرەوە پەیپێدەبرێت(Glesson, 1969, 244) (ladefoged, 1966, 2) (O'conner, 1973, 46) (ladefoged, 1971, 36)، دەربارەی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان، بڕوانە وێنەی(٣-٢):




جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان. . . . . . . . . وێنەی (٣-٢)


ئۆرگانەکانی ئاخاوتن(Organs of speech ) بریتییە لە : یەکەم، ئۆرگانی هەناسەدان، کە بەرپرسە لە دابینکردنی هەوای پێویست بە مەبەستی بەرهەمهێنانی زۆرینەی دەنگە زمانییەکان. دووەم، ئۆرگانە دەنگییەکان(vocal Tract)،

که بریتیین له بۆشاییەکانی بەشی سەرەوەی گەروو (superglottal cavities)، لەڕووی فسیۆلۆژییەوە، ئۆرگانە دەنگییەکان (vocat Tract) لە چوار بۆشایی سەرەکی پێکهاتوون (بۆشایی گەروو / قورقوراگە* (larynx)، بۆشایی قورگ (pharynx)، بۆشایی زار (ناودەم) (oral cavity/mouth cavity)، بۆشایی لووت/گیرفانەکانی لووت ( nasal cavity/nasal chambers) (عمر، احمد مختار، ١٩٩٧، ١٠٤ )، هەریەک لە ئەم بۆشاییانە کۆمەڵێک ئۆرگان* لەخۆ دەگرێت، رۆلی سەرەکییان لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکاندا هەیە، نزیکەی ١٠٠ ماسولکەی پەیوەستبوو بە مێشکەوە تەحەکومیان پێوەدەکەن، فەرمان لەمێشکەوە وەردەگرن، بە ڕێگەی ئەو تۆڕبەندە دەمارییانەی کە پێوەی بەستراونەتەوە، بڕوانە وێنە ی(٣-٣):

---

* بۆشایی گەروو لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە : ١-کرکراگەی کراکۆید( The Cricoid cardillage) : شێوەیەکی بازنەیی هەیە دەوری قورگ دەدات، لە بەشی خوارەوەی قورگدایە، لە خوارەوە دەگاتەوە بە بۆری هەوا. ٢-کرکڕاگەی سایرۆید/ دەرەقی (The thyroid cartilage): گەورەترین کرکڕاگەیە لە پشتەوە کراوەیە لە شێوەی ژمارە حەوتە و لە بەشی پێشەوە بەرەو دەرەوە بەرز دەبێتەوە و پێیدەوترێت (Adams apple). ٣- کرکڕاگەی ئەرتینۆید (the two arytenoids ) بریتییە لە دوو کرکراگەی بچووک شێوەیەکی هەرەمیی هەیە، لە بەشی پشتەوەی کرکڕاگەی کراکۆید جێگیر دەبێت، بەهۆی ماسولکەکانەوە بە ئاسانی دەجولێت، دوو بەشی سەرەکی هەیە،بەشی پێشەوە پێواژۆ دەنگییەکانە (vocal process) و جێکەوتەی بەیەکگەیشتنەوەی دەنگەژێیەکانە (the vocal cords)، بەشی پشتەوەی پێیدەوترێت (muscular process)، خاڵی بەیەکگەیشتنەوەی ئەو ماسولکانەیە، کە بەرپرسن لە جوڵەی کرکراگەی هەرەمیی، کە تەحەکومدەکات بە کردنەوە و داخستنی درز و قلیشەکانی گەروو( glottis) و بە دەنگەژێیەکان دەوردراون. بەشی سەرەوەی گەروو پێیدەوترێت( epiglottis) -(دەمی گەروو )، یان زمانەی گەروو، ئیشی سەرەکیی، پاراستنی قورقوراگە و بۆری هەناسەدانە لە کاتی نانخواردندا و بە شێوەیەکی راستەوخۆ رۆلی لە پێکهێنانی دەنگە زمانییەکاندا نییە ( البدری، فؤاد، ١٩٨٥، ٨٨، ٨٩ ) ( برکە، بسام،، ١٩٨٨، ٦٢).


* بۆشایی گەروو (larynx)، بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی زۆرینەی وزەی دەنگیی بەکارهێنراو لە ئاخاوتندا، بەڵام بۆشایی سەروو- گەرووییەکان (سەروو-دەنگەژێیەکان)، رۆلی سەرەکییان لە بەرهەمهێنانی دەنگەدەنگدا (noise ) هەیە، کە لە ئاخاوتندا بەکاردەهێنرێت(Brosnahan, 1970, 29) (Malmberg, 1963, 21).




بۆشاییەکانی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان. . . . . . . . وێنەی(٣-٣)

**١/٣-١-٢-١) بۆشایی گەروو/ قورقوڕاگە**

بریتییە لە ئۆرگانی بەرهەمهێنانی دەنگ و وزەی پێویستی بەکارهێنراو لە ئاخاوتندا بەرهەمدەهێنێت، لە شێوەی بۆکسێکی/سندوقێکی بازنەییە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی بۆری هەوا (wind pipe) و خوارەوەی قورگەوە (pharynx)، بڕوانە وێنەی (٣-٤) :





گەروو و درزو قلیشەکانی گەروو. . . . . . . وێنەی (٣-٤)

### ١/٣-١-٢-١-١)بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان لە دەنگەژێیەکان

دەنگەژێیەکان* (vocal cords) لە بۆشایی گەرووداو گرنگترین ئەندامی ئاخاوتنن، هەندێکجار پێیاندەوترێت تاڵە باریکەکانی قوڕگ* بریتین لە دوو ماسولکە لە شێوەی دوو لێو لەکاتی بەرهەمهێنانی دەنگەکانی ئاخاوتندا، ئەم دوو لێوە لەیەک نزیکدەبنەوە و زمانەی گەروو (epiglottis) دادەخەن، بڕوانە وێنەی (٣-٥) :

*لەسەرووی دەنگە ژێیە ڕاستەقینەکان (true vocal fold) دەنگەژێیە درۆزنەکان (false vocal fold-false vocal cord) هەن، هیچ پەیوەندیان بە پێواژۆی دروستکردنی دەنگەوە نییە ( برکە، بسام،، ١٩٨٨، ٦٢).


*لە وشەی (cord)ی ئینگلیزییەوە زاراوەی تاڵە باریکەکان وەرگیراوە، ئەم دەنگەژێیانە شێوەی (تاڵی باریک)یان نییە، بەڵکو بریتین لە دوو ماسولکەی بچووک لە شێوەی دوو لێو (two lips).




دەنگەژێیەکان. . . . . وێنەی (٣-٥)

ئەو شەپۆلە هەوایەی، کە بە ڕێگەی تێپەڕبوونی هەوا لە دەمی گەروو داخراو (زمانەی گەروو داخراو) بەرهەمدێت، دەبێتە هۆکاری لەرینەوەی دەنگەژێیەکان و بارودۆخی دەنگداریێتی (voicement) (واتە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییە گڕەکان، وەک ڤاوڵەکان و هەندێک لە کۆنسنانتەکان)دروستدەبێت، دەنگداریی یەکێکە لە سیما جیاکەرەوەییەکان (برکة، بسام، ١٩٨٨، ٦٢-٦٣)، لە زمانی کوردیشدا نیشانەی جیاکەرەوەییە لەنێوان جووت فۆنێمەکانی /د-ت/، /ز،-س/. . . تاد. بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان بە بێ لەرینەوەی دەنگەژێیەکان بارودۆخی کپێتی (voiceless) دروستدەکات، دەنگی [ز] و [س] لەهەمان ئۆرگانی دەنگییەوە بەرهەمدێن، دەتوانین هەردووکیان دەرببڕێن، بەبێ گۆڕانکاریکردن لەجێکەوتەی ئۆرگانیدا، بەڵام جیاکاری سەرەکیی لەنێوانیاندا، گڕیی

دەنگی یەکەم  و کپیی دەنگی دووەمە، بۆ شێوەی سروشتیی لەرینەوەی دەنگەژێیەکان*، بڕوانە وێنەی(٣-٦)(بۆ ئەم وێنەیە بڕوانە:عمر ، احمد موختار، ١٩٩٧):




١ ٢ ٣ ٤ ٥

بارودۆخی دەنگەژێیەکان. . . . . . وێنەی (٣-٦)

دەنگەژێیەکان چەند بارودۆخێکی جیاواز وەردەگرن*:١ -لەکاتی هەناسەدانی ئاساییدا(breathing)، دەنگەژێیەکان بارودۆخی کرانەوە وەردەگرن. ٢-لەکاتی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکاندا، دەنگەژێیەکان بارودۆخی کرانەوە وەردەگرن (کەمتر لە هەناسەدان)، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەنگە کپەکان (breathed, unvoiced, voiceless)،

---

* هەندێک لە زمانەوانەکان، بە تایبەتی (catford)، زیاتر لە ١٠ جۆری جیاوازی لەرینەوەی دەنگەژێیەکان دەخاتەڕوو، بەگشتی زمانەوانەکان لە سەر ٦ بۆ ٧ حاڵەت رێککەوتوون، بەتایبەتی ئەو بارودۆخانەی، کە دەبنە سیمای جیاکەرەوەیی، وەک (دەنگداریی- نادەنگداریی/کپیی) (گەروویی-وەستانی گەروویی) (هەناساویبوون -ناهەناساویبوون) (حاڵەتی چرپاندن ).. تاد (Ladefoged, 1971, 7-8).

* ڕادەی لەرینەوەی دەنگەژێیەکان لە نزمترین دەنگدا، لە نێوان (٦٠-٧٠) هیرتزدایە، لە بەرزترین دەنگدا دەگاتە (١٢٠٠-١٣٠٠) هیرتز، بەڵام لە ئاخاوتنی ئاساییدا بریتییە لە( ١٠٠-٢٠٠) هیرتز لە پیاواندا،( ٢٠٠-٣٠٠ هیرتز) لە ژناندا، دوو تیۆری جیاوازمان هەیە، کە لەرینەوەی دەنگەژێیکان ڕاڤەدەکەن، یەکەمیان : پێیوایە، سەرچاوەی لەرینەوەکە تەوژمی هەوایە، کە لە نێو دەنگە ژێیەکانەوە دروستدەبێت و دەنگەژێیەکان، وەک ئامێرێکی مۆسیقیی کاردەکەن (شمشاڵ و زۆرنا و دووزەلە)، دووەمیان : پێیوایە، لەرینەوەی دەنگەژێیەکان پەیوەستە بە فەرمانکردن بە دەنگەژێیەکان لە لایەن مێشکەوە (لەڕووی دەمارییەوە )، کە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی دەنگەزمانییەکان و دەنگەژێیەکان تەنها ڕۆڵی (زەنگی ئاگادارکردنەوە) دەبینن، تا ئێستا زمانەوانەکان پشتگیریی تیۆریی یەکەم دەکەن، چونکە دووەمیان کاری شیکاریی و تاقیگەیی پێویستە (برکة، بسام، ١٩٨٨، ٦٣-٦٤ ).

هەروەها پێیدەوترێت دەنگە هەناساوییەکان یان قەپاتکراوەکان (sprirital, aspirate, mute, surd) (Abercrombie, 1967, 168). ٣-بارودۆخی دروستکردنی دەنگ (phonation)، یان بارودۆخی لەرینەوە (vibration)، کە بریتیە لە بارودۆخی دەنگدارێتی*، لە ئەم بارودۆخەدا، دەنگەژێییەکان لەیەکتر نزیکدەبنەوە، بەڵام لەخوارەوە بۆ سەرەوە بە هۆی وروژمی هەوای سییەکانەوە، کە لە گەرووەوە دێن، لەیەکتر جیادەبنەوە، ئەم نزیکبوونەوە و لەیەکجیابوونەوە، دووبارە دەبنەوە و دەبێتە هۆی لەرینەوەی دەنگەژێییەکان و پێکهێنانی پێواژۆی دروستکردنی دەنگ (phonation) و دروستبوونی دیاردەی دەنگ (voice)، بەدەنگی بەرهەمهاتوو دەوترێت دەنگدار * (voiced). لەرینەوەی دەنگەژێییەکان دەبنە سەرچاوەی دیاریکردنی پلەی دەنگیی/ زرنگە (voice pitch) و بابەتی پێکهێنانی تۆن/ بەتۆنکردن (intonation) لە دەربڕاوە زمانییەکاندا (Robins, 1966, 88). ٤–بارودۆخی چرپاندن (whispering): بارودۆخی دەنگەژێییەکان لە حاڵەتی نزیکبوونەوە (زۆر لەیەکتر نزیک نابنەوە، کە ببێتە هۆکاری لەرینەوە)، ئەم حاڵەتە پێیدەوترێت چرپاندن/چپەیی (whisper)، ئەگەر دەنگەکە کپبوو، بە کپیی دەمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر گڕبوو، ئەوە دەبێتە دەنگێکی چپەیی (whisperead) (Abercrombie, 1967, 28) (Robins, 1966, 88). ٥-بارودۆخی دەنگەژێییەکان لە حاڵەتی داخستنی تەواودا * ( full closed)، زۆرینەی دەنگە- نازمانییەکان لە ئەم حاڵەتەدا بەرهەمدێن، هەروەها ئەم بارودۆخە تایبەتە بە بەرهەمهێنانی دەنگی( گەروویی-گیراو/ تەقاوە - ئـ -هەمزە) (Abercrombie, 1967, 28)، ئەم دەنگە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە، لە ئینگلیزیدا (لە زمانی ستاندارد و فەرمیدا، یان دیالێکتەکاندا) جێگای دەنگی (t)، یان جێگای هەندێک کۆنستانتی دیکە، کە لەنێوان دوو ڤاوڵدا دێن یان لە کۆتایی وشەدا دێن دەگرێتەوە، لەزۆربەی زمانەکانی وەک ئەڵمانیی ودانیمارکیی وعەرەبیی. . . . . تاد، بەدەنگێکی گرنگ دادەنرێت، هیچ ئۆرگانێکی دەنگیی تایبەتمان نییە بە بەرهەمهێنانی ئەم دەنگە، بەڵام دەنگەژێییەکان ڕۆڵی ئەو ئۆرگانە دەنگییە دەبینن، لە بەرئەوەی لەلایەن دەنگەژێییەکانەوە بەرهەمدێن ناتوانرێت بەدەنگێکی (+دەنگدار)،

---

* هەندێکجار زۆر پێویستە جۆری دەنگداریی دیاریبکرێت، واتە دەنگە زمانییەکان لە حاڵەتی هەناساوییبوون (breathy)، یان جیرەجیریی (creaky)، یان لە باری ئاسایدان (normal)ن (O'connor, 1973, 40).

* هەندێک بە زرنگە-دەنگییەکان، یان لەرە -دەنگییەکان، یان تۆنە- دەنگییەکان (sonant, vibrant, vocal intonated) ناوی دەبەن (Abercrombie, 1967, 27, 168).

* داخستنی دەنگەژێییەکان بە تەواوەتی (جگە لە بەرهەمهێنانی -هەمزە-) بۆ بەرهەمهێنانی دەنگە پێچەوانەکان (ejective) گرنگن، لە ئەم حاڵەتەدا هەوای سییەکان بەکارنایەن، چەند هەنگاوێک جێبەجێدەبێت:١-دەنگەژێییەکان بەتەواوەتی دادەخرێن. ٢-نەرمەمەلاشوو بەرزدەبێتەوە. ٣-داخستنی لچولێو- هەربۆیە بۆشاییەکی داخراو دروستدەبێت، لە دەنگەژێییەکانەوە تاوەکو لچولێو دادەخرێت، دەتوانرێت، هەوا پاڵبدرێت بۆ ناوەوەی ئەم بۆشاییە، ئەویش بە بچووکردنەوەی بۆشاییەکە بە ڕێگەی بەرزکردنەوەی گەروو/قورقوڕاگە و زمانەوە، ئەگەر لەپڕ لچولێو لە یەکجیابکرێنەوە، هەواکە دەتەقێتەوە و دەنگێک دروستدەکات. ئەم جۆرە دەنگە لەزمانی ئینگلیزیدا نییە، لەزمانەکانی تردا (هۆزی-زۆلۆ)هەیە، دەنگە زمانییەکانی تر وەک (s) و (f)..... تاد، دەتوانرێت بە ئەمشێوەیە بەرهەمبهێنرێت (O' Connor, 1973, 41).

یان (-دەنگدار)، یان (چرپاندن) پەسەنبکرێت (عمر، احمد مختار، ١٩٩٧، ١٢٩). زاراوەی دەنگداریی/گڕ بۆ (voiced)-(+) بە کارهاتووە، بەڵام زاراوەی کپی بۆ (voicless)-(-) بە کارهاتووە، بۆ دەنگی(هەمزە-ئـ-) زاراوەی نادەنگداریی (unvoiced) بەکارهاتووە، چونکە جگە لە گڕیی و کپیی سیماییەکی نادەنگداریی، تایبەتە بە دەنگی هەمزە، ناکرێت، دەنگێک لە دەنگەژێیەکانەوە بەرهەمبێت، لە هەمانکاتدا تەقاوە و دەنگدار بێت، واتە ناکرێت دەنگەکە خاوەن لەرە بێت، لە پڕ بوەستێنرێت، هەروەها لە حاڵەتی هەمزەدا دەنگەژێیەکان دادەخرێن، جیاوازە لە دەنگە کپەکان، کە دەنگەژێیەکان دوورن لە یەکەوە، بۆیە هەمزە ناتوانێت سەر بە هیچیان بێت (الغامدي، منصور بن محمد، ٢٠٠١، ٩٧). ٦- بارودۆخێکی دیکەی دەنگەژێیەکان، بریتییە لە حاڵەتی نیوەکراوە ( half closed)، لەنێوان کردنەوە و داخستندایە، ئەم بارودۆخە لە دەنگی [هـ]دا لە وشەکانی (heart) و (have)دا درکپێدەکرێت، واتە لە کاتی تێپەڕبوونی تەوژمی هەوا لەنێو دەنگەژێیە نیوە کراوەکانەوە(half open cords)، کە بەخشۆکبوونی بۆشایی (cavity friction) ناودەبرێت (Oconnor, 1973, 26, 29, 144).

**١/٣-١-٢-٢)بۆشایی قوڕگ و دەنگە قوڕگییەکان**

بۆشایی سەروو- گەروویییەکان/ قوڕقوڕاگە (supra laryux cativites)، لە پێواژۆی دروستکردنی دەنگ بەشدارن، ئەم بۆشاییە، وەک بۆکسیکی زرەنگدرەوەییە و ڕۆڵی سەرەکیی لە بەهێزکردنی دەنگە زمانییەکاندا هەیە (Mackay, 1970, 54-55). دەنگە قوڕگییەکان* ( pharyngeals) بە ڕێگەی نزیکردنەوەی هەردوو دیواری پێشەوە و دواوەی قوڕگ بەرهەمدەهێنرێن، بە واتایەکی تر نزیککردنەوەی ڕەگی زمان و بەشی دواوەی دەم، بۆیە زۆرجار پێیاندەوترێت دەنگە قوڕگ – زمانییەکان ( linguo – pharyngal)، لە ئەم جێکەوتەیەدا دەنگێکی خشۆکیی ( fricative)، یان لەوانەیە، دەنگێکی گیراوە/تەقاوە ( stop / explosive ) بەرهەمبێت، سەبارەت بە دەنگێکی تەقاوە، زۆر بە دەگمەن زمانەوان بەرکەوتەی لەگەڵیدا دەبێت، بەڵام دەنگێکی خشۆکیی – قوڕگیی ئەگەری ڕوودانی زۆرە، وەک هەردوو دەنگی [ح] و[ع]* یەکەمیان کپە و دووەمیان گڕە (Martinet, 1964, (O’ connor, 1973, 42)

---

* بۆشایی قوڕگ /حەڵق (the pharyngeal cavity) لە سێ بەشی سەرەکیی پێکهاتووە: ١- بەشی سەرەوەی قوڕگ- قوڕگ- لووتیی (noso pharynx ). ٢-بەشی ناوەندی قوڕگ- قوڕگ- دەمیی (ora pharynx)، لە ئەم بەشەدا زمانە بچکۆلە (vula) لە نەرمەمەلاشوو شۆڕدەبێتەوە، هەروەها دەمی گەروو/زمانەلۆیی(epiglottis) لە نێوەندی ئەم بەشەدایە. ٣- بەشی خوارەوەی قوڕگ -قوڕگ-گەروو (laryngo pharnx )، ئەم بەشە تەسکدەبێتەوە، بۆ ئەوەی بگاتەوە بە سورێنچک لە لایەکەوە، هەروەها دەگاتەوە بە (گەروو/قورقوڕاگە)، بە ڕێگەی درز و قلیشەکانی گەروو( glottis).

* دەمی گەروو/ زمانەلۆیی/ زمانەی زورنایی (epiglottis)، دەجوڵێت و ڕۆڵی سەرەکیی لە داخستنی بەشی سەرەوەی قوڕگدا هەیە(ڕێگەنەدان بە تێپەڕبوونی خواردن و خواردنەوە بۆ بۆڕیی هەناسەدان)، بۆ ئەوەی هەوا بۆ بۆڕی هەناسەدان تێپەڕێت، لە زۆربەی زمانەکانی دونیادا، ڕۆڵێکی دەنگیی نابینێت، بەڵام لە هەندێک زماندا ( زمانە سامییەکان – عەرەبی)، ڕۆڵی سەرەکیی لە دەربڕینی دەنگە قوڕگییەکاندا هەیە، کاتێک تۆزێک دەمی گەروو – زمانەلۆیی خوار دەبێتەوە بۆ لای دیواری

.64) (Abercrombie, 1967, 51)

### ٣-١-٢-٣/١) بۆشایی لووت و دەنگە لووتییەکان

دەنگە لووتییەکان لە بۆشایی (لووت)دا بەرهەمدێن، بە نزمبوونەوەی نەرمەمەلاشوو، هەوا بە شێوەیەکی ئازاد بە بۆشایی (لووت)دا تێدەپەڕێت و بۆشاییەکە دەکرێتەوە و بۆشایی دەم دادەخرێت * (Glesson, 1969, 250). فریکەونسیی/فرەجاریی (frequency band) هاوشێوەیە لە گەڵ فریکەوینسیی ڤاوڵەکان(ئەمەش دەرەنجامی ئەو ڕێڕەوە ئازادەی تێپەڕبوونی هەوایە لە لووتدا)، بەڵام فریکەونسیی دەنگە لووتییەکان تۆزێک لاوازترە، کە پەیوەستە بە ئەو داخستنەی لە بۆشایی دەمدا ڕوودەدات(Brosnahan, 1970, 111) (O' connor, 1973, 1. 4, 1. 5). بۆشایی لووت جێگیرە و جووڵە ناکات، دوای تێپەڕبوونی هەوا بە شێوەیەکی ئازاد، ڕۆلی سەرەکیی ئەم بۆشاییە لە پێواژۆ دەنگییەکاندا، بریتییە لە زرنگدانەوە( resonances )، کە لە ئەنجامی لەرینەوەی دەنگەژێیەکانەوە بەرهەمدێت، لە ئەنجامدا، هەردوو دەنگی [م] و[ن] لە بۆشایی لووتدا بەرهەمدێن ( الغامدی، منصورین محمد، ٤١، ٢٠٠١).

### ٤-٢-٣/١)بۆشایی ناودەم و دەنگە زمانییە جۆراجۆرەکان

بۆشایی ناودەم/زار ( the mouth cavity )، یان بەشی سەرەوەی ناودەم (roof of the mouth)، دەکرێت بە چەند بەشێکەوە*، ڕەقەمەلاشوو لە بۆشایی دەمدا بەشێکی نەجووڵاوە و جێگیرە، بەڵام نەرمەمەلاشوو دەجولێت و بنەمایە بۆ دیاریکردنی دەنگە زمانییەکان، بەتایبەتی کاتێک دەنگەکان لووتیین ( ڕێگە دەدات وروژمی با لە لووتەوە تێپەڕێت)، یان زارییین (ڕێگەدەدات باکە، بە دەمدا تێپەڕێت)، چونکە کاتێک نەرمە مەلاشوو بەرز دەبێتەوە داخستن ڕوودەدات (velic closure) و دەنگە بەرهەمهاتووەکە، دەنگێکی زارییە، بەڵام کاتێک دەنگە بەرهەمهاتووەکە، بەبێ داخستن بەرهەمدەهێنرێت، دەنگێکی لووتییە (Malmberg, 1963, 28)(Glesson, 1969, 242-

---

قورقوڕاگە ( pharynxgeal wall) ڕێڕەوی هەوا تەسکدەبێتەوە، چەند دەنگێک بەرهەمدێت، کە بریتین لە دەنگی / ع / و / ح / (الغامدی، منصورین محمد، ٢٠٠١، ٤٠).

* هەندێکجار دیاردەی منگەمنگ(nasality) ڕوودەدات، بە هۆی تێپەڕبوونی زۆرینەی هەواکە لە بۆشایی دەمەوە و بەشێکی کەمی هەواکە لە ڕێڕەوی/ تێپەرگەی لووت( Nasal passage )ەوە، واتە لە کونی پشتەو بۆ بۆشایی لووت تێدەپەڕێت، لە ئەم بارەدا دەنگە دەمییەکە جۆرێک لە سیمای زرنگدەرەوەیی لووتی وەردەگرێت، ئەم سیما جیاکەرەوەییە بە سیمایەکی دەربڕینی لاوەکیی دادەنرێت، بۆ نموونە دەربڕینی ڤاوڵەکان لە زمانی فەرەنسیدا ( brin، son ) (حسام الدین، کریم زکی، ١٩٩٢، ٦٧) (برکە، بسام، ٦٧، ١٩٨٨).


* بۆشایی ناودەم لە چەند بەشێک پێکهاتووە: یەکەم، پووک / ئارۆ( alveolare / gumridge / tooth – ridge). دووەم، ڕەقەمەلاشوو(hard palate). سێیەم، نەرمەمەلاشوو( velum / soft palate). چوارەم، زمانەبچکۆلە(uvula) بریتییە لە زیادە گۆشتێکی بچووک بەرەو خوارەوە هاتووە و دەجولێت، ناوچەیەکی تری بۆ زیاد دەکەن، ڕاستەخۆ لە دوای ددانەکان ، کە پێیدەوترێت ناوچەی پێش مەلاشوویی (prepalatal region).

243) (Abercrombie, 1967, 30)، بۆشایی ناودەم لە کەناڵی دەنگدا گرنگترین بۆشاییە، زۆربەی دەنگە زمانییەکان لێرەدا بەرهەمدێن، ئەو دەنگانەی بە بەرزبوونەوەی زمان و نزیکبوونەوەی لە نەرمەمەڵاشوو بەرهەمدێن، بریتین لە [خ ]،[ غ ]، بەڵام بە نزیکبوونەوەی زمان لە زمانە بچکۆلە، دەنگی (ق) بەرهەمدێت، کە پێدەوترێت دەنگێکی زمانە بچکۆلەیی / پشتەمەڵاشوویی، زۆر ئاڵۆزە لە ڕووی فسیۆلۆژییەوە، بتوانرێت سنوورێکی جیاکار و دیاریکراویی نێوان ئۆرگانەکانی ئاخاوتن دیاریبکرێت، چونکە بە ئاسانی ناتوانرێت، هێڵی جیاکاریی نێوان دوو ئۆرگانی، وەک نەرمەمەڵاشوو و ڕەقەمەڵاشوو دیاریبکرێت. زمان( tongue) * لە بۆشایی ناودەمدا بەشێکی سەرەکییە و بنەمایە بۆ بە رهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان، بەشێکی جوڵاوە، کە بەشی سەرەوەی بۆشایی ناودەم بریتییە لە زەمینەی سەرەکیی جوڵەی زمان، بەڵام بەگشتی بۆ دیاریکردنی بەشەکانی زمان بڕوانە وێنەی (٣-٧) : *

---

* زمان لە چەند بەشێک پێکهاتووە: ١-نووکی زمان (point/apex/ tip) ٢-سەری زمان( Blade of tongue)، ئەو بەشەیە کە لە کاتی ئاساییدا لە پووک نزیکدەبێتەوە، دوای نووکی زمان دێت، بەڵام لە کاتی جوڵەدا بەرەو لای ددانەکان و مەڵاشوو جوڵە دەکات. ٣-ناوەراستی زمان (middle of tongue )، ئەم بەشەی زمان لە کاتی ئاساییدا ( بێ جوڵەکردن) لە بەشی پێشەوەی ڕەقەمەڵاشوو نزیکدەبێتەوە، بەڵام لە کاتی جوڵەدا، بەرەو لای ڕەقەمەڵاشوو و نەرمەمەڵاشوو جوڵە دەکات. ٤-بەشی دواوەی زمان (dorsum / back of tongue) لەکاتی ئاساییدا لە نەرمەمەڵاشوو نزیکدەبێتەوە، بەڵام لەکاتی جوڵەدا، بۆلای بەشی دواوەی نەرمەمەڵاشوو، یان زمانەبچکۆلە جوڵە دەکات. ٥-ڕەگی زمان (root)، هەرچەندە ئەم بەشە، وەک یەکێک لە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن ئاماژەی پێنادرێت، بەڵام ڕۆڵی سەرەکیی لە بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکاندا هەیە، بەڕێگەی گۆرانکاری لە شێوە و قەبارەی بۆشایی قوڕگەوە-بەرهەمهێنانی دەنگە قوڕگییەکان ( Malmberg, 1963, 28)

* بۆ خستنەڕووی ئەم وێنەیە، بڕوانە (brosnahan, 1970, 41) بە دەستکارییەوە، لەبەر جیاکاریکردن لە نێوان سەری زمان(apex /tip) و سەری زمان (blade)، کە تۆزێک لەدوای نووکی زمانەوەیە، زاراوەی نووکی زمان بۆ ( apex) گونجاوترە.




جێکەوتەکانی بەرهەمهێنانی دەنگ لە زماندا............. وێنەی(٣-٧)

هەندێک لە زمانەوانەکان باس لە بۆشایی لچولێو دەکەن، لە ئەم بۆشاییەدا زمان ناجوڵێت، بەڵام لچ دەجوڵێت، بە داخستنی لچولێو، دەنگی[ب،پ] بەرهەمدێت، یان دەنگێکی لووتیی[م]، بەڵام بە نزیکبوونەوەی (لچ) لە ددانەکانی سەرەوە، دەنگی[ف،ڤ] و دەنگی[ذ،ث] دروستدەبێت، بە نزیکبوونەوەی سەری زمان لە ناوچەی(پووکیی-ددانیی)دەنگی [د،ت]دروستدەبێت، بەڵام بە نزیکبوونەوەی سەری زمان لە پووک دەنگی[ز،س]دروستدەبن، ئەگەر پێشەوەی زمان بۆلای ناوچەی پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویی جوڵەی کرد دەنگی[ج،چ،ژ،ش، ن،ل،ر]دروستدەبن، وە بە نزیکبوونەوەی دواوەی زمان لە نەرمەمەڵاشوو دەنگی[گ،ک،غ،خ،نگ،ڵ]دروستدەبن، بە نزیکبوونەوەی ڕەگی زمان لە زمانە بچکۆلە دەنگی[ق]بەرهەمدێت، هەروەها بە نزیکبوونەوەی ڕەگی زمان لە بنی قوڕگ دەنگی[ع،ح]بەرهەمدێن، بەڵام لە دەنگی(هەمزە،ه)زمان ناجوڵێت، بە تەنها دەنگەژێیەکان دەجوڵێن، بۆ بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان بە نزیکبوونەوە زمان، یان لچ لە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن بڕوانە خشتەی (٣-١) :

| پۆلێنکردنی جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان | ئۆرگانەکانی بەشی خوارەوە | ئۆرگانەکانی بەشی سەرەوە +دەنگەژێیەکان | دەنگە بەرهەمهاتووەکان |
|---|---|---|---|
| لچو لێویی | لچ(دەجوڵێت) | لێوی سەرەوە(ناجوڵێت) | (پ)- دەنگدار(ب)<br>(م)-نزمبوونەوەی نەرمەمەڵاشوو |
| لچولێویی-دانیی<br>یان نێوان دانیی | لچ(دەجوڵێت) | دانەکانی سەرەوە(ناجوڵێت) | (ف)- دەنگدار(ڤ) |
| دانیی<br>یان پووکیی-دانیی | نووکی زمان (دەجوڵێت) | دانەکانی سەرەوە(ناجوڵێت) | (ذ)- دەنگدار(ث)-ظ*<br>(ت) -دەنگدار(د) |
| پووکیی | سەری زمان(دەجوڵێت) | پووک(ناجوڵێت) | (س)-دەنگدار(ژ) |
| هەڵگەڕاوە | سەری زمان (دەجوڵێت) | ڕەقەمەڵاشوو(ناجوڵێت) | (د،ت)ی هەڵگەڕاوە، یان (ن)ی هەڵگەڕاوە،(س،ز)، (ر،ل) ی هەڵگەڕاوە |
| پووکیی-مەڵاشوویی<br>یان مەڵاشوویی | پێشەوەی زمان(دەجوڵێت) | ڕەقەمەڵاشوو(ناجوڵێت) | (چ)-دەنگدار(ج)<br>(ش)-دەنگدار(ژ)<br>(ن)-نزمبوونەوەی نەرمەڵاشوو<br>(ل)،(ر،ڕ)،(ی-y)، (و-w) |
| نەرمەڵاشوویی | دواوەی زمان(دەجوڵێت) | نەرمەمەڵاشوو(ناجوڵێت) | (ک)- دەنگدار(گ)<br>(خ)-دەنگدار(غ)<br>(نگ)- نزمبوونەوەی نەرمەڵاشوو<br>(ڵ) |
| زمانە بچکۆلەیی<br>یان قورگیی | ڕەگی زمان(دەجوڵێت) | زمانە بچکۆلە، یان قورگ (ناجوڵێت) | (ق)<br>(ح)-دەنگدار(ع) |
| گەروویی | .................................. | دەنگەژێیەکان(دەجوڵێت) | (هـ) -داخستنی گەروو<br>(ئـ) |

جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگە زمانییەکان....... خشتەی(٣-١)

### ٣-١/٣)جۆراجۆریی دەنگیی- شێوازی تێپەڕبوونی هەوا

ئەو دەنگانەی لە بۆشایی ناودەمدا دروستدەبن، زمان ڕۆڵی سەرەکیی لە دروستبوونیاندا هەیە، جوڵەی زمان بۆ لای ئۆرگانەکانی ناودەم ( لچولێو – ددان – پووک – مەڵاشوو-زمانەبچکۆلە)، دەبێتە هۆی دروستبوونی جۆراجۆریی دەنگیی (تەقاوە، خشۆکیی، فرەلێدانیی، لایی ....تاد)، لێرەدا گرنگترین ئەو بارودۆخانە دەخەینەڕوو :

### ١/٣–٣–١)داخستن و کردنەوە(دەنگە گیراوەکان)

ئەم جۆرە دەنگانە* بە دەنگی وەستاو (stop)، تەقاوە(plosives )،گیراو(occlusive) ، یان بێدەنگکراو (memeutary)ناودەبرێن، ئەگەر دەنگێکی تەقاوە سیمای هەناساویی(aspiration) هەبێت، دەنگێکی تەقاوە–هەناساوییە (aspirated )، کە بە هێمای ($p'$)، یان بە پیتی (h) بە بچووکی لە سەرەوەی دەنگەکە ($p^h$) ئاماژەی پێدەدرێت(Stetson, 1951, 93) (Martinet, 1964, 57) (Bronsnahan, 1970, 105-106) . زمانەوانەکان لە نێوان دوو جۆر دەنگی تەقاوەدا جیاکاریدەکەن: ١–تەقاوەی دەرەکیی (explosives). ٢–تەقاوەی ناوەکیی(implosives) (o connor, 1973, 41 ) (Martinet, 1964, 56). هەندێکجار تەقاندنەوەکە بە رێگەی کردنەوە و داخستنی نەرمەمەلاشووەوە دەبێت، واتە بەشێکی ئەو هەوا پاڵپێوەنراوەی بۆشایی دەم بە ڕێگەی لووتەوە دەتەقێتەوە، ئەمە لە ئەو کاتەدا ڕوودەدات، ئەگەر دەنگێکی لووتیی، راستەوخۆ لە دوای دەنگێکی وەستاو/ تەقاوەوە هاتبێت، لە ئەم بارودۆخەدا دەنگەکە، دەنگێکی تەقاوە– لووتییە ( nasal plosion)، بەڵام بە سیما لاوەکیی دادەنرێت، وەک هاتنی دەنگی [ن] لە گەڵ دەنگی [ج]دا، لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەدا (رەنج، گەنج، برنج، قنج، بەنج، نارنج.... تاد)، یان هاتنی دەنگی[ن] لە گەڵ[د]دا، لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەدا (پەند، دەربەند، بەند،دەوڵەمەند،مەند..... تاد)، ئەم دوو دەنگە[ $d^n$, $ʤ^n$ ] سیمای بەلووتیبوون وەردەگرن. دەنگە تەقاوەکان لە زۆربەی زمانەکاندا، بریتین لە سێ دەنگی سەرەکیی[p,t,k]، کە لە زمانی ئینگلیزیدا لە شێوەی چەپکە کۆنسنانت پێکەوەدێن، لە زمانی کوردیدا بەرانبەر هەر دەنگێکی تەقاوەی کپ، دەنگێکی دەنگدار هەیە، واتە [b,d,g]، هەروەها دەنگە تەقاوە–گەڕوویییەکان، کە زۆر چالاک نین، وەک دەنگی [ق] و [ئـ–هەمزە]، لە زمانی کوردیدا دەنگی [ج،چ] دوو دەنگی تەقاوەن، بەڵام شێوازی دەربڕینیان زۆر جێگیر نییە، بۆیە هەندێکجار بە دەنگێکی نیمچە تەقاوە پۆلێندەکرێن.

### ١/٣–٣–٢) تەسکبوونەوە(دەنگەخشۆکییەکان)

تەسکبوونەوەی ڕێڕەوی هەوا، واتە تێپەربوونی هەوا لەگەڵ دروستبوونی لێکخشاندندا، کە لە ئەنجامدا دەنگە بەردەوامەکان(continuants )بەرهەمدێن، دەکرێن بە دوو بەشی سەرەکییەوە: یەکەم،دەنگە فیکەییەکان ( زەنگدارەکان) (whistles, sibilants)، وەک [ز] و[س]، کە دەنگە فیکەییەکانیان پێدەوترێت، لە بەرئەوەی هێزی

* پێواژۆی (تەقاوەیی، وەستانی دەنگەکە)، بریتین لە پێواژۆی گرتنەوەی ڕێڕەوی هەوا، واتە ئەو دەنگانەی، بە رێگەی گرتنەوە بەرهەمدێن بە دوو پێواژو تێدەپەڕن: یەکەم، پێواژۆی تەقاوەیی، واتە لەپڕ دەربازبوونی دەنگەکان، دووەم، پێواژۆی وەستانی کتوپڕ، لەوانەیە تەقاندنەوەی لە گەڵدا نەبێت(برکة، بسام، ١٩٨٨، ٨٦)، بۆ نموونە دەنگی(پ) لە وشەی (خراپ)دا، بە رێگەی وەستانی کتوپڕی هەواکەوە دروستدەبێت، بەڵام لە وشەی (پوور)دا، دەنگی(پ) بە پێواژۆی تەقاوەیی، واتە تەقاندنەوەی هەواکە و لەپڕ دەربازبوونی بە رێگەی لچولێوەوە بەرهەمدێت، بە گشتی پێواژۆی دەنگیی لە هەردوو حاڵەتەکەدا(تەقاویی و وەستان)، بریتییە لە گرتنەوە و داخستنی هەواکە/گیراو (occlusive)لە جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکەدا، بۆیە گونجاوترە، بۆ ئەم دەنگانە زاراوەی گیراو بەکاربهێنرێت.

لێکخشاندن تێیاندا زۆرە، ئەو برِە هەوایەی کە لەگەڵ دەنگی [ث]دا بەرهەمدێت، لەگەڵ [ز] و[س]یشدا بەرهەمدێت، بەڵام لە [ز] و[س]دا، ڕێڕەوەکە زیاتر تەسکدەبێتەوە، دەنگە فیکەییەکان * دەکرێن بە دوو جۆرەوە: ١– هسەهسکردن[س] (hiising) ٢– هشەهشکردن [ش] (hushing)(الطائي، ٢٠٠٨، ١٣٩). دووەم، دەنگە خشۆکەکان، یان هاتنەیەکی دەنگێک/تەسکبوونەوە (constrictives)، یان هەناساوییەکان*(spirants)، وەک ( ف /لچولێویی – ددانی ) ( ذ /ددانیی ). تا دەنگەکان، یان جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکان لە ڕەقەمەڵاشوو و پووکەوە دوورتر بن، فریکەونسی/فرەجاریی لەرینەوەی دەنگەکە کەمترە، هەر بۆیە دیاردەی خشۆکبوونی دەنگێکی زمانەبچکۆلەیی، دەنگێکی قورگیی، یان دەنگێکی لچولێویی کەمترە، بە بەراورد بە دەنگە خشۆکییە: پووکیی–ڕەقەمەڵاشوویی [ ژ، ش ]، پووکیی [ ز، س ] و لچوو لێویی–ددانی[ڤ، ف]ییەکان (Brosnahan, 1970, 104). ئەگەر دەنگێکی کۆنتوید (nonvocoid-contoid)، واتە دەنگێکی کۆنسنانت سیمای خشۆکبوونی کەمتر بووەوە، دەبێتە دەنگێکی فوکوید ( vowel - vocoid )، ئەم حاڵەتە لە زۆربەی زمانەکاندا زۆر بە کەمی ڕوودەدات، ناوازەترینیان دەنگی [ڤ، ف]ە، لە زۆربەی زمانەکاندا، بەڵام بە ناوبانگترینیان دەنگی [و–w] و [ی–y]یە، ئەم دەنگانە لێکخشاندنێکی زۆر کەم تێیاندا بە دی دەکرێت، کە بە دەنگێکی فوکۆید دەوترێت نیمچە ڤاوڵ( semi vowel)،نیمچە کۆنسنانت(semi consonant)، یان (demi - vowel)،(vowel - like)، ( vocalic). . . تاد ( Brosnahan, 1970, 103, 104).

لە زمانی کوردیدا دەنگە خشۆکییە سەرەکییەکان، بریتین لە [ف،س،ش]، دەنگە مەڵاشوورییەکان، کە لە بەکارهێناندا چالاک نین، وەک: نەرمەڵاشوویی[خ]، قورگیی [ح]، گەروویی[هـ]، کە لە زمانی کوردیدا بەرهەمدێن، هەرچەندە ئەم دەنگانەی دوایی لە هەموو زمانەکاندا چالاک نین، بەڵام بە گشتی دەنگە خشۆکییەکان بریتیین لە شەش دەنگ[f, s, ʃ, x, ɦ, h]، لە بەرانبەر هەر دەنگێکی کپدا (جگە لەh)، دەنگێکی گڕ لە زمانەکەدا هەیە.

---

* ناتوانرێت، بە ئاسانی خاڵی بەفیکەییبوونی(wistle point) ئەم دەنگانە دیاریبکرێت، واتە چ کاتێک ئەم دەنگانە لە خشۆکەوە دەبن بە دەنگێکی خشۆکیی–فیکەیی، هەندێکجار هاوشێوەیە، لەگەڵ خاڵی بە خشۆکیبوون (friction point)، ئەم دوو حاڵەتە دەبێت لەسەر بنەمای شیکارکردنی ئەکەوستیکییانە دیاریبکرێت بە تەنها شیکارکردنی ئۆرگانی بەس نییە (Martinet, 1964, 56) (O' connor, 1973, 41, 47, 105) (Stetson, 1951, 93) (pike, 1967, 146).

* دەنگە کۆنسنانتەکان بە دەنگە هەناساوییەکان دادەنرێن، لە بارودۆخێکدا، ئەگەر دەنگە خشۆکەکان سیمایی خشپەیی لەدەستبدەن، واتە لە ئەم حاڵەتەدا زمان لە بارودۆخی خاوبوونەوەدایە، تەسکبوونەوەی ڕێڕەوی هەوا کەمترە، واتە خشۆکبوونی دەنگەکە ڕوونادات، بەڵکو دەنگە بەرهەمهاتووەکە بە درێژایی ئۆرگانی ئاخاوتن، لە شێوەی لەرینەوە بەرجەستە دەبێت( برکة، بسام، ٨٧،١٩٨٨). بە بەراوردکردنی دەنگی(ف،ڤ)، کە زمان لە بەرهەمهێنانی ئەم دەنگانەدا لە بارودۆخی خاوبوونەوەدایە، لە گەڵ دەنگی(س،ش)، کە زمان لە بارودۆخی کرژبوونەوەدایە، کە لە ئەم بارودۆخەدا لەرینەوەی دەنگی (ف) و خشپەیی دەنگی (س)، (ش) دەردەکەوێت.

**۳-۳-۱/۳) داخستن و تەسکبوونەوە(دەنگە ئەفریکتییەکان)**

ئەم جۆرە دەنگە بە دەنگە ئەفریکەیتییە/تێکەڵاوەکان(affricate)(لە نێوان تەقاوە و خشۆکبووندایە)، یان بە دەنگێکی نیمچە تەقاوە(semi-stop) ، یان دەنگێکی ئەفریکەیتی بەربوو دادەنرێت(Brosnahan, 1970, 107) ( Glesson, 1969, 248) (Martinet, 1964, 69). ئەو دەنگەی زۆر دەرکەوتووە و لە زۆربەی زمانەکاندا بەرهەمدێت لە دەرەنجامی داخستنەوە دروستدەبێت، کە داخستنەکە بە ڕێگەی پێشەوەی زمان (front) ڕوودەدات، واتە لە بەرانبەر ناوچەی پووکیدا بارودۆخێک لە شێوەی دەنگی [ت]دا دروستدەبێت، بەڵام لە کاتی بەربوونی هەواکەدا دەنگێکی جیاواز دروستدەبێت، کە بریتییە لە[ چ ](ئەم دەنگە جیاوازە لە هاو-دەنگیی/جووت-کۆنسنانتی، وەک: تش)، لە بەرانبەر ئەم دەنگەدا دەنگێکی گڕ/دەنگدار هەیە، کە لە سەرەتای وشەی (jet) ی ئینگلیزیدا دێت و بە [ج] دەنووسرێت، کە لە دەنگی [د]ەوە دروستدەبێت، لە کاتێکدا دوای دیاردەی تەقاوەیی(دەنگی(د)) دەنگێکی بەردەوام[ج] بەرهەمدێت، واتە لە ئەم بارودۆخەدا دەنگی [چ،ج]ی ئەفریکەیتی جێکەوتەی دروستبوونی خۆیان ناگۆڕن و لە هەمان جێکەوتەی دەنگی [د،ت]ەوە بەرهەمدێن، بە تەنها گۆڕانکارییە لە شێوازی دەربڕین(بني بكر، عبد القادر مرعي،٢٠١٦، ١٣٨ -١٣٩). دەنگە ئەفریکەیتییەکان نابێت هاوشێوە بکرێن، یان یەکسان بکرێن لەگەڵ هاو-دەنگییەکان(compound sound) ، بۆ نموونە لە زمانی ئیتاڵیدا هاو-دەنگییەکانی، وەک (ts)، (dz)، (tl)..تاد هەیە(Martinet, 1964, 69-70) (Jones, 1962, 81). دەنگە ئەفریکتییەکان، کۆنسنانتە تەقاوەکان (plossive consonant)دەگرێتەوە، وەک [ت،د] لەکاتێکدا بەرهەمدێن جێکەوتەی ئۆرگانی خۆیان ناگۆڕن ( Jones, 1962, 78 ,4). [چ] لای (غازی فاتیح وەیس) بە دەنگێکی تەقاوە و لای (محەمەد مەحویی) بە دەنگێکی خشۆک پۆلێندەکرێت، لە ڕووی زانستییەوە سەلمێنراوە، ئەم دەنگە لە نێوان تەقاوە و خشۆکبووندایە، یان نیمچە وەستان و تەقاوەیە، لە زمانی عەرەبیدا بە دەنگێکی ئەفریکەیتیی پۆلێندەکرێت، لە زمانی کوردیدا دەنگی ئەفریکەیتیمان نییە، چونکە دەنگە تەقاوە و خشۆکەکان لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای وشەدا نایەن، تا سیمای نیمچە تەقاوەیی وەربگرن، دەنگێکی تەقاوە لە گەڵ دەنگێکی خشۆکدا، مەرجی هاتنی بریتییە لە ڤاوڵە ساردەکە(ɨ).

**٤-۳-۱/۳) داخستنی بەشیی(دەنگە لایی و لووتییەکان)**

داخستنێکی بەشیی لە ناوچەیەکدا ڕوودەدات، بەڵام لە بەشێکی دیکەدا، یان لە ناوچەیەکی دیکە دا کرانەوەی بەشیی ڕوودەدات، کە چەند دەنگێک دەگرێتەوە :

١-دەنگە لاییەکانlaterals: وەک [ل ]، ئەم دەنگە بە ڕێگەی ڕێگریکردن( لە جۆری داخستنی تەواو) لە ناوەڕاستی بۆشایی دەمدا بەرهەمدێت، بەڵام وروژمی با لە یەک لە لاکانەوە (unilateral)، یان لە هەردوو لای(bilateral) ئەو بەشەی کە ڕێگر بووە، تێدەپەڕێت، هەرچەندە جیاوازی کردن لە نێوان ئەم دوو حاڵەتە دا زۆر لاوازە. (Abercrombie, 1967, 50)،(حنطابلي، لامياء بن موسى، ٢٠٠٩،٤٠-٤١). لە زمانی کوردیدا دەنگێکی پووکی-

ڕەقەمەڵاشوویی [ل]، لە زۆربەی جێکەوتەکاندا دەبینرێت، بەڵام دەنگێکی بە نەرمەمەڵاشوویی [ڵ] لە هەندێک جێکەوتەدا دەبینرێت، بەڵام لە بەرئەوەی، لە هەندێک وشەدا هەمبەر بە یەکدەوستنەوە، وەک (گول–گوڵ) لە هەندێک جێکەوتەی تردا، وەک (ساڵ–سال، کاڵ–کال. . . تاد) ئەم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییە نادۆزرێتەوە، کە چۆنێتیی هاتنی هەردوو جۆری (ل)، لە دەوروبەرە دەنگییە جۆراجۆرەکاندا پەیوەستە بە هاتنی ڤاوڵەکان و ڤاوڵەکان جلەویاندەگرن.

2–دەنگە لووتییەکان: وەک بەرهەمهێنانی دەنگی (م،ن)، هەندێک زمانەوان بە دەنگە هاوشێوە – ڤاوڵەکان ناویان دەبەن (vowel – like sounds)، ئەم دەنگانە کاتێک بەرهەمدێن شێوازی دەربڕینیان هاوشانە، لە گەڵ لەرە و زرنگدانەوەی دەنگەژێیەکاندا، هەر بۆیە لە پۆلێنکردنی دەنگە لووتییەکاندا، هەموویان بە دەنگدار دادەنرێن، هیچ دەنگێکی لووتی ( کپ ) بەرهەمنایەت (potter, 1947, 166).

**١/٣–٣–٥)داخستن (دەنگە فرەلێدانەکان)**

چەند جۆرێک داخستنی ( فرەلێدان ) هەیە : ١–فرەلێدانیی زمانە بچکۆلەیی( uvular trill) ئەم دەنگە ناوازەیە لە زمانی هۆلەندیی و ئەلمانیی و فەرەنسیدا هەیە (Oconnor, 1973, 47)، هەندێکجار پێیدەوترێت دەنگێکی دووبارەکراو(rolled) (Abercrombie, 1967, 49). ٢-دەنگێکی فرەلێدانیی زمانیی( lingual trill)، واتە جوڵەی زمان بۆ لای پووک و ددانەکان. ٣–دەنگێکی فرەلێدانیی هەڵگەراوەیی (retroflex trill)ئەم دەنگە دەگمەنە بە نزیکبوونەوەی زمان لە ڕەقەمەڵاشوو بەرهەمدێت. ٤-دەنگێکی فرەلێدانیی لچولێویی (labial trill ). لە هەندێک زماندا دوو دەنگی فرەلێدانیی جیاواز، وەک ( زمانیی و زمانە بچکۆلەیی)، وەک دوو جۆری جیاوازی یەک فۆنێم هەمبەر بەیەک دادەنرێن (Brosnahan, 1970, 101) (Oconnor, 1973, 47). مەرجی سەرەکیی دەنگێکی دووبارەکراوە ( فرە لێدان )، ئەوەیە کە ئۆرگانە دەنگییەکە دووجار زیاتر لەرە دروستبکات، ژمارەی لەرەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە لە نێوان (٢–٧) لەرەدایە، بەڵام ئەگەر دەنگی دووبارەکراو، تەنها خاوەن یەک لەرە بوو، لە ئەو کاتەدا بە دەنگێکی دووبارەکراو ( ( trill ) ) دانانرێت، بەڵکو زاراوەی دەنگێکی تەخت (flapped)، یان دەنگێکی دووبارەکراویی یەک لێدانیی (one – tap trill) بۆ بەکاردەهێنرێت ( Abercrombie, 1967, ) (Brosnahan, 1970, 100 49). دەنگی دووبارەکراو، یان فرەلێدان لە زمانی کوردیدا، بە تەنها بریتییە لە [ ر–r ]، ئەم دەنگە بە دەنگێکی یەک لێدانیی (flap )دادەنرێت، بەڵام دەنگی [ڕ-R] دەنگێکی دووبارەکراوی فرەلێدانە و جیاوازە لە [ر]، جیاوازی لە نێوان ئەم دووانە لاواز و قەڵەویی نییە، کە هەندێک زمانەوانی کورد باسیانکردووە، هەروەها لە زمانی کوردیدا ئەم دوو دەنگە جیاوازی فۆنێمی دروستدەکەن، وەک هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە وشەی (کەر–کەڕ)دا.

**١/٣–٣–٦) کرانەوە ( دەنگە نیمچە ڤاوڵ و ڤاوڵەکان )**

به کرانەوەیەکی ڕێژەیی ئۆرگانە دەنگییەکان(open approximation) چەند دەنگێک بەرهەمدێن، کە هیچ خشە و

خشپەیەکیان لەگەڵدا نییە، هەموو دەنگە ڤاوڵەکان بە ئەمجۆرە بەرهەمدێن، واتە بە بێ نزیکبوونەوەی ئۆرگانەکان لە یەکتر. هەندێک لە کۆنستانتەکان*، بە تایبەتی دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکان لە نێوان کرانەوە و تەسکبوونەوەدان، واتە لە ئەم دەنگانەدا ڕادەی داخستنەکە و ماوەی داخستنەکە لە ڤاوڵەکان زۆرترە و لە دەنگە کۆنسنانتەکان کەمترە، لە زۆربەی زمانەکاندا، بریتین لە: یەکەم، /j/ وەک وشەی (pied) لە فەرەنسیدا و وشەی (your)لە ئینگلیزیدا، دووەم،/ɥ/لە فەرەنسیدا لە وشەی(lui)، سێیەم، /w/لە فەرەنسیدا لە وشەی(louis)، لە ئینگلیزیدا لە وشەی(wood)، هەروەها ئەم دەنگانە بە دەنگە خزێنراوەکان (glides) ناودەبرێن(برکة، بسام،١٩٨٨،٩٢). لە زمانی کوردیدا بە تەنها دوو دەنگی[و،ی]ی نیمچە کۆنسنانت دیاریکراوە، لە وشەکانی(یاری، وانە، ورد،یاسا.... تاد)دا، ئەگەر شیکاریی ئۆرگانیی دەنگی [و]ی نیمچە کۆنسنانت لە زمانی کوردیدا بخەینەڕوو، ئەوە دەنگی نیمچە کۆنسنانتی[و–w] لە وشەکانی(ورد،خوا،خاو... تاد)، جیاوازە لە دەنگی [و–w ] * لە وشەکانی(ویست، وێنە، وێنا، وێڵ... تاد)، واتە دەنگی(و) نیمچە کۆنسنانت، لە گەڵ ڤاوڵی(ێ،ی)دا دەهێنرێتە پێشەوە و بە ڕەقەمەڵاشوویی دەکرێت، واتە لە زمانی کوردیدا پۆلێنکردنی دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکان بە ئەمشێوەیە، بڕوانە خشتەی(٣–٢):

* هەندێک لە دەنگە کۆنستانتەکان، وەک هەندێک جۆری (r) و نیمچە ڤاوڵی (و–w ) و نیمچە ڤاوڵی (ی–j–y) بێ خشە و خشپە دەنگێک ڕوودەدەن (Abercrombie, 1967, 50).

* (غازی فاتیح وەیس)، دەنگی(و)ی نیمچە کۆنسنانت، بە دەنگێکی لچولێویی پۆلێندەکات، بەڵام ئەم دەنگە دەنگێکی نەرمەمەڵاشوویيە، کە سیمای لێوخڕبوونەوەی هەیە، نەک دەنگێکی لچولێویی بێت.

| نیمچە-کۆنسانانتەکان | باروودۆخی لێوەکان | جێکەوتەی درکاندن | نموونە |
|---|---|---|---|
| /j/، /y/ | کشانی لێوەکان | ڕەقەمەلاشوویی | یاری، گیا،دایک...تاد |
| /w/ | لێوخڕبوونەوە | نەرمەمەلاشوویی | وانە،خوا،وەرەناو...تاد |
| / ɥ / | لێوخڕبوونەوە | ڕەقەمەلاشوویی | وێنە،ویست...تاد |

نیمچە کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا.......... خشتەی(٣-٢)

لە ڕووی شیکارکردنی ئۆرگانییەوە، ئەم دەنگانە لە جێکەوتەی ئۆرگانیی دەنگە ڤاوڵەکانەوە(ی،و) بەرهەمدێن، بەڵام زمان لە دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکان، زیاتر لە مەلاشوو نزیکدەبێتەوە، بە شێوەیەک خشەیەک دروستدەبێت و زیاتر لە دەنگێکی کۆنسنانتی خشۆکیی دەچێت، بۆیە لە ئەم باروودۆخەدا دەنگێکی بەردەوامی-ناخشۆکی(friction less continuants)بەرهەمدێت، هەروەها ئەگەری هەیە، لە دەنگە کۆنسانتە خشۆکەکاندا ڕووبدات، بۆ نموونە دەربڕینی دەنگی[v]، کە تەسکبوونەوە ( ڕێگریکردن لە هەواکە) لە نێوان ددانەکانی سەرەوە و لچدا ڕوودەدات، بەڵام کاتێک لچ لە ددانەکان دووردەکەوێتەوە، خشە و خشپە دەنگییەکە نامێنێت، واتە دەنگێکی( لچولێویی-ددانیی)بەبێ خشاندن بەرهەمدێت (O’connor, 1973, 49)، تا کرانەوەکە زۆرتر بێت، خشاندن کەمدەبێتەوە، لە زمانی کوردیدا لە شێوەزاری کرمانجی سەروودا، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان دەنگی [w]و [v]دا لە وشەکانی (ئاو-ئاڤ، چاو-چاڤ. . . تاد)هەیە، واتە دەنگی [v]، لە ئەو وشانەدا نیمچە کۆنسنانتە و جیاوازە لە دەنگی [v]ی خشۆک، کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا هەیە(وشەی ئاڤ لە گەڵ مرۆڤ بەراورد بکە!). دەنگی [w]ی نیمچە کۆنسنانت، دەکرێت بە کاریگەریی هاتنی لە گەڵ دەنگێکی ڕەقەمەلاشوویی وەک (ی، ێ) ی ڤاوڵدا، بە ڕەقەمەلاشوویبکرێت، (ویست، وێنە.. تاد)، هەروەها دەنگی (ک، گ) لە گەڵ ڤاوڵەکانی پێشەوەدا (ی، ێ) بە مەلاشوویی دەکرێن(گێل، کێل... تاد)، لە گەڵ ڤاوڵەکانی دواوەدا[و،ۆ] [و]ی نیمچە کۆنسنانت، بە لچولێویی-دەکرێن(کوا، گوان، گوارە کۆڕ، گۆڕ،....... تاد). لە زنجیرەی ئاخاوتندا سیمای دەنگیی فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا دەگۆڕێن و سیمای لاوەکیی وەردەگرن، ڤاوڵەکان سیما لە کۆنسنانتەکانەوە وەردەگرن. ئەم پۆلێنکردنە لە زمانی

کوردیدا بە پێوانەیی دادەنرێت و چێوەی گشتیی سیمای دەنگیی فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا دەکێشێت. شیکارکردنی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا، بنەمایەکی بە هێزە بۆ پۆلێنکردنی دەنگییە زمانییەکان و دیاریکردنی چێوەی گشتیی دەنگە پێوانەییەکان (کۆنسنانت و ڤاوڵەکان)، گرنگترینیان دەخەینەڕوو:١- لە زمانی کوردیدا دەنگە گیراوەکان-تەقاوەکان بریتین لە سێ دەنگی سەرەکیی(p, t, k)، کە لە هەموو زمانەکاندا هەن، لە بەرانبەر ئەم دەنگانەدا سێ دەنگی دەنگدار(b,d,g) هەن، کە لە زمانی کوردیدا دەبنە هۆی جیاکاریی واتایی،، هەروەها دەنگەکانی تر، وەک(ج) و (چ)، کە لە زۆربەی زمانەکاندا بە خشۆک، یان بە تەقاوە دادەنرێت هەردوو دەنگی قوڕگیی- گەروویی، وەک( q, ʔ)- ق،هەمزە، دەنگی (ق)، کە تایبەتە بە چەند زمانێکی دیاریکراو وەک کوردیی و عەرەبیی، یان هاتنی هەمزە لە چەند بارودۆخێکی دیاریکراودا، هاتنی لە سەرەتای برِگە و وشە.. تاد. ٢- لە زمانی کوردیدا دەنگە خشۆکەکان بریتین لە سێ دەنگی سەرەکیی (s, ʃ, f)، کە لە هەموو زمانەکاندا هەن، لە بەرانبەر ئەم دەنگانە سێ دەنگی دەنگدار هەن، کە لە زمانی کوردیدا دەبنە هۆی جیاکاریی واتایی، هەروەها دەنگە قوڕگییەکان، کە تایبەتن بە چەند زمانێکی دیاریکراوی وەک کوردیی، عەرەبیی، دەنگییە قوڕگییەکان بریتین لە (خ،ح)، دەنگێکی گەروویی کپ (h)، کە هەمیشە سیمای (-دەنگداریی) هەیە. ٣- ڤاوڵەکان بریتین لە پێنج ڤاوڵی سەرەکیی(ا،و،ۆ،ی. ێ) لە گەڵ هاتنی سیمای (+درێژیی) لە هەموو ڤاوڵەکاندا، هەروەها ڤاوڵە کرژ(ە)ەکە، کە هەندێکجار سیمای خاویی وەردەگرێت و پێیدەوترێت (شڤا) ڤاوڵ، دوو ڤاوڵی پێشەوە کە سیمای لێوخڕبوونەوە وەردەگرن(وی،وێ). ٤-لە زنجیرەی ئاخاوتندا سیمای دەنگیی فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا گۆڕانیان بە سەردا دێت و سیمای لاوەکیی وەردەگرن، کە گۆڕانی دەنگیی لە سیمای ئۆرگانیی، یان ئەکەوستیکیی دەنگەکان ڕوودەدات، سیما دەنگییە گۆڕاوەکان، بریتین لە سیمای ئۆرگانیی(مەلاشوویی، لچولێویی، لووتیی... تاد)، واتە دەنگێکی مەلاشوویی سیمای لچولێوی وەردەگرێت، یان دەنگێکی تەقاوە سیمای لووتیی وەردەگرێت، یان سیما دەنگییە گۆڕاوەکان بریتین لە سیمای ئەکەوستیکیی، گۆڕان لە (-،+ دەنگداریی، -،+ درێژیی،-،+ کرژیی(خاویی))، هەمیشە دەنگە کۆنسنانتە کپەکان لە زمانی کوردیدا سیمای دەنگداریی لە دەنگەکانی دەوروبەرەوە وەردەگرن، هەروەها سیمای درێژیی و کرژیی ڤاوڵەکان بە دەوروبەرە دەنگییە جۆراوجۆرەکانەوە پەیوەستە، واتە ڤاوڵەکان سیما لە کۆنسنانتەکانەوە وەردەگرن، هەروەها کۆنسنانتەکان سیما لە ڤاوڵەکانەوە وەردەگرن، بەڵام گۆڕینی سیما جیاکەرەوەیی دەنگێک نابێتە هۆی سڕینەوەی سیمای گشتی دەنگەکە. دوای ئەوەی شیکارێکی وردیی دەنگە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا خرانەڕوو، لێرەدا بە شێوەیەکی زانستییانە، پۆلێنکردنی دەنگە زمانییەکان دەخەینەڕوو، بڕوانە خشتەی (A, B/٣-٣):

| ئۆرگانە سەرەکییەکان | دەنگە گیراوەیی-تەقاوەییەکان (stop)-explossive) | دەنگە خشۆکییەکان (fricative) | دەنگە لووتییەکان nasal ) (sounds | دەنگە لاییە-کان (lateral) | دەنگە دووبار-کراوەکان | بەردەوامە-ناخشۆکییەکان (contiuants-fractionless) | ئۆرگانە لاوەک-ییەکان (جولا-وەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لچولێویی (bilabil) | داخستنی لچولێو (+b,-p)(ب+،پ-) | | داخستنی لچولێو (+M)(م+) | | | | لچ |
| لچیی-دانیی (labio-dental) | | لچ (ڤ+،ف-) (+v,-f) | | | | دەنگی (ڤ)ی کۆنتوید (ʋ) | لچ |
| پووکیی-دانیی (alvero-dental) | سەری زمان (blade) (+d,-t)(د+،ت+) (ط–ŧ)(ض–đ) | | | | | | زمان |
| پووکیی (Alvera) | | سەری زمان (blade) (ز+،س-) (+z,-s) (ص–z) | | | | | زمان |
| پووکیی-ڕەقەمەلاشوویی (alvero-palatal) | پێشەوەی زمان (front) (+ʤ,-tʃ)(ج+،چ-) | پێشەوەی زمان (front) (ژ+،ش-) (+ʒ,-ʃ) | سەری زمان ( blade) (n+)(ن+) | سەری زمان (blade) (+l)(ل+) | سەری زمان (blade) (ر+،ڕ+) (r,R) | | زمان |
| ڕەقەمەلاشوویی (palatal) | | | | | | پێشەوەی زمان (front) (w-و+)(y-ی+) | زمان |

| ئۆرگانە سەرەکییەکان | دەنگەگیراوەیی -تەقاوەییەکان (Stop-explossive) | دەنگە خشۆکییەکان (fricative) | دەنگە لوتییەکان nasal ) (sounds | دەنگە لاییەکان (lateral) | دەنگە دووبار-کراوەکان | بەردەوامە-ناخشۆکییەکان (contiuants-fractionless) | ئۆرگانە لاوەک-ییەکان (جولا-وەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نەرمەمەلاشوویی (velur) | دواوەی زمان (dorsum) (گ+ک-) (+g,-k) | دواوەی زمان (dorsum) (غ+ خ-) (+ɣ,-x) | دواوەی زمان (dorsum) (نگ+) (+ŋ) | دواوەی زمان (dorsum) (ل+) (+ɫ) | | دواوەی زمان (dorsum) (و+) (w') | زمان |
| زمانە بچکۆلە- پشتەمەلاشوویی (unvlar) | ڕەگی زمان (root) (-q)(ق-) | | | | | | زمان |
| قورگیی(بنی قورگ) (pharyngals) | | ڕەگی زمان (root) (ع+ ح-) (+ʕ,-ħ) | | | | | زمان |
| گەروویی (glottal) | دەنگەژییەکان (ʔ)(ئ) | داخستنی گەروو (-h)(هـ-) | | | | | دەنگە-ژییەکان |

پۆلێنکردنی دەنگە کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا............... (A, B/٣-٣)

پۆلێنکردنی پێوانەیی ڤاوڵەکان، کە لە لایەن( دانیال جۆنز)ەوە خڕاوەتەڕوو، بە بەناوبانگترین پۆلێنکردن دادەنرێت، کە کارەکەی بریتییە لە نواندنی پێڕەوەی ڤاوڵە سەرەکییەکان (cardinal vowels system)، لە ئەم پێڕەوەدا هەشت ڤاوڵی سەرەکی دەخاتەڕوو و جێکەوتەی زمان لە دەربڕینی ئەم ڤاوڵانەدا دیاریدەکات (Ladefoged, 1967,

(70(ایوب، عبد الرحمن، ١٩٦٨، ١٦٧-١٧٤)، ئەم ڤاولانە بۆ چوار ڤاولی پێشەوە و چوار ڤاولی دواوەدابەشدەکرێن، لە قۆناغەکانی دواتردا کەموکورتیی ئەم دابەشکردنە چارەسەرکرا، بە زیادکردنی هەشت ڤاولی تر، بۆ ڤاولە سەرەکییەکان، بە ئاماژەکردن بە بارودۆخی لێوەکان (-،+ لێوخڕبوونەوە) بۆ ڤاولەکانی پێشەوە بۆ نموونە ڤاولی(ی)، ئەگەر لێوخڕبوونەوەی بۆ زیادبکرێت، بۆشایی دەم زیاتر درێژدەبێتەوە و کرانەوەکەی کەمتردەبێتەوە، واتە ڤاولێکی (پێشەوە، لێوخڕبوونەوە) بەرهەمدێت (y)، وەک بەرهەمهێنانی ڤاولی(وی،وێ) لە زمانی کوردیدا، بە پێچەوانەوە، کشانی لێوەکان لە ڤاولەکانی دواوەدا، وەک(u)، دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ڤاولێکی(پاشەوە، کشانی لێوەکان)، وەک (ɯ)، کە لە زۆربەی زمانەکاندا، ئەم ڤاولانە بەرهەمدێن، هەروەها لە هەندێک زماندا ڤاولە ناوەندییەکان (central vowel)، یان ناوەڕاستەکان(middle)، یان تێکەڵەکان(mixed) بەرهەمدێن، کە دواوەی زمان بەرەو لای پێشەوەی نەرمەمەلاشوو(ناوچەی چەماوەی نەرمەمەلاشوو، یان خاڵی بە یەکگەیشتنەوەی نەرمەمەلاشوو و ڕەقەمەلاشوو) دەجولێت-Malmberg, 1963, 34) (O' conner, 1973, 108)(35، وەک شڤا ڤاول و کۆلد ڤاول لە زمانی کوردیدا، بە گشتیی دەربارەی پۆلێنکردنی ڤاولەکان لە زمانی کوردیدا، ئەم سیما دەنگییانە گرنگن، بۆ نموونە:١-بەشی چالاککراو لە زماندا (سەری زمان، پێشەوەی زمان، دواوەی زمان). ٢- بەشی سەرەوەی ناودەم (ئاسمانەی دەم؛ نەرمەمەلاشوو، ناوچەی چەماوەی نەرمەلاشوو، ڕەقەمەلاشوو). ٣-ڕادەی بەرزبوونەوەی زمان(بەرزبوونەوە، نیوەبەرزبوونەوە(نیوە داخستن)، نیوە نزمبوونەوە(نیوە کراوە)، بەرز(داخستن)، نزم( کرانەوە). ٤-بارودۆخی لێوەکان(لێوخڕبوونەوە، کشان، بێلایەنبوون). ٥- تێپەربوونی هەوا لە دەمەوە یان لە دەم و لووت پێکەوە( ڤاولی دەمیی-لووتیی). ٦- جێگیربوونی جێگەوتەی زمان لە دەربڕینی ڤاولەکاندا(ڤاولە سادەکان)، یان گۆڕانکاری لە جێکەوتەی زمان (جووت- ڤاولەکان/ دیفتۆنگ). بە گشتی دەربارەی پۆلێنکردنی ڤاولەکان لە زمانی کوردیدا، بڕوانە خشتەی(٣-٤):

| | |
|---|---|
| ڤاولی (u) (و) :<br>نەرمەمەلاشوویی(دواوەی زمان بەرزدەبێتەوە )<br>**High close-back**<br>لێوخڕبوونەوەی داخراو<br>+،- درێژیی | ڤاولی (i) (ی) :<br>ڕەقەمەلاشوویی(پێشەوەی زمان بەرزدەبێتەوە)<br>**High close-front**<br>کشانی لێوەکان<br>+،- درێژیی |
| ڤاولی (o) (ۆ) :<br>نەرمەمەلاشوویی(دواوەی زمان بە نیوە بەرزدەبێتەوە)<br>**Half close -back**<br>لێوخڕبوونەوەی کراوە<br>+،- درێژیی | ڤاولی (e) (ێ) :<br>ڕەقەمەلاشوویی(پێشەوەی زمان بەنیوە بەرزدەبێتەوە)<br>**Half close -front**<br>کشانی لێوەکان<br>+،- درێژیی |
| ڤاولی (α) (ا) :<br>نەرمەمەلاشوویی، یان ناوەند(دواوەی زمان نزمدەبێتەوە)<br>**Low open -back**<br>بێلایەنبوون<br>+،- گرژیی(خاویی)<br>( لە باری خاوبوونەوەدا دروستبوونی شفا ڤاول(ə)) | ڤاولی (a) (ە) :<br>ڕەقەمەلاشوویی( پێشەوەی زمان نزمدەبێتەوە، یان زمان لە بارێکی ئاساییدایە)<br>**Low open-front**<br>بێلایەنبوون<br>+،- درێژیی |
| کۆلد ڤاول/ ماتە ڤاول(ɨ)<br>بەشی پێشەوەی نەرمەمەلاشوو (ناوەند)<br>(دواوەی زمان بەرزدەبێتەوە)<br>بێلایەنبوون | ڤاولی (وی)( ü):<br>ڕەقەمەلاشوویی(پێشەوەی زمان بەرزدەبێتەوە)<br>لێوخڕبوونەوە<br>-ڤاولی (وی)(œ):<br>ڕەقەمەلاشوویی(پێشەوەی زمان بەنیوە بەرزدەبێتەوە)<br>لێوخڕبوونەوە |

پۆلێنکردنی دەنگە ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیدا...... خشتەی(٣-٤)

زۆربەی زمانەکان، دەنگە دیفتۆنگەکان( دیفتۆنگی دوانیی، یان سییانیی... تاد)* بە کاردەهێنن، ئایا ئەم دەنگانەش لە زمانی کوردیدا هەن؟ دەربڕینی ئەم دەنگانە لە شیکارکردنی ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیدا، بریتین لە گواستنەوەی جوڵەی زمان، لە جێکەوتەی ڤاوڵێکەوە بۆ جێکەوتەی ڤاوڵێکی تر، بەڵام زمانەوانەکان شیکارکرنی جیاوازی بۆ دەکەن، کە بریتییە لە :

١- تاکە ڤاوڵێک و رۆڵی تاکە فۆنێمێکی هەیە.

٢-دوو ڤاوڵی جیاکارن، کە بەدواییەکدا هاتوون.

٣-ڤاوڵێک و نیمچە ڤاوڵێک، کە نیمچە ڤاوڵەکە رۆڵی دەنگێکی کۆنسنانتی هەیە.

ئەگەر وەک جۆری دووەم و سێیەم سەیری دیفتۆنگ بکەین، وەڵامی پرسیارەکەی سەرەوە (ئایا لە زمانی کوردیدا دیفتۆنگ هەیە؟) بە بەڵێ دەبێت، چونکە لە زمانی کوردیدا دیفتۆنگ رۆڵی جیاکاریی واتایی نابینێت. دەنگەکانی (ای-ay) و(او-aw) لەزمانەکەدا چالاکن، بەڵام گرفتەکە لە ئەوەدایە، کە تا ئێستاش، لە لایەن زمانەوانەکانەوە بەتەواوی دیارینەکراوە، ئایا دیفتۆنگەکان لە دوو دەنگی ڤاوڵ، یان لە دەنگێکی ڤاوڵ و نیمچە کۆنسنانتێک پێکهاتوون، بە گشتیی گریمانەی ئەوە دەخەینەڕوو، ئەم دوو جۆر دەربرینەمان هەبێت (ئاو- ʔa:w~ ئاو-ʔa:u)، واتە لە(ʔa:u) ، ڤاوڵی(a:) درێژ دەردەبڕێت، کە زمان لە ڤاوڵی یەکەمدا جوڵەیەک دەکات بۆ دەربڕینی دەنگی(a)، دواتر جوڵەیەکی تر دەکات بۆ دەربڕینی ڤاوڵی(u). ( Fergyson) ئەم جۆرە بەدواییەکهاتنی دوو دەنگی ڤاوڵ بە دیفتۆنگ ناوبردووە، چونکە هەردوو دەنگەکە کورت دەردەبڕین و لە ڤاوڵە درێژەکان( e:, o:) جیاوازن. (Brosnahan) و (Malmberg ) پێیانوایە، کە دەنگە دیفتۆنگەکان لە زمانی ئینگلیزیدا لە سەر بنەمای ئەکەوستیکیی شیکار و پۆلینکراون، هیچ گرنگی بە پۆلینکردنی ئەرکییانە و فۆنۆلۆژییانە نەدراوە، کە ئایا ئەم

---

* ئەورەحمانی حاجی مارف ئاماژەی بەئەوە کردووە ،کەبزوێنی (وی) لە وشەکانی (دویر ،سویر ،کویر ،موی ....تاد) لە بەشێکی زۆری دیالێکتی کرمانجی ژووروودا/ سەروو دا باوە ،هەرچەندە لە ئەلفوبێی عەرەبیدا لە گەڵ(وی)ی کرمانجی خوارووودا وەک یەک دەنووسرێن، بەڵام شێوەی تەلەفوزیان جودایە ، واتە وەها ناخوێندرێتەوە وەک ڕواڵەتی نووسینیان نیشانی دەدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم زمانەوانە پێیوایە، کە بزوێنی سێ لانە(triphthong) و چوار لانە (tetraphthong)لەزمانی کوردیدا بوونی نییە، زۆربەی زمانەوانەکان لە سەر ئەو ڕایەن، بەڵام محەمەد ئەمین هەورامانیی نووسیوویەتی :(زمانی کوردیی جیاوازی هەیە لە گەڵ زمانەکانی تردا بەوەی کە چەند بزوێنێک کۆ دەبنەوە، وەک (ە و)،لە وشەی شەودا ؛ (اوە) لەوشەی ساوەر ،کە بزوێنی سێ لانەیە؛(اوای)ی لەوشەی (ئاوایی)دا بە بزوێنی چوارلانە؛ هەروەها (ە وایە)ی لە وشەی (ڕەوایە) بزوێنی پێنچ لانە، ئەورەحمان حاجی مارف پێیوایە ،کە محەمەد ئەمین هەورامانیی بە هەڵەداچووە، هۆی ئەو هەڵە چوونەشی ئەوەیە ،کە(ی-y)(و-w) بە بزوێن داناوە، لە زمان کوردیدا دوو بزوێن پێکەوە نایەت ،یان یەکێکیان تێدەچێت، یان نیمچە بزوێنێک دەکەوێتە نێوانیانەوە (مارف،ئەورەحمانی حاجی،١٩٧٦، ٣٣).

دەنگانە لە دوو ڤاوڵ پێکهاتوون، یان ڤاوڵێک و دەنگێکی نیمچە کۆنسانتن(Brosnahan, 1970, 126). بەگشتی وەک تاکە دەنگێک نابێت سەیری دیفتۆنگ بکرێت بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا، کە پێکەوەهاتنەکانی وەک (ەو(شەو)، ەی(نەی)، ای(ئای)، او(ئاو)، ۆو(تۆو)، ۆی(ئۆی)، ێو(دێو)، یو(شیو))هەیە، ئەوەی دەربارەی ئەم دەنگانە ڕوودەدات، بە تەنیا گرفتی شێوازی جیاوازە، لە خستنەڕووی شیکارکردنی  ئەم دەنگانە لە زمانی کوردیدا ( بڕوانە هاتنی نیمچە کۆنسنانت لە پێکهاتەی بڕگەدا و بابەتەکانی دواتر- بەشی پێنجەم).

## ٢/٣)شیکارکردنی دەنگە زمانییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا

زنجیرەی ئاخاوتن کۆمەڵێک یەکەی دەنگیی دابڕێنراو نین، لە کاتێکدا دەنگێک دەچێتە پێکهاتەی زنجیرەی ئاخاوتنەوە، کارلێککردن لە نێوان ئەم دەنگە و دەنگەکانی تردا دروستدەبێت. لە خستنەتەکیەکی دەنگەکان یەکەی واتایی گەوەرەتر پێکدێت، شیکارکردنی پێکهاتە کەرتییەکان، یان فۆنێمە کەرتییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا بە دوو رێگە دەکرێت، بریتین لە : **یەکەم، گۆڕانە دەنگییەکان؛** کارلێککردن لە نێوان دەنگەکاندا دەبێتە هۆی گۆڕینی سروشتی دەنگەکان، بە تایبەتیی گۆڕینی سیمای جیاکەرەوەیی دەنگەکان، گرنگترین ئەو کارلێککردنە دەنگییانە، بریتین لە گۆڕانە دەنگییەکان (وێکچوون، کرتاندن... تاد). شیکارکردنی فۆنەتیکیی دەنگە زمانییەکان لەڕووی فیزیکییەوە، بریتییە لە پۆلێنکردنی دەنگە زمانییەکان بۆ کۆنستانت و ڤاوڵەکان، لە ئەم جۆرە شیکارکردنەدا، بە ئامانجی ناسینەوەی دەنگەکان و شیکارکردنیان، ( دەنگەکان) وەک یەکەی سەربەخۆ لەیەکتر سەیر دەکرێن، لە ئەو قۆناغەدا دابڕاندنی (دەنگەکان) لە زنجیرەی ئاخاوتندا، واتە بە بێ بەکارهێنانیان بە کردەیی لەزماندا، بەئامانجی پەسەنکردن و ناسینەوەی دەنگەکانە بە پڕاوپڕیی، بەڵام لە چێوەی پێواژۆی کارلێککردنی ئاڵوگۆڕانەدا* و لەچێوەی ئەو زانستەی، کە لە بەیەکداچوون و کارلێککردنی نێوان دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا دەکۆڵێتەوە، واتە فۆنەتیکی پێکەوەهاتن (combinatory phonetics)، دەنگە زمانییەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا شیکاردەکرێن (برکة، بسام، ١٩٨٨، ٩٣). زنجیرەی ئاخاوتن جێگیر و چەسپاو نییە، بەڵکو جوڵەیەکی بەردەوامە، کە لە لایەن ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە ئەنجامدەدرێت، جگە لە ئەم جۆرەی فۆنەتیک، کە خستمانەڕوو، لێکۆڵینەوە لەکارلێککردنی نێوان دەنگە زمانییەکان، بە زانستی فۆنەتیکی مێژووییەوە پەیوەستە. لە زنجیرەی ئاخاوتندا دەنگەکان دەخرێنەپاڵ یەکتر و یەکەی سیمانتیکیی گەورەتر پێکدەهێنن، ئەم یەکە دەنگییانە دوو جۆری سەرەکییان هەیە یەکەی کەرتیی (فۆنێمی کەرتیی ) و یەکەی ناکەرتیی (فۆنێمی ناکەرتیی ). لەنێوان دەنگە دراوسێ و نزیکەکاندا لە زنجیرەی ئاخاوتندا، کۆمەڵێک کارلێککردن ڕوودەدەن، دەبنە هۆکاری گۆڕینی سروشتی دەنگەکان، چ لە ڕووی درکاندن، یان لە ڕووی سیمای جیاکەرەوەییەو بێت، بۆ نموونە هەندێکجار دوو دەنگ لە

---

* پێڕەوی زمانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئارەزووی قسەکەرەوە، بە ئامانجی ئیکۆنۆمیکردن و ئاسانکاریکردن، واتە دەکەوێتە نێوان دوو هێز : ١- پەستانی درکپێکردنی جیاکەرەوەییانە لای گوێگر، ٢- پەستانی کەمترین هەوڵ، بۆ دەربڕینی دەنگە زمانییەکان لە لای قسەکەر، کە دووەمیان دەبێتە هۆکاری دروستکردنی کارلێککردن لە نێوان دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، ئەندریە مارتینیە (A. martinet) پرەنسیپی کەمترین هەوڵ/تێچوون (lemoindre effort) دیاریدەکات، کە مرۆڤ لە پێواژۆی دەربڕیندا ئارەزووی تەمەڵیی دەکات، لە لایەکەوە لە سەر ئاستی بیرکردنەوە و وەبیرهاتنەوە، لەلایەکی ترەوە لە ڕووی ئاڵوزبوونی پێڕەوی زمانییەوە، کە ئەم پرەنسیپە گەشەی زمان ڕێکدەخات لە بەکارهێنانی یەکە زمانییەکاندا ئاسانکاریدەکات، بە هۆکاری سەرەکیی کارلێککردنی نێوان دەنگە زمانییەکان دادەنرێت، دواتر ئەنجامەکەی، ئەو گۆڕانە دەنگییانە دەبێت، کە لە زنجیرەی ئاخاوتندا ڕوودەدەن (برکە، بسام، ١٩٨٨، ٩٦).

جێکەوتەی ئۆرگانییەوە جیاوازن. کارلێککردنی نێوان دەنگەکان هۆکاری سەرەکیی گۆڕانە دەنگییەکانن لە زنجیرەی ئاخاوتندا، ئەگەر گۆڕانە دەنگییەکە، ببێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی جێکەوتەیی دەنگەکان، بە دیاردەی جێگۆڕکێی دەنگیی (metathesis) دادەنرێت، وەک وشەی (infarctus) لەفەرەنسیدا بە (infractus) دەردەبڕێت، جۆرێکی دیکەی ئەم کارلێککردنەی نێوان دەنگەکان، یەکێک لە دەنگەکان شێوەی دەنگێکی تر وەردەگرێت، کە بە دیاردەی وێکچوونی دەنگیی(assimilation) ناودەبرێت، وەک( (ال) لە زمانی عەرەبیدا، کاتێک دەچێتە سەرپیتێکی (شەمسی)، دەگۆڕێت بەهەمان دەنگ، وەک ( التفاحة~اتتفاحة) (السماء~اسسماء). . . . تاد) (برکة، بسام، ١٩٨٨، ٩٤-٩٥). جۆرێکی دیکە لە کارلێککردن لە نێوان دەنگەکان، دەبێتە هۆی وێکنەچوونی دەنگیی (Dissimilation) *

. **دووەم، بڕگەکردن؛** بڕگە بە یەکەی دەنگیی بنەرەتیی شیکارە دەنگییەکان دادەنرێت، بنەمای سەرەکیی پۆلێنکردنی فۆنێمەکانە لە زماندا. پێکهاتە ناکەرتییەکان (سترێس، ئاواز... تاد) لە گەڵ پێکهاتە دەنگییەکان دێن، بۆ نموونە دەچنە سەر دەنگ و فۆنێمەکان لە چێوەی بڕگەکاندا و دەبنە هۆی کرژیی و خاویی، یان بەرزیی ونزمیی، یان کورتیی و درێژیی دەنگەکان، هەروەها دەچنەسەر پێکهاتەی زمانیی گەورەتر، وەک(وشە، فرێز، ڕستە، دەربڕاوە زمانییەکان)(أنیس،إبراهیم، ١٩٨٧، ٢٨٧). شیکارکردنی زمان بۆ فۆنێمە پێکهێنەرەکانی، بە ئامانجی دروستی و ئاسانی شێوازی نووسینی فۆنێمەکان، هەنگاوێکی زانستی گرنگە. تایبەتکردنی هەموو هێمایەک (پیت)ێک، بە فۆنێمێکی دیاریکراو کارێکی گرنگە و لە لایەن زمانەوانەکانەوە لە زمانی کوردیدا گرنگیپێدراوە، چونکە پێیانوایە، لە لایەک بە کارهێنانی هێما(پیت)ی کەمتر لە ژمارەی پیتەکان، دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو وشانەی لە ڕووی درکاندنەوە جیاوازن بە هەمان شێوە بنووسرێنەوە، لە لایەکی ترەوە، بە کارهێنانی هێما(پیت)ی زیاتر و زۆرتر لە ژمارەی فۆنێمەکان، واتە نووسینی تاکە دەنگێک بە چەند ڕێگەیەکی جیاواز(و~وو، ی~یی، ...تاد)، دەرخستنی کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی لاوەکییانە، کە خاوەن زمان (زمانی دایکیی) هەستیپێناکات و بە لایەوە گرنگ نییە و پرۆسەکە ئاڵۆزتر دەکات، هەرچەندە ئەم بۆچوونە دروستە، بەڵام زمان و دەنگە زمانییەکان بە هەموو ئەو جۆراجۆرییە دەنگییەوە، هەروەک چۆن گرفتە لە بەردەم پێواژۆی بەستانداردکردن لە زمانی کوردیدا، بە هەمان شێوە گرفتە لە بەردەم بەستاندارکردنی ڕێنووسەکەیشدا : نووسینی فۆنێمەکان ( گرفتی ڕێنووسی کوردی)، بە تایبەتیی لە کاتێکدا کاری زمانەوانەکان بەردەوام خۆخەریکردنە بە یەکسانکردنەوەی ژمارەی

---

* لە ئەم حاڵەتەدا سێ جۆری جیاوازی وێکچوون هەیە، یەکەمیان: یەکێک لە دوو دەنگەکە بە دەنگێکی دیکە دەگۆڕێت، گۆڕینی دەنگی (r) لە وشەی لاتینی (purpur) بۆ دەنگی (L) لەوشەی (Purple)ی ئینگلیزیدا. دووەمیان : لەدەربڕیندا یەکێک لە دوو دەنگەکە دەکەوێت. سێیەمیان : هەردوو دەنگەکە پێکەوە دەکەون و دەنگێکی دیکە جێگایان دەگرێتەوە، وەک هەردوو دەنگی (II) گۆڕدراوە بە (ت) و (ر) لەلاتینیدا، وەک (Bella) و (Bellum) گۆڕدراوە بە (bera) و (bet) لەهەندێک دیالێکتی زمانی ئیتالیدا (وافي، علي عبدالواحد، ١٩٩٠، ٢٩٨-٣٠١).

فۆنیمەکان و پیتەکان، ئەمە بۆ هیچ زمانێک بەردەست نییە، تەنانەت زمانی ستانداردی کوردیی، ئەگەر قسەپێکەرانی زمانی کوردیی ئاشنابکرێن بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان، پەیوەست بە هاتنی دەنگەکان لە زنجیرەی ئاخاوتندا، ئیتر قسەکەر لە نووسیندا شارەزای ئەو یاسایانە دەبێت، کە لە چ جێکەوتەیەکدا، دەنگێک ئەلەفۆنە (ماڵ~مال، حەب~حەپ..تاد) و دەنگێکی تر فۆنیمە(گۆڵ- کۆل، گێل-کێڵ،گا-کا،گوڕ-کوڕ، باڵ- پاڵ...تاد)، یان تاکە دەنگێک لە چ جێکەوتەیەکدا ئەلەفۆنە، یان فۆنیمە، ئەگەر قسەکەر دەوروبەرە دەنگییەکان شارەزا ببێت، لە لایەکەوە رێگایەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتی جۆراجۆریی لە ڕێنووسدا(نووسینی فۆنیمەکان)، لە لایەکی ترەوە هەوڵێکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتە فۆنۆلۆژییەکان -جۆراجۆریی دەنگیی لە زمانی کوردیدا.

**٢/٣-١) خستنەڕووی درکاندنی لاوەکییانەی دەنگە زمانییەکان**

درکاندنی لاوەکییانە(secondary articulation)، کۆمەڵێک سیما و نیشانەی جیاکەرەوەین، کە زیادکراون بۆ دەنگە زمانییەکان، ئەم سیما لاوەکییانە سیمای بنەرەتیی دەنگەکان ناسڕنەوە، بەڵام هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی جۆراجۆریی دەنگین لە زماندا، دراوسێیەتیی دەنگەکان بنەمان بۆ دروستبوونی نیشانە و سیمای جیاکەرەوەیی لاوەکییانەی دەنگەکان، دواتر ناسینەوەی ئەم سیما لاوەکییانە، پێویستن، بە ئامانجی دارشتنی یاسا دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا، کە دیاریکردنی ئەم دیاردە دەنگییانە، هەم بۆ خاوەن زمانەکە (ئاخێوەرانی زمانی کوردیی )، هەم بۆ ئەو کەسانەی، دەیانەوێت زمانی کوردیی فێرببن گرنگە، دەربڕینی لاوەکییانەی دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوە، وەک(ک،گ،ش،ژ،ج،چ،خ،ن) لە زمانی کوردیدا زۆرتر ڕوودەدەن، بەراورد بە دەنگەکانی ئۆرگانەکانی پێشەوە، لێرەدا گرنگترینیان دەخەینەڕوو :

**٢/٣-١-١) بەلووتیکردنی دەنگەکان**

هەندێک لە ڤاوڵەکان تایبەتمەندیی لووتیی وەردەگرن، چونکە بەشێکی ئەو هەوایەی کە دەبێت لە دەمەوە تێپەڕێت، لە لووتەوە تێدەپەڕێت(نەک هەمووی)، بە تایبەتی ئەگەر لە دەوروبەری دەنگێکی لووتییەوە هاتن، بۆ نموونە ئەگەر دەنگی [ی،ێ]ی ڤاوڵ لە دەوروبەری دەنگی [م،ن]دا هاتن، وەک(نیگار – نیمچە – نیشان، مێ )، هەروەها دەنگە کۆنسنانتەکان لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا، لە گەڵ دەنگە لووتییەکاندا دێن و سیمای لووتیی وەردەگرن، وەک دەنگی[ل،ڵ] لە (فلم، چڵم )، یان دەنگی [ز،ژ] لە ( مەزن، بەژن ). لە ئاخاوتندا زۆربەی ئاخێوەرانی زمانی کوردیی بە لووتیبوونی (nasalization) دەنگە خشۆکەکان بەکاردەهێنن، بە تایبەتی لە شێوەزاری سلێمانیدا (ک.ن)، بەڵام دەنگە تەقاوەکان، ناتوانرێت بە لووتیبکرێت، چونکە تایبەتمەندیی بەلووتیبوون(کردنەوەی بۆشایی لووت) تایبەتمەندیی تەقاوەیی لە دەنگەکە دەسێنێتەوە(Ladeffoged, 1971, 33)(Brosnahan, 1970, 111)( Glesson, 1965, 250).

### ٢/٣-١-٢) بەمەلاشوویکردنی دەنگەکان

سیمای مەلاشوویی (palatal)، یان ڕەقەمەلاشوویی، کە تایبەتە بە درکاندنی دەنگی [ی- i ]ی ڤاوڵ، یان [ی- y, j]نیمچە کۆنسنانت، جیاوازە لە دەنگێک، ڕەنگە لچولێویی بێت و تایبەتمەندی مەلاشوویی وەرگرتبێت، لە ڤاوڵەکانی پێشەوەدا، زمان لە ڕەقەمەلاشوو نزیکدەبێتەوە، کە ڤاوڵی[ی،ێ] *، یان دەنگی(ی)ی نیمچە کۆنسنانت، لە گەڵ دەنگێکی نەرمەمەلاشوویی دێن و لە ئەنجامدا دەنگە نەرمەمەلاشووییەکە تۆزێک دێتە پێشەوە، یان سیمای بەڕەقەمەلاشوویی (palatalized) وەردەگرێت، وەک [ک، گ] لە وشەکانی( کێو، گێل، کینە، گیران، گیا، گیان )*، دەنگی بەمەلاشوویبوو بە ئەمشێوەیە دەنووسرێت [kˋ] [gˋ]. دەنگێکی نەرمەمەلاشوویی، وەک [و-w] ی نیمچە کۆنسنانت لە وشەکانی(وانە، وەرە، ورد... تاد)دا، دەکرێت بە کاریگەریی هاتنی لە گەڵ دەنگە ڕەقەمەلاشووییەکانی وەک [ی، ێ]ی ڤاوڵدا، سیمایی بە ڕەقەمەلاشوویی وەربگرێت، لە وشەکانی (وێران، وێر، وێڵ، ویل، وێرد، ویست، وێنا، وێنە. . . . تاد). (محەمەد مەعروف فەتاح ) ئاماژەی بە ئەم جۆرە نیمچە ڤاوڵە نەرمەمەلاشووییە[و] داوە لە وشەکانی (ساوا، وەرە)دا، کە پێیوایە لەگەڵ بزوێنی (ێ)ی بەرز و پێشەوەدا، لە ناوەڕاستی وشەکانی ( گوێز، وێران، خوێن، شوێن )دا، وەک ڤاوڵێکی بەرزی لێدێت[و/w~و/u]، واتە سیمای(بەرز، پێشەوە) لە دەنگەکەی دوای خۆی وەردەگرێت(فەتاح، محەمەد مەعروف، ١٩٩٠، ٦٥). لە خستنەڕووی سیما جیاکەرەوەیی ئەم دوو جۆرە (و١، و٢) مەبەستەکەی ئاشکرا نییە، ئایا بۆچی دووەمیان، وەک بزوێنێکی بەرزی لێدێت، ئەگەر وەک بزوێنی بەرزی لێبێت، دەبێت لە زمانی کوردیدا، یاسای هاتنی دوو بزوێن پێکەوە لە بڕگەیەکدا ڕێگەپێدراو بێت، یان دەبێت هاتنی ئەم دوو بزوێنە پێکەوە وەک جووت- ڤاوڵ/دیفتۆنگیان لێهاتبێت، دەربارەی ئەم بارودۆخە دوو گریمانە لە ئارادایە، **یەکەم**: [و] لە ئەم وشانەدا، هێشتا سیمای نیمچە کۆنسنانتی پێوە دیارە، واتە لە دەربڕیندا خشە و خشاندنێکی پێوەدیارە، نیمچە ڤاوڵی [ و ]، ئەگەر لەگەڵ ڤاوڵەکانی پێشەوە و ڕەقەمە:لاشووییەکانی وەک [ ێ، ی، کۆڵد ڤاوڵ]دا هات، دەبێت بە دەنگێکی بە نەرمەمەلاشوویی-کراو، وەک( ویست، ورد، وێڵ... تاد)، یان لە کۆتایی بڕگەدا هات، وەک(شێو، شیو... تاد)، بەڵام ئایا ئەم گریمانەیە، بۆ وشەکانی (خوێن،کوێ، گوێ، جوین.... تاد) گونجاوە؟ لە ڕاستیدا[و] نیمچە ڤاولێکی نەرمەمەلاشووییە، بەڵام بە کاریگەریی ڤاوڵی[ێ،ی]، دەبێتە نیمچە ڤاولێکی/نیمچە کۆنسنانتێکی ڕەقەمەلاشوویی، (بەراوردی دەربڕینی دەنگی [و] نیمچە ڤاوڵ بکە! لەوشەکانی

---

* ئەم دیاردەیە، تەنیا ڤاوڵە ڕەقە مەلاشووییە بەرزەکانی وەک (ی، ێ) دەگرێتەوە، چونکە لە ڤاوڵە ڕەقە مەلاشووییە نزمەکانی وەک (ا)، زمان بەرز نابێتەوە و لە باری ئاساییدایە، بۆیە هیچ گۆرانکارییەک لە دەنگەکەی پێش خۆیدا دروسناکات، وشەکانی (گێل، کینە.... تاد) لە گەڵ وشەکانی (گا، کا، کاڵ.. تاد )دا، بەراورد بکە.

* هەندێکجار دەنگیی (ک،گ) سیمای بە ڕەقەمەلاشوویی تێیاندا زەقبۆتەوە، بۆیە وەک دەنگێکی نزیک لە دەنگی(ج،چ)ی ڕەقەمەلاشوویدا دەردەبڕێن.

(وەخت، واشە، وریا، وازی، ورد، ورچ، ورگ، وشک... تاد)، لە گەڵ دەربڕینی دەنگی [و]ی نیمچە ڤاوڵی بە ڕەقەمەڵاشوویبوو لە سەرەتای وشەکان لە (ویڵ، ویزگە، ویران، ویست.... تاد)، هەروەها ناوەڕاستی وشەکان لە(خوێن، گوێز، هەنگوین. . .. تاد)) *. **دووەم:** ئەو دوو دەنگە، بریتین لە دوو تاکە دەنگ [وی،وێ] [ü, œ]، بەڵام لە ڕێنووسدا دوو پیتیان بۆ دانراوە، ئەم ڤاوڵانە سیمای (ڕەقەمەڵاشوویی،بەرز،پێشەوە)یان هەیە، وەک ڤاوڵەکانی[ی،ێ]، هەروەها سیمای (لێوخڕبوونەوە)یان هەیە وەک ڤاوڵەکانی[و،ۆ]، ئەم دوو دەنگە ڤاوڵەی لە وشەکانی (خوێن،خوێ، گوێ، گوێز، شوێن،سوین، جوین.... تاد)دا هەن، جیاوازە لە دەنگی نیمچە کۆنسنانت[و] لە وشەکانی(ویست، ویڵ، وێنە..... تاد)دا، چونکە لە (ویڵ،ویست.. تاد) سیمای ڕەقەمەڵاشووییان وەرگرتووە لە وشەکانی(خوێن،سوێند... تاد)جیاوازن، کە گۆڕانی دەنگی [و+ی~وی]، [و+ێ~وێ]، واتە دوو دەنگ دەگۆڕێن بە تاکە دەنگێک، دەنگی[ک،گ] لە گەڵ ڤاوڵەکانی [وی،وێ][ü, œ]دا، سیمای ڕەقەمەڵاشوویی وەردەگرن، هێندە دەهێنرێنە پێشەوە، زۆرجار وەک[ ج،چ] دەردەبڕێن، ئەمەش گریمانەی بوونی ئەم دەنگانە[œ،ü] دەسەڵمێنێت، نەک گریمانەی بوونی نیمچە کۆنسنانتی[و]، کە لە وشەکانی (گوان، کوا، خوا.... تاد)دا، سیمای (لێوخڕبوونەوە) بە دەنگی[ک،گ]دەبەخشێت، جیاوازە لە دەنگی[وی،وێ]، کە لە وشەکانی (گوێز،گوێ... تاد). کاریگەریی دەنگەکانی [ک،گ،خ] لە سەر ئەم دوو ڤاوڵە دەردەکەون، بە تایبەتی لە ئەکسینتی (هەولێردا)، کە دەنگە نەرمەمەڵاشووییەکان سیمای لێوخڕبوونەوە لە ئەم دوو ڤاوڵە دەسێننەوە و وشەکانی (گوێز،خوێن) بە (گیز~جیز، خین) دەردەبڕێن. هەرچەندە دەنگێکی لچولێویی وەک [p]، بە مەڵاشوویکردنی ئەستەمە، هەندێک لە زانایانی فونەتیک پێیانوایە، کە دەنگێکی لچولێویی، وەک[ p ] ئەستەمە سیمای مەلاشوویی وەربگرێت، بەڵام ئەگەر ئەو سیمایەی وەرگرت، بە [pˋ] دەنووسرێت (Martinet, 1964, 67)، لە زمانی رووسیدا دەنگە بە مەڵاشوویی-کراوەکانی [pˋ] و [tˋ]، لە دوو شوێنی جیاوازدا، واتە یەکێکیان پێشە- مەڵاشوویی (apical – palatal)، ئەویتریان دواوە- مەڵاشوویی ( dorso-palatal) بەرهەمدێن، نەک لە ئەنجامی یەک شوێنی وەک دواوەی مەڵاشوو ( platal dorsal )ەوە بەرهەمبێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەنگە مەڵاشوویبووەکان، وەک [ ک ] و [ گ ] لە یەک شوێندا بەرهەمدێن ( ڕەقە مەڵاشوو ) *، لە ئەم دیاردە دەنگییەدا کاریگەریی ڤاوڵەکان لە سەر کۆنسنانتەکان دەردەکەون( بە مەرجێک دەنگە

---

* بەراوردی ئەم وشانە بکە، لە گەڵ هاتنی (و) ی نیمچە ڤاوڵ لە سەرەتای وشەکان لە گەڵ ڤاوڵە نزمەکانی (ا، ە)دا، یان لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵەکە، کە لە سەرەتای وشە و بڕگەکاندا، وەک (وازی، وایەر، واشە، وانە، وەرە. وەخت، وەرد، وەرگێران..... تاد )، کۆتایی وشە و بڕگەکان، وەک (ئاو، چاو، خاو، باو، داو، لاو، ئاو، ئەو، کەو، شەو.... تاد ) دەبینین، کە دەنگە نیمچە ڤاوڵەکە (و)، هێشتا سیمای نەرمەمەڵاشوویی هەیە، سیمای ڕەقەمەڵاشوویی وەرنەگرتووە، بەراورد بە وشەکانی ( ویڵ، ویر،ویزگە، وێنە.... تاد).

* (غازی فاتح وەیس)، دوو جۆر (ک) دەستنیشاندەکات، یەکەمیان پشتەوەی زمان لە دواوەی نەرمەمەڵاشوو نزیکدەبێتەوە، وەک لە وشەی ( کێ)دا، دووەمیان پشتەوەی زمان لە پێشەوەی نەرمەمەڵاشوو نزیکدەبێتەوە، وەک ( کۆ )، بەڵام تەنیا ( ک

کۆنسنانتەکە لە سەرەتای بڕگەدا بێت،( وشەی(گێل) لەگەڵ (ڕێک)، بەراورد بکە! )

### ٣-١-٤-١/٣) بە نەرمەلاشوویکردن

ئەمجۆرە دیاردە دەنگییە پێچەوانەی دیاردەی دووەمە، چونکە دەنگە ڕەقەمەلاشوویەکانی وەک (ج، چ) (ژ، ش) لە کاتێکدا لەگەڵ دەنگێکی (نەرمەمەلاشوویی)دا دێن، سیمای نەرمەلاشوویی وەردەگرن (Robins, 1966, 108)، سیمای نەرمەلاشوویی وەرگرتن لە دوو بارودۆخدا ڕوودەدات: **یەکەم،** دیاردەی بە نەرمەلاشووییبوون(velarization) : دەنگەکە بۆ دواوە دەچێت، بۆ نموونە هاتنی [ج، چ، ژ، ش]، لەگەڵ دەنگە نەرمەمەلاشوویەکانی وەک ڤاوڵی(و،ۆ) *،(و-w)دا، وەک (جوو، جۆگە، چوو، چۆڵ، شۆخ،شووشە، شوان، جوان... تاد)، لە ئەم حاڵەتەدا کاریگەریی ڤاوڵەکانی دواوە(و،ۆ)،(و)ی نیمچە کۆنسنانت لە سەر کۆنسنانتەکاندا دەردەکەون. هەروەها دەنگە ڕەقەمەلاشوویەکانی وەک ( ی نیمچە ڤاوڵ، ی ڤاوڵ، ێ )  بە نەرمە مەلاشووییبکرێن، لە کاتێکدا ئەگەر دەنگێکی بە نەرمەمەلاشوویی وەک(خ)*لە پێشیانەوە بێت، وەک (خێل، خێڵ، خیابان، خێزان، خێو، خێسەکردن، خشە... تاد)، لە ئەم حاڵەتەدا کاریگەریی کۆنسنانتەکە لە سەر ڤاوڵەکە دەردەکەوێت. دیاردەی بەنەرمەمەلاشوویی-بوونی دەنگی (ل) لە زمانی کوردیدا، کە بە (ڵ) دەنووسرێت، لە هەندێک جێکەوتە دا فۆنەتیکییە و واتا ناگۆڕێت، بە تایبەتیی لە بڕگەیەکدا، ئەگەر لە دوای ڤاوڵە مەلاشوویەکانی وەک (ا، ۆ) دا هات وەک (ساڵ کاڵ، داڵ، کۆڵ، دۆڵ. . . تاد)، لە بەرانبەر ئەم وشانەدا، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە جۆری (سال، کال، دال. . . . . تاد) لە زمانی کوردیدا نادۆزرێنەوە. **دووەم،** دیاردەی بە قوڕگیبوون (pharynagalization): بەرزبوونەوەی دواوەی زمان، کەمێک بۆ سەرەوە بۆ لای نەرمەمەلاشوو، کەمێک جوڵاندنی بۆ دواوە (بە ئاراستەی دیواری پشتەوەی قوڕگ)، هۆکاری سەرەکیی دروستبوونی جۆراوجۆریی دەنگییە لە زمانی کوردیدا، وەک دەربڕینی دەنگەکانی ( ص، ط، ض)، کە لە بەرانبەر هەندێک فۆنێمدا دادەنرێن( ص —س) ( ط-ت ) ( ز-ض )، لە ئەم حاڵەتەدا، دیاردەی بە نەرمەمەلاشوویی( velarization) بە دیاردەی بە قورگیبوون (pgaryngalization ) ناودەبرێت، چونکە زمان دوو جوڵە دەکات، یەکێکیان بۆ سەرەوە ( بۆ لای نەرمەمەلاشوو

---

) ( گ ) ی بەمەلاشووییبوومان هەیە، نەک دەنگێکی پێشەوەی نەرمەمەلاشوو و دواوەی نەرمەمەلاشوو، وەک ئەوەی لە زمانی ڕۆمانیدا ڕوودەدات، لە زمانی کوردیدا لە یەکەمیاندا (کێ) بە ڕەقەمەلاشووکراوە و لە دووەمیاندا ( کۆ) لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیدا ( نەرمەمەلاشوو) دەردەبرێت، بەلام سیمای لچولێویی وەرگرتووە.

* ئەم دیاردەیە، ڤاوڵە بەرز و نەرمەمەلاشوویەکان، وەک (و، ۆ) دەگرێتەوە، چونکە ڤاوڵی نزم و نەرمەمەلاشوویی (ا)، هیچ گۆرانکارییەک لە دەنگەکانی پێش خۆیدا دروستناکات، چونکە زمان بەرز نابێتەوە لە گەڵیدا و بەڵکو زمان بە تەواوەتی نزمدەبێتەوە، وشەکانی (جۆگە، جوڵە.... تاد) بەراورد بکە لە گەڵ (چاک،جام،شاد،ژان... تاد).

* دەنگی (خ) لە بەرئەوەی، دەنگێکی خشۆکە، کاریگەریی لەسەر ڤاوڵەکاندا دروستدەکات، بەلام دەنگی (ک، گ) دوو دەنگی تەقاوەن، زیاتر ڤاوڵەکە ئەم دەنگانە بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت.

)، ئەویتریان بۆ دواوە ( بۆ لای قورگ) (Jones, 1962, 52)، لە زمانی کوردیدا ئەم جۆراجۆرییە دەنگییە لە ئاخاوتندا درکپێدەکرێت، کاتێک دەنگی [س] و [ت]، لە گەڵ ڤاوڵی ڕەقەمەڵاشوویی (ە،ا)دا دێن، بە تایبەت ئەگەر دەنگێکی نەرمەمەڵاشوویی، وەک (ڵ) لەهەمان دەوروبەردا هاتبێت، دەنگی [س] و[ت]، کە دەنگێکی ددانیی – پووکین، سیمایی لاوەکیی بە قورگیبوون وەردەگرن، زمان بۆ لای نەرمەمەڵاشوو جوڵە دەکات، وەک (سڵاو، بنە سڵاوە، ساڵ، سەڵت، سەڵتە، تەڵخ، تاڵ، خەڵتە، سڵق، سەوڵ. . . . . تاد)، هەروەها لە هەندێک وشەدا، بە تەنیا لە دەوروبەری دەنگی (ا، ە)دا دێن و مەرجی بە قورگیبوونیان بە سەردا جێبەجێدەبێت، وەک وشەکانی (ماست، سابوون، سەوزە، ساج،سەگ،ساغ،. . . . . . تاد)، لە دەوروبەری دەنگی ڤاوڵی [ۆ، و]، [و]ی نیمچە کۆنسنانت)دا لە هەندێک وشەدا، وەک (تۆخ، سۆڵە، تۆڵە، توون، توند، سواڵ، سواڵکردن، سواڵکەر) درکپێدەکرێت. لە دەربڕینی دەنگی (ز)دا، دیسان ئەم دیاردەیە لە وشەی (زەڵم، زواڵ،زۆڵ)دا درکپێدەکرێت، قسەکەری کورد، ناتوانێت، لە ژێر کاریگەریی دوو دەنگی مەڵاشوویدا [ە، ڵ]، دەنگی [ز]، وەک دەنگی [ز] پووکیی دەربپڕێت، بەڵکو وەک دەنگێکی بە نەرمەڵاشوویی (ض) دەردەبڕێت، بەڵام ئەگەر لە دەوروبەری دەنگێکی مەڵاشوویی هاتبێت، بە مەرجێک دەنگی دواتری دەنگی (ل) ی پووکیی بێت، وەک (دووزەلە، زەل، زەلام، تەل، توول، سەلار. . . . . تاد)، دەنگی (ز) سیمای بە قورگیبوون وەرناگرێت.

### ٤-١-٤-١/٣) خڕبوونەوەی لێوەکان

بارودۆخی لێوەکان ( لچولێو)، لە زۆربەی زمانەکاندا، بە جۆری ڤاوڵەکانەوە پەیوەستە، لە زمانی ئینگلیزیدا ڤاوڵەکانی دواوە سیمای لێوخڕبوونەوەیان (rounding of lips)هەیە، بارودۆخی لچولێویی، بریتین لە :یەکەم، لێوخربوونەوە(rounded). دووەم، لێوخرنەبوونەوە(unrounded)، یان کشانی لێوەکان(spread). سێیەم، بێلایەنبوون (neutral)، لە زۆربەی زمانەکاندا لێوخڕبوونەوە تایبەتە بە ڤاوڵەکانی دواوەی زمان، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا، بەڵام لە زمانی فەرەنسیدا، ئەم سیمایە تایبەت بە ڤاوڵەکانی دواوە تایبەت نییە، بەڵکو هەندێک لە ڤاوڵەکانی پێشەوەش سیمای لێوخڕبوونەوەیان هەیە(Bolinger,1968, 26)، بەهەمانشێوە لە زمانی کوردیدا ڤاوڵەکانی پێشەوە، وەک(وی،وێ)سیمای لێوخڕبوونەوەیان هەیە. بەگشتی لێوخڕبوونەوە دابەشدەبێت بۆ لێوخربوونەوەی داخراو(close rounding)، وەک سەرەتای وشەی(wood)، لێوخربوونەوەی کراوە(open rounding) وەک وشەی (hot)لە زمانی ئینگلیزیدا(O, connor, 1973, 37) (Abercromie, 1967, 57). ئایا لە زمانی کوردیدا هاوشێوەی زمانی ئینگلیزی، دەنگی (و) و (ۆ ) لە لێوخڕبوونەوەدا جیاوازن؟ ڤاوڵەکانی دواوە لە زمانی کوردیدا ( ۆ)، (و )سیمای لێوخربوونەوەی هەیە، بە بەراوردکردنی وشەی ( گوڵ ) لەگەڵ ( گۆڵ )، یان (کوڵ) لە گەڵ (کۆڵ) درکپێدەکرێت لە وشەی یەکەمدا ( گوڵ )، ڤاوڵی ( و – u) لێوخڕبوونەوەیەکی داخراوە، بەڵام لە وشەی ( گۆڵ )دا، ڤاوڵی (ۆ –o ) لێوخڕبونەوەیەکی کراوەیە. هەندێکجار لێوخڕبوونەوە سیمای جیاکەرەوەیی هەندێک لە کۆنسنانتەکانە،

وەک ( و – y) ی نیمچە کۆنسنانت. لە هەندێک زماندا زنجیرەیەک تەقانەوەی نەرمەمەڵاشوویی ڕوودەدات، کە لە گەڵیدا لێوخربوونەوە هەیە، بۆیە پێیاندەوترێت، دەنگە ( نەرمەمەلاشوویی – لچولێویی–labiovelars )یەکان بە هێمایی ($k^w$) ($g^w$) ئاماژەی پێدەدرێت(Robins, 1966, 107). هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، دەنگێکی لچولێویی، بە نەرمەمەڵاشوویی–دەکرێت، بە پێچەوانەوە دەنگێکی بە نەرمەمەڵاشوویی وەک (ک،گ)بە لچولێویی دەکرێت بە هاتنی لە گەڵ ڤاوڵەکانی دواوەی زمان(و،ۆ)، یان نیمچە کۆنسنانتی(و)، یان ڤاوڵەکانی پێشەوە، وەک(وی،وێ–œ, ü)، وەک (کوا، گوان،کۆڕ،کوڕ،گۆڕ،، کوێ، گوێ..... تاد)، واتە ڤاوڵەکان سیما لە کۆنسنانتەکانەوە وەردەگرن، کۆنسنانتەکان سیما لە ڤاوڵەکانەوە وەردەگرن، بۆ ئەوەی پێکەوەهاتنی دەنگەکان لە چێوەی بڕگەدا گونجاوبێت.

### ١/٣–٤–١–٥) درێژکردنەوەی دەنگەکان

دەنگەکانی ئاخاوتن پێویستیان بە کات ( ماوەی خایاندن ) هەیە، بۆ ئەوەی دەربڕێن، واتە خاوەنی ماوەی خایاندن (Duration) و چەندایەتی (Quantity)ن، واتە لە ڕووی چەندێتییەوە، ڤاوڵە درێژەکان لە ڤاوڵە کورتەکان جیاوازن، جیاوازیی درێژیی لە ڤاوڵەکاندا لە ڕووی چۆنێتییەوە دەبێت، بەڵام لە ڕووی چۆنێتییەوە جیاوازییەکی لاوەکییە، فرەجاریی زرنگدەرەوەیی ڤاوڵە درێژەکان، جیاوازە لە ڤاوڵە کورتەکان (الزهراء، حبیب زحماني، ٢٠١٢، ٨٦). هەندێک لە دەنگەکان ماوەی خایاندنیان دیاریکراوە، بۆ نموونە دەنگە تەقاوەکان ماوەی خایاندنیان زۆر کورتە، بەڵام دەنگە بەردەوامییەکان(continuats)/خشۆکییەکان، دەتوانرێت بە ئاسانی درێژ بکرێنەوە، تا ئەو ڕادەی هەناسەی قسەکەر ڕێگەیان پێدەدات، لە زۆربەی زمانەکاندا گرنگی بە دەنگی دووبارەکراو دەدرێت، بۆ جیاکاریکردن لە نێوان وشەکاندا، بەڵام دەنگی درێژکراو هیچ گرنگییەکی پێنادرێت (Jones, 1962, 114-116). هەمبەرییە دەنگییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان کۆنسنانتی درێژ و کورتدا، زۆر بە کەمیی، یان لە زۆربەی زمانەکاندا نین، وەک زمانی ئینگلیزیی و فەرەنسیی و ئەڵمانیی (Stetson, 1951, 93)، بەڵام لە زمانی ئیتاڵیدا جیاکاریی دەکرێت لە نێوان دوو دەنگی کۆنسنانتدا، بە گوێرەی کورت و درێژیی دەنگەکان(lengthening)، تەنانەت لە هەندێک زماندا سێ بۆ چوار پلە، بۆ کورت و درێژیی دەنگێک دیاریدەکرێت، کە هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە ئەم حاڵەتانەدا، بۆ دیاریکردنی فۆنێمەکان بنەمایەکی بەهێزن، بۆ نموونە دیاریکردنی ڤاوڵێکی وەک (ا) لە زماندا، بە ئەمشێوەیە دەنووسرێت (/a/ ,/ .a/ ,/ : a/ ,/ : : a/) (Bolinger, 1968, 27) (Lade foged, 1971, 82). جیاوازیی هەیە، لە نێوان کورت و درێژیی دەنگێک و دەنگێکی دووبارەکراوە (doubling)، تاڕادەیەک درێژیی بەردەوامبوونی درێژکردنەوەی دەنگێک لە لایەن قسەکەرەوە هەسپێناکرێت، بەڵام دەربارەی دەنگێکی دووبارەکراوە قسەکەر بە جوانی هەستیپێدەکات، لەلایەن زمانەوانەوە ڕێککەوتن هەیە، کە دەنگێکی دووبارەکراو دووجار بنووسرێتەوە( (rr)، (LL). . . تاد)، بەڵام دەنگێکی درێژکراو، بە دانانی یەک خاڵ، یان دوو خاڵ ( .L .:L)ئاماژەیپێدەدرێت (Martinet, 1964, 70) (Jones, 1962, 118). لە زمانی کوردیدا لێکۆڵینەوە لە دەنگێکی درێژکراو، وەک (و)ی درێژ

و (ی)ی درێژ، کۆمەڵێک پرسیار و گریمانە دەخەنەڕوو، ڤاوڵی ( و ) لە وشەی (کوڕ)دا، کورت دەردەبڕێت، ئەگەر درێژ دەرببڕێت، وەک ( کووڕ )، دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا، واتە لە زمانی کوردیدا، درێژ دەربڕینی دەنگێکی ڤاوڵ لە هەندێک وشەدا سیمایەکی فۆنۆلۆژییە، لێرەدا هیچ گرفتێک لە کورت و درێژیی دەربڕینی ئەم دەنگەدا نییە، چونکە قسەکەری کورد بە سەلیقەی زمانیی، شارەزایە، لە ئەوەی ئەم دەنگە لە چ وشەیەکدا درێژ دەردەبڕێت، لە چ وشەیەکدا کورت دەردەبڕێت، بەڵام گرفتەکە لە ڕێنووسدا دروستدەبێت، کە بەرانبەر دەنگێکی درێژکراو دووبارەکردنەوەی دەنگێک دابنرێت(وو)، لەبەر ئەوەی لە ڕێنووسدا هێمای ( وو )ە چەسپاوە، زمانەوانەکان ناکرێت و نابێت، وەک دەنگێکی دۆبڵ – دەنگ سەیری ئەم دەنگە بکەن، ئەگەر بە تەنها لە وشەکانی ( کوڕ، کووڕ )، وەک دوو فۆنێمی جیاواز دەردەکەون، ئەوە لە وشەکانی ( نووسین، دوور. . . تاد )، وەک جۆراوجۆریی دەنگیی ( کورت و درێژیی فۆنێمێک ) دەردەکەون، واتە هەمبەرە فۆنۆلۆژییەکان لە ئەم وشانەی دوایدا درکپێناکرێن و جیاوازی واتایی دروست نابێت، تەنها جۆراجۆریی دەنگییە لەڕووی فۆنەتیکییەوە، نەک فۆنۆلۆژیی، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا لە زمانی کوردیدا، نەک بە تەنها بەرانبەر فۆنێمەکان، هەندێکجار بەرانبەر جۆراوجۆرییە دەنگییەکان هێمایەکی دیاریکراو هەیە؟ دەبێت بە ( بەڵێ) وەڵامبدرێتەوە، چونکە ناتوانرێت، هێمای ( وو ) لە ڕێنووسی زمانی کوردیدا دەربهێنرێت و هێماکە چەسپاوە، تەنانەت ئەگەر لەڕووی زانستییەوە بە تەنها بۆ وشەی ( کوڕ – کووڕ ) گونجاو و دروستبێت، ئەوە ناتوانرێت ( وو ) لە ڕێنووسی زمانەکەدا لاببرێت، کاری سەرەکیی زمانەوان لێرەدا ئەوەیە، ئەو بارودۆخ و یاسایانە هەڵبهێنجێنێت، چ یاسای فۆنەتیکیی بێت، دەربارەی (و)ی درێژ، یان یاسای فۆنۆلۆژیی بێت، دەربارەی (و)ی درێژ، بۆ ئەوەی لە قۆناغەکانی بنەڕەتیدا، لە پرۆگرامی خوێندندا، خوێندکارەکان پێی ئاشنا بن و ئیتر شتێک بە ناوی گرفتی ڕێنووس لە ئارادا نابێت. بە گشتیی دەربارەی دەربڕینی لاوەکییانە، یان سیمای لاوەکییانەی دەنگە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا بڕوانە خشتەی(٣–٥):

| سیمای لاوەکیی دەنگە زمانییەکان | هێمای فۆنەتیکی | هاتنی لە زمانی کوردیدا |
|---|---|---|
| ١-هەناساوییبوون | b̤ a̤ | -دەنگە تەقاوییەکان |
| ٢- بەلووتیبوون | ẽ~ dⁿ | -دەنگە خشووکییەکان لە گەڵ دەنگە لووتییەکان |
| ٣- بە مەلاشوویبوون | t' d' ~ tʲ dʲ | -دەنگە قورگییەکان/ نەرمەمەلاشووییەکان ( ک،گ) لە گەڵ ڤاوڵە ڕەقەمەلاشووییەکان (گێل، کینە....تاد) |
| ٣- بە نەرمەمەلاشوویبوون | tˠ dˠ | -دەنگە ڕەقە مەلاشووییەکان(ج،چ، ژ،ش) لە گەڵ ڤاوڵە نەرمەمەلاشووییەکان (شۆڕ، چۆڕ، جۆر......تاد) |
| ٤-بە قورگیبوون | tˤ dˤ | -(س،ت،ز) لە زمانی کوردیدا بە (ص،ط،ض) دەردەبڕێن، (تاڵ~طاڵ، ساڵ~صاڵ....تاد) |
| ٥-لێوخڕبوونەوە | tʷ dʷ | -کۆنسنانتە قورگییەکان( ک،گ) لە گەڵ دەنگە(لێوخڕبوونەوەکان ) (گوان، کوا، گوارە، کۆڕ، گۆڕ، کووڕ.....تاد) |
| ٦- نەرمەمەلاشوویبوون و قورگیبوون (قەبەکردن) | ɫ | -دەنگی(ل) (مەلا~مەڵا) |
| ٧- نادەنگداریی- بوون | n̥ d̥ | -نادەنگدارییبوونی دەنگە دەنگدارییەکان، وەک (ب،د،ج،گ،ز،ژ...تاد)(حەب~حەپ) |
| ٨- دەنگداریی- بوون | s̬ t̬ | دەنگداربوونی دەنگە نادەنگدارەکان، وەک (پ،ت، چ، س،ش،ک.......تاد)(بەشدار~بەژدار) |
| ٩-برینە دواوەی دەنگێک | i̠ | -نیمچە کۆنسنانتی (و)(وانە -وێنە) |
| ١٠- هێنانە پێشەوەی دەنگێک | u̟ | -دەنگی (ک،گ) (کوێ~چوێ) -هێنانە پێشەوەی ڤاولی(وو) (وو)~(وی)(قووڵ~قویل) |

دەربڕینی لاوەکییانەی دەنگە زمانییەکان..... خشتەی (٣-٥)

٤)شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی و نواندنی  دەنگەکان لە زمانی کوردیدا

١/٤) شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگە زمانییەکان

٢/٤) نواندنی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا

## ١/٤) شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگە زمانییەکان

شیکارکردنی دەنگە زمانییەکان بە ئاستەکانی شیکرکردنەوەی( فۆنەتیک و فۆنۆلۆژی)یەوە پەیوەستە ، لە بابەتی پێشتردا شیکارکردنی فۆنەتیکیی دەنگە زمانییەکان خرانەڕوو، بەڵام ئاستەکانی شیکارکردن بە پێی تیۆرییە فۆنۆلۆژییەکان، سێ جۆر شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەخەنەڕوو: ١-شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان بە گوێرەی سیمای دابەشبوونی تەواوکارانە. ٢-شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان بە پێی هەمبەرییە دەنگییەکان، کە فۆنێم شیکاردەکەن بۆ کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی (Bierwisch, 1971, 24). ٣-شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان، بە گوێرەی نواندنەکانی ژێرەوە(سیما فۆنۆلۆژییەکان). لەفۆنۆلۆژیی دروستەکارانەدا، فۆنێمەکان شیکاردەکرێن بۆ ئەلەفۆنەکان، یان بۆ جۆراوجۆریی دەنگیی، بەپێی دەوروبەرە دەنگییە جۆراوجۆرەکان( چەند پێوەرێک دەبنە بنەما، وەک دابەشبوونی تەواوکارانە، بەیەکداچوونی فۆنێمیی، هەمبەرییەکان... تاد)، بڕوانە بەشی دووەم)، هەرچەندە سەرەتا تیۆریی سیمای جیاکەرەوەیی لە سەر دەستی قوتابخانەی پراگدا گەشەیکرد، کە لە شیکارکردنی دەنگە زمانییەکاندا بە بچوکترین یەکە دادەنرێت، بەڵام فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، بۆ دارشتنەوەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، بیرۆکەی (سیمای جیاکەرەوەیی )یان بەکارهێنا، ئەم بیرۆکەیان لە کارەکانی فۆنۆلۆژیی دروستەکارییەوە وەرگرت، بە تایبەتیی لە کارەکانی (یاکبسون). لای (یاکبسۆن) سیمای جیاکەرەوەیی بنەمایەکی ئەکەوستیکیی هەیە، بەڵام لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان بۆ دوو جۆر دابەشدەبێت: ١- سیمای جیاکەرەوەیی فۆنەتیکیی. ٢- سیمای جیاکەرەوەیی فۆنۆلۆژیی، کە سیما دەنگییە فۆنۆلۆژییەکان، بریتین لە گچکەترین هەمبەرییە دەنگییەکانی تایبەت بە مۆرفێمەکان(morphems)، هەروەها یاسا فۆنۆلۆژییەکانی ژێرەوە، کە نواندنە فۆنۆلۆژییەکان دەگۆڕنەوە بە نواندنە فۆنەتیکییەکان لە ئاستی ڕووکەشدا. فۆنۆلۆژیی دروستەکارانە گرنگی بە پەیوەندیی مۆرفۆلۆژی نێوان دەنگەکان نادات، لە شیکارکردنی ئەرکییانەی دەنگییە زمانییەکاندا، لە پێڕەوی دەنگیی دەکۆڵێتەوە لە سەر بنەمای جیاکاریی واتایی، لە پێواژۆی ئاڵوگۆڕکردنی دەنگەکان لەچێوەی مۆرفێمەکاندا، ئەگەر گۆڕانی واتایی ڕوویدات، ئەوە دوو فۆنیمی جیاوازن، بەڵام ئەگەر گۆڕانی واتایی ڕوونەدات، ئەم دوو دەنگە بە جۆراوجۆریی(variants) دادەنرێن (Jones, 1957, 14)(Malmberg, 1963, 94). لە فۆنۆلۆژیی دروستەکارانەدا، فۆنۆلۆژی بریتییە لە پەیوەندیی لە بریدان (associative)ی نێوان دەنگەکان، بەڵام فۆنەتیک بریتییە لە پەیوەندی بە دواییەکهاتن(successive)، هەموو زمانێک ژمارەی فۆنێمەکانی، بە گوێرەی هەمبەرییەکان (opposition) دیاریدەکات، کە هەمبەرییە دەنگییەکان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازن، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان دەنگی[ت]و[ط]دا نادۆزرێنەوە، بە پێی تیۆری فۆنێم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان (بار-پار)دا، بریتین لە فۆنێمی (ب-پ)، کە جیاکاریی واتایی دروستدەکەن، بەڵام بە پێی تیۆری سیمای جیاکەرەوەیی، هەمبەرییە

فۆنۆلۆژییەکان لە (بار–پار)دا، بریتین لە هەمبەرییە دەنگییەکان، پەیوەست بە سیمای جیاکەرەوەیی(+،–دەنگداریی) لە نێوان (ب–پ)دا، بریتییە لە (+دەنگداریی)، واتە سیمایی (+دەنگداریی) جیاوازیی واتایی دروستدەکات، بەڵام بە پێی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان، سیمای جیاکەرەوەیی (دەنگداریی) بە سیمای فۆنۆلۆژیی دادەنرێت، چونکە لە ئاستەکانی ژێرەوەدا، ئەم هەمبەرییە دەنگییە ڕوودەدات، بەڵام لە وشەکانی(حەب–حەپ)دا، بە سیمای فۆنەتیکیی دادەنرێت و لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات.

**١-١/٤)هەمبەرییەکان و سیما دەنگییەکان**

هەمبەرییە دەنگییەکان لە نێوان فۆنێمەکان و بە پێی سیمای جیاکەرەوەیی فۆنێمەکان، بنەمان بۆ دیاریکردنی پێڕەوی فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا. (troubetzkoy)لە ناو پێرەوی زماندا، هەوڵدەدات سیما جیاکەرەوەییەکان پۆلێنبکات، بە گوێرەی پەیوەندییان لە گەڵ یەکتردا، یان پەیوەندییان لە گەڵ هەمبەرییەکاندا (oppositions)، یان بوونی جیاکاریی واتایی، کە پەیوەندیی نێوان دەنگەکان، سێ جۆر پەیوەندیی هەمبەریی دەخەنەڕوو:

١–هەمبەرییە یەککلارەوەکان(privative opposition) : ئامادەبوونی، یان ئامادەنەبوونی سیمای جیاکەرەوەیی، ئەو فۆنێمەی سیما دەنگییەکەی تێدایە، بە مارکەلێدراو دادەنرێت و یان بە پۆزەتیڤ ئاماژەی پێدەکرێت (+marked member)، بەڵام ئەو دەنگەی سیما دەنگییەکەی تێدا نییە بە مارکەلێنەدراو دادەنرێت و بە نەگەتیڤ ئاماژەی پێدەدرێت(-unmarked member) ، لە زمانی کوردیدا ئەم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییە لە کۆنسنانتە تەقاوەکان( +دەنگدار: ب،د،ج،گ،-دەنگدار:پ،ت،چ،ک)، لە کۆنسنانتە خشۆکەکان(–دەنگدار:ف،س،ش،خ،ح– +دەنگدار: ڤ،ز،ژ،غ،ع) لە ڕووی سیمای(دەنگداریی)یەوە دێن.

٢–هەمبەرییە پلەییەکان(gradual opposition): ئەم هەمبەرییە دەنگییە لە نێوان ئەو دەنگانەدا ڕوودەدات، کە خاوەنی هەمان سیمای دەنگین، لە سەر بنەمای پلەی جیاوازیی کرژیی (intensity) پۆلێندەکرێن، وەک سیمای کرژیی ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیدا، لە نێوان(وو: ڕادەی کرژیی زۆر کەمە، ۆ:ناوەندە، ە: ڕادەی کرژیی زۆرە).

٣–هەمبەرییە هاوتاکان(equipollent opposition): بریتییە لە هەمبەریی نێوان دوو سیمای جیاکەرەوەیی، لە دوو فۆنێمی جیاوازدا، بۆ نموونە لە نێوان هەردوو دەنگی(ت) و(پ)، کە لەدوو ئۆرگانی دەنگیی جیاوازەوە بەرهەمدێن، بەڵام هەمان سیمای ئەکەوستیکیی(تەقاوەیی)یان هەیە، کە بەرێگەی داخستنی ئۆرگانەکانی ئاخاوتنەوە ڕوودەدات. لای چومسکی * سیمای جیاکەرەوەیی دوو ئەرکی سەرەکیی هەیە :١– کۆکردنەوەی هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێو زمانەکاندا، بە ڕێگەی سیمای جیاکەرەوەیی دەنگەکان. ٢–پەسەنکردنی ناوەڕۆکی دەنگیی

---

* پێڕەوی سیمای جیاکەرەوەیی لە لایەن یاکبسۆن و فانت و هاڵی (١٩٥٢)خرایەڕوو، هەروەها یاکبسۆن و هاڵی(١٩٥٦)، دواتر چومسکی و هاڵی لە کتێبی (the sound pattern of English)دا، باسیان لە سیمای جیاکەرەوەیی کرد.

سەگمێنتەکان بە ڕێگەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە، پەسنکردنی سەگمێنتەکانی ئاستی ژێرەوە. فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان لە دەنگەکاندا سیمای (+ڤاوڵ) گۆڕی بۆ سیمای (+بڕگەیی)( هەرچەندە سیمای بڕگەییان بۆ سەگمێنتەکان زیادکرد، بەڵام تیۆریی ستاندارد گرنگی بە شیکارکردنی بڕگەیی سەگمێنتەکان نەدا–بڕوانە شیکارکردنی بڕگەیی سەگمێنتەکان، بەشی پێنجەم)، هەموو ئەو دەنگانەی، هەڵگری ئەم سیمایەن(+بڕگەیی)، لە کرۆکی بڕگەدان(دەنگە ڤاوڵ و لووتیی و لاییەکان )، هەموو دەنگەکانی تر هەڵگری سیمای نابڕگەیین (Lyons, 1969, 101)(Milewski, 1973, 54). سیما جیاکەرەوەییەکان بۆ سیما تایبەتەکان دابەشدەبن، کە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا تۆمارکراون، هەروەها ئەو سیما دەنگییانەی کە بەڕێگەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە لە پێکهاتەی فۆنۆلۆژیدا بەرهەمدێن. سیمای جیاکەرەوەیی بە بچوکترین یەکەی دەنگیی بە دوایەکنەهاتوو دادەنرێن، واتە سیما دەنگییەکان پێکهاتەی سەرەکیی سەگمێنتەکان/ کەرتەکانن، ناسینەوەی سیمای دەنگیی فۆنێمەکان ڕۆڵی سەرەکیی لە دەستنیشانکردنی گۆڕانە دەنگییەکان و یاسا دەنگییەکاندا هەیە، بۆ نموونە یاسای دەنگیی :

-ت ← د/ # ز —

ئەگەر لەشێوەی سیمای جیاکەرەوەیی بنووسرێت، گۆڕانە دەنگییەکە دەخاتەڕوو:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| -ت | ← | د | / | # | ز — |
| [+پووکیی–دانیی] | | [+پووکیی–دانیی] | | | [+ پووکیی] |
| [–دەنگداریی] | | [+دەنگداریی] | | | [+دەنگداریی] |

دەنگەکانی (ت،د،ز)، بریتین لە سەگمێنتەکان، بەڵام سیماکان ( کۆنسنانت، ڤاوڵ، لووتیی، دەنگداریی.. تاد)، بریتین لە پێکهاتەی سەگمێنتەکان،هێمای(←) ئاماژەیە بۆ گۆڕانی دەنگیی، دەنگی (ت) دەبێت بە (د)ی دەنگدار بە هاتنی لەگەڵ دەنگێکی دەنگدار وەک(ز).

### ٢-١/٤)گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان پەیوەست بە یاسا فۆنۆلۆژییەکان

ئامانجی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان بە دەستهێنانی پێڕەوێک لە یاسای فۆنۆلۆژییە، کە فۆڕمە دەنگییەکان بەرهەمدەهێنن( فۆڕمە ئەبستراکت و قووڵەکان)، نواندنی فۆنۆلۆژیی ئاستێکی ئەبستراکتییە، بەڵام نواندنی فۆنەتیکیی ئاستێکی کۆنکرێتییە، لە نواندنە ئاستە قووڵ و ئەبستراکتەکانەوە( هەموو فۆنێمێک فۆرمێکی ئەبستراکتی چەسپاوی هەیە) بە هۆی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە، کە ڕیزبوونێکی هێڵییان هەیە( نواندنە فۆنۆلۆژییەکان بریتین لە چەند سەگمێنتێک، بە گوێرەی ڕیزبوونێکی هێڵیی ڕێکخراون :س←ز/دەنگداریی)، فۆڕمە دەنگییە ڕووکەشییەکان دادەڕێژرێن، سەگمێنتەکان لە نواندنە فۆنۆلۆژییەکاندا، لە کۆمەڵێک سیمای فۆنۆلۆژیی پێکهاتوون، نەک سیمایی جیاکەرەوەیی( یاکبسون کۆمەڵێک سیمای جیاکەرەوەیی دیاریدەکات، لە سەر بنەمای

ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی، بەڵام لە بەرهەمهێنان لە دەنگەکاندا، سیمای فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکیی هەیە). یاسا فۆنۆلۆژییەکان * نواندنە فۆنۆلۆژییەکان بە نواندنە فۆنەتیکییەکان دەگۆڕنەوە، ئەم یاسا دەنگییانە بە گوێرەی دروستە فۆنۆلۆژییەکان جێبەجێدەکرێن، واتە دروستە فۆنۆلۆژییەکان ڕێگە بە کام یاسای دەنگیی دەدەن، هەروەها لە جێبەجێکردنی ئەم یاسایانەدا، کارلێککردن لە نێوانیاندا ڕوودەدات، یاسایەک یاسایەکی تر تێردەکات، یان یاسایەکی تر لە کاردەخات.. تاد، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا وشە عەرەبییە خواستراوەکان ( ناوی مرۆڤ)، بۆ ئەوەی بگەن بە ئاستی دەربڕین، یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە ئەم وشانەدا ڕێگە بە چەندین گۆڕانی دەنگیی دەدەن، وەک (ئەحمەد~ ئەحمەو- وێکچوون)←(ئەحمەد~ ئەح. مە- کرتاندن)← (ئەح. مە~ ئەح. حە- وێکچوون)، (محەمەد~ محەمەو- وێکچوون)← (محەمەد~محەمە- کرتاندن)←(م. حە. مە~حەمە- کرتاندن). (مستەفا~مستە- کرتاندنی بڕگەی (فا))←(مس. تە~ م. تە)*- کرتاندنی دەنگی (س))←( م. تە~ م. چە – وێکچوون )،ئەم یاسا دەنگییانە گشتوەگیرن، واتە گۆڕانی دەنگیی، وەک وێکچوون لەڕووی سیمای جیاکەرەوەییەوە، لە زۆربەی کۆنسنانتەکان ڕوودەدات، گۆڕانی سەگمێنتێک(لە ناوچوون، زیادکردن، جیگۆرگێ)، یاساییەکی گشتییە و لە زۆربەی دەنگە زمانییەکاندا( ڤاوڵ و کۆنسنانت و نیمچە کۆنسنانتەکان) ڕوودەدات، کە نواندنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان بە ئەمشێوەیە:

A →B / C—D

١-(A) بریتییە لە پەسەندکردنی دروستەیی سەگمێنتێک، کە دەگۆڕێت (گۆڕانی دەنگیی) و بە ئامانج (target) ناودەبرێت.

٢-(B) بریتییە لە گۆڕانی دروستەیی ( گۆڕان لە دروستەی سەگمێنتەکە)دا، کە بە گۆڕان (change) ناودەبرێت.

٣- (C—D) بریتییە لە دەوروبەریی دەنگیی سەگمێنتێک، بە گۆڕانی دەوروبەریی (context change)بە ( focus bar) ناودەبرێت.

٤-هێمای سنوورەکان (boundary word, boundary morphem, boundary phrase) بە ئەمشێوەیە : هێمای (#) بۆ سنووری وشەکان، (+) بۆ سنووری مۆرفێمەکان،(||) بۆ سنووری فرێزەکان.

---

* دەربارەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا، بڕوانە (حەمەد، دەریا سابیر، ٢٠١٦، ٨-٢٤)(محێدین، بازیان یونس، ٢٠١٣، ١٠١-١١٩)،(شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج،٢٠٠٠، ٤٩ -١١١)، (ڕەشید، سەلام ڕەحیم، ٢٠٠٩، ٦١-١٠٤)، (محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵا، ٢٠١٥، ٤٢ -٧٩)، (جەمیل، خەبات هادی، ٢٠٠٨، ٢٤)، (مارف، ئەورەحمانی حاجی، ١٩٧٦، ٥٤ -٦٧)، (خەلیل، ناهیدەڕەحمان، ٢٠١٣، ١٢٢-١٣٩)،(قادر، کاروان عومەر و ئەوانی تر، ٢٠١٧، ٣٠١- ٣٠٧)... تاد.

* بۆ ئەم گۆڕانە دەنگییە سوودمان لە گۆڕانی دەنگیی (مرتەزا ~ مترزا~ متە ) لە ناوچەی گەرمیان وەرگرتووە(بە تایبەتی ناوە عەرەبییەکان لە ناوچەی خانەقیندا).

### ١/٤-٢-١)گۆڕینی سیما جیاكەرەوەیی سەگمێنتەكان

وێكچوونە دەنگییەكان لە زمانی كوردیدا، وێكچوونی بڕگەیین (syllabicity assimilation)*، كە بڕگەكان دەچنەپاڵ یەكتر، یەكێك لە دەنگەكان بە تەواوەتی دەگۆڕێن و دەچنە شێوەی دەنگەكەی دراوسێی(Trask, 2015, 49) ، كە پێیدەوترێت وێكچوونی تەواو، یان سیمای جیاكەرەوەیی دەنگەكان دەگۆڕێت، پێیدەوترێت وێكچوونی بەشەكییانە(Malmberg, 1963, 105, 106)(ماریو، بای، ١٩٧٠، ٩٥)(عبدالرحمن، ایوب، ١٩٦٣، ٢٣)، لە ڕووی كاریگەریی دەنگەكان لە سەر یەكتر، دوو جۆر وێكچوونمان هەیە:

**یەكەم**-وێكچوونی پێشەوە: گۆڕینی دەنگی سەرەتای بڕگەی دووەم(براهيمي، بوداود، ٢٠٢٠، ١٧٩)، بڕوانە ئەم نموونانە:

-گوڵ+دار=گوڵڵار، (گوڵڵان، دڵڵار.... تاد).

-ساز+دان=(ساززان)، (حەڤڤە، سەرران.......... تاد)

-پێم+دا=پێمما، پیشان+دا=پیشاننا، بم+بە=بممە.

لە نموونەی یەكەم و دووەمدا، گۆڕان لە وشە مۆرفۆلۆژییە(دارێژراوەكان)دا ڕوودەدات، واتە دەنگەكەی پێشەوە كاریگەریی لەسەر دەنگی[د] دروستدەكات، دەنگیی [د] وەك خۆی لێدەكات( زمانی كوردیی بە بەردەوامی حەز بە دەنگی (د) ناكات بە لابردنی دەنگی(د)، كە دەنگی كۆنسنانتی كۆتای بڕگەی یەكەم سەرەتای بڕگەی دووەم پڕدەكاتەوە، پێدەچێت ئەم گۆڕانە وێكچوون نەبێت، هەروەها كرتاندنی دەنگیی(هەمزە)، وەك گوڵ+ئاو=گوڵ. لاو بەراورد بكە!)، بەڵام لە نموونەی سێیەمدا، لە ئاستی سینتاكسدا ئەو گۆڕانە دەنگییە ڕوودەدات.

**دووەم** -وێكچوونی پاشەوە:گۆررینی دەنگی كۆتایی بڕگەی یەكەم، بۆ نموونە:

-بەرامبەر~بەراممەر، عەمبار~عەممار، پەمبە~پەممەیی

-مات+دان=ماتتان، خەت+دار=خەددار

-لە گەڵت دێم=لە گەڵد دێم، سەرتداگرە=سەرددداگرە

لە نموونەی یەكەمدا، لە وشە فەرهەنگییە سادەكاندا ڕوودەدات، لە نموونەی دووەمدا، لە وشە مۆرفۆلۆژییەكاندا دەنگی كۆتایی بڕگەی یەكەم بۆ دەنگی(د)دەگۆڕێت، هەروەها لە نموونەی سێیەمدا لە ئاستی سینتاكسدا ڕوویداوە. هەندێكجار وێكچوونی بەشەكییانەیە لە هەمان فۆنێمدا ڕوودەدات، بە كاریگەریی دەنگەكەی

---

* (مایكل بریم) لە نامەی دكتۆراكەی بە ناوی ( Arabic phonology: implication for phonological theory and hisitorical semitic ) ئەم جۆرە وێكچوونە دەخاتەڕوو(الزغبی، موسی،٢٠١٢، ٢)

دراوسێی، کە کاردەکاتە سەر یەکێک لەسیماکانی جیاکەرەوەیی، وەک(+ دەنگداریی )(+لچولێویی).. تاد، بڕوانە ئەم یاسا دەنگییانە:

-[کۆنسنانت١][کۆنسنانت٢] ← [کۆنسنانت١][کۆنسنانت٢] / کۆنسنانت— کۆنسنانت

| | | |
|---|---|---|
| [–لچولێویی] | [+ لچولێویی] | ڤاوڵ—، — ڤاوڵ |
| [–ڕەقە.م] | [+ ڕەقە.م] | ڤاوڵ— کۆنسنانت |
| [– نەرمە.م] | [+ نەرمە.م] | |
| [–دەنگداریی] | [+دەنگداریی] | |
| [+دەنگداریی] | [–دەنگداریی] | |
| : | : | |

وێکچوون لە ڕووی ئۆرگانی دەنگییەوە(سازگەی دروستبوون) ڕوودەدات، وەک ئەم نموونای خوارەوە:

-بەرانبەر~بەرامبەر، قونبەڵە~قومبەلە

دەنگی[ن، م]، دوو دەنگی لووتین، بەڵام دەنگی[ن] لە ژێر کاریگەریی دەنگی[ب]دایە، (م،ب) سازگەی دروستبوونیان هاوشێوەیە؛ (لچولێویی)، واتە وێکچوون لە ڕووی سازگەوە ڕوودەدات.

-ماڵ~مار، دەڵێم ~دەلێم، رقاویی~ركاویی.

لە وشەکانی (ماڵ~مار-ئەکسێنتی هەولێر)،دەنگی (ڵ-نەرمەڵاشوویی) دەگۆرێت بە دەنگی(ر-پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویی) لە ژێر کاریگەریی ڤاوڵی(ا-ڕەقەمەڵاشوویی)، لە وشەکانی (دەڵێم~دەلێم)دا، دەنگی (ڵ-نەرمەڵاشووی) دەگۆڕێت بە دەنگیی(ل- پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویی). لە وشەکانی(ڕقاویی~ڕکاویی)دا، دەنگی(ق-زمانەبچکۆلەیی) دەگۆریت بە دەنگی(ک-نەرمەمەڵاشوویی) لە ژێر کاریگەریی دەنگی(ر-نەرمەمەڵاشوویی)، واتە ئەگەر دەنگەکە بگۆرێت بۆ دەنگێک، کە لە ڕووی ئۆرگانی ئاخاوتنەوە هاوشێوە، یان نزیک دەنگەکەی دراوسێ بێت، ئەوە وێکچوون لە ڕووی سازگەوە ڕوودەدات، بڕوانەی خشتەی(٣-٦):

| (لچولێویی) | (لچو-دانیی) | (پووکیی)، (پووکیی-دانیی) | (پووکیی)-ڕەقەمەڵاشوویی)، ڕەقەمەڵاشوویی | (نەرمەمەڵاشوویی) | (زمانەبچکۆلەیی) | (قورگیی)، (گەروویی) |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ب-پ<br>(حەب-حەپ)<br>(بادەم~بایەم)<br>(بابە-باوە)<br>م<br>(قونبەلە~قومبەلە) | ف-ڤ<br>ڤ/نیمچە.<br>کۆنسنانت<br>(ئاڤ~ئاو) | د-ت<br>(خەتدار-خەددار)<br>ناتناسم~ناوناسم)<br>س-ز<br>(گەستن-گەزین) | ج-چ<br>ژ-ش<br>(کوشتن-کوژران)<br>ن-(پەند-پەنگ)<br>ل(ماڵ-مار)*<br>(مەلا~مەڵا)<br>ر<br>ی-y | ک-گ<br>(کورگ~کورک)<br>و-w<br>غ-خ<br>(باغ-باخ)<br>نگ<br>(بەند~بەنگ)<br>ڵ<br>(دەڵێم~دەلێم)<br>(دەڵێم~ دەرێم) | ق<br>(قرتاندن-کرتاندن)<br>(بانق~بانک)<br>(رقاویی-رکاوی)* | ع-ح<br>(بەحرکە-بەعرکە)<br>هەمزە<br>(هاوەڵناو~ئاوەڵناو)<br>هـ<br>(قورئان~قورعان) |

وێکچوونی دەنگیی لە زمانی کوردیدا...... خشتەی(٣-٦)

دوو دەنگی زمانیی، وەک(م، ب)، ئەم گۆڕانە دەنگییە دەخەنەڕوو:[ن][ب]←[م] [ب]/ [ب]، واتە (ن) دەگۆڕێت بۆ (م) لە ژێر کاریگەریی دەنگی (ب)دا، کە دەنگی (م،ب) لە هەمان ستوونن (دوو دەنگیی لچولێوین)، ئەوە وێکچوونی ئۆرگانییە، چونکە دەنگی(ن) لە وشەی (بەرانبەر ~ بەرامبەر) دەگۆڕێت بۆ (م) لە ژێر کاریگەریی

دەنگی (ب)، بەڵام ئەگەر دەنگێک(س، ش، ب، پ) لە هەمان ستوون بوو، سازگەی دروستبوونی نەگۆڕێت و ستوونەکەی خۆی جێنەهێڵێت، ئەوە وێکچوونە لە ڕووی چۆنێتییەوە(Brosnahan, 1970, 132)(Nida, 1946, 23) ، بۆ نموونە (سیمای جیاکەرەوەیی دەنگداریی)*، وەک(س)، بۆ(ز)، (د) بۆ(ت)،(ک) بۆ(گ)..... تاد، یان سیمای بە قوڕگیبوون(س-ص)(ت-ط).

- چەند هەزار~چەنگ هەزار، دەربەند~دەربەنگ، ئەوەندەم زانی~ئەوەنگەمزانی*.

دەنگیی [ن، نگ] دوو دەنگی لووتین، بەڵام [ن] لەژێر کاریگەریی دەنگی ڤاوڵی [ە]دایە، دەنگی[ە،نگ]، لە ڕووی سازگەوە(ە-نەرمەمەڵاشوویی)(نگ-نەرمەڵاشوویی) هاوشێوەن. ئەگەر دەنگێک بگۆڕێت بۆ دەنگێک لە ستونێکی تر، بەڵام جیاوازبوو لە ستوونی دەنگەکەی دراوسێ(واتە جیاوازبوو لە سازگەی دروستبوونی دەنگەکەی دراوسێ) چی ڕوودەدات؟ لە ئەم بارودۆخەدا وێکنەچوون(dissimilation) لە ڕووی سازگەوە ڕوودەدات، بۆ نموونە لە (بانق~بانک)، دەنگی(ق- زمانەبچکۆلەیی)دەگۆڕێت بۆ دەنگی(ک- نەرمەڵاشوویی)، لە ژێر کاریگەریی دەنگیی(ن- پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویی)، واتە لە ڕووی سازگەوە لەیەک دووردەکەونەوە، دەگۆڕێت بۆ دەنگێک، کە لەهەمان ستوونی دەنگی دراوسێ نییە. دیاردەی وێکنەچوون* جیاوازە لە وێکچوون، بریتییە لە هەموارکردنەوەی دەنگێکی زمانیی لە زنجیرەی ئاخاوتندا، لە ژێرکاریگەریی دەنگێکی دراوسێ، بە زۆربوونی مەودای جیاوازیی لە نێوانیاندا، واتە دوو دەنگەکە زیاتر لە یەک دووردەکەونەوە (Brosnahan, 1970, 134-135). دەنگەکان تا زیاتر لە یەک دوو بکەونەوە، لە ڕووی سیمای جیاکەرەوەییەوە زۆر جیاواز بن لە دەنگەکانی دەوروبەریان، ئەوە دەبنە گۆڕانی دەنگیی گۆڕینی سەگمێنتێک و بە وێکنەچوون دانانرێن.

- ناتناسم~ناوناسم، بادەم ~بایەم، ئاڤ~ئاو.

لە(ناتناسم~ناوناسم)دا، دەنگی(ت-لچولێویی) بۆ دەنگی(و/نیمچە ڤاوڵ-نەرمەڵاشوویی)دەگۆڕێت، لە ژێر کاریگەریی هەردوو دەنگیی(ا-ڕەقەمەڵاشوویی) و (ن-پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویی)، لە (بادەم~بایەم)دا،

---

* هەندێک لە ئەو وێکچوونە دەنگییانە تایبەتن بە ئەکسینت و دیالێکتی جیاواز، وەک(بەحرکە-بەعرکە(هەولێر)، باوک-باوگ(گەرمیان-خانەقین))

* (طالب حسین علی )، ئەم گۆڕانە دەنگییەی بە وێکچوون داناوە، پێیوایە دەنگی (د) دەگۆڕێت بۆ(گ)، کە سازگەی دروستبوونی هاوشێوەی سازگەی دروستبوونی دەنگی(ن)ە(علی، طالب حسین، ١٩٨٩، ٥١).گریمانەی ئەوە دەخەینەڕوو، کە دەنگی (نگ-ŋ) بریتییە لە دەنگێکی نەرمەڵاشوویی، کە لە بری دەنگی(ن- ڕەقەمەڵاشوویی) هاتووە، لە ژێر کاریگەریی ڤاوڵی (ە)دا، دەنگی (ŋ) جیاوازە لە پێکەوەهاتنی(نگ-ng).

* (شنۆ قادر ) دیاردەی وێکنەچوونی وەک دیاردەی کرتاندن خستۆتەڕوو، ئەم دیاردەیە بریتییە نییە لە کرتاندن و زیادکردنی دەنگێک، لە سەر بنەمای بوونی جیاوازیی دەنگیی، بەڵکو بریتییە لە گۆڕین لە سیمای جیاکەرەوەیی دەنگێک(محمد،شنۆ قادر،٢٠٠٨، ٢٧)

دەنگی(د-پووکیی-ددانیی) دەگۆڕێت بە دەنگی(ی/نیمچە ڤاوڵ/ ڕەقەمەڵاشوویی)، لە ژێر کاریگەریی هەردوو دەنگی دراوسێ (ا-ڕەقەمەڵاشوویی) و (ە-نەرمەمەڵاشوویی)دا، لە (ئاڤ~ئاو)دا دەنگی(ڤ- لچو-ددانیی) دەگۆڕێت بە دەنگی (و-نەرمەمەڵاشوویی)، لە ژێر کاریگەریی دەنگی(ا-ڕەقەمەڵاشوویی)دا، واتە دەنگەکانی ئۆرگانەکانی پێشەوە (د،ڤ،ت)دەگۆڕێن بە دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوە(و،ی)ی نیمچە ڤاوڵ، لە ژێر کاریگەریی دەنگە ڤاوڵەکاندا، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[کۆنسنانت]← [نیمچە کۆنسنانت- و،ی] / ڤاوڵ —

[-ڕەقە.م] [+ ڕەقە.م] ڤاوڵ—کۆنسنانت

[- نەرمە.م] [+ نەرمە.م] [+ نەرمە.م] ، [+ ڕەقە.م]

بارودۆخێکی تر، بریتییە لە وێکچوون لە ڕووی سیمای جیاکەرەوەیی( دەنگداریی)ەوە: واتە دوو دەنگەکە لە ڕووی ئۆرگانی دەنگییەوە هاوشێوەن، بەڵام لە ڕووی دەنگدارییەوە جیاوازن، گۆڕینی لە(+دەنگداریی)ەوە بۆ (-دەنگداریی)، یان بە پێچەوانەوە، ئەگەر لەدەورووبەری دەنگێکی دەنگداردا هاتن، بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:

-ڕۆژباش~ڕۆشباش، پاشنوێژ~پاژنوێژ، هەشت+دە~هەش+دە~هەژدە*، پشت+دەر~پش+دەر~پژدەر، پێش+مەرگە~پێژمەرگە*

-کوشتن~کوژ-کوژران، ڕشتن~ڕژ-ڕژان، چیبکەم~چیپکەم، بەرزکردنەوە~بەرسکردنەوە.......... تاد.

نموونەکانی سەرەوە ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەم جۆرە گۆڕانە دەنگییە(س-ز، ز-س، ش-ژ، ژ-ش، ب-پ) لە هەموو ئاستەکانی زماندا چالاکن (کوژران، پاژ نوێژ، ڕۆشباش... تاد).

لە بارودۆخێکی تردا، وێکچوون لە ڕووی سیمای جیاکەرەوەیی لاوەکییانەوە(بە قورگیبوونی دەنگەکان)ڕوودەدات، ئەم سیما جیاکەرەوەییە جیاوازە لە دەنگداریی، چونکە سیمای جیاکەرەوەیی (بەقورگیبوون)، نابێتە هۆی هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان، بۆیە لەڕێنووسدا گرنگی نادرێت بە نووسینی ئەم گۆڕانە دەنگییانە(سابوون~صابوون، بەراورد بە مسگەر~مزگەر!). ئەو دوو جۆرەی تر(وێکچوون لە ڕووی سازگە و دەنگدارییەوە، وێکچوونی پەیوەندداربوون(contact assimilation)، یان وێکچوونی ڕاستەوخۆن

* دوو پێواژۆ ڕوودەدات، یەکەمیان :کرتاندن، دووەمیان:وێکچوون

* وشەی(پژدەر، پیژمەرگە، هەژدە، مزگەر) بە هەمان پێواژۆی تێپەڕبوونە، بەڵام لەڕێنووسدا هەندێکیان چەسپاون و گۆڕانی ئیتیمۆلۆژیی دەنگەکان لە ڕێنووسدا پێڕەوکراوە، بەڵام لە وشەی (پێشمەرگە)دا لە ڕووی ئیتیمۆلۆژییە دروستبوونی نوێترە، بۆیە گۆڕانە دەنگییە لە ڕێنووسدا نەچەسپاوە.

(immediate progrwssive)، بەڵام وێکچوونی ناپەیوەندار/ دووراودوور (distant assimilation)، یان ناڕاستەوخۆ (nonimmediate progressive) (استیتیة،سمیر شریف، ٢٠٠٨، ٩٣ -٩٤) بریتییە لە دوو دەنگی کۆنسنانت لەبڕگەی(cvc)دا، کە ڤاوڵێک دەکەوێتە نێوانیان، بەڵام کاریگەری دروستدەکەن، یان لە دوو بڕگەی جیاوازدا دێن، دوو دەنگی دووراودوور(س–ڵ، ت–ڵ)، لە وشەکانی(ساڵ، تاڵ، تەڕ، سڕ، تەڵخ)دا(دەگونجێت دەنگەکانی تر ئەم دیاردە دەنگییەیان بە سەردا جێبەجێبکرێن، دەربڕینی دەنگی(ش) لە وشەکانی (شڕ، شەڕ )دا، لە گەڵ دەربڕینی دەنگی(ش) لە وشەکانی (شەم، شاخ)دا جیاوازە!)، یان دوو دەنگی دراوسێ، لە دوو بڕگەی جیاوازدا بن، وەک(سەڵت، گاڵتە، خەڵتە، سەڵتە). دەنگە تەقاوەکان لە گەڵ دەنگە لووتییەکاندا دێن، سیمای (+لووتیی )وەردەگرن(جەژن)، بەڵام ئەگەر لە گەڵ دەنگە لاییەکاندا هاتن، سیمای(+لایی) وەردەگرن، هەروەها وەرگرتنی سیمای لچولێویی (کوێ، گوێ...تاد) لە ڤاوڵەکانەوە، واتە کاریگەریی ڤاوڵەکانی پێشەوە، یان پاشەوە لە سەر کۆنسنانتەکان، وەک بە مەڵاشوویکردنی دەنگی (ک)، لە کاتێکدا لە گەڵ(ی، ێ) دێت، ئەم جۆرە وێکچوونە لە سیمای ناجیاکەرەوەیی دەنگەکاندا ڕوودەدات، دەنگە زمانییەکە ناپەڕێتەوە بۆ چێوەی فۆنێمێکی تر، سنووری دەنگیی هەمان فۆنێم نابەزێنێت، بەگشتی ئەم جۆرە گۆڕانە فۆنۆلۆژییانە بە شێوەیەکی بێئاگایانە ڕوودەدەن، تەنانەت قسەکەر و گوێگر هەستیپێناکات، بەڵام لە تۆمارە دەنگییەکاندا لە کارێکی ئەزموونبەندانەدا دەردەکەون(Malberg, 1963, 58, 59).

### ٢-٢-١/٤)گۆڕینی سەگمێنتەکان

بەگشتی ئەو گۆڕانە دەنگییانەی سەرەوە پەیوەستن بە گۆڕین لە ڕووی سیمای جیاکەرەوەییەوە، بەڵام گۆڕینی سەگمێنتێک* جیاوازە، لە ئەو گۆڕانە دەنگییانەی سەرەوە. لە یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا ئەلتەرناسیۆن (alternation)ڕوودەدات، بۆ نموونە (حوشتر~وشتر، هوشیار~وشیار... تاد)، ئەم ئەلتەناسیۆنانە بە لە بریدانانەکان ناودەبرێن و بەرهەمهێنانی ئەم لە بریدانانە بە ڕێگەی دەوروبەرە دەنگییەکانەوە دەبێت، کە لە ئەنجامدا یاسا دەنگییەکان کۆمەڵێک پێواژۆی دەنگیی جێبەجێدەکەن ، کە بریتین لە گۆڕانی دەنگیی (کرتاندن، زیادکردن، جێگۆرکێ، گۆڕینەوە... تاد).

**١–زیادکردنی سەگمێنتێک:** یاسای زیادکردنی سەگمێنتێک بە سەگمێنتی هەڵتۆقیو (epenthesis) ناودەبرێت (Trask, 2015, 62). زیادکردنی سەگمێنتێک لە سەرەتادا، بریتییە لە هەڵتۆقینی سەرەتایی (prothesis)(عبد

* هەندێک زمانەوان دیاردەی وێکنەچوونی دوو دەنگ، واتە نەگونجانی هاتنی دوو دەنگ پێکەوە، بە هۆکاری سەرەکیی ئەم گۆڕانە دەنگییانە دەزانن، پێیانوایە، دیاردەی کرتاندن و زیادکردن.. تاد، لە ئەنجامی وێکنەچوونی دەنگەکانەوە دروستدەبن، بەڵام ئەم دیاردانە جیاوازن لە دیاردەی وێکنەچوون، چونکە وێکنەچوون بریتییە لە گۆڕینی سیمای جیاکەرەوەیی فۆنێمێک، بەڵام کرتاندن بریتییە لە کرتاندنی سەگمێنتێک بە تەواویی.

الصبور،شاهین، ١٩٨٠، ١١)، كە زیاكردنی دەنگەكان لە هەموو ئاستەكانی زماندا( فەرهەنگ، مۆرفۆلۆژی... تاد)ڕوودەدات، لە هەموو پێكهاتە زمانییەكاندا (مۆرفێم، وشە، فرێز.... تاد)ڕوودەدات، یاساكانی زیادكردنی سەگمێنتەكان، بریتیین لە: ١- هەڵتۆقینی كۆنسنانت و نیمچە كۆنسنانتەكان. ٢- هەڵتۆقینی ڤاوڵێک، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-Ø←[كۆنسنانت] / — ڤاوڵ

ڤاوڵ — ڤاوڵ

-Ø← [نیمچە كۆنسنانت] / — ڤاوڵ

ڤاوڵ — ڤاوڵ

-Ø←[ڤاوڵ-ɨ] / كۆنسنانت — كۆنسنانت

بۆ نموونە زیادكردنی هەمزە بۆ سەرەتای وشە فەرهەنگییەكان، دوای كرتاندنی دەنگی(د)(گریمانەی ئەوە دەخەینەڕوو، كە(د) لە سەرەتای وشەكاندا لە كاری ڕانەبردوودا تووشی كرتاندن دەبێت ، چونكە پێویستە جێكەوتەی سەرەتای بڕگە پڕبكرێتەوە، دەنگی هەمزە زیاددەكرێت، بۆ نموونە (دەڕۆم~ەڕۆم~ ئەڕۆم)). لە ناوەڕاستی وشەدا دەنگی(د) تووشی كرتاندن دەبێت و دەنگی (ی) بۆ زیاددەكرێت، بۆ نموونە (دەدەم~ەدەم~ئەیەم)، هەروەها زیادكردنی دەنگە نیمچە ڤاوڵەكان(و،ی)، لە وشە مۆرفۆلۆژییەكان و لە ئاستی سینتاكسدا (لە فرێز و ڕستەكان)دا ڕوودەدات، بە تایبەتی لە نێوان دوو دەنگی ڤاوڵدا، ئەم دەنگانە زیاددەكرێت، وەک (دوو+ەم←دو(كورتدەربڕین)+(نیمچە كۆنسنانت-و)+ەم←دووەم)، بڕوانە ئەم نموونای خوارەوە:

-ئەو+دەرگا+ە←ئەو دەرگایە، دەرگا+ەكە←دەرگایەكە، ئەوەدەرگایە.

-بكەرەوە، بخۆرەوە، هاتۆتەوە، بردۆتەوە..

- مل، كل، گڵ، دزراو،بڕاو،دڕاو....

لە نموونەی یەكەمدا دەردەكەوێت، لە فرێزەكانی وەک( ئەو دەرگایە، ئەو كانییە، ئەو جۆگەیە، ئەم دێیە، ئەو گۆزەیە، دەرگایەكە، گۆزەیەكە)، لە نێوان دوو ڤاوڵدا، دەنگێكی نیمچە كۆنسنانت زیاددەكرێ، لە ئاستی ڕستەدا ڕوودەدات(ئەوە دەرگایە). لە نموونەی دووەمدا زیادكردنی دەنگە كۆنسنانتەكان لە نێوان دوو ڤاوڵدا ڕوودەدات، لە كاری داخوازیدا، وەک(بكە+ەوە←بكەرەوە)، زیادكردنی نیمچە كۆنسنانت (دۆزی+ەوە←دۆزییەوە، بڕییەوە....... تاد). زیادكردنی(ت)، بۆ نموونە(هات+وە←هاتوە، هاتوە+ەوە←هاتۆتەوە)، لەزمانی ئینگلیزیدا لە نێوان دوو دەنگی كۆنسنانتی زرنگدەرەوەیدا، ڤاوڵێک زیاددەكرێت، بۆ نموونە (film→filum)، لە نموونەی سێیەمدا، ئەوە دەخەنەڕوو، كە لە زمانی كوردیدا لە نێوان دەنگە كۆنسنانتەكاندا ( دەنگێكی خشۆک و تەقاوە، دەنگێكی زرنگدەرەوەیی و خشۆک.... تاد)، بە تایبەتی لە وشەی یەک بڕگەیدا، ڤاوڵە ماتەكە/ كۆڵد ڤاوڵەكە

زیاددەکرێت، وەک(مل، گڵ.. تاد)، یان لە وەچە پێکهاتەی سەرەتای بڕگەدا، وەک ( دڕاو، دزراو.. تاد)، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا (کورد+ستان ~ کور. دس. تان)، واتە هەڵتۆقینی کۆڵد ڤاوڵەکە، لە بڕگەی (دس)دا لە نێوان دوو کۆنسنانتدا.

**٢- لابردنی سەگمێنتێک**: لابردنی سەگمێنتێک لە سەرەتادا پێیدەوترێت (aphaeresis)، لە بەرئەوەی جێکەوتەی سەرەتای بڕگە لە زمانی کوردیدا بەتاڵ نییە، ئەگەر دەنگێکی زمانی تووشی کرتاندن بوو، دەنگێکی کۆنسنانتی وەک (هەمزە)، یان نیمچە ڤاوڵ بۆ ئەم جێکەوتەیە زیاددەکرێت(دەڕۆم←ەرۆم←ئەرۆم) یان دەنگەکەی دوای خۆی دەبێت بە نیمچە کۆنسنانت(حوشتر←وشتر)(هۆشیار←وشیار) و ئەم جێکەوتەیە پڕدەکاتەوە، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[کۆنسنانت]←Ø / — ڤاوڵ [سەرەتای بڕگە]

-[Ø]← [هەمزە، نیمچە کۆنسنانت]/ — ڤاوڵ [سەرەتای بڕگە]

لابردنی دەنگەکان لە سەرەتای وشەدا چالاک نییە (ئاو، ئەو، ئارد...تاد) بەراورد بە ناوەڕاستی وشە لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، بۆ نموونە(ماست+ئاو~ماساو)(گۆڕانەکە لە ناوەوەی وشەیە). زمانی کوردیی حەز بە دووبارەکردنەوەی دەنگەکان ناکات لە سەرەتای وشەکاندا، بە ئەم دیاردەیەش دەوترێت هاپلۆلۆژی(haplology)، بۆ نموونە (ددان←دان)، لە ناوەڕاستی وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕوودەدات، وەک (چاککردن←چاکردن). لا بردنی سەگمێنتێک لە جێکەوتەی کۆتا(apocope) لە زمانی کوردیدا چالاکە، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[کۆنسنانت]←Ø / ڤاوڵ— [کۆتایی بڕگە] # ،||،+ [لە سنووری وشە، مۆرفێم، فریز]

ڤاوڵ کۆنسنانت —

کرتاندنی دەنگە کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا، وەک کرتاندنی دەنگی(ت) لە وشەکانی (ماست(ئە.گ)، دەست.. تاد)دا، لە دەوروبەری دەنگی(س)دا، هەروەها دەنگی (ت) لە جێناوەکاندا لەناودەچێت، وەک (دەخۆیت~دەخۆی، دەخوات~دەخوا، دەچێت~دەچێ، هاتیت~هاتی، بڕۆیت~بڕۆی.... تاد)، لەناوچوونی دەنگی(د)، وەک (دەربەند~دەربەن، گۆبەند~گۆبەن.. تاد). دەنگی(ک) لە مۆرفێمەکاندا، وەک (پیاوێک~پیاوێ، پیاوێک~پیاوێ، وشەیەک~وشەیە، گۆزەیەک~گۆزەیە). لە ناوچوونی دەنگێک لە ناوەوەی وشەدا( منداڵ~مناڵ، خودا~خوا، بەغداد~بەغدا~بەغا) ڕوودەدات، لە ناوچوونی دەنگێک بە زۆری دەچێتە چێوەی پەیوەندیی فۆنۆلۆژیی، لە گەڵ مۆرفۆلۆژی (داڕشتن، لێکدان)، یان سینتاکس(فریز و ڕستە))(السفروشنی، ادریس،١٩٨٧، ٥٦)، کە ئەمجۆرە لەناوچوونی دەنگییەی، لە ناوەوەی وشەکان ڕوودەدەن، پێیاندەوترێت لەناوچوونی سەگمێنتەکانی ناوەوە(syncope)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[کۆنسانت]← Ø / ڤاوڵ—،— ڤاوڵ [ناوەوەی وشە] || ,# [وشە مۆرفۆلۆژییەکان، فریز، ڕستە]

ئەمجۆرە گۆڕانە دەنگییە لە هەموو ئاستەکاندا ڕوودەدات، بۆ نموونە کرتاندنی دەنگی (ب) لە (هەڵبگرە~هەڵگرە / کاری داخوازیی)،(بمخواردبایە~ بمخواردایە/ کاری دانانیی)، کرتاندنی دەنگی(د) (بەندەخوێن~بەنەخوێن/ وشەی لێکدراو)، کرتاندنی دەنگی (ک) (پیاوی چاک بە ~ پیاوی چابە)، (بانگکردن~بانکردن)، (دەستماڵ~دەسماڵ)، (چاککردن~چاکرن)، (هەڵهات~هەڵات)،(بهێنە~بێنە)، (شێخ مەحموود~شێ مەحموو)، (لە نیوەشەودا~لە نیوەشەوا)، (چاکتر~چاتر)، ئەم نموونانە چالاکیی ئەم گۆڕانە دەنگییە دەخەنەڕوو. زمانی کوردیی هێندە حەز بە لەناوچوونی دەنگەکان دەکات، زۆرجار کرتاندن سنووری سەگمێنتێک تێدەپەڕێنێت و پارچەیەک(بڕگەیەک) لە وشەیەک لادەبرێت، وەک (لە ئەو ~لەو، لە ئەم~لەم) واتە کرتاندنی بڕگەی (ئە)، کرتاندنی بڕگەی یەکەم(ئیـ) لە وشە عەرەبییەکاندا ( ئیسماعیل~ سمایل، ئیبراهیم ~ برایم)، یان دوو دەنگ لە دوو بڕگەی جیاوازدا لە ناودەچێت (ماستئاو~ماستاو~ماساو، لەئێرە~لێرە، ئەحمەدئاوا~ ئەحمە+اوا~ئەحماوا... تاد). لە ناوچوونی دەنگە ڤاوڵەکان ڕوودەدات، ئەگەر دوو ڤاوڵ پێکەوە بێن، بە تایبەتی لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان، بە تایبەتی ڤاوڵی (ە) لە ناودەچێت (مەلە+ەوان~مەلەوان، فرۆکە+ەوان~ فرۆکەوان، نامە+یلکە~نامیلکە، پەنجەرە+ەکە~ پەنجەرەکە، دۆ+ەکە~ دۆکە، دێ+ەکە~ دێکە، مامۆستا+ەکە~ مامۆستاکە... تاد)، لە ڕەگی کردارەکاندا لە ناوچوونی دەنگە ڤاوڵەکان ڕوودەدات، وەک (دەکەم~دەکات، دەبەم~دەبات... تاد)، هەروەها لە ناوچوونی ڤاوڵی (ی) لە ڕەگی کردارەکاندا، وەک (من فڕیم~ئەوان فڕین (فڕی+ین~ فڕین)، وەری~ وەرین، وەڕی~وەڕین)، لە ناوچوونی کۆڵد ڤاوڵکە/ ماتە ڤاوڵ پەیوەستە بە هەلومەرجی گۆڕان لە مۆدیلی بڕگەکان لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان و پێکهاتەی فرێز و ڕستەکاندا، وەک (خواردɨم~ خوارد. مەوە، دەچɨم ~ دەچ. مە~ دە. چɨ. مەوە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [ڤاوڵ]← Ø / — ڤاوڵ، ڤاوڵ— +،#. ||، [ وشە مۆرفۆلۆژییەکان، ڕەگی کردار...]

٣- گۆڕینەوەی سەگمێنتێک: لە زمانی کوردیدا گۆڕینی سەگمێنتێک بە سەگمێنتێکی تر لە کۆنسنانتەکاندا، لە جێکەوتەی سەرەتا، کۆتا، ناوەوەی وشەدا ڕوودەدات، بۆنموونە (ئاسمان~ عاسمان، قورئان ~ قورعان، باخ~باغ، ئاوەڵناو~هاوەڵناو، نیم ~ نیو، ماڵ~مار، دەڵێم~دەلێم، مست~مشت، تاقم ~تاخم(تاخم~تاقم)... تاد)، هەندێک لە ئەم گۆڕانە دەنگییانە لە دیالێکت و ئەکسێنتی جیاوازدا ڕوودەدەن، گۆڕانە دەنگییەکان لە زۆربەی زمانەکاندا، بە تەسکبوونەوەی ڕێڕەوەی هەوا دەسپێدەکەن و بەرە و کرانەوە دەڕون، واتە گۆڕانەکان لە ڕاستەوە بۆلای چەپ، دەبنە هۆی بەهێزبوونی دەنگەکە(دروستترە گۆڕانەگە تاخم~تاقم، نیم~نیو بێت، بەڵام نەبوونی لێکۆلینەوەی ئۆرسۆگرافیی، یان ئیتیمۆلۆژیی پشڕاستکراوە، ئاڕاستەی گۆڕانە دەنگییە لە زمانی کوردیدا ناخەنەڕوو)، بەڵام بە پێچەوانەوە (چەپ بۆ ڕاست) دەبێتە هۆی لاوازبوونی دەنگەکە، بڕوانە پلەبەندیی گۆڕانە دەنگییەکان :

١-تەقاوە>خشۆک>زرنگدەرەوەکان>نیمچە ڤاوڵەکان>ڤاوڵەکان.

٢-لچولێویی>لچو-ددانیی> پووکیی-ددانیی>پووکیی>ڕەقەمەڵاشوویی>نەرمەڵاشوویی>قورگیی...

٣- -دەنگداریی>+دەنگداریی.

ئەگەر گۆڕانەکە لە ڕاستەوە بۆ چەپ بوو، ئەوە کرانەوە لە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن ڕوودەدات، لە زۆربەی زمانەکاندا، بۆ نموونە لە زمانی ئەڵمانیدا(چ) دەگۆڕێت بۆ (ک) لە ژێر کاریگەریی ڤاوڵەکانی پێشەوە، لە زمانی کوردیدا هەر دوو جۆر ئاڕاستەکە، واتە ڕاست بۆ چەپ و چەپ بۆ ڕاست لە زمانەکەدا بەردەستە، دەنگە خشۆک و تەقاوەکانی ئۆرگانەکانی پێشەوە دەگۆڕێن بە دەنگە نیمچە ڤاوڵەکانی ئۆرگانەکانی دواوە، دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوە (ق) دەگۆڕێت بۆ (ک)، (ک) دەگۆڕێت بۆ(چ)... تاد. گۆڕانی کۆنسنانتەکان لە زمانی کوردیدا لە ژێر کاریگەریی ڤاوڵەکان ڕوودەدەن، هەمیشە دەنگەکان سیمای بە ڕەقەمەڵاشوویی، یان نەرمەڵاشوویی، یان دەنگداریی لە ڤاوڵەکانەوە وەردەگرن(بڕوانە دیاردەی وێکچوونی دەنگیی)، ئەم سیما جیاکەرەوەییە دەنگییانە، لە زمانی کوردیدا دەبنە هۆی گۆڕانی واتایی، بەڵام گۆڕان لە جۆری (سابوون~صابوون)، نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، واتە گۆڕانی سەگمێنتیک بە سەگمێنتێکی تر، نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی. لە (ئاسمان~ عاسمان)، دەنگیی (هەمزە، ع) دوو دەنگیی گەروویین، دەنگی (هەمزە)ی تەقاوە دەگۆڕێت بۆ دەنگی(ع)ی خشۆک، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ کۆنسنانت]←[کۆنسنانت] / —ڤاوڵ

ڤاوڵ—

ڤاوڵ—،— ڤاوڵ

دیارکردنی سنووری نێوان گۆڕینی سەگمێنێک(دەنگگۆڕکێ) و وێکچوونی دەنگیی ئالۆزە، بۆیە زۆرجار زمانەوانەکان پێیانوایە، هەموو گونجان و وێکچوونێک، یان نەگونجان و وێکنەچوونێکی دەنگیی، دەبنە هۆی گۆڕانی دەنگیی، بە تایبەتی لە زمانی کوردیدا، کە گۆڕانە دەنگییەکان، لە تاکە سیمایەکی دەنگیی (دەنگداریی، یان نەرمەڵاشوویی، یان بە قورگیبوون، یان بە گەروویبوون... تاد) ڕوودەدەن. ئاڕاستەی ئەو گۆڕانە دەنگییانە لە نێوان دیالێکتەکان و ئەکسێنتەکاندا دەستنیشاننەکراوە، بۆ نموونە گۆڕانی دەنگیی (نیم←نیو)، یان (نیو←نیم) دروستترە؟ بە پێی ئەوەی لە زۆربەی زمانەکاندا گۆڕانەکان لە ڕاستەوە بۆ چەپن، بۆیە گۆڕان لە جۆری (نیم←نیو) دروستترە، چونکە دەنگەکانی ئۆرگانەکانی پێشەوە(م) دەگۆڕێن بە دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوە(و). گۆڕینەوەی ڤاوڵەکان ڕوودەدات، کە زۆرجار لە ڤاوڵەکاندا، دوو سەگمێنت دەبن بە سەگمێنتێکی جیاواز، وەک (خانوو+ەکە~ خانو+و+ەکە~ خانووەکە، یان خانوو+ەکە~ خانۆکە)، ( ماسی+ەکە~ماسێکە، کورسی + ەکە~کورسێکە)، یان ڤاوڵەکان دەبن بە نیمچە ڤاوڵ، یان کورت دەردەبڕێن

بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ڤاوڵ١]←[ڤاوڵ٢] / کۆنسنانت —کۆنسنانت

- [ڤاوڵ١، ڤاوڵ٢]← [ڤاوڵ٣] / — ڤاوڵ،ڤاوڵ—

-[ڤاوڵ]←[نیمچە ڤاوڵ] / —ڤاوڵ

-[ڤاوڵی درێژ ]←[کورتدەربڕین] / — نیمچە کۆنسنانت

گۆڕینەوەی ڤاوڵێک به ڤاوڵێکی تر لە چێوەی دیالێکتدا ڕوودەدات وەک (نێو~ناو)، یان زۆرجار پەیوەستە بە دیالێکتی جیاوازەوە (قووڵ~قویل، شوێن~شوون، خوێن~خوون~خین.... تاد)، گۆڕینەوەی ڤاوڵی(و،ی) بە نیمچە کۆنسنانت، لە ڕەگی کارەکاندا ڕوودەدەن، وەک (دەڕۆم ~دەڕوات، دەخۆم~دەخوات). کورتدەربڕینی ڤاوڵەکان، وەک (مراوی– mɨra:wi:)←(مراوییەکە– mɨra:wiyəkə)، هەروەها نموونەکانی (ماندوو+وە~ ماندو(کورتدەربڕین)+وە~ماندووە، نووستوو+وە~ نووستو+وە~نووستووە).

٤- **جێگۆرکێ بە سەگمێنتەکان**: ئەم گۆڕانە دەنگییە، بریتییە لە گۆڕان لە ڕێکخستنەوەی سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان لە وشەدا، وەک (ask~aks)(Trask, 2015, 62)، جێگۆڕکێ هەرچەندە لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە دیالێکت و ئەکسێنتی جیاوازەوە، یان پەیوەستە بە ئاستی کەلتووریی و ئەزموونیی قسەکەرەوە، بە تایبەتیی لە وشە خوازراوەکاندا(وەزع~وەعز)، بەڵام ئەم گۆڕانە دەنگییە بە گوێرەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان ڕوودەدەن، یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا (بەفر)، بە گونجاوتر دادەنێت، بەراورد بە (بەرف). چەند جۆرێک جێگۆڕکێ(methathesis) دەستنیشاندەکرێن، بۆ نموونە ئاڵوگۆڕکردن (switching)، کە لە نێوان دوو کۆنسنانت لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا ڕوودەدات، وەک(بەرف~بەفر)، چەپکە کۆنسنانتی (–فر) لە چەپکە کۆنسنانتی(–رف)ەوە بەرهەمدێت، بە گوێرەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان سەرەوڕیزبوونی (خشۆک+زرنگدەرەوەییەکان/–فر) گونجاوترە لە سەرەوڕیزبوونی (زرنگدەرەوەیی+خشۆک/ –رف)، هەروەها (خشۆک+تەقاوە) گونجاوترە، لە (تەقاوە+خشۆک)، وەک ( روبع~ روعب، وەزع~ وەعز)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[کۆنسنانت ١] [کۆنسنانت٢]←[کۆنسنانت ٢][کۆنسنانت١] / ڤاوڵ—، کۆتایی بڕگە

[زرنگدەرەوەیی] [خشۆک]　　　[خشۆک] [زرنگدەرەوەیی]

[تەقاوە] [خشۆک]　　　[خشۆک] [ تەقاوە]

ئاڵوگۆڕکردن لە نێوان دوو دەنگی کۆنسنانتدا، لە بڕگەی (cvc) دا ڕوودەدات،وەک (زیخ~خیز، جیران~جینار) بڕوانە ئەم یاسا دەنگییە:

-[کۆنسنانت١] ڤاوڵ[کۆنسنانت٢ ] ← [کۆنسنانت٢] ڤاوڵ[کۆنسنانت١ ] / —ڤاوڵ—

مەرج نییە، لە هەمان بڕگەدا بن، لە دوو بڕگەی جیاواز ڕوودەدەن، وەک کۆنسنانتی دووەمی بڕگەی یەکەم و کۆنسنانتی یەکەمی بڕگەی دووەم ( تەرزە~ تەر. زە~ تەزرە~ تەز. رە، جومعە~ جوم. عە~ جوع. مە~ جوعمە)، یان کۆنسنانتی یەکەمی بڕگەی یەکەم لە گەڵ کۆنسنانتی یەکەمی بڕگەی دووەم ( لەعنەت~ لەع. نەت~ نەعلەت~ نەع. لەت، فڕین~ ف،ڕین~ ڕفین~ ڕ،فین، )، یان لە نێوان کۆنسنانتی یەکەم لە بڕگەی دووەم و سێیەمدا (چەنەوەر~ چەوەنەر)، یان بڕگەی یەکەم و سێیەم (بڕوانە~ بنوارە، ڕوانین~ نواڕین). لە زمانی کوردیدا ئالوگۆڕکردن لە نێوان ڤاوڵ و نیمچە ڤاوڵەکاندا ڕوودەدات، بە تایبەتی لە نێوان نیمچە ڤاوڵی [و] و [ی] ڤاوڵدا، وەک (وێڵ~یۆڵ، وێر~یۆر، جوێن~ جنێو)، هەروەها لە نێوان نیمچە ڤاوڵی(ی) و (و،ۆ) ڤاوڵدا، وەک( یوسف~ویسف، یونس~ وینس، ڕادیۆ~ڕادوێ، یۆنان~ وێنان، ملیۆن~ ملوێن، تەیۆتا~ تەوێتا، بڕوانە ئەم یاسا دەنگییە:

-[نیمچە کۆنسنانت:ی][ڤاوڵ:و]← [نیمچە کۆنسنانت:و][ڤاوڵ:ی] /— ڤاوڵ

جۆرێکی تر لە جێگۆڕگێ، بریتییە لە جێگۆڕکێی جێکەوتەیی(transposition)، گۆڕینەوەی بڕگەی لە جۆری (ccv) بۆ بڕگەی لە جۆری(cvcc)، زۆربەی زمانەکان حەز بە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگە ناکەن، وەک( blue~ bul)، لە زمانی کوردیدا گۆڕانی لە جۆری (حکومەت~ ح. کو. مەت~ حوک. مەت) بە جێگۆڕکێی جێکەوتەیی دادەنرێت، هەروەها وشەی (قازانج~ قا. زانج)، لە گۆڕینی (قازانج~ قانجاز)، دەنگی (ن) لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەی دووەمەوە دەچێت، بۆ جێکەوتەی کۆتای بڕگەی یەکەم (قان. زاج)، لە گۆڕانی دووەمدا بڕگەی دووەم (زاج) دەبێت بە (جاز)، هەروەها لە(جگەر~ جەرگ) گۆڕانی جێکەوتەیی ڕوویداوە، لە هەنگاوی یەکەمدا، ڤاوڵی بڕگەی دووەم، دەچێتە سە بڕگەی یەکەم ( جە. گر)، لە هەنگاوی دووەمدا، دەنگە کۆنسنانتەکانی بڕگەی دووەم جێگۆرگێ دەکەن( جەگر~ جەرگ).

## ٢/٤) نواندنە دەنگییەکان لە زمانی کوردیدا

لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا، نواندنە دەنگییەکان و یاسا دەنگییەکان *، لە ئاستەکانی ژێرەرەوە، بنەمای سەرەکیی گەیاندنی ڕستە و دەربڕاوەکانن بە ئاستی دەربڕین، دوو ئاستی نواندنی بۆ دروستەی فۆنۆلۆژیی مۆرفێم و وشە و ڕستەکان دەخرێنەڕوو: ١-نواندنەکانی ژێرەوە (underlying representation)، کە هەموو زانیارییە تایبەتەکان لە خۆدەگرێت، بنەمان بۆ دیاریکردنی سیمای جیاکارەوەیی فۆنۆلۆژیی دەنگەکان ٢- نواندنی فۆنەتیکیی(phonetic representation)، کە بریتییە لە زانیارییە پێشبینیلێکراوەکان، بەرێگەی یاسا فۆنۆلۆژییەکانەوە، کە نواندنەکانی ژێرەوە بە ئاستی ڕووکەش دەگۆڕنەوە، کە بنەمان بۆ دیاریکردنی سیمای فۆنەتیکیی دەنگەکان. یاکبسۆن ئەوە دەخاتەڕوو، کە منداڵ دەنگەکانی پێشەوە(ئۆرگانەکانی پێشەوە) زووتر فێردەبێت، بەراورد بە دەنگەکانی دواوە، هەروەها دەنگە کپەکان زووتر فێردەبێت، بەراورد بە دەنگە دەنگدارەکان(گڕەکان)، کە لە قۆناغەکانی دواتردا، ئەم دیاردانە لە زماندا تەحەکوم بە گۆڕانە دەنگییەکان دەکەن ، لە زۆربەی زمانەکاندا دەنگە گڕەکان(ب،د،گ) بۆ دەنگە کپەکان(پ،ت،ک)دەگۆڕێن، بە تایبەتیی لە کۆتایی بڕگە و وشەکاندا (حەب~حەپ، کورگ~کورک، شاد~شات.... تاد)، واتە گۆڕینی دەنگە گڕەکان بۆ دەنگە کپەکان پەیوەست نییە بە دەوروبەری دەنگییەوە، بەڵام گۆڕینی دەنگە کپەکان بۆ گڕەکان پەیوەستە بە دەوروبەری دەنگییەوە، وەک هاتنی لە نێوان دوو ڤاوڵدا، یان لە نێوان دوو دەنگی گڕدا. دەنگەکان لە کۆتای بڕگەکاندا، تووشی کرتاندن دەبن، بە تایبەتیی بڕگەی لە جۆری(cvc, cvcc)، دەگۆڕێن بۆ بڕگەی(cv)، بە پێچەوانەوە، دەنگەکان لە سەرەتای بڕگەدا زۆر بە کەمی تووشی کرتاندن دەبن، واتە سەرەتای بڕگە نابێت

---

* نواندن و یاساکان لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا، بریتییە لە : ١- ئاستەکانی نواندن، بۆ نموونە نواندنی فۆنۆلۆژیی /ب/، نواندنی فۆنەتیکیی[ب]. ٢-یاساکان، بۆ نموونە یاساکانی زیادکردنی فۆنێمێک Ø ← ڤاوڵ/کۆنسنانت -کۆنسنات، یان لە ناوچوونی فۆنێمێک، گۆڕینی دوو دەنگ بۆ تاکە دەنگێک، جێگۆڕگێ.. تاد، ٣- هاوبەشیی: زۆربەی زمانەکان لە هەندێک لە سیما فۆنۆلۆژییەکاندا هاوبەشن، وەک زۆربەی زمانەکان دەنگی(س) زیاتر بە کاردەهێنن، بەراورد بە دەنگی(ث). ٤- گۆڕانە فۆنەتیکییەکان؛ لە زۆربەی زمانەکاندا، گۆڕان لە دەنگەکانی ئۆرگانەکانی پێشەوەدا زۆرتر ڕوودەدات، بەراورد بە ئۆرگانەکانی دواوە، هەروەها دەنگە گڕەکان دەگۆڕێن بۆکپ. ٥-پەسەنکردنی فۆنۆلۆژیی و ڕاستی سایکۆلۆژیی: پەسەنکردنی فۆنۆلۆژییانە لە سەر بنەمای ڕاستی سایکۆلۆژییە. ئاستی فۆنۆلۆژیی و ئاستی فۆنەتیکیی هەیە، یاسا فۆنۆلۆژییەکان نواندنە فۆنۆلۆژییەکان دەگۆڕنەوە بە نواندنە فۆنەتیکییەکان، کە منداڵ لە سەر ئاستی فۆنۆلۆژیی، فێری هەمبەرییە جیاکەرەوەییەکان دەبێت، هەروەها ئەو یاسایانە فێردەبێت، کە دەیانگەیەنێت بە ئاستی دەربڕین. ٦- ئاستەکانی شیکارکردن : ئاستەکانی شیکارکردن، بریتین لە ئاستەکانی ژێرەوە، بۆ دیارکردنی دارشتنەکانی ئاستی قووڵ، چەند پێوەرێک دەبنە بنەما، وەک(پێشبینیکردن)، بۆ نموونە دەنگە کپەکان لە ئاستی ژێرەوە نزیکترە، گۆڕانەکان لە دەنگە کپەکانەوە بۆ دەنگدارەکان ڕوودەدەن، هەروەها(ئابووریکردن لە یاساکان)، یان (پەسەندترین یاسا)، واتە کام یاسا پەسەندترە، واتە گۆڕینی(ج) بۆ (گ)، یان (گ) بۆ(ج). ٧- گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان(توانەوە،کرتاندن.... تاد). ٩-ئەبستراکتکردن و بە گشتوەگیرییکردنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان(السفروشي،ادریس،١٩٨٧، ٤١-٦١)(الزغبي،موسی صالح،٢٠١٢،٣-٩).

بەتاڵ بێت(السفروشني، ادریس، ١٩٨٧، ٤٦)، کە زۆرجار لە زمانی کوردیدا بە دەنگی (هەمزە) پڕدەکرێتەوە. زمانی کوردیی، وەک هەر زمانێکی تر، ڕێگای جیاواز دەگرێتەبەر، بۆ ئەوەی وشەکان بخاتە چێوەی ئەو قاڵبە فۆنۆلۆژییەی، کە ڕێگەپێدراوە، ئەو گۆرانە دەنگییانەی لە دەنگە کۆنسنانت و ڤاوڵەکاندا ڕوودەدەن، وەک(کرتاندنی دەنگێکی کۆنسنانت، کۆپیکردنەوەی دەنگێکی کۆنسنانت، گۆرینەوەی دەنگێکی کۆنسنانت بە دەنگێکی کۆنسناتی تر، جێگۆرکێ بە دەنگە کۆنسنانتەکان، پەیدابوونی دەنگێکی کۆنسنانت) بە پێی یاسا فۆنۆلۆژییەکانی ئاستەکانی ژێرەوە ڕوودەدەن، کە پێکهاتە زمانییەکان(مۆرفیم، وشە، ڕستە، فرێز... تاد) دەگەیەنن بە ئاستی دەربڕین، واتە یاسا دەنگییەکان پەیوەست نین بە ئاستێکی دیاریکراوەوە، لە مۆرفێمەکاندا ڕوودەدەن، وەک(دەزگا~دەزگە)، لە وشە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکاندا ڕوودەدەن، وەک(ماست~ماس/ ئە.گ)، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا (دەسترێژ~دەسرێژ، دەستگا~دەزگا)، لە ئاستی فرێزدا(لە سلێمانیدا~لە سلێمانیا)، لە ئاستی ڕستەدا (ناتناسم~ناوناسم، چیبکەم~چیپکەم، چووم بۆ سلێمانی~چوومە سلێمانی)ڕوودەدەن. خستنەڕووی ئەم یاسا دەنگییانە لە زمانی کوردیدا ئاڵۆزە، زۆرجار لە پێکهاتەی یەک وشەدا، زیاتر لە یەک جۆر گۆڕانی دەنگیی ڕوودەدات، بۆنموونە لە (هۆشیار~وشیار)، تا دەگاتە ئاستی دەربڕین دوو گۆڕانی دەنگیی ڕوودەدەن (کرتاندنی (هـ)، دەنگۆرگێ (گۆڕینی دەنگی(ۆ) بۆ (و)ی نیمچە ڤاوڵ)، بۆیە دەبێت، هەموو فۆنێمەکان لە زمانی کوردیدا لە چێوەی پێکهاتە زمانییەکاندا( مۆرفیم، وشە، فرێز، ڕستەکان) تاقیبکرێنەوە، کە پێویستدەکات یاسایەکی دەنگیی / گۆڕانی دەنگیی تایبەت بە تاکە فۆنێمێک، لە تاکە مۆرفێم و وشەیەکدا بخرێنەڕوو، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا یاسا فۆنۆلۆژییەکان ( بۆ نموونە یاسای گۆڕینی +دەنگدار ← – دەنگدار /– دەنگدار # ) گشتوەگیربکرێن و پێکهاتە زمانییەکان بگەیەننە ئاستی دەربڕین. فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان(GP)، کە تیۆرییەکی ئاسۆییە / هێڵییە، گرنگیی بە مۆرفۆلۆژی نادات، یاسایەکی گۆڕانی دەنگیی بۆ شکاندنەوە و هەڵگواستنەکان، بۆ نموونە لە وشەی (ship→ships)دا، بە ئەمشێوەیە دەنوێنرێت: Ø←[س]: + کۆنسنانت، –دەنگداریی، +پووکیی، +خشۆک)، بەڵام لە فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیدا (LP)، کە تیۆرییەکی نائاسۆییە/نازنجیرەییە، گرنگی بە مۆرفۆلۆژیی دەدرێت، یاساییەکی گۆڕانی دەنگیی بۆ شکاندنەوە و هەڵگواستنەکان، بۆ نموونە لە وشەی (ships) بە ئەمشێوەیە دەنوێنرێت: [ships]—[ship][s]، بە گشتیی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی، دوو بنەمای سەرەکیی هەیە: یەکەم، یاسا فەرهەنگییەکان(مۆرفۆلۆژیی– فۆنۆلۆژییەکان)(lexical rule)، واتە ئاستی وشە. دووەم، یاسا دوا فەرهەنگییەکان (سینتاکسی–فۆنۆلۆژیی) (post-lexical)، واتە ئاستی ڕستە و فرێز (Gussen hoven,2011,131)(pulleyblank, 1986, 2)(Alsaatee, 2018, 1). لە خستنەڕووی یاسا دەنگییەکاندا، زیاتر گرنگی بە سیما دەنگییەکان دەدرێت، بۆیە بە پێی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان یاساکان خراونەتەڕوو، بەڵام بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی گۆڕانەکان لە چ ئاستێک

ڕوودەدەن(وشە/ فەرهەنگ)، یان( فرێز و ڕستە/ سینتاکس)، بە پێی فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی ئاماژە بە ئاستەکان دراوە، واتە گۆڕان لە دەنگە زمانییەکاندا بە پێی ئاستە جیاوازەکان، بۆ نموونە لەناوچوونی دەنگی (د) لە ئاستی وشەدا(خودا~خو∅ا)، یان ڕستە(لە سەرەتادا پشوو بدەین باشترە. ~ لە سەرەتایا پشوو بـ∅ەین باشترە.، یان فرێز(دەدەم~ ئەدەم))ڕوودەدات.

**٢/٤-١)دەنگە لچولێوییە- تەقاوەکان(ب، پ)**

ئەم دوو دەنگە جیاوازیی لە نێوانیان، بریتییە لە سیمای جیاکەرەوەیی(- دەنگداری) دەنگی دووەم (پ: - دەنگداریی)، هەمبەرییە فۆنولوژییەکان ( بار – پار )لە زمانەکەدا هەیە و ئەم دوو دەنگە فۆنێمن/ب/،/پ/. هەروەها لە زمانی ئینگلیزیدا ئەم دوو دەنگە فۆنێمن، وەک (pad-bad)، بەڵام گۆڕانی فۆنەتیکیی و سیمای فۆنەتیکیی، وەک ( ابتیسام – إپتسام) ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە زمانی عەرەبیدا بە جۆراوجۆریی دەنگیی دادەنرێن. هاتنی دەنگی (ب) لە دەوروبەری دەنگێکی ( - دەنگداری)، سیمای ( – دەنگداری) وەردەگرێت، بۆ نموونە (بچووک~ پچووک، بچۆ~ پچۆ) ( ب لەگەڵ چ)، (بتەو) ( ب لەگەڵ دەنگی ت )، (چی بکەم) ( ب لە گەڵ دەنگی (ک). هەندێکجار هاتنی دەنگی (ب) لە کۆتایی وشەدا (بێلایەنبوون-بڕوانە بەشی دووەم)، پەیوەست نییە بە دەوروبەرییە دەنگییەکانەوە، سیمای (-دەنگداریی ) وەردەگرێت، بۆ نموونە (حەب~حەپ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| -[ب] ← | [پ] | / | — کۆنسنانت # |
| [+دەنگداریی] | [-دەنگداریی] | | [-دەنگداریی] |
| -[ب] ← | [پ] | / | ڤاوڵ— [کۆتایی بڕگە] # |

هەندێکجار، ئەگەر لە دوای ڤاوڵەوە هات وەک نیمچە ڤاوڵ ( و – w/ئە. گەرمیان)دەردەبڕێت وەک ( بابە~ باوە،نایاب~نایاو، دابەزە~ داوەزە، شەراب~شەراو، بە تەماتم ~وەتەماتم.... تاد)(بڕوانە ئەو گۆرانە فۆنۆلۆژییەی، کە لە وشە فارسییەکاندا روویداوە ( ئاب~ئاڤ~ئاو)، دەنگەکانی(ب)،(ڤ) جێکەوتەی بەرهەمهێنانیان لە یەکەوە نزیکن، واتە گۆڕان لە دەنگداریی ڕوونادات، بەڵکو گۆڕان لە جێکەوتەی بەرهەمهێنانی دەنگەکاندا ڕوویداوە، (ب) دەنگێکی لچولێویی – تەقاوەیە، (ڤ) دەنگێکی لچو-ددانیی –خشۆکە، وەک ( ئاب~ ئاڤ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

| | | | |
|---|---|---|---|
| - [ب] ← | [ڤ] | / | ڤاوڵ— # |
| [لچولێویی] | [لچو-ددانیی] | | [+ڕەقە.م] |
| [-کۆنتویت] | [+کونتویت] | | [+ کۆنتویت] |
| -[ب] ← | [و] | / | ڤاوڵ— # |
| [لچولێویی] | [نەرمە.م] | | [+ڕەقە.م] |

[-کۆنتویت]    [+کۆنتویت]                [+کۆنتویت]

هەندێکجار، پێواژۆی هەڵگواستن و لێکدان لە کردارەکاندا، دەبنە هۆی لە ناوچوونی دەنگەکان، بۆ نموونە لە ناوچوونی دەنگی (ب) لە کرداری داخوازیدا، لە گەڵ ڕەگی کاری (بردن~بە)، وەک(ببە بە پیاو~بە بە پیاو)، لە کردارە لێکدراو و دارێژراوەکاندا، وەک( هەڵبگرە~هەڵگرە، ڕابکە~ڕاکە، دابنیشە~ دانیشە، هەڵبهێنە~ هەڵهێنە، تێبکە~تێکە... تاد)، هەروەها لە ناوچوونی دەنگی (ب)، لە کاری ڕانەبردووی دانانییدا،(ڕابکەم~ ڕاکەم، ڕابخەم~ ڕاخەم، چاکبکەم~چاککەم~چاکەم.. تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ب] ← Ø      /  ڤاوڵ — کۆنسنانت/ [کردار: داخوازی، دانانی/ دارێژراو، لێکدراو]  # ،||

دەنگی( ب) لە گەڵ دەنگی (ع) جێگۆرگێ دەکات، وەک (روبع~روعب)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ب][ع]←[ع][ب]        /    ڤاوڵ — # [کۆتایی بڕگە]

## ٢/٤-٢) دەنگە لچولێوییە- لووتییەکە(م)

دەنگی (م) فۆنێمێکی دەنگدارە، لەسەرەتای وشەدا دێت، وەک (مار، ماڵ، مزکەوت، مشار، مێرد، مەرد، مۆر، مان، ماست، مێ، مێگەل.... تاد)، لە کۆتایی بڕگەدا، وەک (خام، شام، شێلم،فلم، تام، کام، جام.... تاد)، لە ناوەوەی وشەدا، وەک (خومار، قومار، جوامێر، نەرمین، نەمان.... تاد)، زۆرجار گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکە لە وشە فارسییەکاندا، بە نیمچە کۆنسنانتبوونی ئەم دەنگە دەخەنەڕوو (نام~ناو، بنام خدا~ بە ناوی خودا)( دەمخام~دەمخاو، نیم~ نیو، ئەمرۆ~ ئەورۆ، دامێن~ داوێن،-ئەکسێنتی گەرمیان)، هەروەها گۆڕانی فۆنۆلۆژیی (چەشم(فارسیی) ~چەم (هەورامیی)~ چاو)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[م] ←          [و]              /  ڤاوڵ— #

[لچولێویی]    [نەرمە.م]          [+ڕەقە.م)

[-کۆنتویت]   [+کونتویت]          [+کۆنتویت)

گۆڕینی دەنگی (ن) بۆ (م)، (ن~ب) ( نزیکیی سیمای لچولێویی (م) لە (ب- لچولێویی-قونبەلە~قومبەلە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ن] [ب] ←              [م]    [ب]    /    —ن کۆنسنانت #

[پووکیی-ڕەقە.م][ لچولێویی]        [لچو لێویی][لچو لێویی]

وێکچوون لە نێوان دەنگی (م) و دەنگەکانی دەوروبەر ڕوودەدات، وەک (ب~م)( وێکچوونی سیمای لچولێویی)- عەمبار~عەممار)،بە بەراوردی وشەکان لە فارسیدا، وەک( شەمبە~ شەممە)، لە مۆرفۆسینتاکسدا ( لێم بە~ لێم مە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە :

-[م] [ب] ← [م][م] / م کۆنسنانت #

[لچولێویی] [لچو لێویی] لچولێویی

دەنگی (م) لە گەڵ (ع) دا جێگۆرگێ دەکات، وەک (جومعە~ جوعمە)( ئەم سەرەوڕیزبوونە(جوعمە) لە گەڵ وشەکانی: سورمە، سوخمە، لوقمە، تیکمە، چەکمە، برمە، گرمە، خرمە، زرمە، جزمە.. تاد، بەروارد بکە!)، زمانی کوردیی حەز بە ئەم سەرەوڕیزبوونە(جوعمە) دەکات، بەراورد بە سەرەوڕیزبوونی ( باعە، قاعە*، بەلوعە... تاد)، کە بە کارهێنانی کەمترە، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[م] [ع] ← [ع][م] / ڤاوڵ م، ع ڤاوڵ # [وشە خواستراوەکان]

[لووتیی][خشۆک] [خشۆک][لووتیی]

**٣-٢/٤)دەنگە لچودانییە – خشۆکییەکان (ف، ڤ)**

دەنگی (ڤ) لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەکارهێنانی زۆر کەمە، وەک ( مرۆڤ، هەڤاڵ، تاڤگە، گڤ، گڤەگڤ، حەڤدە... تاد)، هەندێک لە ئەو وشانە لە زمانەکانی ترەوە هاتۆنەتە ناو زمانی کوردییەوە، وەک ( ڤاوڵ، کەرنەڤاڵ، فیستیڤاڵ... تاد )، تەنانەت هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە ئەم وشانەدا ( ڤاوڵ– فاوڵ)، ئەوە دەخەنەڕوو، کە سیمای (–،+دەنگداریی) جیاکاریی واتایی دروستدەکات. وشەکانی ( ئاڤ ~ ئاو، چاڤ~ چاو، ناڤ –~ناو، ئەڤ ~ ئەو، شەڤ ~ شەو، هاڤین~ هاوین، والابوون~ ڤالابوون، هەڤیر~ هەویر، ئاڤا~ ئاوا.. تاد)، ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا، دەنگی ( و–w )ی نیمچە کۆنسنانت لە کۆتایی ئەو وشانەدا بەرانبەر بە فۆنێمی( ڤ )، وەک (ئاڤ~ ئاو)، یان بەرانبەر(ف)، وەک (کەفتن~ کەوتن، خەفتن~خەوتن، حەفت~ حەوت) دەردەبڕێن، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە

-[ڤ، ف] ← [و] / ڤاوڵ— #

[+کۆنتویت] [+کۆنتویت] [+کۆنتویت]

[+لچو–ددانیی] [+نەرمە.م] [+ڕەقە،م]

لە زۆربەی زمانەکاندا، دەنگی ( ڤ ) لە کۆتایی وشەدا، وەک دەنگێکی نیمچە ڤاوڵ دەردەبڕێت، پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا لە کرمانجی سەروودا دەنگی (ڤ) لە وشەی ( ئاڤ، چاڤ)دا، دەنگێکی (ڤ)ی نیمچە ڤاوڵە؟ لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا، گریمانەی ئەوە دەکەین، کە لە زمانی کوردیدا دەنگی(ڤ) هەندێکجار وەک دەنگێکی نیمچە ڤاوڵ دەردەبڕێن، بە تایبەتیی لە کۆتایی بڕگەدا، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤ] ← [ڤ] / [ڤاوڵ]— [ کرمانجی ژووروو]

[–کۆنتویت] [+کۆنتویت] [+کۆنتویت]

گۆڕان لە جۆری(حەفت-حەڤدە)، لە ڕووی سیمای (دەنگداریی)یەوە ڕوودەدات، بە هۆی هاتنی لە گەڵ دەنگی(د) ی دەنگداردا، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ف] ← [ڤ] / — کۆنسنانت #

[-دەنگداریی] [+دەنگداریی] [+دەنگداریی]

لە کرمانجی ژووروودا، دەنگی (ڤ) لە کۆتایی وشەدا بێلایەندەبێت، وەک (پەیڤ~پەیف، شێڤ~شێف، چاڤ~چاف، گاڤ~ گاف... تاد)(قادر، عادل ڕەشید، ٢٠٠٨، ٨٢).

-[ڤ]← [ف] / ڤاوڵ—[کۆتایی بڕگە]

[+دەنگداریی] [-دەنگداریی]

**٢/٤-٤)دەنگە ددانییە- خشۆکییەکان(ذ، ث، ظ)**

ئەم دوو دەنگە(ذ-ث) لە زمانی عەرەبیدا هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوانیاندا، بریتییە لە(ذ) (-دەنگداریی)،(ث)(+دەنگداریی)، (ظ) بریتییە لە (+قەڵەوکردن~ قوڕگیبوون)، لەزمانی عەرەبیدا هەمبەرە فۆنۆلۆژییەکان لەنێوان ئەم دەنگانەدا، لە (ذ-ث)، (ذ-ظ)* گۆڕانی واتایی دروستدەکەن، بەڵام لە کوردیدا ئەم دەنگانە بە جۆراوجۆریی دەنگیی دادەنرێن، لە ئەو وشانەی لە زمانی ئینگلیزیی و عەرەبییەوە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، گۆڕانی دەنگیی ڕوودەدات، وەک ( ثەروەت~سەروەت)، (ظاڵم~زاڵم)، (ظلم~زوڵم) (ضغط-زەخت)، (ظالم-زاڵم)، کە لە زمانی کوردیدا، دەنگی(ث) بە (س) و هەردوو دەنگی(ض) و (ظ) بە (ز) دەردەبڕێن. وشەکانی (زاڵ~ظاڵ)(زۆڵ~ظۆڵ).... تاد، لە زمانی کوردیدا ئەوە دەخەنەڕوو، کە دەنگیی(ز) لە دەوروبەری دەنگە مەڵاشوویییەکاندا (ڤاوڵەکان، یان دەنگی (ڵ))، سیمای( قوڕگیبوون) وەردەگرن، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [ز] ← [ظ] / — ڤاوڵ #

[-قوڕگیبوون] [+ قوڕگیبوون] [+ڕەقە.م]

**٢/٤-٥)دەنگە پووکیی- ددانییەکان(د، ت)**

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو دەنگە، بریتییە لە سیمای( دەنگداریی) *، بەڵام لە دەنگی (ط)دا، بریتییە لە سیمای (+قەڵەوکردن~ بە قوڕگیبوون). لەزمانی کوردیدا بەتەنها هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لەنێوان /د/و/ت/دا هەیە،

---

* لە کرمانجی خواروو / ناوچەی هەوراماندا ئەم ئەلتەرناسیۆنانە (ز~ذ)، (س~ث) هەیە، وەک ( زەلام~ ذەلام، زارۆڵە~ ذارۆڵە، سەر~ثەرما).

*، لەزمانی عەرەبیدا هەمبەرە فۆنۆلۆژیەکان لەنێوان ئەم دەنگانەدا دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانی واتایی(د-ت)(د-ض)(د-ط)(ض-ط)، واتە سیمای بە قوڕگیبوون بە ئەندازەی سیمایی دەنگداریی گرنگە، بەڵام لە زمانی کوردیدا سیمای بە قوڕگیبوون، هیچ نرخێکی واتایی نییە.

دەنگی/ط/ بەئەلەفۆنی فۆنیمی/ت/ دادەنرێت، لەدەوروبەریی دەنگیی مەرجداردا، هاتنی لە گەڵ دەنگە مەلاشوویيەکانی وەک: (ڤاوڵ(ا) و دەنگی (ڵ)دا)، یان ڤاوڵی (ە،ۆ) و (ڕ)دا، دەنگی(ت) بە(ط) دەردەبڕێت وەک (تاڵ~طاڵ)، هەروەها لە ( نەوەت~نەوەط، تازە~طازە، خەڵتە~خەڵطە، گاڵتەگاڵطە، باڵتە~ باڵطە،تەڕ~طەڕ، تۆڕ~طۆڕ...تاد )*، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [ت] ← [ط] / — ڤاوڵ [ە،ا ۆ]، کۆنسنانت [ڵ، یان ڕ] #

[- قوڕگیبوون] [+ قوڕگیبوون] [نەرمە. م]

دەنگی (ط) لە وشە عەرەبییەکاندا، دەگۆڕێن بە (ت) یان (د)، بۆ نموونە (جلطة~جەڵتە~ جەڵدە، طماطة~تەماتە، بطاطة~پەتاتە،سلطة ~ زەلاتە)، لە زمانی کوردیدا دووبارە (ت) بە (ط ) دەردەبڕێت( طماطة(عەرەبی)-تەماتە(کوردیی)/طەماتە، بطاطة(عەرەبیی)-پەتاتە(کوردیی) / پطاطە)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ط]← [د]،[ت] / [وشە عەرەبییەکان] #

- [ت] ← [ط] / — ڤاوڵ، ڵ #

[- قوڕگیبوون] [+ قوڕگیبوون] [نەرمەلاشوویی]

لە دوای ڤاوڵەکانی(ا،ە)ەوە، وەک دەنگی (و) بەرجەستە دەبێت، لە کرداری(هات~هاو)دا (لە وشە بنەرەتییەکان ئەم گۆڕانە ڕوونادات، بە تایبەتی لە پۆلە ڕەگەزی ناو، وەک ڤات، مات،پەت... تاد)، لە جێناوی لکاودا(ت)، وەک(ناتناسم~ناوناسم، ناتگرم~ناوگرم،ناتکوژم~ ناوکوژم، نەتگرم~نەوگرم، ناتبینم~ ناوبینم، بۆت دەهێنم~ بۆو دەهێنم، ناتهێنم~ ناوهێنم.... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [ت] ← [و] / ڤاوڵ— #، ||،+ [ جیناوی لکاو، کردار]

[-نەرمە.م] [ +نەرمە.م] [+ڤاوڵ/+بڕگەیی]

[-کۆنتویت] [+کۆنتویت]

دەنگی(ت) لە جیناوی لکاو(-یت)(-ێت، -ات)دا لەناودەچێت، بۆ نموونە(نووستیت~نووستی، خەوتیت~خەوتی، دەخەویت~دەخەوی، دەخەوێت~ دەخەوێ، دەخوا~دەخوا، دەڕوات~دەڕوا،... تاد، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ت] ← Ø / ڤاوڵ—،||،+ [جێناوی لکاو: ک٢(یت)، ک٣(ات،ێت)]

دەنگی (ت) لەوەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگەدا،لە گەڵ دەنگی(س)دا، لە وشە سادەکاندا، وەک(دەست~ دەس، خەست~ خەس، مەست~ مەس، ماست~ ماس.. تاد)(لە وەچە پێکهاتەکانی تردا: رد(ئارد)، وت (نەوت.... تاد،

---

* لەزمانی عەرەبیدا، دەنگی(ض) لە بەرانبەر دەنگی(ط)دا دەوەستێتەوە، کە جیاوازی لەنێوانیاندا، بریتییە لە(-دەنگداریی)دەنگی دووەم(ط)، وەک (ضال-طال) لەزمانی کوردیدا ئەم دوو دەنگە فۆنێم نین.

دەنگەکان لەناوناچن)، لەناوچوونی لە گەڵ دەنگی (س،ش، و)دا لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، وەک(دەستگیر~دەسگیر~دەزگیر، دەستماڵ~دەسماڵ، دەستکەوت~ دەسکەوت،بەربەست~بەربەس،دەستەسڕ~ دەسەسڕ،حەوتسەد~حەوسەد~حەوسە،هەشت~هەژدە،پشت~پشتدەر~پژدەر)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ت] → Ø / [س]— # [وەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگە، وشە سادەکان]

[+پووکیی، +پووکیی- ڕەقەمە.م]

-[ت] → Ø / [س،ش،و]— #[ وەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگە، وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

لە ناوچوونی (ت)، یان (د)، لە گەڵ پلەی بەراورد و باڵادا ( کوررتتر~ کورتر، کورترین، بڵندتر~ بڵنتر..... تاد)، یان لە ناوچوونی دەنگی (د) لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، هاتنی لە گەڵ کۆنسنانتێکی تردا، وەک (زیادکردن~زیاکردن، بڵندکردن~بڵنکردن)، یان هاتنی لە نێوان کۆنسنانت و ڤاوڵێکدا (سەرتاپا~ سەراپا)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ت] → Ø / کۆنسنانت — ڤاوڵ# [وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

-[ت] → Ø / — [مۆرفێم: تر، ترین]، + [ ئاوەڵناو و ئاوەڵکردار]

-[د] → Ø / — [کۆنسنانت (ک)] # [وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

هەروەها لە کرمانجی ژووروودا لە کردارەکاندا لە ناودەچێت، وەک (مردن~مرن،کردن~کرن، بردن~برن.... تاد)، هەروەها لە وەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگەدا (سارد~ سار، ئارد~ ئار)بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ت] → Ø / ڤاوڵ کۆنسنانت — # [کرمانجی ژووروو: وەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگە] [ فرێز: کردار]

— ڤاوڵ

دەنگی(د) بە کاریگەریی دەنگەکانی پاش و پێشی، تووشی تواندنەوە دەبێت، بە تایبەتیی لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، بۆ نموونە(سازدان~سازان،گوڵدار~گوڵڵار، حەڤدە~حەڤڤە، هاندان~هانان، دەردان~دەرران،سەردان~سەرران)، هەروەها لە دەنگی (ت)دا وێکچوون لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا ڕوودەدات، وەک( خەتدار~خەددار، ماتدان~ ماددان)، لە ڕستەدا، یان لە مۆرفۆسینتاکسدا، وەک( کردتان~کرتتان، بردتان~برتتان، سەرتدابگرە~ سەردداگرە، لە گەڵتدێم ~ لە گەڵددێم.. تاد)، لە بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[د، ت][ کۆنسنانت١]← [ کۆنسنانت١] [کۆنسنانت١]/ — کۆنسنانت # ،|| [وشە مۆرفۆلۆژییەکان، فرێز: کردار]

کۆنسنانت—

--[ کۆنسنانت١][د،ت]← [ کۆنسنانت١] [کۆنسنانت١]/ — کۆنسنانت # [وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

کۆنسنانت—

دەنگی (د)دەکەوێتە نێوان دووڤاوڵ و لە شێوەی نیمچە ڤاوڵی (ی–y)دا بەرجەستە دەبێت، وەک (بادەم~بایەم)، بادان~ بایان، دادان ~ دایان)، لە فرێزی ئاوەڵکاریدا ( لە سەرمادا~ لە سەرمایا،لە هاویندا~ لە هاوینا، لە نیوەشەودا~ لە نیوەشەوا)، لە وشە عەرەبییەکاندا، دەکەوێتە نێوان دوو ڤاوڵ (ا) و(کۆڵد ڤاوڵ)، لە شێوەی نیمچە ڤاوڵی(ی–y) بەرجەستە دەبێت، وەک (قادر*~قایر~qa. dɨr~qa. yɨr)، (نادر~نایر~na. dɨr~na. yɨr)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

–[د] ← [ی–y] / ڤاوڵ — ڤاوڵ #، ||، + [پرێپۆزشنەکان][وشە][و.عەرەبییەکان]

[–ڕەقە.م] [+ ڕەقە. م] [+ڕەقە. م] [+ڕەقە.. م]

هەندێکجار لە شیوەی نیمچە کۆنسنانت بەرجەستەدەبێت، وەک (قەد~ قەو، بەد~بەو، ئەحمەد~ حمەو، محەمەد~ محەمەو )، لە گەڵ ڤاوڵی(ə)دا، جیاواز دەردەکەوێت، چونکە ئەگەر (د) لە ناوبچێت، ڤاوڵی (ە) جیاواز دەدەبڕێت، وەک (سەد~سە~sə°)،(بەد~بە~bə°)، کە ئەم گۆڕانە دەنگییە لە وشە مۆرفۆلۆژییەکانیشدا (ئەحمەد+ئاوا~ ئەحمە+وا ئەحماوا~ah. ma. wa:~ ah. mə°. wa:) ڕوودەدات، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

– [د] ← [و] / ڤاوڵ — #

[–نەرمە. م] [ +نەرمە. م] [ڕەقە. م]

دەنگی (د) لە کۆتایی وشەکان و لە وەچە پێکهاتەی کۆتایی برگەدا، سیمای (–دەنگداریی ) وەردەگرێت، وەک (سەد~سەت، سەدپیاو~سەت پیاو، نەوەد~ نەوەت، مەهاباد~ مەهابات)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

–[د] ← [ت] / ڤاوڵ — # [کۆتایی برگە]

[+دەنگداریی] [–دەنگداریی]

لە وەچە پێکهاتەی کۆتا و سەرەتای برگە و ناوەوەی برگەدا لە ناودەچێت، بە تایبەتی لە گەڵ ڤاوڵی(ا)دا، وەک(چەند~چەن،دەربەند~ دەربەن، گۆبەند~ گۆبەن، هەندێک ~ هەنێک، منداڵ~مناڵ)، لە نێوان دوو ڤاوڵ(خودا~خوØا، قەرەداغ~ قەرەØاغ~قەرØØاغ)،هەروەها لە وشە عەرەبییەکانی وەک(بەغداد~بەغداØ~بەغـØا~بەغا )، لە گەڵ ڤاوڵی(و) دا، وەک (مەولوود~مەولوو)، (مەحمود~مەحموو)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

–[د] ← Ø / ڤاوڵ— #

— ڤاوڵ

ڤاوڵ — ڤاوڵ

* ئەم وشە عەرەبییانە دوو برگەیین، لە برگەی دووەمیاندا، کۆڵد ڤاوڵ/ ڤاوڵە ماتەکە هاتووە، وەک (ماجد~ ما. جد، ماهر~ ما. هر، جادر~جا. در~ جایر... تاد)

له کردارەکاندا له مۆرفیمی (-اند )دا، وەک ( سووتاند~سووتان،دڕاند~دڕان، فڕاند~ فڕان.... تاد)،له رەگی کرداری(دان)دا، دەنگی (د) و کۆڵد ڤاوڵەکه تووشی کرتاندن دەبن، به تایبەتیی، ئەگەر نیشانەی (ب) وەربگریت،وەک(بɨدە~بە، بدەم~بەم، بدەیت~بەیت، بدات~بات~با، بدەین~بەین... تاد)بڕوانه ئەم گۆڕانه دەنگییانه:

-[د] ← Ø / ڤاوڵ، کۆنسنانت(ان)— + [مۆرفیم:-اند]

-[د،ɨ] ← Ø / ب— ڤاوڵ || ، [ فریز: ڕەگی کار (دان)]

له نیشانەی کاری ڕانەبردوودا، دەنگی(د) تووشی کرتاندن دەبیت، بەڵام له بەرئەوەی سەرەتای بڕگه له زمانی کوردیدا، نابیت بەتاڵ بیت، بۆیه دەنگی (هەمزە)ی بۆ زیاددەکریت، وەک (دەخۆم~ ئەخۆم، دەبەم ~ ئەبەم.... تاد)، بڕوانه ئەم گۆڕانه دەنگییانه:

-[د] ← Ø /— ڤاوڵ ||، [نیشانەی کاری ڕانەبردوو]

- Ø ← [هەمزە] / — ڤاوڵ [سەرەتای وشه :سەرەتای بڕگە]

کرتاندنی دەنگی(د) له سەرەتای وشەدا(بڕگەی یەکەم) دەبێته هۆی زیادکردنی دەنگی(هەمزە)، بەڵام له ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا، ئەم سەگمێنته به سەگمێنتێکی تر قەرەبوو دەکرێتەوە، زۆرجار دەنگی کۆتا دەنگیی کۆنسنانتی بڕگەی یەکەم، له ئەم جێکەوتەیەدا دادەنرێت، یان کۆپیدەکرێتەوە، وەک(منداڵ~مناڵ–mɨ. nał، یان منداڵ~منناڵ~mɨn. nał). هەرچەنده ئەم دەنگه به زۆری له زمانی کوردیدا له ناودەچێت، تەنانەت له کرمانجی ژووروودا، له چەپکه کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا له ناودەچێت، وەک ( سارد~ سار، ئارد~ ئار.. تاد)، بەڵام له کردارەکاندا، له وەرگرتنی مۆرفیمی (-ار، -رێ) ئەم دەنگه زیاددەکرێت، به تایبەتیی له نێوان دوو دەنگی زرنگدەرەوەیدا، وەک( گۆڕڕا~گۆڕدرا~ دەگۆڕدرێت، هاڕڕا~ هاڕدرا،چێنرا~چێندرا،نێرڕا~نێردرا خوێنرا~ خوێندرا،ژمێررا~ ژمێردرا، بڕڕا~ بڕدرا، دەبڕڕێت~ دەبردرێت... تاد)،یان یەکێک له دوو دەنگه زرنگدەرەوەییەکه له ناودەچێت، وەک ( بڕڕا~ بڕا،گۆڕڕا~ گۆڕا..... تاد)،بڕوانه ئەم گۆڕانه دەنگییانه:

- Ø ← [د] / کۆنسنانت(ن، یان ڕ) — کۆنسنانت +، ||، [-را، -رێ]

[زرەنگدەرەوەیی] — [زرنگدەرەوەیی]

- [کۆنسنانت] ← Ø / کۆنسنانت(ن،ڕ) — کۆنسنانت +،||، [-را، -رێ]

[زرەنگدەرەوەیی] — [زرنگدەرەوەیی]

**٢/٤-٦)دەنگه پووکییه- خشۆکییەکان(س-ز)**

جیاوازی له نێوان ئەم دوودەنگەدا، بریتییه له(+دەنگداریی) دەنگی دووەم(ز)، هەمبەرییه فۆنۆلۆژییەکانی

وەک(ساڵ-زاڵ) لە زمانەکەدا هەیە. فۆنێمی (س) سیمای دەنگیی (-دەنگداری ) لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا وەردەگرێت، وەک ( دەستگیر~ دەزگیر، دەستگا~ دەزگا، مسگەر~ مزگەر)، یان لە ڕەگی کردارەکاندا، ئەم گۆڕانە دەنگییە ڕوودەدات، وەک(پاراستم~ دەپارێزم، گەستم~ دەگەزم، پاراستم ~ دەپارێزم، خواستم~ دەخوازم)، لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەدا (ناسک~ نازک)، یان لە کۆتایی وشەکاندا بێلایەندەبێت، وەک(دەرس~ دەرز)، بە پێچەوانەوە دەنگی(ز) بە (س) دەردەبڕێت، وەک ( بلوز~ بلوس، بەرزکردنەوە~ بەرسکردنەوە)، یان لە کرمانجی ژووروودا، وەک (ڕواندز~ ڕواندس، حەز~حەس، ڕەز~ڕەس )، هەروەها لە سەرەتای وشەدا بێلایەندەبێت( سلق~زلق – ئەکسێنتی گەرمیان )، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[س] ← [ز] / ڤاوڵ—ـ ڤاوڵ #، || [وشە مۆرفۆلۆژییەکان، فرێز: ڕەگی کردار]

[-دەنگداریی] [+دەنگداریی] [+دەنگداریی]

-[س] ← [ز] / ڤاوڵ— # [ کۆتایی بڕگە، یان وشە، یان سەرەتای وشەدا]

[-دەنگداریی] [+دەنگداریی]

-[ز] ← [س] / ڤاوڵ— # [ وشە بنەرەتییەکان ، وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

[+دەنگداریی] [-دەنگداریی]

جیاوازیی دەنگی(ص) لەگەڵ دەنگی(س)دا، بریتییە لە بە قەبەکردنی دەنگی(س)، لە زمانی عەرەبیدا هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکانی وەک (سار-صار)لەئارادایە، بۆیە بەفۆنێم دادەنرێت، بەڵام لە کوردیدا جووتە وشەی لە ئەو شێوەیەدا نادۆزرێنەوە، لە هەلومەرجی تایبەتدا و لەدەوروبەری دەنگیی مەرجداردا( هاتنی لە گەڵ مەڵاشوورییەکانی(ا،یان ۆ، ɨ ) و (ڵ، یان ڕ)دا، ئەم ئەڵتەرناسیۆنە (س~ص)دێت، وەک (ساڵ~صاڵ، سڕ~صڕ ،سەڵتە~ صەڵتە، سەڵت~ صەڵت، سۆڵە~ صۆڵە، سەوڵ~صەوڵ.. تاد )، ئەم وشانە لە زمانی عەرەبیی و کوردیدا بەراورد بکە: صابون(عەرەبیی)، سابون (کوردیی)، صابون(ئەلەفۆن)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

- [ص] ← [س] / وشە عەرەبییەکان #

[+قورگیبوون] [- قورگیبوون]

- [س] ← [ص] / — ڤاوڵ[ا، یان ۆ، ɨ]، کۆنسنانت [ڵ، ڕ] #

[-قورگیبوون] [+ قورگیبوون] [+مەڵاشوویی]

هەڵتۆقینی دەنگی (ز)، لە ئەکسێنتی هەولێردا لە ژمارەکاندا ڕوودەدات، وەک (یەک~ یە~ یا+دە~ یادە~یازدە،دوو~دوا~دوا+دە~دوادە~دوازدە،سێ~سیا+دە~سیادە~سیازدە،شەش~شە~شا+د~شازدە، پێنج~ پەنج~ پە~ پا+دە~ پادە~ پازدە.... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- Ø ← [ز] / ڤاوڵ— ڤاوڵ +،# [ژمارەکان]

لە دەنگی(ز)دا، لە سەرەتای وشەدا ئەڵتەرناسیۆنی(ز~ژ)ڕوودەدات، وەک (زەهر~ ژەهر، زەقنەبووت~ ژەقنەبووت)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [ز] ← [ژ] / — ڤاوڵ #

[پووکیی] [پووکیی-ڕەقە.م] [+ڕەقە.م]

**٧-٢/٤)دەنگە پووکیی، ڕەقەمەڵاشوویی-تەقاوەکان(چ-ج)**

جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا، سیمای(دەنگداریی) دەنگی دووەمە ( چ )، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان (ج، چ)دا * ، دەبنە هۆی جیاوازیی واتایی، وەک ( جل-چل) (چەم،-جەم) (جۆ-چۆ)(جار-چار). لەبەرئەوەی، ئەم دەنگە زۆرجار لە دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا، بە ئەلەفۆنی دەنگی (ک-گ)* دادەنرێن، بۆیە زیاتر بە دەنگێکی تەقاوە لە زمانی کوردیدا پۆلێنکراوە، دەربارەی ئەوەی، ئایا دەنگی ( ج، چ) لە زمانی کوردیدا دەنگێکی ئەفریکەتییە(نیمچە تەقاوە/ نیمچە خشۆک)ە؟ زۆربەی زاناکان پەیدابوونی هەندێک دەنگی هەڕەمەکی، بەبێ مەبەست لەلایەن قسەکەرەوە دەخەنەڕوو، کە پێیاندەوترێت دەنگە هەڕەمەکییە/ تێخزاوەکان (parasitic sounds)، بۆ نموونە ئەگەر قسەکەر لە دەنگی (ن)ەوە بۆ (ر) بچێت، دەنگێکی جیاواز لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا دەبیسترێت، کە بریتییە لە دەنگی (d)،( لە ئەنجامی ئەوەی، نەرمەمەڵاشوو بەرزدەبێتەوە، لە بەر ئەوەی (ن) دەنگێکی لووتییە و بۆشایی لووت دەکرێتەوە) لە هەمانکاتدا زمان دووجار لێدانەکەی دووبارە دەکاتەوە ( دەنگی ر))، وەک پەیدابوونی دەنگی(d) لەوشەی فەرەنسی (tendre )دا ( لە وشەی لاتینیەوە(ten(e)re)ەوە هاتووە) (Malmberg, 1963, 60, 61)، (بەراوردی ئەم دیاردە لە گەڵ پەیدابوونی دەنگی (د) لە کردارەکان لە زمانی کوردیدا بکە! ( خوێنرا~خوێندرا~ دەخوێندرێت، دابڕینرا~دابڕیندرا~ دادەبڕێندرێت.. تاد)،واتە دەنگی[د]، وەک دەنگێکی ئەفریکەیتی هەڵسووکەوت دەکات لە نێوان دەنگێکی کۆنسنانت و دەنگی (ر)دا، دەنگی [د] دەردەبڕێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [کۆنسانت]Ø [ر] ← [کۆنسنانت] [د][ ر]/ کۆنسنانت—ر ||، [ فرێز: کردارەکان/ بکەرنادیاریی]

---

* لەزمانی عەرەبیدا هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان (ج،ش)دا لەئارادایە، جیاوازیی لەنێوانیاندا، بریتییە لە (-دەنگداریی) دەنگی دووەم(ش)، وەک (جد-شد)، هەمان جێکەوتەی بەرهەمهێنانیان هەیە، کە بریتییە لە( پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویی)، سیمای جیاکەرەوەیی(+خشۆکی)، هەروەها دەنگی (چ) بە ئەلەفۆنی دەنگی (ک) دادەنرێت، (کلب-چلب) – ئەکسێنتی عێراق، واتە لە زمانی عەرەبیدا فۆنێم نییە.

*هەندێکجار لە ئەکسێنتی هەولێردا، دەنگی (ج،چ)، وەک ئەلەفۆنی دەنگی (ک،گ) گۆدەکرێن، لە هەلومەرجێکی تایبەتدا دێن( کوێستان~چوێستان، گوێ~جوێ... تاد)، ئەمە بەراورد لەگەل بە ئەلەفۆنبوونی دەنگی (چ)دا بکە، بۆنموونە لە وشە عەرەبییەکان ( کلب- چلب).

[د: – تەقاوە/ + ئەفریکەیتیی]

کاتێک ڕێڕەوی هەواکە دادەخرێت، دەنگی (د) بە دەنگێکی تەقاوە دادەنرێت، بەڵام لە بەر ئەوەی خشاندنێک لە پێش دەربڕینەوە هەسپێدەکرێت، بە دەنگێکی ئەفریکەیتی دادەنرێت، بەڵام ئەم دەنگە ئەفریکەتییە بێئاگایانە بێ مەبەست ڕوودەدات. لەبەر ئەوەی لە زمانی کوردیدا سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانتیی لە سەرەتای بڕگەدا نییە، هەروەها سەرەوڕیزبوونی سێ کۆنسنانتیی لە کۆتایی بڕگەدا نییە، بۆیە دەنگی (ج،چ) بە ئەفریکەیت دانانرێن، هاتنی هەردوو دەنگی (ج) و( چ) لەوەچە پێکهاتەی کۆتایی بڕگەدا، لە شێوەی چەپکە کۆنسنانت (دوو کۆنسنانتی)، لە گەڵ دەنگە زرنگدەرەوەییەکان، وەک ( گەنج، مەرج، قنج، کونج، برنج، گرنج، گورج، درنج، چرچ، قرچ، ملچ، ورچ، لچ، پرچ.... تاد) ئەوە دەخەنەڕوو، کە جیاوازی لە نێوان ئەم دوو دەنگە تەنیا سیمایی (دەنگداریی) یە، نەک سیمای ئەفریکەیتیی. لە ئەو وشانەی لە زمانی عەرەبی و ئینگلیزییەوە دێنە ناو زمانی کوردییەوە، ئەم ئەڵتەناسیۆنە(ج~ ژ) ڕوودەدات، واتە سیمای خشۆکبوون هیچ نرخێکی نییە، وەک (وجدان~ ویژدان، لۆجیک~ لۆژیک، مۆرفۆلۆجی~ مۆرفۆلۆژی، لۆجیک~ لۆژیک... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [ج] ← [ژ] / # [وشە خواستراوەکان]

[+ تەقاوە] [– تەقاوە/ خشۆکیی]

[+ پ–ڕەقە.م] [+ پ–ڕەقە.م]

**٢/٤–٧)دەنگە پووکیی، ڕەقەمەڵاشوویيە– خشۆکییەکان (ژ–ش)**

جیاوازی لەنێوان ئەم دوو دەنگەدا، بریتییە لە سیمای(–دەنگداریی) دەنگی دووەم، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لەنێوانیاندا، وەک(ژان–شان)، فۆنێمبوونی ئەم دەنگانە دەخەنەڕوو. لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، دەنگی (ش) بە (ژ) دەردەبڕێت، وەک (هەشت~ هەشتدە~هەشدە~هەژدە، پشدەر~پژدەر، پێشمەرگە~ پێژمەرگە، پاشنە~ پاژنە، پاشنوێژ~پاژنوێژ، پێشگر~ پێژگر)، لە کردارەکارەکاندا دەنگی (ش)، سیمای (+دەنگداریی)وەردەگرن، وەک (کوشتم~ دەکوژم~ کوژرام، ڕشتم~ دەرێژیم~، ناشتم ~ دەنێژم،چشتم~ دەچێژم، هاوێشتم~ دەهاوێژم)، دەنگی[ژ] سیمای (–دەنگداریی) وەردەگرێت، لە دەربڕاوێکدا (ڕۆژتانباش~ ڕۆشتانباش)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ش] ← [ژ] / ڤاوڵ—،—ڤاوڵ #، || [وشە مۆرفۆلۆژییەکان] [ فرێز:کردارەکان : ڕانەبردوو]

[–دەنگداریی] [+دەنگداریی] [+دەنگداریی]

-[ژ] ← [ش] / ڤاوڵ— # [وشە مۆرفۆلۆژییەکان، کۆتایی وشە]

[+دەنگداریی] [–دەنگداریی]

لە کرمانجی ژووروودا لە کۆتایی بڕگە و وشەکاندا بێلایەندەبێت، واتە دەنگی (ژ)، وەک (ش) دەردەبڕێت،

وەک (پاقژ~پاقش، گوهیژ~ گوهیش، کەژ ~ کەش، توژ~ تۆش... تاد).

**۲/٤-۹) دەنگە پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویيە-لووتییەکە(ن)**

فۆنێمی /ن/ هەمیشە سیمای (+دەنگدارییی)هەیە، لە گەڵ دەنگە پووکییەکانی تردا(پ-ددانیی(د)، (پ-ڕەقەمەڵاشوویی(ج)، سیمای (- دەنگدارییی) وەردەگرێت، وەک (ئینجا،هێندە،هەندێک، مەنجەڵ... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ن] ← [ن] / جـ ، نـ —، —جـ ، نـ

[+دەنگدارییی] [-دەنگدارییی] [ + پووکیی، +پووکیی-ڕەقە.م]

ئەم دەنگە لە سەرەتای وشەدا دێت، وەک (نان، ناڵ، ناز، نازدار،نازەنین، نارنج،نێچیر، ناو، نای، نەی، ناز،... تاد)، هەروەها لە کۆتایی وشەدا، وەک (نان، مان، ژان،شان، دان، خان، ڕەبەن، مەیدان،... تاد) لە ناوەوەی وشەدا وەک (گۆنا، شاناز،خەنە، بانە، یانە، سەرانە، خانوو، کریبانوو... تاد). هەڵتۆقینی دەنگی (ن) لە هەندێک لە ژمارەکاندا( لە نۆزدە، چواردە، حەڤدە، هەژدە ڕوونادات) لە ئەکسێنتی سلێمانیدا، دواتر دەنگی (د) لە ناودەچێت،وەک(یازدە~یانزدە~یانزØە،دوازدە~دوانزدە~دوانزØە،شازدە~شانزدە~شانزØە~شانزە،پازدە~ پانزدە~ پانزØدە، سیازدە، سیازدە~ سیانزدە~ سیانزØە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

- Ø ← [ن] / ڤاوڵ[ا]— کۆنسنانت[ز] # [ژمارەکان]

- [د]← Ø / کۆنسنانت[ز]— ڤاوڵ[ە]

**۲/٤-۱۰) دەنگە مەڵاشوویيە- لاییەکان (ل-ڵ)**

دەنگی (ل)، کە دەنگێکی پووکیی-ڕەقەمەڵاشوویيە، سیمای نەرمەمەڵاشوویی وەردەگرێت، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکانی وەک ( کول- کوڵ) فۆنێم بوونی ئەم دوو دەنگە دەخەنەڕوو. هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە سەرەتای وشەدا (ل~ ڵ) لە زمانەکەدا نادۆزرێتەوە، هەمیشە لە سەرەتای وشەدا، (ل) سیمای پووکیی – ڕەقەمەڵاشوویی هەیە، وەک ( لووت،لوول، لۆز، لۆکە، لۆمە، لالە، لانە، لەوەند، لەنگەر، لاس، لێزان، لێنان، لەق، لاق، لۆچ، لنگ، لینج..... تاد)، بەڵام لە سەرەتای بڕگەدا و لە ناوەوەی وشەدا ڕوودەدات، وەک (کاڵا، کاڵە، ماڵە،لاڵە،لاڵ،کاڵەک.. تاد)، هەندێکجار ئەم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییە لە کۆتایی و ناوەوەی وشەدا، هیچ نرخێکی نابێت، وەک (مەلا~ مەڵا)، یان زۆرجار بە ئەکسێنت و دیالێکتی جیاوازەوە پەیوەستە(ئە. هە، ئە.کۆ)، وەک ( دەڵێم ~ دەلێم، دڵ ~ دل، خاڵ~ خال، ماڵ~ مال)، لە ( ک. ژ)، وەک ( هەڤاڵ~ هەڤال، هەڵچوون~ هلچوون.. تاد)، یان بۆ (ر)دەگۆڕێت، وەک (مال~ مار، خاڵ~خار، دڵ~ در... تاد)، ئەم گۆڕانە ئەوە دەخاتەڕوو، کە دەنگی (ڵ) دووبارە خۆی دەکاتەوە بە دەنگێکی پووکیی- نەرمەمەڵاشوویی(ل)، یان (ر)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ڵ] ← [ل] / — ڤاوڵ— # ( ئە. کۆیە)

[نەرمەلاشوویی] [پ-ڕەقەمەلاشوویی]

-[ڵ] ← [ر] / — ڤاوڵ— # ( ئە. هەولێر)

[نەرمەلاشوویی] [پ-ڕەقەمەلاشوویی]

لە کرداری (هێشتم~ دهێØ)دا، ( لە ناوچوونی(شت/ چەپکە کۆنسنانت)~ دەهێ(ڵ)م(پەیدابوونی دەنگی(ڵ)~ دەهێڵم ( لە ئەکسێنتی گەرمیاندا، کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو هەمان فۆرمە، وەک هێڵام~ دەهێڵم، واتە گۆڕانە بەئەم جۆرەیە هێشت~ هێلا~ هێڵ).

**٢/٤-١١)دەنگە پووکیی، ڕەقەمەلاشوویيە -فرەلێدانەکان(ر،ڕ)**

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا، بریتییە لە فرەلێدانیی دەنگی(ڕ)، کە جیاوازە لە دەنگی (ر)ی یەک-لێدان/ تەخت، لە سەرەتای وشەدا، لە زمانی کوردیدا هەمیشە دەنگی(ڕ)ی فرەلێدان دێت (ڕابەر، ڕێگا، ڕاهاتن، ڕۆیشتن، ڕووناک، ڕەوەند.... تاد)، لە جێکەوتەکانی تردا، بۆ نموونە دەنگی (ر،ڕ) لە ناوەڕاستی وشەدا، وەک (ئاریشە، پاراستن، خراپە،بەڕە..تاد) دێن. هەروەها لە کۆتایی وشەدا، وەک(کەر، کەڕ، پەڕ، شەڕ، سەر...تاد). لە گەڵ ڤاوڵی (ە)دا، دەنگی(ڕ) چالاکترە، وەک (کەڕ، مەڕ، شەڕ، زەڕ، لەڕ، گەڕ،... تاد)، لەگەڵ ڤاوڵی (ا)دا دەنگی (ر) چالاکترە، وەک (کەر، شار، مار، کار، بار، پار،زار،خار، دار،چار، جار،لار... تاد)، دەنگی (ر)، لە گەڵ ڤاوڵی (وو)دا چالاکترە، وەک (دوور، توور، سوور، پوور،کووڕ.... تاد)، لە گەڵ ڤاوڵەکانی تردا ، وەک (زۆر،بۆر، تۆڕ،پۆڕ، مۆر، کوڕ.. تاد)، (شێر، تێر،فێر،ژێر.... تاد )( شیر،سیر،تیر، پیر، بیر.... تاد)، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان ( کەر-کەڕ)دا، ئەوەدەخەنەڕوو، کە سیمای (فرەلێدانیی ) لە زمانی کوردیدا دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی. ئەڵتەرناسیۆنی لە جۆری (ڵ~ر) لە زمانی کوردیدا هەیە، وەک (ڕۆڵە~ رۆڕە، بەڵام ~ بەرام.. تاد)لە (ئە. هەولێر)دا( بۆ ئەم گۆڕانە دەنگییە، بڕوانە دەنگی(ڵ)، هەروەها لە کردارەکاندا دەنگی (ر) لە نێوان دوو ڤاوڵدا زیاددەکرێت، وەک (بکە+ەوە~ بکەرەوە)، (بڕوانە گۆڕانی دەنگیی لە ڤاوڵەکاندا).

**٢/٤-١٢)دەنگە نەرمەمەلاشوویيەکان (ک، گ)**

جیاوازیی لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا، بریتییە لە سیمای دەنگدارییی دەنگی دووەم (گ)، لە زمانی کوردیی و ئینگلیزیدا فۆنێمن، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا بە فۆنیم دانانرێت، بە ئەلەفۆنی دەنگی (ق) دادەنرێت، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکانی لە زمانی کوردیدا، بەتایبەتیی لە سەرەتای بڕگە و وشەدا، وەک (کەر-گەر) (کا-گا) (گۆڕ — کۆڕ) ( گێل- کێل)، چالاکترە، بەراورد بە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە. دەنگی (ک، گ)، لەگەڵ ڤاولەکانی پێشەوەدا ( ی، وێ، ێ، ی-y)، سیمای ڕەقەمەلاشوویی وەردەگرن، وەک ( گێل، کێل، کێو، گیا،کێشە، گێلاس، گێڕانەوە،گیسک، کیسە،... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ک، گ] ← [ک، گ~ ج، چ] / ڤاوڵ— # [ئه.هه‌ولێر]

[ -ڕه‌قه‌.م] [+ ڕه‌قه‌.م] [+ڕه‌قه‌.م]

ده‌نگی (ک، گ) له‌گه‌ل ڤاوله‌کانی دواوه‌دا (و، ۆ، و-w)، سیمایی لچولێویی وه‌رده‌گرن، وه‌ک ( کۆڕ، کووڕ، کوڕ، کوێر، کوا... تاد)، یان ( گۆڕ، گوڕ، گوێز، گوان... تاد )، هه‌روه‌ها له گه‌ڵ ڤاوڵی (وێ)، وه‌ک ( کوێ، گوێ.. تاد)،بڕوانه ئه‌م گۆڕانه ده‌نگییه:

-[ک، گ] ← [ک، گ] / ڤاوڵ— #

[ -لچولێویی] [+ لچولێویی] [+ لچولێویی]

له کۆتایی وشه‌دا، فۆنیمی (ک) تووشی کرتاندن ده‌بێت، وه‌ک (دایک~ دایه، باوک~ باوه~بابه، دووگ ~دوو- ئه. گه‌رمیان)، له پله‌ی به‌راورددا، وه‌ک ( چاکتر~ چاتر)، یان له وشه مۆرفۆلۆژییه‌کاندا، وه‌ک (چاککردن~ چاکردن، پاککردن~ پاکردن، چاکبوون~ چابوون) له‌ئاستی ڕسته‌دا، وه‌ک (مناڵه‌که‌چاکبووه~ مناڵه‌که چابووه، پیاوی چاکبه~ پیاوی چابه.. تاد)، له ده‌ربڕاوه‌کاندا، وه‌ک (کاک عه‌لی~ کا عه‌لی.... تاد)، کرتاندنی ده‌نگی (ک) له مۆرفێمی (-ه‌ک، -ێک)، وه‌ک ( پیاوێک~ پیاوێ، رۆژێک ~ رۆژێ، جارێک ~ جارێ، گۆزه‌یه‌ک~گۆزه‌یه،وشه‌یه‌ک~وشه‌یه.... تاد)، بڕوانه ئه‌م گۆڕانه ده‌نگییانه

-[ک] ← Ø / — [تر، ترین] +، || [ مۆرفێم له ئاوه‌ڵناو و ئاوه‌ڵکرداره‌کان]

-[ک] ← Ø / — [ک] +، #، || [ وشه مۆرفۆلۆژییه‌کان، ڕسته، ده‌ربڕاو، مۆرفێمی -ێک]

له کۆتایی وشه‌دا بێلایه‌نده‌بێت، وه‌ک (گورگ~ گورک، به‌رگ~ به‌رک، مه‌رگ~ مه‌رک)، هه‌روه‌ها (گ~ ک)، وه‌ک ( دایک-دایگ، جاجک~جاجگ/ ئه. گه‌رمیان)، بڕوانه ئه‌م گۆڕانه ده‌نگییه:

-[ک] ← [گ] / ڤاوڵ— # [کۆتایی بڕگه]

[-ده‌نگداریی] [+ده‌نگداریی]

گۆڕان له جۆری (گ~و-نیمچه کۆنسنانت) له (ئه. گ) ڕووده‌دات، وه‌ک ، ئاگر~ ئاور، بڕوانه ئه‌م گۆڕانه ده‌نگییه:

-[گ] ← [و] / ڤاوڵ— # [ئه.گ]

[+نه‌رمه.م] [+نه‌رمه.م]

[+ کۆنتویت/ ن. ڤ] [ + کۆنتویت/ ن. ڤ]

**۱۳-۲/٤)ده‌نگه نه‌رمه‌لاشوویه- خشۆکییه‌کان (خ-غ)**

جیاوازی له نێوان ئه‌م دوو ده‌نگه‌دا، بریتییه له سیمای ده‌نگداریی ده‌نگی دووه‌م (غ)،ئه‌م ده‌نگه (خ) له سه‌ره‌تای بڕگه‌دا دێت، وه‌ک (خاڵ، خه‌ت، خۆر،خه‌م، خۆش، خۆ، خه‌و، خار،خێر*، خێل، خاچ، خۆڵ، خاک، خوم،

باخان،نەخت، جەخت، خەبات، خوناو، بەخت، سەخت.. تاد)، دەنگی (غ) لە سەرەتای وشە و بڕگەدا، وەک (غیرەت، غەیبەت،غارغارێن، لەغاو،تەغار،... تاد)، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا لە سەرەتای وشەی(خار-غار)دا، دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی، بەڵام هەندێکجار ئەم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییە لە سەرەتای وشە و بڕگەدا هیچ نرخێکی نییە، وەک (خەم~ غەم، خەڵووز~ غەڵووز، خەزوور~ غەزوور،خونچە~ غونچە، باخچە~ باغچە....تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[خ] ← [غ] / — ڤاوڵ # [سەرەتا و ناوەڕاستی وشە]

[-دەنگداریی] [+دەنگداریی]

دەنگی(خ) لە کۆتایی وشە و بڕگەدا، وەک (باخ، شاخ، شۆخ، ئاخ، شێخ... تاد)، دەنگی (غ) لە کۆتایی وشەدا، وەک(دەماغ، لەبغ، ساغ، داغ، قەنداغ... تاد) دێت، لە کۆتایی وشەدا، جووتە وشە نادۆزرێنەوە، لە نێوان (خ-غ)دا، چونکە لە کۆتایی وشەدا لە زمانی کوردیدا بێلایەندەبێت، وەک ( باخ~باغ،ساغ~ ساخ، داخ~ داغ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[خ] ← [غ] / — ڤاوڵ# [کۆتایی وشە]

[-دەنگداریی] [+دەنگداریی]

دەنگی (خ) لە دەربڕاوەکاندا، وەک ( شێخ عەلی ~ شێ عەلی..... تاد) لە ناودەچێت،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە

-[خ] ← [Ø] / ڤاوڵ— #

### ٢/٤-١٤) دەنگە نەرمە مەلاشووییە- لووتییەکە(ŋ)

ئەم دەنگە لە زۆربەی زمانەکاندا هەیە، زۆرجاریش بە ئەلەفۆنی دەنگی (ن) هاتوە، دەنگێکی (+ دەنگداری) لە سەرەتای برگەدا نایەت، تەنانەت سەرەوڕیزبوونی دوو دەنگی (ن) و(گ) لە سەرەتای برگەدا نییە، وەک ( نگین- ن. گین)، زمانەوانەکان پێیانوایە، کە لە کۆتایی برگەدا سەرەوریزبوونی لە جۆری (نگ) ڕێگەپێدراوە، وەک (چەنگ ، هەنگ... تاد) ئەمەش گرفتی دروستکردووە، ئایا ئەم جۆرە سەرەوڕیزبوونە بریتییە لە دوو دەنگی (ن) و (گ) ، یان بریتییە لە تاکە دەنگێک (نگ) ؟ (بڕوانە بەشی پێنجەم : کام دەنگانە لە سەرەتا و کۆتایی برگەدا ڕێگەپێدراون) ئەلەفۆنبوونی ئەم دەنگە جێگەی گفتوگۆ نییە، بەڵام گرفتەکە لێرەدا دروستدەبێت، کە دەنگی (نگ) بە ئەلەفۆنی دەنگی (ند) دابنرێت، چونکە(نگ)* ئەلەفۆنی دەنگی (ن) ە، نەک (ند)، کە لە (ند)دا دەنگی کۆتا (د) لە ناودەچێت، بۆ نموونە(مەند -مەن (ئە. گەرمیان)-مەنگ(ئە-سلێمانی))، پەند-پەن (ئەکسینی گەرمیان)- پەنگ( ئەکسێنتی سلێمانی)،دەربەند- دەربەن (ئەکسینی گەرمیان)- دەربەنگ(ئەکسێنتی سلێمانی)....... تاد)، لە وشە

* دەربارەی دەنگی (نگ)، بڕوانە (عەلی، بەکر عومەر، ٢٠١٤، ١٤٥-١٥٥).

مۆرفۆلۆژییەکاندا (دوانزدە~ دوانزە~دوانگزە)، لە دوو بڕگەی جیاوازدا( هێندە~ هێنە~هێنگگە)، واتە ئەم وشانە بە دوو پێواژۆ تێدەپەڕن، یەکەمیان: لە ناوچوونی دەنگی (د) و دووەمیان: بە نەرمەمەلاشوویيکردنی دەنگی (ن)، کە(ن)، لە ئەو وشانەدا وەک دەنگێکی بە نەرمەلاشوویی (نگ) دەردەبڕێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[د] ← Ø / [ن] — # [ وشە مۆرفۆلۆژییەکان، -ند]

-[ن] ← [نگ-ŋ] / ڤاوڵ(ە)— # [وشە بنەڕەتییەکان، وشە مۆرفۆلۆژییەکان، -ند]

[پ-ڕەقە.م] [نەرمە.م]

هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە جۆری(تەن-تەنگ، زۆن-زۆنگ)دا، نابنە هۆی گۆڕانی واتایی. ئەم دەنگە لە کۆتایی وشەکاندا لە گەڵ ڤاوڵی(ە)دا دێت، وەک (هەنگ، جەنگ، زەنگ، رەنگ، دەنگ، لەنگ، شەنگ، سەنگ... تاد)، لە ئەکسنتی سلێمانیدا، لە وشەکانی، وەک (هەنگ، زەنگ، چەنگ، سەنگ)دا گۆڕان ڕوونادات، بەڵام لە وشەی (ڕەنگ-ڕەن- ڕەنگیبکە~ ڕەنیکە، درەنگ~ درەن..تاد)دا، (دەنگی (گ) تووشی کرتاندن دەبێت، ئەمەش بەڵگەیە لە سەر ئەوەی، (نگ) چەپکە کۆنسنانتە، بەڵام لە وشەکانی تردا، لە بەر ئەوەی دەنگی (گ) لە ناوناچێت، ئەڵتەرناسیۆنی(ن~نگ) ڕوودەدات، چونکە (ن، گ) پێکەوە ناگونجێن، بۆیە (ن) دەگۆڕێت بۆ (نگ)، وەک (هەنگ~ هەنگگ). لەگەڵ ڤاوڵی (ە)دا لە کۆتایی وشەدا، ئەڵتەرناسیۆنی (ن~ نگ) ڕوودەدات، وەک (تەمەن ~ تەمەنگ)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[گ] ← Ø / [ن] — # [ کۆتایی وشە]

-[ن] ← [نگ-ŋ] / — گ # [چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە]

[نەرمە.م] [پ-ڕەقە.م]

-[ن] ← [نگ-ŋ] / ڤاوڵ(ە)— # [کۆتایی وشە]

[پ- ڕەقە.م] [نەرمە.م]

**۲/٤-۱٥) دەنگە مەلاشوویيە- نیمچە ڤاوڵەکان(و-w، ی-Y)**

دەنگی(و)،(ی) بریتین لەدەنگێکی نیمچەیی(approximants)، واتە ئۆرگانەکانی ئاخاوتن تۆزێک لەیەکتر نزیکدەبنەوە، بەڵام نزیکبوونەوەکە لە دەنگە خشۆکەکان/ گرژەکاندا کەمترە، درکاندنیان لەنێوان ڤاوڵ وخشۆکەکاندایە، دەنگی(و) لە سەرەتای بڕگەدا، لە گەڵ ڤاوڵی (ا،ی،ێ،ɨ)دا هاوشێوەی دەنگە کۆنسنانتەکان بە تەنها دێت، وەک (وازی*، وانە، وێران، وɨ رد،وɨ زە، ویست )، لە گەڵ دەنگە کۆنسنانتەکانی ئۆرگانەکانی

* دەنگی(و) لەگەڵ ڤاوڵەکاندا دێت، جگە لە ڤاوڵی (وازی، وەرە، وێران، ورد)، بەڵام لەگەڵ ڤاوڵی( ۆ، وو) دا نایەت، بەڵام لە سینتاکسدا لە فرێزەکاندا ڕوودەدەن، وەک (دوو و سێ، دۆ و دۆشاو)، (بڕوانە پێڕەوی فۆنێمەکانی زمانی کوردی-

پێشەوە لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگدا دێن ،  زۆرجاریش لە شێوەی دوو بڕگەدا دەردەبڕێن، وەک (دوان(د. وان)،بوار(ب. وار)، ڕوەک(ڕ. وەک).. تاد)، تەنانەت لە گەڵ دەنگە پووکییەکەدا(سوار، سوان~سوین)، هەندێک لە دەنگە پ–مەڵاشوورییەکانی وەک (جوان، شوان، ژوان)، جاروبار ئەم وشانە، وەک دوو بڕگە دەردەبڕین (جوان~ج. وان، شوان~ش. وان/شوانی~ش. وا. نی)، بەڵام لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا، لە گەڵ ڤاولی (ا) و دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوەدا(ج،چ،،ش،گ،ک،خ/ پ–ڕەقەمەڵاشووریی و نەرمەڵاشوورییەکان)دێت،وەک(جوان~جان~،چوار~چار،خواردن~خارن،شوان~شڤان،ژوان~ژڤان،گوان(گوهان)،خ وا(خودا)،گوارە(گوهارە)،خواردن~خارن،چوار(چار~چڤار)،خوان)،لە(جوان~جان،چوار~چار،خواردن~خارن).

بەراوردی وشەکان لە(ک.ن) و  (ک،ژ)دا، دوو گریمانە دەخەنەڕوو: ١– ئەم دەنگە لە نێوان ڤاوڵە ڕەقەمەڵاشوورییەکە(ا) و دەنگە مەڵاشوورییەکان پەیدا بووە/ هەڵتۆقیوە. ٢– زمانی کوردی حەز بە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتا ناکات و لە زمانەکەدا ئەم دەنگە لە ناودەچێت ( لە بەرنەبوونی لێکۆلینەوەی ئیتیمۆلۆژیی ناتوانرێت بزانرێت، ئەم دەنگە پەیدابووە، یان لە ناوچووە، بەڵام بەراورد بە (خودا~خوا) پێدەچێت، پەیدا بوو‌بێت و فۆرمی (ک. ژ) دروستە قوڵەکە بێت)، هەروەها نموونەکانی (خودا~خوا، گوهارە~گوارە... تاد)، ئەوە دەخەنەڕوو، کە ئەم چەپکە کۆنسنانتەی سەرەتا، ڕەنگە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە دروستبوو‌بێت، بۆ نموونە لە (خودا~خوØا~ خو/نیمچە ڤاوڵ ا~ خوا)، واتە ئەم چەپکە کۆنسنانتەی سەرەتا، لە ئەنجامی ئەلتەناسیۆنی(و/ڤاوڵ~ و/ نیمچە ڤاوڵ) دروستدەبێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

–[کۆنسنانت/ د، هـ] ← Ø /ڤاوڵ—ڤاوڵ # [ وشە بنەڕەتییەکان، یان لە ک.ژ]

–[و/ ڤاوڵ] ← [و/ نیمچە کۆنسنانت] / ڤاوڵ—ڤاوڵ#

لەکۆتایی بڕگەدا دێت، وەک (ئاو)، لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا، هەمیشە دەنگی یەکەم دەبێت، وەک(ناوک، باوک، چاوگ). لە زمانی کوردیدا لە گەڵ دەنگەکانی ئۆرگانەکانی پێشەوەدا، ئەڵتەرناسیۆنی ئاڤ~ ئاو (ڤ~و)،ناتناسم~ ناوناسم، قەد~ قەو(د~و)، (ب~و)بەتەماتم~ وەتەماتم، ئاگر~ ئاور(گ~و)ڕوودەدات، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

–[ب،ت،ڤ،د،گ]←[ نیمچە کۆنسنانت/و] / — ڤاوڵ #

دەنگی(ی) لە سەرەتای بڕگە و وشەدا لە گەڵ ڤاوڵەکانی (ا،ە،ۆ)دا دێت، وەک (یاری، یەخە، یۆنان)، لە کۆتایی وشەدا(نای،نەی، مەی،...تاد)، لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەدا، دەنگی یەکەم دەنگ دەبێت، وەک (دایک، مایک، دایم......تاد)، ئەم دەنگە نیمچە کۆنسنانتە، بەراورد بە دەنگی [و] زۆر چالاک نییە، بەڵام لە زمانی کوردیدا

---

پێکەوەهاتنی دەنگەکان لەبڕگەدا)، ئەوڕەحمانی حاجی مارف پێیوایە، کە دەنگی (و) نیمچە کۆنسنانت لەوشەکانی(ووزە، ووژە)دا هاتوە، واتە لە دوو دەنگ پێکهاتوون، و نیمچەکۆنسنانت+و ڤاوڵ.

ئەڵتەرناسیۆنی لە جۆری(کۆنسنانت~ ی/ نیمچە کۆنسنانت) ڕوودەدات، وەک (د~ی)، (ئ~ ی)...تاد(بڕوانە بەشی پێنجەم: پێکەوەهاتنی نیمچە کۆنسنانتی [ی] لە بڕگەدا).

**١٦-٢/٤)دەنگە زمانە بچکۆلە- تەقاوەییەکە (ق)**

ئەم دەنگە زمانە بچکۆلەییە/ پشتەمەڵاشوویە، هەمیشە سیمای (-دەنگداریی) هەیە، سیمای دەنگداریی، هیچ نرخێکی نییە، لە بەرانبەر ئەم دەنگەدا دەنگێکی دەنگدار نایەت، بۆیە زمانەوانەکان دەکەونە ئەو هەڵەیەی کە پێیانوایە، ئەم دەنگە فۆنێم نییە، سیمای (+زمانەبچکۆلەیی) لە ئەم دەنگەدا نرخێکی زمانیی هەیە و دەبێتە هۆی دروستبوونی جیاکاریی واتایی. ئەم دەنگە لە سەرەتای بڕگەدا دێت، وەک ( قۆڕ، قیر، قوڕ،قژ، قەڵ، قەڵەو قاز، قیرتاو، قێز، قۆز، قاپ، قات، قەد، قوم، قۆڵ، قووڵ، قاڵ،قاچ، قۆچ،قەن، قیق، قخ، قنگ، قۆخ،قاچاخ،قازی، قیژە،تەقە،قین،مقە، قەبر، تەقەڵ... تاد)، ئەمەش چالاکبوونی ئەم دەنگە لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو، هەروەها لە کۆتایی وشەکاندا ئەم دەنگە دێت، وەک (زاق، ڕەق،زەق(زەقنەبووت)،تاق، لاق، مەڕاق، سواق، تەوق، زەوق، لاق و لۆق، بۆق، بووق، پاقلە، زیق(زیقەتۆرە)، لیق، فیق( فیقبوونەوە)،سلق، شەق.. تاد)، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە سەرەتای وشەکاندا، وەک (کوڕ- قوڕ)، (کەل- قەل)، (کۆڵ-قۆڵ)، لە کۆتایی وشەکاندا، وەک ( لاک-لاق)،( لۆک-لۆق)، (بووک- بووق)، (لیک- لیق)دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی، هەندێک لە زمانەوانەکان دەنگی(ک-نەرمەمەڵاشوویی) و (ق-پشتەمەڵاشوویی/زمانەبچکۆلەیی) بە هاوئۆرگانیان دەزانن، بۆیە پێیانوایە، کە دەنگی (ق)، دەنگێکی بە قەبەکراویی/ بە قوڕگیبوونی دەنگی(ک)ە، واتە ئەگەر ئەم گریمانەیە دروستبێت، ئەوە سیمای بە قوڕگیبوون لە زمانی کوردیدا دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی، هەندێکجار هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکانی(ک~ ق) ( ق~ ک)، نابنە هۆی جیاکاریی واتایی، لە دەوروبەری دەنگە ڕەقەمەڵاشوویەکاندا (ن، ل)، یان ڤاوڵی(ا)دا، وەک (خەڵق~ خەڵک)،(بانک~بانق)،(ڕکاویی~ ڕقاویی)، هەروەها لە کرمانجی ژووروودا، وەک (پاقژ~ پاکژ،کاقەس~ قاقەز~ کاغەز... تاد) ، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ک] ← [ق] / ڤاوڵ کۆنسنات — # [وشە]

[ +نەرمە.م] [+پشتە.م] — ڤاوڵ

-[ق] ← [ک] / ڤاوڵ کۆنسنات — # [وشە] [ک.ژ]

[+ پشتە.م] [+نەرمە.م] — ڤاوڵ

**١٧-٢/٤)دەنگە قوڕگییە – خشۆکییەکان (ح-ع)**

جیاوازی لە نێوان ئەم دوو دەنگەدا، بریتییە لە سیمای (+دەنگداریی) دەنگی دووەم (ع)، لەسەرەتا و ناوەوە و کۆتایی وشەدا دێن، وەک(عومەر، عامووود، عەودال، عانە،عەرەب،عەنبەر، عەنتەر، باعە، سەعات، زەرعات، فەرع، شەرع، عارەق،عەرز،عەرعەر،عار،بێعار، بەلوعە،... تاد)، دەنگی (ح)، وەک (حەڵاڵ،حاجی، حەرام،

حیز،حەب،حەپەحەپ،حەم، حەماڵ، حەیا،حاڵ، حەیوان، حەپەلووش، حیلکە، حەڵوا،ڕووح، نووح، تیمساح، زوحاک.. تاد )، سیمای دەنگداریی لە ئەم دوو دەنگەدا جیاکاریی واتایی دروستناکات، جووتە وشەی لە جۆری (حاڵ~عاڵ) لە زمانی کوردیدا نادۆزرێنەوە، لە ئەو وشانەی بە ڕەچەڵەک عەرەبین، لە ئەکسێنتی هەولێردا ئەڵتەرناسیۆنی(ح~ع)ڕوودەدات، وەک (حاجی~عاجی، حەیوان~ عەیوان... تاد)، هەروەها پێچەوانە(حەیعسکەری~عەیحەسکەری)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ح] ← [ع] / # [وشە خواستراوەکان]

[–دەنگداریی] [+ دەنگداریی]

-[ع] ← [ح] / # [وشە خواستراوەکان]

[+دەنگداریی] [–دەنگداریی]

لە وشە عەرەبییەکاندا، ئەڵتەرناسیۆنی (ع~ئـ) ڕوودەدات، وەک (عزیز~ ئازیز، عشق~ ئەشق، عاقڵ~ ئاقڵ، عازەب~ ئازەب~ ئازەو... تاد)، لە ناوە عەرەبییەکان، وەک(عبداللە~ عەبلا~عەڤلا~ عەولا – ئەکسێنتی گەرمیان/ خانەقین)، (مام عەلی~مام ئەلی~ مامەلی~ مامڵێ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ع] ← [ئـ] / # [وشە خواستراوەکان]

[+دەنگداریی] [–دەنگداریی]

[+خشۆکیی] [+تەقاوەیی]

[+گەروویی] [+قورگیی]

**٢/٤–١٨) دەنگە گەروویيە –تەقاوەییەکە(ئـ)**

ئەم دەنگە گەروویيە، لە زمانی کوردیدا لە سەرەتای بڕگەو وشەدا دێت، لە کۆتای وشەدا نایەت(نەء)، لە ناوەوەی وشەدا دێت، بەڵام زۆرجار لەناودەچێت، بە پێی ئەو ئەڵتەرناسیۆنەی لە نێوان ئەم دەنگە و دەنگە گەروویی و قورگییەکەدا (هـ~ئـ)، (ع~ئـ) هەیە، وەک (عاسمان~ ئاسمان، هاوەڵناو~ ئاوەڵناو)، هەروەها (عەلی~ئەلی، هەنار~ ئەنار، هەنجیر~ ئەنجیر/ ئە. گەرمیان/ن. خانەقین)، هەروەها (ئەو~هەو، ئەوە~ هەوە/ ئە. هەولێر)، لە زمانی کوردیدا هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکانی وەک(ئەو~هەو) نادۆزرێنەوە، کە جیاکاریی واتایی دروستکردبێت، واتە سیمای گەرووی لە دەنگی (ئـ /تەقاوە) و سیمای گەروویی لەدەنگی(هـ/ تەقاوە) نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، ئەگەر ئەم دەنگە نوێ بێت و بە کاریگەریی زمانەکانی تر هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە، ئەوە گومانی تێدا نییە کە دەنگی (هـ ) لە زمانەکەدا کۆنە و پێدەچێت لە زمانەکەدا لە داهاتوودا جیاکاریی واتایی دروستببێت، کە لە (

ئەم–هەم/ بەراورد بکە!)، یان (ئاڵ– هاڵ*/ ئە. گەرمیان)، یان لە وشە خواستراوەکان (ئاش– هاش/ #) جیاکاریی واتایی دروستکردووە. لە زمانی کوردیدا ئەڵتەرناسیۆنی (ئـ–هـ ئـ–ع) لە سەرەتای وشەدا، وەک (ئاوەڵناو~ هاوەڵناو، ئاسمان ~ عاسمان، ئەرز~ عەرز)، لە(ک. ژ)دا، وەک (ئەسپ~ هەسپ)، یان لە ناوەڕاستی وشەدا لە وشە عەرەبییەکاندا، (ئـ– ع، ئـ–یـ)، وەک (قورئان~قورعان، بئر~ بیر*) نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، دەنگی (ئـ) لە ژێر کاریگەریی ڤاوڵەکاندا، سازگەی دروستبوونی دەگۆڕێت(ئـ~ ع، ئـ~ی، ئـ~هـ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ئـ]← [ هـع،( ی) ڤاوڵ]/ — ڤاوڵ # [وشە خواستراوەکان] [ک.ژ]

[ تەقاوە] [ خشۆک– هـ]

[ گەروویی] [ قوڕگیی–ع]

[ گەروویی] [ ڕەقەمەڵاشوویی–ی]

لە ناوچوونی دەنگی (ئـ ) لە ناوەڕاستی وشەدا ڕوودەدات، وەک (گوڵئاو~گوڵاو~ گوڵڵاو، ماستئاو~ ماساو، زەردئاو~ زەرداو، نۆکئاو~ نۆکاو، دڵئاو~ دڵاو)، واتە لە چێوەی دوو بڕگەی جیاواز لە ناوەوەی وشەدا، وەک ( لە ئێرەدا~ (لە،ئێ. رە. دا)~ لØ. Øێـ رە. دا~ لێرەدا)، لە وشە عەرەبییەکاندا، وەک (مەسئەلە(مەس. ئەلە~ مەسەلە)، یان لە چێوەی بڕگەیەکدا* لە ناودەچێت، بڕگەی (ئە)، وەک (لەئەو~لەو، لە ئەم~ لەم، بە ئەو~ بەو، بە ئەم ~ بەم )، بڕگەی(ئا) لە وشەکانی ( ئەحمەدئاوا~ئەحماوا، کانیئاسکان~ کانیسکان~کانییاسکان~ کانێسکان)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- [هەمزە] ← Ø // — ڤاوڵ# [ وشە مۆرفۆلۆژییەکان، لە چێوەی بڕگەیەک ]

لە وشە عەرەبییەکاندا، ئەڵتەرناسیۆنی ( ئـ~ ی/ نیمچە کۆنسنانت) ڕوودەدات، وەک (دائم~ دایم~ da:ym، زائر~ زایر~za:yr)، بەڵام هەندێکجار دوو ئەڵتەرناسیۆن پەیدا دەبن(ئـ~ی)،(ی~ɨ)، وەک (دائیرە~ داییرە~ دایـ ɨ رە ~ da:. yɨ. rə)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ئـ]← [ ی/ نیمچە کۆنسنانت] /# [وشە عەرەبییەکان]

---

* هاڵ جۆرێک نەخۆشییە لە ئافرەتدا، دوای منداڵبوون تووشی دەبێت، وەک حاڵەتێکی بێئاگایی کاتییە/ کۆما، یان ( هاڵبوونی ددان / واتە ددانەکان لە دوای هەندێک خواردن و خواردنەوە، تووشی ئەم بارودۆخە دەبن ).

* لە وشە عەرەبییەکاندا، بە تەنها گۆڕانکاریی لە دەنگەکان ڕوونادەن، بەڵکو گۆڕانگاریی لە جۆری بڕگەکانیش ڕوودەدەن، بۆ نموونە ( بئر–ب. ئرcv. cvc ) دوو بڕگەیە، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەبێت بە یەک بڕگە (بیر– cvc).

* لە سەرەتادا بڕگەی (ئە) لە ناو دەچێت، وەک ( ئەگەر~ گەر)، لە دیالێکتە جیاوازەکاندا، وەک ( ئەبرۆ~ برۆ، ئەسپاردە~ سپاردە، ئەسکڵ، سکڵ، ئەنجنین ~ جنین..... تاد)، لە وشە عەرەبییەکاندا، وەک(ئەمیر~ میر، ئەمین~ مینە، ئیسماعیل~ سمایل. ئیبراهیم~ برایم....تاد)(شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج، ٢٠٠٠، ٨٠).

### ٢/٤-١٩)دەنگە گەروویيە- خشۆكییەكان(هـ)

ئەم دەنگە گەروویيە لە دەنگەژێیەكاندا بەرهەمدێت، بۆیە هەمیشە دەنگێكی كپە و لە سەرەتای وشە و بڕگەكاندا دێت،وەک (هاوین، هار، هەواڵ، هەردی، هێمن، هاوار، هەرد، هزر، هاریكار، هۆشداری، هۆش.... تاد)، بەڵام لە كۆتایی وشەكاندا دەرناكەوێت، یان كەوتوون (بە بەراوردكردنی وشە فارسی و كوردییەكان، وەک نیگاهـ ~ نیگا، سیاهـ~ سیا)، لە (ک. ژ)دا، وەک (گونەهـ ، نەهـ ، گویهـ ، مەهـ ، شەهـ... تاد)، لە ناوەوەی وشەدا دێت، وەک (شەهاب، بەهار، مەهاباد، دەهۆڵ... تاد)، هەندێكجار لە سەرەتای وشەكاندا تووشی كرتاندن دەبێت، بۆ نموونە( هۆشیار~وشیار)، لە(ک.ژ)دا ، وەک( هورد~ ورد، هوروژان~ وروژان، هوڕ~وڕ)، لە ئەم وشانەدا، سێ گۆڕانی دەنگیی ڕوودەدەن ( كرتاندنی (هـ)، گۆڕینی ڤاوڵی(و)، یان( ۆ) بۆ نیمچە ڤاوڵ(و)، هەڵتۆقینی ڤاوڵە ماتەكە)ɨ()، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ هـ]← Ø / — ڤاوڵ #

-[و، ۆ - ڤاوڵ]← [ نیمچە كۆنسنانت] /— ڤاوڵ #

- Ø ← [ ɨ ] / نیمچە كۆنسنانت — كۆنسنانت#

لە ناوەڕاستی وشەدا(وشە مۆرفۆلۆژییەكان)، وەک ( هەڵهاتن~ هەڵاتن، دەستهار~ دەستار، ڕۆژهەڵات~ ڕۆژەڵات)، لە كردارەكاندا، وەک( دەرهێنان~ دەرێنان، هەڵبهێنە~ هەڵهێنە~ هەڵێنە،بهێنە~بێنە، هەڵابهاوێژە~هەڵاهاوێژە~هەڵاوێژە)، لە هەندێک بارودۆخدا لە ناودەچێت و دواتر ئەڵتەرناسیۆنی ( ا~ێ/ ئەم گۆڕانە لە زۆربەی كردارەكاندا ڕوودەدات)، وەک (هاتم~ دەهام~دەهێم~ دەØێم ~ دØێم~ دێم)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ هـ]←Ø / — ڤاوڵ #، || [ وشە مۆرفۆلۆژییەكان، فرێز: كردار (هات~ دێم)]

-[ه]←Ø / — ڤاوڵ ||، [ كرداری (دێم)]

-[ا]←[ێ] / — ڤاوڵ ||، [كرداری (دێم)]

گۆڕانە دەنگییەكان لە نێوان دیالێكتە جیاوازەكاندا دەردەكەون، بۆ نموونە گۆڕینەوەی دەنگی(هـ) بە (نیمچە كۆنسنانت(و)، وەک (هرچ~ورچ، هشک ~وشک... تاد)، یان گۆڕینەوەی بە نیمچە كۆنسنانت(ی)، وەک( تەنها~تەنیا)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ هـ]← [و، ی نیمچە كۆنسنانت]/ — ڤاوڵ #

[ گەروویی] [ مەڵاشوویی]

گۆڕینەوە لە نێوان دەنگە كۆنسنانتەكاندا ڕوودەدات(ئـ~هـ)، وەک(ئاوەڵناو~ هاوەڵناو،ئەژدیها~ هەژدیها،

ئەرزان ~ هەرزان*)، لە کرمانجی ژووروودا ( هەڤر~ ئەڤر، هیڤار~ ئێڤار.. تاد)، هەروەها (ئـ ~ هـ)، وەک (ئەڤرۆ~ هەڤرۆ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ هـ]←[ئـ] / — ڤاوڵ # [ سەرەتای وشە، یان لە ک.ژ]

پەیدابوونی دەنگی (هـ) لە ژمارەکاندا، لە گەڵ مۆرفێمی (-ەم، -ەمین)، وەک (یەکەمین~ یەکهەم~ یەکهەمین، دووەمین~ دووهەمین، سێیەمین~ سێهەمین، چوارەمین~ چوارهەمین..... تاد)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- Ø ← [ هـ ] / — ڤاوڵ، # ، + [ مۆرفێم : ( -ەم،-ەمین)]

**٢/٤-٢٠) دەنگە مەڵاشوویییە - ڤاوڵەکان**

لە زمانی کوردیدا لە نێوان ڤاوڵەکانی پێشەوە(+رەقەمەڵاشوویییەکان-ێ،ی،ا) و ڤاوڵەکانی دواوەدا(-ڕەقەمەڵاشوویی- و،ۆ،ە)،سیمای جیاکەرەوەیی(-،+ ڕەقەمەڵاشوویی)، دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی، (وو-ی)، وەک (سوور-سیر)، (ۆ-ێ)، وەک(گۆڕ-گێڕ)، (ا-ە)، وەک (تام-تەم)، بەڵام هەندێکجار(ا~ە) هیچ نرخێکی نابێت،وەک(جێگا~ جێگە، ڕێگا~ ڕێگە، بادام~ بادەم، ئێستا~ ئیستە، خوێندنگا~ خوێندنگە..... تاد)، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لەکرمانجی ژووروودا (وو-ی)، هیچ نرخێکیان نییە(وو~ی)، وەک(خانوو~ خانی، پاروو~پاری، ڕەژوو~رەژی، زیندوو~ زیندی، ئارەزوو~ ئارەزی، خاتوون~ خاتین... تاد)، هەروەها ئەڵتەرناسیۆنی (ی~و)، وەک (تیژ~ توژ، شیر~ شور)هیچ نرخێکی نابێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ا،ێ،ی] ← [ە،و،ۆ] / کۆنسنانت — #

[+ڕەقە.م] [-ڕەقە.م ] کۆنسنات— کۆنسنانت

-[ە، و،ۆ] ← [ا،ێ،ی] / کۆنسنانت —#

[-ڕەقە.م] [+ڕەقە.م] کۆنسنات— کۆنسنانت

سیمای (بەرز-ی، نزم-ا، نیوە بەرز-ێ)، لە ڤاوڵەکانی پێشەوە دەبنە هۆی جیاکاریی واتایی، وەک(شیر-شێر-شار)، بەڵام لە هەندێک جێکەوتەدا، هەمبەرە فۆنۆلۆژییەکانی(ا-ێ) هیچ نرخێکیان نییە(ا~ێ)، وەک( ناو-نێو، ناوەند~ نێوەند، شازدە~ شێزدە، ڕابەر~ ڕێبەر)،لە ڕەگی کردارەکاندا، ئەگەر کردارەکە کۆتایی بە ڤاوڵی (ا) هاتبوو، وەک (سووتام~ دەسووتێم، خنکام~ دەخنکێم، شکام~ دەشکێم،دڕان~ دەدڕێن، زا~ دەزێت، برژا~ دەبرژێت )، ئەگەر لە دوای ڤاوڵی(ا)ەوە، چەپکە کۆنسنانتی ( وت، رد، ند) بێت، وەک (پالاوتم~ دەپاڵێوم، سپاردم ~ دەسپێرم، چاندم~ دەچێنم،ناردم~ دەنێرم، سەندم(ستاند)* ~ دەسێنم(دەستێنم)، برژاندم ~ دەبرژێنم، پاراستم ~ دەپارێزم)، زۆرجار گۆڕانی ( ا~ی~ێ) لە کردارەکاندا ڕوودەدەن، وەک (دوان~ دوین، دواندم

---

* لە ناوچەی خانەقیندا، ئەم وشانە بە ئەمشێوەیە دەدەبڕێن ( ئەنار ~ هەنار، ئەلی ~ عەلی، ئەرزان ~ هەرزان )، پێدەچێت، گۆڕانەکە لە دەنگێکی تەقاوەیی گەروویی (ئـ)ەوە، بۆ دەنگێکی خشۆکیی گەروویی(هـ)یە.

~ دەدوێنم، سوان~ سوین، سوام~ دەسوێم... تاد )، هەروەها لە (ک. ژ) ئەڵتەناسیۆنی(ێ~ی) هەیە، وەک ( تێر ~ تیر، شێر~ شیر)، هەروەها (ی~ێ)، وەک( ئەژیم ~ ئەژێم / ئە. گەرمیان)بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤاوڵ₁] ← [ ڤاوڵ] / کۆنسنانت — # ، || [ فریز: کردارەکان][وشە بنەڕەتی و مۆرفۆلۆژییەکان]

[+ پێشەوە] [+ پێشەوە] / — کۆنسنانت کۆنسنانت ||، [— ند،وت،رد] [ فریز : کردارەکان]

[+ڕەقە.م] [+ڕەقە.م]

[+بەرز] [ێ] [-بەرز][ا]

[-نیوەبەرز] [ێ] [+نیوەبەرز][ی]

[+نیوە بەرز][ی] [-نیوە بەرز][ێ]

لە هەندێک لە کردارەکاندا، بە تەنها چەپکە کۆنسنانتی (شت، ست، رد) لە ناودەچن، وەک (نووستم ~ دەنووم، ڕۆیشتم ~ دەڕۆم)، بەڵام لە هەندێکیاندا ڤاوڵەکانیش گۆڕانیان بە سەردا دێت (ɨ~ە)، وەک ( کɨردم~ دەکەم، بردم ~ دەبەم، خستم ~ دەخەم)، واتە سیمای نێومەڵاشوویی( ناوچەی بە یەککەشتنەوەی نەرمەڵاشوو و ڕەقەمەڵاشوویی) لە ڤاوڵە ماتەکەدا، دەگۆڕێت بۆ نەرمەڵاشوویی، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤاوڵ-ɨ] [ ست،شت،رد] ← [ ڤاوڵ-ە] Ø / کۆنسنانت — ||، [ فریز : کردارەکان]

[+ ناوەند] [+ دواوە ] /—کۆنسنانت کۆنسنانت

[+ نێومەڵاشوویی] [+نەرمەمەڵاشوویی]

[+بەرز] [+ نزم]

هەروەها لە ڤاوڵەکانی دواوەدا، بۆ ئەم سیما دەنگییانە (بەرز-و،نزم-ە، نیوەبەرز-ۆ) ئەم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییە(گۆڕ-گوڕ-گەڕ)لە زمانەکەدا دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی، هەندێکجار هیچ نرخێکی زمانیی نابێت، بە تایبەتی لە(ک. ژ)دا (وو~ ۆ)، وەک(سوور~ سۆر، ژوور~ ژۆر، قوتابی ~ قۆتابی، عومەر~ هۆمەر)، بە پێچەوانەوە ئەڵتەرناسیۆنی (ۆ~ و)، وەک (نۆک~ نوک،دهۆک~ دهوک) هەیە، لە ڕەگی کردارەکاندا لە(ک. ن)دا، لەپاش لە ناوچوونی چەپکە کۆنسنانتەکانی کۆتایی برگەدا، گۆڕانی (و~ۆ)، وەک (شوشتم* ~دەشوم~ دەشۆم)، یان گۆڕینی (و-w~ ۆ) ڕوودەدات، وەک( خواردم~ خوا~ خوØ~ دەخۆم)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ڤاوڵ ] ← [ڤاوڵ ] / کۆنسنانت — #،|| [ ک. ژ] [ فریز: کردارەکان]

[+دواوە] [+دواوە] کۆنسنات— کۆنسنانت

[+نەرمە.م] [+نەرمە.م ]

---

* (شۆردم ~ شۆرمەی – ئەکسێنتی گەرمیان)

[ +بەرز] [وو]   [+نیوەبەرز][ۆ]

[+نیوەبەرز][ ۆ]   [–نیوه بەرز][ و]

-[ۆ/ڤاوڵ ] ← [و/w ] / کۆنسنانت — || [ فرێز: کردارەکان]

سیمای (کشانیی لێوەکان، لێوخڕبوونەوە) دەبنە هۆی جیاکاریی واتایی لە ڤاوڵەکانی پێشەوەدا، وەک (کێ–کوێ)، هەندێک زمانەوانەکان بە فۆنێمیبوونی ئەم دەنگە (وێ) ڕەتدەکەنەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە لە ژمارەیەکی دیاریکراوی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست( ئەکسێنتی سلێمانی)دا، ئەم هەمبەرییە فۆنۆلۆژییە(ێ–وێ) بەردەستە، پێدەچێت، لە ئەم ئەکسێنتەدا، ئەم دەنگە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە پەیدا بووبێت (ێ~ وێ، ی~ وێ، وو~ وێ). ڤاوڵی(ێ) سیمای ( کشانی لێوەکان)ی هەیە، بەڵام ڤاوڵی(وێ–œ)، سیمای (لێوخڕبوونەوەی هەیە)، هەندێکجار پەیوەست بە ئەکسینتی جیاوازەوە هیچ نرخێکی نابێت(وێ~ ێ~ ی)( خوێ–خێ، گوێ–گێ~جێ، خوێن–خین، لە کوێ~ لە چێ،خوێندن ~ خیندن، گوێز~ گیز~ جیز)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤاوڵ–وێ] ← [ ڤاوڵ–ێ، ی] / کۆنسنانت — #

[+پێشەوە]   [+پێشەوە]   کۆنسنات— کۆنسنانت

[+رقە.م]   [+ ڕەقە.م]

[ +بەرز]   [+بەرز]

[+ لێوخڕبوونەوە] [–لێوخڕبوونەوە]

پەیوەست بە ئەکسێنتی جیاوازەوە، ئەم ئەڵتەرناسیۆنانە ڕوودەدەن(وێ~وو)، وەک ( خوێن~ خوون، نوێژ~نێژ، نوێ~نوو(ئە. گ/خانەقین)، خوێندن~ خووندن(ئە. هـ/ کۆیە)، شوێن~ شوون(ئە،گەرمیان/خانەقین)، شوێنکەوتن~ شوونکەفتن( ئە. گەرمیان/ خانەقین) *)، لە ئەکسێنتی هەولێردا لە ئەم وشانەدا (جوێن~ جوون، دوێنێ~ دوونێ)گۆڕانەکە (وێ~ وو)یە. بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤاوڵ–وێ] ← [ ڤاوڵ–وو] / کۆنسنانت — #

[+پێشەوە]   [–پێشەوە]   کۆنسنات— کۆنسنانت

[+رقە.م]   [– ڕەقە.م]

[ +بەرز]   [–بەرز]

[+ لێوخڕبوونەوە]   [+لێوخڕبوونەوە]

---

* پێدەچێت گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکە، بە ئەمشێوەیە بووبێت ( خوون~ خوێن~ خین).

سەبارەت بە دەنگی (وی–ü)، هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان لە نێوان (وی–ی) لە زمانەکەدا نین، بەڵام لە نێوان ڤاوڵەکانی دواوە(وو) و پێشەوە (وێ، وی)دا، ئەڵتەناسیۆن ڕوودەدات، وەک (وو~ وی)، (دوور~ دووير، ئەستوور~ ئەستوير، قووڵ~ قويل، سوور~ سوير، بووک ~ بويک(ئە. گەرميان) ~ بيک(ک. ژ)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤاوڵ–وو] ← [ ڤاوڵ–وی] / کۆنسنانت — #

[–پێشەوە] [+پێشەوە] کۆنسنات— کۆنسنانت

[+رقە.م] [–ڕەقە.م]

[ –بەرز] [–بەرز]

[+ لێوخڕبوونەوە] [+لێوخڕبوونەوە]

لە وشەی ( هەنگوين)دا، پێدەچێت، لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگيدا(ی~وی)، يان (وی~ی) دروستبووبێت (هەنگ+ين~ هەنگين(ئەکسێنتی هەولێر)~ هەنگوين( ئەکسێنتی سلێمانی). لەڤاوڵەکانی پێشەوە و دواوەدا (سيمای درێژيی)، نابێتە هۆی جياکاريی واتايی لە دەنگی(ێی،اا، ۆ)دا بە فۆنێم دانانرێت، بە دەر لە ئەم حاڵەتە لە فۆنێمی( و،ی)، دەبێتە هۆی جياکاريی واتايی وەک (قووت–قوت، کووڕ–کوڕ، دووربيين– دووربين)، هەروەها سيمای(–،+ کرژيی) لە ڤاوڵی (ە)دا لە کۆتايی بڕگەدا، نابێتە هۆی جياکاريی واتايی.

پەيدابوونی هەندێک دەنگی ڤاوڵ لە کۆتای وشەکاندا، لە هەندێک ئەکسێنت و دياليکتدا دەبنە هۆی گۆڕان لە پێکهاتەی بڕگەکاندا، وەک (خاڵ~خاڵۆ(ئە. گەرميان)، چار~ چارە، دەر~ دەرێ، شەو~شەوێ(ئە. هەڵەبجە). گۆڕان لە ڤاوڵەکاندا لە زمانی کورديدا، بە گرفتی مۆرفۆنێمی دادەنرێن لە هەموو ئاستەکانی زماندا ڕوودەدەن، لە وشە مۆرفۆلۆژييەکاندا، ڤاوڵی(ە) لە ناو دەچێت، بە تايبەتی لە گەڵ ڤاوڵی (ا)دا، وەک ( ناڵە+ اندن~ ناڵاندن، قيژە~ قيژاندن، جريوە~ جريواندن)، لە گەڵ مۆرفێمی (–يلکە)دا، وەک (نامە+يلکە~ ناميلکە، ساوا+يلکە~ ساويلکە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگييە:

-[ ە]←Ø / — ڤاوڵ + [ مۆرفێم: –اندن، –يلکە]

دەنگی(ە) لە مۆرفێمی(–ەوان) لە وشە مۆرفۆلۆژييەکاندا لە ناودەچێت، وەک ( فرۆکە+ەوان~فرۆکەوان، مەلە+ەوان~ مەلەوان، گا+ەوان~ گاوان، فرۆکە+ەوان~ فرۆکەوان... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگييە:

-[ ە]←Ø / ڤاوڵ — + [ مۆرفێم: –ەوان]

لە مۆرفێمی (–ی)دا، لە ئەو وشانەی کۆتاييان بە دەنگێکی کۆنسنانت هاتوە بە درێژ دەردەبڕێت، وەک( جوانيی، چاکيی، دووريی، منداڵيی، بەرزيی.... تاد)، ئەگەر وشەکان کۆتاييان بە دەنگێکی ڤاوڵ هات دەنگێکی نيمچە

کۆنسنانت زیاددەکرێت، دەنگی(ی) کورتدەردەبڕێت وەک (کۆتا+ی~ کۆتایی، واتا+ی~ واتایی، دووروو+ی~ دوورووییی.... تاد) بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ ی]← [یی] / کۆنسنانت — + [ مۆرفێم: -یی]

[-درێژیی] [+ درێژیی]

-[Ø] [ ی]← [ی-y ] [ی]/ ڤاوڵ — + [ مۆرفێم: -ی]

لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، ئەگەر وشەکان کۆتاییان بە دەنگێکی ڤاوڵ هاتبوو، بە وەرگرتنی مۆرفێمی (-ەتی)، دەبێت دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت زیادبکرێت، وەک( پاشا+ەتی~ پاشایەتی، برسی+ەتی~ برسییەتی~ برسێتی*، پێشەوایەتی، برایەتی، ئازایەتی، ئاغایەتی... تاد)(حمد، شیروان حسین، ٢٠١٤، ١٠١). بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ڤاوڵ] [ Ø]← [ڤاوڵ][ی-y ] / ڤاوڵ — ڤاوڵ +، [مۆرفێم: -ەتی]

لە وەرگرتنی مۆرفێمی (-ەر)، یان (-ۆک)، کردارەکان ئەگەر کۆتاییان بە دەنگی ڤاوڵ هاتبوو، دەنگی ڤاوڵی(ێ،ە) لە ناودەچێت، وەک ( دادەنێم ~ دانØەر،پاڵدەنێم~ پاڵنØەر،رێکدەخەم~ رێکخØەر،... تاد)، هەروەها (ە) لە مۆرفێمەکە لە ناودەچێت،وەک (دەخۆم~ بخۆر)، یان ڤاوڵی (ێ) لە ناودەچێت، وەک(دەگەڕێم~ گەڕØۆک).

لە ناوچوونی کاری ناتەواو(ە)، ئەگەر جێناوەکان وەربگرێت، وەک(مامۆستاØم، مامۆستاØین، مامۆستاØە~ مامۆستایە (هەڵتۆقینی (ی/ن. ڤ) لە کەسی سێیەم)، مامۆستان.. تاد)،هەروەها پەیدابوونی نیمچە ڤاوڵ لە نێوان کرداری ناتەواو و دەنگە ڤاوڵەکان، وەک ( نیØیە~ نییە، بریتیØ ە~ بریتییە، لە کوێØە~ لە کوێیە، چیØە~ چییە.. تاد). ئەو وشە لێکدراوەکانەی کە بە یارمەتیی مۆرفێمی(-و-) دروستدەبن، وەک (دۆوڕۆن، ڕەشوسپی،دەموچاو، لچولێو.... تاد)، ئەگەر دەنگی کۆتایی کەرتی یەکەمی وشەکان کۆنسنانت بوو، مۆرفێمی(-و-)،وەک دەنگێکی درێژ (وو)بەرجەستەدەبێت(دەموچاو~دەمووچاو،لچولێو~لچوولێو، لەرزوتا~لەرزووتا.. تاد)، بەڵام لە دەوروبەری دەنگێکی ڤاوڵدا، وەک نیمچە کۆنسنانتێک بەرجەستە دەبێت، وەک ( دۆودۆشاو، هێلکەورۆن، کاوجۆ... تاد)، لە بەر جیاواز بەرجەستەبوونی ئەم مۆرفێمە لە وشە لێکدراوەکاندا، دروستترە ئەم مۆرفێمە لە هەردوو بارودۆخەکەدا بە (و- یەکدانە) بنووسرێت(لچولێو، دەموچاو)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ و]← [و-w] / ڤاوڵ— + [مۆرفێم : -و لە وشە لێکدراوەکان]

-[ و]← [و-:u] / کۆنسنانت — / + [وشە لێکدراوەکان]

[+درێژیی]

لە ئاستی سینتاکسدا مۆرفێمی (-ی) (-و-)(-ە-) لە پێکهاتەی فرێزەکاندا نواندنی فۆنەتیکیی جۆراوجۆر دەخەنەڕوو، بۆ نموونە (-ی) لە ئەو وشانەی دەنگی کۆتایان کۆنسنانتە، لە شێوەی ڤاوڵێکی درێژ(-

یی)دەنوێنرێت، وەک (کوردی باشوور~کوردیی باشوور~kur. di:. ba. ʃu:r)، بەڵام لە گەڵ دەنگە ڤاوڵەکاندا، وەک دەنگێکی (نیمچە ڤاوڵ) بەرجەستە دەبێت، وەک( دۆی ترش، پایەی خانووەکە، خانووی جوان، لادێی رازاوە، کانیی ئاو... تاد) ( لە بەرجەستبوونی بە دوو شێوەی جیاواز، گونجاوترە لە کەرتی یەکەمی ئەم فرێزانەدا بە (ی- یەکدانە) بنووسرێت، هەروەها لەبەر دروستنەبوونی لێڵی واتایی، وەک فرێزی یەکەم: کوردی سۆرانیی( واتە خەڵکانی سۆرانی)~ فرێزی دووەم: کوردیی سۆرانی( واتە زمانی کوردی سۆرانیی)، لە(کوردی)ی سۆرانی~ کوردیی سۆرانی~kur. diy. so. ra. ni:) وشەکە لە کەرتی یەکەمدا، خۆی ڤاولێکی (ی) هەیە، جیاوازە لە فرێزی یەکەم، کە دەنگی(ی) درێژ دەردەبڕێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[کۆنسنانت][ ی]← [کۆنسنانت] [ی-:i] /کۆنسنانت — || [فرێز: مۆرفێمی -ی]

[+درێژیی]

-[ڤاوڵ][ ی]← [ڤاوڵ ] [ی/y] / ڤاوڵ — || [فرێز: مۆرفێمی -ی

لە ئەو وشە بنەڕەتییانەی دەنگی کۆتاییان (ی)ی درێژە، وەک ( ماسیی، کانیی... تاد)،یان ئەو وشانەی مۆرفێمیان وەرگرتووە، وەک(کوردیی، عەرەبیی..تاد)، کە دەچنە پێکهاتەی فرێزەکانەوە، لە کەرتی یەکەمدا (ماسیی سوور، کوردیی سۆرانی... تاد)،دەنگی(ی-درێژ) لە گەڵ نیمچە کۆنسنانتەکانی (ی) کورتدەردەبڕێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ی-:i][ ی-y]←[ی-i] [ی-y] ڤاوڵ — || [فرێز : مۆرفێمی -ی]

[+درێژیی] [-درێژیی]

لە کەرتی دووەمی پێکهاتەی فرێزەکاندا، درێژ بەرجەستە دەبن (بەشی کوردیی)، دروستترە لە بەر دروستنەبوونی لێڵی واتایی لە کەرتی دووەمدا بە (یی) بنووسرێن، چونکە ئاماژەیە بۆ کۆتایی هاتنی فرێزەکە ( بەشی کوردیی~ba. ʃi:. kur. di:) لە گەڵ (منداڵانی کوردی رۆژئاوا)، (دروستەی واتایی:dɨ. rus. təy. wa. ta. i) لە گەڵ (دروستەی واتای زمانیی)بەراورد بکە! واتە مۆرفێمی(ی)ی درێژ، چ وەک مۆرفێم و چ لە پێکهاتەی کەرتی یەکەمی فرێزەکان بێت، دەبێت بە(ی- یەکدانە) بنووسرێت، لە بەر دروستنەبوونی لێڵی واتایی، بەڵام لە پێکهاتەی کەرتی دووەمی کەرتەکاندا بە (یی- دوودانە) بنووسرێت، لە بەر هەمان هۆکار، کە خراپەڕوو. لە ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە برگەی(یی-yi )، وەک (پانتایی pa:n. ta:. yi)، لە پێکهاتەی فرێزەکاندا دەنگە ڤاوڵەکەی کۆتایی لە ناودەچێت، چونکە لە نێوان دوو نیمچە کۆنسنانت هاتوە( پانتایی زەویی-pa:n. ta:yi:y. zə. wi: ~ pa:n. ta:. yi:)، واتە دەنگە ڤاوڵەکە لە ناودەچێت و مۆرفێمەکە، وەک دەنگێکی ڤاوڵ بەرجەستەدەبێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ی-y][ی-i][ی-y] ← [ی-y]Ø[ی-i]/ نیمچە کۆنسنانت— نیمچە کۆنسنانت || [فرێز: مۆرفێمی -ی]

له جێناوەکانی (م-مان، ت-تان، ی-یان)دا، جیناوی (ک٣/-ی) هەڵسوکەوتی جیاواز دەنوێنێت، ئەگەر کۆتایی کردارەکان دەنگێکی کۆنسنانت بێت(د،ت) وەک ڤاوڵێک بەرجەستە دەبێت،وەک(خواردی، بردی، کردی، گرتی، بەڵام ئەگەر کۆتاییان دەنگێکی ڤاوڵ بێت(ا)، وەک کۆنسنانتێک بەرجەستە دەبێت،وەک(کێڵای،هێنای،شێلای،کێشای)، ئەگەر کۆتایی کردارەکان ڤاوڵی (ی) بێت، لە وەرگرتنی ئەم جێناوە ڤاوڵی(ی) لە کۆتایی کردارەکاندا لە ناودەچێت، وەک(نووسی+ی~ نووسی، بەخشØی، بڕØی). لە ڕستەدا پەیوەستە بە دەنگی کۆتایی(ڤاوڵ، یان کۆنسنانت) ناوەکانەوە، وەک ( ئەو نانەکەیy خوارد، ئەو میوەیy خوارد، ئەو خواردنیi خوارد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ی]← [ی/ ڤاوڵ] / کۆنسنانت — +، || ، [جێناوی لکاو: -ی] [فرێز: کردار، ڕستە]

-[ی]← [ی/ ن. ڤاوڵ] / ڤاوڵ — + ، || [جێناوی لکاو: -ی] [فرێز: کردار، ڕستە]

لە هەردوو جێناوی (م،ت)دا، ئەگەر کۆتایی کردارەکان کۆنسنانت بوو، دەنگی (ɨ) پەیدا دەبێت، وەک ( کردɨم، بردɨم، گرتɨم... تاد)، یان لە بەشی یەکەمی کردارەکاندا، وەک (باسکردن(باس. کردن)~ باسØ تناکەم ~ باسɨ تناکەم(با. ست. نا. کەم)،باسɨم کردیت.... تاد)،لە گەڵ نیشانەی (-ب) دا، وەک (بɨمگرە، بɨ تگرن، بɨ دەم)، بەڵام لە جیناوی (مان، تان،یان)دا، کوڵد ڤاوڵەکە پەیدا نابێت( بردمان(برد. مان)، چونکە جێناوەکان خۆیان بڕگەی تەواون(cvc)، ئەگەر دەنگی کۆتایی کردارەکە ڤاوڵ(ا،ی،وو) بێت، وەک(بڕیم، شێلام،چووم.. تاد)دەنگەکە زیاددەکرێت بۆ کۆتایی بڕگە، کوڵد ڤاوڵ پەیدا نابێت، (واتە کوڵد ڤاوڵەکە لە نێوان دوو دەنگی کۆنسنانتدا پەیدا دەبێت)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

- Ø← [ɨ ] / کۆنسنانت—کۆنسنانت +، || [جێناو:م، ت] / [فرێز: کردار]

لە جیناوەکانی (م-ین، یت-ن، ات/ێت،ن)دا، جێناوی (ک٣/ -ات، -ێت)بە دووشێوەی جیاواز بەرجەستە دەبن، ئەگەر کۆتایی کردارەکان دەنگێکی کۆنسنانت بێت، ئەوە جێناوەکە بە ئەمشێوەیە دەبێت(-ێت)، وەک (دەهێنێت، دەکێڵێت، دەفرێت، دەبرێت، دەبەخشێت، دەبارێت،دەنووسێت، دەفرۆشێت،دەرێسێت، دەگرێت،دەکەوێت، دەخوێنێت، دەمرێت،دەسێنێت، دەپالێوێت، دەنێرێت، دەگەزێت، دەکوژێت، دەرێژێت، دەبێژێت... تاد)، بەڵام لە ئەو کردارانەی دەنگی کۆتاییان ڤاوڵی(ێ) یە، دەنگە ڤاوڵەکە لە کردارەکە لە ناودەچێت، وەک (دەخنکێم~ دەخنکØێت، دەشکێت، دەڕزێت، دەبرژێت، دەدرێت، دێم~ دØێت.. تاد).لە ئەو کردارانەی دەنگی کۆتاییان، بریتییە لە ڤاوڵی(ۆ)، دەنگی (ێ) لە جێناوەکە دەگۆڕێت بۆ (ا)، ئەڵتەرناسیۆنی(ێ~ا، ێت~ ات)ڕوودەدات، هەروەها ڤاوڵی کۆتایی کردارەکە دەگۆڕێت بۆ نیمچە ڤاوڵ(ۆ~و/w/)، وەک(دەڕۆم~ دەڕوات، دەخۆم~ دەخوات)، بەڵام لە (شوشتم~دەشوم~ دەشۆم، نوستم~دەنووم) دا، ڤاوڵە کورتەکە( و)ە دەگۆڕێت بۆ (ۆ) لە (دەشۆم)، یان دەگۆڕێت بۆ (وو) لە (دەنووم)دا، بەڵام لە وەگرتنی جێناوی (-ێت، -یت، -ین) دەگۆڕێت بۆ (و/ نیمچە ڤاوڵ)،

وەک (دەنووم~ دەنوێت~ دەنویت~ دەنوین). لە ئەو کردارانەی دەنگی کۆتایان بریتییە لە ڤاوڵی(ە)، ئەڵتەرناسیۆنی(ێ~ ا) ڕوودەدات، بەڵام ڤاوڵی(ە) لە کردارەکەدا لە ناودەچێت، وەک (دەخەم ~ دەخØ ات، دەگەم~ دەگات، دەبەم ~ دەبات، دەکەم ~ دەکات). لە جێناوی (ک١/-ین، ک٢/ -یت)دا، ئەگەر دەنگی کۆتایی کردارەکان کۆنسنانت بوو، دەنگی (ی) لە ئەم جێناوانەدا بە ڤاوڵ دەنوێنرێت، وەک ( دەکێڵیت، دەکێڵین،دەبەخشیت، دەبەخشین.... تاد)، بەڵام ئەگەر کردارەکە کۆتایی بە ڤاوڵی (ێ، ە، ۆ) هاتبوو، وەک(دەخنکێیت، دەخنکێین، دەشکێیت، دەشکێین، دەخەیت، دەخەین، دەخۆیت،دەخۆین،دەنگی (ی) لە جێناوەکەدا بە (نیمچە ڤاوڵ) دەنوێنرێت،بەڵام لە ڤاوڵی (وو)دا لەبەر ئەوەی ڤاوڵەکە دەگۆڕێت بۆ نیمچە کۆنسنانت، دەنگی(ی) بە نیمچە کۆنسنانت دەنوێنرێت، وەک (دەنووم~دەنو(ن. ڤ)یت، دەنوین.. تاد).لە جێناوەکانی (م-ین، یت-ن، Ø-ن)دا، بە تایبەتیی دەنگی(ی) لە هەردوو جیناوی (-ین، -یت)دا نواندنی فۆنەتیکیی ڤاوڵیان هەیە، ئەگەر کۆتایی کردارەکە کۆنسنانت بێت، وەک (مردین، مردیت، کەوتیت، کەوتین، خەوتین، خەوتیت، هاتیت، هاتین.... تاد)، بەڵام دەنگی کۆتایی ڤاوڵ بوو(ا،وو)، نواندنی فۆنەتیکی نیمچە ڤاوڵیان هەیە، وەک(شکایت، شکاین، برژاین، برژایت، چوویت، چووین، بوویت، بووین)، ئەگەر دەنگی کۆتایی ڤاوڵی(ی) بوو، دەنگی (ی) لە کردارەکەدا لە ناودەچێت و دەنگی(ی)ی جێناوەکە بە نیمچە ڤاوڵ دەنوێنرێت، وەک (بارییت~ بارØیت، بارین، فڕیت، فرین، وەریت، وەرین،وەڕیت،وەرین) ،ئەگەر دەنگی کۆتایی کردارەکان کۆنسنانت بوو، لە وەرگرتنی جێناوی (-ن،-م، -ن)دا، دەنگی(ɨ) پەیدا دەبێت، وەک (هاتɨم، هاتɨن). لە کرداری داخوازیدا نیشانەی (ب-)، کە دەچێتە سەر کردارەکان، دەبێتە هۆی پەیدابوونی (کۆڵد ڤاوڵ)، وەک (بɨ گرە،بɨ رۆ). لە جێناوەکانی (ە-ن)دا، ئەگەر دەنگی کۆتایی کردارەکان کۆنسنانت بوو، لە (-ە)دا هیچ گۆڕانێک ڕوونادات، لە جیناوی(-ن)دا کۆڵد ڤاوڵ پەیدا دەبێت، وەک (بهێنە، بهێنɨن~ بهێنن، بفرۆشە، بفرۆشن، بکرە، بکڕن..... تاد)، بەڵام ئەگەر کۆتایی کردارەکە دەنگێکی ڤاوڵ(ێ، وو، ۆ،ی،ە) بوو، لە جێناوی (-ن)دا، هیچ گرفتێک دروستنابێت، بەڵام جیناوی (-ە) لە ناودەچێت، وەک (بخنکێØ، برژێ، بشکێ، بدڕێ)، (بنووØ، بدروو)، (بخۆØ، برۆ، بشۆ)، (بگریØ، بژی)، (بخەØ، بکە، ببە)، لە جێناوی (-ە)دا ئەڵتەرناسیۆنی( ە~ۆ)ڕوودەدات، لە کرداری (بچە~بچۆ).کردارەکان لە وەرگرتنی مۆرفێمی (-ەوە)دا، نواندنی فۆنەتیکیی جیاواز دەخەنەڕوو، لە کرداری رابردووی تێپەرەدا لە جێناوەکانی (م،مان، ت-تان،ی-یان)دا، دەبێتە هۆی لە ناوچوونی کۆڵد ڤاوڵەکە، وەک(خواردɨم~خواردمەوە،خوارمانەوە، خواردتەوە،خواردیەوە، خواردتانەوە، خواردیانەوە)، هەروەها لە کردارە تێنەپەرەکاندا، جێناوی (م-ین، ت-ن،Ø -ن) هیچ گرفتێکیان نییە، وەک (شکامەوە، شکاینەوە، شکایتەوە، شکانەوە)، بەڵام لە جێناوی(ک٣-Ø )دا، کە جێکەوتەکە بەتاڵە، ئەوە نیمچە کۆنسنانتی (ی) پەیدا دەبێت، بە تایبەتی لە ئەو کردارانەی کۆتاییان بە دەنگی ڤاوڵی (ا،ی)هاتووە، وەک (برژاØ ~ برژایەوە، شکا~شکایەوە، دڕا~ دڕایەوە، گەشا~ گەشایەوە،

فڕیØ~ فڕییەوە،باریØ~بارییەوە)، بەڵام لە ڤاوڵی(وو)دا نیمچە ڤاوڵی(و/ن. ڤاوڵ) پەیدا دەبێت، وەک( چووØ~چو(-درێژیی) (و)ەوە~ چووەوە، بووØ~ بو(-درێژیی)(و)ەوە~بووەوە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ی] ←[ نیمچە کۆنسنانت] / ڤاوڵ— ڤاوڵ ||،+ [ فرێز: کردار جیناوی(-ی)، مۆرفێمی (-ەوە)]

پەیدابوونی دەنگی (ر)، ئەگەر کردارەکە(ڕەگی کردارەکە/ لە کرداری داخوازیدا) کۆتایی بە ڤاوڵ هاتبوو، ئەگەر جێناوی (-ە)ی وەرگرت، وەک (بکە~ بکەرەوە، بدە~ بدەرەوە،بخۆ~ بخۆرەوە، بچۆ~ بچۆرەوە، ببەرەوە، هەڵبخەرەوە)، بەڵام لە جیناوی (-ن)دا، گۆڕان ڕوونادات، وەک (بکەنەوە، بخۆنەوە.. تاد).کردارەکان لە وەرگرتنی نیشانەی (-وە)دا، نواندنی فۆنەتیکیی جیاواز دەنوێنن، نیشانەی (-وە)، بڕگەیەکی تەواوە، ئەگەر کۆتایی کردارەکان کۆنسنانت بوو(د،ت)، دەنگی (و) لە (-وە)دا، بە نیمچە ڤاوڵ دەنوێنرێت، وەک (فرۆشتɨوە، خواردɨوە، بردɨوە، مردɨوە... تاد)،(دەنگی (ɨ) لە نێوان دوو کۆنسنانتەدا پەیدا دەبێت، چونکە دوو کۆنسنانت لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا نایەن : بڕوانە بەشی پێنجەم)، هەروەها ئەگەر ڤاوڵیش بێت(ا،ی،وو) بە نیمچە ڤاوڵ دەنوێنرێت، وەک (کێڵاوە، شێلاوە... تاد)، (فڕیوە، بڕیوە)، بەڵام لە ڤاوڵی(وو)دا، گۆڕانەکە جیاوازە، چونکە ڤاوڵەکە سیمای(-درێژیی) وەردەگرێت، وەک(چوو~ چو(-درێژیی)وە~ چووە). لە وەرگرتنی جێناوەکانیشدا، دەنگی (و) لە نیشانەکەدا، وەک ڤاوڵ دەنوێنرێت، لە کردارە تێپەرەکاندا، وەک(خواردوومە، خواردوومانە، خواردووتە، خواردووتانە، خواردوویە~خواردوویەتی~(وو~و/ن. ڤ) (یە~ێ) خواردوێتی،خواردوویانە)، لە کردارە تێنەپەرەکاندا، بە تەنها لە گەڵ جێناوی (م،ن)دا بە ڤاوڵ دەنوێنرێن، بەڵام لە (یت،ین،Ø) بە نیمچە ڤاوڵ دەنوێنرێن، وەک(هاتوومە،هاتوینە، هاتویتە،هاتوونە، هاتØوە~ هاتɨوە، هاتوونە) لە بەر جیاواز بەرجەستە بوونی باشترە لە هەموو بارودۆخێکدا، بە یەک (و) بنوێنرێت، واتە (وە). لە (-ەوە)دا دەنگی (ت) لە کردارەکاندا پەیدا دەبێت، ئەگەر کۆتایی بە(وە- نیشانەی رابردووی تەواو) هاتبوو، لە کردارە تێپەرەکاندا، وەک(بردوەتەوە~بردۆتەوە)، لە وەرگرتنی جیناوەکاندا، وەک (بردومەتەوە، بردومانەتەوە،بردوتەتەوە، بردویەتەوە.. تاد)، لە کردارە تێنەپەرەکاندا، وەک(هاتوەتەوە~ هاتۆتەوە)، لە وەرگرتنی جیناوەکاندا، وەک (هاتوومەتەوە،هاتوینەتەوە،هاتویتەتەوە،هاتوونەتەوە، هاتوØەتەوە)، لە نموونەی کۆتایدا (هاتوØەتەوە)، واتە (وە/ نیشانەی تەواو) دەگۆڕێت بۆ (ۆ)، واتە ئەڵتەرناسیۆنی (وە~ۆ) ڕوودەدات،وەک (هاتوەتەوە~ هاتۆتەوە، چوەتەوە~چۆتەوە.. تاد)، چونکە جێناو لە ئەو جێکەوتەیەدا دەرناکەوێت)، هەروەها پەیدابوونی دەنگی(ت) لە کردارەکاندا لە وەرگرتنی پرێپۆزشنەکاندا(لە، بە، بۆ- دەگۆڕێن بۆ (ە)) دوای لە ناوچوونی دەنگە کۆنسنانتەکان لە پرێپۆزشنەکاندا) لە ڕستەدا، وەک ( کوڕەکە چووە بۆ هەولێر~ کوڕەکە چووەØ ە هەولێر~ کوڕەکە چووەتە(چۆتە) هەولێر، کوڕەکە بووە بە مامۆستا~ کوڕەکە بووە Øە مامۆستا~ کوڕەکە بووەتە(بۆتە) مامۆستا... تاد (ئە. گەرمیان(کەلار،کەرکوک)). لە پرێپۆزشنەکان (لە، بە، بۆ)، دەنگە کۆنسنانتەکان لە ناودەچن،

ئەڵتەرناسیۆنی(لە،بە،بۆ~ە)ڕوودەدات، وەک (بەردم گرت لە چۆلەکەکە~ بەردم گرت Øە چۆلەکەکە~ بەردم گرتە چۆلەکەکە). لە ئاستی سینتاکسدا لە مۆرفیمی( -ەکە)دا، دەنگی(ە) بە هاتنی لە گەڵ ڤاوڵەکاندا، هاوشێوەی ئاستی مۆرفۆلۆژی لە ناودەچێت، وەک (پەنجەرە+ ەکە~ پەنجەرەکە، شووشە+ ەکە~ شووشەکە، چەقۆکە، ترێکە، بەهێکە باکە، مامۆستاکە پەرۆکە، نوێ~ نوێکە..... تاد)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ ە]←Ø/ ڤاوڵ[ە، ۆ، ا،ێ، وێ] — || ، + [ فریز: ناو، مۆرفیم : -ەکە]

لە بەر ئەوەی ئەم یاسایە، واتە کرتاندنی ڤاوڵ، بۆ هەموو مۆرفیمە زمانییەکان ناگونجێت، (دە+یەم ~ دەم (هەڵەیە)، دەیەم~ دەیەم~ دەیەمین، نۆیەم ~ نۆیەمین، سێیەم ~ سێیەم ~ سێیەمین، سییەمین، ئەم دۆیە، ئەم پەنجەرەیە.. تاد)، یاسای زیادکردنی دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت بە یاسایەکی گشتوەگیر دادەنرێت، بۆ هەموو مۆرفیمە سینتاکسییەکان ( -ەکە، -ەم، -ێک، -ەک، -ەمین، ئەم... ە.. تاد)گونجاوە، وەک ( با+ەک*~ بایەک،دۆیەک، پینەیەک، دەرزییەک، کانییەک، ماسییەک)، هەروەها(چەقۆیەکە، پەرۆیەکە، دۆیەکە، دێیەکە، پەنجەرەیەکە، مەلایەکە، چرایەکە،شووشەیەکە~ شووشەکە (کرتاندنی بڕگەیەک)، نوێیەکە دێیەکە،.... تاد)، ( کورسی+ان~ کورسییان)، (ئەم کورسییە)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-Ø ←[نیمچە کۆنسنانت ] / ڤاوڵ [ە، ۆ، ا،ێ، وێ]—، + || [ فریز، مۆرفیم:-ەکە، -ەک، -ان، ەم، ئەم،ئەو-ە]

لە گەڵ ڤاوڵی (و، ی)ی درێژدا، گۆڕانە دەنگییەکە جیاوازتر بەرجەستە دەبێت، دوو گۆڕانی دەنگیی ڕوودەدەن، یەکەمیان : پەیدابوونی نیمچە کۆنسنانت، دووەمیان : کورتدەربڕینی ڤاوڵەکان،چونکە ئەم ڤاوڵانە، لە گەڵ نیمچە کۆنسنانتەکانی(ی،و)دا کورتدەردەبڕێن، وەک (مراویی:mɨ. ra. wi+ەکە~ مراوییەکە mɨ. ra:. wi. yə. kə- )، هەروەها ( کەڕوو:kə. ru+ەکە~ کەڕووەکە-kə. ru, wə. kə )، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-Ø ←[نیمچە کۆنسنانت ] / ڤاوڵ[وو، یی]— ە ||،+[ فریز، مۆرفیم: -ەکە، -ەم، -ەمین....]

-[وو، یی]Ø[ڤاوڵ]←[ و، ی: -درێژیی][و،ی] [ڤاوڵ ] / (وو،یی) — ڤاوڵ||،+[ فریز، مۆرفیم: -ەکە، -ەم، -ەمین....]

[+درێژیی] [+نیمچە کۆنسنانت]

لە وشەی (شایی–ʃa:. yi)دا، بڕگەی کۆتایی لە دوو دەنگ پێکهاتووە (دەنگی نیمچە کۆنسنانت(ی)+ دەنگی ڤاوڵ(ی)ی کورت(لە گەڵ نیمچە کۆنسنانتەکانی(ی)دا کورتدەردەبڕێت))، لە وەرگرتنی مۆرفیمی(ەکە)دا،

---

* لە ئەو وشانەی کە بە کۆنسنانت کۆتاییان هاتوە، وەک ( پەرداخ~ پەرداخێک، پیاو~ پیاوێک، گوڵ~ گوڵێک، پەرداخ~ پەرداخێک)، مۆرفیمی (-ێک) وەردەگرێت، لە ئەو وشانەی بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتوە، مۆرفیمی (-ەک) وەردەگرێت، وەک (دۆیەک، بایەک، پەنجەرەیەک، دێیەک، ماسییەک،خانوویەک، دەزوویەک... تاد)، بەڵام لە ئەکسێنتی هەولێردا، لە ئەم وشانەدا بەرانبەر دەنگە کۆنسنانتەکانیش هەر (-ەک) بە کاردێت، وەک (پیاوەک، ژنەک، پەرداخەک.. تاد) هەروەها لە ئەو وشانەی کۆتاییان بە بزوێن هاتوە، دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت زیاددەکرێت، وەک ( دۆیەک، ماسییەک.. تاد)، پێدەچێت (ێک) لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگیی، واتە گۆڕانی ڤاوڵی (ە)، بۆ (ێ) دروستبووبێت.

پێویستیی بە هەڵتۆقینی نیمچە کۆنسنانتێک هەیە(ی)، واتە بە ئەمشێوەیە(شاییەکە- ʃa:. yi. yə. kə)، ئەڵتەرناسیۆنی ئەم یاسایە، بریتییە لە لەناوچوونی ڤاوڵی(ی) لە نێوان دوو نیمچە کۆنسنانتدا (شاییەکە~شاییەکە/ʃa:. yi. yə. kə~ ʃa:y. yə. kə)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-[ی-y][ی-i][ی-y]← [ی-y]Ø[ی-y]/نیمچە کۆنسنانت— نیمچە کۆنسنانت +، ||، [ فریز، مۆرفیم:-ەکە]

هەروەها ئەڵتەرناسیۆنی ئەم یاسایە بریتییە لە گۆڕانی هەردوو ڤاوڵەکە بۆ ڤاوڵێکی تر، وەک (مراوی+ەکە~ مراوێکە، ڕێوییەکە ~ ڕێوێکە، شاتوو+ەکە~ شاتووەکە~ شاتۆکە، کاهوو~ کاهۆکە، جوانوو~ جوانۆکە... تاد) ئەم یاسا دەنگییە بۆ هەموو مۆرفیمەکان گونجاو نییە،وەک (دوو+ەم~ دۆم( هەڵەیە،)، دوو+ەم~ دووەم، سییەم، سییەمین.. تاد)،بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە

-[وو، یی][ە]← [ ۆ، ێ ] / — ڤاوڵ [ە] ،+،||، [ فریز، مۆرفیم (-ەکە)]

یاسای هەڵتۆقینی نیمچە کۆنسنانتێک لە نێوان ڤاوڵەکاندا، بە یاسایەکی گشتوەگیر دادەنرێت، لە وەرگرتنی مۆرفیمی نەناساندن (-ەک)دا، ئەگەر وشەکە کۆتایی بە دەنگی(وو) هاتبێت، وەک (خانووەک، دەزووەک، خەسووەک، مووەک.. تاد) نیمچە کۆنسنانتی(و) دەردەکەوێت، بە گشتوەگیرکردنی ئەم یاسایە پێویستە، بۆ ئەوەی بۆ هەموو وشەکان بگونجێت،( ئەم گۆڕانە دەنگییە لە ئەکسێنتی گەرمیان بە ئەمشێوەیە ڕوودەدات(ناوچەی کفری)، دەنگی (وو) دەگۆڕێت بۆ (وی)، بۆیە (نیمچە کۆنسنانتی(ی) وەردەگرێت، وەک ( دووەم ~ دوییەم، دووەمین~ دوییەمین، دەنگی )، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

- [وو] Ø [ە ] ← [و: -درێژیی] [و-w] [ە ] / ڤاوڵ(وو)— ڤاوڵ (ە) + ، || [ فریز: مۆرفیم]

-[وو]Ø[ە] ← [وی][ی-y][ە ]/ڤاوڵ (وی) — ڤاوڵ(ە)، + ، || [ فریز: مۆرفیم]

هەڵتۆقینی کۆنسنانتی( هـ) لە نێوان ڤاوڵەکاندا، بە جێگرەوەی یاسای هەڵتۆقینی نیمچە کۆنسنانتەکان دادەنرێت،وەک ( دووهەم، سێهەم، دووهەمین، سێهەمین.. تاد)، توێژەر پێیوایە، ئەم بارودۆخە، لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگی (ی-y) بۆ (هـ)، گۆڕانێکی تر( بڕوانە تەنها~ تەنیا) لە ژمارەکاندا ڕوودەدات، وەک (سێیەم~ سێهەم، دووەم~ دووهەم). لە ئەو ژمارانەی، کە کۆتاییان بە کۆنسنانت هاتوە ڕێگەپێدراوە دەنگە کۆنسنانتەکەی کۆتایی بڕگەی یەکەم بپەڕێتەوە بۆ بڕگەی سەرەتای بڕگەی دووەم و کۆپیبکرێتەوە، وەک (یەکەم~ یەککەم، چوارەم~ چواررەم.... تاد)، هەڵتۆقینی دەنگە کۆنسنانت و نیمچە کۆنسنانتەکان، لە نێوان دوو ڤاوڵدا لە زمانی کوردیدا ڕوودەدات و یاسایەکی بنەڕەتییە و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا چالاکە، وەک ( میوە+ات~میوەجات، دێ+ات~دێهات، سەوزە+ات~ سەوزەوات، دە+ها~ دەیەها... تاد)، بەڵام دەربڕینی نیمچە کۆنسنانت لە گەڵ ڤاوڵەکاندا گونجاوترە، بۆیە دەربڕینی ( دووەم، سێیەم.... تاد) لە دەربڕینی (یەکهەم، دووهەم، سێهەم)ئاسانترە، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

-Ø ←[ کۆنسنانت: هـ جـ ، نیمچە کۆنسنانت: و، ی]/ڤاوڵ— ڤاوڵ +، ||، #

هەڵتۆقینی کۆڵد ڤاوڵ لە نێوان دوو کۆنسنانتدا، پەیوەستە بە پێکهاتەی بڕگەکان لە زمانی کوردیدا ( بڕوانە، بەشی پێنجەم-شیکارکردنی بڕگەیی)، هەڵتۆقینی ئەم ڤاوڵە لە وەچە پێکهاتەی سەرەتای بڕگەدا ( .cv ccvc→cvc)، وەک (براو- ب. راو)، هەروەها لە جێکەوتەی ڤاوڵە لە ناوچووەکاندا، بە بەراوردکردنی زمانی فارسیی و کوردیی، وەک (مەن~ من، زەن~ ژن، کەردەن~ کردن، موردەن~ مردن..... تاد)، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان، بە تایبەتیی لە ئەو وشانەی بڕگەی لە جۆری (cvcc)ین، وەک ( کورد+ ستان~ کور. دس. تان)، پەیدابوونی دەنگی(ɨ) لە بڕگەی (دس)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[c ][v][c]←[ کۆنسنانت][Ø ] [کۆنسنانت ] /کۆنسنانت— کۆنسنانت ، +،# [وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

- Ø← [ɨ ] / کۆنسنانت—کۆنسنانت ، +،# [وشە مۆرفۆلۆژییەکان

-[ کۆنسنانت]Ø[کۆنسنانت]←[ کۆنسنانت][ɨ] [کۆنسنانت ] ،+، # [ وشە بنەڕەتییەکان]

بە بەراوردکردنی وشەکان لە کرمانجی ناوەڕاست و ژووروودا، گۆڕانی دەنگیی ئەلتەناسیۆنی (ە~ ɨ) لە زمانەکەدا ڕوودەدات، وەک( قنج~ قەنج، چنگ~ چەنگ)، هەروەها ئەڵتەرناسیۆنی (ɨ~ە)، وەک (هەندێک~هنەک، دەر~ در، دەکات~ دکت، دەچم ~ دچم..... تاد)، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[ ە]← [ɨ] / کۆنسنانت — کۆنسنانت #، ||،+ [ ک.ژ]

لە چێوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان و فۆنۆلۆژیی دوا فەرهەنگیدا شیکارکردنە دەنگییان لە زمانی کوردیدا خرانەڕوو، ئەم یاسا دەنگییانە ڕەخنەی لێگیرا، لە بەر دوو هۆکار: یەکەم، لە ئەم قۆناغەدا شیکاری دەنگیی، بریتیبوو لە داڕشتنی یاسا فۆنۆلۆژییەکان بە ئامانجی بەستنەوەی دروستە فۆنۆلۆژییەکان/ ئاستی ژێرەوە بە دروستە فۆنەتیکییەکان/ ئاستی ڕووکەش، کە بەئەبستراکتکردنی ئەم یاسا دەنگییانە لەلایەن فۆنۆلۆژیی سروشتییەوە ڕەخنەی لێگیرا و بووە هۆکاری ئەوەی، لە نێو کارەکانی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنانەوە (GP)، فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی(LP) و شیکارکردنی نازنجیرەیی سەرهەڵبدات، واتە ئەم قۆناعە قۆناعی گواستنەوەیە لە فۆنۆلۆژیی زنجیرەیی بۆ فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیی، دووەم، لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان گرنگیی بە شێکارکردنی پێکهاتەی سەگمێنتەکان دەدرا، بەڵام پێکهاتە بنە وەچە/لقە-سەگمێنتییەکان(دوو دەنگییەکان تس، تش،دز... تاد)، یان سەروو سەگمێنتییەکان (بڕگە، هێز، ئاوازە.. تاد)گرنگی پێنەدرا، ئەم هۆکارە بووە هۆی سەرهەڵدانی شیکارکردنی سەگمێنتیی لە فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیدا، هەرچەندە لە سەرەتادا، فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیی(ئازاد لە سەگمێنت) و فۆنۆلۆژیی کێشیی، وەک ڕێبازێک بۆ شیکارکردنی سترێس خرانەڕوو، بەڵام دواتر بنەمایەکی بەهێز بوون، بۆ خستنەڕووی دروستەی بڕگە و هارمۆنێتی دەنگە ڤاوڵ

و کۆنسنانتەکان لە دروستە و پێکهاتەی بڕگەدا(بڕوانە بەشی پێنجەم -شیکارکردنی بڕگەیی دەنگە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا).

## ٥) شیکارکردنی بڕگەیی دەنگە زمانییەکان لە زمانی کوردیدا

### ١/٥)شیکاری بڕگەیی و پرۆژەکانی بڕگە

### ٢/٥) سەرەوڕیزبوونی ڤاوڵ و نیمچە ڤاوڵەکان

## ١/٥) شیکارکردنی برگەیی و پرۆژەکانی برگە:

لە سەرەتای فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان(GP)دا ( فۆنۆلۆژیی زنجیرەیی/ هێڵیی /linear phonology)، سەگمێنتەکان سەرەوڕیزبوونێکی زنجیرەیی (ئاسۆیی/ زنجیرەی نەپچراویی کاتیی)یان هەیە، بەڵام پێکهاتەی ئەم سەگمێنتانە(سیما دەنگییەکان)، سەرەوڕیزبوونێکی نازنجیرەییان هەیە( ریزێکی ریکنەخراو) (Goldsmith, J. A, 1976, 11-17)، لە فۆنۆلۆژیی زنجیرەیدا، بە شێوەیەکی تیۆریی باسی برگە نەکراوە، واتە لە چێوەی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکاندا، بە شێوەیەکی خشکەیی سیمای فۆنۆلۆژیی(+برگەیی)یان، خستوەتەڕوو(سیمایی +قورساییخستنەسەر/stress و +برگەیی/ silbe بۆ سیماکان زیادکرا). لە فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا، سەرەوڕیزبوونی یاساکان(rule ordering)، باسی دیاریکردنی سنووری برگەی تێدا نەکراوە، بۆ نموونە یاسای (ڤاوڵ← [+درێژیی]/ کۆنسنانت— ) دەکرێت بە ئەمشێوەیە بخرێتەڕوو([ڤاوڵ]←[درێژیی]/ —#)، هیمای(#) سنووری برگە دەنوێنێت، ئەم هەلومەرجە گرنگیی برگە لە شیکارییە فۆنۆلۆژییەکاندا دەخاتەڕوو، (Hooper) لە چێوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنانی سروشتیدا، لە بەهای نواندنە ئەبستراکتە قووڵەکان کەمدەکاتەوە و پێیوایە، ئەو یاسا دەنگییانە لە لایەن قسەکەرەوە دادەڕێژرێن، لە داڕشتنەکانی ئاستی ڕووکەشەوە وەردەگیرێن، کە نواندنی داڕشتەیەک لە ئاستی ڕووکەشدا بە نواندنی داڕشتەیەکی تر لە ئاستی ڕووکەشدا دەبەسترێنەوە (Hooper, 1967, 34)، واتە نابەسترێنەوە بە ئاستی قووڵ و نواندنەکانی ژێرەوە، هەوڵەکانی فۆنۆلۆژیی سروشتیی، بوون بە بنەمایەک بۆ سەرهەڵدانی کۆمەڵێک تیۆری و گریمانە لە چێوەی فۆنۆلۆژیی نازنجیرەییدا، بۆ نموونە فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیی(LP) (lexical phonology)، فۆنۆلۆژیی پەیوەستدارێتی (dependency phonolog) (DP)فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیی(autosegment phonology) ( AP) ، فۆنۆلۆژیی مەتریکیی/ کێشیی (metrical phonology). لە فۆنۆلۆژیی پرۆسۆدیدا (prosodic phonology) دروستەی فۆنۆلۆژیی لە سەرەوڕیزبوونیی هەڕەمیی یەکە زمانییەکان پێکهاتوە(selkrik, 1980, 563-605)(Hayas, 1982, 97-110)(Hayas, 1980, 80) ، کە برگە بە گرنگترین یەکەی فۆنۆلۆژیی دادەنرێت، بڕوانە وێنەی (٥-١)

دەربڕاوەکان (utterance/ U )

|

فرێزە ئاوازدارەکان (Intonatonal phrase/Ip)

|

فرێزە فۆنۆلۆژییەکان(phonological phrase /pp)

|

وشە فۆنۆلۆژییەکان (phonological word/pwd)

|

پێیەکان(metrical foot/F)

|


بڕگەکان (syllable/σ)

سەرەوڕیزبوونی یەکە زمانییەکان... وێنەی (٥-١)

لە فۆنۆلۆژیی دروستەکاریدا، شیکارکردنی بڕگەیی لە چێوەی یاسا فۆنۆتاکتیکییەکاندا (پەیوەندی تەکنشینیی )، مەرج و سنووردانان بۆ پێکەوەهاتنی فۆنیمەکان (cv, cvc, cvcc) لە دروستەی بڕگەدا دادەنێت، بڕگە بچووکترین یەکەی فۆنۆتاکتیکییە (phonotactic)، هەروەها لە چێوەی پەیوەندییە جێنشینییەکاندا، مەرج و سنووردانان بۆ هەمبەرییە فۆنۆلۆژییەکان و جیاوازییە فۆنۆلۆژییەکان دادەنێت(س-ز، ش-ژ.. تاد)، بەڵام شیکارکردنی بڕگەیی، بەپێی ئاڕاستە نوێیەکان لە قوتابخانەی بەرهەمهێناندا(قۆناعی دوای ستاندارد) ، ئەم ئاستە ساکارەی شیکارکردن تێدەپەڕێنێت، چونکە ئەم چەمکانە (جێنشینیی و تەکنشینیی)، ناتوانن هەموو لایەنەکانی شیکارکردنی فۆنۆلۆژیی بخەنەڕوو، لە فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیدا، چەمکی نوێ، وەک پەیوەندیی پێشهاتن/پێشدانەوە (precedence)، پەیوەندیی پێکهاتەیی(componentiality)، پەیوەندیی وەچە پێکهاتەیی(constituency)، دەبنە بنەمای شیکارکردنی دەنگیی، ئەم چەمکانە لە فۆنۆلۆژیی پەیوەستدارێتیدا(dependency phonology)/ (head realation)بە سەر بڕگەدا جێبەجێدەکرێن، بڕگە دروستەیەکی پەیوەستدارە، کە پێکهاتە و وەچەپێکهاتەی هەیە، سەگمێنتێکی (+بڕگەیی/ کرۆکی بڕگە) دەسەڵاتی بە سەر سەگمێنتەکانی خوارەوەدا هەیە و سەرپەرشتییان دەکات، سەگمێنتە ڤاوڵەکان (+بڕگەییەکان)، لە کرۆکی بڕگەن و لە دەوروبەری ئەم (کرۆک)ە، سەگمێنتەکانی تر دێن، کە قەیدکردنی/ کۆتوبەندی فۆنۆتاکتیکیی(phonotactic restrictions) زمانێک تەحەکومدەکەن بە ژمارەی ئەو

سەگمێنتانەی لە دەوروبەری کرۆکی بڕگەکەدا دێن. لە فۆنۆلۆژیی پەیوەستداریێتیدا، نواندنی بڕگە نا ئاسۆیی و فرەلایەن و فرە ڕەهەندە(poly-dimension)، کرۆکی بڕگە دوو ئاست دەنوێنێت، بەڵام سەگمێنتەکانی تر(ئاستی خوارەوە/پەراویز) لە ئاستی سێیەمدا دێن. هەرچەندە لە شیکارکردنی سەگمێنتیی، لای بەرهەمهێنان یەک ئاستی نواندنی هێڵیی دەخرایەڕوو، بەڵام لە فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیی، شیکارکردنی سەگمێنتیی لە چێوەی بڕگەدا، لە چەند ئاستێک (چین/ تویژ/tier)پێکهاتوە، لە مۆدێلی (cv) دا، یەکەیەکی چینی (cv)(چینی پەیکەر و جومگە)، بۆنموونە یەکەیەکی کۆنسنانت (c)، بە دوو یەکەی چینی سەگمێنت (c, c) دەبەستریتەوە، وەک ( پف، دز،تس، تش... تاد)(سێ کۆنسنانتیی ڕێگەپێنادرێت: درشت، بڕشت، برنج،گرنج)، یەکەیەکی ڤاوڵ (v) بە دوو یەکەی چینی سەگمێنت دەبەستریتەوە (v, v)، وەک (ای،ەی،یە،یێ... تاد)، هەروەها ڤاوڵە درێژەکان لە چینی سەگمێنتدا دادەنرێن (vv: وو، ێ،اا،ۆۆ... تاد)، لە ئەم مۆدێلەدا ڤاوڵە درێژەکان، وەک دوو سەگمێنت (vv) دەنوێنرێن، کە ڤاوڵە درێژەکان بە تەنها ڕێگە بە یەک سەگمێنت لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا دەدەن، وەک (سوور، پوور، سییر، شێێر... تاد)، بەڵام ڤاوڵە کورتەکان بە یەک سەگمێنت (v) دەنوێنرێن و ڕێگە بە یەک سەگمێنت لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا (syllable final-position)دەدەن، وەک (کورد، ئارد، گورج... تاد)، سەگمێنتەکان لە ئەم ئاستانەدا، بەشێوەیەکی هێڵیی ڕێکدەخرێنەوە، ئەم سەگمێنتانە لە ئاستە جیاوازەکاندا (چەند چینێک) بە ڕێگەی هێڵەکانەوە، پەیوەندیی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، تیۆریی ئۆتۆسەگمێنتیی لە سەرەتادا بۆ چارەسەرکردنی گرفتی دیاردە سەروو سەگمێنتییەکان (سترێس) لە تیۆریی ستانداردا هێنرایە ئاراوە، بەڵام لە دواتردا فراوانکرا، بۆ ئەوەی چەند شیکارکردنێک بخاتەڕوو، وەک شیکارکردنی سەگمێنتە ئاڵۆزەکان(complex segments) (جووت کۆنسنانتەکان : بم، پف،دز.. تاد، جووت ڤاوڵییەکان / دیفتۆنگ : یێ، ای.. تاد) و خستنەڕووی دروستەی بڕگە و پێواژۆی هارمۆنیی(harmony process) سەگمێنتەکان لە دروستەی بڕگەدا، واتە هارمۆنی لە نێوان ڤاوڵ و کۆنسنانتەکاندا، هەروەها گرفتی مۆرفۆلۆژیی نازنجیرەیی non-concatinative) morphology). هاوشێوەی فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیی، فۆنۆلۆژیی مەتریکیی لە سەرەتادا بۆ چارەسەرکردنی گرفتی دیاردە سەروو سەگمێنتەکانی وەک سترێس هێنرایە ئاراوە، بەڵام فراوانکرا بۆ ئەوەی دروستەی بڕگە و هارمۆنێتیی نێوان ڤاوڵ و کۆنسنانتەکان لە بڕگەدا و دیاریکردنی سنوورەکان (boundaries) لە بڕگەدا بخاتەڕوو (Goldsmith, 1976, 17-25). بە پێی دەرەنجامەکانی فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیی دوو جۆر تەرزی ڕێکخستن، یان سەرەڕویزبوونی هەڕەمیی(hierarchy) لە زماندا هەیە، لە هەردوو تەرزە سەرەوڕیزبوونەکەدا، بڕگە( ئیلمێنت و یەکەکانی پەیکەری بڕگەیی دەگرێتەوە) بە خاڵی دەسپێک و هاوبەش دادەنرێت، واتە بڕگە لە شیکارکردنە زمانییەکان گرنگترین یەکەیە، تەرزی یەکەم، ڕێکخستنی هەڕەمیی مۆرفۆلۆژیی– سینتاکسیی، واتە سەگمێنتەکان لە مۆرفیمەکان و مۆرفیمەکان لە وشەکان، وشەکان لە فرێزەکاندا.. تاد ڕێکدەخرێنەوە.

تەرزی دووەم، ڕێکخستنی هەرەمیی فۆنۆلۆژیی، واتە سەگمێنتەکان لە بڕگەکاندا ڕێکدەخرێنەوە، بڕگەکان لە نواندنی درەختیدا لە قاڵبەکان ڕێکدەخرێنەوە، دواتر قاڵبەکان لە وشەکان ڕێکدەخرێنەوە، تیۆریی فۆنۆلۆژیی مەتریکیی/کێش، بە تیۆریی درەختیی مەتریکیی/کێشیی ناودەبرێت( metrical tree theory)، گرنگی بە تەرزی دووەمی سەرەوڕیزبوونەکە دەدات(سەرەوڕیزبوونی فۆنۆلۆژیی)، ڕێکخستنی ناوەکیی کەرەستەکان لە بڕگەکاندا و ڕۆڵی ئەم سەرەوڕیزبوونانە لە جێبەجێکردنی یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا (کرتاندن و بێلایەنبوون و وێکچوون..... تاد) و پەیوەندیی ئەم سەرەوڕیزبوونە فۆنۆلۆژییە، بە ڕێکخستنی هەرەمیی مۆرفۆلۆژیی-سینتاکسییەکانەوە دەخاتەڕوو، سەرەوریزبوونی سەگمێنتەکان لە بڕگەدا پەیوەندیی بە خەسڵەتی زرنگدەرەوەییەوە هەیە (sonority)، بۆ پۆلێنکردنی دەنگەکان لە ڕووی زرنگدەرەوەییەوە( بۆ ئەم وێنەیە بڕوانە Bevins,1995,211) بڕوانە وێنەی (٥-٢):




سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان بە پێی پلەی زرنگدەرەوەیی... وێنەی (٥-٢)

بەگشتی پرەنسیپە سەرەکییەکانی بڕگەکردن لە فۆنۆلۆژیی مەتریکیی / کێشیی بریتین لە:

١-ڕێسای سەرەوریزبوونی زرنگدەرەوەیی (ssp/ sonority sequencing principle): بەرزترین زرەنگدەرەوەیی لە کرۆکی بڕگەدایە، ئەم پرنسیپە بە پرنسیپی مارکەلێدان دادەنرێت،چونکە هەمیشە ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدان، بە پێی جێکەوتەی دوور و نزیکی لە کرۆکی بڕگەوە، زرنگدەرەوەیی سەگمێنتەکان دەستنیشاندەکرێن، لە وشەی (کورد)دا، سەگمێنتی (ر) پلەی زرەنگدەرەوەیی لە سەگمێنتی (د)بەرزترە، چونکە لە کرۆکی بڕگە نزیکترە.

٢- پرەنسیپی/ ڕێسای شامەرجی سەرەتای بڕگە (mop/ maximal onest principle): ئەم پرەنسیپە گرنگی بە سەگمێنتە نێوان ڤاوڵییەکان دەدات، واتە هاتنی کۆنسنانتەکان لە نێوان ڤاوڵەکاندا، وەک (رەشەبا~ڕە. شە. با)، سەگمێنتی(ش)، لە نێوان دوو ڤاوڵدا هاتوە، دەچێتەپاڵ ڤاوڵەکەی دوای خۆییەوە ( دەبێتە سەرەتای بڕگەی دووەم)، ئەگەر نێوان ڤاوڵەکان دوو کۆنسنانت بن، وەک (پاشخان- پاش. خان)، یان سێ کۆنسنانت (دەستلێدان- دەست. لێ. دان)، زۆر جار کۆنسنانتەکە لە نێوان دوو بڕگەدا هاوبەشە، سەرەتای بڕگەی دووەم بە کۆتایی بڕگەی یەکەم پڕدەکرێتەوە، وەک کەللە،... تاد، بۆ ئەوەی سەرەتای بڕگەی دووەم بەتاڵ نەبێت، کە بریتییە لە هاوبەشیی سەگمێنتی لە دوو بڕگەی جیاوازدا (ambisyllabicity).

٣- پرەنسیپی/ ڕێسای قەیدکردنی/ کۆتوبەندی گشتی(Universal constraint) : پەیوەست بە تیۆرییەکانی قەیدکردنی فۆنۆلۆژییەوە (constraint -based phonological)، تیۆری (optimality theory)(OT*)، باس لەقەیدکردنی بوونی سەرەتای بڕگە (بڕوانە پرەنسیپی mop) و نەهاتنی کۆتایی بڕگە (Nocoda)، کە لە مۆدێلی (cv) دا کارپێکراوە. ئەم پرەنسیپانە کۆمەڵێک پێواژۆی فۆنۆلۆژیی دەخەنەڕوو، کە بنەمان بۆ دیاریکردنی دروستەی بڕگە(Goldsmith, 2009, 13- 45).


**١-١/٥)دروستەی بڕگە**

دروستەی بڕگە بەشێوەیەکی گریمانەیی، لە لایەن زمانەوانەکانەوە خڕاوەتەڕوو، کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوە(سەرەتای بڕگە/onset، کرۆکی بڕگە/nucleus، کۆتایی بڕگە/ coda)، (pulgram) و (hooper)، چەند بنەمایەکی گشتیی، بۆ دیاریکردنی دروستەی بڕگە لە هەموو زمانەکاندا دەخەنەڕوو:١-پەیوەندیی دیاردەی بڕگەکردن(syllabicity) بە بڕگەی کراوە : لە دوای هەموو دەنگێکی ڤاوڵ، یان دیفتۆنگ، سنووری کۆتاییهاتنی

* (OT) تیۆری ئۆپتیماڵ بریتییە لە سەرەوریزبوونێکی پێرەوبەندانەی یەکە زمانییەکان بە پێی قەیدکردن/ کۆتوبەندە زمانییەکان، دوای جێبەجێکردنی قەیدکردن/ کۆتوبەندی زمانیی فۆرمە زمانییەکان و دروستە زمانییەکان دەگەنە ئاستی دەرکردەی ئۆپتماڵی(optimal output)، واتە بریتییە لە دەستەیەک لە کۆتوبەندی گشتیی، کە ڕێگە بە سەرەوریزبوونە زمانییەکان لەهەموو ئاستەکاندا دەدات ، کۆتوبدندی ئۆپتماڵی دوو جۆرن: یەکەم، کۆتوبەندی مارکەلێدراو (نەبوونی کۆتا- nocoda)، دووەم، کۆتوبەندی پارێزگاریکردن لە سەگمێنتەکانی تێکردە زمانییەکان (faithfulness ). (Fabb,2006,244)

برگەکە (هێمای -$،#) دەستنیشاندەکرێت، وەک (ڕ- ش- ب-~ ڕە-شە-با~ ڕەشەبا). ٢- بووژانەوەی سەرەتای برگە و کزرەکردنی کۆتایی برگە : سەرەتا برگە دەنگی بۆ زیاددەکرێت، بۆ نموونە نیمچە کۆنسنانتەکان(خوا، گیا)، بەڵام لە کۆتایی برگەدا(دەست~دەس) دەنگ لادەبرێت. ٣- کۆتایی برگە ناپێوانەییە: واتا کۆتایی برگە ڕێگە بە هاتنی دوو کۆنسنانت دەدات، بەڵام سەرەتای برگە ڕێگە بە دوو کۆنسنانت نادات( (ئارد) ڕێگە پێدراوە، بەڵام (درِاو) ڕێگەپێدراو نییە). لە فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتیدا، مۆدێلەکانی برگە دەخرێنەڕوو، مۆدێلی وەچەپێکهاتە، لە مۆدێلی(cv) جیاوازە، چونکە لە مۆدێلی وەچە پێکهاتەدا، لە بری سەگمێنتەکان(c, v) هێمای (x) دانراوە ( نواندنی دروستەی برگە لە وەچە پێکهاتەدا(٤-a )لە مۆدێلەکانی تر(٤-b) جیاوازە )،لە مۆدێلی وەچە پێکهاتەدا، برگە دابەشدەبێت بۆ دوو لق: سەرەتای برگە و سەروا(rhyme)، سەروا دەسەڵاتی بە سەر کرۆکی برگە و کۆتایی برگەدا هەیە و دابەشدەبێت بۆ دوو لقە بنە-وەچەپێکهاتە(subconstituent)، کرۆکی برگە و کۆتایی برگە (pike, 1947, 61-83) (Goldsmith, 2009, 13)،بڕوانە وێنەی(٥-٣/ a, b):


B A




دروستەی برگە..... وێنەی (٥-٣/a, b)

لە مۆدێلی مەتریکیدا، گرێیەک(نووکی برگە/peak) دەسەڵاتی بەسەر وەچە پێکهاتەکانی کێشدا (metric)هەیە، واتە سەرەتا و کرۆکی برگە، هەروەها کرۆکی برگە دەسەڵاتی بەسەر کۆتایی برگەدا هەیە. (kiprasky) دروستەی برگە بەشێوەی ئاڵۆزتر دەخاتەڕوو، کە بریتییە لە پێکەوەهاتنی دوو سەگمێنتیی لە کرۆکدا(دیفتۆنگ: ئای،نەی.... تاد)، یان هاتنی دوو سەگمێنت لە سەرەتادا(درِاو*)، یان هاتنی دوو سەگمێنت لە کۆتایی برگەدا(دەست، خشت..

تاد)، دیاریکردنی دروستەی بڕگە لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە ئەو بنەما و تیۆرییانەی کە خرانەڕوو، کە لە ئەم بەشەدا سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان، بە پێی شێکارکردنی بڕگەیی لە فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیدا دەخەینەڕوو، بە ئامانجی دیاریکردنی دروستەی بڕگە و خستنەڕووی مۆدێلی بڕگە لە زمانی کوردیدا-441 ,kiprasky, 1979) (442، یاساکانی دیاریکردنی قاڵبی بڕگە لە زماندا، پەیوەستە بە ئەوەی، لە وشەیەکدا بڕگەکان بڕگەی داخراون یان کراوە، لە (ڕە-شە-با)دا دیاریکردنی قاڵبی ئەم وشەیە پەیوەستە بە بڕگە کراوەکانەوە (cv. cv. cv)، قاڵبی (cv) لە سەر بنەمای یاساکانی پرۆژەسازدان(projection) دیاریکراون، یاسای پرۆژەسازدان لە کۆتایی بڕگەدا، ڕێگە بە گرێیەک (کۆتایی بڕگە، کرۆکی بڕگە، سەرەتای بڕگە)دەدات، کە دابەشبێت بۆ دوو لق (cc)، دابەشبوونی کۆتایی بڕگە بۆ دوو لق، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کۆتایی بڕگە داخراوە، بۆ نموونە قاڵبی بڕگە بریتییە لە (cvcc)، وەک (دەست، مەست، ماست... تاد)، ئەگەر لە زمانێکدا قاڵبی بڕگە لە جۆری (cvcc)هەبێت، ئەوە گومانی تێدا نییە، کە قاڵبی بڕگە لە جۆری (cv), (cvc)، لە ئەو زمانەدا بەردەستە، واتە لە زمانی کوردیدا ئەم سێ قاڵبەی بڕگە بەردەستن. یاسای پرۆژەسازدان لە کرۆکی / ناوکی بڕگەدا، بە پێی ئەم تیۆرییە ڕێگە بە دابەشبوونی کرۆکی بڕگە دەدات بۆ دوو لق، هەندێک لە زمانەوانەکان پێیانوایە، کە ڤاوڵە درێژەکان بە واتای کرۆکێکی دوو لقیی دێن، بەڵام ڤاوڵە کورتەکان بە واتای کرۆکێکی یەک لقیی دێن، ئەگەر دابەشبوونی کرۆکی بڕگە پەیوەست بێت بە درێژیی ڤاوڵەکان، ئەوە لە زمانی کوردیدا ئەم جۆرە قاڵبەمان هەیە (CVVC)، بەڵام ئەگەر دابەشبوونی کرۆکی بڕگە بریتیی بێت لە هاتنی دیفتۆنگەکان لە کرۆکی بڕگەدا، ئەوە ئەم قاڵبەی بڕگە لە زمانی کوردیدا پەیوەستە بە ساغکردنەوەی سەرەوڕیزبوونی جووت–ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا، وەک (ئای، نەی... تاد)،یاساکانی پرۆژەسازدان لەخودی بڕگە ڕوونادەن، چونکە پرۆژەسازدان لە بڕگەدا بە واتای ئەوە دێت، کە بڕگەیەک سەرەتای هەبێت، یان سەرەتاکەی کەوتبێت، ئەمەش بە واتای کەوتنی بڕگەکە دێت، نابێت جێکەوتەی سەرەتای بڕگە بەتاڵ بێت، بە پێی یاساکانی فراوانکردنی دروستەی مۆرا / کێشیی بڕگەکان لای(kiprasky)، بڕوانە وێنەی (٥–٤):




یاسای فراوانکردنی قاڵبی بڕگە..... وێنەی (٥-٤)

دروستەی بڕگە لە ئەم مۆدێلەی سەرەوەدا، ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو کۆنسنانتانەی لە لووتکەی (peak)بڕگەوە نزیکن ڕادەی زرنگدەرەوەییان زیاترە، بەڵام ئەو دەنگانەی لە لووتکەی بڕگەوە دوورن، ڕادەی زرنگدەرەوەییان کەمترە، لووتکەی بڕگە، بریتییە لە کرۆکی بڕگە، کە ڕادەی زرنگدەرەوەیی لە کرۆکی بڕگەدا لە ئەوپەڕی بەرزبوونەوەدایە، بەڵام سەرەتا و کۆتایی بڕگە، بریتین لە وەچە پێکهاتە پاشکۆییەکان (sattellites)، کە لە پەراوێز و پاشکۆی بڕگەکاندا دێن(Malmberg, 1963, 68)، کە بە پێی گریمانەی پەیوەندیی کێش(metric realation) لە نێوان وەچە پێکهاتەکاندا، ئەو دەنگانەی لە کرۆکی بڕگەوە دوورن بە وەچە پێکهاتەی دەرەکیی/ وەچە پێکهاتەی بەرزە ترپە(extra rhythmal constituent) دادەنرێن، وەک دەنگی (ت) لە ئەم بڕگانەدا (دەست، مەست... تاد)، کە لە هەندێک زماندا، ئەم چەپکە کۆنسنانتانە (ست، شت، تد، پف، دز... تاد) بە تاکە سەگمێنتێک دادەنرێن، بەڵام بە سەگمێنتی ئاڵۆز (complex)ناودەبرێن. چەپکە کۆنسنانتی لە جۆری( tsh, ks, pf, d…etc. )، وەک ئەوەی لە زمانەکانی تردا هەیە، لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراو نییە (لە زمانی عەرەبیدا دەنگی(tʃ) لە شێوەی جووت دەنگیی (tsh)، بەرجەستە دەبێت وەک (تشاد))، تەنانەت ئەو دەنگە کۆنسنانتانەی لە کۆتایی بڕگەدا دێن، بریتین لە چەپکە کۆنسنانت، بەڵام لە شیکارکردنی بڕگەیی لای هەندێک زمانەوان ڕێگە بە

دابەشکردنی گرێی کۆتا نادرێت بۆ دوو خوشکە لقە گرێی/ دوو پەلکیی، یاسای دوو پەلکیی لە گرێی کۆتادا بە ئەو واتایە دێت، کە گرێی کۆتا لە بڕگەدا دابەشدەبێت بۆ دوو سەگمێنت(چەپکە کۆنسنانت)، دروستەی مۆرا(moraic structure)، وابەستەی سەروایە لە دروستەی بڕگەدا، واتە ئەو سەگمێنتانەی (کرۆک و کۆتا) بە چینی مۆراوە بەستراونەتەوە، نەک ڕاستەوخۆ بە چینی بڕگەوە، هاتنی سەگمێنتەکان (دوو سەگمێنتیی) لە دروستەی مۆرادا، بنەمایە بۆ دروستبوونی بڕگەی قورس(heavy syllable) بەڵام نەبوونی یاسای دوو پەلکیی لە گرێی کرۆک و کۆتایی بڕگەدا، جۆری بڕگە بە سووک (light syllable) ناودەبرێت، بوونی یەک سەگمێنت (ڤاوڵێک) لە دروستەی مۆرادا، وەک (با،گا، پا،چا... تاد)بڕگە بە سووک دادەنرێت. بە گشتی هاتنی سەگمێنتەکان لە دروستەی بڕگەدا لە هەموو زمانەکاندا بە ئەم شێوەیە دەبێت:

١-هاتنی سەگمێنتێک لە سەرەتای بڕگەدا لە زۆربەی زمانەکاندا خورتییە، بەڵام هاتنی سەگمێنتێک لە کۆتایی بڕگەدا سەرپشکییە.

٢-لە سەرەتای بڕگەدا هەندێک پێواژۆی فۆنۆلۆژیی بەهێز ڕوودەدەن، وەک هەناساویبوونی دەنگە تەقاوەکان، بەڵام لە کۆتایی بڕگەدا، پێواژۆی فۆنۆلۆژییە لاوازەکان ڕوودەدەن، وەک دیاردەی دەنگداریی(-،+ دەنگداریی)، ناهەناساویبوون، هەروەها کورتدەربڕینی ڤاوڵەکان پەیوەستە بە کۆتایی بڕگەوە (کوڕ-کورد).

٣- لە زۆربەی زمانەکاندا، دروستەی مۆرا لە کۆتا و کرۆکی بڕگەدا قورسە(ڕێگە بە دوو کۆنسنانتی، دوو ڤاوڵی دەدات)، بەڵام دروستەی مۆرا لە سەرەتای بڕگەدا سووکە(ڕێگە بە یەک کۆنسنانت دەدات)

٤-لەزۆربەی زمانەکاندا، کۆنسنانتەکان لە کۆتایی بڕگەدا تووشی لە ناوچوون دەبن، بەڵام کۆنسنانتەکان لە سەرەتای بڕگەدا لە ناوناچن، یان ئەم جێکەوتەیە بە دەنگە گەروویییەکە پڕ دەکرێتەوە (gottal stop)، هاتنی ئەم دەنگە لە سەرەتای بڕگەدا خورتییە.


٤- کرۆکی بڕگە دەبێت بە دەنگێکی ڤاوڵ، یان دەنگە زرنگدەرەوەییەکان ( لە هەندێک زماندا) پڕ بکرێتەوە، لە ناوچوونی کرۆکی بڕگە کەوتنی بڕگەیەک دەگەیەنێت.

بە پێی بنەما گشتییەکانی بڕگە و مەرجەکانی قەیدکردن/ کۆتوبەند لە دروستەی بڕگەدا ، سەرەتایەکی ئاڵۆز(سەرەتای بڕگە دوو سەگمێنت بێت) لە فۆنۆلۆژیی فەرهەنگیدا تێبینیکرا (دڕان، خورا.. تاد)، لە مۆدێلی فەرهەنگیدا، هیچ نرخاندنێک بۆ ئەم سەگمێنتە ئاڵۆزانە ناکرێت، بەڵام لە مۆدێلی دوا- فەرهەنگدا، کە وشەکان دەگەنە ئاستی دەربڕین (ڕووکەش) (kripsky, 1982, 131-176)، لە ئەم ئاستەدا، دروستەی بڕگەی ڕووکەش بەرهەمدێت، نابێت لە گەڵ فۆڕمی فۆنۆلۆژیی بڕگەکان لە ئاستی قووڵ پەیکاڵبکرێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا (british English)وشەی (because )، لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا ئەم نواندنەی هەیە (bi. kaz)، بەڵام لە ئاستی دەربڕیندا بە (bkəz) دەردەبڕێت، ئەمەش جیاوازیی نێوان بڕگەی فۆنۆلۆژی و بڕگەی فۆنەتیکی

دەخاتەڕوو، پێدەچێت سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانتی لە زمانی کوردیدا، لە سەرەتای بڕگەدا لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودات و بڕگەی فۆنەتیکی بن.

**٥-١-١-١) هاتنی کۆنسنانتەکان لە سەرەتای بڕگەدا**

بە پێی یاسای فراوانکردنی سەرەتای بڕگە(پرۆژەی سەرەتای بڕگە) لە تیۆریی کێشدا، سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانت لە گرێی سەرەتادا ڕێگەپێدراوە، واتە گرێی سەرەتای بڕگە دابەشدەبێت بۆ دوو لقە سەگمێنت/ دوو پەڵکیی، ( دروستەیی بڕگە لە وشەی (دڕا،دڕاو، دڕاند) بە ئەمشێوەیە (ccvc, ccv, ccvcc))، ئەگەر ئەم گریمانەیە دروستبێت، دەبێت لە زمانی کوردیدا، ڕێگە بەسەرەوڕیزبوونی کۆنسنانتەکان بدرێت، بە بێ هاتنی کۆڵد ڤاوڵەکە/ ماتە ڤاوڵ، بەڵام ئەم گریمانەیە، واتە دابەشبوونی سەرەتای بڕگە بۆ دوو لق لە گەڵ هەندێک وشە لە زمانی کوردیدا ناگونجێت، بۆ نموونە لە سەرەوڕیزبوونی کۆنسنانتەکان بە بێ هاتنی ڤاوڵ(دڕ، برنج، درنج، قنج) تووشی گرفت دەبێت، ئەگەر سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانت لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەپێدراو بێت، پێدەچێت لە (دڕ، قنج)دا ڤاوڵەکە کەوتبێت، کە بە پێی تیۆریی کێش، پەیوەست بە یاساکانی پرۆژەسازدان، کە کەوتنی ڤاوڵ، یان سەرەتای بڕگە بە واتای کەوتنی بڕگەیەک دێت، کە ڕێگەپێدراو نییە لە ئەم تیۆرییەدا، بۆیە کۆڵد ڤاوڵەکە لە کرۆکی بڕگەدا هەڵدەتۆقێت(دɨڕ)، هەروەها هەڵتۆقینی کۆڵد ڤاوڵ لە نێوان دوو سەگمێنت( کۆنسنانت) لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا لە سەگمێنتە نێوان ڤاوڵییەکاندا (vccccv=vc. cvc. cv)( کورد+ستان~ کور. دɨس. تان) ڕاست و دروستی گریمانەی دووەم دەخەنەڕوو، کە هاتنی دوو کۆنسنانت لە سەرەتای بڕگەدا ڕیگەپیدراو نییە، (دɨ ڕ لە گەڵ دɨڕاوڕ بەراورد بکە)، واتە بەراوردکردنی ئەم سەرەوڕیزبوونە (دڕ) سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانت لە وەچە پێکهاتەی سەرەتای بڕگەدا لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراو نییە، سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانت لە سەرەتای بڕگەدا، بە خستنەرووی گۆڕانە دەنگییەکان (هەڵچوون~ هلچوون، هەندێل~ هندەک)(بە بەراوردکردنی وشەکان لە(ک. خ) و (ک،ژ)دا – بەشی چوارەم) لە کرتاندنی ڤاوڵەکانەوە دواتر پەیدابوونی کۆڵد ڤاوڵەکە/ ماتە ڤاوڵەکەوە هاتوە( ئەم وشانە بەراورد بکە! موردن~ مردن، مەن~من، زەن~ژن... تاد)،نواندنی ئەم بڕگانە لە زمانی کوردیدا، بڕگەی فۆنەتیکین، بۆ خستنەڕووی دروستەی بڕگە لە وشەی(مردن)دا، کە ئەم بڕگەیە لە ئاستی ڕووکەش ڕوودەدات و بڕگەی فۆنەتیکییە، پێکەوە هاتنی دوو کۆنسنانت لە سەرەتای بڕگەدا مەرجدارە بە قەیدکردنی فۆنەتیکییەوە (هاتنی کۆڵد ڤاوڵ/ ماتە ڤاوڵ)، بڕوانە وێنەی (٥-٥):




دروستەی بڕگە لە وشەی (مردن)...... وێنەی(٥-٥)

لە زمانی کوردیدا سەرەوڕیزبوونی دوو کۆنسنانت لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگەپێدراو نییە، واتە هاتنی دوو کۆنسنانت پێکەوە مەرجدارە بە هەڵتۆقینی کۆڵد ڤاوڵ / ماتە ڤاوڵ (کورد+ستان~ کور. دɨس. تان~ کور-دس-تان، کرد~ کردɨم) لە بڕگەی (cv, cvc, cvcc)دا، وەک (فɨ. شە cv. cv /، فش/cvc، قنج/cvcc)، لە بڕگەی (cvc) دا کۆڵد ڤاوڵەکە لە وشە یەک بڕگەییەکاندا (دز، قژ.. تاد) و دوو بڕگەییەکاندا ( کردن، مردن.. تاد)دێت، بەڵام لە بڕگەی (cv) دا لە وشە یەک بڕگەییەکان نایەت بە تەنیا لە وشەیەک دێت لە یەک بڕگە زیاتر بێت، وەک (فشە،خشە، فشار، خشاندن... تاد)، هەروەها لە بڕگەی (cvcc)دا، وەک (خشت،مشت.. تاد)لە ژمارەیەکی دیاریکراوی وشەدا دێت، بڕوانە ئەم سەرەوڕیزبوونانە لە دروستەی بڕگەدا :

**١/٥-١-١-١)دەنگە تەقاوەییەکان+ دەنگەخشۆکییەکان**

پێڕەوی هاتنی دەنگە ئەفریکەیتییەکان/نیمچە خشۆکەکان ئەوە دەخەنەڕوو، کە فۆنێمە تەقاوەکانی وەک(پ، ب، د، ت، ق، ک، گ، ج، چ)، وەک دەنگێکی ئەفریکەیتیی دەردەکەون، ئەگەر لە چەپکە کۆنسنانتدا لەگەڵ (ف، ڤ، ز، س، ژ، ش، غ، خ) هاتن، واتە هارمۆنییەتێک لە نێوان دەنگە خشۆکەکان و دەنگە بە ئەفریکەیتبووەکان/ نیمچە خشۆکەکاندا دروستدەبێت، بەڵام لەزمانی کوردیدا سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان لەبڕگەدا، ڕێگە بە ئەم دەنگە نیمچە خشۆکییانە نادەن، بۆیە دەنگێکی ڤاوڵ / کۆڵد ڤاوڵ/ماتە ڤاوڵ لە کرۆکی بڕگەدا پەیدا دەبێت، کۆنسنانتە تەقاوەکان (د، ت، ب، پ، ج، چ، ک، گ، ق، جگە لە هەمزە)، لە گەڵ خشۆکییەکاندا (ف، ڤ، ز، س، ژ، ش، غ، خ، جگە لە ع و ح ) لە سەرەوڕیزبوونێکدا، لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵ/ ماتە ڤاوڵەکەدا دێن، ئەم

سەرەریزبوونانە لە برگەی(cvc) دا، وەک( تف، بڤ، بز، تس، دز، دش، پف، گڤ، چز، بژ، پز، ڤژ، دژ، پش، کش، کز، گژ، چش، چغ، گغ، قغ، کخ، پخ)، هەندێک لە ئەم سەرەوریزبوونانە لە وشە دوو برگەییەکاندا، لە برگەی (cv)دا دێن، وەک (پز-پزی(پ. زی)، جڤ-جڤات(ج. ڤات)،پزیشک-پ. زیشک، تفەنگ-ت. فەنگ،کشان-ک. شان،بژار-ب. ژار، بژێو-ب. ژێو)، هەروەها لە برگەی (cvcc) دا دێن، وەک (قشت).

**١/٥-١-١-٢)دەنگە تەقاوەییەکان+دەنگە تەقاوەییەکان**

سەرەوڕیزبوونی دوو دەنگی تەقاوە، لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵەکەدا، لە برگەی (cvc)دا : ١-دوو دەنگی ئۆرگانەکانی پێشەوە (لچولێوی (ب)+ پووکیی ددانیی(ت)، وەک (بت) پێکەوە دێن. ٢- دوو دەنگی تەقاوەی ئۆرگانەکانی (پێشەوە+ دواوە)(دەنگێکی پووکیی- ددانیی(ت)+ دەنگێکی نەرمەمەڵاشوییە(ک))،وەک (تک)، یان (بچ) لە (بچڕاو- بچ. ڕاو) ٣-پێچەوانە ریزبوونی لە جۆری(دواوە +پێشەوە) رێگەپێدراوە(گت، کت، چپ، جد*) ٤- دوو دەنگی ئۆرگانەکانی دواوە، وەک(چک، چق، جگ، کچ، جق)، لەڕیزبوونی پێچەوانەدا رێگەپێدراوە(چک-کچ). لە برگەی دووەمی وشەکاندا دێن وەک( قارچک~ قار. چک، کەوچک~ کەو. چک)، هەروەها لە برگەی (cv)دا لە وشە دوو برگەییەکاندا، وەک (تکە~ت. کە، کچان~ ک. چان، کچەکە~ ک. چە. کە).

**١/٥-١-١-٣)دەنگەخشۆکەییەکان +دەنگە خشۆکەییەکان**

سەرەوڕیزبوونی دوو دەنگی خشۆکیی لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵدا لە برگەی(cvc)دا بە یارمەتیی کۆڵد ڤاوڵ: ١-دوو دەنگی ئۆرگانەکانی پێشەوە وەک(فس، فز)* ٢- دوو دەنگی ئۆرگانەکانی (پێشەوە+ دواوە)، وەک(فش). ٣- پێچەوانە ریزبوونی لە جۆری(دواوە +پێشەوە) رێگەپێدراوە، وەک(خز). ٤- دوو دەنگی ئۆرگانەکانی دواوە، وەک(خش). هەروەها (عش) لە وشەی دوو برگەییدا ( داعش- دا. عش)، بەڵام لە وشە دوو و سێ برگەییەکاندا لە برگەی یەکەم و ناوەڕاستی وشەدا، زیاتر لە شێوەی برگەی (cv)دا دێت، وەک (فزە-ف. زە)، (فشە-ف. شە)(خشە-خ. شە) دەردەکەون.

**١/٥-١-١-٤)دەنگە خشۆکییەکان +دەنگە تەقاوەییەکان**

سەرەوڕیزبوونی (خشۆک+تەقاوە) بە یارمەتیی کۆڵد ڤاوڵەکە/ ماتە ڤاوڵ رێگەپێدراوە لە برگەی(cvc)دا،

---

* برگەی(جد) لەکوردیدا نییە، بەڵام لەوشەی عەرەبییەکانی وەک( ماجد)، دەنگی (ج)ی زمانی عەرەبی ڕێگەپێدراوە، لەگەڵ دەنگێکی تەقاوە(د)دا بێت، چونکە (ج) وەک دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت لە زمانی عەرەبیدا هەڵسوکەوت دەکات،هەروەها لە (مجد، ماجد) چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی برگەی دروستکردوە.

* لە زمانی کوردیدا پێچەوانە ڕیزبوونی (فس)، واتە (سف) لە زمانەکەدا نییە، تەنانەت لە وشە عەرەبییەکاندا (کرفس) لە شێوەی (کەرەوس) دەردەبڕێت، برگەی وس نەک فس، لە دیالێکتی کرمانجی سەروودا لە وشەی (بەرسڤ)دا، برگەی جۆری (سڤ) لە وشە دوو برگەییەکان رێگەپێدراوە.

وەک(فت، سک(زگ / ئە. گ)، ست، خت، شت، زت) لە بڕگەی (cv) دا لە وشە دوو بڕگەییەکان، وەک (سکان~ س. کان، ختە~ خـ تە)، پێکەوەهاتنی (ست، خت، شت ) لە شێوەی چەپکە کۆنسنانت لە بڕگەی(cvcc) دا، وەک(خشت، مشت، پشت، چشت)دەبێت، لە شیکارکردنی بڕگەیی ئەم چەپکە کۆنسنانتە(خشت/ لە(شت) دەنگی ش لە کۆتایی بڕگەیە) لە بڕگەی (شت/ دەنگی ش لە سەرەتای بڕگەیە) جیابکرێتەوە.

**١/٥-١-١-٥)دەنگە خشۆکییەکان+دەنگە زرنگدەرەوەییەکان**

سەرەوریزبوونی دەنگە خشۆکیی و زرنگدەرەوییەکان رێگەپێدراوە بە یارمەتی کۆڵد ڤاوڵەکە/ ماتە ڤاوڵ لە بڕگەی (cvc) دا، وەک ( زل، سڵ، شل،شڵ، سن، ژن، ڤن، ڤڕ، زڕ، شڕ، خڕ،فڕ )، لە وشە فرە بڕگەییەکان، وەک (سڵکردنەوە، خلبوونەوە/ غڵبوونەوە( ئە. گ)، فڕدەوس، زڕدایک،زڕیان، خڕبوونەوە، شلبوونەوە، ژندار،نەوسن) لە بڕگەی (cv ) دا دێت، وەک ( ژنان- ژ. نان، سڵاو- س. ڵاو، زلە- ز. لە، فڕۆکە-ف. رۆ. کە، فڕین-ف. ڕێن، سنەوبەر- س. نەو. بەر، سنوور- س. نوور، سروشت- س. روشت، سڕین-س. ڕین، سمێڵ- س. مێڵ، زمان-ز. مان،شنۆ-ش. نۆ، شلێر-ش. لێر، شرین-ش. رین، شرۆڤە-ش. رۆ. ڤە،ژمارە-ژ. ما. رە، ژماردن-ژ. مار. دن، خراپ-خ. راپ، خلیسکان- خ. لیسکان..... تاد)، پێچەوانە ریزبوونی( خشۆکیی+ زرەنگدەرەویی) لە بڕگەی لە جۆری(cvc) دا، زۆر بە کەمیی لە وشە یەک بڕگەییەکاندا ڕوودەدات، وەک (نز، مژ، مس، مش، مخ، لق، مق، نق)، لە وشە فرە بڕگەییەکاندا ڕوودەدات، وەک(مسگەر-مس. گەر)، (ڕشتن-ڕش. تن)،(ڕستن-ڕس. تن)،(کشمش-کش. مش)،(مامز-ما. مز)، (لقدار-لق. دار) هەروەها لە وشە فرەبڕگەییەکاندا لە شێوەی بڕگەی(cv) دا ڕوودەدات، وەک (ڕفاندن- ڕ. فان. دن*،مشەمش-مـ شە. مش.... تاد).

**١/٥-١-١-٦)دەنگە تەقاوییەکان+دەنگە زرنگدەرەوەییەکان**

سەرەوریزبوونی دەنگە تەقاویی و خشۆکییەکان مەرجدارە بە هاتنی کۆڵد ڤاوڵەکەوە، لەگەڵ (ن)دا دێن، لە بڕگەی (cvc)دا ڕوودەدەن، وەک (دن، تن، بن، پن، جن، چن، کن، گن، قن.. تاد )، کەمتر لە وشە تاک بڕگەییەکاندا رێگەپێدراون جگە لە (بن، جن) و زیاتر لە وشە دوو بڕگەییەکاندا ڕێگەپێدراون، لە بڕگەی دووەمدا دێن، وەک ( مردن، کردن، بردن،نووستن، خەوتن،خرپن، جرپن،... تاد) ( لە وشەی(بنکە-بن. کە)دا، لە بڕگەی یەکەمی وشەکەدا هاتووە، بەڵام هەمیشە ئارەزووی ئەوە دەکەن لە بڕگەی دووەمی وشەدا بێن)، لە بڕگەی یەکەمی وشە فرە بڕگەییەکان لە بڕگەی (cv) ڕوودەدات، وەک( بن-ب. نە، دنەدان- د. نە. دان، تنۆک-ت. نۆک، جنۆکە-ج. نۆ. کە، جڵەو-ج. ڵەو، چنار-چ. نار، چروک-چ. روک، چنوور-چ. نوور،)،پێچەوانە ریزبوون( زرنگدەرەوەیی+تەقاوە)، وەک

---

* پێچەوانە ڕیزبوونی لە جۆری(رف) لە وشە کوردییەکاندا نییە، (بەڵام لە وشە عەرەبییەکاندا لە شێوەی چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە، لە بڕگەی(cvcc)دا ڕوودەدات، وەک (زەرف، مارف)).

(ند، نت، نب، نپ، نج، نک، نگ)، له بڕگەی (cvc)دا ڕێگەپێدراو نییە جگە لە (نق)*، لە بڕگەی (cv) دا ڕوودەدەن، وەک (نقومبوون~ن. قووم. بوون، نگین~ ن. گین). لەگەڵ (ل، ڵ)دا لە بڕگەی (cvc)دا ڕوودەدەن، وەک (پل، جل، کل، گل، گڵ، چڵ، چل، جڵ، بڵ*، دڵ، قڵ*)، هەندێکجار لە بڕگەی دووەمدا، یان یەکەمی وشەدا دێن، وەک(پشقڵ-پش. قڵ، گلدانەوە~ گل. دا. نە. وە)، هەروەها لە وشە فرە بڕگەییەکاندا لە بڕگەی(cv) دا دێن، وەک ( بڵاوکردنەوە- ب. ڵاو. کر. د. نە. وە، پڵاو- پ. ڵاو، پلان-پ. لان، کلیل-ک. لیل، کراس-ک. راس،کرۆک- ک. رۆک، کڵاش-ک. ڵاش، کلێتە-ک. لێتە،تلو بەرد-ت. لو. بەرد،چلە- چلە،کلۆر-ک. لۆر، پلان-پ. لان،بلوز-ب. لوز،دلاوەر، دلێر،گڵێنە،گڵاو، گران)*، بە پێچەوانە ڕیزبوونی وەک (لچ) لە بڕگەی (cvc)دا ڕێگەپێدراوە، وەک (لچ، لک/ لوو-ئە. گ) ( لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا دێن، وەک (مڵچ، کەڵک، سەلک، پەلک.... تاد))، لە وشە فرە بڕگەییەکان لە بڕگەی (cv) دا دێن، وەک (لکاندن-ل. کان. دن، لچولێو- ل. چوو. لێو). لەگەڵ (ر، ڕ)دا لە بڕگەی (cvc)دا ڕوودەدەن، وەک (بڕ، پڕ، دڕ، تڕ، تر، جڕ، چڕ، کڕ، گڕ، قڕ.. تاد)، لە وشە دوو بڕگەییەکاندا ڕوودەدەن، وەک (گریان- گر. یان، کردن- کر. دن، بردن- بر. دن، قڕگە-قر. گە)، هەروەها لە وشە فرە بڕگەییەکان لە بڕگەی (cv)دا دێن، وەک (دڕاو-د. ڕاو، بڕین-ب،ڕین، برین-ب. رین، برۆ-ب،رۆ،ترێ-ت،رێ بروسک-ب. روسک، برا-ب. را، پڕۆژە- پ. ڕۆ. ژە، درێژ- د. رێژ، درەو- د. رەو، برەو-ب. رەو، دراو، دڕان... تاد)، پێچەوانە ڕیزبوونی لە بڕگەی(cvc)دا، وەک (ڕچ، ڕق) ڕێگەپێدراوە، بەڵام (رگ، رج، رق، رد) لە هێشوە کۆنسنانتی کۆتایی وشەدا دێن( بەرگ، مەرج، زەرقوبەرق، بەرد.... تاد)، لە وشە فرە بڕگەییەکاندا، لە بڕگەی (cv)دا دێن، وەک (ڕچان-ڕ. چان). دەنگە تەقاوییەکان لە گەڵ (م) دا لە بڕگە(cvc)دا دێن، وەک (دم (دمدم)، بەڵام (بم، پم، تم، جم، چم، کم، گم /ئەکسێنت ون) لە وشەکاندا نایەن، پێچەوانە ڕیزبوونی وەک(مت، مچ، مق) ڕێگەپێدراوە، لە بڕگەی (cv) دا دێن، وەک (مقە-م. قە، مچە-م. چە).

### ١/٥-١-١-٧)دەنگە زرنگدەرەوەییەکان + دەنگە زرنگدەرەوەییەکان

یاسای هاتنی دوو دەنگی زرنگدرەوەیی پێکەوە لە زمانی کوردیدا چالاک نییە، ئەم دەنگانە (ل، ڵ، ن، م، ر، ڕ)، تەنها ڕێگە بە ژمارەیەکی کەمی ئەو پێکەوە هاتنانە دەدەن، بۆ نموونە( ل، ڵ) لە گەڵ (ل، ڵ، ر، ڕ، م، ن) دا، وەک (لن، ڵن، لم، ڵم، لر، لڕ، لر، ڵڕ، لڵ، ڵل). (ن) لەگەڵ (ل، ڵ، ر، ڕ، م، ن)دا، وەک( نل، نڵ، نن، نم، نڕ، نر). (م) لە گەڵ( ل، ڵ، ر، ڕ، م، ن)دا، وەک (من، مم، مل، مڵ، مڕ، مر). (ر، ڕ ) لە گەڵ (ل، ڵ، ر، ڕ، م، ن) دا، وەک (ڕن، رن،

---

* لە بڕگەی (cvcc)دا، لە شێوەی چەپکە کۆنسنانت دێن (کەنج، خنج، بانک.... تاد)،بۆیە ئەم سەرەوریزبوونانە (نج،نک،ند... تاد) پێویستیان بە هاتنی کۆڵد ڤاوڵەکە نییە، لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێدراون)،

* مەرج نییە هەموو دەنگە تەقاوەکان لەگەڵ دەنگە زرنگدەرەوییەکاندا، وەک(تڵ، تل... تاد) لە وشە یەک بڕگەییەکاندا ڕێگەپێدراو بن و وشەی واتادار لە زمانەکەدا پێکبهێنن.

رڕ، رل، ڕڵ، ڕم، رم ). کۆڵد ڤاوڵ/ ماته ڤاوڵ ڕێگە نادات هەمان دەنگ لە سەرەتا و کۆتایی بڕگە دابنرێت، بۆیە بڕگەی لە جۆری ( مم، لل، نن، رر، رڕ لڵ...... تاد)ڕێگەپێدراو نییە، بەڵام لە ڤاوڵەکانی تردا ڕێگە پێدراوە، وەک(نان، مام، مەم، لاڵ، شیش، سیس، زیز، لێڵ، کێک، شەش..... تاد) ئەمەش ئەو گریمانەیە دەچەسپێنێت، کە ڤاوڵە ساردەکە لە هەلومەرجی نەگونجاویی پێکەوەهاتنی دەنگەکان دێت. لە وشە یەک بڕگەییەکاندا، لە بڕگەی جۆری (cvcc)دا، وەک (فلم – فلم. ) ( چڵم–چڵم. )، لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەکاندا هاتووە، هەروەها لە وشەکانی (خڕم، زڕم، کڕم، شمڕ، دڕن، فڕن)دا.

**١/٥–١–١–٨) نیمچە کۆنسنانت(و،ی) + کۆنسنانتەکان**

١–نیمچە کۆنسنانتی(و)+دەنگە تەقاوەکان، لە بڕگەی جۆری (CVC)دا، وەک:( ود، وت، وب، وپ، وچ، وق.... تاد)نایەن، پێچەوانە ریزبوون( تەقاوە+و) لە سەرەتای بڕگەدا لە زمانی کوردیدا نییە، لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵەکە دا نایەن (قɨو، دɨو، تɨو، بɨو، جɨو، چɨو، کɨو)، ( سەرەوڕیزبوونی (کۆنسنانت+نیمچە ڤاوڵ) لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراوە پێویستی بە کۆڵد ڤاوڵ نییە)، لە وشەکاندا لە بڕگەی(cv)دا ڕوودەدات، وەک( وتە–و. تە، وچان–و. چان)، لە بڕگەی(cvcc) دا ڕوودەدات، وەک (وتن).

٢– نیمچە کۆنسنانتی (و)+دەنگە خشۆکییەکان: لە بڕگەی جۆری (CVC)دا چالاک نییە، وەک(وس، وش) (سەرەوڕیزبوونی پێچەوانە ڕێگەپێدراوە لە زمانی کوردیدا، پێویستیی بە کۆڵد ڤاوڵ نییە: شوان،سوان... تاد)، لە بڕگەی(CV) دا لە وشەکاندا ڕوودەدات،وەک( وشە–و. شە، وزە–و. زە، وژە–و. ژە)، هەروەها لە بڕگەی(cvcc) ڕوودەدات، وەک (ورد، ورچ، وشک،ورگ).

٣– نیمچە کۆنسنانتی(و)+دەنگە زرنگدەرەوەییەکان: لە بڕگەی جۆری (cvc) دا، لە وشەی (ون) و(وڕ)دا ڕێگەپێدراوە، بڕگەی لە جۆری (CV)، لە وشە فەرهەنگییەکاندا ڕیگەپێدراو نییە (ونە–و. نە، وڕە–و. ڕە لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدات، منداڵەکە وɨنە، منداڵەکە وɨڕە)، پێچەوانە ڕیزبوونی (خشۆک+ و) ڕێگەپێدراوە، وەک(موان، نواندن، ڕواندن).

٤– سەرەوڕیزبوونی (ی+ کۆنسنانت): بە پێی مەرجی قەیدکردنی / کۆتوبەندی فۆنەتیکیی سەرەوریزبوونی (ی+تەقاوە) لە سەرەتای بڕگەدا نایەت، وەک (یپ،یب،ید،یت،یچ،یج،یک،یگ،یق)، هەروەها (ی+خشۆک) لە سەرەتای بڕگەدا نایەت، وەک (یف، یڤ،یس، یش،یژ، یز، یخ،یغ، یح، یع)، هەروەها سەرەوریزبوونی (ی+ زرنگدەرەوەیی)، وەک (یم، یر،یڕ، ین،یڵ، یل) ڕێگە پێدراو نییە، بەڵام دەنگی(ی–y) لە گەڵ ڤاوڵەکانی تردا(یانە، یەخە، یۆنان، کۆتایی) لە سەرەتای بڕگەدا، وەک تاکە دەنگێک دێت.

### ٥/ ١-١-١-٩) ڕێگەنەدان بە یاسای دوو پەلکیی

پرۆژەی کرۆکی بڕگە بە تەنها ڕێگە بە ڤاوڵەکان دەدەن، لە ئەم جێکەوتەیە بێن، ئەگەر ڤاوڵ لە زنجیرەکەدا نەبوو، ئەوا ڤاوڵی (ɨ) لەگەڵ مەرجەکانی دەرکەوتنیدا ڕەنگڕێژیی بۆ پرۆژەی بڕگە (syllable projection )دەکات(مەحوی، محەمەد، ٢٠٠٨، ب٢، ١٧٥)، بە پێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی دەنگەکان و سەرەوریزبوونی دەنگەکان لە جێکەوتەی کرۆکی بڕگەدا، دەنگە زرەنگدەرەوەییەکان ( ل، ڵ، ر، ڕ، م، ن ) لە هەندێک زماندا سیمای (+بڕگەیی)یان هەیە، واتە لە کرۆکی بڕگەدا دێن، ئەگەر ئەم گریمانەیە بۆ زمانی کوردیش دروستبێت، لە وشە تاک بڕگەییەکانی وەک ( مل، ژن، بن، دڕ، پڕ، کل، لم)دا، دەنگی ( ل، ن، ڕ،م ) لە کرۆکی بڕگە دێن و بڕگە دروستکەرن، مەرج نییە، ئەم گریمانەیە بۆ زمانی کوردیی بگونجێت، چونکە تەنانەت لە هەندێک بڕگەدا دەنگێکی کۆنسنانت بە تەنها دێت ( م. لە) (ک. خە )، ( گ. غە ) ( ت. کە )، یان بڕگەکان لە دەنگێکی خشۆک+ تەقاوە دروستبوون، وەک (بت،فت،وس، دز،بژ،قژ... تاد) هیچ دەنگێکی زرنگدەرەوەییان تێدا نییە. کۆڵد ڤاوڵەکە لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە بڕگەی لە جۆری (ccv, ccvc, ccvcc)نادات. بۆیە لە ئاستی ڕووکەشدا بڕگەی فۆنەتیکیی دروستدەبێت بە هاتنی کۆڵد ڤاوڵەکە (بە بەراوردکردنی زمانی کوردیی، لە گەڵ زمانی فارسیدا دەردەکەوێت، کە ڤاوڵە ماتەکە/ کۆڵد ڤاوڵ لە جێگەوتەی ڤاوڵە لە ناوچووەکانی زمانە ئێرانییەکاندا هاتووە، وەک (موردەن-مردن، مەن-من، کەردەن-کردن،......... تاد). هەندێکجار دروستەی بڕگە بە جۆری ڤاوڵەکانەوە پەیوەستە، بۆ نموونە لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵەکە لە زمانی کوردیدا بڕگەی cv لە وشە یەک بڕگەییەکاندا دروستنابێت، بەڵام لە وشە دوو بڕگەییەکاندا دێن، وەک ( کتە - ک. تە ) (تکە - ت. کە) ( فشە - ف. شە) (ختە- خ. تە )، واتە ڕێگە بە هاتنی دوو کۆنسنانت لە سەرەتای بڕگەدا نادات. لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵەکەدا بڕگەی (cvc) دروستدەبێت و لە زمانەکەدا چالاکە، پێدەچێت لە ئەنجامی لەناوچوونی ڤاوڵەکە ئەم کۆڵد ڤاوڵە هەڵتۆقیبێت، بڕوانە ئەم سەرەوریزبوونانە ( خشۆک + ڤاوڵ +تەقاوە)(خشۆک + ڤاوڵ +خشۆک)(تەقاوە + ڤاوڵ + تەقاوە)(تەقاوە + ڤاوڵ +خشۆک)(خشۆک + ڤاوڵ+ زرەنگدەرەوەیی/ پێچەوانە ریزبوون )(تەقاوە+ڤاوڵ+زرنگدەرەوەیی/ پێچەوانە ریزبوون)(زرنگدەرەوەیی + ڤاوڵ + زرنگدەرەوەیی)، ( نیمچە کۆنسنانت + ڤاوڵ+دەنگێکی تەقاوە، خشۆک، زرنگدەرەوەیی/ پێچەوانە ریزبوون لە گەڵ کۆڵد ڤاوڵەکە ڕێگەپێدراو نییە)، ئەم سەرەوریزبوونانە لەوشە یەک بڕگەیەکاندا ڕێگەپێدراون، وەک(دز، قژ، بژ.... تاد)،هەندێکجار لەوشە دوو بڕگەییەکانیشدا ڕێگەپێدراون لەبڕگەی یەکەم یان دووەم، یان سێیەم دێن (شلبوونەوە، پژدەر، ژندار، تخوا، نووستن، کەوتن بردن، گەردن، کەرەوس، شاژن..... تاد ). دروستەی بڕگە لەزمانی کوردیدا ئەوە دەخاتەڕوو، کە وشە دوو بڕگەیی و سێ بڕگەییەکان زۆرتر حەز بەبڕگەی لەجۆری (CV) کراوە دەکەن، کەمتر ئارەزوویان لەبڕگەی لەجۆری (CVC)دەکەن، وەک(چاوبز، چاوکز، قژبژ، قارچک). بڕگەکانی (فش، بز، بژ، بڤ، کز، گغ،.... تاد) لەگەڵ بڕگە لە وشەکانی(فش، ف. شار، ف. شە، ف.

شەڵ...... تاد)، (بژ، بژ. وێن، ب. ژار)، (بز، بز. وێن، ب. زێو، کز، ک. زۆڵ)(چک، چ. کە، قار. چک*)(جک، ناو. پەن. جک)(تک، ت. کە)(کخ، ک. خە)(دز-دزی-د. زین)(کڕ-کڕین-ک. ڕین)........ تاد)، واتە مۆدێلی (cv)(بڕوانە فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتال- مۆدێلیcv) لە زمانی کوردیدا بە کارهێنانی زۆرترە، کە پرۆژەی کۆتایی بڕگە هیچ سەگمێنتێکی تێدا نییە.

**سەرنجی توێژەر دەربارەی ڕێنووسی دەنگەکە:**

دانانی پیتێک لە بەرانبەر کۆڵد ڤاوڵەکە لە زمانی کوردیدا، گرفت چارەسەر ناکات، چونکە ئەو گرفتەی لە زمانی ستاندارددا هەیە، گرفتی نەناسینەوەی هەلومەرجی هاتنی ئەم دەنگەیە لە بڕگەدا و ناشارەزاییە لە ناسینەوەی جۆری بڕگەکانە لە وشەکاندا. لە بڕگەکردندا ڕۆڵی ئەم دەنگە دەردەکەوێت، کە دوو کۆنسنانت لە پرۆژەی سەرەتای بڕگە لە وشە کوردییەکاندا نایەن، بەڵام چەپکە کۆنسنانت لە پرۆژەی کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێدراوە، وەک( بە<u>ژن</u>، جە<u>ژن</u>......... تاد)، جیاوازە لە وشەی (ژن) یان (ژندار). پێویستە قسەکەر و زمانەوانەکان جیاکاریبکەن، لە نێوان ئەم بڕگە فۆنەتیکییانەی وەک(نووستɨن، شاژɨن..... تاد) لە گەڵ چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەکان، وەک شوشت – شو. شɨت، لە گەڵ خɨشت)، خستنەڕووی پرۆژەی سەرەتا و کۆتایی بڕگە، بنەمایە بۆ نەبوونی گرفتی کۆڵد ڤاوڵەکە لە زمانی کوردیدا، دەبێت بە ئەو شێوەیە سەیری ئەم دەنگە بکرێت، کە گرفتێکی لە ئاستی پرۆژەی بڕگەدا چارەسەر کردوە.

**١/٥-١-٢) هاتنی کۆنسنانتەکان لە کۆتایی بڕگەدا**

بە پێی فۆنۆلۆژیی نازنجیرەیی، لە فۆنۆلۆژیی ئۆتۆسەگمێنتاڵدا، بە تایبەتیی لە مۆدێلی(cv) دا پرۆژەی کۆتایی بڕگە هیچ سەگمێنتێکی تێدا نییە، ئەمجۆرە بڕگەییە لە زمانی کوردیدا ڕوودەدات، لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکاندا، وەک (با، کا، گا، چا، شا، پێ، بوو،دێ، دوو، سوو، زێ، خوێ، دۆ،دە..... تاد)، بەڵام بە پێی مۆدێلی وەچە پێکهاتە کروکی بڕگە، یەک، یان دووسەگمێنتی تێدا دەبێت، لە مەتریکاڵ فۆنۆلۆژیی دابەشبوونی کۆتایی بڕگە بۆ دوو لقە سەگمێنت دەخرێتەڕوو، ئەگەر کۆتایی بڕگە یەک سەگمێنتی تێدابێت بڕگەی (cvc) دروستدەبێت، کە بە بڕگەی سووک ناو دەبرێت، بەڵام هاتنی دوو سەگمێنت لە بنە -وەچە پێکهاتەی بڕگەدا، مۆدێلی (cvcc) لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو، وەک (کورد، ئارد، دەست، دەشت... تاد)، زۆربەی گۆڕانە فۆنۆلۆژییەکان لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا ڕوودەدەن، لە ناوچوونی دەنگێکی کۆنسنانت (دەست~دەس)، وەرگرتنی سیمای (-،+ دەنگداریی)( گورگ~ گورک)، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، ئەم کۆنسنانتانەی کۆتایی بڕگە(بڕگەی یەکەم) بە دەنگە نێوان ڤاوڵییەکان دادەنرێن، کە گۆڕانی دەنگیی لە ئەم دەنگە نێوان ڤاوڵییانەدا

* وشەی (گوێ) لەگەڵ گوێچک لەئەکسێنتی گەرمیان وسلێمانیدا بەراورد بکە.

ڕوودەدات، وەک (هەشتدە~ هەژدە)، دەنگی یەکەم، یان دووەمی ئەم چەپکە کۆنسنانتانە لە وەرگرتنی مۆرفێمەکان دەپەڕێتەوە بۆ جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم( شار+ۆچکە~ شا. رۆچ. کە، کورد+ستان~ کور. دس. تان)، هەروەها جێگۆڕگێ لە کۆتایی بڕگەدا ڕوودەدات، وەک (بەفر~بەرف، وەزع~وەعز، روبع~ روبع)، چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە، لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە ئەم سەرەوڕیزبوونانە دەدەن :

**٥/١-١-٢-١)دەنگە تەقاوییەکان + دەنگە خشۆکییەکان**

ئەم سەرەوڕیزبوونە لە کۆتایی بڕگەدا، لە ژمارەیەکی کەمی وشەکان لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراوە، وەک (قەبز، کەبس، چپس(چبز)، نەقش(نەقشبەندی)، سەقف، سوبح(سوب، روبع(روعب* ئەڵتەرناسیۆنی بع~ روعب، واتە : تەقاوە+خشۆک~ خشۆک+تەقاوە لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا)،(وشەی سەقز-سە. قز بە دوو بڕگە دەردەبڕێت).

**٥/١-١-٢-٢)دەنگە خشۆکییەکان +دەنگە تەقاوییەکان**

ئەم سەرەوڕیزبوونە لە کۆتایی بڕگەدا* لە زمانی کوردیدا زۆر چالاکە، بڕوانە خشتەی (٥-١):

---

* چەپکە کۆنسنانتی(ژک) لە زمانی کوردیدا نییە، تەنانەت لە وشەی( ژیژک)دا، بە دوو بڕگە دەردەبڕێت(ژی. ژک). مەرج نییە ئەم چەپکە کۆنسنانتانە بۆ هەموو ئەکسێنتێک پەیرەو بکرێت، لە ئەکسینتی گەرمیاندا، لە وشەی قاشک/ کەوچک، (شک) لە کۆتایی وشەکەدا بڕگەیەکی سەربەخۆیە، چەپکە کۆنسنانت نییە، بەدوو بڕگە دەردەبڕێت (قا. شک)، وشەی (دەسک) بە دوو بڕگە دەردەبڕێت (دە. سک/ ئە. گ)،واتە هەندێک ئەکسێنت حەز بە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە ناکات.

| | | |
|---|---|---|
| فت | زفت، گفت، سفت، مفت، تفت، شەفت | لە گەڵ کۆلد ڤاوڵەکە/ ماتە ڤاوڵەکە زیاتر ڕێگەپێدراوە.<br>١-(وت~فت)(کەوت~کەفت)<br>١-پەرینەوە(گفت- گف.توو. گۆ) |
| ست | ماست، پێست، پۆست، دۆست، کۆست، هەست، خەست، نەست، خەست، مەست ، چوست، بست، سست، دەست ، خواست، فاست*. | لە گەڵ زۆربەی ڤاوڵەکان ڕێگەپێدراوە<br>١-لە ناوچوون(ماست~ماس).<br>٢- دەگۆرێت (دەست+گا~ دەزگا)<br>٣- پەڕینەوە( هەست+ەوەر~ هەس.تە.وەر) |
| شت | گشت، مشت ، خشت، پشت، قشت، گەشت، هەشت، تەشت ، دەشت، چێشت، گۆشت. | لە گەڵ ڤاوڵی (ە،أ) دا زۆر چالاکە.<br>١-کرتاندن+ (ش~ژ)(هەشتدە~ هەژدە)<br>٢- پەڕینەوە(هەشتا~ هەش.تا) |
| ٣-سک | باسک، لاسک ، ماسک، دەسک، کەسک (ئە.هـ)، تەسک،مسک، گسک(گزگ)، سۆسک | بە زۆری لە گەڵ ڤاوڵی (ا) و (ە) دا چالاکن.<br>١-پەرینەوە(ماسکەکە~ ماس.کە. کە) |
| ٤-شک | پشک، مشک، خشک ، پشک، ڕشک، تیشک، کەشک،مریشک(م.ریشک)، پزیشک(پ.زیشک)، کۆشک، مێشک | لە گەڵ زۆربەی ڤاوڵەکاندا چالاکە.<br>١-ش~ژ(مێشک~ مێژک /ئە. گ) |
| ٥-خت | بەخت، سەخت، نەخت، جەخت، تەخت، شوخت، پوخت، ،درەخت(د.رەخت) | لە گەڵ ڤاوڵی (ە) و (و: کورت) ڕێگەپێدراوە.<br>١-پەرینەوە(سەخت+ی~ سەخ.تی) |
| ٦-سپ | ئەسپ، چەسپ | زۆر سستە لە بەکارهێناندا. |

چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی برگە (تەقاوە+خشۆک)...... خشتەی(٥-١)

### ١/٥-١-٢-٣)دەنگە خشۆکییەکان +دەنگە زرنگدەرەوییەکان

ئەم سەرەوڕیزبوونە(خشۆک+ زرنگدەرەوەیی) لە زمانی کوردیدا لە کۆتایی بڕگەدا ڕوودەدات، هەروەها پێچەوانە ڕیزبوون (زرنگدەرەوەیی+خشۆک )ڕوودەدات، زۆرجار ئەم دوو سەرەوڕیزبوونە، وەک ئەڵتەرناسیۆن

دێن (بەفر~ بەرف)، بڕوانە خشتەی (٥-٢):

| ( خ+ز) | نموونە | ( ز+خ) | نموونە |
|---|---|---|---|
| فر، فن | دەفر، بەفر ، کفن | رف | زەرف، مارف، بەرف، زەرف، عارف<br>(بەرف~ بەفر) |
| سڕ، سن،سڵ<br>زر، زن | میسڕ، دەسڕ(دەستەسڕ)قەسڕ*، ئاسن،<br>گاسن، موسڵ ، مزر، بزر، بزن، پەزڵ* | رس<br>رز،نز | دەرس*(دەرس~دەرز)<br>مەرز، وەرز، درز، قەرز*،تەنز، کەنز |
| شن، شڵ، ژن | چەشن،خشڵ، بەژن، جەژن | رش،نش<br>رژ | فەرش، پەرش، کەرش، فانش<br>کرژ |
| غر، غڵ، خڕ،<br>خن | شاغر*، ئۆغر، دەغڵ، موخڕ،دوخن | ڵغ،رخ، ڵخ | بەڵغ، بەرخ،چەرخ،تەڵخ |
| عر، حر،حن | سعر*، شعر*، سحر* ، شەحن*،<br>سەحن | رع،نع،رح،<br>ڵح،لب | درع*مەنع* (مەنع~مەعن)<br>سەرح*بەڵح*، سوڵح* |
| هر | ماهر*، زاهر(زاهر~زاهیر) | ............ | ............ |

چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی برگە (خ+ز، یان ز+خ)............ خشتەی(٥-٢)

هەندێک سەرەوڕیزبوون (نع، لح، رح... تاد) لە زمانی کوردیدا پەیدابوون، بە تایبەتیی لە ئەو وشانەی لە

زمانی عەرەبییەوە خواستراون، وەک(سەرح*، مەنع*...... تاد)*، لە وشەی (جەژن، بەژن)دا، سەرەوڕیزبوونی (ژن) چەپکە کۆنسنانتە، بەڵام لە وشەی( سووژن-سوو. ژاٖن، مەزن-مە. زاٖن)دا، چەپکە کۆنسنانت نییە، هەروەها لە وشە مۆرفۆلۆژییەکانی وەک(شاژن-شا. ژن، ژندار-ژن. دار، ژنکوژ-ژن. کوژ، بێوەژن-بێ. وە. ژن)دا، چەپکە کۆنسنانت نین. زمانی کوردیی هەردوو سەرەوڕیزبوونی ( خشۆکیی+ زرنگدەرەوەیی)، (زرنگدەرەوەیی+ خشۆکیی)، وەک چەپکە کۆنسنانت لە کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێدەدات، ئەڵتەناسیۆن لە هەردوو سەرەوڕیزبوونەکە ڕوودەدات، وەک(بەفر-بەرف، )*.

**١/٥-١-٢-٤)دەنگە تەقاوییەکان + دەنگە زرنگدەرەوەییەکان**

ئەم سەرەوڕیزبوونە(تەقاوە+زرنگدەرەوەیی) *لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا دێت، هەروەها پێچەوانە ڕیزبوون (زرنگدەرەوەیی+تەقاوە) ڕوودەدات، بڕوانە خشتەی (٥-٣):

* هەرچەندە ئەم وشانە لە نووسیندا هەوڵدەدرێت وشە کوردییەکان لە بەرانبەریان بە کاربهێنرێن، بەڵام بووە بە بەشێک لە زمانی کوردیی و لە بوارە جیاوازییەکاندا وەک( ڕاگەیاندن و ئەدەب..... تاد )بەکاردێن، کە زمانی ستاندارد هەموو ئەو بوارانە دەگرێتەوە، بە تەنها تایبەت نییە بە بواری خوێندن و فێرکردن.

* دەنگە زرنگدەرەییەکان لە ئەم ڕیزبەندییە ئارەزووی ئەوە دەکەن، دەنگی یەکەم بن، تەنانەت لە سەرەوڕیزبوونی سەرەتای بڕگەدا ( وشەکانی فاٖڕاندن-ڕاٖفاندن، بەراورد بکە!)

* لە ئەکسێنتی گەرمیاندا، لە هەندێک وشەدا، چەپکە کۆنسنانتەکان دەگۆڕێن بۆ بڕگەی سەربەخۆ، وەک (مەمک- مە. مک)، ئەمەش بەڵگەی تەواوە، لە ڕۆڵی کۆڵد ڤاوڵەکە، لە جڵەوگرتنی یاساکانی بڕگەکردن(نەهاتنی چەپکە کۆنسنانت) لە زمانی کوردیدا، لە لایەکی ترەوە، گریمانەی حەزنەکردنی زمانی کوردیی بە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە بەردەستە، وەک ( شەمامک ) بە( شەمامە/ ئە. گ ) دەردەبڕێت، کۆنسانتی کۆتایی بڕگە لە ناودەچێت، واتە زمانەکە بە بەردەوامی حەز بە مۆدێلی(cv) دەکات.

| (ت+ز) | نموونه | (ز+ت) | نموونه |
|---|---|---|---|
| بل، بر پر،پل | زبل، دمبل، قەبر، کەپر،کەپل، تەپل | لب، رپ، لپ،مپ | دمبل~ دەلب، کرپ، تلپ(سلپ)، پەلپ،قالب، پەمپ، کەمپ، جەمپ* |
| در،تر، تن،تل | سەدر*، بەدر، خدر چەتر،مەتر،کەتن،مەتن*سەتل، بتل* | رد، ند،رت، لت، مت | رد/ مەرد، زەرد، سارد، کورد، مێرد، ورد، هەرد، بۆرد*، زگورد(ز.گورد)، ( عەرز~عەرد~عەدر)، مەند، پەند، کەند، ، ئەلوەند، کەرت، کارت*، شۆرت*، خرت، کورت، پەلت، خەلت، سەلت، سمت. |
| جن،جل، بچر | سجن*، سجل* | رج، نج، مج رچ،لچ، مچ | مەرج، جرج(جورج)، گورج، خەرج*،گەنج، ڕەنج، کونج، زنج، قنج، خنج، لینج، بەنج، دەمج*، چرچ، پرچ، جرچ، قرچ، ورچ، ملچ، مچ، پەرچ |
| کر،کن، گر،قل | شاکر، شەکر، مەکر*، زکر*، شوکر، سەکن*، ئاگر، ڕاگر، سەقل* | رک،نک،لک،رگ لک، مک،رق، نق، لق | تەرک*، بانک، دەنک، پەلک، گورگ، کەلک، پەلک، خەلک(خەلق)، سەلک، مولک* ، مەمک، مەرگ، جەرگ، بەرگ، لۆرک، بەرق (زەرقو بەرق)، بانق، سلق، بلق |

چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی برگە(ت+ز، یان ز+ت)............. (٥-٣)

**١/٥-١-٢-٥)دەنگە خشۆکییەکان + دەنگە خشۆکییەکان**

ئەم سەرەوریزبوونە لە زمانی کوردیدا چالاک نییە، کۆنسنانتی (خش) لە وشەکانی( پەخش، نەخش) دا دێت، هەروەها لە وشە عەرەبییەکانی وەک( شەخس*، مەغز*، نەفس*(نەفسنزم)، قەسف*، مەسح*، وەزع* (وەزع~وەعز).... تاد)(واتە ئەڵتەرناسیۆنی: (زع~عز) خشۆک١~+خشۆک٢~ خشۆک٢+خشۆک١ ڕوودەدات).

**١/٥-١-٢-٦)دەنگە تەقاوییەکان+ دەنگە تەقاوییەکان**

سەرەوڕیزبوونی دوو دەنگی تەقاوە لە زمانی کوردیدا زۆر سستە، تەنانەت ژمارەی ئەو وشانەی بە ئەمشێوەیە ڕیزبوون، زۆر دەگمەن و کەمن، هەندێکیان بە کاریگەریی زمانی عەرەبیی، یان ئینگلیزییەوە لە زمانەکەدا پەیدابوون، چەپکە کۆنسنانتی (تک) لە وشەی (ختک)*، (چک) لە وشەی (لەچک /هەندێکجار بە دوو بڕگە دەردەبڕێت لە. چک)، (هەتک~ هە.تک – هەتککردن~ هە.تک.کر.دن، هەندێکجار بە دوو بڕگە دەڕدەبڕێت هە. تک)، قسەکەر هەمیشە ئەم سەرەوریزبوونانە لە کۆتایی وشەدا لە شێوەی بڕگەیەکی سەربەخۆدا دەردەبڕێت، وەک (جک) لە (ساجک، ماجک، جوجک)، (جد) لە (ماجد-ما. جد).

**١/٥-١-٢-٦)دەنگە زرنگدەرەوەییەکان + دەنگە زرنگدەرەوەییەکان**

سەرەوریزبوونی دوو دەنگی زرنگدەرەوەیی لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا ڕوودەدات: ١-(ڵم، لم)، وەک (فلم، چڵم، زولڵم، زەڵم، شێلم، زاڵم ). ٢-(نم،نر)، وەک (گەنم، ژانر). ٣-مر، مڕ(شمڕ،عەمر(عەمر کۆتا)). ٤- (رم، رن، ڕن)، وەک (خرم، فڕن، دڕن، کرم، زرم، بەزم، خزم، کرن(ک،ژ)، مرن(ک. ژ). هاتنی ئەم چەپکە کۆنسنانتە لە کۆتایی بڕگەدا بە کۆتوبەندی فۆنەتیکییەوە پەیوەستە، دەنگی (ل/پ-ڕەقەمەلاشوویی، ڵ/نەرمەلاشوویی)، لە گەڵ دەنگی (ر، ڕ/پ-ڕەقەمەلاشوویی)دا، لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا پێکەوە نایەن، چەپکە کۆنسنانتی (لڕ،لر،رڵ، رڵ، ڕل، ڕڵ)ڕێگەپێدراو نییە، چونکە دەنگە هاوئۆرگانییەکان پێکەوە نایەن، بۆ نموونە دوو دەنگی پووکیی-ڕەقەمەلاشوویی(ر لە گەڵ ڵ، یان ج لە گەڵ ش... تاد) پێکەوە نایەن، دەربارەی هاتنی دەنگیی (ن)،لە گەڵ دەنگە هاو ئۆرگانییەکانی خۆیدا (پووکیی-ڕەقەمەلاشوییەکان :ج-چ،ژ-ش،ل،ر)، وەک (گەنج، مچ، دەمج، بەژن، مرن، مەرج، فرن)، لە ئەم وشانەدا دەنگی(ن) بە تەنها سیمای(+پووکیی) هەیە، بۆیە لە گەڵ ئەو دەنگانەدا ڕێگەپێدراوە*. هەمان دەنگی زرنگدەرەویی دووبارەکراو ڕێگەپێدراو نییە، وەک (لل، لڵ، رر، مم، نن..... تاد)، لە جێکەوتە نێوان ڤاوڵییەکان لە دوو بڕگەی جیاوازدا (پەرلەمان) پێکەوە دێن، بەڵام زۆرجار یەکێکیان لە

---

* لە ئەکسێنتی گەرمیاندا، ( تک) و(چک)بۆ ناوبچوککردنەوە بە کاردێن، وەک (مصطفی -مچە-مچک)( مرتضی- متە- متک)(ابراهیم-بلە- بلک)، (کەماڵ-کەمک، کامران- کامک).... تاد).

* هەندێک لە زمانەوانەکان، دەنگیی (ن) بە دەنگێکی پووکیی پۆلێندەکەن، هەندێکی تر بە دەنگێکی پووکیی- ڕەقەمەلاشوویی.

ناودەچێت، وەک ( بەرلە~بەلە، بەر لە ئێمە هاتن ~ بەلە ئێمە هاتن، بەرلە ئێستا~ بەلە ئێستاکێ / بڕوانە دیاردەی وێکنەچوون لە نێوان (ر) و(ل) لە گۆڕانە دەنگییەکان، یان هەڵتۆقینی دەنگی (د) لە نێوان دوو دەنگی زرنگدەرەوەیی : بڕرا~ بڕدرا~بڕا)، هەندێک لە ئەو سەرەوڕیزبوونانە لە وشە عەرەبییەکان ڕێگەپێدراون، واتە بە کاریگەریی زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە نێو زمانەکەوە، وەک( عەمر، شمر، عامر... تاد)، هەروەها هەندێک لە ئەو سەرەوڕیزبوونانە لە دیالیکتی کرمانجی ژووروودا ڕێگەپێدراون، وەک(کرن، مرن... تاد).

**٧-٢-١-١/٥)پرەنسیپی (ssp) لە بڕگەدا**

پرەنسیپی (سەرەوڕیزبوونی زرنگدەرەوەییانەی سەگمێنتەکان / ssp)، ئەوەدەخاتەڕوو، کە سەگمێنتە نزیکەکان لە کرۆکی بڕگەوە، پلەی زرەنگدەرەوەییان بەرزترە، بەراورد بە سەگمێنتە دوورەکان، بە پێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی( بڕوانە وێنەی ٤(-٢))، لە دروستەی بڕگەدا سەرەوڕیزبوونی (خشۆکی+ تەقاوە)، (زرنگدەرەوەیی+ تەقاوە ) زۆرتر لە زماندا ڕێگەپێدراون، چونکە پلەی زرنگدەرەوەیی دەنگە زرنگدەرەوەییەکان (ر، ل، م، ن) و دەنگە خشۆکییەکان(ف،س،ز،ژ،ش،غ،خ،ع،ح) لە پلەی دەنگە تەقاوەکان(د،ت،ب،پ،ج،چ،ک،گ، ق) زۆرترن، دەربارەی چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە لە زمانی کوردیدا سەرەوڕیزبوونی لە بەرزەوە بۆ نزم، واتە (خشۆکیی+تەقاوە)، وەک (فت،ست، شت، سک، خت،شک، سپ) زۆر چالاکە، سەرەوڕیزبوونی (زرنگدەرەوەیی+ تەقاوەیی)، وەک (رد،ند، نج، رج، رچ، مج. ڵچ، مچ، رت، لک، رگ، ڵق، نق، مک، ڵک، نک، ڵپ) چالاکە، سەرەوڕیزبوونی (زرنگدەرەوەیی+ خشۆک)، کەمتر لە بە کارهێناندایە، وەک (رش،رز،رف، نش،رژ،ڵب)، ئەگەر سەرەوڕیزبوونی پێچەوانە لە زماندا ڕوویدات، واتە لە پلەی زرنگدەرەوەیی نزمەوە بۆ بەرز بڕوات (خشۆک+زرنگدەرەوەیی)، وەک (زن،زن، ژن، شن، شڵ، زر،سڵ، سن)، (تەقاوە + زرنگدەرەوەیی )، وەک (تر، بر، پڵ، پر، بڵ، در، تڵ، چر، کر، گر)، یان (تەقاوە+ خشۆکیی)، (بز، قش، بع)، ئەوە ئەڵتەرناسیۆنی (بەفر~بەرف، روبع~ روعب ) ڕوودەدات، یان لە زمانی کوردیدا، ئەم سەرەوڕیزبوونانەی کۆتایی بڕگە ئارەزووی ئەوە دەکەن، بگۆڕێن بۆ بڕگەی سەربەخۆ (مەزن~ مە. زن، چەتر~چە. تر، مەتن~ مە. تن)، یان سەرەوڕیزبوونی دەنگە هاوپلە پێوەرییەکان(تەقاوە + تەقاوە) (خشۆکیی+ خشۆکیی)(زرنگدەرەوەیی+ زرنگدەرەوەیی)، بە هەمانشێوە ئارەزووی ئەوە دەکەن، بگۆڕێن بۆ بڕگەی سەربەخۆ، وەک(فلم~ ف. لم، لەچک~ لە. چک، وەزع~ نەخش~ نە. خش)، بەگشتیی لە زمانی کوردیدا ئەم سەرەوڕیزبوونانە، زیاتر لە پرۆژەی کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێدراون، بە پێی پلە پێوەری زرەنگدەرەوەیی، کە بریتین لە :١-(خشۆکیی+ تەقاوەیی)، وەک (دەشت، گۆشت، دەست... تاد). ٢-(زرنگدەرەوەیی+ خشۆکیی)، وەک (بەرف، بەزم، خزم، فلم، چڵم... تاد). ٣-(زرنگدەرەوەیی+ تەقاوەیی)، وەک (ئارد، رەنج، برنج، مڵج، گەنج، مەرج.... تاد).

### ٥/ ١-١-٣) کۆتوبەندی فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکیی لە پرۆژەی بڕگەدا

جێکەوتەی سەرەتای بڕگە، هەرگیز بەتاڵ نییە، ئەگەر ئەم جێکەوتەیە بەتاڵ بێت، لە بڕگەیەکی فۆنەتیکیی لە ئاستی ڕووکەشدا بە دەنگە گەروویییەکە پڕدەکرێتەوە ( ئاو، ئازا)، ئەگەر لە پرۆژەی بڕگەدا جێکەوتەی سەرەتا هەرگیز بەتاڵ نەبێت، ئایا کام دەنگانە لە ئەم جێکەوتەیەدا ڕێگەپێدراون؟ دەنگە کۆنسنانتەکان (تەقاوە،خشۆک، نیمچە کۆنسنانت) لە پرۆژەی سەرەتای بڕگەدا، بە پێی کۆتوبەندی فۆنەتیکیی، بەبێ مەرج ڕێگەپێدراون لە مۆدێلی(cvcc) (cvc) (cv) لە سەرەتای بڕگەدا بێن، دەنگە تەقاوەکان، وەک (دا،پێ، بوو، تۆ، توو، دوو، جۆ، جوو، کۆ، کا، گا، دار، تار، بار، پار، جۆر، چۆڕ، کووڕ، کۆڕ، گۆڕ، کورد، قوڕ،گۆشت... تاد)، دەنگە خشۆکەکان، وەک (فێڵ، فوو، شۆڕ، سوور، سوو، ژوور، زۆر، خۆر، حاڵ،عانە، شۆرت، هار، هێز، ئازا، ئاخ... تاد)، دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکان (و،ی)، وەک (وانە، وێنە، یەخە، یاری، یاد، یاسا.. تاد)،دەنگە زرەنگدەرەوەییەکان، وەک (مۆر، ڕوو،ڕان، ڕوون، لوول، نان، ناز، نۆ، موو، لوو... تاد)، هەندێک لە ئەم دەنگە کۆنسنانتانە، بە پێی کۆتوبەندی فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکیی لە جێکەوتەی سەرەتا، یان کۆتادا ڕێگەپێدراو نین، ئەم هەلومەرجانە بریتین لە :

١-**دەنگە لاییەکان(ل،ڵ):** هاتنی دەنگی (ڵ/ نەرمەمەلاشوویی) لە پرۆژەی سەرەتای بڕگەدا ڕێگە پێدراو نییە(ئەگەر لە بڕگەی یەکەمی وشەدا هات)( وشەیەک بریتییە لە پێیەک، پێیەکانیش بریتین لە چەند بڕگەیەک)، سەرەوڕیزبوونی ئەم دوو دەنگە لە دروستەی بڕگەدا بە ئەمشێوەیە:

١- لەبڕگەی (cv) دا تەنها ڕێگە بە دەنگی (ل) دەدرێت لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا(سەرەتای وشە: بڕگەی یەکەم لە وشە) بێت لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان، وەک (لوو، لۆکە، لەرە، لیوا، لێزان،لادان... تاد)، هەروەها دەنگی (ڵ) لە بڕگەی (cv) دا دێت لە بڕگەی دووەم یان سێیەم، وەک (سەرگەڵوو، هەڵۆ، ژاڵە، قاڵی، کاڵی، قەڵا... تاد).

٢- لە بڕگەی (cvc)دا دەنگی (ل) لە سەرەتاو کۆتایی بڕگەدا لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکاندا دێت، وەک(گول،لوول، گۆل،لۆک،لەت، تەل، لیک،دیل،لێژ،کێل،لات)، جگە لە ڤاوڵی (ا)، کە ڕێگە نادات دەنگی (ل) لە کۆتایی بڕگەدا بێت، وەک (ساڵ~سال)، بەڵام دەنگی(ڵ) بە تەنها لە کۆتایی بڕگەدا لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان دێت، وەک (گوڵ، کۆڵ،کەڵ،، لێڵ،،ماڵ) جگە لە ڤاوڵی (ی)، کە ڕێگە نادات دەنگی (ڵ) لە کۆتایی بڕگە بێت، وەک (سیل~ سیڵ).

٣- لە بڕگەی(cvcc) دا دەنگی [ل] لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دێت، وەک (سەلک، سولح،لۆرت، لیست، شێلم لانک، لاسک، پەلک، گۆلک)، بەڵام دەنگی [ڵ] لە کۆتایی بڕگەدا دێت، وەک( موڵک،خەڵک، تەپڵ)، دەربارەی هاتنی دەنگی [ڵ،ل]لە دروستەی بڕگەدا بڕوانە خشتەی (٥-٤):

| (ل-ا) | (ل-ڵ) |
| --- | --- |
| لە گەڵ ڤاولی (وو): (CV)،: لووره، لوو(گرێ)، کلوو(ک.لوو)، لووله. (CVC):کولِ، گول، لِوول، لووس، لووت، قول(قاچوقول). (CVCC): سوڵح | لە گەڵ ڤاولی (وو، و): (CV):سەرگەڵوو، بەرگەڵوو. (CVC):کوڵ، گوڵ، قووڵ، قوڵ. (CVCC):قوڵت(سەڵتووقوڵت)، موڵک |
| ل+ۆ:(CV):لۆکه(لۆ.که) (لۆب.یا)، لۆکس(لۆ.کس)، لۆغان(لۆ.غان)، لۆزان(لۆ.زان). (CVC):لۆچ، لۆک*، لۆق(لاقولۆق)، لۆز ، گۆل. (CVCC): لۆرت، لۆرک، گۆلک | ل+ۆ: (CV):کڵۆ(ک-ڵۆ)، هەڵۆ(هە.ڵۆ)، شڵۆق. (CVC): گۆڵ، کۆڵ، دۆڵ، زۆڵ، چۆڵ، قۆڵ، بۆڵ.(CVCC) :......... |
| ل+ە:(CV):شله(ش-له)، چله، زله، لەزەت، لەرە، قاله، ساله، ماله. (CVC):تەل، کەل، مەل، فەل، زەل، قەل، لەت(لەتکه)،لەنگەر، لەرزین ،پەل، زەلام، میللەت، گەل. (CVCC):لەنگ، سەلک،پەلک | ل+ە:(CV):لاڵە، زاڵە، کاڵە(کاڵە)، ، ژاڵە، زاڵە.(CVC): کەڵ، سەڵتە(سەڵ-تە)، کاڵەک، هەڵگرتن، هەڵشۆ، کۆتەڵ، چەقەڵ. (CVCC): خەڵک، تەپڵ، سەڵت، تەڵخ، بەڵغ، کەڵک |
| ل+ی:(CV) : جەلی،خاولی، قەلی، کەلی (نانەکەلی) .(CVC):پیل، دیل، میل، ویل، لیک، کلیل، زەلیل، گالیسکە.(CVCC):لیست | ل+ی:(CV) عَاڵی، ماڵی،مەقەلی(CVC) :.............. (CVCC):............... |
| ل+ێ: (CV): لێزان، لێوان، لێنان، لێچوون، لێکردنەوە، لێبوردن. (CVC):لێژ، کێل، لێکدان، لێزمە، گێل، چێل، تێل،خێل . (CVCC): شێلم | ل+ێ:(CV) : کاڵێ.(CVC) :لێڵ، کێڵان،فێڵ، بێڵ،وێڵ: :(CVCC):....... |
| ل+ا: (CV): لاله، ماله*، لانه، لاڤه، لاوان، مەلا، لاشه،لاقه،پەله لاژه، خولانەوه، لادان ، لاسار. (CVC):لات، لاس، لار، لان، سەلار. (CVCC):لانک، لاسک | ل+ا: (CV):کاڵا، گەڵا، قەڵا، بەڵا، تەڵا، جوڵانەوە. (CVC): کاڵ، باڵ، ڵاڵ، تاڵ، خاڵ، چاڵ، داڵ، حاڵ، زاڵ، ماڵ، قاڵ، گاڵ(گروگاڵ)، بەردەڵان ،ماڵان، سڵاو، بڵاوپڵاو، کڵاو، گڵاو، بڵاوکراوە، مەروماڵات، هەرزاڵ، هاڵ، حەماڵ، سواڵ، کەژاڵ، شاڵ،پاڵ، ساڵ، بەتاڵ، بەردەڵان ، مەشخەڵان. (CVCC): قاڵب |

**٢- دەنگە فرە لێدانییەکان :** لە پرۆژەی بڕگەدا، بڕگەکان لە نێوان پێیەک(foot) ڕێکخراون، دەنگی (ر) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا نایەت، بە مەرجێک بڕگەکە بڕگەی یەکەم بێت، بەڵام لە بڕگەی دووەمدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا، لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان ڕێگەپێدراون، دەنگی (ڕ) لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکاندا دێت، سەرەوریزبوونی دەنگیی ( ڕ،ر) لە دروستەی بڕگەدا بە ئەم شێوەیە:

١-لەبڕگەی(cv) دا دەنگی (ڕ) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا دێت لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان، هیچ جیاوازییەکی نییە لە بڕگەی یەکەم بێت یان بڕگەکانی دواتر ( ب١، ٢ب،ب٣.... تاد)، وەک(ڕەژوو، ڕازاوە، ڕێگا،ڕێسا، ڕووناک، بەڕوو، بەڕە، ڕۆچوون، قوڕی، ڕێژین..... تاد)، بەڵام دەنگی(ر) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە دێت، لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان، بە مەرجێک لە بڕگەی سەرەتای پێیەکان نەبێت، وەک( کەرە، خورا، خوری، فەروو، پەری، فرۆ گەروو،درۆزن، سەروو، خواروو، کەرێ، لەرێ.. تاد).

٢- لە بڕگەی (cvc) دا، دەنگی (ڕ) لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگە دێت، وەک (ڕاو، ڕێک، ڕەش، ڕۆژ، ڕێز، ریز، ریش، شەڕ، تەڕ، شۆر، جیڕ، دێڕ، جاڕ، تۆڕ، چۆڕ، گێڕ، باڕ..... تاد)، دەنگی (ر) لە جێکەوەتەی سەرەتای بڕگە دێت بە مەرجێک، بڕگەی یەکەم بێت، وەک ( بەران،گرەو، برەو، برین، درۆن، درەو، لەرینەوە، پەرینەوە.. تاد)، لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە دێت، لە هەموو بڕگەکانی وشەدا (ب١،ب٢،ب٣... تاد)، وەک (دار، شیر،شێر، میر، جار، زۆر، کار، دوور، پار، فرۆشیار، کڕیار......... تاد).

٣- لە بڕگەی (cvcc) دا دەنگی (ڕ) لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دێت، وەک( ڕەنج، ڕاگر، بچڕ)، بەڵام لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا زیاتر دەنگی (ر) دێت(تەرک، بەرگ، مەرگ، جەرگ، گورگ، مەرج، جرج،پرچ، قرچ، بەرق، ئاگر، ڕاگر، ئارد، سارد، کورت، کورد ورد، مێرد، هەرد، بەرد، کەرت، کارت، شۆرت، خرت، زگورد، زەرد، قەبر، کەپر، چەتر، کرژ، فەرش، وەرز، درز، قەرز، مەرز، فەرز، پەرش، بەرخ، سەرح، بەفر، بەرف، دەرس، ئۆغر... تاد).

٤- دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوە(هـ ئـ ): دەنگە گەروویییەکان(هـ ئـ) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا دێن، وەک (هار، هاوین، ئاو، ئازاد.... تاد)، بەڵام لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا لە بڕگەی (cvc) دا نایەن ( لە کرمانجی ژووررودا ڕێگەپێدراوە: گونەهـ نەهـ مەهـ گوێهـ )، تەنانەت دەنگی (ئـ) لە جێکەوتە نێوان ڤاوڵییەکان دێت، وەک (هەڵئاوسان) ( زۆر جار لە وشەکاندا لە ناودەچێت: ماڵ+ئاوا~ ماڵاوا)، دەنگی (هـ) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە لە بڕگەی

دووەم دێت(جێکەوتە نێوان ڤاوڵییەکان)، لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم، وەک (تێهەڵدان،مەهاباد، دەهۆڵ، میهر)، لە جێکەوەتەی کۆتایی بڕگەی یەکەم (میهرەبان~ میهـ رە. بان)دێت، پێدەچێت هاتنی لە کۆتایی بڕگەدا لە زمانەکەدا کەوتبێت(دادە میهرەبان~ دادە میرەبان)، هەروەها دەنگی (ئـ)لەبڕگەی(cvcc)دا لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا نایەت، دەنگی (هـ) لە بڕگەی (cvcc) دا لە وشە عەرەبییەکاندا لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتای بڕگەدا دێت، وەک (ماهر، زاهر)، لە وشە کوردییەکان ئەم دوو دەنگە لەسەرەتای بڕگەدا دێن، لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا نایەن.

٥- دەنگی (ن) و (نگ-ŋ): دەنگی (ن) لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا، لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان دێن، بەڵام دەنگی (نگ) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا ڕێگەپێدراو نییە، وەک(نگین-ن. گین)، بە تەنها لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا دێت، هەلومەرجی کۆتەبەندی فۆنەتیکیی هاتنی ئەم دەنگە بە ئەمشێوەیە:

١-لە بڕگەی (cv)دا، دەنگی (ن) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا دێت لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان، وەک (نەزان،پاژنە، نۆرە، نانەوا، نیوە، گەنیوە، نگین~نۀگین، نووزە، بانوو، نێچیر)، بەڵام دەنگی (نگ) لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا نایەت.

٢-لە بڕگەی(cvc) دا، دەنگی (ن) لە سەرەتا و کۆتایی دروستەی بڕگەدا دێت، لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان، وەک(نان، شان، مان، نۆش، نەرمین، تەن، تەمەن، ڕەبەن، چەمەن، کون، کۆن، نۆش، نۆک، نێر، نیو، بۆن، شین، قین، چین، مردن، کەوتن، چوون، بوون، زین،ژەنین،زەمین، مزگێن، ساوێن، هێندە... تاد)، لە گەڵ ڤاوڵی (ە) دا لە ژمارەیەکی دیاریکراوی وشەدا دێت، لە بڕگەی یەکەمدا، وەک (تەن، بەن)، لە بڕگەی دووەمدا، وەک (ڕەبەن، تەمەن، زەمەن، چەمەن)، بەڵام دەنگی (نگ) لە سەرەتای بڕگەدا نایەت، بە زۆری لە گەڵ ڤاوڵی (ە) دا دێت( یان پەیدابووە) لە کۆتایی بڕگەدا، وەک (پەنگ، تفەنگ، دەنگ، تەنگ، زەنگ، سەنگ،جەنگ،ژەنگ، شەنگ، لەنگ،چەلەنگ، هەنگ،ڕەنگ، سەرهەنگ، ئاهەنگ)( لە ئەکسێنتی گەرمیاندا، ئەم دەنگە(نگ) لە چەپکی کۆنسنانتی (نگ)دا نایەت و پەیدا نابێت، وەک (دەنگ~ dəng، ژەنگ~jəng)، واتە هێشتا دەنگی (ن) تێیدا بە نەرمەمەڵاشوویی نەکراوە و نەبووە بە (نگ)، ئەم برگانەش (cvc)نین، بڕوانە خاڵی سێیەمی / بڕگەی cvcc))، لە گەڵ ڤاوڵەکانی تردا دێت، وەک (سنگ، قنگ، زۆنگ، زرنگ، چنگ، لنگ، پلنگ)، ئەوەی تێبینی دەکرێت کە دەنگی (نگ) زیاتر لە گەڵ ڤاوڵی (ە) دا دێت، زۆرجار دەنگی (ن) لە گەڵ ڤاوڵی (ە) دا هات لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا بە نەرمەڵاشوویی دەکرێت، ئەڵتەرناسیۆنی (ن~ نگ) ڕوودەدات، وەک (تەمەن~ تەمەنگ)، یان ئەڵتەرناسیۆنی (نگ~ ن) ڕوودەدات، وەک (ڕەنگ~ ڕەن/ ڕەنگکردن~ڕەنکردن، درەنگ~ درەن، درەنگکەوتن~درەنکەوتن: ئەم یاسایەی کۆتایی پێدەچێت کرتاندن بێت!).

٣- له بڕگەی (cvcc) دا، دەنگی (ن) له سەرەتای بڕگەدا ، زۆر بە کەمی دێت، وەک(نەست)، بەڵام له چەپکە کۆنسنانت کۆتایی بڕگەدا چالاکە، وەک (زنج، لینج، خنج، قنج، برنج، کونج، ڕەنج، بەنج، گەنج، بانق، تەنز، بەژن، بزن، مەزن، کفن، چەشن، شەحن، ئاسن، پەند)، له چەپکە کۆنسنانتی(ند)، گۆڕانی دەنگیی ڕوودەدات، دەنگی (د) له ناودەچێت و دەنگی (ن) له گەڵ ڤاوڵی (ە)دا بە نەرمەلاشوویی دەکرێت(نگ)*، وەک (بەند~بەن~بەنگ، گۆبەند~ گۆبەن~ گۆبەنگ، ناڵبەند~ ناڵبەن~ ناڵبەنگ، زەماوەند~زەماوەن~ زەماوەنگ، هۆشمەند~هۆشمەن~ هۆشمەنگ، دەوڵەمەند~دەوڵەمەن~ دەوڵەمەنگ، چەند~چەن~چەنگ، کەند~ کەن~ کەنگ، گوند~ گون~ گونگ*، قەند~ قەن~ قەنگ، مەند~ مەن~ مەنگ). لەزمانی ئینگلیزیدا ئەگەر دەنگی(ن) لەدەوروبەری دەنگی(g) هات، واتە لەچەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە (thing)، ئەڵتەرناسیۆنی له جۆری(ن~ نگ) ڕوودەدات، وەک (thing~ thiŋ) دەردەبڕێت، له چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی وشەدا(thing, some thing,  doing, boring, ring, laying, sing, sling, sting, swing)، تەنانەت ئەگەر له بڕگەی جیاوازدا هاتن (نێوان ڤاوڵییەکان)، وەک (length, things, brings) بەهەمان شێوە لەشێوەی دەنگی(نگ) بەرجەستە دەبێت، ڕەنگە ئەم گریمانەیە بۆ زمانی کوردیش گونجاو بێت، واتە له (دەنگ)دا (نگ) چەپکە کۆنسنانتە، وەک (دەنگ/cvcc)، (دەنگ~ دەنگگ~dəŋg ~dəng )، ئەم گریمانەیە له وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا(لێکدراوداڕێژراوەکان) و فریزەکان زیاتر زەقدەبێتەوە، وەک(دەنگ~دەنگەدەنگ~دەنگ. گە. دەنگ)(دەنگ~دەنگدان~دەنگØان~دەنگگان)(منگ~منگەمنگ~منگ.گەمنگ)(هەنگ~هەنگەکە~هەنگ.گە.کە)(هەنگ~ هەنگوین~هەنگ.گوین)(زەنگ~زەنگین~زەنگ.گین)(سنگ~سنگ.گەکە)(تەنگ~تەنگاو~تەنگ.گاو)(زۆنگ~زۆنگاو~ زۆنگ.گاو)(زەنگ~زەنگۆڵە~زەنگ.گۆڵە)(زەنگ~زەنگیانە~زەنگ.گیانە)(سەنگ~سەنگین~سەنگ.گین)(چنگ~چنگ اڵ~چنگ.گاڵ)،(شەنگ~شەنگین~شەنگ.گین)،(ژەنگ~ژەنگین~ژەنگ.گین)،(ژەنگ~ژەنگاوی~ژەنگ.گاوی)،(جەنگ ~جەنگاوەر~جەنگ.گاوەر)، واتە له چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەی (cvcc)دا، دەنگی (گ) دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی دووەم، بە تایبەتیی ئەگەر سەرەتای بڕگەی دووەم بەتاڵ بێت، بەڵام دەنگی (ن) له کۆتایی بڕگەدا بە مەلاشوویی دەکرێت، تەنانەت له وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، ئەگەر جێکەوتەی سەرەتای بڕگە له کەرتی دووەم دەنگێکی

---

* له (ک،ژ) دەنگی (نگ) نییە، وەک (گۆڤەند، بڵند) نابێت بە (گۆڤەنگ)، ئەم گۆڕانە دەنگییە تایبەتە بە ئەکسێنتی سلێمانیی، تەنانەت (ئە، گ) بە تەنها دەنگی (د) له ناودەچێت، دەنگی (ن) ناگۆڕێت بۆ (نگ)، وەک ( گۆبەند~ گۆبەن)، ڕەند~ ڕەن/ ناوی شوێنێکە له گەرمیاندا : ڕەنی عەلی خان)، (زەند~ زەن/ ناوی خێڵێکە له گەرمیان).

* هەندێک وشە ناگۆڕێت، وک(ڕەوەند، سەند(لێسەندن)، زەند) پیدەچێت پێڕەوەی فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی ڕێگە نەدات، چونکە دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی (زەند~ زەنگ، سەند~ سەنگ)، یان له ئەو وشانەی کە بە کارهێنانیان کەمترە، یان له ناوی کەسەکاندا ڕوونادات (ڕەوەند، ئەلەند، ڕەند).

کۆنسنانتی وەک (گ،د)ی تێدابێت، ئەوە دەنگی (ن) لە کۆتایی بڕگەدا ئارەزووی ئەوە دەکات بە (نگ-ŋ) دەرببرێت، بەڵام لە بەرئەوەی لە دوو بڕگەی جیاوازن، کەمتر ئەم گۆڕانە ڕوودەدات، وەک(بن~بنگرد~ بن. گ. رد، بەند~ بەنداو~ بەن. داو، پەند~ پەندی پێشینان~ پەن. دی. پێ. شی. نان(دوو بڕگەی جیاواز)، ئاسن~ئاسنگەر~ ئا. سن. گەر، دایانگرت ~دا. یان. گ. رت، میوان ~ میوانگە~ میوانگ.گە، مەلەوان~ مەلەوانگە~ -مەلەوانگ.گە،ژینگە~ژین. گە~ژینگ.گە، دایەن~دایەنگە~، دایەنگ.گە(لە گەڵ مۆرفیمی(-گە) بە (نگ-ŋ) بەرجەستە دەبێت)، ئەفەندی~ ئەفەنی~ ئەفەنگی(کرتاندنی -ن-)، گوندە~ گون∅ە~ گونگ.گە، شنگار~شن. گار، هەنگاو~ هەن. گاو~ هەنگ.گاو، هەنگاریا ~ هەن. گار. یا ~هەنگ.گاریا، ڕەنگ+دار~ڕەنگدار~ڕەن+ار~ڕەنگ.گار~رەنار~ڕەننار~ڕەن. نار،سەنگەر~سەن. گەر~سەنگ. گەر،لەنگەر~لەن. گەر~لەنگ. گەر،قنگر~قن. گر~قنگ.گر*)، بە پێی فۆنۆلۆژیی دوا- فەرهەنگیی ئەم گۆڕانە دەنگییە (ن~نگ)، لە ئاستی ڕووکەشدا لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا، یان لە دوو بڕگەی جیاواز ڕوودەدات. زمانی کوردیی حەز بە چەپکە کۆنسنانتی (نک) * ناکات، یان لە زمانەکەدا چالاک نییە، وەک (دنک، بانک، تانک، تەنک)، جوڵەی زمان لە دەنگی(ن)ەوە کە دەنگێکی پووکیی- ڕەقەمەڵاشووییە بۆ جێکەوتەی(گ، ک)ی نەرمەمەلاشوویی قورسە، بۆیە زمان بە ئاسانی لە دەنگێکی ڕەقەمەڵاشوویەوە(ن)ەوە بۆ لای دەنگێکی نەرمەمەڵاشوویی(ک، گ) * جوڵەناکات بەتایبەتیی لە وشە و فرێزەکاندا، لە زمانی ئینگلیزیدا لە وشەی(te<u>n</u> cups) دەنگی (n)بە(نگ) دردەبرێت، ئەم گۆڕانە لە وشە کوردییەکان ڕووینەداوە (پێدەچێت دەنگی (ن) بە (نگ) بەرجەستە بووبێت: شەنکردن -شەنگ. کردن، گولینکە~ گولینکە~ گولینگ.گە، کانی پانکە~ کانی پانگ.کە، پانکا~ پەنگ.کە(ئە. گ)/ لە دوو بڕگەی جیاوازدا). لە زمانی کوردیدا نە گونجانی سەرەوڕیزبوونی

---

* لە ئەکسێنتی گەرمیاندا، وشەی (قنگر) جیاواز دەردەبرێت (قن،یر~ قنگ. یɨر)، واتە دەنگی (گ) دەگۆڕێت بۆ نیمچە کۆنسناست، دەنگی (ن) دەگۆڕێت بۆ (نگ) لە بڕگەی دووەمدا، ئەم وشەیە لە گەڵ (قایر، نایر ) لە ئەکسێنتی سلێمانیدا بەراورد بکە!

* لەزمانی کوردیدا، بەدەگمەن ڕێگە بە چەپکە کۆنسنانت، لە جۆری(نک) لە کۆتایی بڕگەدا دەدریت، وەک(بانک، دنک)، بڕوانە ئەم وشەیە(تەنک~تە. نک) واتە بڕگەی دووەم(نک) کۆڵد ڤاوڵەکە لەنێوانیاندا پەیدا دەبێت، لە ئەکسێنتی گەرمیاندا ئەڵتەرناسیۆنی (تەنک~ تەنɨگ، ناسک~ نازگ) ڕوودەدات،(تەنɨگ) جیاوازە لە (تەنگ- شوێنێکی تەنگ).

* بڕوانە وشەی(bank) (بانگ،بانق)، دەنگی (ق) زیاتر دەگونجێت، گۆڕانی دەنگی ( بانک~ بانگ~بەنگ.ک)، کە لە ئەکسێنتی گەرمیاندا بە (بەنگ.ک)، دردەبرێت، هەروەها (پەنکە~ پانگ.کە).

دەنگی(ن) و(گ)، هەروەها (ن) و(د) گرنگیی پێدراوە، بەڵام دیاردەی نەگونجانی دەنگی(ن) و (ک) گرنگیی پێنەدراوە*.


**سەرنجی توێژەر دەربارەی ڕێنووسی دەنگەکە:** لە نووسینی فۆنەتیکیی، بەرانبەر دەنگی (نگ) دوو پیت دانراوە(ن)و(گ)، لە ئەو وشانەی گۆڕانی دەنگیی (ن~ نگ) ڕوودەدات، بە تایبەتیی لە پێکەوەهاتنی (ن) (د)، وەک (پەند~ پەند~پەنگ) هیچ گرفتێک لە ئارادا نییە، دەبێت ئەم دەنگانە لە ئەم وشانەدا لە ڕێنووسدا بە پێی ئاستە قووڵەکە(پەند، مەند... تاد) بنووسرێنەوە، هەروەها لە وشەکانی (دەنگ، ڕەنگ)، بریتین لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە(نگ) لە ئاستی قوڵدا دەنگی (نگ–ŋ) لە ئەم وشانەدا نییە، بەڵام لە ئاستی ڕووکەشدا، وەک (دەنگ~دەنگگەکە) دەنگی (ن) بە (نگ) دەردەبرێت ، پێویست ناکات، بەرانبەر (ŋ) هیچ هیمایەک دابنرێت.

**٤-١-١/٥) دیاردەی سەگمێنتە هاوبەشەکان**

بە پێی شیکارکردنی بڕگەیی، لە تیۆریی ئۆتۆسەگمێنتیی و مەتریکیدا، دیاردەی بە یەکداچوونی/ بەسەریەکداکەوتنی بڕگەیی (syllable overlap)، ڕێگە بە هاوبەشیکردنی سەگمێنتێک لە دوو بڕگەی جیاواز دەدرێت، هاوبەشیی سەگمێنتی(ambisyllabicity) لە نێوان سەگمێنتی کۆتایی بڕگەی یەکەم و جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەمدا دەبینرێت، واتە دەنگێکی کۆنسنانت هاوبەشیدەکات لە ئەو دوو جێکەوتەیەدا، لە دوو بڕگەی دراوسێدا، دەنگە کۆنسنانتەکە لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەی یەکەم دەسەڵاتی هەیە بە سەر جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی یەکەم بۆیە سیمایی جیاکەرەوەیی دەنگەکە، بۆ سەرەتای بڕگەی دووەم دەپەڕێتەوە، واتە لە چەپکە کۆنسنانتی نێوان ڤاوڵییەکاندا، ڕێسای شامەرجی هاوبەشیی سەگمێنتیی جێبەجێدەکرێت( هەندێک لە زمانەوانەکان ئەم دیادەیە بە دیاردەی وەرگرتنی سیمای درێژیی لە دەنگە کۆنسنانتەکاندا دادەنێن))، بۆ دروستەی بڕگە لە وشە دوو بڕگەییەکاندا، لە زمانی کوردیدا، پەیوەست بە دیاردەی بەسەریەکداکەوتنی بڕگەیی، بڕوانە وێنەی (٥-٦) (بۆ ئەم وێنەیە بڕوانە: درهالیست،١٩٩٢ ،٥٦):

---

* لە ئەکسێنتی گەرمیان( ناوچەی خانەقین) ئەم چەپکە کۆنسنانتە (نک)، لە شێوەی چەپکە کۆنسنانتی (نگ) دەنوێنرێن وەک( تەنک –تەنگ، ملوانکە–ملوانگە–مل. وان. گە، فێنک~ فێنگ)، واتە ئەم ڕوودانە تایبەتە بە ئەکسێنتێکی دیاریکراو، هەروەها (شەنکردن/ ئە. گ/ ناوچەی سەنگاو )بە ئەمشێوەیە دەنوێنرێت (شەنگ. کردن ) واتە دەنگی ( ن) بە (نگ) گۆدەکرێت بۆ ئەوەی بگونجێت لە گەڵ دەنگی (ک)، مەرج نییە، ئەم یاسایە بۆ (نک) بە بەردەوامی لە هەموو وشەکان، یان لە هەموو ئەکسێنتەکاندا ڕوویدات، وەک (شینکە) و (فێنک).




بەیەکداچوونیی بڕگەیی....... وێنەی (٥-٦)

لە زمانی کوردیدا، لە وشەی وەک ( کولە، گولە، سونە ) دا دەبیستریێت، کە سەگمێنتەکانی (ل، ن) لە نێوان دوو بڕگەدان ( کول. لە، گول. لە، سون. نە،میللەت، زللەت.. تاد) * پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا لە فەرهەنگدا(کونە- کوننە) ئەم سەرەوڕیزبوونە بووە بە هۆی جیاکاریی واتایی، بڕوانە ئەم نموونانە:

١-کونە ( کونبوونی شتێک- لە ئاستی ڕستەدا: قاپەکە کونە )

-کوننە ( بۆ ئاو خواردنە بەکاردێت- لە ئاستی وشەدا/ فەرهەنگ: لە کوننەکە ئاوم خواردەوە )،

٢- کەلە ( کەلبوونی شتێک- لە ئاستی ڕستەدا: دیوارەکە <u>کەلە</u>. )

-کەللە( کەللەی سەر- لە ئاستی وشەدا: تۆپەکە بەر <u>کەللەی</u> یاریزانەکە کەوت. )

٣-گولە ( گولبوونی کەسێک- لە ئاستی ڕستەدا:  ئەو کابرایە گولە  )

- گوللە( گوللەی تفەنگ )،

٤- زلە( لە ئاستی سینتاکسدا: کابرایەکی زلە)

- زللە(واتە زللەلێدان – لە ئاستی وشەدا:  باوکەکە زللەی لە منداڵەکەدا )

٥- شەقە( لە ئاستی سینتاکسدا: دیوارەکە شەقە)

---

* ( محەمەدی مەحویی)، پێیوایە، لە ئەو وشانەدا، دەنگە زرەنگدەرەوییەکان ( لاییەکان ل، ڵ )، یان لووتییەکان ( ن )ئەوتۆماتیکیی جووت – دەنگیی دەردەبڕێن(مەحوی، محەمەد، ٢٠٠٨، ١٧١)، بەڵام ئەم دەنگانە جووت دەنگیی نین، چونکە جووت دەنگی لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتا، یان کۆتایی بڕگە دێن، وەک (تەڵڵ، کەمم، شەمم... تاد)،ئەم جووت دەنگییانە لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراو نین.

-شەققە (ئاستی فەرهەنگ: شەققەی باڵی کۆترەکە )

بە پێی ئەو نموونای خرانەڕوو، جووت وشەی لە جۆری (زلە-زللە) لە فەرهەنگدا نین، وەک(زللە- فەرهەنگ)، بەڵام (زلە- کابرایەکی زلە-ڕستە)( کابرا زلەکە هات-ڕستە)، (گولە- کابرا گولەکە هات-ڕستە)، لە وشە مۆرفۆژییەکانی وەک(هاووڵاتی، هاوواتا...... تاد)دا، دووبارەکردنەوەی نیمچە کۆنسنانتی (و) لە وشەکاندا دەردەکەون، لە وشەکانی (هاوواتا، هاووڵاتی ) گەڕانەوەیە بۆ ئاستی قوڵی وشەکان، بەڵام لە وشەکانی (کەللە، سوننە، زللە..... تاد) لە ئاستی رووکەشدا ڕوودەدەن و فۆنەتیکیین، چونکە بەپێی ئەو گریمانەی (Wheeler, 1979, 145-174)، جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم لە ئاستی قووڵدا لە ئەم وشانەدا بەتاڵە، بۆیە ئەم پڕکردنەوەیە لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات. لە بەرئەوەی دووبارەکردنەوەی دەنگێک، ئەگەر لە فەرهەنگیش نەبێت، بەڵام لە سینتاکسد (لێڵیی واتایی) دروست بکات، ئەوە دەبێت لە ڕێنووسدا بە دوو دەنگ(دوو پیت) بنووسرێت، ناتوانرێت(لل، نن، قق،.... تاد) لە ڕێنووسەکەدا لاببرێت، بەگشتی ئەم دیاردە دەنگییە، لە ئەم دەوروبەرییە دەنگییانەدا دەخەینەڕوو:

١-لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان( دارێژراو و لێکدراوەکان)، ڕوودەدات،( لە وشەکانی(هاوواتا، هاووڵاتی... تاد)، (وشەکان خۆیان دەنگەکانیان هاوشێوەیە) سەرەتای بڕگە لە زمانی کوردیدا نابێت بەتاڵ بێت، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا (دارێژراو و لێکدراوەکان)، ئەگەر سەرەتای بڕگەی دووەم بەتاڵ بێت، بڕگەی یەکەم، یان کۆتا دەنگی بڕگەی یەکەم دەپەرێتەوە بۆ بڕگەی دووەم، یان دەنگی کۆتا دووبارەدەبێتەوە، یان دەنگێکی گونجاو پەیدا دەبێت، بڕوانە ئەم وشانە:

١-گوڵ+او-گوڵ. ڵاو(guł. ła:w) (دووبارەبوونەوە)

٢-لووت+ەوانە-لوو. تە. وا. نە( پەڕینەوە)

3-نۆک+او- نۆ. کاو(no. ka:w) (پەڕینەوە)

4- هەنگ+وین-هەنگ. گوین(hɐŋ. gœn)( دووبارەبوونەوە)

5- بچۆ+ەوە-ب. چۆ. رە. وە(bɨ. tʃo. rə. wə)( پەیدابوون)

لە نموونەی یەکەمدا، لە بەر ئەوەی، لە وشەی(گوڵ)، ڤاوڵی (و) کورتدەردەبڕێت(چونکە لە بڕگەی(cv)دا هەمیشە ڤاوڵەکان درێژ دەردەبڕێن،لە بڕگەی (cvc)دا، ئەم وشانە (گوڵ کوڵ... تاد) لە فەرهەنگدا لە ئاستە قووڵەکە، سیمای (-دریژیی) وەردەگرن)، پێویستییان بە دەنگی کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە هەیە، دەنگی کۆتایی بڕگەی یەکەم دووبارەدەکاتەوە و لە سەرەتای بڕگەی دووەم دایدەنێت، بەڵام لە وشەی سێیەمدا(نۆکاو)، پێویستیی بە دەنگی کۆتایی نییە، چونکە کورت و درێژ دەربڕینی (ۆ)، نابێتە هۆی گۆڕینی واتا(نۆ، نۆۆ)، لە وشەی دووەمدا(لووت)، لەبەر ئەوەی دەنگی (وو) هاتووە، ئەگەر جۆری بڕگەکەش بگۆڕێت ئاساییە، بۆیە دەنگی

کۆتایی بڕگەکە بۆ سەرەتای بڕگەی دووەم دەپەڕێتەوە. لە نموونەی چوارەمدا دەنگی (گ) دووبارەدەکرێتەوە، لە نموونەی  پێنجەمدا لە ئاستی سینتاکسدا لە بەر ئەوەی بڕگە(cv)ی بە ڤاوڵ کۆتاییهاتووە، کۆتایی بڕگەی یەکەم بەتاڵە، دەنگی (ر) پەیدادەبێت (ئەمە بەراورد بکە، لە گەڵ- چوون-چوونەوە، کە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم بە جێناوەکان پڕدەکرێتەوە.

٢-لە وشە فەرهەنگییە بنەرەتییەکاندا، دەنگە زرنگدەرەوەکان، وەک(ل، ن، ڕ) لە وشە دوو بڕگەییەکان، کە بڕگەی دووەمیان بە ڤاوڵی(ە،ا،و) کۆتایی هاتووە ڕوودەدات( لە فەرهەنگدا وشە یەک بڕگەییەکان بەراورد بکە: (کول، گول، چل، زل، کەل، مل، مەل، کون، گڕ) لە گەڵ ئەو وشانەی کە دەنگی کۆتای بڕگەی یەکەم  دووبارەکراونەتەوە لە سەرەتای بڕگەی دووەمدا دانراون، وەک ( کوللە-کول. لە، گوللە-گول. لە، چللە، زللە، کەللە، مللە، مەللە، کوننە، گڕڕە))، هەروەها لە وشە عەرەبییەکانی وەک( سەللە، سککە(دەرگاکە سککەیە)، سوننە، لەففە... تاد)*  ڕوودەدەن، لە کۆنسنانتەکانی تردا(ق،ف،د... تاد) ڕوودەدات، وەک (شەققە، ماددە.... تاد).

٣- لە ئاستی سینتاکسدا، بڕوانە ئەم نموونانە:

١-زللەلێدان –(zɨl`. lə)فەرهەنگ

٢- کابرایەکی زلە. (zɨ. lɨ) ~(zɨl. lə`) (سینتاکس)

لە نموونەی یەکەمدا(زللە) لە دوو بڕگە پێکهاتووە (cv)(cvc)، دەنگی کۆتایی لە سەرەتای بڕگەی دووەمدا دانراوەتەوە، بەڵام لە نموونەی دووەمدا(زل- ز. لە~ زل. لە)، دەنگی کۆتایی دەپەڕێتەوە بۆ سەر بڕگەی دووەم(ز. لە)، یان، دەنگەکە دووبارەدەکرێتەوە (زل. لە)،  کە زمانەوانەکان پێیانوایە (زللە-فەرهەنگ) و( زللە- سینتاکس) دوو سترێسی جیاوازیان هەیە، ئەگەر ئەم گریمانەیە دروستبێت (زللە) ی فەرهەنگ و (زللە)ی سینتاکس، دەنگی کۆتایی بڕگەی دووەم دووبارەکرابێتەوە، ئەوە دەبێت دیاریکردنی سترێس  بۆ دیاریکردنی جیاکاریی واتایی بنەما بێت.

**سەرنجی توێژەر دەربارەی ڕێنووسی  ئەم دەنگانە**

ئەو دووبارەکردنەوە دەنگییانەی ( هاووڵاتی، هاوواتا... تاد)، لە فەرهەنگدا لە ئاستی قووڵدا ڕوودەدات، بەڵام لە بەر ئەوەی نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، نووسینی سەرپشکییە، دووبارەکردنەوەی لە جۆری (شەققە، زللە)، چ

---

* لە وشە عەرەبییەکانی وەک (ابراهیم -بلە-بللە) (خلیل-خللە) (محمود-مححە-خوللە)(عزیز-عەززە) (حەلاو-حەللە)(محمد-حەممە) ئەمەی کۆتا، بەراورد بکە لەگەڵ( مەم- مەممە)دا، تەنانەت لە وشە کوردییەکانی وەک (سمکۆ-سممە)(زمناکۆ-زممە)(دڵشاد-دڵڵە)،(گەلاوێژ-گەللە)،(مەریوان-مەڕڕە) (پشتیوان-پشتە-پێویستی بە دووبارەکردنەوەی دەنگەکە نییە، چونکە سەرەتای بڕگەی دووەم دەنگی (ت)ی تێدایە)، بەڵام لە ئەو ناوانەی بە ڤاوڵی (ا) کورتدەکرێنەوە وەک(سالەح-ساللە)(قادر-قاللە)(ماهر-ماللە)، تەنانەت لە ناوە کوردییەکانی وەک(ئامینە-ئاممە)(سامان-سامە)..... تاد.

لە وشە فەرهەنگییەکان،، چ لە فریز و ڕستەکان لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، لە ڕێنووسدا یاسای ڕێگەپێدان بە ئەم فۆرمانە( زللە~زلە)سەرپشکییە.

**٥-١-١/٥) دروستەی برگە بە پێی ڕێساکانی برگە**

ڕێساکانی سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان لە برگەدا (بڕوانە شیکارکردنی برگەیی )، ڕێگە بە پڕکردنەوەی سەرەتای برگە دەدات، لە پرەنسیپی( گەورەکردنی سەرەتای برگە/ (mop) دا جێکەوتەی سەرەتای برگە، نابێت بەتاڵ بێت، هەروەها بە پێی پرەنسیپی قەیدکردنی / کۆتوبەندی گشتیی(Universal constraint)، ڕێگە بە برگەی (هاتنی سەرەتا و نەهاتنی کۆتایی ) (onest-nocoda) دەدرێت، بەڵام بە پێی پرەنسیپی (سەرەوڕیزبوونی سەگمێنتەکان بەپێی زرەنگدەرەوەیی/ (ssp)، ڕێگەدەدرێت، دەنگەکان بە پێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی لە جێکەوتەی کۆتایی برگەدا بێن، ئەم سێ پرەنسیپە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی برگە لە زمانی کوردیدا دەخەنەڕوو، سەرەوڕیزبوونی سێ کۆنسنانتیی مەرجدارە بە کۆتوبەندی هاتنی کۆڵد ڤاوڵەکە (ɨ) لە زمانی کوردیدا، واتە پرۆژەی سەرەتای برگە ڕێگە بە چەپکە کۆنسنانتی(ccc)نادات، ئەم جۆرە ڕیزبوونە دەگۆڕێت بۆ برگەی (ccc→cvcc)، وەک:(زɨبڵ )( پɨرد)( وɨرد) (پرɨچ )، ( وɨرچ)(قɨرچ)(قɨنج)(مɨڵچ)، ( چɨشت)، ( خɨشت)( پɨشت) (بɨست)(گɨشت)(فɨلم)(چɨڵم)، هاتنی چوار کۆنسنانت(cccc) لە زمانی کوردیدا ڕێگەپێدراو نییە (مردن~ مɨر. دɨن)، برگە دەگۆڕێت بۆ برگەی(cccc→cv. cv)، وەک (مردن~ مɨر. دɨن)، یان دەگۆڕێت بۆ برگەی .cccc→cv) (cvcc، وەک ( درنج، برنج، درشت، بڕشت)، ئەم وشانە لە دوو برگە پێکدێن (وشەی(بɨڕɨشت) لە گەڵ (خورشت)دا لە زمانی فارسیدا بەراورد بکە!، هەروەها ( بڕشت) لە گەڵ( ڕشت، ڕشتن) بەراورد بکە!). لە پێواژۆ مۆرفۆلۆژی و سینتاکسییەکاندا، واتە لە ئاستی وشە، یان فریز و ڕستەدا، ئەگەر جێکەوتەی کۆتایی برگەی یەکەم، هیچ دەنگێکی تێدا نەبێت، هەروەها سەرەتای برگەی دووەم بەتاڵ بێت، لە ئەم بارودۆخەدا، دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت ، بۆ پڕکردنەوەی جێکەوتەی برگەی یەکەم پەیدا دەبێت، وەک (با+ەکە= بایەکە)، یان دەنگێک لە جێکەوتەی کۆتایی برگەی دووەم بۆ سەرەتای برگەی دووەم دەپەڕێتەوە، واتە دەبێت جێکەوتەی سەرەتای برگە هەمیشە دەنگێکی کۆنسنانتی تێدابێت، گۆڕانە دەنگییەکان پەیوەستن بە جێکەوتەکانی دروستەی برگە لە وشە فرە برگەییەکاندا(وشە لێکدارو و داڕێژراوەکان )، یان فریز و ڕستەکاندا، بڕوانە گۆڕان لە دروستەی برگەدا:


١-(vc+cv(c ← cv+cv پەرینەوەی دەنگی کۆتای برگەی (cvc)، (پار+ەکە~ پا. ڕە. کە)

٢- ( vc+cvc(c← cv+ cvcپەرینەوەی دەنگی کۆتای برگەی(cvcc)،(کورد+ەکە~ کور. دە. کە)

٣- vc+cv(c) پەیدابوونی دەنگێک لە سەرەتای برگەی دووەمدا ( لە بەر ئەوەی، جێکەوتەی کۆتایی برگەی یەکەم بەتاڵە)، (مامۆستا+ەکە~ مامۆستا(ی)ەکە).

٤- c +cv (v)← جێکەوتەی کۆتایی برگەی یەکەم بەتاڵە، هیچ سەگمێنتێکی تێدا نییە، بۆ ئەوەی جێکەوتەی

سەرەتای  بڕگەی دووەم پڕبکاتەوە، بۆیە ڤاوڵی بڕگەی دووەم لە ناودەچێت(واتە لە ناوچوونی پرۆژەی بڕگەیەک)، وەک (گا+ەوان~گا. وان). گۆڕان لە دروستەی بڕگەدا، دەبێتە هۆی گۆڕان لە مۆدێلی بڕگەدا، ئەم گۆڕانانە بە پڕکردنەوەی جێکەوتەی سەرەتای بڕگە دووەم، بەتاڵکردنی جێکەوتەی کۆتایی بڕگەی یەکەمەوە پەیوەستن. پرەنسیپەکانی بڕگە کردن لە زمانی کوردیدا لە ئاستی قووڵدا (بڕگەی فۆنۆلۆژیی ) لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە سێ جۆر بڕگە دەدات :١-cv. ٢-cvc. ٣-cvcc، واتە پرۆژەی سەرەتای بڕگە ڕێگە بە فراوانکردن نادات، بۆ دروستەی بڕگە لە زمانی کوردیدا، بڕوانە وێنەی (٥-٧):




دروستەی بڕگە لە زمانی کوردیدا..... وێنەی(٥-٧)

مۆرفیمە بەندەکان لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان ( دارێژراوەکان)، یان لە فریزەکاندا، ئەگەر بڕگەی سەربەخۆبن گۆڕان ڕوونادات، واتە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە بەتاڵ نەبێت، بەڵام زۆرجار مۆرفیمەکان هۆکاری گۆڕانکارین لە مۆدێلی بڕگەدا، بە تایبەتیی ئەگەر سەرەتای بڕگە لە مۆرفیمەکان بەتاڵ بێت، کە مۆدێلی بڕگە بە پێی هاتنی مۆرفیمەکان بریتییە لە:

١-لەوشە مۆرفۆلۆژییە (لێکدراوەکان ):

وشە لێکدراوەکان، ئەگەر بە بێ مۆرفیم(ناوبەند) دروستبووبن،  وەک ( سەرچنار، کوردزمان، خۆکوشتن، سێپا، دووکەرت، کانی ماران، دایە گەورە، بادرز)، گۆڕانکاریی ڕوونادات،  هەروەها بە هۆی (بە) دروستبووبێت، وەک (ژن بەژن، گوڵ بەدەم، لیوبەخەندە) ،  گۆڕانکاریی ڕوونادات، بەڵام ئەگەر مۆرفیمی (و، ە) هاتبێت، دەنگی کۆتایی لە بڕگەی(cvc,cvcc)دا دەپەڕێتەوە، چونکە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە ( لە مۆرفیمەکان) بەتاڵە، وەک (لەرزوتا، دەموچاو،ڕەشوسپی، دوورونزیک، کێوەڕەش، پیرەمێرد، پیرەژن،

کوردەبۆر... تاد)، ئەگەر جێکەوتەی کۆتایی بڕگە، لە کەرتی یەکەمی وشەکاندا بەتاڵ بێت، ئەوە مۆرفیمی (و)، وەک دەنگێکی نیمچە کۆنسانت بەرجەستە دەبێت بۆ ئەوەی کۆتایی بڕگە پڕ بکاتەوە، وەک (دۆودۆشاو، هێلکەورۆن، باوباران، کاوجۆ.... تاد).

٢- لە وشە مۆرفۆلۆژییە (دارێژراوەکان):

- ئەگەر مۆرفیمەکان بڕگەی سەربەخۆبن، گۆڕانکاریی ڕوونادات،وەک ( ئاسنگەر، سوالکەر،نالبەند، نەخشبەند، خوێندکار، کوشنچی، بەهرەدار، بیناساز، دانساز، فرۆشیار،کریار، نەخۆشخانە، خوێدان، لەوەڕگە، نیرگزەجاڕ،گوڵزار، ناندین،ڕێگا، وردکە، پووشکە، لەتکە... تاد).

-پەرینەوەی دەنگی کۆتایی بڕگەی (cvc,cvcc)، ئەگەر جێکەوتەی سەرەتا، لە دروستەی بڕگەی کەرتی دووەمدا (مۆرفیمەکان) بەتاڵ بێت، وەک(شوێنەوار، لێوار، تەختانی،سەوزایی، خۆشناوەتی،سەوزەڵان، گەنجۆ، نەسرین~ نەسیە، کەژە، خڕیلە، وردیلە، تەپۆڵکە، داسۆڵکە، جوانیی، چاکیی، دڵتەنگیی، سەربەستیی، شاخەوان، بزنەوان، کچێنی، کۆڕێنی، خزمایەتی، کوردایەتی، ڕەشایی، تەڕایی،..... تاد).

- لە ناوچوونی کرۆکی بڕگە ( لە ناوچوونی ڤاوڵەکە، لەناوچوونی بڕگەیەکە) لە مۆرفیمەکان، ئەگەر لە کەرتی یەکەمدا جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بەتاڵ بێت(بڕگەکە لە جۆری cv بێت: گا، مەلە، فرۆکە)، وەک (مەلە+ەوان~ مەلەوان، گاوان، فرۆکەوان، نامیلکە، برسی+ێتی~ برسێتی... تاد).

- پەیدابوونی دەنگێک، بۆ ئەوەی جێکەوتەی سەرەتای بڕگە(CV) پڕبکاتەوە، ئەگەر کەرتی یەکەم، بڕگەی لە جۆری (cv) بێت، وەک (پاشا+ەتی~ پاشایەتی، برایەتی، کۆتایی، واتایی، پاشایی... تاد)، یان پەیدابوونی کۆڵد ڤاوڵەکە لە دەنگە نێوان ڤاوڵییەکاندا، چونکە ڕێگە بە چەپکە کۆنسنانتی(CC) سەرەتای بڕگە نادرێت، وەک (کورد~ کوردiستان، گەرمiیان).

٣-لەفرێزەکاندا:

- پەرینەوەی دەنگی کۆتایی بڕگەی (cvc,cvcc) لە کەرتی یەکەمدا، ئەگەر جێکەوتەی سەرەتا بڕگە لە کەرتی دووەمدا(مۆرفیمەکان) بەتاڵ بێت،وەک (پیاوێک،پیاوەکە، کوردەکە، سوور و سپی، کوردی ڕۆژهەڵات، کانی ئاو)

- لە ناوچوونی کرۆکی بڕگە ( لەناوچوونی ڤاوڵەکە، لەناوچوونی بڕگەیەکە: لە مۆرفیمەکەدا)، ئەگەر لە کەرتی یەکەمدا جێکەوتەی کۆتایی بڕگە (cv)بەتاڵ بێت، وەک( پانتای(ی)~ پانتایی زەوی، پەنجەرە+ەکە~ پەنجەرەکە،شانە~ شانەکە).

-پەیدابوونی دەنگێک، بۆ ئەوەی جێکەوتەی سەرەتای بڕگە پڕبکاتەوە، ئەگەر کەرتی یەکەم، بڕگەی لە جۆری (cv) بێت، وەک (بەڕوو~ بەڕو(و)ەکە،کەڕوو~کەڕو(و)ەکە، دۆ(ی)ەک~ دۆیەک، مراوی~ مراوییەکە،پاشایەکە، دێیەکە، ئەم پاشایە، چووە+ەوە~ چووەتەوە، چووبوو+ەوە~ چووبو(و)ەوە، گەڕا~

گەڕایەوە، دۆزی~ دۆزییەوە، سێ(یـ)ەم~ سێیەم، دو(و)ەم ~ دووەم). یان پەیدابوونی  کۆڵد ڤاوڵ لە کرۆکی بڕگەدا، وەک (خوێندɨم، کوردɨم).

- پڕکردنەوەی جێکەوتەی کۆتایی بڕگەی (cv)، لە کەرتی یەکەمی فرێزەکاندا، ئەگەر مۆرفێمەکە (و،ی: وەک نیمچە کۆنسنانت بەرجەستە دەبن) بێت، وەک (با و باران، گای زل، دۆی ترش، پایەی خانووەکە،  دە و بیست، دۆ و ماست، لادێ و شار، دوو و سێ، مراوی و قاز، شایی و ئاهەنگ).

### ٢/٥) هاتنی نیمچە ڤاوڵ و ڤاوڵەکان لە دروستەی بڕگەدا

لەدروستەی بڕگەدا، پرۆژەی کرۆکی بڕگە ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی نادات، واتە لە زمانی کوردیدا جووت–ڤاوڵ لە کرۆکی بڕگەدا نایەن، بۆیە هەمیشە ڤاوڵەکان(سادەکان) لەکرۆکی بڕگەدا دێن، دەربارەی نیمچە ڤاوڵەکان لەزمانی کوردیدا ئەم دەنگانە وەک کۆنسنانتەکان هەڵسوکەوت دەکەن بۆیە لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دێن.

### ١-٢/٥) هاتنی نیمچە ڤاوڵەکان لە دروستەی بڕگەدا

ئەم دەنگانە (و،ی) لە ڕووی فۆنەتیکییەوە، سیمای ئۆرگانی ڤاوڵەکانیان هەیە، بەڵام لە ڤاوڵەکان جیاوازن، چونکە لە ڤاوڵەکان کورتتر دەردەبڕێن، لە ڕووی فۆنۆلۆژییەوە ڕۆڵی کۆنسنانتەکان دەبینن، چونکە هەرگیز لە کرۆکی بڕگەدا نایەن. لە دروستەی بڕگەدا، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا دێن هاوشێوەی کۆنسنانتەکان (Roach, 2009, 50).

### ١-١-٢/٥) هاتنی نیمچە ڤاوڵ/ کۆنسنانت لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا

سەرەوڕیزبوونی دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکانی (و،ی)، لە سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا، هاوشێوەی کۆنسنانتەکان ڕێگەپێدراون، لە بڕگەی (cv, cvc,cvcc)دا نیمچەکۆنسنانتی(و) لەگەڵ ڤاوڵی(ا، ە، ی، ێ،ɨ)دا لە سەرەتای بڕگەدا دێن، وەک (ورد، وانە، وێر،ویست، وەرین، واشە، وێنە، وێران.. تاد)، لەگەڵ ڤاولەکانی(و، ۆ، و، وو)نایەن، لە زمانی کوردیدا، بڕگەی لە جۆری (ووزە، ووژە، ووشە)* نییە، دەنگی (ی،و) لە بڕگەی(cvcc) دا لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا دەنگی یەکەم دەبن، وەک( بایز، دایس٭، خایس، پایز، دایک، دایت، تایت، تایر٭، قایر٭، سایل، نایف٭، دایح، قایش٭، ئایش، دایم٭، قایم٭، سەیر، باوک، کەوت، تاوس، سەوز، باوش، جەور). بە گشتیی دەربارەی ئەم دوو دەنگە پەیوەست بە ئەو نموونانەی لە خشتەی (٤-٥) و (٤-٦)دا نیشاندران، ئەم دەرەنجامانە دەخەینەڕوو:

١-لە ستوونی یەکەمی خشتەی(٤-٥)دا دەردەکەوێت، دەنگی (و) ی نیمچە کۆنسنانت، هەمیشە لە سەرەتای بڕگەی(cv,cvc,cvcc)دا نیمچە کۆنسنانتە و سیمای ڤاوڵی وەرناگرێت، وەک (ورد، وەرد، واشە، وێڵ، ویست، ویل، وێرد.... تاد). پێکەوەهاتنی، وەک(وɨ، وا، وە، وێ، وی) نابنە جووت دەنگیی، چونکە سەرەتای بڕگە لە زمانی کوردیدا بەتاڵ نییە. دەربارەی نیمچە کۆنسنانتی (ی) لە ستوونی یەکەمی خشتەی (٤-٦)، دەنگی (ی) لە

---

* ئەورەحمانی حاجی مارف ئەم دەنگانە لە ئەم وشانەدا، بە ئەمشێوەیە دەخاتەڕوو(دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت (و)+ دەنگێکی ڤاوڵ(و) )، بەڵام هەندێک زمانەوانی تر باس لە کۆڵد ڤاوڵەکە دەکەن، واتە (وɨزە، وɨشە)، ئەگەر لە قۆناغێکدا لە زمانی کوردیدا لە شێوەی (ووشە) گۆکرابێت، لە ئێستادا بە ئەو شێوەیە گۆناکرێت. لە هەولێردا لە سەر تابلۆی شوێنە بازرگانییەکاندا ئەو وشانە بە ئەمشێوەیە دەنووسرێن ( ووشە، ووزە).

سەرەتای بڕگەدا سیمای نیمچە کۆنسنانتی هەیە، واتە نیمچە کۆنسنانتی (و) و(ی) لە سەرەتای بڕگەدا دەنگی یەکەمن، وەک(وازی، یاری، یاد، وەرە، وەرد، یەخە، وێرد، وێڵ.... تاد)، کرۆکی بڕگە ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی(vv)نادات.

٢-لەستوونی دووەمی خشتەی (٤-٥)(٤-٦)دا دەردەکەوێت، کە دەنگی (و) نیمچە کۆنسنانت، لە کۆتایی بڕگەدا دەنگی یەکەمە، لە بڕگەی (cvcc)دا، هەمیشە سیمای کۆنسنانتی خۆی لەدەستنادات، وەک( باوک، ناوک... تاد)، ناکرێت، لە ئەم وشە و بڕگانەدا دیفتۆنگ / جووت ڤاوڵ بن، چونکە ڤاوڵی(a)ی ئەم بڕگانە (کاولkawl، باوک-bawk)کورت دەردەبڕێن، هەروەها لە (دایکdayk)دا بە هەمانشێوە، ڤاوڵی (a)کورت دەردەبڕێت، پێکهاتەی دەنگە دیفتۆنگەکان/ جووت ڤاوڵەکان، بریتین لە ڤاوڵێکی کورت و ڤاوڵێکی درێژ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت، ئەم دەنگانە دیفتۆنگ /جووت ڤاوڵ نین.

٣-لە ستوونی دووەمی خشتەی (٥-٥) (٥-٦)دا لە بڕگەی (cvc)دا سیمای نیمچە کۆنسنانتی لەدەستنادات، چونکە لە هەندێک بارودۆخدا، هەرچەندە ڤاوڵەکانی، وەک (ی، ۆ، ێ، ا ) درێژ دەردەبڕین، وەک(، لێێو، دێێو، دییو، نییو، زییو، گۆۆی، چااو، ئااو، دااو، نااى)، بەڵام لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا، دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکە دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی دووەم، بۆ ئەوەی، جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم پڕبکاتەوە، وەک (خەو- خەواندن-خە. واندن، شەو-شەوە، ئەو-ئەوان، ئاو-ئاوەدان، لاو-لاوان، زیو-زیوی، خێو-خێوەت، لێو- لێوان)، لە ئاستی فرێزدا، وەک (، ئاو- ئاوێک، زیو- زیوەکە، نەی -نەیەک-نە. یەک، نای-نایەک-نا. یەک) واتە هەمیشە دەنگی (و) یان (ی) نیمچە کۆنسنانت لە زمانەکەدا، وەک کۆنسنانتە تەقاوە و خشۆک و زرنگدەرەوەییەکان هەڵسوکەوت دەکەن. هەندێک زمانەوان گریمانەی ئەوە دەکەن، کە دەنگەکانی (او -au، وەک (ئاو)، یو-iu، وەک (دیو)، یۆوeo، وەک(خێو)، ەی-əi، وەک نەی، ای-ai، وەک نای )، هەندێکجار وەک دەنگێکی دیفتۆنگ / جووت ڤاوڵی هەڵسوکەوت بکەن، واتە یاسای دوو پەلکیی لە کرۆکی بڕگەدا، ڕێگە بە هاتنی نیمچە کۆنسنتانی (و،ی) دەدات، بچنە کرۆکیی بڕگەوە، ئەمەش لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، ئەم جۆرە بڕگەیە بڕگەی فۆنەتیکین.

٤- پێکەوە هاتنی نیمچە کۆنسنانتی (و) لە گەڵ ڤاوڵەکانی(و، ۆ، وو)دا لە ئاستی فەرهەنگدا ڕێگەپێدراو نین(جگەلە تۆو). نیمچە کۆنسنانتی (ی)، لە گەڵ ڤاوڵەکانی (ɨ، ی، ێ)دا (جگە لە هاتنی (ی+ی مۆرفێم): کۆتایی، واتایی)، لە ئاستی فەرهەنگدا ڕێگەپێدراو نین، بەڵام لە ئاستی سینتاکسدا ( چوو+وە) (بوو+ووە)،(دوو و سێ)، (دۆ و دۆشاو)، (لەکوێ+یت)( تۆ کێیت)( ماسی+ی~ ماسیی سوور)ڕێگەپێدراون، دەربارەی سەرەوڕیزبوونی دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکان لە دروستەی بڕگەدا، بڕوانە خشتەی (٥-٥)، (٥-٦):

| له سەرەتای برگەی(CV, CVC, CVCC) دێت | لەکۆتای برگەی(CVC, CVCC) دێت( کۆتایی برگەی (CVCC) دەنگی یەکەمە) |
|---|---|
| ١-و+ بزرۆکە-(Wi)/<br>-برگەی (CV):وتە، وشە، وزە، وژە، وچان، ورێنە، وجاخ.<br>- برگەی (CVC):وس(وسکی)، وش(وشکانی)، وڕ، ون(ونبوون)<br>- برگەی (CVCC): ورگ، ورچ ، ورد، وشک. | ١- پێچەوانە ریزبوون بزرۆکە+و/<br>-برگەی (CVC):.........<br>-برگەی (CVCC):........ |
| ٢- و+ە-(Wə)/<br>-برگەی (CV): وەچە، وەرە، وەشان، وەڕین، وەرین، وەتەن، وەک<br>- برگەی (CVC): وەخ، وەن، وەک<br>- برگەی (CVCC):وەرد، وەشت*، وەخت، وەرز، وەڕس، وەزع*، وەسف* ، وەند(ئەڵوەند)، وەهم*، وەسف*، وەلف* . | ٢- پێچەوانە ریزبوون : ە+و-(əW)/<br>- برگەی (CVC): جەو*، چەو، کەو ، ئەو، شەو، خەو، حەو (حەوشە)، گەو(گەورە).<br>- برگەی (CVCC):جەوت، چەوت، زەوت، فەوت، کەوت، حەوت، خەوت، ئەوت، چەور، گەوڕ، دەور*، تەور، جەور، هەور، کەوش، خەوش، ڕەوش، سەوز، گەوج، مەوج . |
| ٣-و+ا- (Wa)/<br>-برگەی (CV):وازی، وا(واقەواق)، واشە(وا.شە)، وانە، ساوا، داوا، ئاوا)<br>- برگەی (CVC): واقەواق، وان ، وار (شوێنەوار)،<br>- برگەی (CVCC): واست* | ٣- ا+و(aW/a:W)/<br>- برگەی (CVC): چاو، ئاو، خاو، فاو*، باو، تاو، داو، قاو، هاو(هات)، ناو، راو، لاو.<br>- برگەی (CVCC):ناوک ، باوک، چاوگ، لاوک، کاول، کاوڕ*(بەرخ) ، ڤاوڵ*، ڤاول، باوش، چاوش |
| ٤-و+ی- (Wi/Wi:)/<br>-برگەی (CV): وی(مراوی)، ڕقاویی<br>- برگەی (CVC): ویل*، ویژدان(ویژ.دان)<br>- برگەی (CVCC):ویست، پێویست | ی+و-(iW/i:W)/<br>- برگەی (CVC): دیو، شیو، زیو، پیو، نیو، گەنیو، چەتیو، بەزیو، هەتیو، ڕچیو،<br>- برگەی (CVCC):......................... |
| ٥-و+ێ- (We)/<br>-برگەی (CV): وێنە ، وێنا، وێران، وێژە، وێرانە، بلوێر(بل.وێر)،<br>- برگەی (CVC): وێر، وێڵ، وێزگە، هەوێن،مقەرەوێڵە(قەرەوێڵ.لە)، داوێن، ساوێن<br>- برگەی (CVCC):وێرد | ٥- ێ+و_(eW)/<br>- برگەی (CVC): جنێو، خێو، لێو، سێو، دێو، مێو، نێو ، شێو، نشێو، پەشێو،<br>- برگەی (CVCC):......................... |
| ٦-و+ (و)ی ڤاول(wu~wu:):لە سینتاکسدا لە پێکهاتەی فرێزدا دێت: ئاو و ئاگر (ʔa:w)-(ʔa.wu~ʔawu: | ٦- پێچەوانە ریزبوونی(ۆ+و) -(ɔW)، وەک (تۆو)، یان (وو+و)-(U:W)لە سینتاکسدا لە پێکهاتەی فرێزدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام دەبێتە هۆی کورتەبڕینی ڤاوڵەکە (وو~و)، وەک (بەڕوو و گوێز (bə.ru:)-(bə.ruw~bə.ru:w)( |

نیمچە کۆنسنانتی (و) لە دروستەی برگەدا........... خشتەی(٥-٥)

| له سەرەتای برگەی(cv, cvc, cvcc) | لەکۆتای برگەی(cvc, cvcc) |
|---|---|
| ١-ی+ɨ/<br>یڵخە. | ١-................................... |
| ٢- ی+ە-(yɔ)/<br>-برگەی (cv): یەکەم، یەخە(یەقە)، یەدە*، سایە، مایە(سەرمایە)، کایە، دیە(دی.یە)، لایە(لایەلایە)، پایە، دایە، تایە*<br>- برگەی (cvc): یەع، یەک، دایەن، یەزدان، رایەل، زایەل، یەخچال*، یەخدان، دایەنگە، یەڵدا<br>- برگەی (cvcc):یەخت* | ٢- پێچەوانە ریزبوون : ە+ی-(əy)/<br>- برگەی (cvc): کەی، حەی، نەی، مەی، قەیرە،پەی(پەیوەندی، پەیوەند).<br>- برگەی (cvcc): کەیس*، تەیر* ، سەیر، |
| ٣-ی+ا-(ya:~ya)/<br>-برگەی (cv): یاری، یاریگە، یاخی، یاسین، یانە، یاوەر<br>- برگەی (cvc): یاد، یار، خەیار، یاڵ، یارسان، کەویار، شنیار، فرۆشیار، مسیار*، بریار، کریار<br>- برگەی (cvcc): | ٣- ا+ی_(a:y/ay)/<br>- برگەی (cvc): وای، ئای، وایفای*، نای<br>- برگەی (cvcc):دایک، قایل*، دایت*لایک*، مایک*، خایس*، دایس*، بایس، پایز، بایز، دایم*، ئایش، قایش، ماین، زاین |
| ٤-ی+ۆ – (yo)~(yɔ)/<br>-برگەی (cv): یۆگا*، یۆنان ~ وێنان، رادیۆ~ رادوێ، ملیۆن~ ملوێن گیۆ(گیۆموکریانی)(gi.yo~gi.yo: )<br>- برگەی (cvc):یۆد*<br>- برگەی (cvcc):............... | ٤- ۆ+ی-(oy)~ (ɔy)/<br>- برگەی (cvc): گۆی(گۆی زەوی)، خۆی(خۆ+ی)، کۆی(کۆ+ی)، لەئاستی سینتاکسدا(دۆی، تۆی، جۆی، چۆی)، دۆینە(دۆی.نە)*<br>ئەم دەنگە بەراورد بکە لە گەڵ دەنگی(ö-ۆی) لە زمانی تورکییدا، هەروەها لە زمانی ئەڵمانییدا دیفتۆنگە(ɔy)، وەک (heute-today) |
| ٥-ی+و-(yu~yu:)/<br>-برگەی (cv): لە سینتاکسدا لە پێکهاتەی فرێزدا رێگەپێدراوە ( نای و گیتار)(na:y-na.yu~nayu:)<br>- برگەی (cvc): ..................<br>- برگەی (cvcc): یوسف*~ ویسف، یونس~ وینس | ٥-( و ) ڤاول+ی-(u:y)/<br>- برگەی (cvc): لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدات، لە فرێزەکاندا( شووی، تووی، مووی...تاد).<br>- برگەی (cvcc): لە ئاستی سینتاکسدا ڕوودەدات (چوو+یت-چوویت، بوویت). |
| ٦- ی+(ی) ڤاول(yi):<br>١-(cv): بایی(ba.yi)، شایی( ʃa:.yi~ʃa:.yi:) | ٦-(ێ+ی):<br>لەئاستی سینتاکسدا رێگەپێدراوە(لەکوێ+یت)، هەروەها(کێ+یت-کێیت) |

نیمچە کۆنسنانتی (ی) لە دروستەی برگەدا...... خشتەی(٥-٦)

**٢/٥-١-٢) دەنگی (و/w/) لە چەپکە کۆنسانتی سەرەتای بڕگەدا**

دەنگی (و)ی نیمچە کۆنسنانت لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا، دەبێتە دەنگی دووەم دەنگێکی نەرمەمەڵاشوویە، لەگەڵ کۆنسنانتە تەقاوەو خشۆکەکاندا دێت. لەگەڵ دەنگە مەڵاشوویە تەقاوەکان (ش)و(خ) و خشۆکەکان (ک)، (گ)دا چالاکترە، لەگەڵ دەنگە زمانە بچکۆلەییەکە (ق) و دەنگە قوڕگیی وگەروویەکان(ع، ح، ک، ه)*دا نایەت، بڕوانە خشتەی(٥-٧، a,b). دەنگی نیمچە کۆنسنانتی (و)، کە لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا لە گەڵ ڤاوڵی(ا) دێت، ئەم چەپکە کۆنسنانتە لە سەرەتای بڕگەدا، پێدەچێت، لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە لە زمانی کوردیدا پەیدابووبێت (خودا~خوا، خارن~ خوارن، گوهان~ گوان، گوهارە~گوارە... تاد)، واتە ئەم مۆدیلانەی بڕگە(ccv, ccvc, ccvcc)، بڕگەی فۆنەتیکیین. هەندێک لە ئەو دەرەنجامانە پەیوەست بە ئەو نموونانەی لە خشتەی (٥-٧، a,b) خراونەتەڕوو، گریمانەی نەبوونی ئەم جۆرە بڕگانە لە زمانی کوردیدا دەخەینەڕوو:

- ئەم دەنگە نیمچە کۆنسنانتە لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا، بە تەنها لە گەڵ ڤاوڵی (ا،ی،ێ) ڕێگەپێدراوە، کە دەنگی نیمچە کۆنسنانت لە گەڵ ڤاوڵی (ا)دا، تووشی کرتاندن دەبێت، یان بە پێچەوانەوە ڕەنگە لە زمانەکەدا پەیدا بووبێت(گریمانەی ئەوە دەکەین، کە کرمانجی ژووروو لە ئاستی قووڵەوە نزیکتر بێت، بۆیە لە زمانی کوردیدا ئەم دەنگە پەیدابووە)، وەک( چوار-چار، خواردن~خارن، خواستن~خاستن، )، یان هەردوو دەنگەکە بۆ دەنگێکی تر (وا~ وی/ü )دەگۆڕێن، وەک (سوان-سوین، دوان-دوین)، لە وشەکانی تردا گۆڕینی دەنگی (و) بۆ (ڤ)ی نیمچە کۆنسنانت، گریمانەی کۆنسنانت بوونی ئەم دەنگە دەسەلمێنێت، کە بە هۆی گۆڕانی دەنگییەوە پەیدابووە، دەربارەی (ک. ژ)، بڕوانە ئەم وشانە (جوێن~جڤین، جوێندان~ جڤیندان، کوێستان~کیستان، کوێ~ کیڤا، گوێز~گیز، هەنگوین~ هەنگڤین، کوێر~ کورە).

- لە گەڵ ڤاوڵی (ێ)، (ی) دا، هەردوو دەنگەکە (و) و(ێ) بۆ دەنگێکی تر دەگۆڕێن (وێ~ وێ/œ)، (وی~وی/ü)، وەک( خوێن/ xwen~ خوێن/ xœn)، هەروەها(هەنگوین/həngwin ~ هەنگوین / həngün)، هەروەها لە گەڵ ڤاوڵەکانی تردا، ئەڵتەرناسیۆنی (وێ~ ۆ)، (وێ~وو)،(وێ~ی) ڕوودەدات، وەک( کوێر -کۆر، کوور)، (دوێنێ~ دوونێ)، (جوێن~ جوون)،( گوێز~گیز)، ( هەنگوین~ هەنگین)، (خوێن~خوون، خێن).... تاد، (بڕوانە خشتەی (٥-٧)). هەندێکجار ئەم دوو دەنگە تووشی جێگۆرگێ دەبن، وەک ( جوێن -جنێو)،* کە

---

* بڕوانە وشەی (هوانە) (هوا. نە )، کە لە ئەم حاڵەتەدا هاتوە.

* لە ئەکسینتی گەرمیاندا جێگۆرکێی دەنگیی، وەک ( وێڵ -یۆڵ، وێر-یۆر، وێران-یۆران) ڕوودەدات، واتە لە ئەکسینتی گەرمیاندا پێکەوەهاتنی (یۆ) لە (وێ) بەربڵاوترە، هەروەها هەندێکجار پەیوەندیی نییە بە بەکارهێنەرانی زمانەکەوە، پەیوەست

له چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا دەنگی (و) نامێنێت.

–ئەم چەپکە کۆنسنانتە لە زمانی کوردیدا، لە هەندێک وشەدا ڕێگەپێدراو نییە، زۆرجار لە شێوەی دوو بڕگەدا دەردەبڕێن، وەک (ڕوەک~ ڕ. وەک). لە ئەکسێنتی گەرمیاندا، وشەکانی (شوان~ش ɨ. وان، جوان~ج ɨ. وان... تاد)، لەشێوەی دوو بڕگەدا دەردەبڕێن، واتە کۆڵد ڤاوڵەکە ڕێگە بە ئەم چەپکە کۆنسنانتە نادات. دەربارەی هاتنی دەنگی(و)ی نیمچە کۆنسنانت لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا، بڕوانە خشتەی(٥-a,b/٧):

---

بە ئەکسێنت و دیالێکتی جیاوازەوە، بەڵکو لە بەرئەوەی، هەردوو ڕیزبوونەکە لە زمانەکەدا ڕیگەپیدراوە، ئەم جێگۆرکێیە ڕوودەدات، وەک ( یۆنان– وێنان ، هەمبەر بە وێنە، وێنا، وێران)، پێکەوەهاتنی (و)ی نیمچە کۆنسنانت + ێ بڵاوترە لە زمانی کوردیدا)، مەرج نییە ئەم جێگۆرکییە دەنگییانە هەمیشە بە دیالێکتی جیاوازەوە پەیوەست بن، یان ئاستی رۆشنبیریی بەکارهێنەرانی زمانەکە.

| دەنگەتەقاوەکان+نیمچەکۆنسنانتی(و) | هاتنی لە گەڵ ڤاوڵی(ا)دا | هاتنی لە گەڵ ڤاوڵی (ی، یٚ)دا |
|---|---|---|
| ١-ب | بوار | بوێر |
| ٢-پ | .......... | ............ |
| ٣-د | دوان~ دوین | دوێنیٚ~ دوونیٚ(ویٚ)(ئە.هـ) (ویٚ~ وو) |
| ٤-ت | توانا، توانج | |
| ٥- ج | جوان~جڤان | جوێن~جوون(ویٚ)(ئە.هـ)(ویٚ~وو) |
| ٦-چ | چوار~چار~ چڤار | |
| ٧-ک | کوا | کوێستان~چێستان (ئە.هـ) (ویٚ~ یٚ)<br>کویٚ ~چیٚ (ئە.هـ)(ویٚ~یٚ)<br>کوێر~کۆر ~ کوور(ئە.هـ ئە.گ) (ویٚ~ۆ) |
| ٨-گ | گوان~گوهان،<br>گوارە~گوهارە(ک.ژ)،<br>گۆشارە~گوێشوارە(ئە،گ) | گوێز~جیز،گویٚ~جیٚ(ئە،هـ)(ویٚ~ی)(ویٚ~یٚ)<br>گوێنی~ گوونی (ئە.گ) (ویٚ~وو)<br>هەنگوین~ هەنگین (ئە.هـ)(وی~ی) |
| ٩-ق | .......... | ...................... |
| ١٠-هەمزە | ........... | ...................... |

دەنگی(و/w)لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا....... خشتەی(٥-a،٧)

| دەنگەخشۆکییەکان+ نیمچەکۆنسنانت(و) | هاتنی لەگەڵ ڤاوڵی(ا)دا | هاتنی لە گەڵ ڤاوڵی (ی)،(ێ) دا |
|---|---|---|
| ١-ف، ڤ | ............. | |
| ٢-س | سوان~ سوین، سوار~ سڤار، سواق، سواقدان، دوو سواقە | سوێند~ سووند (ئە.هـ)(وێ~وو)<br>سوێر~سوور (ئە.هـ)(وێ~ وو) |
| ٢-ز | زویر | |
| ٤-ش | شوان~شڤان | شوێن~ شوون(ئە.هـ) (وێ~وو) |
| ٥-ژ | ژوان~ ژڤان | |
| ٦-خ | خوا~خودا،خوار~خار، خواردن~خارن، خوان، خواستن~خاستن<br>خواستم~ خاستم | خوێ~ خێ(ئە.هـ) (وێ~ێ)<br>خوێدان~ خیدان، (ئە.هـ)(وێ~ی)<br>خوێن~خین~ خوون(وێ~ی~وو)<br>خوێندن~ ~خیندن~ خووندن~خاندن (وێ~ی~وو~ا) |
| ٧-غ، ع، ح | ........ | ..... |
| ٨-هـ | هوانە | ...... |
| ٩-ن، ڕ،ل،ر،م | موان، ڕواندن، نواندن، ڕوەک* | نوێ~ نوو، نوێن |

دەنگی(و/w) لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا....... خشتەی(٥-b،٧)

### ٢/٥-١-٣) دەنگی(ی/y) لە چەپکە کۆنسانتی سەرەتای بڕگەدا

نیمچە کۆنسنانتی(ی)لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا، دەنگی دووەمە و لە گەڵ ڤاوڵی (ا)دا(لە وشەی (دیە) دا، وا دێتە پێشچاو، کە لە گەڵ ڤاوڵی (ە) دا هاتوە، بەڵام ئەم وشەیە( دیە) دوو بڕگەیە (دی. یە- .di yə)، لە گەڵ ڤاوڵەکانی تردا نایەت، سیمای نیمچە کۆنسنانتی لە دەستنادات، وەک( گیان، جیا... تاد). هەروەها

دەنگە نەرمەمەڵاشووییەکانی وەک (ک، گ، خ) لە گەڵ نیمچە کۆنسنانتی (ی) دا دێن و بە رەقەمەڵاشوویی دەکرێن، وەک (گ`یا~ گیا، ک`یا~کیا، خ`یام~ خیام). هاتنی نیمچە کۆنسنانتی (و) لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا وەک دەنگی دووەم چالاکترە لە هاتنی نیمچە کۆنسنانتی ( ی). لە گەڵ دەنگە زرنگدەرەوەییەکاندا دێت، بەڵام چالاک نییە وەک( نیان لە (نەرموونیان~نەرمونیان)، نیاز، ڕیا*، لیا*)، ئەمجۆرە بڕگانە زۆرجار لە شێوەی دوو بڕگەیدا دەردەبڕێن( لە هەندێک دیالێکت و ئەکسێنتدا)، وەک(گیا~ گɨ یا، جیا~جɨیا..... تاد)، پێدەچێت، لە ئەنجامی کرتاندنی کۆڵد ڤاوڵەکە لە زماندا ئەم چەپکە کۆنسنانتە لە سەرەتای بڕگەدا دروستبووبێت، بۆ سەرەوڕیزبوونی دەنگی(ی/y/)، بڕوانە خشتەی(٥-٨):

| دەنگەتەقاوەکان+ نیمچەکۆنسنانتی(ی) | لە گەڵ ڤاوڵی(ا) | دەنگەخشۆکییەکان+ نیمچەکۆنسنانت(و) | لە گەڵ ڤاوڵی(ا)دا |
|---|---|---|---|
| ب، پ | بیارە،پیاز، پیاو | ف،ڤ | ڤیان، |
| د، ت | دیار، دیاری | س،ز | سیان،سیا*، سیار، زیان |
| ج،چ | جیا، جیاواز، چیا، چیاڤان | ش، ژ | شیاو، ژیار، ژیار،ژیا |
| ک، گ | کیا*، کیان*، گیا، گیان | خ | خیام، خیابان |
| ق | .......... | غ،ع،ح | ........... |
| هەمزە | ........... | هـ | هیام* |

دەنگی (ی/) لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا.......... خشتەی(٥-٨)

**سەرنجی توێژەر دەربارەی بڕگەی(ccv)(ccvc)(ccvcc) و چەپکە کۆنسنانتی سەرەتا:**

لە زمانی کوردیدا، نیمچە کۆنسنانتی (و)و(ی)، بە تەنها لە گەڵ ڤاوڵی (ا)دا لە چەند وشەیەکی دیاریکراودا(گیا، گیان، خوا، خوان، خوارد.... تاد) ڕێگەپێدراون، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجیی ژوورو و ناوەڕاست ئەم وشانە ڕێگە بە چەپکە کۆنسنانت نادەن( ئەم وشانە بەراورد بکە خوارد-خار-وارد!)، ڕەنگە لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە پەیدابووبێتن ( خوا~خودا-:xu. da)، لە (ئە. گەرمیان)دا، هەندێک لە ئەو وشانە لە شێوەی دوو بڕگەیی بەرجەستە دەبن (شوان-ʃɨ. wa:n~ʃwa:n) ، (جوان- ʤɨ. wa:n ~ʤwa:n)(گیان-gya:n~gɨ. ya:n)، بە تایبەتی لە وشەی (جوان)و(شوان)، کە بۆ ناوی مرۆڤ بە کاردەهێنرێن، بە ئاشکرا دەردەکەوێت، کە ئەم وشانە دوو بڕگەن، ئەمەش گریمانەی نەبوونی چەپکە کۆنسنانتی سەرەتا لە زمانی کوردیدا دەخاتەڕوو، بە تەنها ڕێگە بە سێ جۆر بڕگە دەدرێت (cv)(cvc)(cvcc)، دەربارەی چەپکە کۆنسنانت لە گەڵ ڤاوڵی(ی، ێ)دا، پێدەچێت لە زمانی کوردیدا لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە دروستبووبێت، وەک (خوون~خوێن، سوور~سوێر، هەنگین~ هەنگوین...... تاد).

**٢/٥-٢) هاتنی جووت -ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا**

هەندێک زمانەوان پێیانوایە، بە خستنەڕووی ئەو بڕگانەی، کە نیمچە کۆنسنانتی(و) و(ی)یان تێدایە، ئەگەری پەیدابوونی جووت ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیدا زیاتر دەکات، واتە پرۆژەی کرۆکی بڕگە لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی (vv) دەدات. بەراوردکردنی دیفتۆنگ لە زمانی کوردیی و ئینگلیزییدا، بنەمایەکی یەکلاکەرەوەیە بۆ بوونی ئەو گریمانەیە، یان بە پێچەوانەوە نەبوونی ئەو گریمانەیە دەخەینەڕوو، بڕوانە خشتەی(٥-٩):

| زمانی ئینگلیزی | زمانی کوردی |
|---|---|
| ١-(ei) بریتییە لە(ە+یی)- (e+i:): day, stay, play, may | ١-ە+ی: دەی، کەی، بەی، نەی، مەی...تاد، دەنگی(ی) لە کوردیدا نیمچە کۆنسنانتە هەمیشە کورت دەردەبڕێت، (مەی) لە گەڵ (may~mai:) بەراورد بکە! |
| ٢-(ai)بریتییە لە (ا+یی)-( æ+i:): like, nice, whay, bike | ٢-ا+ی:نای، ئای، وای، دای، دایک، (وای ) لە گەڵ (whay~ wai:) بەراورد بکە! |
| ٣-(ɔi ) بریتییە لە (ۆۆ+یی)- (ɔ+i:): Joy, boy, oil, noisy | ٣-ۆ+ی: ئۆی، دۆی(دۆینە) لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان و لە ئاستی سینتاکسدا(کۆی، دۆی، بۆی، جۆی...تاد)، (بۆی) لە گەڵ (boy) بەراورد بکە! |
| ٤-(oʊ) بریتییە لە (ە+(و)ی ڤاوڵ): Show, row, know, close | ٤-ە+و:کەو، شەو، خەو، ڕەو، چەو، (شەو) لە گەڵ (show) بەراورد بکە! دەنگی(و)خشە و خشپەیەکی تێدایە، نیمچە کۆنسنانتە. |
| ٥-(aʊ) بریتییە لە دەنگی(ا+(و)ی ڤاوڵ): Cow, bow, down | ٥-ا+و: ئاو، ناو، خاو، باو، داو، (باو) لە گەڵ (bow) بەراورد بکە! دەنگی(و)خشە و خشپەیەکی تێدایە، نیمچە کۆنسنانتە. |
| ٦-(ju:)بریتییە لە (ی+ وو): Use, duty, few, new, cue, cuit | ٦-((یی)+و):نییو، دییو، زییو، شییو، (نیو) لە گەڵ(new) بەراورد بکە! |
| ٧-(iə) بریتییە لە((ی) ڤاوڵ+ە): Near, here, ear, dear | ٧-(ی+ە):دییە(دی.یە)، دایە، کایە، لە سەرەتای بڕگەدا دێت، بڕگە لە زمانی کوردییدا بە ڤاوڵ دەستپێناکات، (دییە) لە گەڵ(dear-دیە) بەراورد بکە! |
| ٨-( ʊə) بریتییە لە ((و)ی ڤاوڵ +و): Poor, doer, sure | ٨-(و+ە):وەرە، شەوە، کەوە،لە سەرەتای بڕگەدا دێت، بڕگە لە زمانی کوردییدا بەڤاوڵ دەستپێناکات. |

بەراوردکردنی جووت-ڤاوڵەکان لە زمانی کوردیی و ئینگلیزیدا.... خشتەی(٥-٩)

له زمانی ئینگلیزیی و زۆربەی زمانەکاندا، دیفتۆنگ بە هاتنی دوو دەنگی ڤاوڵ له کرۆکی بڕگەدا دروستدەبێت، ئەگەر گریمانەی ئەوە بکرێت، که دەنگەکانی زمانی کوردیی دیفتۆنگن، ئەوە له ڕووی ئەکەوستیکییەوە له دیفتۆنگەکانی زمانی ئینگلیزیی جیاوازن، چونکه له ڤاوڵێک و دەنگێکی نیمچە کۆنسنانت دروستبوون، واته دەنگە نیمچە کۆنسنانتەکه له کرۆکی بڕگەدا نایەت، دەبارەی جووت ڤاوڵی (ەی(نەی)، ای(نای)،ۆی(دۆی)،،یو(زیو)، له زمانی ئینگلیزیدا دەنگی دووەم له ئەم بڕگانەدا ڤاوڵێکی درێژن ( نەیی، نایی، دۆیی، زیوو)، که هەردوو ڤاوڵەکه له کرۆکی بڕگەدا دێن، بەڵام له زمانی کوردیدا دەنگی دووەم درێژ دەرنابرێت، بەڵکو بریتییه له نیمچە کۆنسنانت. له دەنگی (ەو، او) له زمانی ئینگلیزیدا ڤاوڵی دووەم درێژ دەرنابرێت، بۆیه زمانەوانەکان ئەگەری پەیدابوونی ئەم دیفتۆنگانه له زمانی کوردیدا دەخەنەڕوو، بەڵام ئەم گریمانەیه دروست نییه، چونکه له وشەی(شەو) هەست بە خشاندنیک دەکریت له دەنگی(و)دا جیاوازە له دەربڕینی دەنگی (و) له وشەی (show–شەو)له زمانی ئینگلیزیدا، چونکه دەنگی(و) له (show)ڤاوڵە. دەربارەی جووت– ڤاوڵی (یە،وە) له زمانی کوردیدا ئەم پێکەوەهاتنه له سەرەتای بڕگەدا دێت (یەخە، وەرە)، واته دەنگی یەکەمیان نیمچە کۆنسنانته و جووت دەنگیی نین، دەربارەی ئەگەری هاتنی جووت– ڤاوڵەکان له زمانی کوردیدا، بەراورد بە زمانی ئینگلیزیی زۆر لاوازە، بڕوانه خشتەی (٥–١٠):

| پێکەوەهاتنی( نیمچە کۆنسنانت+ڤاول) | پێچەوانە ریزبوون(ڤاول+ نیمچە کۆنسنانت) |
|---|---|
| ١–یە –ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(یەخە) | ١–ەیی– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(نەی) |
| ٢–یا– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە | ٢–ایی– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(نای) |
| ٣–یۆ– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە | ٣–ۆیی– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(ئۆی) |
| ٤–یو– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە | ٤–وی– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە |
| ٥–وە– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(وەرە) | ٥–ەو – ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(شەو) |
| ٦–وا– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە | ٦–او– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە (ئاو) |
| ٧– وی– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە | ٧– یوو– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ هەیە(زیو) |
| ٨–وێ– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە | ٨–یۆ– ئەگەری دروستبوونی دیفتۆنگ نییە(دیۆ) |

ئەگەری هاتنی جووت- ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا..... خشتەی (٥-١٠)

لە بڕگەی(cvc)دا کۆتایی بڕگە (ی، و) ی نیمچە کۆنسنانت بێت، لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان و فریزەکاندا، دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی دوای خۆی(چاوەزار)،چاوێلکە، (چاوەسەوزەکە)، (چاوی سەوز)، (چاو و لووت)، (چاو-چاوەکە)، (نای-نایەکە)، (نایەباشەکە)، (نایی مۆزیکژەنەکە)، (نای و کەمان)........... تاد، ئەمەش بە تەواوی گریمانەی بە جووت-ڤاولّی و یاسای دوو پەلکیی لە زمانی کوردیدا دەسرێتەوە.

**٣-٢/٥) هاتنی ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا**

لە زمانی ئینگلیزیی و ئەڵمانیدا، بڕگەکان بێ قورسایی دەردەبڕێن، لە بڕگەی بێهێزدا ڤاوڵەکان کورت، یان خاو دەردەبڕێن(شڤا ڤاوڵ)، هەروەها لە زمانی کوردییدا، بڕگەکان قورسایی سەرەکیی و لاوەکیی لە جێگە و جێکەوتە جیاوازەکانی ناو وشەدا وەردەگرن، واتە ئەگەر دەنگێک لە بڕگەیەکی بەهێزدا ڤاوڵەکەی درێژ دەربببڕێت(بڕگەی کۆتایی وشە)، ئەوە لە بڕگەکانی تردا، کەمێک کورتتر دەردەبڕێت، بەڵام هێشتا هێندەی ئەو وشانەی زمانەوانەکان پێیانوایە، کە لە فەرهەنگدا بێ قورسایی تۆمارکراون (خورم، قوڕ*، دوربین.... تاد) کورت دەرنابڕێن، کورت و درێژیی ڤاوڵەکانی (ا، ێ، ۆ) * و خاویی ڤاولّی(ە) *لە پێڕەوی فۆنۆلۆژی

---

* زمانەوانەکان پێیانوایە، کە ئەم وشانە لە فەرهەنگدا، بە بێ هێز تۆمارکراون( قوڕ، خوڕ، کوڕ)، ( لە بڕگەی (cvc) ی بێهێزدا و لە وشە مۆرفۆلۆژییە دارێژراوەکاندا (پییس-پیسکە)، (شیین-شینکە)، (بییر-بیرگە) کورتدەردەبڕێن)، درێژ دەربڕینی دەنگی (و) لە بارێکی جیگیردا نییە، بۆ نموونە لەوشە دارێژراوەکان(هەڵگوێزراوەکان) لە بڕگەی بێهێزدا هات، کورت دەردەبڕێت، (نوسراو، گوتراو، گوتن-گوت. تن)، لە مۆرفۆلۆژی و سینتاکسدا دەنگەکە لە دەربڕیندا کورتدەبێتەوە، وەک (موو+ەکە= مو+و+ەکە، چوو+وە+چو+وە).

* لە بڕگەی (cv)و(cvc)دا، ئەگەر لە بڕگەی بەهێزدا نەهات، کورتتر دەردەبڕێت، دەنگی (ا) لە وشەی (با، بەرپا) درێژترە لە دەنگی (ا) لە وشەکانی (پایە، بانە،بازاڕ، پاساو....... تاد)، بەڵام هێشتا هێندەی (ا) لە وشەی(ئارد)کورت دەرنابڕێن. دەربارەی (ێ)، وەک( کێ، زێ، ژێ(ژێدەر)، شێ، ڕێ(ڕێگە)، مێ(مێینە) لە وشە دوو بڕگەیی و سێ بڕگەییەکان و وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا (دارێژراو و لێکدراو) درێژ دەردەبڕێت، ئەگەر لە بڕگەی بێهێزدا هات کورت دەدەبڕێت (جێێ~ جێگە)، (فێێر- fe:r، فێرگە- fergə-fer. gə).

* -(شڤا ڤاوڵ-ə)ی خاو- فۆنێم نییە، ێیدەوترێت، ڤاوڵە تەمبەڵەکە(lazy sound)، تەوژمێکی نزمی هەیە(low in pitch) بە بەراورد بە ڤاولّی(ە-ɐ)، لە کۆتایی بڕگە و وشەدا دێت و هەموو ئۆرگانەکانی ئاخاوتن لە باری خاوبوونەوەدایە(relax)(لە باری خاوبوونەوەدایە: واتە زمان نە بەرزکراوەتەوە و نە نزمکراوەتەوە و نە هێنراوەتە پێشەوە و نە براوەتە پشتەوە) لە سەرەتای بڕگەدا، لە بڕگەی لە جۆری (cv)دا، لە بڕگەی یەکەم و دووەمدا دێت(وەرە-wə. rə، کەرە-kə. rə):١-(cv): بە، پە(پەنا)، دە(دەرۆین)، تە(تەتەر، تەشی، شەختە). ٢- لە کۆتایی ئەو بڕگانەی(cvc)، کە بە دەنگێکی کۆنسنانت داخراون، بە تایبەتی دەنگی(د)، بەڵام دەنگی (د) کەوتووە، بۆ نموونە(سەد-سە-sə/səᵘ، قەدباریک-قەباریک، قەوباریک-qəw. ba. ri:k–qə. ba. ri:k.

کوردیدا فۆنێمێک نین، دیاردەکە لە چێوەی شیکردنەوەی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێناندا، بە دیاردەی فۆنەتیکیی دادەنرێن، نووسینی ئەم دەنگانە بە(ۆو، یێ، a:, o:, e:–ll) لە ڕێنووسی کوردیدا سەرپشکین ، بەڵام ڤاوڵی(و، ی) لە بەر ئەوەی، دەبنە هۆی جیاکاریی واتایی، لە پێڕەوی فۆنۆلۆژی کوردیدا بە (وو، یی) دەنووسرێن و فۆنیمن(دەنگی (و) و (ی) لە ئاستی فەرهەنگدا گرفتی واتایی دروستناکەن). کورت و درێژیی ڤاوڵەکان زیاتر پەیوەستە بە جۆری بڕگەکان و مۆدێل و دروستەی بڕگەوە، ئەگەر جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بەتاڵ بێت، واتە لە مۆدێلی (CV)دا، ، کە بە بڕگەی سووک دادەنرێن و بە ڤاوڵ کۆتاییان هاتوە، ڤاوڵەکان بە درێژ دەردەبڕێن، یان لە ئەو بڕگانەی جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بە یەک کۆنسنانت کۆتاییان هاتوە، دەنگە ڤاوڵەکان تێیاندا درێژتر دەردەبڕێن، بەراورد بە ئەو بڕگانەی کە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتا و کۆتایان هەیە( بڕوانە خشتەی(٥–١١))، دەربارەی هاتنی ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا پەیوەست بە خشتەی (٥–١١)، وێنەی(٥–٨)، ئەم دەرەنجامانە دەخەینەڕوو:

١–کرۆکی بڕگە ڕێگە بە هاتنی ڤاوڵە درێژەکان دەدات، بەڵام ئەم سیمایە لە ڤاوڵی (ا،ێ،ۆ)دا، لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، سیمای فۆنەتیکییە، لە ئاستی قووڵدا سیمای (–،+ درێژیی) لە ڤاوڵەکاندا، نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی.

٢– کرۆکی بڕگە ڕێگە بە هاتنی ڤاوڵە درێژەکان دەدات، لە ڤاوڵی (و،ی)دا، ڤاوڵی (و) لە ئاستی قووڵدا، جگە لە وشەی (کووڕ– کوڕ)، نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، گریمانەی ئەوە دەخەینەڕوو، کە ڤاوڵی(و)، هەمیشە لە ئاستی ڕووکەشدا درێژ دەردەبڕێت، بەڵام لە گەڵ دەنگەکانی ئۆرگانەکانی دواوەدا (نەرمەمەڵاشوویی و قوڕگییەکان)، لە ئاستی ڕووکەشدا کورت دەردەبڕێن، وەک (خوڕ، کوڕ،گوڕ، قوڕ،گوڵ، گوم، خوم... تاد)، واتە کورتدەربڕینی ئەم دەنگە بە هۆی گۆڕانی دەنگییەوە ڕوودەدات، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

–[و/ درێژیی] ← [ و/ کورتیی] / کۆنسنانت (ک،گ،خ،ق)—


دەربارەی دەنگی(ی) لە ئاستی فەرهەنگدا، جگە لە وشەی (دووربین– دووربیین)، ئەم دەنگە لە ئاستی قووڵدا لە وشەکاندا، سیمای درێژیی نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، لە ئاستی ڕووکەشدا درێژ بەرجەستەدەبێت.

–دەربارەی سیمایی (+،– خاویی) لە زمانی کوردیدا، هیچ نرخێکی نییە لە ئاستی ڕووکەشدا ئەم سیما دەنگییە نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، هەروەها سیمای (+ لێوخڕبوونەوە ) لە ڤاوڵەکانی پێشەوە (وی، وێ)دا، لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات و نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، دەربارەی ڤاوڵەکان، بڕوانە خشتەی(٥–١١)، وێنەی (٥–٨):

| زمانی ئەڵمانی | زمانی ئینگلیزی | زمانی کوردی | زمانی کوردی |
| --- | --- | --- | --- |
| :(a)<br>stadt(city)<br>:(a:)<br>staat(state) | : (æ)<br>sad, cat, that, flat<br>:(a:)<br>hard, cart, start | -(ا-:a)ی درێژ- فۆنێم نییە<br>- (cv)با، پا، گا، کا<br>-(cvc) پاڵ ، بار، باس | -(ا-a) ی کورت-فۆنێمە<br>- (cvcc): سارد، ئارد، کارت |
| :(i)<br>bitte(please)<br>:(I:)<br>viel (much) | :(I)<br>pill, hit, sit, lid<br>:(i)<br>meet, eat, key, see | -(ی-:I)ی درێژ-فۆنێمە:<br>-(cv)-دی(دیی)،ماسی(ماسیی)<br>- (cvc) : بیر(بییر)، شین(شیین). | -(ی-I)ی کورت- فۆنێمە:<br>-(cvcc): بیست، بیچم |
| :(U)<br>mutter(mother)<br>:(u:)<br>tuth(cloth) | :(U)<br>book, cook, put<br>:(u)<br>you, too, pool | -(وو-:u)ی درێژ- فۆنێمە:<br>- (cv):زوو، موو، خوو<br>- (cvc):کووپ، پوون، ژوور | -(و-u)ی کورت- فۆنێمە:<br>- (cvc): قوپ، خوێ، کوڕ<br>- (cvcc):کورد، قورگ |
| :(ɔ)<br>kommen(to come)<br>:(o:)<br>boot(boat) | :(ɒ)<br>top, cot, box, dot<br>:(ɔ:)<br>ball, sport, horse | -(ۆو-:o)ی درێژ- فۆنێم نییە:<br>-برگەی(cv): دۆ(دۆۆ)، جۆ(جۆۆ).<br>-برگەی(cvc): بۆڵ( بۆۆڵ)، پۆڵ(پۆۆڵ). | -(ۆ-o)ی کورت- فۆنێمە:<br>-برگەی(cvcc): دۆست،<br>گۆست،پۆست |
| :(e)<br>bett(bed)<br>:(e:)<br>tee(tea) | :(e)<br>ten, men, dead<br>:(ɜ:)<br>bird, sir, word | -(ێ)ی درێژ- فۆنێم نییە:<br>لەبرگەی(CV)سێ(سێێ)، دێ(دێێ).<br>لە برگەی(CVC): گێل(گێێل)، بێل(بێێل) | -(ێ)ی کورت- فۆنێمە:<br>-برگەی(cvcc)بێست،<br>چێشت، تێست. |
| :(ɐ)<br>aber(but)<br>:(ə)<br>halte(hold) | :(ʌ)<br>up, cut, son<br>:(schwa-ə)<br>letter<br>- | -(شڤا ڤاوڵ-ə)ی خاو- فۆنێم نییە:<br>-(cv): بە، پە(پەتا)، دە<br>-(cvc)(سەد-سە-"sa/sa) | -(ە)ی گرژ- فۆنێمە:<br>(cvc)بەر ، پەپ، دەم<br>(cvcc)٣: تەرز، مەرز، قەرز،<br>فەرز، تەشت، گەشت. |
| :(Y)<br>füllt(fills)<br>:(œ)<br>holle(hall) | ------------ | -(وی) —لێوخڕبوونەوە، پێشەوە- فۆنێم نییە:<br>-(cv) :تۆی(tœ)،( کۆی(kœ)<br>-(cvc)جوێن(dʒœn)<br>-(cvcc)خوێند(xœnd) | - (وی) —لێوخڕبوونەوە،<br>پێشەوە- فۆنێم نییە:<br>-(cvc):سوێن، جوێن، شوێت، زوێر |

هاتنی ڤاوڵەکان لە کرۆکی برگەدا.......... خشتەی(٥-١١)

لە زمانی ئەڵمانیدا، بەرانبەر هەر ڤاوڵێکی کورت (ی، و، ێ) و ڤاوڵێکی درێژ( یی، وو، ێێ) و ڤاوڵێکی جیاواز هەیە کە سیمای لێوخربوونەوە وەردەگرن، واتە سیمای (+پێشەوە، +لێوخڕبوونەوە)یان هەیە، وەک( وی، ویی)، (وێ، وێێ)، واتە ئەم ڤاوڵە (وی، ویی، وێ، وێێ) جیاوازن لە ڤاوڵەکانی پێشەوە(ی، ێ) لە سیمای لێوخڕبوونەوە، هەروەها جیاوازن لە ڤاوڵەکانی پاشەوە (و، ۆ) لە سیمای (+پێشەوە، + ڕەقەمەڵاشوویی)،زیاتر سیمای ڤاوڵێکی ناوەندیان هەیە، جێکەوتەی بەرهەمهێنانی ئەم دەنگانە، تۆزێک لە ڤاوڵی (ی،ێ) لە دواترە. لە زمانی تورکیی و ئەڵمانیدا، ئەم دەنگانە جووت-دەنگیی/ دیفتۆنگ نین. لە زمانی تورکیدا سێ جۆر (و) لە زمانەکەدا هەیە(u, ö, ü)، واتە دەنگی(و، وی، ۆی)، واتە دەنگی (و، ۆ)، کە لێوخڕبوونەوەیان لە گەڵدایە، سیمای (+پێشەوە) یان وەرگرتووە بۆ ئەوەی بەراوردی ئەم دەنگانە بکەین لە زمانی کوردیی و ئەڵمانیی و تورکیدا(بڕوانە وێنەی (٥-٨)، خشتەی(٥-١٢)).




پێڕەوی ڤاوڵەکان لە زمانی ئەڵمانییدا................... وێنەی (٥-٨)

١-u- دەنگی (و). ٢-ʊ-دەنگی(وو). ٣-ɔ-دەنگی (ۆ). ٤-:o- دەنگی(ۆۆ). ٥-I- دەنگی (ی). ٦-Y- دەنگی (وی). ٧- :i- دەنگی (یی). ٨-:y- دەنگی(ویی). ٩-ɛ- دەنگی (ێ). ١٠-œ- دەنگی (وێ). ١١-:e- دەنگی (ێێ). ١٢-:ø- دەنگی

وێێ. ١٣-a یان :a- دەنگی (ا)یان(ا)ی درێژ. ١٤-ɐ-دەنگی(ە). ١٥-ə-دەنگی شڤا ڤاوڵ. بۆ بەراورد کردنی ئەم ڤاوڵانە(وی،وێ، ۆی)، لە گەڵ ڤاوڵەکانی زمانی کوردیدا، بڕوانە ئەم خشتەی خوارەوە(٥-١٢):

| زمانی کوردیی | زمانی ئەڵمانیی |
|---|---|
| ١-(وی-ü):<br><br>شویت، سوین، جوین | ١-(وی-Y):<br><br>über(over) |
| ٢- (وێ- œ):<br><br>خوێن، سوێند، خوێ، نوێ، گوێ، سوێر، شوێن، نوێن....تاد. | ٢- (وێ- œ):<br><br>hölle(hall) |
| ٣-( ۆی- ö):<br><br>دۆینە- دۆی.نە<br><br>لە فرێزدا ڕوودەدات، وەک (گۆی، جۆی، دۆی) | ٣-( ۆی-oy): جووت-ڤاوڵ<br><br><br><br>neu(new) |

ڤاوڵی (وی)، (وێ) لە زمانی کوردیی و ئەڵمانیدا..... خشتەی (٥-١٢)

شیکارکردنی ئەکەوستیکییانەی ئەم ڤاوڵانە ئەوە دەخەنەڕوو، کە لە زمانی کوردیدا، سیمای ئەکەوستیکیی و ئۆرگانیی ڤاوڵەکان (وی، وێ) لە گەڵ ئەوانەی زمانی تورکیی و ئەڵمانیدا هاوشێوەن، لە زمانی ئەڵمانی و تورکیدا ئەم دوو دەنگە(ü, œ) * جووت-ڤاوڵ نین. لە زمانی کوردیدا، دەنگە پووکی-ڕەقەمەڵاشوویەکانی وەک( ج، ش)، یان دەنگە نەرمەڵاشوویەکانی وەک(ک، گ، خ)، لە گەڵ دەنگی (و) نیمچە کۆنسنانت دێن، وەک (جوین، جوێن، شوێن، سوین، سوێند، کوێر، کوێستان، کوێ، گوێز، گوێ، هەنگوێن(هەنگ. گوین) خوێن، خوێ،

* لە زمانی تورکیدا، دەنگی(ö-ۆی)یش هەیە، وەک(ömür)-(lifetime)، ئەم دەنگە بەراورد بکە لە گەڵ دەنگی (جۆی، دۆی.. تاد)، لە ئاستی فرێزدا، هەروەها لە وشەی (دۆینە، ئۆین، دەرەدۆین، ئۆی)دا، کە ئەم دەنگەییان تێدا ڕوودەدات.

خواست، خوارد... تاد)، که له دەبڕیندا ئەڵتەڕناسیۆنی (و+ی~ وی، و+ێ~وێ) ڕودەدات، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[و/w/] [ی/y/] ←[وی/ü] / کۆنسنانت [ ڕەقە. مەڵا، نەرمە. مەڵا]—

-[و/w/] [ێ] ←[وێ/ œ] / کۆنسنانت [ ڕەقە. مەڵا، نەرمە. مەڵا]—

له ئەکسێنتی گەرمیاندا( ناوچەی خانەقین) ئەم وشانە بە ئەمشێوە دەردەبڕێن(شوون-شوێن، خوون-خوێن، کوور-کوێر، کوو-کوێ، گووش-گوێ، نوو-نوێ)، واتە پەیدابوونی دەنگی (وی، وێ) لەزمانەکەدا نوێیە. لە ئەکسینتی گەرمیان(ناوچەی خانەقین)، دەنگی (وو) لە وشەکانی ( قوول، سوور، دوور) بە (قویل، سویر، دویر) دەڕدەبڕێن، ئەڵتەرناسیۆنی (وو~وی) ڕوودەدات، کە بریتییە لە ڤاوڵی (ü)، لە ئەکسێنتی گەرمیان-ناوچەی کفریی، ئەو وشانەی کە دەنگی(وو)یان تێدایە، بە ئەم شێوە دەردەبڕێن، وەک(چوو~چوی، بوو~بوی، دوو~دوی، موو~موی، توو~توی، زوو~زوی، شوو~شوی، ڕوو~ڕوی). گریمانەی ئەوە دەکرێت، کە دەنگی (وی) و(وێ) وەک ڤاوڵێک نوێیە و لە قۆناغەکانی دواتردا پەیدا بووبێت، کە ئەم دوو دەنگە ڤاوڵە(ö, ü) لە زمانەکەدا لە ئەکسێنت و دیالێکتە جیاوازەکان پەیدا بووە بە هۆی گۆڕانی دەنگیی (وو~وێ، وو~وی، ی~وی، ێ~وێ)ەوە،

**۲/٥-۳-۱) هاتنی ڤاوڵی (و)ی درێژ لە کرۆکی بڕگەدا**

هەندێکجار کورت و درێژیی ئەم ڤاوڵە بە جۆری بڕگەکانەوە پەیوەستە. پرۆژەی کرۆکی بڕگە ڕێگە بە درێژ دەربڕینی ڤاوڵەکان دەدات، ئەگەر جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بەتاڵ بێت، یان بە دەنگێکی کۆنسنانت پڕ کرابێتەوە، بەڵام ئەگەر جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بە دوو دەنگ پڕکرابێتەوە واتە ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی لە کۆتایی بڕگەدا بدرێت، ئەوە ڤاوڵی (و) کورت دەردەبڕێت، بە ئەم شێوەیەی خوارەوە:

۱-لە بڕگەی (cv:~cv)دا، هەمیشە ڤاوڵی (و) درێژدەردەبڕێت، وەک (زوو، موو، دوو، فوو، جوو-جووڵەکە، جووڵە، پوو-پوولەکە، کوو-کوولەکە، نوو-نووزە(نوو. زە) )، کووژەک-کوو. ژەک، مووشەک-موو-شەک، خانوو-خا. نوو، زیندوو-زین. دوو، سەروو(سە. روو)، فەروو*، بانوو، بێزوو، نیشتوو، رۆژوو، مێرووڵە، دووکان، دووکانی، دووبارە، ڕووناک... تاد)

۲- لە بڕگەی (cv:c)دا، درێژ دەردەبڕێت، وەک (سوور، سووڕ، دوور، پوور(کەلەپوور)، ژوور، پووک، بووک، نووک، توور، تووک، سووک، شووڵ، توون، بوون، چوون، پوول، موون-قەلەموون، توول، لووت(لوتکە)، پووز، پووت، قووت*، سرروود-س. روود، دروودد. روود، سوورگوڵ، سووراو(سوو. راو)، نووسین-نوو. سین، نوسراو-نوس. راو، بەڵام لە گەڵ دەنگە نەرمەڵاشوییەکان و قوڕگییەکان کوڕ، خوڕ، گوڕ، قوڕ، خول، کول، کوڵ، کون، گوردە(گور. دە)، بە هەمانشێوە ئەم وشانە دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکانەوە و کورت دەردەبڕێن(پیاوکوژ، قوڕاو، سوورگوڵ).

٣- له برگەی (cvcc)دا، هەمیشە کورت دەردەبڕێت، تەنانەت لە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکان کورت دەردەبڕێت، وەک (کورد، پوخت، بوخت، چوست، زگورد-ز. گورد، تورت، تورک، قورگ. گورگ، شوخت، کونج، گورج، خوشک، کورت، جوغز)، ئەگەر کورت و درێژیی ڤاوڵەکان پەیوەست بێت بە هاتنی ئەم دەنگانە لە برگەی بێهێز و هێزدار، ئەوە کۆتوبەندی فۆنۆلۆژیی لە زمانی کوردیدا ڕێگەنادات، بە هاتنی (کورد) لە برگەی هێزدار، واتە بە (کورد~ کوورد)، بەرجەستەدەبوو.

**٢/٥-٣-١ -١) هاتنی (و) درێژ لە برگەی (cv)دا**

دەنگی (و) لە فەرهەنگدا (وشە بنەرەتییەکان :یەک برگەیی و دووبرگەیی)، لەبرگەی(cv)دا درێژ دەردەبڕێن، لەگەڵ دەنگە کۆنسننانتەکاندا ( تەقاوە و خشۆک و زرنگدەرەوەیی*) دێت، وەک ( زوو، موو، لوو، دوو، بوو، توو، جوو، چوو، گوو، قوو، زوو، سوو، شوو، فوو، خوو، دووزەلە، جوولەکە، ڕوودان، ڕووداو، ڕوو). بە هەمان پێکهاتەوە بە بێ گۆرینی جۆری برگەکە و درێژیی دەنگەکە، دەچنە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکانەوە، وەک (ڕووسپی، موونەرم.... تاد)، هەروەها دەچنە پێکهاتەی وشە دارێژراوەکانەوە، وەک( ڕوو- ڕوودار، ڕووپاک.... تاد)، لە ئاستی فەرهەنگدا پێکەوەهاتنی (وو+ و) نییە، بەڵام لە ئاستی سینتاکسدا، پێکەوەهاتنی (وو+و) ڕوودەدات، بەڵام کۆتوبەندی فۆنەتیکیی، دەنگی (وو) دەگۆرێت بۆ (و)ی کورت، وەک ( تەروو+ەکە~ تەرووەکە)، (چوو+وە~ چ ووە، بوو+ وە~بووە)، هەروەها (خانوو+و+ەکە~ خانووەکە)، ئەم کورتدەربڕینە لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

[وو] [و/ w] ← [و][و/w] / —کۆنسنانت ||، + [ ئاستی فرێز : مۆرفیمی (وە)]

وشە فەرهەنگییەبنەڕەتییەکان، کە دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییە دارێژراوەکان، جۆری برگەکانیان دەگۆریت لە (cvc)ەوە بۆ (cv)، وەک (نووس، نووسین-نوو. سین، نووسەر-نوو. سەر، یان ڕوون، ڕووناک-ڕوو. ناک). گۆڕینی جۆری برگە نابێتە هۆی کورت دەربڕینی دەنگی(و)، چونکە برگەی (cv) هەمیشە درێژ دەردەبڕێت، بە پێچەوانەوە واتە گۆڕینی برگە(cv) بۆ(cvc) نابێتە هۆی کورتدەربڕینی دەنگەکە، چونکە لە برگەی (cvc)دا درێژ دەردەبڕێت، وەک(نووسین، نووسراو-نوس. راو). واتە کورت و درێژیی پەیوەست نییە بە برگەی سترێسدارەوە ( برگەی یەکەم (نووس) هێندەی برگەی (کوڕ) کورت دەرنابرێت)، هەروەها لە وشە لێکدراوەکان(بێ یارمەتی مۆرفێم)، جۆری برگەکان ناگۆڕێت و دەنگی (و)ی درێژ وەک خۆی بەرجەستە دەبێت، وەک (دووکانی، ڕووڕەش، ڕووسپی.... تاد)، واتە کورت و درێژیی دەنگەکە پەیوەست نییە بە برگەی سترێسدارەوە. لە ئەو وشە لێکدراوانەی

* دەنگی (و)ی درێژ لە گەڵ نیمچە کۆنسنانتی (و، ی) دا نایەت، (وشەی لە جۆری (یووyou، ووو) نییە) ئەمەش ئەو گریمانەیە دەسەڵمێنێت، کە لە ئاستی سینتاکسدا پێکەوەهاتنی (وو+و / w) دەگۆرێت بۆ (و / کورت+ و/w).

به یارمەتی (و) دروستبوون، دەنگی (و) بە (و)ی دریژ بەرجەستە دەبێت وەک( کەمو کورتی ~کەمووکورتیی-کە. موو. کور. تیی،بارودۆخ~ باروودۆخ-با. روو. دۆخ)، هەروەها لە ئاستی فرێزدا دەنگی (وو) لە کۆتایی کەرتی یەکەم  دریژ بەرجەستە دەبێت، وەک ( دوو و سێ، شاتوو و هەرمێ). لە وشە لێکدراوەکان و فرێزەکاندا دەنگی ( و: مۆرفیمی دانەپاڵ) دەبێتە هۆی گۆڕینی جۆری بڕگە، کە دەنگی کۆنسنانتی کۆتایی وشە (کەرتی یەکەم) دەچێتە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم و لەگەڵ ڤاوڵی (وو) بڕگەی لە جۆری(cv) دروستدەبێت، بەڵام ئەگەر کۆتایی بڕگەکان(کەرتی یەکەمی وشەکان) ڤاوڵ بوو بە دەنگی (و) نیمچە کۆنسنانت بەرجەستە دەبێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

-[و]  ←  [ و/ دریژیی]  / کۆنسنانت —  ||، #، + [ ئاستی فرێز][ وشە لێکدراوەکان] [ مۆرفیمی -و]

-[و]  ← [ و/ نیمچە کۆنسنانت]  / ڤاوڵ —  ||، #، + [ ئاستی فرێز][ وشە لێکدراوەکان] [ مۆرفیمی -و]

لە ڕینووسدا لە وشە لێکدراوەکان و فرێزەکان لە بەر جیاواز بەرجەستەبوونی دەنگی (و) لە بڕگەی ئەم وشانەدا، بۆنموونە بە (وو) لە  (کەموکورتیی)، بە (و/w) لە  ( باوباران)، لە فرێزی ( گوێز و هەنگوین~ گوێزوو هەنگوین)، لە گەڵ ( چا و نان)، دروسترە  مۆرفیمی (-و) لە وشە لێکدراوەکان و فرێزەکاندا بە (و) بنووسرێت، چونکە ڕینووس یەکساننەکرێتەوە بە گۆڕانە دەنگییەکان لە بەر دروستنەبوونی ئاڵۆزیی لە پێڕەوی نووسیندا، هەروەها مۆرفیمی (-وە) لە کردارەکاندا، بە شێوەی جیاواز بەرجەستە دەبێت، وەک (هاتوە~ هاتɨوە، نوسیوە، هاتومە~ هاتوومە، نووسیومە)، دروستترە بە (و) بنووسرێت، لە بەر جیاواز بەرجەستەبوونی  دەنگی (و)، بە گشتی ئەم خاڵانە لەنووسینی ئەم دەنگە(و، وو) گرنگن:

١-نووسینی  دەنگی(و) لە بڕگەی (cv)دا لە وشە بنەرەتییەکان و وشە لێکدراوەکان و دارێژراوەکان و فرێزەکان بە (وو).

٢-مۆرفیمی (-و) لە وشە لێکدراوەکان و فرێزەکاندا، هەرچەندە جاروبار بە (وو)، بەرجەستە دەبێت، بە (و) بنووسرێت، هەروەها دەنگی (و) لە مۆرفیمی (-وە: نیشانەی تەواو لە کرداری ڕابردوودا) لە کردارەکاندا، بە (وە) بنووسرێت.

٣- هەرچەندە هاتنی سێ (ووو) لە فرێزی (دوو و سێ) دەبینرێت( ئەم دیاردەیە پەیوەندیی بە ڕێنووسەوە هەیە پەیوەندیی نییە بە گۆڕانی دەنگییەوە)، بەڵام دەنگی (وو) لە گەڵ  دەنگی نیمچە کۆنسنانتی (و) کورتدەردەبڕێت، بۆیە لە کردارەکاندا (چوووە)، ڕێگەپێدراو نییە، دەبێت بە (چـ(و)وە~چووە) بنووسرێت، هەروەها لە (چاکبوو+ەوە~ چاکبوو+و+ەوە~ چاکبو+و+وە~ چاکبووەوە). دەربارەی هاتنی دەنگی (وو) لە بڕگەی (cv) دا بڕوانە خشتەی (٥-١٤):

| پێکەوەهاتنی (وو)+کۆنسنانتەکان | لە وشە بنەڕەتییەکان ( یەک بڕگەیی و دوو بڕگەییەکان .....تاد) | لە وشە مۆرفۆلۆژییە - دارێژراو و لێکدراوەکان |
|---|---|---|
| ب، پ | بوو-بووجە، بووخار*، بووغاز، پووچەڵ، پووشانە، کەپوو، پوولەکە، پووکانەوە | مردوو، بردوو، گۆڕبوونەوە، نوێبوونەوە، خڕبوونەوە |
| د، ت | دوو، دووزەلە، کەندوو،توو، تووتن، قوتوو، سوتوو، توورەکە | دووکان، دووکانی، دووبارە ، نیشتوو، کەوتوو، خەوتوو، ، دارتوو، شاتوو، پەنجەتووتە |
| ج، چ | جوو، جووڵە، جوولەکە، پەرجوو، چوو | جووتە ، جووزە، دەرچوو، داچوو ،سەردەرچوو |
| ک، گ، ق | کووژەک، کوولەکە، گووگوختی، قووچەک، قووپاو | زەنگووڵە،گووتار، گووتن، گووشاندن-بیگووشە |
| ف | فوو | فووکەرە(میزەڵان) |
| س،ش | سوو، شوو،شووسە، شوولک، مەلاشوو | سووتاو، سووتا، سووتاندن سووراو، سوورە ،سووکەژەم، سووکەپەتا، شوناس~شووناس، شوودار، بەشوودراو |
| ز، ژ | زوو، زووخاو، بێزوو، پەژوو، رۆژوو | ژووروو |
| خ | خوو | خووساو |
| ل، ن، ڕ،ر، م | لوو، لوولە، چلوورە، کلوو، گلوو، نووچە، نووزە، خانوو، نووقاو، نووساو، ڕوو، مێروو، تەروو، بەڕوو، کەڕوو، فەروو، ڕووشاو، ڕووداو، موو، مووروو، مووچە، مووشەک، هەموو، نموونە | سەرگەڵوو، نووسین، جوانوو ، سەروو، خواروو، ژووروو، ڕووناک، ڕوودار، ڕووپاک، ڕووخاو، ڕووخان، ڕووخاندن ڕووسوور، ڕووڕەش، ڕووقایم، بارووداۆخ ، دەورووبەر، موژە~مووژە، موودار، موونەرم، مووڕەش، مووزەرد، کەمووکورتیی |

هاتنی ڤاوڵی (و)ی درێژ لە بڕگەی(cv) دا............ خشتەی (٥-١٣)

**۲/٥-۳-۱-۲) هاتنی (و)ی کورت و درێژ لە بڕگە(cvc)دا**

لە وشە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکاندا، دەنگی (و) لە بڕگەی (cvc)دا درێژ دەردەبڕێت، وەک ( پوور، نووک، دوور، پووز *، تووک، توور، کووڕ، ڕووت، جووت، چوون، سوور، فوول، شووڵ، مووس، لووس لوول، ڕوون، زووم*، شووم... تاد ). لە دەوروبەری دەنگە قوڕگییەکانی وەک (ک، گ، خ، ق) کورت دەردەبڕێن، وەک( کوڵ، قوڕ کول، گوڵ، کون، کوڕ، خوڕ، دوڕ )، لە گەڵ دەنگە قوڕگییەکانی (ق، خ)دا، کە دوو دەنگی خشۆکیی کپن، لە وشەکانی(خولە، خوشە، خوناو، خوراو، خوران، خوریی، قوڵە، قوڕاو.... تاد) کورت دەردەبڕێن، ئەم جۆرە بڕگانە بە بڕگەی(cv) دانانرێن، بڕگەی لە جۆری (cvc)ین، بەڵام دەنگی کۆتایی بڕگەی دووەم لەجێکەوتەی سەرەتای بڕگەی دووەم دێت (هاوبەشیی سەگمێنتیی)، واتە بۆ پارێزکاریکردن لە کورتدەربڕینی دەنگەکە، دیاردەی هاوبەشیی سەگمێنتیی ڕوودەدات، وەک( خولە( xul. lə)، خوریی(xur. ri:)، موژە (muzh. zhə)، شوناس(ʃun. nas)... تاد)، بە تایبەتی لە دوروبەری دەنگە قوڕگییەکان بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییانە:

[و] ← [و/ کورت] / کۆنسنانت (ق، گ،ک،خ)— # [وشە فەرهەنگییەکان: بنەڕەتییەکان]

[و] ← [ و/ کورت] / کۆنسنانت۱ ، کۆنسنانت۱— # [ هاوبەشی سەگمێنتی : وشە مۆرفۆلۆژییەکان... تاد]

کورتدەربڕینی دەنگی (و) لە دەوروبەری دەنگە قوڕگییەکاندا، دیاردەیەکی فۆنەتیکییە، لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، کە وشە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکان دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکانەوە( هەڵگوێزراوو لێکدراو) بە بێ قورسایی دەردەبڕێن، وەک( کونکون، سوورگوڵ، بەرکوڵ، شاگوڵ، گوڵدار.... تاد). ئەگەر جۆری بڕگەکەش بگۆڕێت بۆ (cv)، وەک (گوڵ+ەکە~ گوڵەکە)، دەنگی (و) کورتدەردەبڕێت. لە دەوروبەری دەنگە قوڕگییەکان هەندێکجار لە ژمارەیەکی دیاریکراوی وشە فەرهەنگییەکان، سیمای درێژیی لە وشە فەرهەنگییەکان هەڵگری زانیاریی جیاوازن، وەک( کوڕ- بە واتای کوڕ دێت)، بەڵام (کووڕ- بە واتای چەمانەوەی پشت دێت)، هەروەها لە وشەی (قوت- قوت خۆی گۆڕیوە)(قووت- قووتی خەڵک، یان لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان ی وەک -قوتدان)، هەروەها(قووڵ- شوێنێکی قووڵ)(قوڵ- واتە چێشتەکە قوڵ دەدات)،( کوت- کوتکوتبوونی شتێک، کوتە نانێک)(کووت- شارێکە لە عێراق)، واتە سیمای درێژیی(وو) دەبێتە هۆی جیاکاریی واتایی. وشە بنەڕەتییەکان، کە بڕگەی(cv)یان تێدایە، دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکان، ئەگەر پاشگریان وەرگرت جۆری بڕگەکە

---

* لە دەورووبەری دەنگە زرنگدەرەوەییەکاندا، دەنگی (و) درێژتر دەردەبڕێت بە بەراورد بە دەنگە کۆنسنانتەکانی تر، بۆ نموونە لە (پووز-pu::z) درێژترە لە (پووک- pu:k)، هەروەها لە (دوو-du:) **کورتترە لە** (زوو-zu::)، تەنانەت لە(دوور-du::r) درێژترە لە (دوو-du:)، هەروەها لە (گووڕ-gu::r) درێژترە لە (کووڕ-ku:r)، چونکە لە گەڵ دەنگە دەنگدارەکان، بۆ نموونە (گ) درێژ دەردەبڕێت، درێژ دەربڕینی ئەم دەنگانە لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات.

دەگۆڕێت بۆ (cvc)، هەندێک زمانەوان پێیانوایە، کە لە بەر ئەوەی لە بڕگەی بێهێزدا هاتوون، وەک (نوسراو) دەبێتە هۆی گۆڕانی دەنگیی (وو~ و/ کورت)، بەڵام لە وشە دارێژراوەکان و لێکدراوەکاندا، دەنگی(و) ئەگەر لە بڕگەی بێهێزدا هات، هێندەی دەنگی (و) ی کورت لە وشە سادەکانی وەک(کور، قوڕ... تاد) کورت دەرنابڕێت، هێز نابێت بکرێتە بنەما، چونکە هەموو بڕگەیەک هێزی خۆی هەیە، هەروەها ئەم گۆڕانە دەنگییەی کە پەیوەستە بە هێزەوە لە ئاستی ڕووکەش ڕوودەدات*، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

[ وو] ← [و/ کورت] / [ کۆنسنانت ڤاوڵ کۆنسنانت :cvc] [ -هێز] [ وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

ئەو وشە فەرهەنگییانەی بڕگەی (cvc) یان تێدایە، بەڵام دەنگی (و) ی درێژیان تێدایە، دەچنە پێکهاتەی وشە لێکدراوەکان( ئەوانەی بە بێ ئامراز دروستبوون) جۆری بڕگەکە ناگۆڕێت، بەڵام کە دەچنە پێکهاتەی وشە دارێژراوەکان و لێکدراوەکان (ئەو وشانەی بە یارمەتی (و، ە) دروستبوون)، هەروەها لە فرێزەکاندا، گۆڕان لە جۆری بڕگە ڕوودەدات، دەبێتە هۆی پەیدابوونی بڕگەی لە جۆری (cv)، چونکە دەنگی کۆتایی دەپەڕێتەوە بۆ بڕگەی دووەم، گۆڕینی جۆری بڕگە نابێتە هۆی کورتدەربڕینی دەنگەکە، وەک ( جووت~ جووتە- جوو. تە، سووک ~ سووکەژەم ~ سوو. کە. ژەم، ژوور~ ژوورەکە~ ژوو. رە. کە)، چونکە گۆڕینی بڕگەی (cvc) بۆ بڕگەی (cv)، نابێتە هۆی کورتدەربڕینی دەنگەکە. دەربارەی هاتنی دەنگی(و) لە بڕگەی (cvc) دا، بڕوانە خشتەی (٥-١٤):

* باشترە ئەم دەنگانە بە (وو) بنووسرێت (نووس-نووسراو)، واتە دەتوانین بڵێین، سێ پلەی درێژیی لە زمانی کوردیدا هەیە(u, u:, u::)، جۆری دووەم و سێیەمیان بە(وو) بنووسرێت، جۆری یەکەم: لە دەوروبەری دەنگە قوڕگییەکان (کوڕ، قوڕ.. تاد)، جۆری دووەم : لە بڕگەی بێهێزدا( نوسراو~ نووسراو)، جۆری سێیەم : ( پوور، دوور... تاد)

| (و)+دەنگە کۆنسنانتەکان | وشە بنەڕەتییەکان | وشە مۆرفۆلۆژییە – دارێژراو و لێکدراوەکان:<br>– نەگۆڕینی جۆری بڕگە<br>– گۆڕینی جۆری بڕگە بۆ (CV) |
|---|---|---|
| ب، پ | بووک، بوون، بووق*، بووز*، سابوون<br>پووک، پووت، پووچ، پووز، پووش، پوور، پوول | ڕابوون، هەڵبوون ،دروستبوون، کلۆربوون، سەوزبوون، پوولەکی، پووشین، پووشانە مایەپووچ، پرووپووچ، پوورزا |
| د، ت | دووگ، دووز، دووش، دوور، دووربین تووت، تووک، تووش، توون (تون هەمبەر بە توند)، تووڵ، تۆور | دوورگە، تووکدار دوورکەوتنەوە، دووربین، تووتفەرەنگی،تووشبوون، تەڕەتوور، توولەمار |
| ج، چ | جووت، جووز، جوول، چووپ، چوون، | گاجووت داچوون، دەرچوون هەڵچوون، چوونەوە(جۆری بڕگەکە گۆڕاوە، سەردەرچوون |
| ک، گ | کووپ، کووت*، کوژ، کون، کوت، کوڕ، کووڕ، کول، کول، کورتان کوپ، کوڕ، گوڵ، گوم*، گول | کوشتن، کوشتار، بەرکول، گوڵدار، گولاو- گوڵ.لاو، پیاوکوژ- پیاوکوشتن، کونکون،کوتکوتکردن،کوتوومت، سوورگوڵ،گوڕووتین |
| ق | قووت، قوت، قوژ(قوژبن)، قوش، قوم، قوڕ، قوڵ، قوول، قوبە~قوببە، قولە~ قوللە، قومار~قوممار، قوتوو~ قوتتوو، قوتار~قوتتار، | کونووقوژبن، کونەبا، قوڵدان |
| ف | فوول، فووم | |
| س،ش | سووپ، سوود، سووچ، سووک، سووف*، سووڕ، شووت، شووم، شووڵ | شووشتن |
| خ | خود، خوش، خوڕ، خول، خور(خورما)، ئاخوڕ | بەرخودان~بەرخوددان |
| ن، م | نووک، دەنووک، نووز نووس(ڕێنووس)، مووس | نووکەنووک، نووسراو، نووکدار، نووزەنووز |
| ڕ، ر | ڕووت، ڕووس، بیلاڕووس، ڕووش، ڕووسیا، ڕووخ، ڕووح، ڕوون، ڕووخسار | ڕووتانەوە-ڕوو.تا.نە.وە)، ڕووحیی، ڕووشان دەوروبەر |

هاتنی دەنگی (و) لە بڕگەی (cvc) دا............ خشتەی(٥-١٤)

### ٢/٥-٣-١-٣) یاسای هاتنی (و)ی کورت لە بڕگەی(cvcc)دا

لەوشە فەرهەنگییەکاندا، لە بڕگەی(cvcc)دا، (و) ی درێژ نایەت، چونکە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی دەدات، بۆیە پرۆژەی کرۆکی بڕگە ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی، یان درێژ دەربڕینی

ڤاوڵەکان نادات، وەک( کورد، پوخت، بوخت، چوست، زگورد-ز. گورد، تورت، تورک، قورگ. گورگ، شوخت، کونج، گورج، خوشک، کورت) هەمیشە کورت دەردەبڕێت، تەنانەت ئەگەر جۆری بڕگەکە گۆڕا لە (cvcc)ەوە بۆ (cvc)، هەر کورت دەردەبڕێت، چونکە هێشتا جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بەتاڵ نییە و پارێزگاریی لە کورت دەربڕینی ڤاوڵەکە دەکات، ئەم وشانە، کە دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکانەوە، لە وشە دارێژراوەکاندا ( کورد-کوردانە-کور. دا. نە،کوردیی-کور. دیی)(بوخت-بوختان-بوخ. تان)(پوخت-پوختە-پوخ. تە)(تورک-تورکیی-تور. کیی)(زگورد-زگوردانە-ز. گور. دا. نە)، هەروەها لە وشە لێکدراوەکاندا، وەک خۆیان بەرجەستە دەبن(کورد-کوردزبان)(کورتوپوخت). لە وشە لێکدراوەکان( بە یارمەتی مۆرفێمی( و، ە) دروستدەبن) جۆری بڕگەکە دەگۆڕێت بۆ (cvc)، وەک( کورت-کورتووپوخت-کور. توو. پوخت، کورتەفلم- کور. تە. فلم)( چوست-چوستوچالاک-چوس. تو. چا. لاک)(کورد-کوردەبۆر- کور. دە. بۆر، کورد وعەرەب- کور. دوو. عە. رەب). لە بڕگەی (cvcc)دا کورت دەردەبڕێت، تەنانەت لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان و لە ئاستی سینتاکسدا ناگۆرێت، لە بارێکی جێگیردایە(کورد-کوردزمان، کوردانە- کور. دا. نە، کوردستان-کور. دس. تان)، تەنانەت ئەگەر جۆری بڕگەکە گۆڕا، ئەم دەنگە بە کورت دەردەبڕێت.

**۲/٥-۳-۲) هاتنی ڤاوڵی (ی)ی درێژ لە کرۆکی بڕگەدا**

لە بەر ئەوەی لە ڕینووسدا لە بەرانبەر ئەم دەنگە (ی/ درێژ) دانەنراوە، لە ڕێنووسدا گرفتی ئەم دەنگە کەمترە بە بەراورد بە دەنگی (وو-و). لە وشە فەرهەنگییەکان لەبڕگەی لە جۆری (cv)دا درێژ دەردەبرێت،چونکە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بەتاڵە. زۆر بە کەمی وشەی یەک بڕگەیی لە جۆری(cv)دا وشەی واتادار دروستدەکەن(بیی، پیی، دیی، تیی، جیی، چیی، کیی، گیی، قیی، فیی..... تاد)، بەزۆری لە چێوەی وشە دوو بڕگەییەکاندا دێن، وەک (شییلە، مییىنە، کیینە، تیینوو... تاد)، هەروەها لە بڕگەی دووەم دێت، وەک (پەریی، خوریی-، کانیی، ماسی، ساجیی.... تاد) لە وشە مۆرفۆلۆژییە دارێژراوەکان درێژ دەردەبڕێت، وەک (کور. دیی، جوانیی، چاکیی، خاکیی، ئازادیی، چاکێتیی... تاد)، هاتنی دەنگی (ی) لە بڕگەی(cv,cvc,cvcc)، بە ئەمشێوەیەی خوارەوەیە:

١-بڕگەی (cv): هەمیشە درێژ دەردەبڕێت، تەنانەت لە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکان و فرێزەکاندا، وەک (بی، دی، چی، سی، حیلە(حیی. لە)، شیلە(شی. لە)، ژیلە، قیرە، کیسە، خیسە)، کوردی، جوانی.. تاد).

٢-بڕگەی (cvc): هەمیشە درێژ دەردەبڕێت لە وشە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکاندا، وەک (بیـ :ر، پیـ :ر، شیر، سیر، تیر، جیڕ، ژیر، میـ :ر، تیـ :ر، قیر، تیغ، بیخ(بییخ)، زیخ، شیین، پییس، کییس*، ژیین، میین، لییک، پییل، زییل*، مییل*، ژیین، قین(رقوقین)، زین-خزین... تاد ( جگە لە دووربین -دووربیین). وشە بنەڕەتییەکان کە دەچنەپێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکان، ئەگەر جۆری بڕگەکە گۆڕا بۆ(cv)، درێژ دەردەبڕێت، چونکە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە بەتاڵە و ڕێگە بە درێژ دەربڕینی ڤاوڵی (ی) دەدات، وەک (شین~ شیـ :نەکە) ئەگەر جۆری بڕگەکە

نەگۆڕا، درێژ دەردەبڕێت، (چیلکە، بیلبیلە( تیتیلەوبیلبیلە، ژینکە، شینکە). هەندێک زمانەوان پێیانوایە کە لە برگەی بێ سترێسدا هات کورتدەردەبڕێت، بەڵام ئەمە دیاردەیەکی فۆنەتیکییە و لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، کە پێویست ناکات، لە ڕێنووسدا (شیین~ شینکە) جیاواز بنووسرێت، بڕوانە ئەم گۆڕانە دەنگییە:

[ یی] → [ی/ کورت] / [ کۆنسنانت ڤاوڵ کۆنسنانت :cvc] [ -هێز] [ وشە مۆرفۆلۆژییەکان]

٣-cvcc: لە وشە فەرهەنگییەکان هەمیشە دەنگی (ی) لە ئەم برگانەدا کورت دەردەبڕێت، چونکە جێکەوتەی کۆتای برگە ڕێگە بە هاتنی دوو کۆنسنانت دەدات، ئەمەش دەبێتە هۆی کورت دەربڕینی ڤاوڵی (ی)، وەک (بیست، گیسک، لیست*، بیچم، قیست*)، ئەم وشانە دەچنە پێکهاتەی وشە مۆرفۆلۆژییەکان و فرێزەکانەوە، تەنانەت ئەگەر جۆری برگەکەش گۆڕا بۆ (cvc)، هەر کورت دەردەبڕێن، چونکە جێکەوتەی کۆتایی برگە بەتاڵ نییە و پارێزگاری لە کورت دەربڕینی ڤاوڵەکە دەکات ، وەک (گیسکەنێرە،قیستی خانوو، لیستی مووچە، بیست و یەک، بیست و سێ... تاد).

لە ڕێنووسدا گرفتی کورت و دریژیی دەربڕینی دەنگی (ی) لە ئارادا نییە، بەڵام گرفتی جیاواز بەرجەستەبوونی (ی/ ڤاوڵ)، (ی/ نیمچە کۆنسنانت ) هەیە، چونکە مۆرفیمی (-ی) لە فرێزەکاندا جیاواز بەرجەستە دەبێت، وەک (دۆی ترش( ی/ نیمچە کۆنسنانتە دەچێتە جێکەوتەی کۆتایی برگە)، (پیاوی ئازا (ی/ ڤاوڵە دەچێتە جێکەوتەی کرۆکی برگە)، بڕوانە ئەم گۆرانە دەنگییە:

-[ی] → [ ی/ درێژیی] / کۆنسنانت — ||، #، + [ ئاستی فرێز][ وشە لێکدراوەکان] [ مۆرفیمی -ی]

-[ی] → [ ی/ نیمچە کۆنسنانت] / ڤاوڵ — ||، #، + [ ئاستی فرێز][ وشە لێکدراوەکان] [ مۆرفیمی -ی]

لە بەر ئەوەی دەنگی (ی) جیاواز بەرجەستە دەبێت، لە فرێزەکاندا باشترە، دەنگی (ی) بە (ی) بنووسرێت، نەک (یی)، وەک ( کوردی باشوور)، دەربارەی دەنگی (ی) لەڕێنووسدا بۆ ئەوەی گرفتی لێڵیی واتایی ڕوونەدات، ئەم چەند خاڵە دەخەنەڕوو:

١-دەنگی (ی) لە وشە بنەڕەتییەکان، لە کۆتایی وشەدا، لە برگەی (cv) دا، وەک ( ماسی، کورسی، خانی... تاد) بە (ی) بنووسرێت، نەک (یی)، لە برگەی (cvc) (cvcc) دا بە ( ی) بنووسرێت(جگە لەوشەی دووربیین). درێژ نووسینی ئەم دەنگە سەرپشکییە لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات.

٢- مۆرفیمی (-ی) لە وشە مۆرفۆلۆژییە دارێژراوەکان، جیاواز بەرجەستە دەبێت، ئەگەر کۆتایی برگە ڤاوڵ بوو، ئەوە ناوبەندی (ی) جێکەوتەی سەرەتای برگە دووەم پڕدەکاتەوە، وەک ( کۆتایی، واتایی... تاد)، بەڵام ئەگەر کۆتایی برگەی یەکەم کۆنسنانت بوو دەچێتە جێکەوتەی کرۆکی برگە، وەک ( کوردی، جوانی... تاد) لە بەر جیاواز بەرجەستبوونیان، باشترە بە (یی) لە هەردوو بارودۆخەکەدا بنووسرێن، واتە ( کوردیی، واتایی، جوانیی، پیاوەتیی... تاد)( لە بەر دروستنەبوونی لێڵیی واتایی لە نێوان ئەم وشانە و فرێزەکاندا :

کوردیی بابەتێکی بە سوودە. جیاوازە لە، **کوردی** باشوور ئازا و بە جەرگن )، هەروەها لە فریزەکاندا، دەچنە جێکەوتەی جیاواز لە دروستەی بڕگەدا، ئەگەر لە کرۆکی بڕگە هاتن ڤاوڵێکی درێژن، بەڵام لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگە هات دەنگێکی نیمچە کۆنسنانتە، وەک ( کوردی رۆژهەڵات، نیگای جوان، ڕەشەبای سلێمانی... تاد) لە بەر جیاواز بەرجەستەبوونیان بە (ی) بنووسرێت.

٣- ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە دەنگی (ی) هاتووە، وەک ( ماسی، کورسی.. تاد)، کە دەچنە پێکهاتەی کەرتی یەکەمی فریزەکان بە ئەمشێوەیە بەرجەستە دەبن ( ماسی +ی + سوور~ ماسیی سوور)، هەروەها ئەو وشانەی کە کۆتاییان بە (یی/ درێژ هاتووە) هاتووە، وەک ( جوانیی، کوردیی.. تاد)، کە دەچنە پێکهاتەی فریزەکان بە ئەمشێوەیە بەرجەستەدەبن ( کورد(یی)+ی+ سۆرانیی~ کوردیی سۆرانیی)، واتە کورتدەربڕینی دەنگی(ی)، چونکە لە گەڵ نیمچە کۆنسنانتی (ی) دا هاتوە، هەروەها لە ئەو وشانەی کۆتاییان بە بڕگەی (یی: ی+ی) هاتووە، دەنگی (ی : ڤاوڵ) لە ناودەچێت، وەک ( کۆتایی+ی+ بڕگەکان ~ کۆتای(ی)+ی+ بڕگەکان~ کۆتایی بڕگەکان)، سەبارەت بە کەرتی دووەمی فریزەکان، لە بەر ئەوەی (لیڵی واتایی) ڕوونەدات، ئەو وشانەی کۆتاییان بە دەنگی (ی) هاتوە کە دەچنە کەرتی دووەمی فریزەکانەوە، وەک ( بەشی کوردیی، زانکۆی سلێمانیی، کوردیی سۆرانیی)، گونجاوترە بە دوو (یی) بنووسرێت، واتە ئاماژەیە بۆ کۆتایی هاتنی فریزەکە، کە جیاوازە لە ( ئەکسێنتی کوردی ڕوژهەڵات). دەربارەی هاتنی دەنگی (ی) ی ڤاوڵ لە دروستەی بڕگەدا بڕوانە خشتەی (٥-١٥، a,b):

| | وشه بنەڕەتییەکان | وشه مۆرفۆلۆژییەکان |
|---|---|---|
| ب، پ | بی، بیر، دووربین،دووربیین، بیست، بیچم، پینە، پیشاندان، سپیی پیس، پیک، پیف، پیش، پیر، پیل | عەرەبیی ، بیرگە، بیرمەند، داربی، بیست وسێ، سەرسپی، پیشکردن، پیسووپۆخڵ، پیسکە، پیشاندان،پیشان |
| د، ت | دیدە، دیدار، دیمەن، هەژدیها، دیل، دین تیمار، تینوو، شووتی، تیپ، تیژ، تیخ، تیم*، تیر، تین، بەرتیل، تیشک | کوردیی، دیندار، بەردین پیاوەتیی، جۆراوجۆرێتیی، چایچێتیی -تەڕەتیزە، گڕوتین، تیروپشک، تیرهاوێشتن، تیشکدانەوە |
| ج، چ | جی، ساجی، حاجی، جیرە ، جیب*، چیخ، جیم، جیڕ، چیی، چییمەن، قاچی، چیلکە، چیین | جیرە، سورچیی، چینچین |
| ک ، گ، ق | هەرکیی، کیینە، کیس، کیژ، قیرە، قیین ، فەقیر، قیست | پاکیی، چاکیی، کیژان، جەرگیی، دەستگیر~دەزگیر، قیرتاو، قیناویی، قیتوقیز، فەقیرحاڵ ، ڕقوقین |

هاتنی دەنگی (ی)ی ڤاوڵ لە کرۆکی برگەدا............ خشتەی (٥-١٥،a)

| | وشە بنەڕەتییەکان | وشە مۆرفۆلۆژییەکان |
|---|---|---|
| ف | (فییتە)، فیساو،فیشەک،فیس | فیشکەفیشک |
| س، ش | سی، مەسینە سینە، سیخە*، ماسیی، کورسیی، برسیی، سیس، سیخ، سیم، سیر، کاشی، تەشی، پشیلە، شیرە،شین، شیک*، شیش، شیر، تەباشیر* | سیوسێ،کونەماسیی،سیسبوونەوە،سیسووپیس ،سیرووپیاز، باشی، شیردان |
| خ، ح | خییزە، خییز~زییخ، حیلەباز،حیلکە | خیزەڵان |
| ن، ل، م،، ڕ، ر | کانی، خانی، مانی، نیوە، نییل، نیشت، نانەکەلی، عەلی ، لیک، مەلیک، لیست، مینە، زەمین، مین،میر، میز، ڕیز، ڕیش، | نیشتوو، گەنمەشامی، زەمینە، گەرمی، ڕیشن گەڕیی،کەلاریی، ڕیزبەستن، ڕیزگرتن، ڕیشسپی |
| و، ی | ڕقاویی، مراویی، باویی*، زەویی ،ویل، ویست، شایی | سەنگاویی،ویستگە~ ویزگە،دەیی، کۆتایی ، واتایی، زانایی، دانایی، پاشایی، پانتایی، لە خۆبایی |

هاتنی دەنگی (ی)ی ڤاوڵ لە کرۆکی بڕگەدا............ خشتەی (٥-١٥،b)

# ئەنجام

ئەنجامە گرنگەکانی تێزەکە، لە ئەم خاڵانەدا خراونەتەڕوو:

١-لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگە ،لە زمانی کوردیدا ئەم سەرەوڕیزبوونانە لە پرۆژەی کۆتایی بڕگە بە پێی پلە پێوەری زرەنگدەرەوەیی زیاتر ڕێگەپێدراون، کە بریتین لە :١-(خشۆکیی+تەقاوەیی)، وەک (دەشت،گۆشت، دەست... تاد). ٢-(زرنگدەرەوەیی+خشۆکیی)، وەک (بەرف، بەزم،خزم، فلم، چڵم... تاد). ٣-(زرنگدەروەیی+ تەقاوەیی)، وەک (ئارد، رەنج، برنج، ملّج، گەنج، مەرج.... تاد)، لە سەرەوریزبوونەکانی تر ئەڵتەرناسیۆن ڕوودەدات، وەک (بەفر~ بەرف)، یان بە دوو بڕگە دەدەبرێن(مەزن~ مە. زن).

٢-هاتنی دەنگە کۆنسنانتەکان لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێدراون، بەڵام کۆتوبەندی سەرەوڕیزبوون دەنگەکان، هەندێک دەنگی کۆنسنانت لەجێکەوتەی سەرەتا، یان کۆتایی بڕگەدا ڕێگەپێدراو نین، وەک دەنگی (ر)، کە لە جێکەوتەی سەرەتای بڕگەدا نایەت، بە مەرجێک بڕگەکە بڕگەی یەکەم بێت، بەڵام لە بڕگەی دووەمدا ڕێگەپێدراوە، بەڵام لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکان ڕێگەپێدراون، دەنگی (ڕ) لە جێکەوتەی سەرەتا و کۆتایی بڕگەدا لە گەڵ هەموو ڤاوڵەکاندا دێت، هەروەها کۆتوبەندی هاتنی دەنگی (ل-ڵ) (هـ ئـ).... تاد

٣-لەهەر جێکەوتەیەکدا گرفتی واتامان نەبێت، نابێت ڕێنووس هێندە ئاڵۆز بکرێت، هەرگیز ناگونجێت ڕێنووس یەکسانبکرێتەوە بە ئاستی قووڵ یان ئاستی ڕووکەش، واتە نواندنی دەنگە زمانییەکان لە ڕێنووسدا پەیوەست نییە بە نواندنی دەنگە زمانییەکان لە ئاستی قووڵ بە تەنها، یان ئاستی ڕووکەش بە تەنها، واتە لە زمانی کوردیدا ڕێنووس داتا و زانیارییەکانی لە هەردوو ئاستەکەوە وەردەگرێت، هەندێکجار بەپێی ئاستە قوڵەکە فۆڕمی وشەکان دەنووسرێن( پێشمەرگە)، هەندێکجاریش بە پێی ئاستە ڕووکەشە فۆڕمی وشەکان دەنووسرێن(مزگەر، دەزگا،پژدەر، هەژدە.... تاد)، واتە لە ئەم نموونانەی دووەمدا، ڕێنووس گرنگی بە نووسینی فۆنەتیکیی دەدات ( نواندنی فۆنەتیکیی دەنگەکان لە زماندا). ناگونجێت ڕێنووس بە تەواویی یەکسانبکرێتەوە بە نواندنی وشەکان لە ئاستی قووڵدا.

٤-دەربارەی کۆنسانتە دووبارەکراوەکان (کەللە، زللە.... تاد)، لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدەن، نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، بەڵام لە بەرئەوەی لە ڕێنووسدا ئەو سیما جیاکارییانەی، نابنە هۆی جیاکاریی واتایی، وەک (دەستگا~دەزگا، مسگەر~ مزگەر)، لەڕێنووسدا سەرپشکییانە دەنووسرێن (زللە~زلە)، تەنانەت لە وشە فەرهەنگییە (لێکدراو و دارێژراوەکان)، کە لە ئاستی قووڵدا ڕوودەدات، دووبارەکردنەوەی دەنگە کۆنسنانتەکان لە وشەکانی(میللەت~ میلەت، هاوواتا~هاواتا)نابنە هۆی جیاکاریی واتایی، سەرپشکییانە

هەردوو فۆرمەکە ڕێگەپێدراوە. لە ئاستی فەرهەنگ و ئاستی سینتاکسدا ( کوننە: ئاوی لێدەخورێتەوە،کوننە: مەنجەڵەکە کوننە)، بۆ ئەوەی گرفتی واتایی (لێڵی واتایی) دروست نەبێت، دانانی سترێس بنەمایە لە نووسینی فۆنەتیکیی بۆ جیاکاریکردن لە نێوان ئاستی فەرهەنگ و سینتاکسدا، هیچ پەیوەندیی بە ڕێنووسەوە نییە ( لە کونە` ئاودەخۆمەوە، مەنجەڵەکە کو`نە).

٥-هاتنی کۆڵد ڤاوڵ/ ڤاوڵە ماتەکە لە کرۆکی بڕگەدا لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات (بڕگەی فۆنەتیکیی)، چونکە ئەم جێکەوتەیە لە ئاستە قووڵەکە ڤاوڵی تێدابووە، یاسای ئەڵتەرناسیۆنی (موردەن~ مردن) لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، یان بە ڕێگەنەدان بە یاسای دووپەڵکیی لە سەرەتای بڕگەدا ڕوودەدات (دڕاو-دɨڕاو)، تەنانەت لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا(کوردستان- کور. دɨس. تان)، هەروەها لە ئاستی فرێز و ڕستەدا ( من کوردم- من. کور. دɨم)، پێویست ناکات، لە ڕێنووسدا بەرانبەر ئەم دەنگە پیتێک دابنرێت.

٦-هاتنی دەنگی (ئـ) ی گەروویی لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، چونکە جێکەوتەی سەرەتای بڕگە، نابێت بەتاڵ بێت، بەرانبەر ئەم دەنگە پیتێک دانراوە، بە پێچەوانەی دەنگی (ɨ)، کە لە بەرانبەر ئەم دەنگەدا، هیچ پیتێک دانەنراوە، بەڵام هەڵکەندنی ئەم دەنگە(ئـ) لەڕێنووسدا ئەستەمە، چونکە لە زمانی کوردیدا، ڕێنووس سەرپشکییانە فۆرمی (پیتی) بۆ دەنگە زمانییەکان داناوە، هەندێکجار پەیوەست بە ئاستی قووڵەوە، فۆرمێک دادەرێژێت، لە لایەکی ترەوە لە ( ئاو، ئازا... تاد) پەیوەست بە ئاستی ڕووکەشەوە فۆرمێک دادەرێژێت.

٧-هاتنی دەنگی (ŋ ) لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، لە ئاستی قووڵدا سیمای دەنگیی (+بەنەرمەڵاشوویکردن)، نابێتە هۆی جیاکاریی واتایی، بە تەنیا لە چەپکە کۆنسنانتی کۆتایی بڕگەدا(نگ)، دەنگی (ن) لە گەڵ دەنگی (گ) ناگونجێت، بۆیە یاسای ئەڵتەرناسیۆنی (ن~ ŋ) ڕوودەدات، وەک ( دەنگ~ دەŋگ).

٨-شیکارکردنی بڕگەیی دەنگەکان لە زمانی کوردیدا، ئەوە دەخەنەڕوو، کە دروستەی بڕگە پەیوەست بە یاساکانی پرۆژەساندان لە وەچە پێکهاتەکان و بنە-وەچە پێکهاتەکانی بڕگەدا، ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی لە جێکەوتەی سەرەتا(cc) و کرۆکی بڕگە(vv) نادەن، بەڵام ڕێگە بە یاسای دوو پەلکیی لە جێکەوتەی کۆتایی بڕگەدا دەدەن(cc)، واتە لە ئاستی قووڵدا بە تەنیا ئەم مۆدیلانەی بڕگە(cv,cvc,cvcc) ڕێگەپێدراون، بڕگەی لە جۆری (ccv,ccvc,ccvcc) لە ئاستی ڕووکەشدا ڕوودەدات، بەمەرجی هاتنی (نیمچە کۆنسناتی (و)، (ی)، لە سەرەتای بڕگە، لە گەڵ ڤاوڵی (ا، ی،ێ)دا.

٩-نیمچە کۆنسنانتی (و)، (ی) لە چەپکە کۆنسنانتی سەرەتای بڕگەدا لە زمانی کوردیدا لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە پەیدابوون (خودا~ خوا، خواردن~خارن.... تاد).

١٠-ڤاوڵی (وی/ü)، (وێ/œ )، لە زمانی کوردیدا لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگییەوە پەیدا بوون، وەک (و+ی~وی)، (و+ێ~وێ)، (وو~وێ)(وو~وێ). سیمای( +پێشەوە، +لێوخڕبوونەوە ) لە زمانی کوردیدا نابێتە هۆی جیاکاریی

واتایی، واتە هەمبەریی فۆنۆلۆژیی لە جۆری (ی-وی)، (ێ-وێ) لە وشەکاندا نابنە هۆی جیاکاریی واتایی، بەڵکو گۆڕانی دەنگیی ئەڵتەرناسیۆنی (ی~وێ)، (وو~وی)، (ێ~وێ)، (ی~وی)..... تاد هەن.

١١-کرۆکی بڕگە لە زمانی کوردیدا، ڕێگە بە دوو پەلکیی نادات، جووت ڤاوڵەکانی زمانی ئینگلیزی (ەیی، ۆیی، ایی، یوو)، دەنگی دووەم درێژ دەردەبڕیت، واتە هەردوو ڤاوڵەکە لە کرۆکی بڕگەدا دێن، بەڵام لە زمانی کوردیدا دەنگی دووەم لە ئەم دەنگانە نیمچە ڤاوڵە و هەرگیز درێژ دەرنابرێت، وەک (نای، دۆی، نەی، نیو)، هەروەها دەربارەی جووت- ڤاوڵی (یە،وە) لە زمانی کوردیدا هەمیشە لە سەرەتای بڕگەدا دێن و یەکەم دەنگ لە سەرەتای بڕگەدا ڤاوڵ نییە، ( دییە لە گەڵ dear~diə بەراورد بکە!)، دەربارەی جووت- ڤاوڵی (ەو،او) لە زمانی کوردیدا دەنگی دووەم کۆنسنانتە، چونکە لە وشە مۆرفۆلۆژییەکان، کۆتا دەنگ دەپەڕێتەوە بۆ سەرەتای بڕگەی دووەم، وەک (چاو~چاویلکە)، هەروەها وشەی (شەو) لە کوردیدا جیاوازە لە وشەی (show)، چونکە لە زمانی کوردیدا دەنگی(و) هێشتا هەست بە خشپەیەک دەکرێت لە ئەم دەنگەدا.

# پێشنیاز

پێشنیازەکان لە ئەم چەند خاڵە دەخەینەڕوو:

١-ڤاوڵی (و) ی درێژ ڕێگە بە دوو جۆر بڕگە دەدات (cv)(cvc)، هەروەها ڤاوڵی (و)ی کورت ڕێگە بە دوو جۆر بڕگە دەدات(cvc)(cvcc)، واتە لە بڕگەی (cvc)دا هاوبەشن، گرفتەکەش بەوە چارەسەر دەکرێت، کە لە قۆناغەکانی خوێندندا لە لیستیکی جیاوازدا، ئەم وشانە فێری خوێندکار بکرێت، کە لە دەوروبەری دەنگە قورگییەکان کورت دەردەبڕێن، وەک ( کوڕ، گوڵ، گول... تاد)، لەوشە فەرهەنگییە سادەکان کورت و درێژی نووسینی دەنگی(و) بە (و)، یان(وو) گرفتێک دروستناکات، تەنها پیویستە ئەو وشانە دیاریبکرێن، کە بە (و) دەنووسرێن، چونکە ژمارەیان کەمترە، بە بەراورد بە(و)ی درێژ.

٢-دەربارەی دەنگی (و) لە وشە لێکداو و فرێزەکاندا، هەرچەندە دەنگی کۆتایی وشەکان لە پێکهاتەی وشەی لێکدراو و فرێزەکاندا دەپەرێتەوە دەچێتەسەر دەنگی(و)، بڕگەی لە جۆری (cv) دروستدەبێت، کە دەنگی(و) درێژ دەردەبڕێت، بەڵام ڕێنووس شتێکی چەسپاوە و ناگونجێت ئەم (و)ە لە فرێز و وشە لێکدراوەکان بە(وو) بنووسرێت، وەک(کوردووعەرەب- فرێز)(کوتوومت-وشەی لێکدراو)، ئەگەر پێشنیازی ئەوە بکریت یەکێکیان واتە وشەی لێکدراو بە (وو)ی دریژ بنووسرێت باشترە، بۆ جیاوازیی کردن لە نێوان فرێز و وشەی لێکدراو(دەمووچاو- دەم و چاو)، بەڵام لە ئەو وشانەی بڕگەی لە جۆری(cvc)ین، جۆری بڕگەکە دەگۆڕێت بۆ(cv) و مۆرفیمی(و) لەشێوەی نیمچە کۆنسنانت بەرجەستە دەبێت، دەبێت بە (و) بنووسرێت( باوباران، کاوجۆ.... تاد)، واتە گونجاوترە، مۆرفیمی(و) لە وشەی لێکدراو و فرێزەکاندا، بە یەک (و) بنووسرێت. گرفتە فۆنۆلۆژییەکان لە زمانی کوردیدا لە ئاستی فرێزدا سەرهەڵدەدەن و زیاتر ڕێنووسەکە، گرفتەکان ئاڵۆزتر دەکات، لە هەر جێکەوتەیەکی تردا ئەم (و)ە، بە دوو جۆر بەرجەستەبوو، پێویستە بە (و) بنووسرێت، وەک ( هاتوە، هاتومە~ هاتوومە، چووە...... تاد).

٣- دەربارەی دەنگی (ی) ی کورت و درێژ لە ئاستی فەرهەنگدا لە وشە بنەڕەتییەکان و مۆرفۆلۆژییەکان، هیچ گرفتێکی واتایی دروستناکەن، واتە پێویست ناکات بە (ی- دوو دانە) بنووسرێت، بەڵام لە ئاستی فرێزەکاندا لە بەر دروستنەبوونی لێڵیی واتایی هەندێکجار لە شێوەی دوو (یی) بنووسرێت،گونجاوترە، بە تایبەتیی لە کۆتایی فرێزەکاندا، وەک (دروستەی زمانیی: ئاماژەیە بۆ کۆتاییهاتنی فرێزەکە)، یان لە مۆرفیمی (-ی) لە وشە دارێژراوەکاندا، وەک (جوان+ی: جوانیی، کوردیی، زمانیی بە بەراورد بە واتایی، کۆتایی...تاد)، کە جیاوازن، لە ئەو وشانەی کۆتا دەنگییان (ی)یە، وەک(ماسی،کورسی...تاد).

# سەرچاوەکان

**یەکەم: کوردی**

**-کتێب**


١-عەلی، بەکر عومەر(٢٠١٤)، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.

٢-فتاح، محمد معروف(١٩٩٠)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، بەشی زمانی کوردیی.

٣-محێدین، بازیان یونس(٢٠١٣)، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس، چاپخانەی موکریان، هەولێر.

٤- مارف، ئەورەحمانی حاجی، زمانی کوردی لەبەرۆشنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد، ١٩٧٦.

٥-مەحویی، محەمەدی(٢٠٠٨)،فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، ب١، زانکۆی سلێمانیی.

٦-مەحویی، محەمەدی(٢٠٠٨)،فۆنەتیک و فۆنۆلۆژیی، ب٢، زانکۆی سلێمانیی.

٧-مەحویی،محەمەدیی،(٢٠١٤)، مەنامە، بە ستانساردکردنی زمانی کوردیی، دروستنووسین.

٨-وەیس، غازی فاتح(١٩٨٤)،فۆنەتیک، چ١، لە چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوانی ناوچەی کوردستان.


**-نامەی ماستەر و دکتۆرا:**


١-جەمیل، خەبات هادی(٢٠١٥)، فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.

٢-حمد، شێروان حسین(٢٠١٤)، توانای مۆرفیمی بەند لەدەوڵەمەندکردنی فەرهەنگ و ڕاپەڕاندنی ئەرکی سینتاکسیدا (لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە لەنێوان زمانی کوردی و فارسیدا)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

٣-حەمید، هێرش کەریم(٢٠١٥)، بەراوردێکی مۆرفۆفۆنیمی لەزمانی کوردی و فارسیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

٤- حەمەد، دەریا سابیر(٢٠١٦)، کێشە دەنگییەکانی زمانی کوردی لە نێوان ڕێنوس و یاسا فۆنۆلۆژییەکاندا، نامەی ماستەر، زانکۆی ڕاپەڕین، فاکەڵتی پەروەردە، بەشی کوردی.

٥-خەلیل، ناهیدە ڕەحمان(٢٠١٣)، زمانپژاندن و دیاردە سایکۆ- فۆنۆلۆژییەکانی زمانی کوردی، نامەی

ماستەر، زانکۆی سلێمانی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.
٦- ڕەشید، سەلام ڕەحیم(٢٠١٤)، یاسا فۆنۆلۆجییەکان لەشێوەزاری خانەقیندا، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە، فاکەڵتیی پەروەردە، بەشی کوردی.
٧-سەعید، سازان زاهیر، نواندنی سینتاکسی لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
٨-شاڵی، دولبەر ئیبراهیم فەرەج(٢٠٠٠)، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
٩-علی، طالب حسین(١٩٨٩)، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسان بوونی فۆنێمەکان لەزاری سلێمانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێجی ئاداب، بەشی کوردی.
١٠-عەلی، پێشڕەو ساڵەح(٢٠١٥)، یاسا مۆرفۆنۆفۆنۆلۆجییەکان لەداڕشتەی مۆرفۆسینتاکسدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانیی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.
١١-غەریب، دڵشاد محەمەد(٢٠١٩)، هیز و ئەکسێنت لە شێوەزاری کەرکوکدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردیی.
١٢-قادر، عادل ڕەشید (٢٠٠٨)، فۆنۆلۆژی زمانی کوردی- کرمانجی سەروو، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی.
١٣-کانەبی، ڕەحمان ئیسماعیل حەسەن(١٩٩٨)، پەیڕەوی فۆنێمەناکەرتی یەکان لەکوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی بەغدا، کۆلێژی پەروەردە-ئیبن ڕوشد، بەشی کوردی.
١٤-محمد، شنۆ قادر(٢٠٠٨)، یاسا فۆنۆلۆجییەکانی زمانی کوردی شێوەزاری کەرکوک، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، کۆلێژی پەروەردە، بەشی کوردی.
١٥-محەمەد، ڕۆکان عەبدوڵا(٢٠١٥)، چەند تایبەتێتییەکی ناوچەی گەرمیان لە ڕووی فۆنەتیک و گراماتیکەوە(لێکۆڵینەوەیەکی کارەکییە)، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانیی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی.

-گۆڤار:
١-قادر، کاروان عومەر و ئەوانیتر(٢٠١٧)، پەیپێبردنی فۆنۆلۆژییانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، ژمارە(٤).
٢-قادر، کاروان عومەر(٢٠١٣)، کاریگەری جیاوازییە زمانییەکان لە ستاندارکردنی زمانی دایکدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژ (٤٠)، بەشی B.

٣-مەحویی، محەمەدی(٢٠٠٨)، جیاکردنەوەی زارێک وەک زمانی دەستوریی شێوازبەند و باڵا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٢٤).

٤-مەحویی، محەمەدی- فرج، شاخوان جلال، زمانی ستاندارد، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە(٤٥).

**دووەم: عەرەبی**

١-أبراهيم، أنيس(١٩٧٩)، الأصوات اللغوية، ط٥، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة.

٢-إبراهيمي، آمنة (٢٠٠٧)، وضع اللغة العربية بالمغرب، وصف و رصد وتخطيط، منشورات زاوية، الرباط، المغرب.

٣-ابوزيد، محمود (٢٠٠٧)، اللغة فى الثقافه والمجتمع مع تصور مبدئى لمشروع أطلس اللهجات الاجتماعيه فى مصر، ط١، دار غريبة للطباعه والنشر والتوزيع، القاهرة.

٤-استيتية، سمير شريف (٢٠٠٨)، اللسانيات، المجال، و الوظيفة، و المنهج، ط٢، عالم الكتب الحديث، إربد، عمان.

٥-ايوب، عبد الرحمن(١٩٦٨)، أصوات اللغة، ط٢، مطبعة الكيلاني، القاهرة.

٦-باى، ماريو(١٩٨٣)، أسس علم اللغة، ترجمة: احمد مختار عمر، دار عالم الكتب، القاهرة.

٧-براهيمي، بوداود(٢٠٢٠)، الصوتيات، ط١، مؤلف الدولي، عمان، الأردن.

٨-بركة، بسام(١٩٨٨)، علم الاصوات العام، اصوات اللغة العربية، مركز الانماء القومي، بيروت.

٩-بشر، كمال(٢٠٠٠)، علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة، مصر.

١٠-بكاكرة، ربيعة(٢٠١٥)، التخطيط اللغوي ودوره في بناء المضامين التعليمية – المرحلة الأبتدائية آنموذجا"، رسالة ماجستير، كلية الأداب واللغات، جامعة الوادي، الجزائر.

١١-بلال،دربال(٢٠١٥)، السياسات اللغوية في المستعمرة: الأستعمار الفرنسي أنموذجا "، مجلة الدراسات اللغوية والادبية، العدد١، الجزائر.

١٢-بلعيد، صالح(٢٠١٠)، بحث في مصطلح (الممارسات اللغوية) فى الجزائر، مجلة الممارسات اللغوية، جامعة مولود معمري بتيزى وزو، العدد التجريبي، الجزائر.

١٣-بلكا، الياس – حراز، محمد(٢٠١٤)، إشكالية الهوية والتعدد اللغوي فى المغرب العربي: المغرب نموذجا"، ط١، مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية، الامارات العربية المتحدة.

١٤-بن نافلة، يوسف (٢٠١٦)، إشكاليه التداخل اللغوي وأثره فى شخصية الطالب الجامعي الجزائري، مجلة اللغة العربية وأدابها، العدد١٤، الجزائر.

١٥-بو عرفة، عبدالقادر(٢٠٠٨)، سؤال العدالة وحفريات الفهم في العدالة والأنسان :أسئلة الواقع ورهانات

المستقبل، دار آل رضوان، الجزائر.

١٦-بورنان، عمر(٢٠٠٤)، تخطيط السياسة اللغوية، جامعة تيزى وزو، دار هومة للطباعة والنشر، الجزائر.

١٧-بوزيانى، خالد(٢٠٠٥)، استراتيجية التخطيط اللغوي ومشكل التنمية اللغوية في العالم العربي، مجلة المجمع الجزائري للغةالعربية، العدد٩، الجزائر.

١٨-بولجرام، ارنست(١٩٧٧)، فى علم الاصوات الفيزيقي:مدخل الى التصوير الطيفى للكلام، ترجمة: سعد عبدالعزيز مصلوح، مكتبة دار العلوم، كويت.

١٩-تابوري، أندرية(٢٠٠٩)، اللغة والهوية، في دليل السوسولسانيات، تر: خالد الأشهب و ماجدولين النهيبي، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان.

٢٠-جوزيف، جون(٢٠٠٧)، اللغة و الهوية، تر: عبد النور خرافي، سلسلة عالم المعرفة، العدد ٣٤٢، المجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب، الكويت.

٢١-حسام الدين، كريم زكي(١٩٩٢)، الدلالة الصوتية، دراسة لغوية لدلالة الصوت ودوره في التواصل، ط١، مكتبة الأنجلو مصرية، مصر.

٢٢-حناشى، نجيم(١٩٧٤)، السياسة اللغوية في بعض الدول ومعاملتها-للغات الأقليات، مجلة التكوين والتربية، العدد٣.

٢٣-حنون، مبارك(١٩٩٩)، الوضع اللغوي بالمغرب في أفق العولمة : نحو إيكولوجيا لغوية، مجلة فكر ونقد، العدد ٢٤، المغرب.

٢٤-خرما، نايف(١٩٧٨)، أضواء على الدراسات اللغوية المعاصرة، المجلس الوطنى للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

٢٥-خطابلي، لامياء بن موسى(٢٠٠٩)، أضطرابات الصوت في الوسط العيادى الجزائري، رسالة دكتوّراه، جامعة الجزائر، كلية العلوم الأنسانية، الجزائر.

٢٦-خليفة، محمد العربى ولد(٢٠١١)، في أهمية التخطيط اللغوي؛ أهدافه ووظائفه، منشورات المجلس الأعلى للغة العربية، كويت.

٢٧-خولي، محمد (١٩٨٨)، الحياة مع لغتين(الثنائيه اللغوية)، ط١، جامعه الملك سعود، السعودية.

٢٨-درهاليست، هاري فان- سميث، نورفال(١٩٩٢)، الفونولوجيا التوليدية الحديثة، تر: مبارك حنون و أحمد العلوي، ط١، مطبعة النجاح الجديدة، الدار البيضاء.

٢٩-رولز، جون(٢٠٠٩)، العدالة كإنصاف: إعادة صياغة، تر: حيدر حاج أسماعيل، المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

٣٠-الزبون، فواز(١٩٩٦)، مرئيات التخطيط اللغوي: عرض ونقد في أعمال مجمع اللغة العربية الأردنى، عد٥١، الاردن.

٣١-الزغبي، موسى صالح(٢٠١٢)، التحليل الصوتى للغة العربية عند المستشرقين مايكل بريم أنموذجا، ط١، عالم الكتب الحديث، الأردن.

٣٢-الزهراء، حبيب زحماني فاطمة(٢٠١٢)، الكتابة الصوتية العربية، رسالة دكتوراه، جامعة وهران، كلية اللغات، قسم اللغة العربية.

٣٣-زهران، البدراوى(١٩٨٩)، ازدواجية اللغة و ضرورة رسم سياسة لغوية، مجمع اللغة العربيةبالقاهرة، مصر.

٣٤-سافيدان، باتريك(٢٠١١)، الدولة و التعدد الثقافي، تر: المصطفى حسوني، دار تويقال للنشر، المغرب.

٣٥-السفروتني، أدريس(١٩٨٧)، مدخل للصواتة التوليدية، ط١، دار تويقال للنشر، دار البيضاء، مغرب.

٣٦-سليماني، سعاد(٢٠١٢)، الروافد المعرفية للتخطيط اللغوي، الملتقى الوطني حول التخطيط اللغوي، منشورات مجلة الممارسات اللغوية في الجزائر.

٣٧-شاهين، عبد الصبور(١٩٨٠)، المنهج الصوتي للبنية العربية،رؤية جديجة في الصرف، مؤسسة الرسالة، بيروت.

٣٨-شاهين، عبدالصبور(1977)، فى علم اللغة العام، ط2، مطبعة المدني، القاهرة.

٣٩-شمدين، محمد(٢٠١٤)، مراجعة كتاب العدالة اللغوية فى المجتمع المغاربي بين شرعية المطلب ومخاوف التوظيف السياسوي، مركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، قطر.

٤٠-الصيفي، هدى(٢٠١٥)، علاقة السياسة اللغوية بالتخطيط اللغوي، رسالة ماجستير، جامعة قطر، قسم اللغة العربية.

٤١-الطائي، فراس(٢٠٠٨)، أصوات اللغة، مخارجها وصفاتها وشوائبها بين الدرس الصوتي والأداء القراني، ط١، مطبعة ايلاف، بغداد.

٤٢-طوليفصون، جيمس(٢٠٠٧)، السياسة اللغوية خلفياتها ومقاصدها، ط١، تر: محمد خطابي، مؤسسة الغني للنشر، الرباط، مغرب.

٤٣-عبد العزيز، محمد حسن(٢٠٠٥)، علم اللغة الاجتماعي، مكتبة الاداب، القاهرة، مصر.

٤٤-عبد النواب، رمضان(1985)، مدخل الى علم اللغة، مكتبة الخانجي، القاهرة.

٤٥-عزوز، احمد (٢٠١٤)، العدالة اللغوية فى المجتمع المغاربى بين الشرعية المطلب ومخاوف التوظيف السياسوى، ط١، المركز العربى للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.

٤٦-العشيري، محمد نافع(٢٠٠٨)، الازدواجية اللغوية فى المغرب، محاظرات ألقيت بكليه الآداب والعلوم الانسانية، جامعه بنمسيك، المغرب.

٤٧-علي، سعيد اسماعيل(٢٠٠٣)، الاصول السياسية للتربية، دارعالم الكتب، القاهرة.

٤٨-على، نبيل(١٩٩٠)، الثقافة وعصر المعلومات، رؤية المستقبل: الخطاب الثقافى العربي، الفهاريس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت.

٤٩-عمر، أحمد مختار(١٩٧١)، البحث اللغوي عند العرب، مكتبة المعارف، مصر.

٥٠- عمر، احمد مختار(١٩٩٧)، دراسة الصوت اللغوي،عالم الكتب الحديث، القاهرة.

٥١-غاردماي،جوليت(١٩٩٠)، اللسانيات الاجتماعية، ط١، تر:خليل أحمد خليل، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، لبنان.

٥٢-غاليم، محمد(٢٠١٣)، اللغة والهوية في ضوء النظرية السياسية "في اللغة والهوية في الوطن العربي"، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، بيروت.

٥٣-الغامدى، منصور بن محمد(٢٠٠١)، الصوتيات العربية، ط١،مكتبة التوبة، الرياض.

٥٤- فاسولد، رالف(٢٠٠٠)، علم اللغة الإجتماعي للمجتمع، ترجمة: ابراهيم بن صالح بن محمد الفلاي، جامعة الملك سعود، السعودية.

٥٥-الفهري، عبد القادر الفاسي(٢٠١٣)، السياسة اللغوية في البلاد العربية، بحثا عن بيئة طبيعية عادلية ديمقراطية و ناجعة،ط ١، دار الكتاب الجديدة المتحدة، بيروت، لبنان.

٥٦-القاسي، علي(٢٠٠٩)، لغة الطفل العربي: دراسات فى السياسات اللغوية وعلم اللغة النفسي، مكتبة لبنان، لبنان.

٥٧-القحطاني، سعد بن هادي(٢٠٠٤)، التعريب والنظرية التخطيط اللغوي، دراسة تطبيقية عن تعريب المصطلحات في السعودية، مركز دراسات الوحدة العربية. السعودية.

٥٨-قرقور،أحلام (٢٠١٨)، أثر السياسة اللغوية في ممارسة اللغة العربية، أطروحة دكتوراه، جامعة محمد لمين دباغين، الجزائر.

٥٩-كالفي، لويس جان(٢٠٠٨)، حرب اللغات والسياسات اللغوية، ترجمة:حسن حمزه، ط١، مركز الدراسات الوحده العربيهة، بيروت.

٦٠-كولماس، فلوريان(٢٠٠٩)، دليل السوسيو لسانيات، ترجمة: خالد الأشهب، ماجد وليد النهيبى، مركز دراسات الوحدة العربية، المنظمة العربيه للترجمة، بيروت.

٦١-كالفي، لويس جان(٢٠١٨)،، أى مستقبل للغات؟: الآثار اللغوية للعولمة، ترجمة: جان ماجد جبور، ط١،

مؤسسة الفكر العربى، بيروت.
٦٢-كوبر، روبرت(٢٠٠٦)، التخطيط اللغوي والتغير الاجتماعي، تر: خليفة ابو بكر الاسود، مجلس الثقافة العام، طرابلس، ليبيا.
٦٣-كيليمكا، ويل (٢٠١١)، ج٢، أوديسا التعددية الثقافية، ترجمة:إمام عبدالفتاح إمام، عالم المعرفة، الكويت.
٦٤-ليد فوجد، بيتر(١٩٩٢)، مبادئ علم أصوات الأكوستيكى،، ترجمة:جلال شمس الدين، مراجعه: سعد مصلوح، ط١، ب م.
٦٥-مالمبرج، برتيل(١٩٨٤)، علم الأصوات، تر : عبدالصبور شاهين، مكتبة الشباب، القاهرة.
٦٦-مجموعة باحثين(٢٠١٣)، انتظام المعرفة اللغوية، اعداد وتنسيق: مؤيد آل صوينت، خالد خليل هويدى، الدار العربيه للعلوم ناشرون، مكتبة عدنان، بغداد.
٦٧-مجيد، حسام الدين علي(٢٠١٠)، إشكالية التعددية الثقافية في الفكرالسياسى المعاصر، جدلية الاندماج والتنوع، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
٦٨-مجيد، حسام الدين(٢٠١٠)، اشكالية التعددية الثقافية فيالفكر السياسي المعاصر: جدلية الاندماج والتنوع، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.
٦٩-محمد امين، پشتيوان حمه سعيد( ٢٠٢١)، مرتكزات المجتمع الديمقراطي في بناء الدولة المدنية، دراسة نقدية في الفكر الليبرالي، رسالة دكتوراه فلسفة في العلوم السياسية، جامعة السليمانية، كلية العلوم السياسية
1. المحمود، محمود(د. ت)، دراسة التخطيط اللغوي في النحو العربية من خلال بحث التوجهات المباشرة و غير المباشرة : نموذج مقترح في دور اللغة العربية في عملية البناء الحضاري، اتحاد مدرسي للغة العربية، اندونيسيا.
٧٠-مرتاض، عبد الجليل(٢٠٠٩)، التنمية اللغوية: من أين تبدأ، مجلة اللغة العربية، العدد١، الجزائر.
٧١-المسدي، عبدالسلام(٢٠٠٨)، لغة الطفل العربي والتحديات الراهنة، مجلة اللغة العربية، العدد ١٩، الجزائر.
٧٢-منصور، عبدالمجيد سيد أحمد(١٩٨٢)، علم اللغه النفسى، ط١، مطابع جامعة الملك سعود، الرياض.
٧٣-نبي بكر، عبدالقادر مرعي(٢٠١٦)، المصطلح الصوتي عند علماء العربية القدماء في ضوء علم اللغة المعاصر، جامعة يرموك، عالم الكتب الحديث، الأردن.
٧٤-نور الدين، عصام(١٩٩٢)، علم الوظائف الاصوات اللغوية، الفونولوجيا، ط١، دار الفكر اللبناني، بيروت.
٧٥-النورى، مجمد الجواد(٢٠١٩)، من لسانيات اللغه العربية، علم الاصوات، جامعة النجاح العربية، دار الكتب العلمية، بيروت.
٧٦-النوري، محمد الجواد(٢٠٠٧)، علم أصوات العربية، منشورات جامعة القدس المفتوحة، مكتبة ومطبعة دار

الأرقم، عمان، الاردن.
٧٧-هدسون(١٩٨٧)، علم اللغة الأجتماعي، ترجمة: محمود عبدالغني عياد، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد.
٧٨-هنيه، حسني(٢٠١٦-٢٠١٧)، السياسة اللغوية فى المجتمع الجزائري، دراسه تحليلية نقدية للنظام التربوي الجزائري، رسالة دكتوراه علوم في علم الاجتماع، جامعة محمد خيضر-بسكره، الجزائر.
٧٩-وافي، علي عبدالواحد(١٩٩٠)، علم اللغة، ط١، دار النهضة، القاهرة.
٨٠-يشو، الجيلانى (٢٠١٥)، دراسات في اللسانيات التطبيقية،ط١، دارالكتاب الحديث، القاهرة، مصر.

## سێیەم: ئینگلیزی

1. Abercrombie, David, (1967), Element of General phonetics, Edinburgh University Press, UK .
2. Abercrombie, David. (1965), Studies in phonetics and linguistics, Oxford University Press, London .
3. Akhmanova, olga sergeevna(1971), phonology, morphonology, morphology, The Hague, Paris .
4. Al. saatee, waffa sahib(2019), Lexical Phonology :Revisited, University of Baghdad, college of language .
5. Bierwisch, Manford(1971), modern linguistics, Mouton,The Hague, Netherland .
6. Blevins,J. (1995),The Syllable in Phonological Theory: in J. Goldsmith(Ed. ),Handbook of Phonological Theory (Vol. 1),Blackwell,London .
7. Bloomfield, Leonard(1984), language, The University of Chicago press, Chicago&London .
8. Bolinger, Dwight(1968), Aspects of language, Harcourt, Brace & World, U. S. A.
9. Brosnahan, L. F. and Malmberg, B. (1970), Introduction to Phonetics, 2nd Ed, Cambridge University press, UK .
10. de Sausure, Ferdinand(1959), Course In General linguistics, translated by:wade baskin, The philosophical liberary, inc, U. S. A .
11. Dinneen, Francis, p (1967), An introduction to General linguistics, Georgetown University Press, U. S. A .
12. Einar Ingraid Haugen(1959), planning for standard language in Modern Norway, Anthropological Linguistics, vol. 1, No. 3, Trustees of Indiana University .
13. Fabb,N. (2006), Liguistics: Approaches, In: Keith Brown(Ed. ), Encyclopedia of Language and Linguistics, Elesevier Ltd,Boston .
14. Firth, J. R(1957), paper in linguistics 1934-1951, Oxford university press, London .
15. Fishman, Joshua A. (1970), Sociolinguistics: Abrief Introduction, Newbury House, England .
16. Glesson, H. A(1969), An Introduction to Descriptive Linguistictics, Henry Holt and Company, New York .
17. Goldsmith, J. A. (1976), Autosegmental Phonology, ph. D MIT, NewYourk:Garland .
18. Gussenhoven, C. and Jacobs, H. (2011), Understanding Phonology. Great Britain :Hodder Arnold .
19. Hamp, Eric, P(1966), AGlossary of American Technical linguistics usage, third edition, permanent

international committee of linguistics: publication of committee of terminology, USA .
20. Harris, Z. S. (1963), Structual linguistics, university of Chicago press, Chicago and London .
21. Hartmann, P. R. K, and stork, F. C. (1976), Dictionary of language and linguistics, Applied Science Publisher, LTD, London
22. Hasan,Aveen Mohammed (2017), Northern Kurdish as A stress-Accent Language, Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ), Vol. 5, No. 3, zakho .
23. Haugen, Einar(1966), Language conflict and Language planning: the case of modern Norwegian, Harvard University press, UK .
24. Hayas, B. (1980), A Metrical theory of stress Rules. Un published 1980 doctrol dissertation, MIT, Cambridge, MASS, Revisted version distributed by the Indiana University Linguistics club, Bloomington, Indian .
25. Hayas, B. (1982), Metrical structure as the Organizing Principle of Yidiny phonology, part1, In :v. Hulst and Smith (eds) .
26. Hockett, Charles, F(1955), Amanual of phonology, International journal of American linguistic, Vol. 21, No. 4, Waverly press, Indiana university, USA .
27. Hooper, J. B. (1976)An Introduction to Natural Generative phonology, Academic press, New York .
28. Hudson, R, A(1996), sociolinguistics, 2ndedition, Cambridge, university press, United kingdom .
29. Hyman, Iarry M. (1975), Phonology:Theory and Analysis, Holt, Rinehart & Winston, New York .
30. Jones, Daniel(1962), The Phoneme, Its Nature and Use, 2nd edition, W. Heffer, Camridge .
31. Kiparsky, P. (1979), Metrical structure Assignment is cyclic. Lingyistic Inquiry, Vol. 10, No. 3, .
32. Kiparsky, P. (1982), From Cyclic phonology to lexical phonology, In:V. Hulst and N. Smith (eds), Part I, Dutch lexicological instate, Amsterdam .
33. Kramsky, jiri(1974), The Phoneme: Introduction to the History and Theories of a Concept, W. Fink, the University of California, USA .
34. Ladefoged, peter(1966), Elements of Acoustic phonetics, University of Chicago Press, Chocago and London .
35. Ladefoged, Peter(1967), Three Area of Experimental Phonetics, Oxford university press, London .
36. Langacker. Ronald. W(1968), language and Its structure, Some Fundamental Linguistic Concept Harcourt Brace & world, New York .
37. Le page, R, B, and Keller. A, Tabouret(1985), Acts of identity; creole_Based Approaches to language and Ethnicity, Cambridge university press, Cambridge .
38. Le page, R. B(1968), problems of Description in multilingual communities, Transaction of philological society, Vol. 67, Iss1 .
39. Ledefoged, peter(1971), preliminaries of Linguistic phonetics, University of Chicago Press, USA .
40. Ledefoged, peter(1971), preliminaries of linguistic phonetics, university of Chicago press, USA .
41. Lepschy, Giulio, C(1970), Asurvey of structural linguistics, Faber, London .
42. Lyon john,(1968), Introduction to theoretical linguistics, Cambridge university press, London .
43. Lyons, J(1972), New horizons in linguistics, Cambridge university press, london .
44. Lyons, John(1969), Introduction to theoretical linguistics, Cambridge university press, London .
45. Mackay, Ian R. A(1970), Introducting to practical phonetics, Little, Brown press, boston .

46. Malmberg, Bertil(1963), phonetics, Dover publication, New York .
47. Matrinet, Andre, (1964), Element of General linguistics, Faber & Faber, London .
48. Milewski, Tadeusz, Introduction to the Study of Language, Translated by: M. Brochwicz, De Gruyter Mouton, Poland .
49. Moises, Anton, Bittner(2013), phonetics and phonology, from the webpage :
50. Oconnor, J. D. (1973), Phonetics, Penguin Books, UK .
51. Pei, Mario(1966), Glossary of linguistic Terminology, Columbia University Press, USA .
52. Pike, Kenneth, L. (1947), Phonemics. A Technique For Reducing Languages To Writing, University of Michigan press, USA .
53. Poter, R, and others(1947), visible speech, D. Van Nostrand Company, New york .
54. Pulleyblank, D. (1986), Tone in lexical Phonology. Dordrecht:D. Reidel publishing company, .
55. Roach(1985), English phonetics and phonology: Apractical course, Cambridge University press, UK .
56. Roach, p. (2009), English Phonetics and Phonology, Cambridge University press .
57. Robins, R. H(1966), General Linguistics: an Introductory Survey, Longmans, 2nd Ed, England .
58. Sebeok, Thomas A. (1968), Phonetics, in Current Trends in Linguistics, vol. 1, Soviet & East Europen Lingustics, mouton .
59. Selkirk, E. (1980), The Role of prosodic categories in English word Stress, Linguistic Inquiry, Vol. 11, No. 3 .
60. Shala, Flamur(2019), Language conformity and the use of standard albaian language, article .
61. Spolsky, Bernard. (2009). Language management. Cambridge UK: Cambridge University Press .
62. Spolsky, Bernard(2018), language policy : from planning to management, In UN(intented) language planning in globalizing world : multiple levels of player at work, edited by Catherine siew kheng chua, warsaw, de gruyter .
63. Stetson, R. H. (1951), Motor Phonetics: A Study of Speech Movements in Action, 2nd ed, North Holland Publishing Co., Amsterdam .
64. Thomas A. Sebeok (1968), Phonetics, in Current Trends in Linguistics, Soviet and East Europen Linguistics,, Vol. 1, Mouton & Co, USA .
65. Tranka, B(1967), General, laws of phonemic combinations, prague school reader in linguistics, Indiana university press, USA .
66. Trask,R and Millar, R. (2015), Trask’s Historical linguistics, Routledge, Taylor&Francis Groups, London .
67. Vachek, josef(1966), the linguistic school of prague, Indiana University Press, Bloomington, Indiana .

# الخلاصة

تعد هذه الأطروحة ( المشكلات الصواتية (الفونولوجية) للغة المعيارية)، مركزة على التنوع والتباين الصوتي الناجم عن التنوع اللغوي، فيما يتعلق بالمعالجات الصوتية في اللغة الكوردية، فإن عدم اتفاق في الكتابة الصوتية على اتباع تمثيلات المستويات العميقة او السطحية للأصوات اللغوية تعتبر الأساس وجود مشكلة التنوع في قواعد الإملاء و كتابة الصوتية. الاختلافات الصوتية في اللغة الكردية لا تحدث بشكل عشوائي، ولكن قواعد الصوتية تسمح بذلك، ولا يمكن حل مشكلة الاصواتية و الصوتية في اللغة الكردية باتباع نظام كتابة واحد، أو اتباع خطة لغوية واحدة كعملية المواضعة. وتقدم هذه الدراسة تحليلا تفصيليا لوحدات او قطع الصوتية، ولا تعتمد على نظرية وفرضية واحدة، حيث ان غرض من تحليل الصوتي لأصوات اللغوية في الاطار النظريات المختلفة هو تحديد دقيق و مفصل للخصائص الصوتية لقطعات في المقاطع و تحديد بنية مقاطع في اللغة الكردية. تتكون الرسالة من مقدمة و خمسة فصول وخاتمة، الفصل الاول خصص لـ (المشكلات اللغوية و المعيارية في اللغة الكردية)، تتناول المشكلات اللغوية المتعلقة بمفهوم العدالة اللغوية، حيث ان السياسة اللغوية والتخطيط اللغوي هما آليتان لاستخدام لغة(اللهجة) ما رسميا حيث لا ينسجم مع مبدأ العدالة اللغوية، لذلك يمكن اقتراح إدخال نماذج مختلفة من التخطيط اللغوي بما يحقق حقوق الأقليات اللغوية. الفصل الثاني تتناول (مشكلات التنوع الصوتي ومعايير التحليل الصوتي)، مشكلة التنوع الصوتي المتعلقة بمشكلة التنوع في النظام الاصوات اللغوية(تحديد فونيمات و تحديد حركات و اصوات الصامتة)، و عرض معايير تحليل التنوع الصوتي في اللغة حسب اختلاف المدارس والمناهج، التحليل الفيزيائي للأصوات اللغوية، التحليل التركيبي للأصوات اللغوية، تحليل وظيفي لأصوات اللغوية، التحليل النفسي للأصوات اللغوية. فصل الثالث مخصص للتحليل الصوتي للأصوات اللغوية في اللغة الكوردية، وفي الخطوة الأولى يتم التحليل الاكوستيكي و النطقي للأصوات، بهدف تقديم تصنيف معيارى للأصوات و تحديد السمات المميزة الثانوية للفونيمات. الفصل الرابع، ضمن إطار فرضيات ونظريات الخطية، على سبيل المثال في نظرية التوليدية، يصنف السمات الصوتية المميزة الى سمات الفونولوجية و السمات الفونتيكية، إن التعرف على هذه الخصائص الصوتية تبين خصائص التغيرات الصوتية في جميع مستويات اللغوية في اللغة الكوردية. اما فصل الخامس في اطار النظريات اللاخطية فيقدم التحليل المقطعي من اجل التحديد بنية المقطع، ان تحديد بنية مقطع وفق علم الصوتيات مستقلة القطع و علم الاصوات العرضي مرتبطة بمبادئ كيفية ترتيب القطعات في بنية المقطع و بنية القافية، ان عملية اسقاط البداية في بنية المقطع لا تسمح بقواعد التفرع في اللغة الكوردية، ولكن تسمح بالتفرع القافية، وعملية اسقاط النواة متأثرة بالتميز بين مصوتات الطويلة و القصيرة في اللغة الكوردية.

# Abstract

This thesis, entitled Phonological Problems of the Standard Language, is a step towards presenting the variation and phonetic variation resulting from linguistic variation. With regard to phonetic processes in the Kurdish language, the lack of agreement in phonetic writing on following deep or structure level representations of linguistic sounds, It is considered a basis The problem of variation in spelling rules and phonetic writing. Phonetic variation in the Kurdish language do not occur randomly, but the phonetic rules and phonological rules allow it, and the phonetic and phonetic problem in the Kurdish language cannot be solved by following one writing system, or following one linguistic planning like standardisation. This study provides a detailed analysis of phonetic units or segments, and does not depend on a one theory or hypothesis, as the purpose of the phonetic analysis of linguistic sounds within the framework of different theories is to accurately and detailedly determine the phonetic characteristics of segments in syllables and to determine the structure of syllables in the Kurdish language. The thesis consists of an introduction, four chapters and a conclusion. The first chapter is devoted to (linguistic and standard problems in the Kurdish language), which deals with linguistic problems related to the concept of linguistic justice, as linguistic policy and linguistic planning are two mechanisms for using a language (dialect) officially where it is not consistent with the principle of Linguistic justice, so it can be proposed to introduce different models of linguistic planning to achieve the rights of linguistic minorities. The second chapter deals with (problems of phonetic variation and models for phonetic analysis), the problem of phonetic variation related to the problem of variation in the linguistic phonetic system (identifying phonemes and identifying vowels and consonant sounds), and presenting the models for analyzing phonetic variation in the language according to different schools and approach, the physical analysis of linguistic phonemes. Structural analysis of linguistic sounds, functional analysis of linguistic sounds, psychological analysis of linguistic sounds. The third chapter is devoted to phonetic analysis and phonological analysis of linguistic sounds in the Kurdish language. In the first step, acoustic and Articulatory analysis of sounds is carried out, with the aim of presenting a standard classification of sounds and identifying the secondary distinguishing features of phonemes. Within the framework of linear hypotheses and theories, for example in generative theory, it classifies distinctive phonetic features to phonological features and phonetic features. If one learns about these phonetic characteristics, the characteristics of the phonological changes at all linguistic levels in the Kurdish language will be revealed. The fourth chapter, within the framework of nonlinear theories, presents syllabic analysis in order to determine the structure of the syllable. Determining the structure of a syllable according to auto-segmental phonology and metrical phonology is linked to the principles of how segments are arranged in the syllable structure and the rhyme structure. The projection in the beginning into the syllable structure does not allow The rules of branching in the Kurdish language, but allow for rhyme branching, and the projection in the nucleus is affected by the distinction between long and short vowels in the Kurdish language .